تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

پڕۆژەی ٢٠٠٠ کتێبی کوردی
(٨١)

# پوختەی مێژووی ئیسلامی



نوسینی

د/ محەمەد سوهیل طقوش

وەرگێڕانی

نهاد جلال حبيب الله

چاپی یەکەم
٢٠٠٩

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com

# پوختەی مێژووی ئیسلامی

نوسینی :
د/ محەمەد سوهیل طقوش

وەرگێڕانی :
نهاد جلال حبیب الله

چاپی یەکەم
٢٠٠٩

بسم الله الرحمن الرحيم


**پێناسی کتێب**

- ناوی کتێب: پوختەی مێژووی ئیسلامی
- نوسینی: د/محەمەد سهیل طقوش
- وەرگێڕانی: نهاد جلال حبیب الله
- دیزاین : ابراهیم معروف
- نۆرەی چاپ: یەکەم ٢٠٠٩
- شوێنی چاپ: دارالفکر – بیروت – لبنان
- تیراژ : ٢٠٠٠



مافی لەچاپ دانەوەی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ
ناوەندی رۆشنبیر نۆچاپ و بڵاوکردنەوە



ژمارەی سپاردنی(١١٤٤)ی ساڵی ٢٠٠٩ ی وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی
کوردستانی پێدراوە

## پێشەکی وەرگێڕ

سوپاس وستایشی بێ پایان بۆخوای گەورە و میهرەبان ، سوپاسێك کە شیاوی گەورەی خۆی و ستایشێك کە شیاوی میهرومیهرەبانی ئەوبێت ، پاشان سەلات وسەلامی خوای گەورە لەپێغەمبەری ئازیزوخۆشەویستمان ، سەرکردەی مرۆڤایەتی ، گەورەی نەوەی ئادەم(علیه السلام) ، پێشەنگی موسڵمان و کۆتای پێغەمبەران کە خوای گەورە کردیە خەڵاتی مرۆڤایەتی (بەدایکوباوکەوەبەقربانی بین) سلات و سەلامی خوا لە ئالەبەیتی پێغەمبەر(ﷺ)، ئەوانەی خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا وەسفو باسی کردون و دڵخۆشکەری دڵانن ، سەلات و سەلامی خوا لەیارانی پێغەمبەر (ﷺ) ئەوانەی خوالێیان رازیبوو وە ئەوانیش لە خوا رازیبوون و پێغەمبەریش (ﷺ) وەك خوێی ناوچێشت وەسفی کردون ، سەلات وسەلامی خوا لە هەموو ئەوانەیش کەبەدرێژایی مێژوی ئیسلامی تا ئەمڕۆو تا دواڕۆژیش شوێنکەوتەی راستی پەیامی ئیسلامن.

لەڕستیدا زۆرسەختە بتوانرێت لەیەك بەرگدا مێژووی بەرفراوانی ئوممەتێك تۆماربکرێت، ئەویش ئوممەتێك کەخوای گەورە بە ﴿ كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ ﴾ وەسفی کردون با جارجارە لە چەندلایەکەوە لەم وەسفەیش لایان دابێت ، بەڵام هەرئەم وەسفە گرتونیەوە.

مێژوی هەرئوممەتێك پێویستی بە بوارەکانی سیاسی و سەربازی و ئاینی و رۆشنبیر و فەرهەنگی و زانستی و ژیاری و ....هتد هەیە تاخوێنەری ئەو مێژووە بڕیار لەسەرئەو مێژوە بدات ئەگەرهاتوو ٥٠٪ زیاتری هێنا ئەوا لەپێوانەکەدا دەرچوە ، ئەگەرنا کەم تر بەواتای کەوتن دێت ، پلەی کەمالیش هەمووکات دەگمەن بووە.

دەی مێژوی ئیسلامیش مێژوی مرۆڤەو لەوبازنەیە دەرناچێت، هەرچەندە تایبەت مەندیەکانی جیابن ، بۆیە پێویستە ئەولایەنانەی ئەو مێژووە رون بکرێنەوە و بڕیاریان لەسەربدرێت، سوپاس بۆ خوای گەورەیش زانایانی موسڵمان هەرلەسەرەتاوە هۆشیاری مێژوویان هەبوە و بەوردی تۆماریان کردوە .

بەلأم ئەوەی جێیگلەییە مێژوونوسە نوێکان بەگشتی ڕێرەوەسیاسیەکەی مێژوودەگرنەبەر چونکە دنیای ئەمڕۆ بوەتە دنیای سیاسەت ، ئیتر هەربەوپێوەرە سیاسیەیش بڕیار لەسەرئەو مێژوە دەدەن .

دەی بەدڵنیایەوە دنیای سیاسەتیش گەورەترین چەوتیو نەپێکانەکان لەخۆدەگرێت.

لەلایەکی ترەوە ناحەزانی مێژووی ئیسلامیش ئەمەیان قۆستۆتەوە و دەکەونە گەورەکردن و نیشاندانی لایەنە چەوتەکانی مێژووی ئیسلامی و لەبەردەرگای کۆشکی ئەو مێژووەدا هاواری بۆدەکەن ، ئیتروابەو مێژووە دەکەن یەکسان بەخوێنو ململانێ بێت ، کەچی وەڵامی ئەو پرسیارەنادەنەوە ئەی بۆچی ڕۆژ بەڕۆژ پەلیهاویش و ئەوماوە درێژخایەنەی خایاند ، ئەی بۆچی هێشتا بەوهەموفشارەوە جێدەستوو شوێنەوارەکانی نەسراونەتەوەو خەریکە بەرەو سەرکەوتن هەنگاو دەنێن؟ رویشیان نایکات خەڵکی ببەنەناو کۆشکی ئەو مێژووەو هەرلەبەردەرگاوە خراپەکانیان کەڵەکە کردووە و بەخەڵکی دەڵێن: پێویستناکات بچنەژوورەوە مستێك نمونەی خەروارێکە .

موسڵمانانیش بەتەمبەڵی و کەمتەرخەمی خۆیان خەریکە رابردووی خۆیان لەبیر کردووە و مۆرکی تەوەزەلی ئەمڕشیان بەسەر دوێنێدا دەسەپێنن، هەرچەندە سوپاس بۆخوا ئاماژەکانی هیواو ئومێدەواری لەدەرکەوتندان.

ئەم کتێبەی بەردەستی بەرێزتان (پوختەی مێژووی ئیسلامی) لەنوسینی دکتۆر (محمد سهیل طقوش)ە نوسەر دانیشتوی لبنان و تایبەت مەندی مێژووی ئیسلامی بەشی مێژووی عوسمانیە، نوسەر لەسەر مێژووی ئیسلامی چەندین کتێبی تری هەیە، وە لەسەر مێژووی خەلیفەکانی راشدین و دەوڵەتی ئومەوی و دەوڵەتی عەباسی کەوەرم گێراووەتەسەر زمانی کوردی و ئێستالەژێرچاپدایە هەروەها ئەیوبیەکان و دووبەرگ لەسەر سەلجوقیەکان و لەسەر فاتمیەکان و دوو بەرگ لەسەر مەغۆلەکان و لەسەر دەوڵەتی عوسمانی و... هتد.

ئەوەی خاڵی سەرنجە نوسەر لەنوسینەکانیدا تەنها دەست بۆ بوای سیاسی مێژووی ئیسلامی دەبات ، بۆیە چاوەروان دەکرێت زیاتر بکەوێتە هەڵوە، بەلأم

بەراستی هەوڵی داوە بەرچاورونیەکی زۆرو ئاسۆیەکی فراوانی هەبێت و زیاترین چارەسەری بۆ ئەوبوارە سیاسیەی مێژووی ویسلامی کردووە.
نوسەر سپاردەی زانستی لەنوسینەکانیدا پاراستوە و شارەزایەکی باشی لەچەند زمانێدا هەیە و سەرچاوە عەرەبی و فارسی و ئنگلیزی و تورکی ئەوروپیەکانی بەکار هێناوە، هەوڵیداوە وەك کەسێکی بێلایەن قسەبکات ئیتر باخۆی هەرئاراستەیەکی ئاینی یان هزری هەبێت،نوسەر خۆی موسڵمانەو سەربە مزهەبی ئەهلی سوننەیە.

تایبەتمەندی ئەم کتێبە لەمەدایە کەنوسەر هەوڵیداوە بەپوختی گرنگترین روداوەکانی مێژووی ئیسلامی هەرلەسەردەمی پێش پێغەمبەرایەتیەوە تاکۆتای روخانی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی بهێنێتو پوختە لێکدانەوەیەکی بۆبکات، هەروەها هەموجۆرە راکانی هێناوە و دواتر بڕیاری خۆیی داوە.

بەڵام وەك ئەمانەتێکی زانستی و ئاینی بەخوێنەران ئەڵێین: ئەمەبوارێکی ئەو مێژووەیەو پێویستە بۆوەرگرتنی واتای دروستی ئەو مێژووە لایەنەکاتری ئەو مێژووە شارەزابین، بۆئەمەش دەتوانن بگەرێنەوە بۆسەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی، یان ئەگەر خوێنەر ئەمەی بەگران زانی کتێبێکی مامۆستا (محمدخضری بەگ)مان وەرگێراوەتەسەر زمانی کوردی بەناونیشانی (چەندوانەیەك لەمێژووی ئسلامی) کە کورتەیەکی چەندبوارێکی تری ئەو مێژووەی هێناوە.

بەراستی بۆنرخاندنی ئەم کتێبە ناتوانین هیچ بڵێین هێندەنەبێت دڵخۆشی خۆمان بەم هەوڵە نەوازشیە دەردەبڕین و دەپاڕپینەوە خوای گەورە پاداشتی نوسەرو وەرگێڕ بداتەوە و لەهەرچیەکدا نەیان پێکابێت لێیان خۆشبێت، چونکە ئەوانیش مرۆڤن و جێی هەڵەو کەموکورتین.

لەوەرگێڕانەکەدا هەوڵدراوە تائەوپەڕی توانا سادەیی و رەوانی بەکاربهێنرێت، سپاردەی زانستیش لەبەرچاوگیراوە و هیچ دەستکاری دەقی نوسەر نەکراوە، تەنها هێندەنەبێت نوسەرلەبەر هەرهۆیەك بێت کەخۆی دەیزانێت ناوی هاوەڵانی

بەتەنها هێناوە، ئێمەیش وەرێزێك بۆیان کەخوا لەقورئاندا شایەتی بۆداون دەستەواژەی (ﷺ)مان بۆبەکارهێناون، ئیترلەوەزیاتر هیچ دەستکاریەك نەکراوە.

لەخوا دەپارێمەوە ئەم هەوڵەنەوازشیە لەم بەندە هەژارەی خۆی وەربگرێت و پاك وپوخت لەپێناوی خۆیدابێت و خوێنەری کوردیش لێیسودمەندببێت.

هیوادارم خوێنەرانیش هەر رەخنەو تێبینی و پێشنیارێکیان هەبو ئاگادارمان بکەنەوە.

خواپاداشتی دڵسۆزان و رپرستان ون ناکات، هەرئەویش بیســـەروو بینەر و زانایـــــــــــــــــــە.

نهاد جلال حبيب الله

٩-شوال- ١٤٢٩

# پێشەکی نووسەر

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، سەلات و سەلامیش لەسەر گەورەمان موحەممەدی کۆتای پێغەمبەران، سەلات و سەلام لەهەموو ئالوبەیت و یارانی سەروەرمان. پاشان: دەکرێت هەر کتێبێك بەتەنها دەربڕی بابەتی خۆی نەبێت، بەڵکو قسە لەسەر قۆناغی نوسینیشی بکات، ئەم کتێبەش مێژووی جیهانی ئیسلامی لەئاسیاو ئەفریقیاو ئەورووپا لەبوارە سیاسیەکەیەوە لەنێوان(١-١٣٤٢ك/٦٢٢-١٩٢٤ز)دا لەخۆ دەگرێت.

لەدوای خوێندنەوەی ڕووداوەکانی ئەو ماوەیە بەجیا لەسەردەمی پێغەمبەرایەتی، تێبینی ئەوەمکرد کەبەپێی هێڵێکی سنوردارو دیاریکراو دەچێت، هەر لەسەردەمی لەدایکبوونی دەوڵەت و تێپەڕبوون بەگەشەسەندن و سەرکەوتنی بەرەو لوتکەو دواتر دارمانی، بەپێی بیردۆزەکەی ئیبن خەلدون سەبارەت بەبنیادی دەوڵەتان بەڕێوە چووە.

لەناوەرۆکیشدا تۆوی داپۆشراوی هەڵوەشانی لەخۆگرتبوو تا بەردەوام گەشەبکات و هەڵبکەوێت تالەناوی ببات و شوێنەوارەکانی بمێننەوەو یادیان بکرێت، هەروەك مێژووەکەشی دەبێتە پەندو ئەزموون بۆ نەوەکانی دواتر، لەم کتێبەدا لەدوای پێشەکی و سەرەتایەکی سەردەمی نەزانی(جاهیلی) پوختەی هەشت سەردەمی ئیسلامی دەخەمەڕوو.

ئەگەر سەردەمی پێغەمبەرایەتی بنەڕەتە بیروباوەڕییەکانی ئایینی ئیسلامی داناو ڕێبازی دەستنیشانکردن و بەشەکانی نیمچە دوورگەی عەرەبی لەژێر یەك سەرکردایەتی سیاسی و ئایینیدا یەك خست، ئەوا ژیانی پێغەمبەر(ﷺ)پڕ پەندو بەخششەو چاکترین و ڕاسترین ڕێگەیەکە تابگیرێتەبەر، لەژیانیدا پلەی کەماڵ هەیە تائەوەی باوکان منداڵانیان لەسەری گۆشبکەن، بەڵکو نموونەی باڵای کەماڵی مرۆڤایەتیە لەهەموو شتێکدا کە مرۆڤ توانای هەبێت.

پێغەمبەر(ﷺ)هەموو سیفەتێکی جوانی و بەرزی و کەماڵی ڕەوشت و عەقڵی و دەروونی هەبوو، خوای گەورە بەچاکترین شێوە پەروەردەی کردو کردی بە نموونەیەکی زیندو بۆ کەسایەتی بەهێز، کەسایەتیەك کەبتوانێت بەئیمان و باوەڕەکەی خراپەکانی ڕۆژگار چاکبکات، جاپێغەمبەری خوا(ﷺ)توانی نەریت و بیرو هزری گەلەکەی خۆی بگۆڕێت و لاری و لاساری ڕەوشتیان ڕێکبکاتەوەو بەتوناو بەهێزی بەرەو ڕێگەی نموونەی باڵای پاڵی پێوەبنێت و بەرەو ئاستێکی باشترو پاکتری ئاستی ژیان بەرزیان بکاتەوە، ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) وانەیەکی زانستیە بۆ ئەوانەی بەهێزی ئیمانەکەیان ڕێگەی خۆیان دەبڕن.

سەردەمی ڕاشیدین(١١-٤٠ك/٦٣٢-٦٦١ز) بەدرێژەپێدەری سەردەمی پێغەمبەرایەتی دادەنرێت، چونکە خەلیفە ڕاشیدینەکانی زیاترین پەیوەندییان بەپێغەمبەری خواوە(ﷺ) هەبوو لەگەڵ ئەوەی سروش(وەحی) کەتایبەت بوو بەپێغەمبەری خواوە(ﷺ)و ئەنجامگەلێکی لێکەوتەوە جیای دەکردنەوە جگەلەوە ئیتر لەسەر ڕێڕەوی پێغەمبەر(ﷺ) دەچوونو جیاوازییان نەبوو.

خیلافەتی ئەبو بەکری صدیق(ﷺ)(١١-١٣ك/٦٣٢ز) کە خیلافەتێکی کورت بوو، ڕوداو گەلێکی گەورەی بەخۆیەوە دی کەهەڕەشەیان لەقەوارەی دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکە دەکرد و خۆیان لە هەڵگەڕانەوەی هەندێ هۆزو بڵاوبوونەوەی دیاردەی بانگەوازی درۆی پێغەمبەرایەتیدا دەبینیەوە، لەدوای لەناوبردنی هەڵگەڕاوەکانو بانگەشەکەرانی پێغەمبەرایەتی، فتوحاتی ئیسلامی لەدەرەوەی دوورگەی عەرەبیدا دەستپێکرد.

عومەری کوڕی خەتتاب(ﷺ)(١٣-٢٣ك/٦٣٤-٦٤٤ز) درێژەی بەفتوحاتی ئیسلامی دا تائەوەی دەوڵەت فراوانبوو و وڵاتی شامو مصرو عێراقو فارسی گرتەوەو گەلانی ئەو وڵاتە فەتحکراوانە نەهاتنە ناو ئیسلام ئەگەرچی ڕیشەی ئیسلام لەدڵی هەندێکیان خۆی دانەکوتابێت، هەروەك هەندێکیان بەساختەو پۆشتەو هەل قۆستنەوە موسڵمان بووبوون، بەڵام عومەر(ﷺ) بووبە قوربانی ئەو هەستە دەمارگیریو ڕەگەزییە.

سەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان(ﷺ)(٢٥-٣٥ك/٦٤٤-٦٥٦ز) سەرەتای بارگرژی سیاسی ناو دەوڵەتی ئیسلامی بوو و ئەویش بوویە قوربانی ئەو بارگرژییانە.

لەسەردەمی عەلی کوڕی ئەبو تالیبدا(ﷺ)(٣٦-٤٠ك/٦٥٦-٦٦١ز)دا ئاژاوەکان زیادبوونو دەستەو تاقمە ئیسلامیەکان زۆربوونو دیدی سیاسی لەڕیزی موسڵماناندا بووبە چەند لقێكو پێکدادانی بەرژەوەندییە تایبەتیەکان هاتە کایەو عەلی کوڕی ئەبو تالیبیش بووبە قوربانی هەموو ئەمانە.

لەدەوڵەتی ئومەوی(٤٢-١٣٢ك/٦٦١-٧٥٠ز)دا کەلەدوای کۆتایی پێهاتنی سەردەمی ڕاشیدی دەستی پێکرد، هەر لەسەرهەڵدانیەوە تائاوابوونی لەلای زۆربەی مێژوونوسان نهێنیو گرفتی لەخۆ دەگرتو مێژوونوسان لەگرفتەکانیاندا وا باسی دەکەن کەبەچەند ڕەنگێکی ناڕوونو لێك ڕەنگڕێژکرابێت، ئەوەی زیاتر وێنەکەی ڕەشکردووە ئەو ڕووداوە سەختو ناخۆشانەبوون کەلەسەردەمی ئومەوی دا ڕوویانداو هەستی موسڵمانانیان بزواند، وەك ڕووداوی کەربەلا و هێرشکردنە سەر مەککەو مەدینە، ئەمە لەسەر ڕێزو شانوشکۆی ئومەویەکان ڕەنگی دایەوە و چەندین دەستەو کۆمەڵی ئیسلامی کەلەسەر شانۆی سیاسی لەدوای کوشتنی عوسمانی کوڕی عەففان و جەنگی صفین دەرکەوتن وەك خەواریجو شیعەو ئەوانەی چاویان بڕیبوویە دەسەڵاتو ڕقیان

لەئومەویەکان بوو، بوونە دوژمنی ئومەویەکان لەبەرامبەردا ئومەویەکان چەند شوێنەوارێکی مادیو سیاسیو کۆمەڵایەتییان بەجێهێشت کە بەرپەرچی ئەوە دەدەنەوە کەئومەویەکان تەنها چاویان لەدسەڵات بووبێت، بەڵکو لە بەرزکردنەوەی ئاڵای یەکتاپەرستیو جیهاددا ڕۆڵێکی دیاریان بینی، ناکرێت ئەو سەرکەوتنانەی ئومەویەکان بەدییان هێناو ئەو سەربەرزییانەی بنیادیان نان، لە ڕێبازی ئیسلامی جیایان بکەینەوە، چونکە ڕێبازی ئیسلامی هەر لەسەردەمی پێغەمبەرایەتیەوە بزوێنەری یەکەمی موسڵمانان بووە.

سەبارەت بەڕووداوەکانی مێژووی عەبباسی، مێژوویەکی ئاڵۆزو چڕوپڕو تێکەڵەو چەندین پێکهاتەی سیاسی هەیە، سەردەمە عەبباسیەکان بەدرێژەپێدەری سەردەمی ئومەوی دادەنرێن، بەڵام تیایدا چەند ڕەگەزێکی جیای عەرەبیو فارسیو تورکی ڕۆڵیان گێڕا، گواستنەوەی دەسەڵات لە ئومەویەکانەوە بۆ عەبباسیەکان وەرچەرخانێکی گشتگیرو گۆڕانێکی گرنگی لە ڕێڕەوی گەشەسەندنی ئیسلامیدا پێکهێناو بەشێوەیەکی ڕیشەیی کۆمەڵگەی ئیسلامی گۆڕیو جێدەستی خۆی لەسەر هەموو بەشەکانی ژیان بەجێهێشتو دەرگای دەرکەوتنی لەسەر شانۆی سیاسیو بەجێگەیاندنی ڕۆڵی گرنگ لەئاراستەکردنی ڕووداوەکان بەڵکو لەسەرکردایەتی موسڵماناندا موسڵمانە ناعەرەبەکان کردەوە.

ڕووداوەکانی سەردەمی عەبباسی یەکەم(١٣٢-٢٣٢ك/٧٥٠-٨٤٧ز) لە ڕوانگەی کاری خەلیفە عەبباسیەکانەوە چارەسەرکردووە، سەبارەت بەڕووداوەکانی سەردەمەدواییەکانی عەبباسی(٢٣٢-٦٥٦ك/٨٤٧-١٢٥٨ز) لەڕوانگەی کاری ئەو دەوڵەتانەوە چارەسەرم کردووە کەلە کۆشی خیلافەتی عەبباسیدا دامەزرانو لەبەردەم پاشەکشەی هێزی سیاسی خیلافەتدا بەرپرسیارێتی بەرگریکردن لەجیهانی ئیسلامیان لەئەستۆگرت.

ڕووداوەکانی مێژووی ئەندەلوسی(٩٥-٨٩٧ك/٧١٣-١٤٩٢ز) بەدیارترین کارو ڕۆڵی موسڵمانان دادەنرێتو زیاترین گرنگی هەیە، چونکە پرشنگداریو گەشەسەندنو دەستەوسانیو پاشەکشەی بەخۆیەوەدی، شتێکی ئاساییە کەفەتحی ئەندەلوس درێژەپێدەری سروشتی فەتحی مەغریبەو هەریەکەیان پەیوەستی ئەوتریانەو باری سیاسیان یەکێکە، ئەندەلوس لەسەردەمی ویلایەتی ئومەویدا سەردەمی زێڕینی خۆی نیشانداو دوای ئەوە وولات لەژێرسایەی دابەشبوونی کۆمەڵگەی عەرەبی بۆچەند دەستەو تاقمێکی ناکۆك، پاشەکشەی بەخۆیەوەدی، ئەمە ڕێگەی بۆ ئیسپانەکان خۆشکرد تا بەشێوەیەکی سەرکەوتوو چەند چالاکیەکی گێڕانەوەی ئەندەلوس ئەنجامبدەن.

# بەشی یەکەم

## سەردەمی جاهیلی[1]

واباشترە لەپێش لێکۆڵینەوە لەمێژووی دەوڵەتانی ئیسلامی، لایەك بەلای مێژووی سەردەمی پێش ئیسلامدا بکەینەوە، بەتایبەت مێژووی گەلە عەرەبیەکانو بارودۆخی دوو دەوڵەتەدراوسێکانیان، مەبەستم ئیمبراتۆریەتی فارسو ئیمبراتۆریەتی رۆمانی رۆژهەڵاتی(بیزەنتی)یە.

هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کەئەو سەردەمە بنەڕەتی یەکەمی مێژووی ئەو گەلانە لەخۆدەگرێت لەپێش ئەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی یەکیانبخات، بەڵام لەسەر سەختیو ئازاری ئەو گەلە دراوسێیانەش بوەستین کەبەدەست دوو دەسەڵاتی فارسیو بیزەنتیەوە دەیانچەشت تائەوەی فەتحوازە موسڵمانەکانیان وەك ڕزگارکەر دەبینیو هەندێکیان چوونە ناو ئیسلامەوە.

ئەگەر لەبابەتی لێکۆڵینەوەکەماندا وەك خاڵی سەرەتا بچینە سەردەمی جاهیلیەوە، ئەوا خواستی ڕاستەوخۆی ئەم کارە ئەوەیە هەوڵبدەین بنەڕەتە یەکەمیەکانی ئەو شێوانە بخەینەڕوو کە دانیشتوانی عەرەبی لەبوارە جیاوازەکانی ژیاندا تێڕوانینی خۆیان پێنیشان دەدان، بەو هۆکارەی ئەو بنەڕەتانە چەند هۆکارێ:ی بزوێنەری ڕێڕەوی گەشەسەندنی مێژوویی ئەوان بوون.

دیارە مێژووی عەرەب لەپێش ئیسلامدا لەدوو قۆناغی کاتی پێکدێتو خەریکە مێژوونوسان لەسەرئەوە یەکدەنگ بن کەسنوری قۆناغی کۆتایی لەسەردەمی جاهیلیەوە بۆ پێش دووسەدەی پێنجەمو شەشەمی زایینی درێژنابێتەوە. لەبەرئەوی بنەڕەتەیەکەمینەکانی ئەو شێوازو دیاردانەی لەو قۆناغەدا دەرکەوتن، پەیوەندی ئەندامیان بەو سروشتە جوگرافیانەوە هەیە کەتیایدا لەدایکبوو و گەشەیکرد، بۆیە لێکۆڵینەوەکەمان بەقسەکردن لەسەر کەشی جوگرافی نیمچەدوورگەی عەرەبی دەستپێدەکەین.

**سروشتی جوگرافی:**

سروشتی جوگرافی نیمچەدوورگەی عەرەبی لەڕوانگەی کاریگەری بۆسەر جوگرافیای مرۆیی دانیشتوانی نیمچەدوورگەی عەرەب ڕۆڵێکی گەورەی لەگەشەسەندنی ڕێڕەوی مێژوویی جاهیلیدا

---

[1] مێژوونوسان واڕاهاتوون دەستەواژەی(مێژووی جاهیلی) لەمێژووی عەرەب لەپێش ئیسلامدا بنێن، جاهیلیش چەمکێکی داهێنراوەو بەدەرکەوتنی ئیسلام دەرکەوتووە، ئەمەیش لەباری عەرەب لەپێش ئیسلام نراوە تا لەو بارەیان جیایان بکاتەوە کەدوای دەرکەوتنی ئیسلام بۆی گۆڕان، بڕوانە: علی، جواد: المفصل في تأريخ العرب قبل الإسلام ج١ ص٣٧.

بینی، هەمیشە مرۆڤ لەدایکبووی سروشتی خۆیەتی، ئەگەر سروشتەکەی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر تەواو جیاوازبێت، لەئەنجامی ئەوەدا هەردەبێ گەشەسەندنی لەناوچە جیاوازەکاندا جیاوازبێت، هەوڵدەدەین لەم بەشانەی خوارەوەدا جوگرافیای نیمچەدوورگەی عەرەبو بەشەسروشتیەکانی لەڕووی: باری جوگرافی، پێکهاتەو بنیادو باری سروشتیەوە شارەزا ببین.

**باری جوگرافی:**

نیمچەدوورگەی عەرەبی پارچەیەکی جوگرافی فرە بەشەو دەکەوێتە بەشی باشووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیاو ڕووبەرەکەی دەگاتە سێ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەو لەسێ لاوە ئاو دەورەی داوە، کەنداوی عەرەبی لەڕۆژهەڵاتەوەو زەریای هیندی لە باشوورەوەو دەریای سوور لەڕۆژئاواوە سنووریەتی، لەباکووریشەوە هێڵەکە لەکەنداوی عەقبەوە تا ئاوڕێژگەی شەتولعەرەب درێژدەبێتەوەو ئەو سنوورە پێکدەهێنێت کەلە(الهلال الخصیب) جیای دەکاتەوە[1]، زانایانی عەرەب ناوی دوورگەیان لەووڵاتەکەیان ناوە[2].

**پێکهاتەو بنیاد:** سەبارت بەپێکهاتەو بنیادی، ئەوا زۆربەی خاکی دوورگەی عەرەبی لەدۆڵو دەشت پێکهاتووە سروشتی بیابانی بە سەریدا زاڵبووە، لەگەڵ ئەوەی لە سروشتی ڕووتەختیدا جیاوازییەك هەیە، بەوەی هەندێکی بە گردۆلکەی لمین دا پۆشراوەو هەندێکیتریشی شاخو تەپۆلکەو چاڵایی نزمە، ئەمە وێڕای چەند بانێکی بەرز، لێکۆڵینەوەی جوگرافی لەڕووی پێکهاتەو بنیادەوە پێمان دەڵێت کەنیمچەدوورگەی عەرەبی بۆ ئەم جۆرانەی خوارەوە دابەشدەبێت:

**نفود:** درێژبونەوەیەکی بیابانی فراوانە کەبەهۆی هەڵوەرینی بەردی غرانیتەوە پێکدەێت. دەکەوێتە باکووری نیمچەدوورگەی عەرەبی لەنێوان بانی نەجدو بیابانی شامو نێوان نەجدو ئیحسائەوە[3].

**حەڕەکان:**(حەڕە) بانێکی گڕکانیە کەبەردی ڕەش داپۆشیوە، حەڕەی نیمچەدوورگەی عەرەبی بەدرێژایی ناوچەی ڕۆژئاوایی هەیە، هەروەك لەهەندێ ناوچەی ناوەڕاستو ڕۆژهەڵاتی باسووری نەجدا هەیە، ئەمە وێڕای ناوچە باشووریەکانی(الربع الخالي) لەوانە حەڕەی تەبوك،(حرة النار) لەنزیك خەیبەر[4].


---

[1] الأصطغري، أبو اسحاق، ابراهيم بن محمد الفارسي: المسالك والممالك: ص٢١، لەگەڵ هەمەدانی بەراوردی بکە، أبو محمد الحسن بن أحمد: صفة جزيرة العرب: ص١.

[2] الحمودي، ياقوب: معجم البلدان ج٢ ص١٣٧.

[3] علي: ج١ ص١٥٢-١٥٣.

[4] الحموي: ج٢ ص٢٤٥.




شبه جزيرة العرب

**دوهـەناو:** ئەمـەش چـەند ڕووبـەرێکی زەوی لمـی سـووره کەلـه نفـوودەوە لـەباکووره بۆحەزرەمەوتو مەهرە لەباشوورو یەمەن لەڕۆژئاواو عومان لەڕۆژهەڵات درێژدەبێتـەوە، بەشـەکانی باشووری بە(الربع الخالي) ناودەبرێت، ناوی(ئەحقاف)یش لەبەشی ڕۆژئاوای نراوە[1].

**دارات:** چەند زەویەکی دەشتایی شێوە بازنەیین کەگردۆڵکە چـواردەوری دەدات‌و برێـك ئـاوی ژێرزەوی هەیە، تیایدا گژوگیاو دارودرەختی بیابانی دەڕوێنرێت[2].

**دەشتەکان:** هێڵێکی دەشتی بەرتەسك دوورگـەی عـەرەبی داگرتـووە کـەناودارترینیان بـریتین لەدەشتەکانی: توهامە، حەزرەمەوت، زەویە کەناراوەکانی عومان.

**شاخەکان:** شـاخەکان لەپـشت دەشـتەکەناراویەکاندا بەرزدەبنـەوە، ناودارترینیـان بـریتین لـە: شاخەکانی سورات کە بەسەر دەریای سوورەوە درێژدەبنەوە، چیاکانی باشوور.

---

[1] Philpy,H: The Empty Quarter in the Geographical Gournal. B١.PP ١-٢٦

[2] علي: ج١ ص١٥٥-١٥٦

**بانەکان:** بانەکان دەکەونە پشت شاخەکانو ناودارترینیان بانی نەجدە.

**رووبارو دۆڵەکان:** لەدوورگەی عەرەبیدا رووباری گەورەو دەریاچە نیە، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی هەرێمێکی گەرمو ووشكو ئاگرینە، بەڵام دۆڵەکانی زۆرن.

**باران:** لەگەڵ ئەوەی ئاو لەسێلاوە چواردەوری نیمچەدوورگەی عەرەبی داوە، بەڵام بارنی کەمە، بەڵام هەریەك لەدەریای سوورو کەنداوی عەرەبی لەبەر بەرتەسکیان یارمەتی ئەوە نادەن کەسنورێك بۆ هێزی ووشکیو گەرمی دابنێن، زەریای هیندیش بەهۆی شێکەیەوە یارمەتی باران بارینی وەرزی لەهاویندا بە شێوەیەکی رێکوپێك لەشوێنەکانی نزیکی کەناراوەکانەوە دەدات.

بەشەکانی ناوەڕاستیش بارانی لەهەوری هەڵمینی کەنداوی عەرەبیەوە دەبارێتو لەسەر بەرزاییەکانی رووباری(شمر) زیاددەکات، حیجاز چەند وەرزێکی ووشك بەخۆیەوە دەبینێت کەهەندێ جار سێ ساڵ درێژە دەکێشێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار لەوەرزی زستاندا بارانێکی چڕوپڕ دادەبارێتە سەر مەککەو مەدینەو چەند لافوێك دەگرێتە خۆ کەلەشاخەکانەوە بەرەو دۆڵەکان لێژدەبینەوە، زۆرجار کەعبەی ڕادەماڵی.

لەئەنجامی ئەم شێوازی دابەشبوونی بارانەدا، هەندێ هۆکاری جیاکردنەوەو تایبەتمەندی لەنێوان دانیشتوانی دوورگەی عەرەبیدا پەیدابوون جالەباکووردا باران نارێکوپێکە ژیانێکی ناجێگیری کشتوکاڵی نەهاتەدی، بەڵکو لەوەرگای تێدا دەڕوێنرا کەخەڵکی دەشتەکی تیادا دەژیان، لێرەدا ژیان تایبەتمەندی لەوەرو شوانەیی‌و گواستنەوەی هەیە، بەڵام لەباکووردا چەند کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر پەیدابوون کە بەپێی رێکوپێکی دابارین پشتیان بەکشتوکاڵ بەست.

کەش‌و هەوا: بەگشتی کەش‌و هەوای دوورگەی عەرەبی زۆر گەرمەو لەنەجد ڕەشەبای گەرمو ئاگرین کەلەهاویندا هەڵدەکات زۆرە، سووكو سادەترین ڕەشەبای بایشی ڕەشەبای ڕۆژهەڵاتییە کەبە(سەبا) ناوی دەبەن، ڕەشەباکانی باکووریش سادرن، بەتایبەت لەڕۆژهەڵات کەزۆربەی جاردەگۆڕدرێت بۆ زوقم.

- **باری سروشتی:** بەپێی جیاوازی دیدی جوگرافیناسان دابەشکاری باری سروشتی نیمچەدوورگەی عەرەبی جیاوازە، جوگرافیناسانی یۆنانو ڕۆمان بۆ سێ بەش دابەشی دەکەنو وێڕای بەرزو نزمی سروشتی، باری سیاسی‌و ئابووری سەدەی یەکەمی زایینی لەبەرچاو دەگرن. ئەو بەشانەش بریتین لە:

عەرەبیی بەختەوەر: کەحیجازو یەمەنو نەجد لەخۆدەگرێت.

عەرەبیی بەردین: نیمچەدوورگەی سیناو شانشینی نەبیتە لەخۆدەگرێت.

عەرەبیی بیابانی: کەبیابانی شام لەخۆدەگرێت.

جوگرافیناسە عەرەبەکانیش بەرەنگدانەوەی دیدی دانیشتوانی نیمچەدوورگەی عەرەبی بۆ ئەو دابەشکاریە لەسەردەمی پێش ئیسلامدا لەباری تەواوو ڕووتی سروشتیەوە هەنگاو دەنێن و دوورگەی عەرەبییان بۆ سێ بەش دەبەشکردووە کەبریتین لە[1]:

**توهامە:** ناوچەی بەرتەسکی کەناراوییە کەبەدرێژایی دەریای سوور لەیەنبەعەوە بۆ نەجران لەیەمەن درێژدەبێتەوە، لەباشووردا بەتوهامەی یەمەن ناودەبرێت.

**حیجاز:** ناوچە شاخاوییەکە لەڕۆژهەلاتی توهامە لەباکوورەوە بەرەو باشوور درێژدەبێتەوەو لەزنجیرەشاخەکانی(سورات) پێکدێت و نێوان توهامەو نێوان بانی نەجد جیادەکاتەوە، هەرێمی حیجاز تاسنوری شام لەعەقەبە درێژدەبێتەوە، لەو هەرێمەدا دۆڵ و زەوی گرکانی و حەرات زۆرن ئەگەر ئاو هەبێت(بیر، کارێز) گوندو شاری گەورە وەك یەثریب(مەدینەو) وادیلقورا دبن.

**نەجد:** حیجاز لەڕۆژهەلاتەوە لەبانی فراوانی نەجدەوە کە دلّی نیمچەدوورگەکە پێکدێنێت، درێژدەبێتەوەو لەڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەلات شۆڕدەبێتەوە تادەگاتە خاکی(العروض) بیابانی(النفود) دەکەوێتە باکووری نەجد لەچەمی تیمائەوە دەستپێدەکات و بەنزیکەی سێسەد میل بەرەو ڕۆژهەلات درێژدەبێتەوەو گردۆلکەی لماکری تێدایەو چەند لەوەڕگایەکی فراوانیش دەبڕن.

**عەروز:** ئەم هەرێمە یەمامەو بەحرەین و ناوچەکانی سەربەو دووانە لەخۆدەگرێت، یاقووتی حەمەوی یەمامە بەبەشێك لەنەجد دادەنرێت.

**یەمەن:** بەهەموو باشوور دەوترێت و(حەزرەمەوت و مەهرەو شیحر) لەخۆدەگرێت، هەندێ جاریش بەکونجی باشووری ڕۆژئاوای نیمچەدوورگەکە دەوترێت و ئێستاش ناسراوە، یەمەن لەسێ بەشی سروشتی پێکدێت: کەناراوێکی بەرتەسکی بەپیت کەتوهامەی یەمەنە، چەند شاخێکی هاوبەرابەری کەناراو کەدرێژکراوەی زنجیرە شاخەکانی(سورات)ن، پاشان بانێکی کە دەگاتە نەجدو الربع الخالي، لەیەمەندا دۆلێکی زۆرو چەندین دەشتی دەوڵەمەند بەکشتوکاڵ هەیە.

**گەلانی عەرەب:**

مێژوونوسانی عەرەب، عەربەکانی پێش ئیسلام بۆ سێ چین دابەشدەکەن کەبریتین لە:

**عەرەبی لەناوچوو(بائیدە):** ئەمانە ئەو هۆزە کۆنانە کەلەپێش ئیسلامدا لەناوچوون، ناودلرترینیان بریتین لە: عاد، ثەموود، تەسم، جەدیس، عەمالیق.

---

[1] الحمودي: ج٢ ص١٣٧-١٣٨، علي: ج١ ١٦٣-١٨١.

**عەرەبی عاریبــە:** ئەمانــە لقــی قــەحتانن و نــشینگەی ســەرەکیان وولاتــی یەمەنــە، نــاودارترین هۆزەکانیان بریتین لە: جورهومو یەعرب.

**عەرەبی بەعەرەبکراو( موستەعرەبە ):** ئەمانە عەدنانیەکانی کوڕانی عەدنانی کوڕی ئیــسماعیلی کوڕی ابراهیمی خەلیلن، ئیسماعیل(علیه السلام) یەکەم کەس بوو کەلە نیمچەدوورگەی عەرەبــدا دابەزیو لەمەککە نیشتە جێبوو، ئەم ناوەیان لێنرا چوونکە ئیسماعیل بەعیبرانی یان ســریانی قــسەی دەکرد، جاکاتێ هۆزی جورهوم هاتنە مەککەو ئەندامانی لەگەڵ ئیسماعیلو دایکیدانیشتەجێ بوون، ئیسماعیل ئافرەتێکی لێ بەهاوسەرگرتن و فێری عــەرەبی بــوو، ئەوانــە زۆرینــەی عەرەبــە خێڵــەکیو ژیاریو شار نشینەکانن.

## بارووذۆخی عەرەب لە پێش ئیسلام

### باری ئابووری:

عەرەب کەوتنە ژێرکاریگەری ئەو سروشــتەی تیایــدا دەژیــانو دانیــشتوانی ناوچــە بیابانیــەکان بەشێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەلەوەڕی ئەملاولاو گواستنەوە بــۆ ئــاژەڵو لــەوەڕەکانیان دەبەســت، پشتیان بەبازرگانی دەبەست، لەکاتێکدا دانیشتوانی ناوچە بەپیتەکان پشتیان بەکــشتوکاڵ دەبەســت، بازرگانیشیان پشتگوێ نەخستبوو، هــەروەك لــەگــەڵ پیــشەسازیدا ســەروکارییەکیان هــەبوو، ئەمانــە لەخێڵەکیەکان باشترو بەختدارتربوون.

لــەباری ئــابووری نیمــچەدوورگەی عەرەبیــدا دیاردەیــەکی ڕوون بەدیاردەکــەوێت کەئــەویش فرەجۆری داهاتو سەرچاوەکانە، ئەمەش لەئەنجامی دوو هۆکاردا:

**یەکەم: فرەجۆری سروشتی زەویو کەشو هەوا، ئەمەش ڕەنگیداوەتەوە لە:**

- ئەو ناوچە بیابانیانەی تەنها بەدەردی لەوەڕاندنی ئاڵوگۆڕپێکراو دەخۆن.
- چــەند ناوچــەیەك کــەڕەقیو ســەختیان کــەمترەو گــژوگیا زۆرەو تاڕادەیــك تاماوەیــەکی زۆر بەردەوامەو دواتر خەڵکی بیابان(ئەوانەی شوانن) زیاتر لەو شــوێنانەی لــەوەڕی تێدایــە بۆیــان سیفەتی نیشتەجێ بوونی ســەقامگیری دەگرنــە بــەر، وەك ناوچــەکانی ســەر ڕووتــەنی(الهلال الخصیب).
- چەند ناوچەیەك کەچــەمی زۆریــان تێدایــەو هەنــدێ کــارێز لــەخۆدەگرن کەدەرفــەتی بڕێــك کشتوکاڵ دەدەن، وەك هەندێ چەم کەلە نەجدو حیجاز هەن.
- چەند ناوچەیەك کەلەبەر داباریني چڕوپڕو ڕێکوپێکی بارانی وەرزی خــاکێکی بــەپیتیان هەیــە، وەك بەشی باشووری نیمچەدوورگەی عەرەبی.

**دووەم: پێگەی جوگرافی نیمچەدوورگەی عەرەبی ووشکانی بێت یان دەریایی:**

لەنێوانی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دوورو ڕۆژهەڵاتی نزیك لەلایەکو لەنێوان ئەو ناوچانەی لەڕۆئاوە بەسەر دەریای سپی ناوەڕاستدا درێژدەبنەوە لەلایەکی ترەوە، ئەمە ڕێڕەوو ڕێگەیەکە بۆ کاروانە بازرگانیە ووشکانیو دەرياییەکانی نێوان دوو ناوچەکە.

بەپێی بارووددۆخی سروشتیو دانیشتوانی دەبینین دانیشتوانی نیمچەدوورگەی عەرەبی لەقۆناغی کۆتایی جاهیلیەتدا بۆسێ تاقم دابەش دەبن:

- تاقمێکی ناجێگیر کەبەگواستنەوەو جێگۆڕکێو شوانکارەیی چیان دەبەنەسەر.
- تاقمێکی جێگیر کەکشتوکاڵ دەکەن.
- دەستەیەکی وا کەنەجێگیرو نەجێگۆڕکێ کەرن(لەو نێوەندەدان).

لەئەنجامی ئەو دابەشکاریەدا چەند دیاردەیەك دەردەکەون کەگرنگترینیان بریتین لە:

١- **شوانەیی:** شوانەیی بەشێوەیکی سەقامگیرو جێگۆڕکێیشی داهاتی سەرەکی ئابووری شوانەکانی بیابان لەبەشی گەورەی نیمچەدوورگەی عەرەبی پێکدەهێنێت، ئەمەش بەهۆی سروشتی جوگرافی ناوچەکە بنەڕەتی ئەمەش لەوەڕاندنی وشترە، چونکە وشتر چەند سیفەتێکی هەیە کە زیاتر لەهەر ئاژەڵێکی تر لەگەڵ ژیانی ئەو سروشتە جوگرافیەدا دەگونجێت، ئەو ناوچانەش کەگژوگیایان زۆرە زیاتر مەڕلەوەڕاندنە و ئەسپو مەڕومالآتیش هەندێ جار هەیە، زەوی لەوەڕاندن لەناوهۆزدا شوانکارەییو گشتیە، بەڵام ئەمە نەدەچوویە ئەو بازنەی ڕێگەنەدات زەوییەك بچێتە چوارچێوەی خاوەنداریێتی تاکە کەسییەوە، کەبەردەوامی ئەمەش لەسەر بوونی ئاو و گژوگیا پەیوەستە.

٢- **هێرشبەری:** شوانەکان پشتیان بەسەرچاوەیەکی تردەبەست کەخورما بنەڕەتو کۆڵەکەی بوو، ئەو خورمایەی کەدارخورما لەچەمەکاندا بەرهەمی دەهێنا، ئەمەش لەڕێگەی هێرشبردنەوە.

٣- **دەستکەوتی تێپەڕبوونی کاروانەکان:** خێڵەکیەکان سوودیان لەتێپەڕبوونی کاروانە بازرگانیەکان بەخاکیاندا وەرگت، هۆزەکە لەبەرامبە ڕێنموونی کاروانەکانو خزمەتکردنی بەدرێژایی ئەو ڕێگەی دەکەوێتە خاکەکەیەوە پاداشتو کرێیەکی دیاریکراوی دەستدەکەوت.

٤- **کاری نێوەندی**[1]**:** شوانەکان کاری نێوەندیان لەنێوان بیابانو شارنشینەکاندا دەکرد، بەتایبەت لەو ناوچانەی ناوچەی دەشتایی بەپیتی بەرفراوان لەخۆدەگرن، هەروەك لەدۆڵی دوو ڕووبارو

---

[1] مەبەست پێی ئەوەیەکە کەسێك کاری نێوان دووکەس بەیەکبگەیەنێت-وەرگێڕ-

ناوچەی سوریادا هەبوو، ئەمەش لەبەرامبەر پاداشتو کرێیەکدا، هەروەك دەیانتوانی جۆرێك لەئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ شارەسەرسنورییەکاندا ئەنجام بدەن.

٥- **کشتوکاڵ:** کشتوکاڵ سەرچاوەیەکی تری بنەڕەتی عەرەبی پێکدەهێنا، کشتوکاڵ کۆڵەکەی سامانی یەمەنو ئەو شوێنانەیە کە ئاویان تێدایە، جۆرەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی وەك میوەو دانەوێڵەو سەوزە زۆرن، بەشێوەیەکی تایبەت سێ جۆریان ناسراون کەبریتین لە: دارخورما، ترێ، دانەوێڵە، ئەمە لەپاڵ بەرهەمە سروشتیەکانی وەك بەهارات و بۆن، جالە باشوورو ڕۆژهەڵاتو گوندەکانی حیجازو یەمامەدا کشتوکاڵو بەرهەمو هەندێ میوە زۆرن، یەمەن بەدرەختی لبانو بۆنو بوخورد ناسراوە، طائیف بەترێ ناسراوە، دارخورماش گرنگترین داری هەموو نیمچەدوورگەی عەرەبییە.

٦- **بازرگانی:** بازرگانی ڕۆڵێکی بنەڕەتی لەژیانی ئابووری عەرەبدا بینی، ئەمەش لەبەرئەوەی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئایینیدا تێکەڵ دەبوو، بازرگانی عەرەب جەختی دەکردەوە لەسەر:

- بۆنو بەهارات کەلەباشووری نیمچەدوورگەی عەرەبی دەچێنراو بۆ دەرەوە دەنێردرا.
- ڕێگەی نیمچەدوورگەی عەرەبی لەنێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا کەهێڵی ووشکانی بازرگانی دەبیرِیو ڕێگەدەریاییەکانیش بەکەناراوەکانیدا بەدرێژایی دەریای سوور تێدەپەڕی، ئەمە وایدەکرد بەشێوەیەکی گشتی نیمچەدوورگەی عەرەبیو بەشێوەیەکی تایبەت ببێتە پردێك کەنێوان وولاتی شامو حەوزی ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست بەیەمەنو حەبەشەو سۆماڵو کەناراوەکانی سەر زەریای هیندیەوە دەبەستێتەوە، ئەو ناوچانەی دەکەوتنە سەر ئەو هێڵە بازرگانیانە، لەڕووی ماددیەوە سوودیان بینیو چەند گوندێکی گەورە لەسەر ئەو هێڵانە دامەزران وەك، مەککەو چەند شارێکیش وەك لەیەمەن، ئەمە چەند ڕێگەیەکی گشتی لێپێکهێنا کەبازرگانو گەشتیارەکان دەیانگرتەبەر، بەمە وولاتی عەرەب بوو بەگرنگترین نێوەندی ئەو ڕێگە بازرگانیە جیهانیانەی کەڕۆژهەڵاتیان بەڕۆژئاواوە دبەستەوە.

کاری بازرگانیو پیشەسازی ئەوەی دەخواست بەدوایدا چەند بازاڕێکی وەرزی هەبن تالە چەند وەرزێکی دیاریکراودا بکرێنەوە، ناودارترین ئەو بازاڕانە بریتین لە: عکاظ، ذي المجنّة، ذي المجاز، هەروەها ئەوەی دەخواست کەلە شوێنەکانی نیشتەجێ بووندا چەند بازاڕێکی جێگرو چەسپاو هەبن.

باری کۆمەڵایەتی: کۆمەڵگەی عەرەبی لەخێڵەکیو شارنشین پێکدەهات، جاخێڵەکیەکان دانیشتوانی بیابان بوونو لەسەر شیرو گۆشتی وشتر دەژیانو پەنایان بۆ سەرچاوەکانی ئاوو لەوەڕ

دەبرد، شارنشینەکانیش لەشارو گوندەکاندا سەقامگیربوونو لەسەر کشتوکاڵو بازرگانیو پیشەسازیو ئیشی تر دەژیان، ئەمانە ماڵو نشینگەی چەسپاوو سەقامگیریان هەبوو، سنووری جیاکەرەوەی خێلایەتیو شارنشینی لەڕێڕەو و شێوەی ژیانداىوو[1].

لەبەرئەوەی سروشتی ووشکی بەسەر نیمچەدوورگەی عەرەبدا زاڵبوو، بۆیە خێلایەتی زیاتر لەشارنشینی زاڵتربوو و کاری دەکردە سەر نیزامی ئابووریو کۆمەڵایەتی سیاسیو نیزامەکانی تر، هەردووکۆمەڵگەی خێڵەکیو شارنشین لەدوو هۆکاردا بەشداریانکرد، هۆکاری یەکبوونو هۆکاری دابەشبوونی چینایەتی[2] کۆمەڵگەی عەرەبی چەند دیاردەیەکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی تێدابوو کەیارمەتی یەکبوونی ئەندامانی لەچوارچێوەی یەك هۆزدا دەداو پاڵی بەهۆزەکانەوە دەنا تالە سەرئاستی پەیوەندی هۆزایەتی بیرلە ئاراستەی یەکبوونو پەیوەستبوون بکەنەوە لەوانە:

**دەمارگیریو تۆڵەسەندنەوە:** ئەم دووانە لەچەندین بۆنەدا بوونە هۆی ململانێی سەربازی نێوان هۆزەکان کەبە(ڕۆژانی عەرەب) ناسراون، ناودارترین جەنگی بەسووس[3]، جەنگی داحسو غەبراء[4] جەنگی فوجار بوو[5]، لەلایەکی ترەوە، دەمارگیری لەسەر بنەمای پەیوەندی ڕەچەڵەك یان خوێن دامەزرابوو، ئەمە پێناوێکی کوتلەگەراییو کۆبوونەوەی دەستەو تاقمەکان بوو لەژێر سایەی نەبوونی پێناوێکی تردا کەبانگەواز بۆ ئەو کۆبوونەوەو دەمارگیریەبکات، جالە بیاباندا هۆز کۆڵەکەی ژیان بوو، کەسی دەشتەکی بۆ پاراستنی گیان ماڵی خۆی دەدایە پەنای ئەو و بەماڵ و خوێنی خۆیەوە خۆی بۆ دەکردە قوربانی، عەرەب تەنها دەوڵەتی هۆزایەتییان دەزانی، پێویستە دەشتەکیەکان بە هاوپەیمانی بەهۆی جیاوازی توانای هۆزەکان لەوەستاندنی شاڵاو و پاراستنی ماڵو گیانو سەروبنکردنی دەستدرێژیکەران پەیوەست بەهۆزبوو، بۆیە چەند هاوپەیمانێتیەکی بەرگریکارییان پێکدەهێنا، هەروەك بۆ چەند ئامانجێکی هێرشبەری چەند هاوپەیمانێتیەك دەبەستران، شارنشینەکانیش

---

[1] علي: ج٤ ص٢٧٠.

[2] يحيى، لطفي عبدالوهاب: العرب في العصور القديمة ص٣٧١.

[3] جەنگی بەسووس: لەنێوان بەکرو تغلب دا هەڵگیرساو چل ساڵ بەردەوامبوو، هۆکارەکەشی کوژرانی وشترێکی ئافرەتێکی بەکر بوو کەبە(سووس) ناودەبرا.

[4] جەنگی داحسو غەبراء: لەنێوان عەبسو زەبیان داهەڵگیرساو چل ساڵ درێژەی کێشا، هۆکارەکەشی پێشبڕکێی ناسراوی نێوان داحس کەئەسپی قەیسی کوڕی زوهەیربوو لەگەڵ غەبراء ئەسپی حوزەیفەی کوڕی بەدر بوو.

[5] جەنگی فوجار: لەمانگە حەرامەکاندا ڕوویدا، لەبەرئەوە ناوی فوجاری لێنرا، لەنێوان چەند هۆزێکی عەرەبیدا ڕوویداو قوڕەیشیش تێیدا بەشداریان کرد، ئەم جەنگانە چوارجەنگ بوون کۆتاییان(فجار البراض)ی ناوداربوو.

خۆیان بەخاکی خۆیانەوەو سروشتی ئەو ژیانەی تیایدا دەژیان پەیوەست دەکرد، ئەمەیش وایکردبوو کەمتر پێویستیان بەهاوپەیمانێتی هەبێت.

**شوانکارەیی:** باروودۆخی بیابان لەوڕوانگەی پێویستیەکی ئابوورییە، هاوبەشەکی لەئاوو لەوەڕی لەسەر کۆمەڵگەی عەرەبی چەسپاند، ئەمە بەهای ژیانو زیندوێتی بۆ هۆزهەیەو ئەندامەکانی هاندەدات تاپێکەوەو وابەستەبن و لەدەوری یەکتردا کۆببنەوە.

- کۆمەڵگەی عەرەبی هەندێ لایەنی ژیانی ئابووری هەبوو کەپاڵی پێوەدەنا تاوابەستەو پێکەوەبن، لەوانە خاوەندارێتی کۆمەڵو هەمووەکی لەنێوان ئەنداماني خێزانێکدا بەلایەنی کەمەوە.
- لەقۆناغی کۆتایی جاهیلیەتدا هەندێك ڕووداوی سیاسیو سەربازی ڕوویانداکەبوونە یارمەتیدەر تا بیر لەگۆڕینی واقیعی کۆمەڵایەتی بەرەو یەکبوون بکەنەوە، لەو بازنەیەدا دوو ڕووداوی مێژوویی دەگێرینەوە کە نیمچەدوورگەی عەرەبی لەدوو ماوەی نزیك لەیەكو لەپێش دەرکەوتنی ئیسلامدا بەخۆیەوەی بینی:

**یەکەمیان**:ئەو ململانێ سیاسیەی لەیەمەندا ڕوویدا کەلەدوای شاڵاوە شکستخواردووەکەی ئەبرەهە بۆسەر یەمەن مەزمونێکی مێژوویی دانا کەدیدی خۆی وەك ململانێی نێوان هێزەکانی خاوەنی وڵاتو چەند هێزێکی دەرەکی کەووڵات داگیردەکەن(حەبەشەکان) یان نیازی داگیرکردنیان هەیە(فارسەکان) دەستنیشانکرد، ئەو ململانێیە هەستێکی هاوبەشی عەرەبی هێنایەدی، مێژوونووسان باس لەوە دەکەن کە عەبدولمەلیکی کوڕی هاشم کاروانێکی قوڕەیشی ناردبۆ لای سەیفی کوڕی ذي یەزنی حمیری لەدوای ئەوەی بەسەر حەبەشەدا سەرکەوت تاپیرۆزبایی ئەو سەرکەوتنەی لێبکات، شاعیرانی وەك(ئەبو سەلتی کوڕی ئەبوورەبیعی ثەقەفی) لەگێرانەوەکەیشیدا وەك(ئومەییەی کوڕی ئەووسەلت) و(عەدی کوڕی زەید) شیعریان بەو بۆنەیەوە هۆنیویەتەوە[1].

**دووەمیان:** جەنگی ناوداری ذیقار(٦٠٩ز) ئەمە دەربڕینێکی پێگەیشتووی ئەو هەستە هاوبەشەیە بۆ پێویستی بوونی ئەمەتێکی نوێ لەپەیوەندی نێوان هۆزە جیاوازەکان لەنیمچەدوورگەی عەرەبیدا، بەتایبەت ئەو هۆزانەی لەسەر سنوری دەوڵەتی فارسیو بیزەنتیدا بوون، پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەوجۆرە وەسفی ئەو ڕۆژە دەکات کە:(أول یوم انتصف العرب من العجم....)[2].

---

[1] السیرة النبویة لإبن هشام من كتاب الروض الأنف لأبي القاسم عبدالرحمن الخثعمي السهيلي: ج١ ص٨٣-٨٥، ١٦١-١٦٢.

[2] الطبري: أبو جعفر محمد بن جرير: تأريخ الرسول والملوك ج٢ ص١٩٣.

ئەم دەستەواژەیە کەتیایدا هەریەك لەعەرەبو عەجەم لایەکی جەنگەکەیان پێکهێناوە ئەو واتامێژووییە دەدات بەڕووداوەکە کەلەسروشتی پەیوەندی ئەو گۆڕانانە لەسەرئاستی پەیوەندی ناوخۆی نێوان هۆزەکان درێژەدەکێشێت[1].

لەڕووی هۆکاری دابەشبوونەوە لەکۆمەڵگەی عەرەبیدا بەهەردوو جۆری خێڵەکیو ژیارییەوە چەند هۆکارێکی دابەشبوون لەناو دەستەو تاقمە کۆمەڵایەتیەکاندا هەبوو، جالەکۆمەڵگەی هۆزایەتیدا جیاوازی گورڕوتینی هەندێ لەئەندامانی هۆزەکان بۆچوون بەدەم بانگەوازی دەمارگیرییەوە هەیە، هەروەك نەریتی هۆزایەتی چەند بەربەستێك لەنێوان چەندێ لەدەستەو تاقمەکانیدا دادەنێت، جائەو کۆیلانەی ئازاد دەبوون نەدەبوونە ئەندامی هۆزەکە، بەڵکوو بەمەوالیو هەوادariyan شوێنکەوتە ئەژمارد دەکران، هەروەها کەسێکی بێگانە ئەگەر بەهەر هۆکارێك بێت پەنای بۆ هۆزیچك ببردایە بەو جۆرەی پێشوو ئەژمارد دکرا، هەربەو جۆرە لەناو هەموو هۆزێکدا دەستەیەك یان چینێك پێکدەهات کەهەستی هەواداری تەواوی بۆ هۆزەکە نەبوو، دەکرێت ئەمە هۆکارێکی دابەشبوون بێت[2].

وێڕای ئەمەیش، کۆمەڵگەی عەرەبی بۆ چەند چینێك دابەشدەبوو کەشێخی هۆز لەسەرووی هەموویەوە بوو، لادان لەڕاوبڕیاری ئەم نەبوو، ئەنجومەنێکی پیاوانی هۆز کەزۆربەی ئەندامەکانی کەسە بەتەمەنە خاوەن ئەزموونو لێزانی بوون یارمەتییان دەداد.

لەئەنجامی ئەم دابەشبوونە چینایەتییەی ناوخۆی هۆزدا، ئەو ئەندامانەی دەبوو یەکسانبن هەموویان لەهەڵسوکەوتی هۆز لەڕوویاندا ڕازی نەبوون، چونکە هەندێکیان هەستیان بەنەبوونی یەکسانی دەکرد.

کۆمەڵگەی عەرەبی لەیەمەن لەبەر جیاوازی دابەشکردنی سامان ئەو دیاردەی نایەکسانیەی بەدیدەکرد، لەوێ دەوڵەمەنداناو چینی فەرمانڕەوا کەدەستەیەکی تایبەتیان پێکدەهێنا، ئەرکو کاروباری دەوڵەتیان قۆرخکردبوو، هەروەك جوتیارو پیشەگەرو ئەوانەی لەکۆکردنەوەی بۆندا ئیشیاندەکرد هەبوون، ئەو دابەشکردنە چینایەتیە چەسپاو و نەگۆڕبوو و کوڕ لەباوکەوە بەمیراتی دەگرت، هیچ ئەندامێك نەیدەتوانی پیشەکەی بگۆڕێتو لەدەستەیەکەوە بچێتە ناو دەستەیەکی تر.

لەکۆمەڵگەی جاهیلیدا هەندێ چەرمەسەریو دەردی کۆمەڵایەتی بڵاوبووبوویەوە وەك مەی خواردنەوە قومارو ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتاندا(زینا) ئافرەتان دوو جۆر بوون، کەنیزەكو ئازاد،

---

[1] مروة، حسين: النزعات المادية في الفلسفة العربية الأسلامية: ج١ ٣١٤.

[2] يحيى: ص٣٨٤-٣٨٧.

کەنیزەك زۆربوون لەماڵێکدا بوون، ئەگەر عەرەبێك لەکەنیزەکێك منداڵی ببوایە ئەو کوڕەی نەدەدایەوە پاڵ خۆی مەگەر دلێریو نەبەردی نیشان بدایە.

ئافرەت تووشی ستەمو خراپە دەبوو، جا ئافرەت لەدوای تەڵاقدان ڕێی لێدەگیرا شووبە کەسێك بکات کەلێی ڕازی بێت، وەك شتێکی گشتی بەمیرات دەگیرا، لەلایەکی ترەوە ئافرەت، بەتایبەت ئافرەتی شەریفو خانەدان ئازادیەکی باشی هەبوو و لەهەندێ کاروبباردا ڕاوێژی پێدەکراو لەزۆرکاردا لەگەڵ پیاودا بەشداریدەکر.

پەیوەندی هاوسەرگیری لەپلەیەکی بەرزو باڵادا بوو، هاوسەرگیری نیزامێکی چەسپاوی هەبوو، بەوەی پیاو لەدوای ڕەزامەندی کەسوکاری کچەکەو ڕاوێژپێکردنو ڕازیبوونی کچەکە دەچوویە هەنگاوی هاوسەرگیری ئەمەش هاوسەرگیری شەرعییە، لەگەڵ ئەوەدا عەرەب چەند جۆرێکی تری هاوسەرگیرییان هەبوو کەزۆربەیان لەبەربوونی غیرەتیان بۆ ماڵومناڵیانو پاراستنی شەرەف پێیان باش نەبوون[1].

نەریتی زیندەبەچاڵکردنی کچ لەترسی سەرشۆڕیو ئابڕوچوونو هەژاری لەکۆمەڵگەی جاهیلیو لەناو هەندێ هۆزدا بڵاوبووبوویەوە.

لەناو عەرەبدا بەشێوەیەکی فراوان لەپێش ئیسلامدا کۆیلایەتی بڵاوبووبوویەوە، جا کاتێك ئیسلام هات نیزامێکی داناو بەرەبەرە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا هەڵیوەشاندەوەو لەناو موسڵمانانیدا حەرامی کردو هانی ئازادکردنیشی دا، بەوجۆرە(دەروازەی ئەوکارە بەرتەسكو چوونە دەرەوە لەو کارە بەرفراوان بوو).

**باری ئایینی:**

أ- **دەرکەوتنی شیرك( هاوەڵدانان ):** عەرەب لەپێش ئیسلامدا لەسەر یەك ئایین بوون کەئایینی ئیبراهیم(علە السلام) ئایینی حەنەفیەتو ئەو یەکتاپەرستیە بوو کەلە ئیسلامدا خۆی دەنواند، بەڵکو ڕێگەیان لێ وون بوو و گومڕابوونو هاوەڵدانان بۆ خوا لەناویاندا بەچەند

---

[1] لەو جۆرانەی هاوسەرگیری کەلای عەرەبە جاهیلیەکان هەبوو: هاوسەرگیری(ئیستبضاع)(چەندێتی)، هاوسەرگیری(بەغایا) هاوسەرگیریەکی تر هەبوو ئەویش ئەوە بوو چەند پیاوێك دەچوونە ئافرەتێكو ئافرەتەکە سکی پڕدەبوو، کاتێ ئافرەتەکە منداڵەکەی دەبوو، کۆیدەکردنەوەو یەکێکیانی وەك باوك دەستنیشاندەکرد، هەروەها هاوسەرگیری(خدن) و(موتعە) و(بەدەل) و(شغار) بڕوانە: الآلوسي، محمد شكري: بلوغ الأرب في معرفة أحوال العرب: ج٢ ص٣-٥.

شێوەو بەهۆی گەشەسەندنی باری کۆمەڵایەتی‌و پەیوەندییان بەدراوسێکانەوە بڵاوبوویەوە، عەرەبەکان هەیانبوو:

- بڕوای بەخوای گەورەو یەکتاپەرستی هەبوو.
- بڕوای بەخوا هەبوو و بتی دەپەرست بەو بانگەشەیەی بتەکان لەخوا نزیکی دەکەنەوەو سوودو زیان دەگەیەنن.
- باوەڕی بەئایینی جولەکە یان مەسیحی یان ئاگرپەرستی هەبوو.
- بڕوای بەهیچ نەبوو بەوجۆرە مابوویەوە.
- بڕوای وابوو خوداوەندەکان لەم ژیانەدا مرۆڤەکان دەجووڵێنن‌و لەدوای مردن هیچ شتێك نیە، هیچ لێپرسینەوەو زیندوبوونەوەو ئەنجامێك نیە.

قورئانی پیرۆزیش چەند ئاماژەیەکی بەجۆری هاوەڵدانانی کەسانی سەردەمی جاهیلی داوە، لەوانە:

- پەرستشی ئەوبتانەی کەلەبەرد یان تەختە یان کانزا دروستدەکران‌و هیچ گیانێکیان تێدا نەبوو، وێڕای چەند درەختێکی دیاریکراو کەکردبوونیانە هاودەمی خوا تابەوە لەخوا نزیکیان بکەنەوە[1].
- پەرستشی هێزە سروشتیەکانی وەك ئەو هەسارانەی عەرەبەکانی باشوور بەشێوەیەکی تایبەت دەیانناسین، ئەو هەسارانەش(ئالوث)ن کە مانگ‌و خۆرو زوهرە دەگرنەوە.
- هەندێ لەعەرەبەکان بڕوایان وابوو پەری(جنۆکەکان) هاودەمی خوان[2]، یان فریشتەکان هاودەم‌و کچی خوان[3].
- چەند ئایەتێکی تریش ئاماژەبەوەدەکەن کەجۆرێکی تری هاوەڵدانان ئەوەبوو لەگەڵ خوادا چەند خواوەندێکی تریان دادەنا[4].
- لەو پەرستشانەی کەزانایانی ئایینەکان نازناوی نوێیان لێ دەنێن وەك تەوتمی، ئەمانە چەند بیروباوەڕێکی ئایینی بوون کەلەدڵ‌و دەروونەکاندا چەسپابوون‌و لەسەر بنەڕەتی کۆمەڵ یان هۆز دامەزرابوو و بەپەیوەستی تەوتمی هیچمای کۆمەڵەکە ئەندامەکانی بەپەیوەستێکی پیرۆزی

---

[1] بگەڕێرەوە بۆ سورەتی(الزمر) ئایەتی(٣).

[2] بگەڕێرەوە بۆ سورەتی(الأنعام) ئایەتی(١٠٠).

[3] بگەڕێرەوە بۆ سورەتی(سبأ) ئایەتی(٤٠).

[4] بگەڕێرەوە بۆ سورەتی(الأنبياء) ئایەتی(٢٤).

ئاینی پێکەوە دەبەسرانەوە، جاعرەبەکان چەند ناوێکی ئاژەڵانیان لەخۆدەنا وەك بەنوسەد، یان ناوی چەند ئاژەڵێکی ئاویی وەك قورەیش، یان یان ناوی چەند درەختێك وەك حەنزە لە، یان ناوی چەند باڵندەیەك وەك نەسر، ئەو ناولێنانانە ئەگەر بۆھیوا بەخشین بن، ئاماژە بەوەدەدەن کەعەرەب ئەو ئاژەڵو دەرختانەیان بەپیرۆز سەیرکردون[1].

لێرەدا دوو گێڕانەوە سەبارەت بەسەرچاوەی پەرستشی بتەکان هەن، یەکەمیان پێی وایە لەسەردەستی عەمری کوڕی لەی خوزاعی بووە، دووەمیش: پێی وایە لەئەنجامی گەشەسەندنی ژیانی جاهیلیدا هەر بەشێوەیەکی ناوچەیی سەریهەڵداوە[2].

ب- **چوون بەرەو یەکتاپەرستی:** لەقۆناغی نزیکی دەرکەوتنی ئیسلامدا دیدی یەکتاپەرستی بەواتا جوولەکیی و نەسرانیەکەی کەهاتەناو کۆمەڵگەی عەرەبی لەسەردەمی جاهیلیدا دەرکەوت و بەشێوەیەکی تایبەت لەژێرسایەی شانشینی حەمیری دووەم[3] لەیەمەنو وادیلقوراو خەیبەر وتیماء یەثریبدا جوولەکایەتی بڵاوبوویەوە، لەکاتێکدا نەسرانیەت لەهۆزەکانی تغلبو غەسسانو قوضاعە لەباکوورو یەمەن لەباشووردا بڵاوبوویەوە، نەسرانیەت بۆچەند مەزهەبێك دابەشبووبوو کە دوومەزهەبیان دزەیانکردبووە نیمچەدوورگەی عەرەبیەوە: نستووریو یەعقووبی.

لەم نێوەندەدا لەپاڵ ئەو ئاینو پەرستراوانەدا، دیاردەی حەنەفیەت دەرکەوت، دیارە بڵاوبوونەوەی دوو ئاینی جوولەکەو نەسرانی لەنیمچەدوورگەی عەرەبیدا هۆکارێکی یاریدەدەری گۆڕانی هۆشی ئاینی بوو بەئاراستەی ڕوانین بۆ بوونو دروستکردنو خوایەتیو ڕۆژی دوایی و زیندووکردنەوە لەڕوانگەی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەنێوان چەمکە بتپەرستیەکانو بیرە جوولەکەو مەسیحیەکاندا ژیانی بردەسەر، ئەمە بوویە هۆی ئەوەی لەکۆمەڵگەی جاهیلیدا کۆمەڵێك هەڵوێستێکی تایبەتیان بەرامبەر هەموو ئەو هۆکارانە هەبوو، هەڵوێستێکی بتپەرستیو جوولەکەیی و مەسیحیان نەبوو، بەڵکو دیدێکی تێڕامانی تاکەکەسی بوو.

خەڵکانێکی ڕۆشنبیر کەهەستیان بەباری خراپی ئاینییان دەکرد، سەرکردایەتی ئەوهۆشە ئاینیەیان دەکردو هەوڵیان بەرەو بیروباوەڕێکی پێگەیشتووتر لەوانە برۆن، ئەمەش بەهۆ تێکەڵبوونیان لەگەڵ جوولەکەو مەسیحیەکانداو بەحەنەفیەکان دەناسران، لەناویاندا ناوی قەیسی کوڕی ساعیدەی

---

[1] بەراوردی بکە بەکتێبی: الاشتقاق ی ابن درید: ص٣و دواتری.

[2] سەبارەت بەو دوو گێڕانەوەیە بڕوانە: ابن هشام: ج١ ص٩٩-١٠١.

[3] حسن ابراهیم حسن: تأريخ الإسلام السياسي والديني والثقافي والإجتماعي، ج١ ص٧٣.

ئەیادیو وەرەقەی کوڕی نەوفەلو ئومەییەی کوڕی ئەبو صەلتو عوسمانی کوڕی حوەیرثو چەندێکی تریان دێنین[1].

ئەو حەنەفیانە بەرێژەیەك بەرزوبالآیی عەقلیو رەوشتیو لێزانی سیاسیو رۆشنبیری بالآیان هەبوو، بەلآم هەموو یان لەڕاو بیروبۆچوونو بیروباوەڕدا وەك یەك نەبوون، هەروەك پەیوەندیەکیشیان پێکەوە نەبوو کە باینبەستێتەوە بەیەکەوە، ئەمەش واتە تەنها رێبازێچکی گشتی کۆیان دەکاتەوە کەخۆبەخۆ گرتبوویانە بەر، ئەویش بەپەرچدانەوەی پەرستشی بتەکانو فرەخوداییو باوەڕبوونەینە بوونی یەك خودا، ئەمەویڕای ئەو لایەنە رەوشتیەی پێی ناسرابوون کەلەخەلکی دوورکەوتنەوەو هەندێکیان بۆ گەڕان بەدوای ئایینی ئیبراهیمی حەنەفیدا بەزەویدا دەگەڕان، هەروەك هەیانبوو کتێبەکانی جولەکەو مەسیحیان خوێندوویەوەو هاواری لابردنی نەریتەخراپەکانی جاهیلیان دەکرد وەك زیندەبەچالکردنی کچو مەیخۆریو داوێنپیسی.

ئەمە هاودەمی ڕوودانی چەند گۆڕانێك بوو کە پەیوەستی هەمان بزوتنەوەی ئایینی بوو، لەوانە:

- هەندێ هۆز لەپەرستشی یەك بتدا هاوبەشیان دەکرد، ئەمە لەکۆبوونەوەی هۆزەکانی خەثعەمو بجیلەو دوسو ئەو عەرەبانەی لە(تبالە) لەو وولآتانیاندا بوون دەبینین تابتی ناسراو بەناوی(ذوالخلصة) پەرستن[2].
- رێکخستنی کرداری بۆ بەجێگەیاندنی وەرزی حەج لەمەککە دامەزرا لەدوای ئەوەی ئەویش پیشەی برینپێچیو پەردەداریو ئاوگێڕیو پیشەیو رێکخستنەکانی تری کاروباری حەج لەناو قورەیشدا مۆلیان خواردو لەنێوان سەرکردە مەککیەکاندا دابەشکران ئەمە پەیوەستبوونی چەندین هۆزی بەپێی بەجێگەیاندانی وەرزی حەج بەشێوەیەکی ئاشتیو رێگیرکردن لەجەنگ لەمانگە حەرامەکاندا لەخۆگرت.
- ئەو هۆزانە لەئەنجامی کۆبوونەوەی کۆمەلآیەتی ناو بازاڕەکانو حەجدا تێکەلی یەکتربوون، ئەمەش کارلێکێکی لێکەوتەوە کەبەرەو یەکبوون ئاراستەی دەکردن.

**باری ئەدەبی:**

لای زۆرکەس دیارە کەعەرەب لەپێش ئیسلامدا لەنەزانیدابوونو خوێندنەوەو نوسینیان نەبووە، نوسین لەنێوانیاندا کەمبووە، لەڕاستیدا ئەگەر جاهیلیەت بەواتای نەزانی دژبە زانست راڤەبکەین،


---

[1] ابن هشام: ج١ ص٢٥٣-٢٦٣.

[2] ابن هشام: ج١ ص١٠٧.

هەڵەیە، بەڵکو مەبەست لەجاهیلیەت گەمژەییو نەفامیو توندیو سەرکەشبوونە، ئەمانەش دیارترین سیفەتەکانی کۆمەڵگەی جاهیلی بوون.

شتێکی ڕوونە کەخوێندنو فێرکاری لەو سەردەمەدا لەووڵاتی عەرەبو بەتایبەت لەناوچەی حیجازدا بڵاونەبووە، چونکە ئاگایەکیان لەزانست نەبووە جگە لەزانستی(أثر) ورەگەزو(أنواء) نەبێت، بەڵام لەپەیڕەوی خوێندنەوەو نوسیندا بەپێی شوێنو پێویستیان جیاوازییان هەبوو، لەناو شارنشینەکاندا خوێندنەوەو نوسین بڵاوبووبوویەوە، بەڵام لەناو بیابان نشینو خێڵەکیەکاندا بڵاونەبووبوویەوە، بەڵکو هەرکەس هەستی بەپێویستی خوێندنەوەو نوسین بکردایە دەچوو فێردەبوو.




مواطن القبائل في شبه الجزيرة العربية

کۆبوونەوەی شاعیرو ئەدیبەکان لەمەککەو لەبازاڕە وەرزیەکاندا کاریگەرییەکی گەورەی لەژیانی ئەدەبی عەربدا هەبوو، بەتایبەت کەدەزانین ئەوانە بەوولاّتدا دەگەڕانو تێکەڵ بەگەلە دراوسێکانی وەك فارسو ڕۆم دەبوونو بەدیمەنەکانی ژیاریان کاریگەردەبوون، ئەمەش لەشیعرو ووتارەکانیانو ووتەی داناییاندا ڕەنگی داوەتەوە.

لەڕاستیدا بلاّوبوونەوەی فێرکاری لەوولاّتی عەرەبدا بەگشتی، بەبێ بەرپابوونی ڕاپەڕینێکی ئەدەبی نەهاتەدی، ئەمەش بەبەڵگەی ئەو گەشەسەندنە شیعرییەی ژیانی عادیو کاروباری ژیانی خێلاّیەتی لەخۆدەگرت.

## باری سیاسی:

**ئاسانکاری:** ئەو نیزامە سیاسیەی عەرەب بۆ خۆیان دانابوو هیچ ڕێبازێکی ڕێکخراوی بۆ کارگێڕی یان دادوەری لەخۆنەگرتبوو مەبەست بەو واتایەی کەئەمڕۆلە خۆی دەگرێت بەلاّم عەرەب هەندێك پێکهاتەی سیاسی هەبوو کە گرنگترینیان بریتین لە:

- **پێکهاتەی هۆزایەتی:** لێرەدا هۆز پێکهاتەی سیاسی لەخۆدەگرتو لەکاروباری ناوخۆییدابێت یان لەپەیوەندی دەرەکیدابێت، هۆز پەیڕەوی دەکرد، ئەم جۆرە لەبیاباندا بلاّوبوو، مەککە جۆرێکی تایبەتی لەو پێکهاتەدا لەخۆدەگرتو لەبنەڕەتدا پشتی بە بازرگانی دەبەست.
- **پێکهاتەی میرایەتی:** ئەمە پێکهاتەی میرنشینەکان یان ئەو شانشینە بچووکانە بووکە لەچەند مەڵبەندێکی بازرگانی یان لەخاڵی هاوسەنگی نێوان دوودەوڵەتی گەورەی ململانێکاردا(دەوڵەتی فارسیو دەوڵەتی ڕۆمانی ڕۆژهەلاّتی: بیزەنتی)دا دامەزرابوو وەك شانشینی ئەنبات، وشانشینی تەدمور، یان لەسەر سنوری هەریەك لەو دوودەوڵەتەکە دەکەو تەناوچەی قەڵەمڕەوی هەردووکیان وەك شانشینی غەساسینە کەملکەچی قەڵەمڕەوی بیزەنتی بوو و شانشینی مەنازیرە کە ملکەچی قەڵەمڕەوی فارسی بوو.
- **پێکهاتەی پاشایەتی:** ئەمە ئەو شانشینانە پێکیاندەهێنا کەلە بەشی باشووری نیمچەدوورگەی عەرەبیدا دامەزرابوون، ئەمە تایبەتمەندی ئەوەی هەبووکە لەبەر پشتبەستنی بە چەند ڕووبەرێکی زەوییە بەپیتەکانو برێکی پێویستی بارانی چرووپڕی وەرزی، زیاتر چەسپاو و سەقامگیربوو.
- **میرایەتی لەحیجاز:**

- **مەککە:** باری سیاسی لەنیمچەدوورگەی عەرەبیدا بەپێی تایبەتمەندی شێوەی سیاسیو نیزامی فەرمانڕەوایی لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی بەخۆیەوە دەبینی، جا لەڕۆژهەلاّتی

نیمـچەدوورگەی عەرەبیـدا کـەحیجازی دەگرتـەوەو کەگـەورەترین شـارەکانی تێـدابوو و لەهەموویان گرنگتر مەککەی ناوەندو خـاڵی جەختکردنـەوەی حیجـازو گـەورەترین پێگـەی پێکەوەبەستنی تۆڕی بازرگانی جیهانیو گەورەترین مەڵبەندی ئایینی بتپەرستی جـاهیلی بـوو، مەککە دەکەوتە نێوەندی ڕێگەی بازرگانی نێوان یەمەنو وڵاتی شام لەشـێوەیێك لەشـێوەکانی شاخەکانی سورات دا بوو کەلەهـەموولاوە شـاخی ڕووتـەن دەوری دابـوو، قورئانی پـیرۆز واباسی دەکات کەدەکەوێتە(بوادغیرذي زرع)[1](دۆڵێکی ناکشتوکاڵی).

مێـژووی مەککـە لـەڕووی درێژبوونـەوەی کـاتیو ڕوونـی دیـدی مێژووییـەوە بـۆ دووبـەش دابەشدەبێت: بەشی یەکەمی ماوەی کاتی پـێش دەرکـەوتنی قوصـەی کـوڕی کـیلاب دەگرێتـەخۆ، لەکاتێکدا بەشی دووەمی ماوەی کاتی دوای دەرکەوتنی دەگرێتەخۆ.

هـــەموو ئـــەو مەشـــخەڵانەی تیـــشك دەخەنەســـەر مێـــژووی مەککـــە ئامـــاژە بـــەوەدەدەن کەلەسەردەمانێکی کۆنەوە هەیەو بەهۆی بوونی کەعبەوە پێگەیەکی پیرۆزی هەبووەو بەرەبەرە بەهۆی پێگە جوگرافیەکەیەوە وەك وێشتگەیەکی بازرگانیو بـەهۆی بـوونی ئـاوی زەمـزەم تیایـدا گەشـەی کردووە.

بەشێوەیەکی ڕوون زانیاریمان لەسەر مێژووی مەککە لەڕۆژانی قوصەیەوە لەسەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی زایینیەوە دەسپێدەکات، ئەبوو قورەیشی کۆکردەوەو یەکیخستو دوای ئـەوەی دەسـەڵاتی لەهۆزی خوزاعەی یەمەنی سەندو دەسەڵاتی گرتەدەست، کاروباری شارەکەی ڕێکخست[2].

شتێکی ڕوونـە لەشـانۆی ژیـانی مەککـەدا بـارێکی نـوێ کەوتـە دەرکـەوتنو بۆگرتنەدەسـتی دەسەڵات چەند ڕێبازو بنەماو بەهایەکی دەچەسپاندو لەزۆری پارەو سامان لەئـەنجامی گەشەسـەندنی بازرگانیو بەربوونەوەی شەرەف وەستابوو، کواسـتنەوەی سـەرکردایەتی لەمەککـەدا بـۆ قـورەیش لەسەر نەریتێکی تەقلیـدی(بـاوی) هۆزایـەتی نـەبوو، بـەڵکو لەسـەربنەڕەتی ڕەگـەزێکی نـوێ بـوو کەئەویش ڕەگەزی دەوڵەمەندی بوو، ئەمەش لەئەنجامی ئەو گەشەسـەندنە ئـابووریو کۆمەڵایەتیـەدا هاتەکایە کەلەو کاتەدا ڕوویدا.

بەپێی ڕێکخـستنەکەی قوصـەی، قـورەیش لـەڕووی کۆمەڵایەتیـەوە بووبـە دوو بـەش کەیـەك ڕەچەڵەك کۆیدەکرنەوە، ئەو دووبەشەیش بریتین لە:

---

[1] سورة إبراهيم: آية ﴿٣٧﴾.

[2] ابن سعد، محمد: الطبقات الكبير ج١ ص٧٠-٧١.

**قورەیشی بەتتاح:** قوصەی لەناوەندی مەککەدا دابیناو لەنێوان شاخەکاندا لەدۆڵی مەککەدا دابلاوبوونەوە کەبریتیبوون لە: هاشم، ئومەییە، مەخزووم، تیم، عدی، جمع، سەهم، نەوفەل، زەهرە، ئەمانە دڵو نێوەندو خانەدانانی قورەیش‌و مەڵبەندی قورسایی ناوەککەبوون، ئەمانە ماڵیان بنیادناو وەك شارنشین سەقامگیربوون‌و خۆیان بۆکاری بازرگانی‌و خزمەتی کەعبە یەکلاکردەوەو ڕۆزی‌و زەوی‌و مولکیان دەستکەوت‌و سامانیان زیادی کردو لەژیانێکی خۆشی‌و ڕابواردندا دەژیان.

**قورەیشی زەواهیر:** ئەوانە بوون کەلەدەرەوەی مەککەدا دابیناو تێکەڵەی گەداکانی عەرەب‌و هاوپەیمان‌و مەوالیەکان‌و کۆیلەکانیان لەگەڵدابوو، ئەمانە لەدەورووبەری مەککەدا ژیانێکی دەشتەکییانەیان دەبردەسەرو لەسەقامگیری‌و دەوڵەمەندیدا نەدەگەیشتنە ئاستی قورەیشی بەتتاح[1].

قورەیشیەکان لەسەرەتاوە وەك نێوەند ئیشی بازرگانیان دەکرد، پاشان وەك بازرگان ئیشیان دەکرد، ململانێی بەردەوامی نێوان فارس‌و ڕۆم(بیزەنتیەکان) دەرفەتی بەمەککەدا تابازرگانی لەمەککەدا گەشەبکات، جابەهۆی چالاکییە سەربازیەکانەوە ڕێگەی نێوان عێراق‌و شام داخرابوو و زۆرترین بازرگانی باکوورو باشووریش بەمەککەدا دەڕۆیشتن‌و کاروانە بازرگانیەکانیان بەدڵنیایی دەچوون تا دەگەیشتنە ئامانجی خۆیان، ئەمەش لەبەردوو هۆکار:

**یەکەم:** ئیلاف: ئەمە چەند ڕێکەوتنێك بوون لەگەڵ ئەو سەرۆکهۆزانەی کاروانەکانیان بەخاکیاندا تێپەڕدەبوون تارێگەکەیان بۆ بپارێزن‌و بیانگەیەننە شوێنی مەبەست، ئەمانە لەگەڵ فەرمانڕەواکانی ئەو دەوڵەتە دراوسێیانەدا ئەو ڕێککەوتنانەیان دەبەست کەو ئەوکاروانانەیان بۆ دەچوون.

**دووەم:** چونکە بەگشتی عەرەب دانیان بەدەسەڵاتی ئایینی قورەیشیەکان لەمەککە دانابوو، جاقورەیش کابەدەستانی حەرەمی خواو بەرپرسانی ماڵی خوابوون.

قورەیش لەساڵێکدا دوو گەشت‌و کاروانی بازرگانیان ڕێکخستبوو، لەوەرزی هاویندا کاروانەکانیان بەرەو وڵاتی شام دەچوون‌و شمەکی هیندیان پێبوو، لەرێگەیشیاندا هەرسێ شاری غەززەو ئیلە[2] و بوسر[3] ایان دەبڕی، پاشان لەدوای چالاکی کڕین‌و فرۆش سەرلەنوێ شمەکیان

[1] المسعودي، أبوالحسن علي بن الحسين: مورج الذهب ومعادن الجوهر ج١ ص٣٢.

[2] ئیلە: شارێکە لەسەر کەناری دەریای سوور لەبەرەی شامەوە، دەڵێن کۆتایی حیجازو سەرەتای شام دەکات. الحموي: ج١ ص٢٩٢.

[3] بوسرا: شارێکی سەربە دیمەشقەو لای عەرەب لەکۆن‌و نوێدا بە(کورة حوران) ناسراوە، بڕوانە: هەمان سەرچاوە: ص٤٤١.

دەهێناو دەگەڕانەوە، لەو شمەکانە: دانەوێڵەو ڕۆنو مەیو چەکو فەرش چنراوو کەنیزەك، لەوەرزی زستانیشدا کاروانەکانیان بەرەو یەمەن دەچوون، بازرگانیان لەگەڵ حەبەشەدا لەڕێگەی دەریاوەبوو.

قوڕەیشیەکان لەڕێگەی سەپاندنی باج لەسەر شمەکەکانو ئەو کاروانانەی بەخاکیاندا تێپەڕدەبوون سوودیان لەبازرگانی وەرگرت، هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لەکاری بازرگانیدا بەشداربوون، هەرکەسیش بەپارە بەشداری نەکردایە وەك دیدەوان یان ڕێ نیشاندەر ئیشی دەکرد.

هەندێك لەقوڕەیشیەکان وەك ئەبو سوفیانی کوڕی حەربو وەلیدی کوڕی موغیرە لەکاری بازرگانیەوە سەروەتو سامانێکی زۆریان دەستکەوت، لەئەنجامی کاری بازرگانیدا سوو(الرّبا) دەرکەوت کەدیاردەیەکی بزوتنەوەی بازرگانیە، هەروەها قەرزو ڕەهن هاتنەکایە، ئەمەش پێویستی بەفێربوونی خوێندنەوەو نوسین دەکرد تاژمێریاری بازرگانیان ڕێکبخەن.

ئەمە لەگەڵ ڕوودانی گەشە سەندنێکی تری تەنزیمیدا بووکە ئەنجامی حەتمی ڕێکخستنەکانی قوصەی بوو کەقوڕەیش بەتەنها سەرکردایەتی سیاسیو پایەی ئاینی لەدەستدابوو و بنکەی بنەڕەتی پاراستنی دەستکەوتە سیایو ئابووریەکانیشی پێکدەهێنا، گرنگترین بنەڕەتو پاڵپشتەکانی ئەو ڕێکخستنە بریتین لە:

**الملأ:** دیمەنی یەکەمی دەرکەوتنی دەسترۆیی سیاسی سەرکردەکانی مەککە دەنوێنێتو لەگەورەو ناسراوو خانەدانو کاربەدەستانی ناەمەککە پێکدێت، هەموویان دەوڵەمەند نەبوون، یان لەبەر زیرەکییان یان لەبەر بیرتیژیو ئەزموونو شارەزاییان، یان لەبەر ڕەچەڵەکو خانەدانیان ئەو پایەیان گرتبووە دەست، لەگەڵ ئەوەی سووربوون لەسەر پاراستنی دەستکەوتەکانی، بەڵام ئەمە نەدەبوویە ڕێگری بوونی ڕکەبەری لەنێوانیاندا، ئەوانە کۆمەڵی پارێزکاران بوونو بەنوێگەریو گەشەسەندن ڕازی نەدەبوون.

**الندوة:** لەو ڕوانگەی پەیوەستی بەشانوشکۆی(الملأ) وە هەیە دیمەنی دووەمی دەرکەوتنی دەسترۆیی سیاسی سەرکردەکانی مەککەیەو یانەی ڕاوێژی ئاشتیو جەنگەو تیایدا ڕاوێژو هەموو کاروبارە گشتیەکانی وك بەستنی پەیمانی جەنگو چوونی کاروانە بازرگانیەکانو ئیمزاکردنی دەقو بەڵێنی هاوسەرگیری بەڕێوە دەچوون، ئەو نەدوەیە مەڵبەندی دەسەڵاتی مەرکەزی بوو و قوصەی دایمەزراند تا دەستی بەسەر مەککەدا زاڵبێت، چوونە ناو ئەم نەدوەیەو بەشداریکردن لەمشتومڕیدا

تەنها بۆ کەسانێك بوو کەگەیشتبنە تەمەنی چل ساڵی، تەنها چەند کەسێك نەبێت کەئەو یاسایە نەیدەگرتەوە[1].

**الرفادة:** خەرجێکە کەقورەیش هەموو وەرزێك لەماڵوسامانی خۆی دەیدات و بەقوصەی، ئەویش بەو پارەیە خۆراك بۆ حاجیەکان دروستدەکات[2].

**السقاية(ئاودان):** ئاودانی حاجیەکان بوو کەقوصەی لەگەڵ نان داندا بەسەرقورەیشیدا سەپاند[3].

**الحجابة:** پاسەوانی کەعبە، ئەمە پاراستنی کەعبەو کلیلی کەعبەی لەئەستۆیە.

**اللواء:** ئەمە ئیشی قوصەیە کە ئاڵا دەکات و تەنها گەورەی سوپا کەلەسەرکردایەتی جەنگدا بەرپرسە ئەم ئاڵایە دەگرێتە دەست[4].

ئەم پایانە لەمەککە دەرکەوتن و لەنێوان کوڕەکانی قوصەیدا دابەشکران تائاماژەی دەسەڵاتداری دەستڕۆیی ئابووری و سیاسی قورەیش بەسەر تواناکانی مەککە لەپێش سەردەمی پێغەمبەرایەتیدا نیشان بدات. لەگەڵ بوونی پەیڕەوو ڕێکخستنی کاری بازرگانی و لەگەڵ گەشەسەندنی پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی ناو مەککە، هێشتا کۆمەڵگەی مەککە هۆزایەتی بوو و یەکبوونی خێڵەکان لەو سنورەدا بوو کە لەهاوپەیمانێتیەکدا بەمەبەستی پاراستن و لەئەستۆگرتنی کەعبە لەلایەك و ئەنجامدانی ئیشی بازرگانی لەلایەکی ترەوە پێکەوە بەسترابوونەوەو هیچ خێڵێك قەڵەمڕەوی بەسەر ئەویتردا زاڵنەدەکردو هەموو خێڵەکانی ئازادی تەواویان هەبوو و بەرژەوەندی هاوبەش کۆیدەکردنەوە، هەروەك بوونی(الملأ) ئەو ڕاستیەی هەڵنەدەوەشاندەوە، چونکە ئیشەکەی لەسنوری ئیشی ئەنجومەنی هۆزەکان زیاتر نەدەچوو، لەهەموو هۆزێکدا ئەنجومەنێك هەبوو کەلە سەرۆك خێڵەکان پێکدەهات و بەپێی یاسا نەریتەکان لەکاروباری هۆزی دەڕوانی، بەڵام ئازادی ئەندامانی لەناو نەدەبرد، هەموو تاکێك لەگەڵ ئەوەی هەستی بەمافی کۆمەڵ یان مافی هۆزەکەی دەکرد، ئازادی خۆی هەبوو، ئەوەیش نیزامێکی بیران بوو کەلە دەپیری خانەدان و کاربەدەستان پێکدەهات و پایەی یەکەمی ناوشاریان لەدەستبوو و پایەکانیان بەمیرات بۆ گەورە کوڕەکانیان یان بۆ سەرۆك خێزان دەمانەوە،

---

[1] ابن هشام: ج١ ص١٤٨-١٤٩.

[2] ابن هشام: ج١ ص١٥٣.

[3] هەمان سەرچاوە: ص١٤٨.

[4] هەمان سەرچاوە: ص١٤٨.

دەكرێت بەپێی(دارالندوة) یان(ندوة قریش) كەلەسەر بنەڕەتەدا دەمەزرا ناوی(ئەنجومەنی ناودارانی وولات)ی لێنێین[1].

بەڵام ئەو نیزامە ڕكەبەرییەكی سیاسی هێنایە كایە كەكاریگەریەكەی لەمەككەدا لەدامەزرانی هاوپەیمانەكاندا بەدیدەكەین، جا ئەوشارە لەدوای مردنی قوصەی ململانێیەكی سەختی نێوان خێڵەكانی شاری لەسەر دەسەڵاتو دابەشكردنی پایە كۆمەڵایەتیەكانی بەخۆیەوەدی، لەئەنجامی ئەمەدا هاوپەیمانی دامەزرا كەقورەیشی بۆ دووبەشی جیا دابەشكرد، وەك هاوپەیمانی(المطیبین)و هاوپەیمانی(الإحلاف)[2]. پاشان هاوپەیمانی(الفضول) كەبەدرێژاكراوەی هاوپەیمانی(المطیبین) دادەنرێت[3].

خێڵەكان لەهاوپەیمانێتیەكەوە دەچوونە ناو هاوپەیمانێتیەكی تر، ئەمەش بەپێی گەشەسەندنی باری سیاسیو ئابووری خێڵەكە، ئەو ڕكەبەریە سیاسیە تادەركەوتنی ئیسلام بەردەوام بوو، هەندێ لەمێژوونوسان پێیان وایە ئەو ڕكەبەرییە كەمێك لەدوای مردنی پێغەمبەر(ﷺ) سەریهەڵداوەتەوە بەبەڵگەی ئەو ململانێیەی لەنێوان حوسەینی كوڕی عەلی كوڕی ئەبوتالیب(ﷺ) لەبەنی هاشمو نێوان وەلیدی كوڕی عوتبە لەبەنی عەبد شەمسو كاربەدەستی موعاویە(ﷺ) لەسەر مەدینە دروستبوو و حوسەین(ﷺ) هەڕەشەی ئەوەی كردووە كەپەنا بۆ هاوپەیمانی(الفضول) دەبات[4].

- **یثریب:** یەثریب دەكەوێتە دووری نزیكەی سێسەد میل بەرەو باكوور لەمەككەوەو دەكەوێتە دوڵێكی بەپیت كەبەچەند بەرزاییەك دەورەدراوەو بەرزاییەكان بەسەر یەكتردا زاڵن، بیروكارێزی زۆری تێدایە، ئەمە دەرفەتی پێداوە تا ببێتە مێگیچكی پڕ دارخورماو درەخت

---

[1] علي: ج٤ ص٤٨-٥٠.

[2] لەئەنجامی ململانێی كوڕانی قوصەی لەدوای مردنی لەسەر دابەشكرنەوەی پایەی سیاسیو كارگێڕیو كۆمەڵایەتیەكانی ناومەككە، ئەوانە بوون بەدوو بەشەوە: بەنو عەبد مەنافی كوڕی قوصەی كەعەبد شەمسو هاشمو موتەلیبو نەوفەل بوون بەسەكردایەتی عەبد شەمس بڕیاریاندا حیجاز بەو لوا و ئاودانو نان دان لەبەنی عەبدودار بسێنێتەو، ئەوان بەسەركردایەتی عامری كوڕی هاشمی كوڕی عەبد مەنافی كوڕی عەبدودار بوون، بەم پێیە قورەیش دووبەرەكیان تێكەوت، دەستەیەك لەگەڵ بەنی عەبد مەنافو دەستەیەكیش لەگەڵ بەنی عەبدو داردا بوون، بەنو عەبد مەنافو هاوپەیمانەكانیان گۆزەیەكی پڕ بۆنی خۆشیان بردو لەكەعبەدا دایاناو تیایدا دەستیان تەڕكرد، بۆیە بە(المطیبین) ناسران، لەكاتێكدا بەنو عەبدودارو هاوپەیمانەكانیان بەڵێنیان دا پشتی یەك بگرنو نەهێڵن سەرشۆڕبن، بۆیە بە(الأحلاف) ناسران. بڕوانە: بان هشام: ج١ ص١٥٣-١٥٤.

[3] پەیمانی(الفضول) بیست ساڵ پێش پێغەمبەرایەتی بوو، السهیلي: ج١ ص١٥٦.

[4] ابن هشام: ج١ ص١٥٣-١٥٦.

کشتوکاڵ لەگەڵ ئەوەی ئاووهەوای مامناوەندم، بەلاّم لەهەندێ کاتی هاویندا گەرما زیاددەکات، بەلاّم ناگاتە پلەی سەختی مەککە.

گێڕەرەوان واباس دەکەن کەعەمالیقەکان یەکەم دانیشتوانی یەثریب بوونو لەوێ بوون تاجوولەکە لەسەدەی دووەمی کۆچیدا لەئەنجامی ستەمی ڕۆمانەکان لەڕوویاندا لەفەلەستین هاتوونەتە یەثریب[1]، پاشان هۆزەکانی ئەوسو خەزرەجی ئەزدی لەباشوورەوەو لەئەنجامی ڕووداوی لافاوی(العرم) هاتنە یەثریبو دەستیان بەسەردا گرتو بوونە دەسەلاّتداری ڕاستەقینەی یەثریب، ئەوان بتپەرست بوونو حەجی مەککەیان دەکردو بتەکانی مەککەیان بەپیرۆز دەزانی، بەهۆی بەپیتی زەویەکەیەوە پشتیان بەکشتوکاڵ بەستبوو بەلاّم ژیانیان زۆر لەگەڵ ژیانی خێلاّیەتیدا جیاواز نەبوو لەگەڵ ئەوەی لە یەثریبدا نیشتەجێبوون مەسیحییەت لەناویاندا هەبووە.

جوولەکە لەنێوان ئەو دوو هۆزەدا ئیشیان لەسەر جەنگ نانەوە دەکرد تاهەردووکیان ئاگایان لای دوولەکە نەبێت جا چەند جەنگێکی درێژخایەن لەنێوان ئەو دوو هۆزەدا ڕوویداو وایلێهات نەدەکرا دەست لەو جەنگانە هەلّبگرن ئەگەر خوای گەورە پێغەمبەری نەناردایە بۆ نێوانیان کەبەو بەخششەی خوای گەورە بوون بەبرای یەکتر.

- **طائیف:** طائیف دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەلاّتی مەککەو حەفتاو پێنج میل لێی دوورەو نزیکەی شەش هەزار پێ بەرزەو دەکەوێتە ناو چەند باخ و بێستانێکەوە ئەمە وایلێکردوە زیاتر لەپارچەزەوییەکی شام بچێت بەرزاییەکەی وایلێکردوە ئاووهەوای خۆشبێت قورەیشیەکان بۆگەشتو خۆشی دەچوونە ئەوێ، هۆزی سەقیف لەوێ دابەزی، شاری طائیف لەڕووی گرنگی ئابووریو ئایینیەوە لەدوای مەککە لەحیجازدا بەشاری دووەم ئەژمارد دەکرێت.

## شانشینەکان لەباکوور

۱- **شانشینی نەبات:** ئەم شانشینە لەبەشی باکووری ڕۆژئاوای نیمچەدوورگەی عەرەبی لەنزیکی سەدەی شەشەمی پێش زایینیدا لەدەوری بەترای پایتەختی دامەزرا کەدەکەوێتە سەر ئەو هێلّەبازرگانیەی نێوان سەبەءو ناوچە دراوسێکانی باشووری نیمچەدوورگەی عەرەبیو

[1] سەرکردەی ڕۆمانی(تیطس) لەساڵی حەفتای زایینیدا لەئەنجامی شۆڕشی جوولەکە دژبە ڕۆمانی لەفەلەستین بەیتولمقدیسی وێرانکردو پەیکەرەکەشی سووتاندنسەرکردەی ڕۆمانی هادریان لەساڵی ۱۳۵ زایینیدا لەئەنجامی شۆڕشە نوێکانی جوولەکەدا هەمان ئەوی گرتەبەرو شارەکەی وێرانکردو ئەو جوولەکانەی ڕاوەدوونا، ئەوانیش ناوچەکانی دەورووبەرو دراوسێدا بلاّوبوونەوە، لەوانەش نیمچەدوورگەی عەرەبی بوو، ئەوە کۆتا دوورخستنەوەی جوولەکە لەپێش ئەوەی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی زایینیدا بگەڕێنەوە بۆ فەلەستین.

نێوان بەندەرەکانی وولآتی شام لـەباکورر بەیـەك دەگەیـەنێت، تایبەتمەنـدی گەشەسـەندنێکی ئابووری دیاری هەیە، ئەمە دەرفەتی بەفـەرمانڕەواکانی داوە تاسـنوری شانـشینەکەیان لـەسـەر حـسابی دراوسێکانیان فراوان بکەن تائەوەی باری ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی نارەحەت کـرد لەکـە ملـملانێدابوو لەگەڵیدا ئەنبات بۆ نوسینی(النبطیة) زمانی ئارامی بەکارهێنا[1].

شارستانیەتی ئـەنبات تێکـەڵ بـوو، لەزمانـدا عـەرەبیو لەنوسـیندا ئـارامیو لەئاییـندا سـامیو لەهونەرو ئەندازیاری بیناسازیدا یۆنانی-ڕۆمانی بوو، بەلآم لەگەڵ هەموو ئەمـەدا لـەکرۆکی خۆیـدا عەرەبی بوو.

ئەنباتـە عەرەبـەکان لـەبەرستـشی بتـەکانی حیجـاز لەسـەردەمی جاهیلیـدا وەك(ذي الـشری) کەخواوەندی سەرەکیان بوو و لەدەسـتە بـەردێك یـان پایەیـەکی بـەردین پێکـدەهاتو خواوەنـدی خۆربوو بەشداریان کرد، لەخواوەندەکانی تریان لات خواوەندی مانگو مەناتو هوبەلو چـەندێکی تربوون.

نـاودارترین پاشـاکانی ئـەنبات: حـارثی یەکـەم(١٦٩-١٤٦پ.ز) حـارثی دووەم(١١٠-١٠٦پ.ز) حـارثی سـێیەم(٨٧-٦٢پ.ز) کۆتـا پاشـایان مـالیکی سـێیەم بـوو(١٠١-١٠٦ز) کەلەسەردەمی ئەودا ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی(تراجان) شانشینی ئەنباتی لەناوبرد[2].

٢- **شانشینی تەدمور:** فەزڵی دامەزرانو گەشەسـەندنی شانـشینی تـەدمور دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو پێگەیەی لەلایەکەوە دەستی بەسەر هێڵی بازرگانی باکووری نێـوان شـامدا زاڵـەو لەلایـەکی تریـشەوە ناوچـەیەکی گرنگـی سـنوری لـەبواری هاوسـەنگی نێـوان دوو هێـزی گـەورەی ملـملانێکاری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا پێکهێناوە.

شوێنەواری ئەو شانشینە دەکەوێتە نزیك حمصو لەڕووی درێژبوونەوەی کاتیەوە کۆنە، ناوبانگی سیاسی لەسـەرەتاکانی سەدەی یەکەمی زایینیدا دەرکەوت ئینجا چوویە بازنەی قەڵـەمڕەوی ڕۆمـانیو لەسەدەی دووەمی زاییـندا بووبە وویلایەتێکی ڕۆمـانی، بـەلآم لـەنێوان سـالآنی(١٣٠و ٢٧٠ز) دا گەیشتە لوتکەی گەشەسەندن، ناودارترین پاشاکانی بریتین لە(ئەزینە) و(وهـب الـلات) ی کـوڕیو دواتر(زنوبیا) ئەو شاژنە هەرلەگەڵ ئەوەی دەسەلآتی گرتەدەست ئامـانجێکی سیاسـی دانـا تاسـنوری وولآتەکەی لەسەر حـسابی ڕۆمان لەباکوورەوە فراوان بکاتو لەباشوورەوە دەست بگرێـت بەسـەر مـصردا ئـەو ئامانجەشـی بـەدیهێناو ڕۆمـان دانـی بەدەسـەلآتیدا بەسـەر مـصردا نـا، ئـەو سیاسـەتە


---

[1] سالم، السید عبدالعزیز: تأریخ الدولة العربیة ص١٠٢.

[2] هەمان سەرچاوە: ص١١١.

فراوانخوازیەو نیازی درێژەدان بەفتوحاتەکانی تابگاتە ڕۆما، ئیمبراتۆر ئورلیانوسی ترساند، بۆیە هێرشی بردە سەر وولاتەکەیو بەسەر ئەو شاژنەدا سەرکەوتو هێزەکانی گەیشتنە پایتەختەکەیو لەساڵی(٢٧٣ز)دا پایتەختەکەی ویرانکرد، پاشان بەرەبەرە لەشانۆی سیاسی نێودەوڵەتی دوورکەوتەوە تا وەك گوندێکی بچووکو قەڵای پێشەوەی سوریای لێهات، لەنیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی زایینیدا نەسرانیەت لەتەدموردا بڵاوبوویەوەو بووبە ئوسقوفی[1].

ژیانی تەدمور تێکەڵەی سوریو یۆنانیو فارسیەکان بوو، ئەمە لەگەڵ ئەوەی تەدموریەکان چەند هۆزێکی عەرەبی بوونو زمانی نوسینو قسەکردنیان شێوازێکی ئارامی ڕۆژئاوایی بوو، زمانی یۆنانی لەپاڵ زمانی ئارامیدا زاڵبوو.




---

[1] سەبارەت بەمێژووی ئەو شانشینە بڕوانە: سالم: ص١١٥-١٣٦.

لەرووی پەرستشەوە، ئایین لەتەدموردا وەك ئایینە بلاوەکانی ناو سوریای باکوورو لای هۆزە عەرەبەکانی ناوبیابان وابوو، ناودارترین خواوەندەکانیان بریتیبوون لەخواوەندی خۆرو خواوەند(بەعل) و(لات)و(عوشتار)و چەندێکی تر.

٣- **شانشینی غەساسینە**: غەساسینە بنەماڵەی جفنە عەرەبی یەمەنن‌و لەبنەڕەتدا لە ئەزدن‌و پێش یان دوای ڕووداوی لافاوی(العرم) لەسەدەی سێیەمی زایینیدا کۆچیانکرد بۆ باکوور، لەسەرەتادا لەتوهامە لای ئاوێك کەپێی دەوترێت غەسسان نیشتەجێ بوون‌و لەوێ ئاویان دەخواردەوەو دەدرێنەوە پاڵ ئەوان، ناو نانیشیان بە(ئال جفنە) لەبەر ئەوەیە دراوەتە پاڵ جفنەی کوڕی عەمری مزیقیای پاشایان، پاشان کۆچیانکرد بۆ دەورروبەری شام کەچەند هۆزێکی قوزاعەبوون‌و بریتیبوون لە(الفجاعمة) لەبەنی سولەیح، دەسەلاتە بیزەنتیەکان دەرفەتیان پێدان تابەمەرجی پێدانی سەرانە لەو ناوچەیەدا دابەزن، کاتێ ضەجاعیمەکان لاوازبوون، ئەزدی غەسسان توانیان لەزەویەکانی نێوان بەلقاو حوراندا دەوڵەتێك دابمەزرێنن‌و بوسرابکەنە پایتەختی خۆیان‌و سەربەخۆییەکی سنوردار وەربگرن‌و کاربەدەست‌و ژێردەستەی بیزەنتیەکان بوون[1].

غەساسینە ڕۆڵی پاشکۆی خۆی بۆ ئیکبراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەلاتی(بیزەنتی) بەجێگەیاندو دژبە شالاوی خێڵەکیەکان بەرگری لەسنوری ئیمبراتۆریەتەکەکردو دژبە جەنگی فارس‌و ئەو عەرەبە مەنازیرانەی یارمەتی‌و پالپشتیان دەکرن یارمەتییان دەدان. ئەو شانشینە گەیشتە پلەیەکی بالای ژیاری‌و بەژیاری ساسانی‌و بیزەنتی کاریگەربوو بەزۆری قەلاو پەرستگاو کلێساو بینای گەورەو نایاب ناوی دەرکردبوو، غەساسینەکان هونەرە جەنگیەکانی بیزەنتیەکانیان وەرگرت‌و زۆرێك لەو وشانەیان لەزمانی یۆنانیەوە وەرگرت کەخۆیان نەیانبوو وەك کلێساو ڕاهیب(قەشە).

ناودارترین پاشاکانی ئەو شانشینە بریتیبوون حارثی کوڕی جبلە(٥٢٨-٥٢٩ز) کەهەندێ جار بەناوی حارثی کوڕی ئەبو شومەر ناودەبراو لەجەنگەکانی ئیمبراتۆر جستنیاندا دژبە فارسەکان‌و عەرەبەکانی عێراق ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، بۆ ئیمبراتۆریش چەندین نازناوی پێداو دانی بەدەسەلاتی ڕەهایدا بەسەر هەموو عەرەبی شامدا نا، هەروەك لەگەڵ مونزیری کوڕی مائوسەمائی ئەمیری حیرە لەچەند جەنگێکی سەخت‌و کوشندەدا پێکیدادا، سەردەمی ئەو بەگەورەترین ئەو سەردەمانە

[1] المسعودي: ج٢ ص١٠٦-١٠٧، ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد: العبروديوان المبتدأ والخبر-المعروف بتأريخ ابن خلدون ج٢ ص٥٨٥، سالم: هەمان سەرچاوە: ص١٤٣.

دادەنرێت کەغەساسینە بەخۆیەوە دیبوو، لەدوای ئەوەی دەسەڵاتیان لەبەترا لەباکوورەوە تا ڕەسافە لەباکووری تەدمور درێژدەبوویەوە.

غەساسینەکان ئایینی مەسیحیان لەسەر مەزهەبی(مونوفیزی) وەرگرت، واتە مەزهەبی یەك سروشت، مونذیری کوڕی حارث شوێنی باوکی گرتەوە(٥٦٩-٥٨١ز)و لە سیاسەتی ئایینیو جەنگی لەگەڵ مەنازیرەکاندا ڕێبازەکەی باوکی گرتە بەرو لەساڵی(٥٧٠ز) ەوە لەزنجیرە جەنگێکدا کە ناودارترینیان جەنگی(عەین ئەباغ)بوو[1] و تیایدا سەرکەوتنێکی یەکلایی بەدەست هێنا لەگەڵ قابوسی پاشای حیرەدا پێکیدادا.

پاشان بەپێی ڕای زۆرینە بەهۆی دیدی ئایینی یان لەبەر ترسی بیزەنتیەکان لەوەی مونزیر لەدوای بەهێزبوونی لەدژیان شۆڕش بەرپابکات، ناکۆکیەك لەنێوان مونزیرو بیزەنتیەکاندا ڕوویداو بیزەنتیەکان ئەو یارمەتیانەیان لێ گرتەوە کە پێشتر پێشکەشیان دەکرد، دواتر گرتیانو دووریان خستەوە بۆ سقلیە.

کوڕەکانی بەسەرکردایەتی نوعمان شۆڕشیان بەرپاکرد، بەڵام لەساڵی(٥٨٤ز)دا لەناوچوو، پاشان لەدوای ئەو مێژووەوە یەکبوونی غەساسینەکان تێك چوو و میرنشینەکەیان بەش بەش بوو و بەسەر چەند میرێکدا دابەش بوو کەهەندێ جار زۆر لاواز بوون، کۆتا کەسیان جبللەی کوڕی ئەیهوم بوو، پاشان موسڵمانان لەساڵی ٦٣٦ز دا وڵاتەکەیان فەتح کرد.

٤- **شانشینی حیرە**[2]: شانشینی حیرە بەشانشینی(لەخمی) لەلایەکی ترەوە بەشانشینی مەنازیرە دەناسرا، لەسەر دەستی کۆمەڵێك هۆزی بەنی تەنوخ دامەزرا کەلەناوچەی سەر سنووری بەرەی ڕۆژئاوای ڕووباری فورات لەدوای کۆچکردنیان لەیەمەنەوە لەسەرەتاکانی سەدەی سێیەمی زایینیدا سەقامگیربوون.

عەمری کوڕی عەددی ئەو شانشینەی دامەزراندو حیرە کردبە پایتەختی خۆیو بۆبەرەنگاربوونەوەی بیزەنتیەکانو غەساسینە کاربەدەستەکانیان چوونە ناو دەسەڵاتی فارسەکانەوە.

---

[1] عەین ئەباغ ناوی دۆڵێکە لەپشت ئەنبار لەسەر ڕێگەی فورات بۆشام، الحموی: ج١ ص١٧٥.

[2] سەبارەت بەمێژووی مەنازیرە بڕوانە: علی: ج٣ ص١٥٥-٣١٤، حیرە شارێکە کەسێ میل لەکوفەوە دوور بوو لەشوێنێك بوو کەپێی دەوترا نەجەف، بانگەشەی ئەوە دەکەن دەریای فارس پەیوەست بەوێو بەخەوەرنەق بوو لەنزیکیەوە کەنزیکەی یەك میل لەڕۆژهەڵاتیەوە بوو، سەدیریش لەنێوەندی بەریە بوو کەلەنێوان ئەوێو نێوان شامدا بوو، ئەوێ نشینگەی پاشاکانی عەرەب بوو لە جاهیلیدا هەر لەسەردەمی نەسرەوە تا دواتر لەخمەنیعمان باوباپیرانیەوە کەلەوێ بوون: بڕوانە: الحموي: ج٢ ص٣٢٨.

ئەو شانشینە برێك لەسەقامگیری سیاسی بەدەستهێناو ئەمەش دەرفەتی پێدا تاپەیڕەوی چالاکی پێشکەوتووی بیناسازی پەیڕەوبکات، ئەو پێگەی کاروانەکان بوو دەرفەتی پێدا تا مەڵبەندێکی گرنگی بازرگانی پێکبهێنن، بەمە مەنازیرەکان لەژیانێکی خۆشیو ڕابواردندا بوون، هەروەك لەکشتوکاڵیشدا ئیشیاندەکرد، ئەمەش وایکرد بەبەراورد لەگەڵ ژیانی غەساسینەدا ژیانیان زیاتر سەقامگیربێت، هەروەك وایلێکردن لەژیارو پێگەیشتندا زیاتر پێشکەوتووبن.

ناودارترین پاشای شانشینی حیرە، عەمری کوڕی عەددی کوڕی نەسربوو کەئیمبراتۆری فارسی(سابوور)دینابوو، ئمرئولقەیسی کوڕیشی(٢٨٨-٣٢٨ز) شوێنی گرتەوە، پاشان نوعمانی یەکەمی کوڕی ئمرئولقەیس(٣٩٠-٤١٨ز) کەسوپایەکی بەهێزی پێکهێنا کەلە دوو کەتیبە پێکهاتبوو(شەهباءء دەوسەر).

لەبنیادنانیدا بەکۆشکی خەوەرنەقو کۆشکی سەدیر ناسراوبوو، لەبەرئەوەی هێزەکانی گەشەیان سەند، بۆیە لەبەرژەوەندی بەهرامجور ئیشیکرد کەلەدوای مردنی بەزگوورد یەکەمی باوکی کورسی دەسەڵاتی فارسی گرتەدەست، ئەمەش پایەو شانوشکۆی مەنازیرەی بەرزکردەوە.

مەنازیرە لەکاتی دەسەڵاتی مونزیری کوڕی مائوسەمائدا(٥١٤-٥٥٤ز) کەتا عومان فراوانخوازی کردو لە ساڵی(٥٢٩ز)ەوە چەند جەنگێکی سەختی دژبە غەساسینەو بیزەنتیەکان ئەنجامدا، ژیانیان گەیشتە ئەو پەڕی گەشەسەندنو لەزۆربەی ئەو جەنگانەدا مونزیر سەرکەوتو لەڕۆژی(حلیمە) لەجەنگی دژبە غەساسینەکاندا کوژرا.

لەدوای مونزیر عەمری کوڕی هیندی کوڕی هات(٥٥٤-٥٦٩ز) عەرەب بە سووتێنەر نازاناویان لێنا، چونکە عەمر لەڕۆژی ئەوارە لەیەمامە سەدکەس لەبەنی تەمیمی سووتاندو لەگەڵ تەغلبو تەئبدا پێکیدادا.

قەڵەمڕەوی عەمر بەسەر چەندین هۆزی ڕۆژهەڵاتو باکووری ڕۆژئاوای نەجددا بڵاوبوویەوەو لەسەردەمی ئەودا حیرە بووبە مەڵبەندێکی گەشەسەندووی ئەدەبی کەشاعیرانو ئەدیبان دەچوون بۆ ئەوێو لەوێ دەردەکەوتن.

لەدوای عەمر چەند فەرمانڕەوایەك دەسەڵاتی حیرەیان گرتەدەست کەکۆتاکەسیان مونزیری کوڕی نوعمانی سێیەمی کوڕی مونزیری چوارەم بووکە تاسەردەمی فەتحی خالیدی کوڕی وەلید(رضي الله عنه) لە ساڵێ(٦٣٣ز) لەدەسەڵاتدا مایەوە.

خەڵکی حیرە بازرگانیان دەکردو لەژیاری عەرەبیدا جێدەستێکی گەورەیان هەبوو و لەگواستنەودو بڵاوکردنەوەی مەعریفە بەناو نیمچەدوورگەی عەرەبیدا ڕۆڵی نێوەندیان دەبینی.

ئال لەخم لەسەردەمی مونزی کوڕی ئمرئولقەیسی پاشایاندا کەبەئیبن مائوسەماء ناسرابوو، ئایینی مەسیحیان لەسەر مەزهەبی نستوری وەرگرت، هەشیانبوو مەزهەبی یەعقووبی وەرگرت، ئەوان دەیانویست لەدەستڕۆیی‌و دەسەلاتی فارس ڕزگاریان ببێت، بەلام باری حیرە پێکداداو سەرلەنوێ ناچاربوون مل بۆ دەسەلاتی فارسەکان کەچبکەن.

**شانشینەکانی باشوور:**

١- **دەوڵـەتی مـوعینی**(١٣٠٠-٦٣٠پ.ز)[١]: دەوڵەتی موعینی بەکۆنترین دەوڵەتێك دادەنرێت کەلەیەمەندا دامەزرابێت، لەسەرچاوە عەرەبیەکاندا هیچ باسی ئەو دەوڵەتە نەهاتووە، بەڵکو لەسەرچاوە یۆنانی‌و ڕۆمانیەکاندا باسیکراوە، موعین دەکەوێتە باکووری وولاتی سەبەءو خاکی قوتبان، لەنێوەندو لەناوچەیەکی دەشتایی بەپێتی نێوان نەجران‌و حەزرەمەوتدا دەرکەوت، بەدارخورماو لەوەڕگا ناسراوە، شاری قرنا پایتەختی بوو هەروەها بەناوی(موعین) یش ناسرابوو.

موعینەکان لەبەرەتدا خەڵکی وولاتی باشوورن‌و لەبازرگانیدا ئیشیانکردووەو قەڵەمڕەوی سیاسیان تا ئەودیو حیجاز لەباکورەوە درێژبووبوویەوە، لەڕووی نیزامی فەرمانڕەواییشەوە، حکومەتی موعین شانشینیشی بوو لەچەند هەرێمێك پێکدەهات کەهەر هەرێمەو نوێنەرێکی پاشا فەرمانڕەوایی دەکرد، هەر هەرێمەو ئەنجومەنێکی هەبوو کە کاروبارەکانی ئەو هەرێمەی بەڕێوەدەبرد.

٢- **دەوڵەتی سەبەوی**(٨٠٠-١١٥پ.ز): شانشینی سەبەء دەکەوێتە نێوان موعین‌و قوتبان، بنەڕەتی سەبەئیەکان لەناوچەکانی باکورەیە کەلەدەورووبەری ساڵی(١٢٠٠پ.ز) لەئەنجامی فشاری ئاشووریەکان کۆچیانکرد بۆ یەمەن‌و لاوازی موعینیەکانیان بەهەند وەرگیرت‌و لەناوچەی قەڵەمڕەوی موعینیەکاندا فراوانخوازیانکردو دواتر دەوڵەتی موعینیان لەناوبردو دەوڵەتیان بەمیراتگرتن.

سەبەئیەکان لەنیزامی فەرمانڕەواییدا لەمیراتی سادەوە چوون بۆ کاهینی‌و دواتر بۆ پاشایەتی، لەسەرەتاوە شاری(سرواح)یان کردبە پایتەختی خۆیان، دواتر گواستیانەوە بۆ مەئرەب، بەپێتی ناوچەکە یارمەتی ئەوەی دان تاسەقامگیربن‌و داهاتی بازرگانیان زیاتر دەوڵەمەندیکردن، دەوڵەت لەئەنجامی سێ هۆکاردا پاشەکشەو گەڕانەوەیەکی خێرای بەخۆیەوەدی، هۆکارەکانیش بریتین لە:

---

[١] سەبارەت بەمێژووی موعین بڕوانە: علی، جواد: ج٢ ص٧٣-١٢٤.

● ڕێگەبازرگانیەکان لەسەردەستی بەتیلمۆسەکانی مصر لە وشکانیەوە بۆ دەریایی گۆڕاو بازرگانی ڕۆژهەلاتییان قۆرخکرد.
● بەستی مەئرەب کەکاروباری ئاودێری ڕێکدەخست تەقیو لەناوچوو.
● پاشاکانی سەبەء هەولیاندا میرنشینە جیاوازەکان پێکەوە ببەستنەوەو لەگەلّ سیاسەتی نیقتاتی ئەو میرنشینانەدا پێکیانداداو ئەمەش بوویەهۆی ڕوودانی چەند بارگرژیو شۆڕشێك کەزیانی بەباری ئابووریو سیاسی گەیاند، لەئەنجامی ئەمەدا هێزوتوانای سەبەء دایەدواوەو لاوازبوو، یارانی ریدان لە حەمیریەکان لەدەریانزیکتربوون، بۆیە بەهێزتربوونو توانیان کورسی دەسەلاتی سەبەئی بۆ خۆیان دابڕنن.

٣- **دەولەتی حەمیری(١١٥پ.ز-٥٢٥ز)[١]**: مێژووی حەمیر بۆدوو سەردەمە دابەش دەبێت، پاشاکانی سەردەمی یەکەم(١١٥پ.ز-٣٠٠ز) نازناوی(پاشایانی سەبەء ذي ریدان) ماودەبرێن لەکاتێکدا پاشایانی سەردەمی دووەم(٣٠٠-٥٢٥ز) نازناوی(پاشایانی سەبەء ذي ریدانو حەزرەمەوت) یان هەیە لە دوای ئەوەی حەزرەمەوت درایە پالّ دەولەتی حەمیری. حەمیر لەهۆزە نامراوکالی عەرەبی باشوورنو ولاتەکەیان دەکەوێتە نێوان سەبەءو دەریای سوورو ئەو زەوییانە دەگرێتەوە کە بە(قوتبان) ناودەبرێن، پاشان دەستیگرت بەسەر شانشینی سەبەءو ذي ریداندا، حەمیریەکان شاری ریدان یان کرد بەپایتەختی خۆیان کەدواتر بەناوی(ظفار) ناودەبرا.

حەمیریەکان لەموعینیو سەبەئیەکانەوە ڕۆشنبیریو بازرگانییان بەمیراتگرتو گرنگییان بەداگیرکاری دا، پاشان حەمیر لەسەرەتاکانی سەدەی شەشەمدا لاوازبوو و دەسەلاتی خۆی بەسەرکارو باری بارزگانیدا لەدەستدا بیزەنتیەکان ئەمەیان قۆستەوەو ئەمو بۆ شایەیان پڕکردەوە کەحەمیرییەکان چۆلیانکرد، پاشان فارس دەستیان وەردایە کاروباری یەمەنو توانییان دەسەلاتی یەمەن بگرنەدەست، ئەمە بوویەهۆی ئەوەی ولات هەمیشە بکەوێتە ناو ململانێی نێوان ئەمو دوو دەولەت گەورەیە، یەمەن لەژێر قەلەمڕەوی فارسیدا مایەوە لەدوای ئەوەی حەبەشەکانیان لەیەمەندا دەرکردن، ئەمە تا دەرکەوتنی ئیسلامیش هەروابوو.

**بارووذۆخی دەولەتی فارسیو دەولەتی بیزەنتی:**

[١] سەبارەت بەمێژووی دەولەتی سەبەئی بروانە: هەمان سەرچاوە: ص٢٥٨-٣٤٧.

لەوکاتەدا دوو دەوڵەتی گەورە دەسەڵاتی جیهانیان لەدەستدابوو کەئەوانیش ئیمبراتۆریەتی فارسیو ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی ڕۆژهەڵات(بیزەنتی)بوون، فارس هەر لەسەردەمێکی کۆنەوە لەژیاری ڕۆژهەڵاتیدا پشکی خۆی هەبوو لەبەرئەوەی شیعرو پەندو نموونەوە زانستو کۆمەڵە بیروباوەڕێکی تێدابوو کەپێوەی پەیوەستبوون، بەو بەڵگەیەی لەئەنجامی ئەوەدا ئەو فارسانە موسڵمان بوون زۆرێك لەهەموو بیروباوەڕو نەریتەکانیان لێ دانەبڕانو نیشانیان دەدان[1]، بەڵام لەپێش ئیسلامدا لەئەنجامی فرەمەزهەبی ئایینیو جیاوازی فەلسەفەی هەریەکەیانەوە تووشی چەند ململانێیەکی ئایینی بوون، گرنگترین ئەو مەزهەبەی لەمێژووی فارسیدا ڕۆڵی کاریگەریان نیشاندا، زرادەشتیو مانەوی مەزدەکی بوون.

کیسرا فەرمانڕەواکانی فارس کەهەواداری یەکێك لەو مەزهەبانە دەبوون، هەڵگرانی ئەو مەزهەبەی هاندەدا تا نەیارو پێچەوانەکانیان بچەوسێننەوە، ئەمەش وولاتی بەهیلاکدا بردو خستیە بارێکی پڕناکۆکیو ململانێ، دواتر پوختەیەکی گرنگترین ڕێبازەکانی ئەو مەزهەبە ئایینیانە دەخەینەڕوو.

زەردەشت ئەرکی پاککردنەوەی بیروباوەڕییە فرەخواییە موجوسیەکانی لەئەستۆگرتو ڕاڤەیەکی نوێی هەڵگرت[2]، لەڕێبازی فەلسەفەکەیدا هاتووە کەجیهان دووبنەڕەت یان دوو هێزی هەیە، چاکەو خراپە، ئەو دووانە هەمیشە لەململانێدان، لەکۆتاییدا سەرکەوتن بۆ ڕۆخی چاکەیە[3]، ئەمەش بەو هەوڵانەی مرۆڤ دەبێت کەبۆ زاڵبوون بەسەر ڕۆخی خراپادا دەیخاتەگەڕ، بۆیە شوێنکەوتوانی لەسەر ئیشکردن هاندەدات[4].

مانی لەڕێنماییەکانیدا سەبارەت بەچاکەو خراپەو تێکەڵکردنیان پێچەوانەی زەردەشتی کردو فرمانی بەشوێنکەوتەکانی دەکرد تارۆژووبگرنو کەناربگرنو بانگیدەکردن تاسیفەتی بەرزی وەك نوێژو زەکاتو دووركەوتنەوە لەدرۆو کوشتنو دزی بەجێبگەیەنن، چونکە مرۆڤ بەو کردارانە لەخراپە ڕزگاری دەبێت[5].

---

[1] أمين أحمد: فجر الإسلام: ص٩٨.

[2] العقاد، عباس: الله جل جلاله ص١٠١، كريستنس، آرثر: إيران في عهد الساسانين ص٢٠.

[3] ئاڤێستا یەکلانەبووەتەوە کەئایینی زەردەشتی یەکتا پەرستی بووە یان دوانە پەرستی.-وەرگێڕ-.

[4] الشهرستاني: الملك والنحل: ج٢ ص٤٢، أمين: ص١٠٢.

[5] الشهرستاني: ج٢ ص٥٢-٥٣.

مەزدەك پێچەوانەی ڕێنماییەکانی هەریەك لەزەردەشتو مانی کرد، ئەویش باسی ڕووناکیو تاریکیو چاکەو خراپەی دەکرد، بەڵام ئەوەی لەڕێنماییەکانیدا ناسراوە بریتییە لە هاوبەشەکی(ئیشتراکیەت) ئەو داوێنپیسیو بردنی ماڵوسامانی ڕەواکردو خەڵکی چۆن لەئاوو ئاگرو لەوەڕدا هاوبەشن لەماڵو سامانو ژنیشدا بەهەمان شێوە هاوبەشن[1].

بانگەوازەکەی پێشوازییەکی گەورەی لێکراو لەناو خەڵکدا بڵاوبوویەوە، بەتایبەت لەناو سووكو ڕیسواکاندا(خەڵکی بەدەستیانەوە گیرۆدەبوونو ئەوانیش بەهێزبوون، تائاستێك دەچوونە ماڵی پیاوێكو دەستدرێژیان دەکردە سەر ماڵو منداڵو ژنەکەیو ماڵوسامانیو ئەویش نەیدەتوانی ڕێگریان لێبکات هێندەی نەبرد کەپیاو کوڕی خۆیو منداڵ باوکی خۆی نەدەناسیەوەو پیاو چی لەدەستدابوایە خاوەنی هیچی نەبوو)[2].

باری ناوخۆیی ئیمبراتۆریەتی تواو ناتەبابوو، جانیزامی فەرمانڕەوایی تاکەکەسی بوو و لەسەر بیرۆکەی مافی پیرۆزی خودایی پاشاکان دامەزرابوو[3]، چینێکی قایم نێوانی چینەکانی کۆمەڵگەی جیاکردبوویەوە، ئەمەش بەجۆرێك بوو کەچینە باڵاکانی کۆمەڵێك مافی تایبەتیان هەبوو[4].

نیزامی باجدا بوویەهۆی ستەمو توندوتیژیو دارمانی بارودۆخی ئەو جەنگە سەختو لەناوبەرانی زیادکرد کەئیمبراتۆریەت دژبە بیزەنتیەکان بەرپای دەکردن، وێڕای ئەوەی بەشێوەیەکی زۆر سوود لەو چاکسازییانە وەرنەگیرا کیسرا ئەنوشیروان بۆ چارەسەری بارودۆخی دەوڵەت دایینان[5]، بەمە ئیمبراتۆریەتی فارسی لاوازو پەککەوتەکەوتو بەو جۆرە مایەوە تا سەردەمی فتوحاتی ئیسلامی هاتو فەتحکرا.

لەلایەکی ترەوە ڕۆمە بیزەنتیەکان ژیاری ڕۆژئاواییان بەمیراتگرت کەچەند بنەڕەتێکی بەهێزی ژیاری تێدابوو، بەڵام ئەوانیش کەوتنە چەند ململانێیەکی ئاینی مەزهەبیەوە، کەناودارترین ئەو مەزهەبانە سێ دەستەبوون: یەعقووبی، نستووری، مولکانی.

---

[1] الشهرستاني: ج٢ ص٥٤.

[2] الطبري: ج٢ ص٩٢-٩٣.

[3] الندوي: أبو الحسن: ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين ص٤٠.

[4] کریستنسن: ص٨٦-٨٧، ١٠٥.

[5] الطبري: ج٢ ص٩٩، هەمان سەرچاوە: ص٣٥٠-٣٥١.

ئەو دەستەو مەزهەبانە بۆ پاڵپشتیکردنی دیدەجیاوازەکانیان لەبارەی بیروباوەڕی مەسیحیەتی بەتایبەت لەسەرسروشتی مەسیح(علیه السلام) پشتیان بەفەلسەفەی یۆنانی بەست[1]، دەوڵەت مەزهەبی مولکانی هەبوو، هەموو جۆرە فشارێکی دژبەو کەسانە پەیڕەودەکرد کەلەمەزهەبەکەی دەرچووبوون، بەمە ئاژاوە سەریهەڵداو بەبێ مانا لەشەقامەکاندا رژێنرا ئەوەی زیاتر بارەکەی خراپکرد، جیاوازی ڕەگەزە دانیشتوانیەکانی ناو ئیمبراتۆرریەت بوو، ئیمبراتۆر هیرقل هەوڵیدا نێوانی ئەو مەزهەبە جیاوازو نەیارانە رێکبکاتو یەکیان بخات، بەڵام هەوڵەکانی نەیانتوانی ببنە رێگری خوێن رشتن.

لەپاڵ ئەو ململانێ مەزهەبیەدا، نیزامی فەرمانڕەوایی تاکەکەسی بوو و ئیمبراتۆر هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەستی خۆیدا کۆکردبوویەوەو دەوڵەت بەباج وەرگرتن خوێنی هاوڵاتیانی گرتبوو و کارگێڕی پڕگەندەڵی بوو و بەرتیلو بەرتیلکاری بڵاوبووبوویەوە، ئەباتیرەکان ئەو پرۆژەگەورانەیان گرتەبەر کەخەزێنەیان لەخۆدەگرتو وێڕای ئەوەی جەنگی وێرانکەر لەگەڵ فارسەکاندا وولاتی گیرۆدەکردبوو. ئەم بارە وێرانو نالەبارە بوویە هۆی بێزاریو ماندوکردنی دانیشتوان، بەمە رقیان لەفەرمانڕەواکانیان هەڵگرتو خوازیاری رزگاربوون بوون، ئەمەش بەبەڵگەی ئەو گێڕانەوەی مێژوونوس(البلاذري) لەسەر هەڵوێستی دانیشتوان لەموولاتی فارسدا هێناویەتی کەبەرپەرچی فەرمانڕەوایی بیزەنتی یان دەدایەوەو پێشوازی دەسەڵاتی ئیسلامیو فتوحاتی ئیسلامییان بۆ ئەو وولاتە دەکرد[2].

---

[1] ابن تيمية، أبو العباس تقي الدين أحمد: الجواب الصحيح لمن بدّل دين المسيح: ج٣ ص٢٢-٣٨.

[2] البلاذري: أبو الحسن: فتوح البلدان ص١٤٣.

# بەشی دووەم

# سەردەمی پێغەمبەرایەتی

## قۆناغی مەککە

**موحەمەد(ﷺ) پێش پێغەمبەرایەتی:**

لەساڵی(٥٧١ز) دوو ڕووداوی بەناوبانگی لەنیمچەدوورگەی عەرەبیدا بەخۆیەوەدی، کەئەوانیش شاڵاوی حەبەشەکانە بۆسەر مەککە بەئامانجی ڕووخاندنی کەعبەو لەدایکبوونی پێغەمبەر موحەمەد(ﷺ) لەگەڵ ئەوەی شاڵاوەکەی ئەبرەهە شکستی خوارد، ڕووداوی دووەم بەتەنها کاریگەری لەسەر بارودۆخی نیمچەدوورگەی عەرەبیو دانیشتوانی مایەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) لەدوانزەی مانگی ڕەبیعولئەوەل بیستی مانگی نیسانی لەساڵی ٥٧١ز لەو ساڵەی بەساڵی فیل ناسراوە[1] لەدایکبوو باوکێك کەلەڕووی داراییەوە هەژارو لەڕووی ڕەچەڵەكو پلەو پایەوە دەوڵەمەند بوون لەدایکبوو، عەبدوڵای باوکی دەچوویەوە سەر عەبدولموتەلیبی کوڕی هاشمی کوڕی عەبد مەنافی کوڕی قوصەی کوڕی کیلابی کوڕی مورەی کوڕی کەعب، ئامینەی دایکیشی کچی وەهبی کوڕی عەبد مانەفی کوڕی زوهرەی کیلابی کوڕی مورەی کوڕی کەعب بوو[2].

کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) لەسکی دایکیدابوو باوکی مرد، بۆیە عەبدولموتەلیبی باپیرەی شوێنی باوکی بۆگرتەوە، پاشان لەتەمەنی شەش ساڵیدابوو دایکیشی مرد، لەدوای دووساڵی تر باپیریشی مرد، ئینجا ئەبوو تالیبی مامی بەرپرسیارێتی پێغەمبەر(ﷺ)ی گرتە ئەستۆ[3].

ڕۆژانی سەرەتای ژیانی بەهەژاری بەسەربردو ناچاربوو بەمنداڵی لەگەڵ ئامۆزاکانیدا ئیشکاتو شوانی مەڕی دەکرد، کاتێك گەیشتە تەمەنی گەنجی بەپارەو سەرمایەی کەسانی تر کەوتە ئیشی بازرگانی کردنو ئیشی بازرگانی بۆ خەدیجەی کچی خوەیلیدی یەکێك لە ژنە خانەدانەکانی مەککە دەکرد.

---

[1] ابن سعد: طبقات ابن سعد ج١ ص١٠٠-١٠١، ابن هشام: ج١ ص١٨١.

[2] بنا هشام: هەمان سەرچاوە ص١٧٨-١٧٩.

[3] هەمان سەرچاوە: ص١٨٠-١٨٢، ١٩٥، ٢٠٤.

سیفەتی مەردایەتیو ڕەفتاری جوانو ڕەچەڵەکی بەڕێزی هەبوو، لەڕووی تێکەڵیو دراوسێیەتیەوە چاکترینی گەلەکەی بوو، لەهەموویان نەرمونیان ترو دەستپاکترو ئەمانەت پارێزتر و قسە ڕاستربوو، لەهەموویان زیاتر خۆی لەداوێنپیسی بەدوور دەگرت کەئەوکات پیاوان تووشی بووبوون، تائەوەی پێغەمبەر(ﷺ) نازناوی(ئەمین)ی لێنرا.

یەکەم خاڵی گۆڕانی لەژیانیدا لەپێش بوونی بەپێغەمبەر، هاوسەرگیری بوو لەگەڵ خەدیجەی کچی خوەیلیددا[1]، دەستپاکیو ڕاستگۆییو دڵسۆزیو ڕەفتاری جوانی پێغەمبەر(ﷺ) کەخەدیجە لەئەنجامی هەڵسوکەوتی بازرگانی لەگەڵیدا هەستپێکرد پاڵنەربوو تاپێشڕەوی بۆ ئەو هەنگاوەبکاتو پێشنیاری هاوسەرگیری بخاتە بەردەم پێغەمبەر(ﷺ) بەمە پێغەمبەر(ﷺ) پێویست نەبوو بەدوای ڕۆزیدا بچێتو لەهەژاریو نەبوونی بترسێت.

ژیانی نوێی پێغەمبەر(ﷺ) دەرفەتی پێدا تابکەوێتە تێڕامانو بیرکەوتنەوە لەژیانی گەلەکەیو بیرکردنەوەو تێڕامان لەچواردەوری خۆی، بەرەبەرە کەوتە بێدەنگیو سەقامگیریو دوورکەوتنەوە لەتێکەڵیکردنی خەڵك، لەو قۆناغەدا ژیانی ئەو تایبەتمەندی هەبووکە لەهەموو لایەنەکانی ژیانیەوە لەدابوونەریتی کۆمەڵگەکەی خۆی بەدووردەگرتو لەناوجەرگەی بیباوەڕیدا پێگەیشت، بەڵام هیچ تووشی نەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) هیچ بڕوای بەپەرستشی بتەکان نەبوو، بەڵکو لەهەموو ژیانیدا ڕقی لەبتپەرستی بوو.

لەناو ئەو ماڵە پاکەی کەتیایدا دەژیاو نێوان جیهانی فراوانی دەووربەری الهوە قووڵبوو، لێرەدا نەگونجانێك لەنێوان ماڵیو نێوان جیهانەکەیدا هەبوو، ئەمە وایدەکرد ژیانی کاریگەربێتو بەرەو کەناگیریو تێڕامان سەرکەوێت.

یەکەم دەرفەتی تاقیکردنەوەی پایەو شوێنی پێغەمبەر(ﷺ) لەکۆمەڵگەکەیدا ئەو کاتەبوو کەقوڕەیش کەعبەیان بنیاد نایەوە[2]، لەکاتەدا پێغەمبەر(ﷺ) نەیهێشت خوێن بڕژێتو بەدادپەروەری حوکمی کردو هەموویانی ڕازیکرد، بەمەش شوێنو پایەیەکی بالآی پەیداکردو گەلەکەی دانیان پێدانا کەدادپەروەرو پڕڕەحمەتو ئاشتیخوازە.

**بوون بە پێغەمبەر:**

پێغەمبەر(ﷺ) زیاتر هەستی بەکەنارگیری دەکرد کاتێك گەیشتە تەمەنی چل ساڵی، دەچوو بۆ ئەشکەوتی(حیراء) لەنزیك مەککەو کەناری دەگرت تارۆبچێتە بیرکردنەوەو تێڕامانو لەژاوەژاوی

---

[1] ابن سعد: الطبقات: ج١ ص١٣١.

[2] بۆ درێژەی ڕووداوەکە بڕوانە: ابن هشام: ج١ ص٢٢١-٢٢٨.

ناو مەککە دووربێت، هۆکاری ئەمەش ترسی زۆربوو لەخراپی بارودۆخی خەڵكو ڕاکردن بوو لەوبارەخراپەو بەرەو لای ئارامشی خوای گەورەو هیوای ڕێنموونی خوابوو تالەو بارە خراپە بچێتەدەرەوە[1].

کاتێك خوای گەورە ویستی ڕێزی بگرێتو بەخششی خۆی بەسەر بەندەکانیدا بەویش ببەخشێتو بۆ وەرگرتنی پەیامو سروش ئامادەسازی پێکردبوو، یەکەم هەنگاو بینینی خەوی ڕاست بوو، ئەمەش هەنگاوێکی ئامادەسازی بوو بۆ پێشوازی کردن لەفەرمایشتی خوایی، پاشان سروشی بۆ دابەزی.

یەکەم کەس کەباوەڕی بەبانگەوازەکەی هێنا، خەدیجەی هاوسەری بوو، پاشان بەلەسەرخۆیی بانگەوازەکە بڵاودەبوویەوەو چەند کەسێکی کەمی ناو مەککە چوونە ناوئایینی نوێ، لەوانە عەلی کوڕی ئەوبو تالیب(ﷺ) هێشتا بچووك بوو تەمەنی لەدەساڵی تێپەڕی نەدەکرد[2]، هەروەها ئەبو بەکری صدیقو زەیدی کوڕی حارثەی مەولای پێغەمبەر(ﷺ)و عوسمانی کوڕی عەففانو زوبەیری کوڕی عەووامو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسو چەندێکی تر[3](ڕەزای خوا لەهەموویان بێت) هەروەك بانگەوازەکە لەناو ئافرەتانیشدا بڵاوبوویەوە.

تێبینی ئەوە دەکرێت ئەوانەی باوەڕیان پێهێنا لەچینە جیاجیاکان بوونو زۆربەیان لەهەژارو لاوازەکا بوونو بەشەیدایەوە بەرەو ڕووی ئایینەکەچوون، چونکە ڕێبازەکانی لەفیترەتی مرۆڤایەتیەوە نزیکبوون، بەمە هیوا لەدەروونیاندا بوژایەوە، چونکە بانگەواز بۆ یەکسانیو پێدانی مافی ڕزگاری بۆ کۆیلەکانو یارمەتیدانی کەمدەسان دەکات.

بۆ زانینی یەکەم پەرچەکردارەکانی دژبە بانگەوازی ئیسلام دەکرێت دەستەی یەکەمی موسڵمانان لەڕووی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیەوە بۆ سێ دەستە دابەش بکەین:

**دەستەی یەکەم:** گەنجانی ئەو بنەماڵە گەورانەی لەخۆ دەگرت کەلەکۆمەڵگەی مەککەدا ڕێزێکی فراوانیان هەبوو، چاکترین نموونەوە کەسی ئەم دەستەیەش خالیدی کوڕی سەعدی کوڕی عاص بوو، ئەم خێزانانە بەپێی پلەو پایەی خێڵەکانیان گەورەترین کاریگەرییان لەکۆمەڵگەدا هەبوو، شیاوی باسە ئەو کەسانەی ئالای بەهەڵستکاریان دژبە پێغەمبەر(ﷺ) هەڵگرتبوو، سەربە ئەم دەستەیەبوون.

---

[1] رضا، الشیخ رشید: تفسیر لاقرآن الحکیم ج١١ ص١٩٣.

[2] ابن هشام: ج١ ص٢٨٤.

[3] سەبارەت بە موسڵمان بوونی دەستەی یەکەم بڕوانە: هەمان سەرچاوە: ص٢٨٧-٢٩٤.

**دەستەی دووەم:** گەنجانی خێزانەکانی تری لەخۆدەگرت ئەوانەی سەربەو خێڵانەبوون کەتارادەیەك لاوازبوون وەك بەنی حارث بن فهرو بەنی عومەیر، جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ئەم دوو دەستەیەدا نەبوو.

**دەستەی سێیەم:** ئەو کەسانەی لەخۆدەگرت کەپەیوەستی هیچ خێڵێکی ناو کۆمەڵگەی مەککە نەبوون ئەمانە لەدەرەوەی بازنەی نیزامی خێڵایەتیدا بوونو بەناو دەدرانەوە پاڵ چەند خێڵێك، ئەوانەی بەلاوازو بێکەسان ناودەبران لەناو ئەم دەستەیەدا پلەبەندی دەکران، وەك صوهەیبی ڕۆمیو عەمماری کوڕی یاسرو بیلالی حەبەشی.

بانگەوازەکە ماوەی سێ‌ساڵ نهێنی بوو، دواتر خوای گەورە فرمانی بە پێغەمبەر(ﷺ) کرد تابانگەوازەکە بە ئاشکرا ڕابگەیەنێت، گەلەکەی دژبە بانگەوازەکە وەستانو دژیایەتیان کردو هەرکەس موسڵمان بوایە سزایان دەدا، هەروەك خودی پێغەمبەر(ﷺ) بەرەو ڕووی ئازارو نارەحەتی بوویەوە، شتێکی ڕوونە کەڕێبازی بانگەوازی ئیسلامی لەمەککە قورەیشیەکانی گێرۆدە کردبوو تائەوەی لەابرگرژیەکی بەردەوامدا بوون، بۆیە ترسیان لەبەرژەوەندیە بازرگانیو ئابووریو سیاسیو ئایینیو کۆمەلایەتیەکانی خۆیان هەبوو.

کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) بینی شوێنکەوتووەکانی تووشی سزا دەبنو ناشتوانێت یارمەتیان بدات، ئاماژەی پێدان تالەترسی جەنگو ئاژاوە کۆچ بکەن بۆ حەبەشە[1]، بۆیە هەشتاوسێ موسڵمان لەساڵی حەوتەمی پێغەمبەرایەتیدا لەگەڵ هەژدە ئافرەتی موسڵماندا بەرەو وولاتی نەجاشی کۆچیانکرد[2].

وارِوویدا کە موسڵمانان لەمەککە بەهێزبوونو بە موسڵمانبوونی عومەری کوڕی خەتاب ئیسلام عیزەتمەند بوو[3]، عومەر زۆر کەسێکی بەهێزو شانوشکۆبوو، لەکاتێکی لەابریشدا موسڵمانبوو، لەخزمەتی ئیسلامیشدا هەوڵو گەرموگوڕی خۆی نیشاندا کەپێشتر دژایەتی ئیسلامی پێدەکرد.

قورەیش کەوتنە سەرزەنشتی بەنی هاشم لەبەرئەوەی ڕێگری موحەمەد ناکەن، بۆیە خانەدانو کاربەدەستانی قورەیش لەسەر ئەوە ڕێکەوتن گەمارۆی بەنی هاشم بدەنو پەیوەندی ئابووریو

---

[1] لەڕاستیدا ئەو کۆچەیان لەبەر ترس نەبوو، چونکە ئەگەر سەیربکەین زۆربەی ئەندامەکانی لەکەسە ناسراوو دەوڵەمەندو خاوەن خێڵە بەهێزەکانن، بەڵکو ئامانج بەرفراوانکردنی بنکەکانی بانگەوازەکەبوو.- وەرگێڕ-.

[2] سەبارەت بەکۆچی یەکەم بۆ خاکی حەبەشە بڕوانە: ج٢ ص٦٩-٧٦.

[3] الطبري: ج٢ ص٣٣٥.

کۆمەڵایەتیان لەگەڵدا بپچڕن، ئەمەش زیاتر لەدوو ساڵ بەردەوامبوو[1] و ئەنجامێکی باشی نەبەخشی، دوای ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) کەوتە بانگەوازی ئەو هۆزانەی لەڕۆژانی حەجدا بەمەعنەویاتێکی بەرزەوە دەهاتنە مەککە.

**کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە:**

کاتێك خاکی لەبار بۆ گەشەسەندنی ئیسلام پەیدابوو، کۆمەڵگەی یەثریب لەبارێکی دووبەرەکیو لێکهەڵوەشاندابوو و ئاگری جەنگ دایگرتبوو و باری نەوەکانی نەیدەهێشت یەکبگرن، بۆیە پێویستیەکی تەواوی بەگۆڕانکاری ڕیشەیی لەڕێبازو چەمکەکانیداو بنەڕەتەکانی پێکهاتەیو بنەماکانی ڕەفتاریدا هەبوو، ماوەو سەردەمێکیش بوو بەدوای ئەو گۆڕانەدا دەگەڕا تائەوەی لەڕێبازی بانگەوازی ئیسلامدا بەیکردو بەبێ دوو دڵی چوون بەدەم بانگەوازەکەی پێغەمبەرەوە(ﷺ).

بێگومان ڕەگەزە جیاوەزە عەرەبەکانی ئەو کۆمەڵگە لەنێوان خۆیاندا دابەشبووبوون بەسەر ئەوسو خەزرەجداو زیاتر ژمارەی کۆمەڵگەیان پێکدەهێنا، جوولەکەکانیش سێ هۆزی گەورەبوون کەبریتیبوون لە: بەنی قەینوقاعو بەنی نەضیرو بەنی قورەیظە و چەند هۆزێچکی تری بچووك، ئەمە هۆکارێکی یارمەتیدەری بڵاوبوونەوەی ڕێبازی ئیسلام بوو، بەتایبەت کەڕەگەزی جوولەکە لەهەموو کاتو شوێنێکدا لەسەر نەریتی خۆیان سیاسەتی ناکۆکی خستنە ناو عەرەب بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان دەگرتەبەر.

لەدوای بەیعەتی یەکەمو دووەمی عەقەبە ئیسلام لەیەثریب لەنێوان ئەوسو خەزرەجدا بڵاوبوویەوە[2] پێغەمبەر(ﷺ) ئامۆژگاری شوێنکەوتەکانی کرد تا کۆچ بکەن بۆ مەدینە، پاشان خوای گەورە مۆڵەتی کۆچکردنی بە خودی پێغەمبەر(ﷺ)دا، ئەویش بەهاودەمی ئەبو بەکری صدیق(ﷺ) بەرەو یەثریب کەوتە ڕێ، کاتێك لەدوانزەی ڕەبیعولئەوەڵی/بیستو پێنجی ئەیلوولی ساڵی ٦٢٢ز دا گەیشتە یەثریب، لەنێوەندی خۆشیو کامەرانی موسڵماناندا چوویە ناو شارەکە[3]و ناوی یەثریب گۆڕا ناوی(شاری پێغەمبەر خوا یان مەدینەی مونەوەرە).

کۆچکردن بۆ مەدینە جیاییەکی لەنێوان دووسەردەمدا پێکهێنا کەهەر سەردەمێکیان تایبەتمەندی تەشریعی خۆی هەیەو لەگەڵ ئەو قۆناغەدا دەگونجێت کەبانگەوازەکەی پێدا تێپەڕبوو، کاتێك

---

[1] سەبارەت بەو پەیوەندی بچڕانە بڕوانە: ابن هشام: ج٢ ص١٠١-١٠٣، ١٢٢-١٢٥.

[2] هەمان سەرچاوە: ص١٧٦-٢١٠.

[3] ابن سعد: ج١ ص٢٣٤، ابن هشام: ج٢ ص٢٣٦، الطبري: ج٢ ص٣٨٨، ٣٩٢، السهلي: ج٢ ص٢٤٥.

سەردەمی مەککە تەواوبوو، کۆچکردن کرانەوەی قۆناغێکی نوێبوو کەمۆرکو تایبەتمەندی تایبەتو نوێی لەئیش‌و ڕێکخستن‌و تەشریع‌و نەخشەداناندا هەبوو بەبێ ئەوەی گۆڕان لەئامانجدا ڕووبدات.

## تایبەتمەندیەکانی بانگەوازی مەککە:

قورئانی پیرۆز لەسوورەتە مەککیەکانیدا چارەسەری مەسەلەی بیروباوەڕی کرد، چونکە بیروباوەڕ باسوخواسی بنەڕەتی ئاینی نوێیەو لەبنەڕەتە سەرەکسەکانیدا خواپەرستی‌و خوایەتی خوای گەورە(الألوهية والعبودية)و پەیوەندی نێوانیان لەخۆدگرێت، ئیتر هیچ دەرفەتێکی بەبتپەرست نەدەدا تا وەك خۆی بمێنێتەوە، چونکە ڕۆژ بەرۆژ زیادی دەکرد، دەی دەبوو بەرگریەکی توند دژبە بنەڕەتو فرە خودایی هەبێت، ئایەتەکان کەدادەبەزین بەرەنگاری بتپەرستی دەبوونەوەو لەگەڵ ڕێبازی بتپەرستیدا دەجەنگان‌و هێرشیان دەکردە سەر فرەخوایی، دوای ئەوە یەکتاپەرست ڕەها بۆ خوای گەورەی دروستکەرو تاكو تەنهای بەدەسەلاتیان دەچەسپاند.

بانگەوازی مەککە بیروباوەڕی زیندوبوونەوەو پاداشت وەرگرتنەوەی لەخۆدەگرت، جازیندوبوونەوە سەرلەنوێ ژیانەوەیە، پاداشت ئەنجامی دڵنیایی‌و مەنتیقی ژیانی یەکەمە(ژیانی دنیا)، هەندێك لە مەککیەکان بڕوایان بەبوونی ڕۆژێك نەبوو کەتیایدا خوای گەورە سەرلەنوێ بەندەکان زیندووبکاتەوە، بەڵام قورئان بوونی ڕۆژی دوایی چەسپاندو سەلماندی ڕۆژێك هەیە مرۆڤ بەپێی کردەوەکانی پاداشت وەردەگرێتو ئەو دیدوتێڕوانینەی لەسەر ژیان‌و مردن هەیانبوو پووچەڵکردەوە.

قورئان لەقۆناغی مەککەدا چارەسەری باسوخواسی پەرستشی کردو بەو جۆرە وەسفی کرد کەچالاکیەکە دروستکراوەکان بەپەروەردگارەوە دەبەستێتەوەو بەرەو چاکە ئاڕاستەیان دەکات.

قورئان لەقۆناغی مەککەدا لەڕوانگەی چارەسەری باسوخواسی بیروباوەڕەوە چوو بۆ ئەو بەهاو خەسڵەتانەی بەهۆیانەوە لەخوا نزیکت دەکەنەوەو زۆربەیان لەچواردەوری ڕەوشتو هەڵسوکەوتی خەڵکی لەگەڵ یەکترو یەکسانی نێوانیان‌و لێخۆشبوون لەکاتی دەسەڵاتو توانو چاکسازی‌و زاڵبوون بەسەر لاری‌و دوژمنایەتیدا دەسووڕانەوە.

پێغەمبەر(ﷺ) سیانزە ساڵ لەپێناو چاندنی ئەو بیروباوەڕە لەخاکی مەککەو دەرهێنانی چەکمە خراپەکان لەهۆش‌و عەقڵی خەڵکدا هەوڵیدا.

**قۆناغی مەدینە: بنەڕەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی**

١- **بنیادنانی مزگەوت:** قۆناغی مەدینەی ژیانی پێغەمبەر(ﷺ) لەو کاتەوە دەسپێدەکات کەگەیشتە قوباء لەدۆڵی مەدینە، کۆچیش بەواتای یەکەم ماڵو خاکی ئیسلام دێتو مۆڵەتدان بووبە دەرکەوتنی دەوڵەتی ئیسلامی، بۆیە دەبوو پێغەمبەر(ﷺ) لەناوخۆدا ئاسایشو سەقامگیری بەدیبهێنێت تادەستی بۆ بنیادنانی دەوڵەتی ئیسلام بەتاڵ بێت، لەیەکەم ئیشەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بنیادنانی مزگەوتێك بوو بۆ موسڵمانان و برایەتی نێوان کۆژکەرانو پشتیوانانو ڕێکخستنی باری ناوخۆیی لەڕووی سیاسیەوە بوو.

لەسەرەتادا مزگەوت سادەبوو ئامازەی حەوشەیەکی فراوان بووکە خانویەکی لەپاڵدا پێغەمبەر(ﷺ) تیایدا دادەنیشت، ڕووگەو قیبلەکەشی بەرەو بەیتولمەقدیس بوو، لەبەرئەوەی موسڵمانان زۆر توشی گەرمای خۆردەبوون، پێغەمبەر(ﷺ) لەلقو پەڕی دارخورما شێبەرو سەقفی بۆ مزگەوتەکە دروستکرد[1].

موسڵمانان لەو کاتەوەی پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، بەدرێژایی شانزە مانگ یان حەڤدە مانگ ڕوویانکردە بەیتولمەقدیس، دواتر لەپێش جەنگی بەدر بەدوو مانگ قیبلە گۆڕا بەرەو کەعبە[2]، بۆیە پێغەمبەر(ﷺ) لەبەشی قیبلەی مزگەوتەکەدا سێبەرێکی تری دروستکرد، بەمە دوو سێبەری هەبوو، بۆیە ناوی(مزگەوتی دووقیبلە)ی لێنرا[3].

بنیادنانی مزگەوت بەیەکەمو گرنگترین کارو جەختکردنەوەی بنیادنانی کۆمەڵگەی ئیسلامیو قەوارەی سیاسی دەوڵەتی موسڵمانان دادەنرێت بەوپێیەی مەڵبەندی سەرەکی دەوڵەتی ئیسلامیە.

٢- **برایەتی نێوان کۆچەرانو پشتیوانان:** کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) هات بۆ مەدینە، شوێنکەوتوانێکی بەهێزی هەبوون، هەروەك لەناو شوێنێکەوتووەکانیدا پلەو پایەیەکی سیاسی هەبوو، ناوی شوێنکەوتە مەککیەکانی ناکۆچەرانو شوێنکەوتەکانی مەدینەش پشتیوانان(ئەنصار)، پاشان هەوڵیدا بەپەیوەستی ئیسلام یەکیانبخات.

دەستیکرد بەچاککردنی باری نێوان ئەوسو خەزرەجو ئەو دوژمنایەتیەکۆنەی لەدەروونیاندا لابرد کەلەدەروونیاندا خۆی داکوتابوو، پاشان لەژێر ناوی پشتیواناندا کە پێغەمبەر(ﷺ) یان سەرخستو پاڵپشتی بانگەوازی ئیسلامییان کرد، یەکیخستن پاشان ڕوویکردە پەیوەستکردنی

---

[1] السمهودي: وفاء الوفا بأخبار دار المصطفى: ج١ ص٢٣٢، ٢٣٩.

[2] بۆ دەقەکەی بڕوانە: سورة البقرة: آية(١٤٤).

[3] ابن سعد: ج١ ص٢٤٢، السمهودي: ج١ ص٢٥٨.

کۆچەرانو پشتیوانان بەپەیوەستی برایەتی تابەشێکی کێشە ئابووریەکانی کۆچەران چارەسەربکات، بۆیە برایەتی لەنێوان هەموو موسڵمانانندا لەسەرمافو یەکسانیو میراتگری یەکتر لەدوای مردن دروستکرن بەجۆرێك بریەتی ئیسلامی لەوەدا لەنزیکی خزمایەتی کاریگەری بەهێزتربوو[1].

برایەتی بەبنەڕەتی دووەم دادەنرێت کە پێغەمبەر(ﷺ) لەپێناودا دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئیسلامیو دەوڵەتی ئیسلامیدا پشتی پێبەست، چونکە هەر دەوڵەتێك بەبێ بنەمای یەکبوونو یاریدەیی ئوممەت ناتوانێت ڕاپەڕێتو دامەزرێت[2].

٣- **بەڵگەنامەی دەستووری(الصحیفە)**: نووسینی بەڵگەنامەی نێوان موسڵمانانو ئەوانەی تر کەکۆمەڵگەی مەدینەیان لێپێکدەهات، بەگرنگترین ئەو کارانە دادەنرێت کە پێغەمبەر(ﷺ) لەبواری بەهای دەستوری دەوڵەتی نوێداپێی هەستا، جالەماوەی مانگەکانی سەرەتای هاتنی بۆ مەدینە، سەرقاڵی بەدیهێنانی نیزامێکی نوێ بوو کەخەڵکی مەدینە بەدەستە جیاکانی موسڵمانان و جورولەکەو بێباوەڕکانیەوە یەکبخات، بەمەش دەقێکی بۆ پەیوەندی نێوان ئەوانەو نێوان ئەو دەسەڵاتە پێکهێنا کەدەیویست دایبمەزرێنێتو کردنی بەوبنەڕەتەی کەدواتر دەوڵەتی ئیسلامی بە بنەما تەنزیمیو کارگێڕیو سیاسیو ئایینیەکانیەوە لەسەری دامەزرا، بەمەش خەڵکی کەدینە یەکانگیرو پەیوەست بوونو ئازادی بیروباوەڕو کارکردن لەبازنەیەکی دیاریکراودا بۆ هەموویان دەستەبەرکرد، ئیبن ئیسحاق بەبێ ئەوەی باسی ڕێگەی وەرگرتنی دەقی بەڵگەنامەکەبکات، دەقی ئەو بەڵگەنامەی هێناوە[3]. دەکرێت دەقی بەڵگەنامەکە بۆسێ بەش دابەش بکەین:

**یەکەم**: پەیوەندی نێوان موسڵمانان دەستنیشان دەکات، پێغەمبەر(ﷺ) توانی هەموو موسڵمانان بەجیاوازی گەلو هۆزەکانیانەوە یەکبخاتو ئوممەتێکیان لێپێکبهێنێت کەپەیوەستی ئیسلام یەکیانبخاتو پێکیانببەستێت.

**دووەم**: پەیوەندی لەگەڵ بێباوەڕەکاندا دەتنیشان دەکات، لەڕاستیدا لەبەر کەمی بێباوەڕان درێژەی بەباسی مافەکانیان نەداوە، بەڵکو هەمان ئەو تایبەتمەندیانەی پێداوە کەبەدەستەو تاقمەکانی تری داوە.

---

[1] ابن سعد: ج١ ص٢٣٨، ابن كثير، الإمام الحافظ الدمشقي: البدايةء النهاية ج٣ ص٢٢٦-٢٢٩.

[2] البوطي، محمد سعيد رمضان: فقه السيرة النبوية، ص٢١٩.

[3] ابن هشام: ج٢ ص٢٤٠-٢٤٢.

**سێیەم:** پەیوەندی لەگەڵ جولەکەدا دەستنیشانکرد، ئەمە بەڵێنی ئاشتەوایی‌و ئازادی هەڵسوکەوتکردن لەچوارچێوەی سنووری بەرژەوەندی گشتیدا بوو لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی باڵا دەدرا بە پێغەمبەر(ﷺ)و بەڵێنی بەرگریکردن لەشارەکە دژبە قورەیش‌و یارمەتی نەدانی هیچ هێرشبەرێك بۆسەر مەدینەیان بەستنی هەر هاوپەیمانێتیەك لەگەڵ بێباوەڕانی جەنگاوەردا بەبێ بەڵێنی پێغەمبەر(ﷺ)ی لێوەرگرتن لەگەڵ پاراستنی ڕێکخستنی کاروباری ناوخۆیان.

لەدوای کۆتایی پێهاتنی نووسینەوەی بەڵگەنامەکە هەموویان لەسەری ڕێککەوتن‌و ڕازیبوون‌و هەموولایەك ئیمزایان کردو لەسەر بەجێگەیاندنی ناوەرۆکەکەی بەڵێنیاندا، بەمەش پێغەمبەر(ﷺ) دوو دەسەڵاتی ئایینی‌و دادوەری بەسەر موسڵماناندا لەدەستدابوو، دەسەڵاتی سیاسی‌و بەرگریکردنیشی لەسەر هەموو خەڵکی مەدینە لەدەستدابووو بووبە دادوەرو سەرچاوەی چارەسەری هەموو ئەو دیدو نەزعانەی کەدەکرا لەڕێی جێبەجێکردنی خاڵەکانی دەستوورەکە سەرهەڵبدەن، بەم کارەتەنزیمیەشی دەستی بۆ کاروباری دەرەکی بەتاڵبوو.

٤- **یەکەمین جەنگ‌و سریەکان**[1]: کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە هەڕەشەك بوو بۆ قورەیش‌و بازرگان‌و دەوڵەمەندەکانی ناومەککە ترسیان لەوە هەبوو پێغەمبەر(ﷺ) سوپایەك لەشوێنکەوتەکانی پێکبهێنێت تا کاتێك کاروانەکانیان بەلای مەدینەدا تێدەپەڕن هەڵمەت بباتەسەر کاروانە بازرگانیەکانیان تابڕێك لەوە قەرەبووبکەنەوە کەلەدوای کۆچکردنیان لەدەستیان دابوو یان بەجێیان هێشتبوو، ئەگەر ئەوەش بێتەدی، چەرمەسەریەکی گەورەتووشی بازرگانییان دەکات، بۆیە داوایان لەگەورە بازرگان‌و دەوڵەمەندو جوولەکەکانی مەدینەکرد تاکاتێك کاروانەکانیان لەڕێگەی چوون یان گەڕانەوەیان لەووڵاتی شام بەبیابانی مەدینە تێدەپەڕن، ئەوان پاسەوانی بکەن.

پێغەمبەر(ﷺ) لەدوای ئەوەی خوای گەورە مۆڵەتی پێدا تا بۆ بەرگریکردن لەگیان‌و بیروباوەڕ جەنگ بکات[2]، کەوتە ئامادەسازی پیاوەکانی بۆ تۆڵەو خەبات‌و بەمەشقپێکردن‌و بەرزکردنەوەی مەعنەویاتیان ئامادەی دەکردن تابچینە مەیدانی جەنگەوە هەتا کاتی بەرەو ڕووبوونەوەدا شکست نەخۆن، پاشان پێشڕەوی کارەکەی گرتەدەست‌و بەهێرشکردنە سەر کاروانە بازرگانیەکانی قورەیش کەسەرچاوەی ژیانی قورەیش‌و بنەڕەتی هێزیان بوون، هەڕەشەی لەقورەیش دەکرد، هەروەك ئەم

[1] غەزا: ئەو جەنگەیە کەتیایدا پێغەمبەر(ﷺ) لەگەڵ جەنگاوەراندا چووبۆ جەنگ، سریە: ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) خۆی نەچووە، هەندێ جار ووشەی غەزا بۆ سریەش بەکاردێت، وەك غەزای موئتەو غەزای ذاتوسە لاسل.

[2] سورة الحج: آية ٣٩-٤٠.

کارەی هەڕەشەیەك بوو بۆ دوژمنەکانی تری جگەلە قورەیش کەدژبە دەوڵەتی تازەپێگەیشتوو بوون تاپێیان بڵێت موسڵمانان توانای وەڵامدانەوەیان هەیەو ئامادەی ئەوەن لەڕووی هەر دوژمنکاریەکدا بوەستنەوە.

موسڵمانان لەماوەی هەژدە مانگی یەکەمی دوای کۆچکردندا چوار غەزاو سێ سریەیان بەجێگەیاند[1]، کەشەشیان بۆ هێرشکردنە سەر کاروانە بازرگانیەکان بوونو تائاستێك ئەنجامگەلێکی لاوازیان هەبوو، بەڵکو دەشتەکیە دراوسێکانی مەدینەیان ڕاکێشاو لەگەڵ موسڵماناندا ڕێککەوتن یارمەتیدانی ئەوانیش بۆسەرکەوتنی هەڵمەتە سەربازیەکانی موسڵمانان پێویست بوو.

بەرەنگاربوونەوەی چەکداری یەکەم لەنێوان سریەیەکی ئیسلامی کەلەنۆکەس پێکهاتبوو بەسەرکردایەتی عەبدوڵای کوڕی جەحشو نێوان کاروانێکی بازرگانی مەککەدا کەچوارکەس بەسەرکردایەتی عەمری کوڕی حەزرەمی بوو، لەناوچەی(نەخلە) ڕوویداو لەئەنجامدا سەرکردەی کاروانەکە کوژراو دووانیان گیرانو چواریشیان ڕایانکرد[2].

لەڕاستیدا پێغەمبەر(ﷺ) عەبدوڵای کوڕی جەحشی نارد تا قەرەوڵ بۆ کاروانە بازرگانیەکان بگرێتەوەو داوای لێ نەکرد هێرشیان بکاتە سەر، چونکە لەمانگی موحەڕەمدا چوو کەئەو مانگە یەکێکە لەمانگە حەرامەکان، بەڵام عەبدوڵای کوڕی جەحش لەدەستنیشانکردنی بارەکەدا ئیجتیهادی کردوو هێرشی کردە سەرکاروانەکەو گەڕایەوە بۆ مەدینە، پێغەمبەر(ﷺ) ئامادەنەبوو دەستکەوتەکە دابەش بکاتو پێنج یەکی خۆشی وەرنەگرت تائایەتێکی قورئانی دابەزیو بەڵگەی بۆ کارەکەی عەبدوڵای کوڕی جەحش هێنایەوەو کاری لەوجۆرەی لەدوای دەستدرێژی خەڵکی مەککە بۆسەر موسڵمانان بەڕەوا دانا[3].

### جەنگی بەدر:

غەزاو سریە یەکەمینەکان لەژێر گوێو چاوی قورەیشیەکاندا کە خۆیان لەدانانی سنورێکدا بۆیان بەدەستەوسان دەزانی ڕوویاندا، بەڵکو ڕووداوی سریەی نەخلەیان بەهەندوەرگرت کەلەمانگی حەرامدا ڕوویدا تاهەستی عەرەب دژبە موسڵمانان ببزوێنن و هێرشبکەنە سەرناوچەکانی دەورووبەری مەدینە، ئەو ئاشوبەش بوو کەجەنگی نێوان موسڵمانانو قورەیشی هەڵگیرساند.

---

[1] ابن هشام: ج٣ ص١٨-٢٥.

[2] ابن هشام: ج٣ ص٢٢-٢٥،(نەخلە) شوێنێکە لەنێوان مەککەو مەدینەدا.

[3] سورة البقرة: آیة ٢١٧.

خەڵکی مەککە پاسەوانی خۆیان لەسەر کاروانە بازرگانیەکان توندەکردەوەو پێغەمبەر(ﷺ) لەماوەی ساڵی دووەمی کۆچیدا زانی کەکاروانێکی گەورەی قورەیش لەشامەوە بەرەو مەککە دێتو ئەبوو سوفیانی کوڕی حەرب سەرکردایەتی دەکات، پێغەمبەر(ﷺ) بڕیاریدا دەستی لەسەر دابنێتو هاوەڵانی خۆی بۆ ڕاسپاردو توانی سێسەدو چواردەکەس کۆبکاتەوە کەتا ئاستێك هەژاربوونو نەیاندەتوانی زیاتر لەحەفتا وشترو دوو ئەسپ بۆ بەکارهێنانیان لەهەڵمەتەکەدا دابین بکەن پێغەمبەر(ﷺ) لەهەشتی مانگی ڕەمەزان لەگەڵ ئەو سوپایەدا بەڕێکەوتو لەمەدینە دەرچوو[1].

ئەبوو سوفیان بەهەڵوێستی موسڵمانانی زانیو یەکسەر دوو هەڵوێستی نواند:

یەکەم: نوێنەری نارد بۆ مەککە تا داوا لەخەڵك بکات فریای بکەونو بێن بەهانایەوە.

دووەم: ڕێگەی خۆی گۆڕی.

قورەیش چوون بەدەم بانگەوازەکەی ئەبوو سوفیانەوەو هێزێکی سەربازی نۆسەدو پەنجا کەسیان بەسەرکردایەتی ئەبوو جەهل نارد گرنگی ئەو هێزە لەوەدا دەردەکەوێت کەئەبوو جەهل ویستی ترس بخاتە دڵی موسڵمانانو ڕێگری ئەوەیان لێبکات کەلەداهاتوودا هێرش بکەنە سەر کاروانە بازرگانیەکان.

هەردوولا لەدۆڵی بەدر لەدووری بیست میل لەباشووری مەدینە لە(حەڤدەی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٢ك/مانگی ئازاری ساڵی ٦٢٤ز) پێکگەیشتنو سەرکەوتنی ڕوونی موسڵمانانو شکستی قورەیشو کوژرانی حەفتا کەسیانو لەنێوانیاندا کوژرانی ئەبو جەهلو وێڕای حەفتا دیلی لێکەوتەوە[2].


ئەوسەرکەوتنە بەدری سووچی مێژووی سەرەتای ئیسلامی پێککهێنا، ئەوە یەکەم پێکدادانی بەبایەخی نێوان موسڵمانان و قورەیش بوو کەتیایدا موسڵمانان لەگەڵ کەمی ژمارەو چەكو تەقەکیان سەرکەوتنێکی ڕوونیان بەدیهێنا، موسڵمانان بەدیلو دەستکەوتەکانەوە بەرەو مەدینە گەڕانەوە، هەرکام لەدیلەکان لەمەککە یانو ئازاری زۆری بە موسڵمانان گەیاندبوو، پێغەمبەر(ﷺ) کوشتی، لەکاتێکدا ئەوانی تری لەجیاتی فدیە ئازادکرد، ئەبو سوفیان ڕزگاری بوو و گەڕایەوە بۆ مەککە تاهەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە لە موسڵمانان بکات[3].

---

[1] ابن هشام: ج٣ ص٣٢

[2] ابن هشام: ج٣ ص٣٣-٤٣.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٥٦-٦١.





[1] ابن هشام: ج٣ ص٢٢–٢٥ (نخلة)
[2] سورة البقرة: آية ٢١٧

**دەرەنجامەکانی جەنگی بەدر:**

● پێغەمبەر (ﷺ) زانی دەبێت جەنگی گشتگیر دژبە قورەیش بکات، بۆیە زۆربەی کاتی خۆی بۆبەهێزکردنی موسڵمانان دابینکرد.

● قورەیش بەلەدەستدانی زۆربەی خانەدانەکانی زۆرکاریگەربوو، ئەبو سوفیان پێشڕەوی مەککە گرتەدەستو بڕیاری یەکەمی ڕێگری بۆماوەیەك گرتەبەر تا موسڵمانان بەرهەمی بەسەرکەتن وەرنەگرن، هەروەك نەزری کرد ئاوی لەشگرانی بەرسەری نەکەوێت تا لەگەڵ موسڵماناندا بجەنگێت[1].




طريق التجارة الشرقية الجنوبي

[1] هەمان سەرچاوە: ص١٣٦.

## دەرەنجامەکانی جەنگی بەدر:

- پێغەمبەر(ﷺ) زانی دەبێت جەنگی گشتگیر دژبە قورەیش بکات، بۆیە زۆربـەی کـاتی خـۆی بۆبەهێزکردنی موسڵمانان دابینکرد.
- قورەیش بەلەدەستدانی زۆربەی خانەدانەکانی زۆرکاریگەربوو، ئەبو سوفیان پێشڕەوی مەککـە گرتەدەستو بڕیاری یەکەمی ڕێگری بۆماوەیەك گرتەبەر تا موسڵمانان بەرهـەمی بەسـەرکەتن وەرنەگرن، هەروەك نەزری کرد ئاوی لەشگرانی بەرسەری نەکەوێت تا لـەگەڵ موسـڵماناندا بجەنگێت[١].



طريق التجارة الشرقية الجنوبي

---

[١] هەمان سەرچاوە: ص١٣٦.

پێغەمبەر(ﷺ) ڕای زۆرینەی وەرگرتو بەرگی جەنگی پۆشیو موسڵمانانی لەسەر خۆڕاگریو چەسپاوی هانداو موسڵمانان کەژمارەیان حەوت سەد جەنگاوەر دەبوو لەدوای پاشەکشەی عەبدوڵای کوڕی ئەبو بەکری سەلوول لەگەڵ شوێنکەوتەکانیدا کەژمارەیان دەگەیشتە سێ سەد جەنگاوەرو بەپێی نەخشەیەکی بتەو بۆ لاوازکردنی هێز موسڵمانان پاشەکشەیانکرد، سەربازانی موسڵمان لەوپەڕی دۆڵەکەو لەپاڵ شاخی ئوحوددا سەنگەریان گرت[1]. بەم کارە تەکتیکیە پێغەمبەر(ﷺ) سوپاکەی لەمەدینەدا جیاکردەوەو مەدینە کەنارنراو کەوت.

سوارەی قوڕەیش سەرچاوەی ترسی موسڵمانان بوون، بۆ ئەمە پێغەمبەر(ﷺ) ئیحتیاتی کردو پەنجا کەسی لەچەند خاڵێکی جیاجیای شاخەکەدا داناو فرمانی پێکردن تا ڕێگەنەدەن سوارەکانی قوڕەیش لابەلای موسڵماناندا بکەنەوەو ئەنجامی جەنگەکە هەرچۆنێك بێت شوێنەکانیان بەجێنەهێڵن[2].

هەردوولا خۆیان بۆ جەنگ سازداو جەنگێکی قورس لنێوانیاندا ڕوویداو خەریکبوو موسڵمانان سەرکەونێکی دڵنیایی بەدەستبهێنن ئەگەر لەکتوپڕێکدا باری جەنگە نەگۆڕایە، زۆربەی ئەندامانی هێجزی ئیسلامی کەلەسەر شاخەکەبوون شوێنی خۆیان بەجێهێشت تالەکۆکردنەوەی دەستکەوتدا بەشداربن، بەمەش پێچەوانەی فرمانی پێغەمبەر(ﷺ) یان کرد، خالیدی کوڕی وەلید کە سەرکردەی لای ڕاستی قوڕەیش بوو، ئەم هەلوێستە نابەرپرسیارێتیەی قۆستەوەو سەرکردایەتی سوارەکانی لەبزوتنەوەیەکی وەرچەرخان بۆ پشتەوەی موسڵمانان کەسەرقاڵی دەستکەوت کۆکردنەوەبوون گرتەبەر، موسڵمانان بەرەو ڕووی ئەو کتوپڕیە بوونەوەو نیزامیان تێکچوو، قوڕەیش هەڵمەتیان بردە سەر جەنگەکە چەند بارێکی گۆڕانو هەڵمەتبەری گرتە خۆ، موسڵمانان سەیریانکرد کەوتوونەتە ژێرگورزی شمشێرە قوڕیشەکانو حەمزە مامی پێغەمبەر(ﷺ) ڕەزای خوای لێبێت لەسەر دەستی وەحشی کوژرا، هەروەك موصعەبی کوڕی عومەیر هەڵگری ئاڵای موسڵمانان کوژراو خودی پێغەمبەر(ﷺ) بریندار بوو.

قوڕەیش بەو ئەنجامەی جەنگەکە ڕازیبوون، لەگەڵ ئەوەی بەتەواوەتی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، ئەبو سوفیان بەبێ ئەوەی بەرهەمی یەرکەوتنەکەی بەدەستبخات مەیدانی جەنگەکەی

[1] هەمان سەرچاوە: ص١٥٠.

[2] هەمان سەرچاوە: ص١٥٠.

بەجێهێشت، پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی کرد تاشەهیدانی موسڵمانان کۆبکەنەوە کەژمارەیان حەفتا شەهیدبوو، ئینجا نوێژی لەسەرکردن‌و بەخاکی سپاردن‌و گەڕایەوە بۆ مەدینە[1].

لەڕاستیدا شکستەکەی هێزی موسڵمانانی لەناونەبردو پێغەمبەر(ﷺ) لەبەرزکردنەوەی مەعنەویاتی سەربازەکانیدا ڕۆڵێکی گەورەی بینی، ئەمەش تاقیکردنەوەی زانینی مەودای پەیوەستبوونیان بەئایینەکەیان‌و توندوتۆڵیان بوو، جەنگی ئوحود بووبە باسی ئایەتە قورئانیەکان لەسوورەتی(آل عمران) لەئایەتی ١٢١تا ١٨٠ باسی دەکات، لەدوای جەنگەکە ئەو ئایەتانە دابەزین‌و ماددەی تەمێکردن‌و هۆشیارکردنەوەو ڕێ ڕۆشنکردن‌و دەروون لەسەر بنەمای ئاشکرابوونی هەڵەی هەڵسوکەوتی ئەو جارەیان بە موسڵمانان دەبەخشێت، ئەمە دەرفەتێکبوو تاڵە ئاستی زیاتر بەرزببنەوە.

**دەرەنجامەکانی جەنگی ئوحود:**

- ئەبو سوفیان‌و هەموو سەرکردە قورەیشیەکان لەپێش گەیشتنە مەککە زانیان لەبارێکی ناخۆش‌و نارەحەتدان‌و هەوڵێکی گەورەیان خستە گەڕوو هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەستنەهێناو کارەساتیش لەڕێیاندابوو، مەگەرنەوەی نیشێکی چاکتر بکەن تاکە پێناویش لەدیدی ئەواندا ئامادەسازی سوپایەکی بەهێزتربوو کەبەهۆیەوە بەرەو ڕووی موسڵمانان ببنەوە، ئەمەش بەتەنها بەبەدەستخستنی یارمەتی چەند هۆزێکی گەورەی دەورووبەری مەدینە بوو تا گەمارۆی بدەن بۆیە لەدوای جەنگی ئوحود هەموو هەوڵێکیان بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە خستەگەڕ.
- هەندێ هۆز لەدوای ئوحود بەکەم سەیری هێزی موسڵمانانیان دەکردو هێرشیان دەکردەسەریان لەوانە ئەو ناپاکیەی کەهۆزی عەزل‌و قارە لەڕۆژی(الرجیع) بەرامبەر بە موسڵمانان نیشانیان دا[2]، هەروەها بەنو سولەیم کەلە ڕۆژی(بیئرمەعوونە) کەوتنە کوشتنی موسڵمانان[3] ڕووداوی ڕەجیع ئەوبارانەی لەخۆدەگرت کە پێغەمبەر(ﷺ) تیایدا دەژیاو ڕووداوی بیئرمەعوونەش بەنموونەیەکی ئەو سەختیانە دادەنرێت کەبەردەوام تووشی دەبوو. سیاسەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوەبوو پێشڕەوی لەڕووی هەر هێزێکی دوژمنکاریدا بکات.
- نەمانی شانوشکۆی موسڵمانان گەیشتەئەوەی بەنو نەزیر پیلانی کوشتنی پێغەمبەر خوایان(ﷺ) دانا، پێغەمبەر(ﷺ) هۆشیاری پێدان تا مەدینە جێبهێڵن، کاتێ ئەوان بەوە ڕازی نەبوون،

---

[1] بۆ درێژەی پێکگەیشتنی سەربازی نێوان هەردوولا بڕوانە: ابن هشام: ج٣ ص١٥٠-١٥٨.

[2] بۆ درێژەی ڕۆژی(الرجیع) بڕوانە: ابن هشام: ج٣ ص٢٢٤-٢٣٠.

[3] بۆ درێژەی ڕۆژی(بیئرمەعوونە) بڕوانە: هەمان سەرچاوە: ص٢٣٠-٢٣٣.

پێغەمبەر(ﷺ) شەش شەو لەگێڕانەوەیەکی تردا پێنج ڕۆژ گەمارۆی خستەسەریان، دواتر ئامادەیی خۆیان بۆ ملکەچبوون بەمەجەکانی ڕاگەیاند، ئەویش پێشنیاری بۆکردن تا چەکەکانیان دابنێن و شاری مەدینە بەجێبهێڵن، ئەوانیش چوون بۆ خەیبەر هەندێکی تریان چوون بۆشام[1].

**جەنگی خەندەق(ئەحزاب):**

دەرکردنی بەنی نەضیر کۆتایی پێکدادانی نێوان موسڵمانان و جوولەکە نەبوو، بەڵکو جوولەکە لەخەیبەریشدا درێژەیان بەپیلانگێڕی خۆیان داو لەگەڵ قورەیش ڕێککەوتنیان بەستو لەدامەزراندنی ئەو هاوپەیمانێتیەی لە(مانگی شەوالی ساڵی ٥ك/مانگی ئازاری ساڵی ٦٢٧ز)دا گەمارۆی گەمارۆی مەدینەیاندا، ڕۆڵێکی گەورەیان بینی هۆزی(غەتفان)یشیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشا[2].

حیزبەکان بەسەرکردایەتی ئەبو سوفیان ئامادەی چوون بۆ مەدینە بوونو ژمارەیان دەگەیشتە دەهەزار جەنگاوەرو بەرژەوەندی هاوبەش کۆیکردنەوە کەئەو بەرژەوەندیەش لەناوبردنی هێزی نوێی پێغەمبەر(ﷺ) و پەرشوبڵاوکردنی شوێنکەوتوانیەتی، حیزبەکان لەدەرەوەی مەدینە سەنگەریانگرت و چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی موسڵمانان بوون تالەگەڵیاندا پێکدابدەن[3]، بەڵام پێغەمبەر(ﷺ) ئەمجارەیان پلانێکی جیاوازی سەربازی گرتەبەر کاتێك زانی ناتوانێت زیاتر لەسێ هەزار سەربازی هەبێت، پاشان پێکدادانی چەکداری لەگەڵیاندا پێدەچێت دووبارە چەرمەسەری و نارەحەتی توحودی لێبکەوێتەوە، بۆیە بڕیاریدا هەڵوێستی بەرگریکاری لەناوخۆی مەدینەدا بگرێتەبەرو لەناوچەی باکووری و ئەو ناوچانەی ئەگەری هێرشی سوارەکانی لێدەکرێت خەندەقی لێدا، گێڕانەوە مێژووییەکان باس لەوەدەکەن سلمانی فارسی ئاماژەی بە پێغەمبەر(ﷺ) داوە تائەو ئیشەبکەن کەپێشتر عەرەب نەیبوو[4]، شیاوی باسە ناوچەکانی تری مەدینە بەشاخ و دارخورماو ماڵ و خانوو قایموقۆڵکرابوون.

هێزە هاوپەیمانەکان نزیکەی چل ڕۆژ بەبێ هیچ جموجوڵێك گەمارۆی مەدینەیاندا، ئەبو سوفیان هەوڵیدا جوولەکەی بەنی قورەیضە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت تادەرفەتی چوونە ناومەدینە لەناوچەی

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٢٤٠-٢٤٢، بەراوردی بکە لەگەڵ: ابن کثیر: البدایة والنهایة: ج٤ ص٧٥.

[2] الطبري: ج٢ ص٥٦٤.

[3] ابن هشام: ج٣ ص٢٥٩، الطبري: هەمان سەرچاوە: ص٥٧٠.

[4] الطبري: هەمان سەرچاوە: ص٥٧٠.

ئەوانەوە بۆ بگونجێت، لەنێوان هەردوولادا ڕێککەوتنێك بەسترا کەڕۆڵی هەریەکەیان دەسنیشاندەکرد[1]، بەمەش جوولەکەی بەنی قورەیضە ئەو بەڵێنەیان هەڵوەشاندەوە کەلەگەڵ موسڵماناندا بەستبوویان.

موسڵمانان کاتێك بەوڕێککەوتنەیان زانی ترسیان زیادیکرد، پێغەمبەر(ﷺ) هەوڵیدا ئەو بارەیان لاوازبکات بۆیە لەگەڵ غەتفانـدا چەند ووتوێژێکی لەبارەی پاشەکشەکردنیان لەهاوپەیمانێتیەکە بەرامبەر بەپێدانی سێ‌یەکی بەرهەمی مەدینە ئەنجامدا، بەڵام هەریەك لەسەعدی کوڕی عوبادەی گەورەی خەزرەجو سەعدی کوڕی موعاذی گەورەی خەزرەج ئەو نەخشەیان پێباش نەبوو و بڕیاری بەرگریکردنیان دا[2].

لەو نێوەندەدابوو نەعیمی کوڕی مەسعودی ئەشجەعی کەتازە موسڵمان بووبوو موسڵمانبوونی خۆی لەگەلەکەی خۆی شاردەوە، ڕۆڵێکی گەورەی لەشکستپێهێنانی ڕێککەوتنی حیزبەکان لەگەڵ بەنی قورەیضەدا بینی، لەهەمان کاتدا سوپای حیزبەکان تووشی چەند هۆکارێکی توندی سروشتی وەك ڕوودانی ڕەشەبای توندو داباریني بارانێکی بەخوڕ بوو، ئەمە بازووی لاوازکردنو مەعنەویاتی نەهێشتن، بۆیە بەپەرشووبڵاوی شوێنەکەیان بەجێهێشت[3].

**دەرەنجامەکانی جەنگی خەندەق:**

- قورەیش نەیانتوانی پێغەمبەر(ﷺ) موسڵمانان لەناوبەنو داهتووی قورەیش لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەشیدا لەڕووی هەرەشەدابوو و پێغەمبەر(ﷺ) لەمەدینە قەڵەمڕەوی بەهێزبوو.
- پێغەمبەر(ﷺ) بەدرێژایی ساڵی پێنجەمی کۆچی درێژەی بەسیاسەتی جێبەجێکردنی غەزاو هەڵمەتەکان بۆسەر کاروانە بازرگانیەکانی قورەیش داو بەرەو باکوور فراوانخوازی کرد تاگەیشتە سەرسنووری بیزەنتی، توانی لەو ڕوانگەیەوە ڕێگەی کاروانە بازرگانیەکان لەمەککەوە باناڕاستەی باکوور دابخات، هەروەك هاوپەیمانی لەگەڵ هۆزە لێدەرەکانی باشووردا بەکارهێنا تانەو گەمارۆیە بەهێزبکات کەسەپاندبووی بەسەر بازرگانی مەککەدا.
- بازرگانی مەککە لەگەڵ وڵاتی شامدا وەستاو قورەیش بەشێکی زۆری پلەوپایەی خۆی لەدەستداو سەرکردەکانیان ئەوانەیان کەمابوون هیوای پاراستنی سەروەتو سامانو پلەوپایەی خۆیان هەبوو.

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٥٧٠-٥٧١.

[2] ابن هشام: ج٣ ص٢٦٢.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٢٦٦.

• کاتێك که پێغەمبەر(ﷺ) لەپیلانی حیزبەکان دەستی بەتاڵبوو ڕوویکردە بەنی قوڕەیضەتالەسەر پیلانەکەیانو ئەو ناپاکیەی لەڕووی موسڵمانانندا ئەنجامیان دا سزایان بدات، بۆیە ماوەی بیستو پێنج ڕۆژ گەمارۆی دانو دواتر ناچاربوون خۆیان بدەن بەدەستەوەو بەحوکمدانی هاوپەیمانی پێشوویان سەعدی کوڕی موعاز ڕازی بوون، ئەویش حوکمی کوشتنی پیاوەکانیانو دابەشکردنی ماڵو سامانیان بەکەنیزەكو کۆیلەگرتنی ژنو منداڵەکانیانی دا، پێغەمبەر(ﷺ) بەو حوکمدانە ڕازی بوو و فرمانی جێبەجێکردنی دەرکرد[1].

٥- **جەنگەکانی قۆناغی دوای گەمارۆدانی مەدینە :** گرنگی ئەو قۆناغە کاتیە کەلەنێوان کۆتایی گەمارۆدانی مەدینەو ڕێککەوتنامەی حودەیبیەدایە لەسەر دەرکەوتنی چەند ئاڕاستەیەکی نوێ لەسیاسەتی پێغەمبەر(ﷺ)دا خۆی دەنوێنێت، پێغەمبەر(ﷺ) پێشتر هەوڵی خۆی بۆ خەباتی دژبە مەککە دانابوو تاقەڵمڕەوی مەککیەکان لەناوببات، بەڵام لەدوای کۆتاییهاتن بە گەمارۆدانی مەدینە بەڕوونی دەردەکەوێت کەئامانجەکانی فراوانتربوونو شیاوتر بەپیاوی دەوڵەت بوون، لەگەڵ ئەوەی لایەنی ئایینی ڕووداوەکان لایەنی سەرەکی بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا لایەنە سیاسیەکەی بیرنەچوو که هەموو عەرەبی بۆ ئیسلام بانگدەکرد.

لەڕاستیدا هەندێك لەوڕووداوانەی لەو نێوەندەدا ڕوویاندا لەئەنجامی شکستخواردنی قوڕەیش بوو لە گەمارۆدانو گرتنی مەدینەدا، یەکەمجار وەك ئاماژەمان پێدا سزادانی بەنی قوڕەیضەبوو، هەروەك موسڵمانان هێرشیانکردە سەر چادرنشینەکانی غەتفان، پێغەمبەر(ﷺ) چەند هەڵمەتێکی بچووکی دژبە چەند هۆزێکی هاوپەیمانی قوڕەیش نارد، بەتایبەت هۆزی ئەسەدو سەعلەبەو بەنی بەکرو بەنی کیلابو بەنی لعیان بەئامانجەی هەڕەشەیان لێبکات تالەلایەکەوە هەوڵی هێرشکردنەسەر مەدینە نەدەنو لەلایەکی تریشەوە هاوپەیمانێتی لەگەڵ مەککەدا نوێ نەکەنەوە.

٦- **ڕێکەوتننامەی حودەیبیە :** هەواڵ بە پێغەمبەر(ﷺ) گەیشت کەهاوپەیمانێتیەکی سەربازی لەنێوان قوڕەیش لەباشوورو جوولەکەی خەیبەر لە باکووردا بەئامانجی لەپەلوپۆخستنو گورزلێوەشاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لەباری لەبارو هەلکەوتندا بەستراوە، لەبەرئەوەی ئەوکات نەیدەتوانی ئەو هاوپەیمانێتیە سەربازیە شکست پێبهێنێت، بیری لەوە کردەوە لەڕێگەی لێکتێکگەیشتن لەگەڵ یەکێك لەو دوو دوژمنەیدا کەزیاتر لێی نزیك بێت ئەوشتە بەسیاسەت شکست پێبهێنێت ئەویش قوڕەیش بوو، جالە کۆیتاییەکانی ساڵی شەشەمی

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٢٦٧-٢٧٦.

کۆچیدا ڕایگەیاند دەیەوێت عەمرەبکاتو بەبەشێوەو جلو بەرگی عـەمرەوەو بەمـەڕو بـەرانی قوربانیەوە بەرەو مەککە کەوتەڕێ، قوڕیشیەکان بەنیازی ئاشتیخوازانەی پێغەمبـەر(ﷺ) ڕازی نەبوونو خۆیان بۆ جەنگ ئامادەکرد، پێغەمبەر(ﷺ) لەحودەیبیـە کەدەکەوێتـە سەرسـنووری ناوچەی حەرام بۆ مەککەو لەدووری یەك ڕۆژە ڕێ لەڕۆژئاوایەوە سەنگەری گرت، لـەنێوان هـەردوولادا دانوسـتان بەڕێوەچـوو پێغەمبـەر(ﷺ) لەوڕوانگـەوە پێـشنیاری کردکـە ڕێگـە لەکاروانە بازرگانیەکانیان نەگیرێت ئەگەر ئەوان ڕێی پێبدەن شەعائیری عەمرە بەجێبگەیەنێت، قورەیشیەکانیش ڕازیبوونو مەرجیان دانـا لـەپێش جێبـەجێ کردنی ئـەوەدا سـاڵێك بەئاشـتی بچێتەسـەر ئینجا بۆعەمرە. پێغەمبەر(ﷺ)ئەو مەرجەی لەلایەن خۆیەوە قبوولکردو لەسەر ئـەم بنەڕەتانە ڕێککەوتنەکە بەسترا:

أ- ماوەی دەساڵ جەنگ لەنێوان هەردوولادا هەڵبگیرێت.

ب- موسڵمانان ئەوساڵە بەبێ بەجێگەیاندنی عەمرە بگەڕێنەوەو لەساڵی دواتر بچنە ناو مەککە.

ج- هەر قورەیشیەك بەبێ مۆڵەتی گەورەکەی موسڵمان بێت پێغەمبەر(ﷺ) بیگێڕێتەوە.

د- هەر موسـڵمانێك بگەڕێتـەوە بۆنـاو قـورەیش، ئـەوا قـورەیش لەسـەری نیـە بیگێڕێتـەوە بـۆ موسڵمانان.

ه- هۆزەکان ئازادن بچنە ناو هاوپەیمانی هەرلایەکەوە کەخۆیان هەڵیدەبژێرن[1].

هەندێ لەهاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ) بەڕازیبوونی بەو ڕێککەوتنـە لەسـەر ئـەو شـێوازە سەرسـامو بێزاربوونو تووشی بێهیوایی بـوون، لەوانـە عومـەری کـوڕی خـەتاب(ﷺ) بـەڵام پێغەمبـەر(ﷺ) بەدانایيو ڕا ڕاستی ئەو گرفتەی چارەسەرکردو بە عومەری فەرموو:(أنا عبدالله ورسوله، لـن أخـالف أمره ولن يضيعني)[2]. واتە:(من بەندەو نێردراوی خوای گەورەمو هەرگیز لەفرمانی لانـادەمو ئـەویش هەرگیز شکستخواردووم ناکات).

لەڕاسـتیدا ئـەو ڕێککەوتنـە لەبەرژەوەنـدی موسـڵماناندابوو، ئـەوەیش بەڵگـەی لاوازبـوونو کشانەوە دوای هێزی قورەیش بوو، هەروەك دانانێکی ڕاکشاوانەی قورەیش بووبە یەکسانی ئـەو و نێـوان موسـڵمانان، ئەمـەش سـەردانەواندنێکی گـرنگ بـوو و دەرفـەتی بـەهۆزەکان دەدا تـاواز لەهاوپەیمانێتی لەگەڵ مەککە بهێنو بدەنە پاڵ ڕیزی موسڵمانان وەك ئەوەی هۆزی خوزاعە کردی،

---

[1] ابن هشام: ج٤ ص٢٤-٣٣.

[2] هەمان سەرچاوە: ج٤ ص٢٨.

بەوەدەکرد لـەدوای زۆربـوونی هێـزی موسـڵمانانو کـشانەوەو دانـەوەدوای هێـزی مەککیـەکان لەمەککەدا هیچ داهاتوویەکیان نابێت.

لەسـاڵی هەشـتەمی کۆچـیدا قورەیـشیەکان لـەنگیـان خـستە مەرجـەکانی ڕێککەوتننامەکـەو دژبەهۆزی خوزاعەی هاوپەیمانانی پێغەمبەر(ﷺ) یارمەتی بەنی بەکری هاوپەیمانی خۆیـان بەچـەك دا، ئەم کێشەیە سەرلەنوێ ملـملانێکەی تەقاندەوەو پێغەمبەر(ﷺ) لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی ٨ك/مـانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٦٣٠ز دا بەسوپایەکی دەهەزار جەنگاوەری لەمەدینە چـوویە دەرێو بـەرەو مەککە ئاراستەی وەرگرتو توانی لەچوارلاوە بەئاشتی بچێتەناوی، تەنها ئەوە نەبێت کەدەسـتەکەی خالیدی کوڕی وەلید بـەرەوڕووی بـەرنگاری بوونـەوەو ئـەویش بەپەلـە بەسـەر بـەرنگار بوونـەوە کەدازاڵبوو.

کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) چوویە ناومەککە حەوت جارر تـەوافی مـاڵی خـوای کـردو فرمـانیکرد تابتەکان لابەن، پاشان ووتارە بەناوبانگەکەی خۆی پێشکەشکردو لێبوردنی گشتی ڕاگەیاند بەتـەنها بۆئەوانە نەبێت کەتاوانیان زۆر گەورەبوون.

پانزە ڕۆژیش یان بیـست ڕۆژ لـەوێ مایـەوەو لەوماوەیـەدا کاروبـاری کـارگێڕی مەککـەی ڕێککرد بەتایبەت دەستنیشانکردنی ناوچەی حەرام(کەعبـە) هـەموو ئـەو ئیمتیـازو تایبەتمەندیانەشـی لەکارخـست کەقورێشیەکان هەیانبوون[1].

**جەنگی حونەین:** هەوەزان لاوازی دەسەڵاتی قورەیشیان لەمەککە بەهەنـدوەرگرتو بڕیاریانـدا ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە، دەستگرتنی موسڵمانان بەسەر مەککـە یـان بەهەڕەشـەی ڕاسـتەوخۆ بۆسـەر خۆیان دەزانی بۆیە سوپایان کۆکردەوەو بەرەو مەککە کشان بەنو ثەقیـف کـەهیوای سـەربەخۆبوون لەقورەیشیان هەبوو پاڵشتی هەوەزانیانکرد، پێغەمبەر(ﷺ) لەلایـەن خۆیـەوە بەسـوپایەکی دەهـەزار جەنگاوەریـەوە بەبیـستنی ئەوکـشانە لەمەککـە چـوویە دەرەوە، هـەردوولا لـەدۆڵی حونـەین لەجەنگیـچکی سـەخت لـەماوەی مـانگی شـەوالی سـاڵی ٨ك/مـانگی شـوباتی سـاڵی ٦٣٠ز دا پێکیانـداداو لەسـەرەتاوە هـەوەزان خـەریبوو سـەردەکەوت بـەڵام پێغەمبـەر(ﷺ) ڕێکخـستنەوەی ڕیزەکـانی هێزەکـانی لەڕوانگـەی قۆنـاغێکی جەنگەکـەدا ئەنجامـداو تـوانی سـەرکەوتنی کۆتـایی بەدەستبهێنێتو ثەقیف گەڕانەوە بۆ تائیف تاڵەوێ داڵدەو پەنای خۆیان بدەن[2].

---

[1] ابن هشام: ج٤ ص٨٤-٩٥.

[2] هەمان سەرچاوە: ص١٢١-١٣٨.

**جەنگی تائیف:** پێغەمبەر(ﷺ) لەدوای سەرکەوتنی لەجەنگی حونەین بەرەو تائیف چوو ماوەی پانزە ڕۆژ گەمارۆی دا پاشان لەبەرئەوەی کەوتە مانگە حەرامەکانەوەو ئەویش سووربوو لەسەرئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مەککە بۆیە گەمارۆکەی لەسەر لابرد، بەڵام ثەقیف زانیان ناتوانن ڕێگری موسڵمانان بکەن یان لەڕوویاندا بوەستن، بەتایبەت کەزۆربەی هۆزەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبی چووبوونە ناو ئیسلامەوە، بۆیە وەفدێکیان نارد بۆلای پێغەمبەر(ﷺ)و پێشنیاریان خستە بەردەم تابێنە ناو ئیسلامەوە[1].

**جەنگی تەبووك:** ئەو جەنگە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو سەختیەبوو کە موسڵمانان لەموئتەدا تووشیان بوو بانگەوازی هۆزەکانی باکوور لەسەر سنورە بیزەنتیەکانیش بوو تابێنە ناوئیسلام، پێغەمبەر(ﷺ) زانی کەچەند هێزێکی ڕۆم لەسەر سنووری فەلەستین بۆ جەنگان لەگەڵ موسڵماناندا کۆبوونەتەوە، بۆیە سوپایەکی پێکەوەناو ئامادەی کرد کەبەسوپای(العسرة)تەنگانە ناودەبرێت چونکە بڕیاری جەنگو ڕێکردن لەکاتی نارەحەتی خەڵكو گەرماو ووشکیدابوون، ئەوانەی تواناو داهاتیان هەبوو پێویستی جەنگی هەژارەکانیان دابین دەکرد.

پێغەمبەر(ﷺ) لە(مانگی ڕەجەبی ساڵی ٩ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٦٣٠ز)دا بەسوپایەکەوە کەوتە ڕێ تاگەیشتەتەبووك[2]، ئینجا لەوێ چەند ڕۆژێك مایەوەو لەگەڵ خەڵکەکەیدا ڕێککەوتنی بەستو تیایدا پێشوازی وەفدی چەند هۆزێکی لەئیلەو ئەزروحو[3] جەرباء[4] کردو خالیدی کوڕی وەلیدی نارد بۆ ئەکیدەری بەرپرسی(دەومەتولجوندول)[5] ئەویش بەدیلی گرتو گوندەکەی فەتحکرد.

ڕۆمەکان کەزانیان موسڵمانان گەیشتوونەتە تەبووك بەپەلە پاشەکشەیان بۆ ناو سنورەکانیان کردو وایان پێباشبوو لەنزیك بنکەکانیانەوەو دوور لەبیابان کەدەرفەتی کاری سەربازی عەرەبە بجەنگن، کاتێك پێغەمبەر(ﷺ) بەپاشەکشەکەیانی زانی گەڕایەوە بۆ مەدینەو بەوە وازیهێنا

---

[1] هەمان سەرچاوە: ١٤٨-١٥١.

[2] تەبووك: شوێنێکە لەنێوان وادیلقوڕاو شامدا، الحموي: ج٢ ص١٤.

[3] ئەزروح: ناوی شارێکە لەدەورووبەری شامو سەر بەشوورات بوو پاشان ناوچەیەکی بەلقاء بوو، الحموی: ج١ ص١٢٩.

[4] جەربا: شوێنێکە سەر بە عەمانە لەبەلقا لەخاکی شامو لەنزیك شاخی سورات لەناوچەی حیجازە جەربا گوندێکی ئەزرەح بوو، الحموی: ج٢ ص١١٨.

[5] دەومەتولجوندول: حەوت قۆناغ لەدیمەشق دوورەو لەنێوان دیمەشقو مەدینەدایە، الحموی: ص٤٨٧.

## ئەبو بەکری صدیق(ﷺ)( ١١-١٣ك/٦٣٢-٦٣٤ز)

**باسوخواسی خیلافەت:**

**باری سیاسی لەمەدینە لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ)و هەڵبژاردنی ئەبوبەکر(ﷺ):**

مردنی پێغەمبەر(ﷺ) کارەساتێکی توند بوو کەبەگشتی تووشی موسڵمانان بوو و باسوخواسی پاراستنی دەستکەوتەکانی لەبواری ئایینو دەوڵەتداو دواتریش پرسی خیلافەت کەیەکسەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەواڵی مردندا کەوتە بەرباس خۆی نواند، لەقورئانی پیرۆزدا دەقێکی ڕاشکاوانە نیە کەبنەڕەتەکانی هەڵبژاردنی خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) دەستنیشان بکات، بەڵام قورئانی پیرۆز بانگەواز بۆ شوراو دادپەروەریو گوێڕایەڵی کاربەدەستان دەکات ڕێبازی ڕێڕەوی پێغەمبەر(ﷺ) یش لەگەڵ ئاڕاستەکانی قورئانی پیرۆزدا دەگونجێتو درێژەی زیاتر لەبازنەی ئەو واتایانەی نەخستووەتە ڕوو، وەك ئەوەی بەو کارە ویستبێتی کارەکە بەشورا لەنێوان موسڵماناندا بەجێبهێڵێت تاکەسێك هەڵبژێرن کەلەسەر نەریتی پێشتری هۆزایەتی کەعەرەب هەیبوو تاپایەی خیلافەت بگرێتە دەست، بەتایبەت پێغەمبەر(ﷺ) کوڕێکی لەدوای خۆی بەجێنەهێشتبوو تاشوێنی بگرێتەوە.

پشتیوانان لەکەپری بەنی ساعیدە[1] کۆبوونەوە تالەسەر پرسی خیلافەت قسەبکەن سەرچاوەکان باس لەوە ناکەن کەکێ بانگەوازی بۆ ئەو کۆبوونەوەیە کردو چۆن بانگکران، بەڵکو باس لەکۆبوونەوەیان لەکەپرەکەدا هاتووە، پشتیوانەکان سەعدی کوڕی عوبادەی سەرکردەی خەزرەجیان کاندیدکرد تاکاروباری موسڵمانان بگرێتەدەست[2] ئەوان بەتەواوی هەستیان بەوە کردبوو کەپێویستە خەلیفەیەك دیاریبکەن تاکاروباری مەدینەو موسڵمانان بگرێتەدەست، بەتایبەت لەژێرسایەی ئامادەنەبوونی کۆچەران کەهەندێکیان سەرقاڵی بەخاکسپاردنی پێغەمبەر(ﷺ) بوونو دەستەیەکی تریش کەهێشتا کارەساتەکە دەروونی گرتبوونو دەستەیەکی تریش تادوای بەخاکسپاردنی پێغەمبەر(ﷺ) هیچ بیریان لەدیاریکردنی خەلیفە نەدەکردەوە، لەسایەی ئەم بارەدا شارەکەیان لەلایەن دەشتەکیەکانو پیاوانی هۆزەکانی دەورووبەری مەدینەوە لەژێر هەڕەشەدابوو[3].

کاتێك هەواڵی کۆبوونەوەی پشتیوانان لەکەپری بەنی ساعیدەدا گەیشتە ئەبوبەکری صدیقو عومەری کوڕی خەتتاب(ﷺ) هەردوکیان بەپەلە هاتن بۆ ئەوێ، چونکە باسەکە گرنگیو مەترسی

---

[1] کەپری بەنی ساعیدە: لەمەدینەیەو لەژێریدا دادەنیشتن، بەنی ساعیدەش ئەوانەبوون کەکەپرەکە هی ئەوانبوو ئەوان لەناوچەی پشتیوانانو سەربە پشتیوانان بوون.

[2] الطبري: ج٣ ص٢٠٠.

[3] شاكر محمود: التأريخ الإسلامي، الخلفاء الراشدون ص٤٩-٥١.

پرۆژەی کێشەی دەسەڵاتی لەخۆدەگرت، لەرێگەدا گەیشتن بە ئەبوعوبەیدە عامری کوڕی جەراح(ﷺ)و بردیان لەگەڵ خۆیاندا، ئەبوبەکر(ﷺ) چووە ناو کۆبوونەوەکەو ووتارێکی بۆ خستنە ڕوو و تیایدا دیدی کۆچەرانی بەگشتی لەسەر هەڵبژاردنی خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) ڕوون کردەوە[1].

بێگومان گێڕانەوە مێژووییەکان لە سەرچاوەکانەوە لەسەر ڕووداوەکانی کۆبوونەوەی کەپری بەنی ساعیدە شتی زۆریان بۆ پاراستوینو گێڕانەوەکان زۆرو لێك جیان، بەڵام لە چەند خاڵێکی جەوهەریدا هاوبەشو بارێکی چاكو لەبار لەخۆدەگرنو دەتوانرێت لەمێژووی ئەو ماوەیەدا پشتی پێ ببەسترێت، پرسی خیلافەتی پێغەمبەر(ﷺ) هەندێ جار جێی مشتو مڕێکی زۆرە، پاش خستنە ڕووی کۆمەڵێ پێشنیار موسڵمانان لەسەر ئەوە یەك دەنگ بوون کە ئەبوبەکر(ﷺ) یەکەم خەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) بێت، چونکە ئەو لەنوێژدا جێگیری بوو، لەئەشکەوتدا جێحەسانەوەی بوو، لەکۆچیشدا هاوەڵو هاودەمی بوو، وێڕای زۆریو بەهێزی ئیمانیو باڵایی ڕەوشتیو قوربانی دانی لەرێی خوادا[2].

**گرنگترین کارەکانی ئەبوبەکری صدیق(ﷺ):**

أ- **ناردنی هەڵمەتەکەی ئوسامەی کوڕی زەید:** پێغەمبەر(ﷺ) لەپێش مردنیدا هەڵمەتێکی سەربازی بەسەرکردایەتی ئوسامەی کوڕی زەید سوپایەکی ئامادەکرد تا بە ئامانجی تۆڵەسەندنەوەی کوژراوانی جەنگی موئتەو تەمێ‌کردنی غەساسینە بینێرێت بۆ دەورووبەری شام، کاتێك ئوسامە(ﷺ) هەواڵی نەخۆشی پێغەمبەر(ﷺ)ی بیست لەشوێنێکی نزیك لە مەدینە کە پێی دەوترا(ذوخەشەب) سەنگەری گرت.

چەند ڕۆژێك لەدوای بەیعەتی ئەبوبەکری صدیق(ﷺ) فەرمانی کرد تا سوپاکەی ئوسامە بە ئاراستەی خۆی بجولێتو گوێی بەو ڕایانە نەدا کە پێیان باش بوو هەڵمەتەکە بوەستێت لەبەر ئەوەی سەرەتای هەڵگەڕانەوە لەنێو ڕیزەکانی هۆزەکاندا دەرکەوتبوون یان دەبێت سەرکردەکەی کە زەید بوو لەبەر کەمی تەمەنی بگۆڕدرێت، ئەبوبەکری صدیق کەوتە ماڵئاوایی کردن لە سوپاو وەسیەتی بۆ ئەندامەکانی کرد، وەسیەتەکەی بە یاسایەکی بنەڕەتی ڕەوشتو هەڵسوکەوت دادەنرێت تا سەربازان لەکاتی جەنگدا پەیڕەوی بکەن[3].

---

[1] بۆدەقی ووتارەکە بروانە: الطبري: ج٣ ص٢١٩-٢٢٠.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٢٠١-٢١١، ٢١٨-٢٢٣.

[3] الطبري: ج٣ ص٢٢٣-٢٢٧.

**ب- جەنگی هەڵگەڕانەوە:**

**پاڵنەرەکانی هەڵگەڕاوەکان:** دوو ڕووداوی دیاری کورتی ناو خیلافەتی ئەبوبەکری صدیق(ﷺ) کە بریتی بوون لە هەڵگەڕانەوەو سەرەتای فتوحاتی ئیسلامی لەدەرەوەی بازنەی نیمچەدورگەی عەرەبیدا، هەریەکەیان کاریگەری تایبەتی خۆی لەسەر داهاتووی بانگەوازی ئیسلامیو عەرەبیش هەبوو.

هەموو سەرچاوەکان بەبزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە یان هەڵگەڕانەوەو پاشگەز بوونەوە لە ئیسلام ناوی ئەو گۆڕانو گەشەسەندنانە دەبەن کە لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ) لەناوچەکانی نیمچەدورگەی عەرەبیدا ڕوویان داو ڕاپەڕینی هۆزەکانی لێ کەوتەوە[1].

سیاسەتی گشتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوە بوو هەموو عەرەب لەژێر ئالآی ئایینی ئیسلام لەدامەزراوەیەکدا یەك بخات کە نیزامی هۆزایەتی تێپەڕێنێت، بەهۆی پاڵپشتی خوای گەورەو ڕەوشتی بێوێنەی خۆیەوە توانی کۆمەڵێکی ئایینی-سیاسی دابمەزرێنێت کە قەوارەی دەوڵەتێکی لەخۆ دەگرت، بەگشتی عەرەب چوونە ناو ئەو ئایینەو چوونە ژێر ئالآی ئیسلامەوەو ملکەچی سەرکردایەتی ئایینیو سیاسی پێغەمبەر(ﷺ) بوون، بەڵام بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە لاوازی ئەو قەوارە سیاسیەی خستە ڕوو، بەتایبەت لە ناوچەکانی دەوروبەردا، ئەوەیشی نیشان دا کە هۆزە عەرەبییەکان بەنارێکی چوونەتە ناو ئیسلامو ڕیشەی خوو و نەریتە هۆزایەتیەکان لەدەرونیاندا لەپەیوەستو بەندی ئاین بەهێزتر چەسپاوە.

لەڕاستیدا سیاسەتی یەکخستن لەسەردەمی پێغەمبەر(ﷺ)دا تەواو کامڵ نەبوو و ئایینی ئیسلام تەنها لەناو دانیشتوانی مەدینەو مەککەو تائیفو چەند هۆزێکی دەوروبەری ئەو شارانەدا ڕیشەی داکوتابوو و دانیشتوانی ناوچەکانی تری نیمچەدورگەی عەرەب تەنها بە ناوو لەژێر فشاری باری سیاسیدا ملکەچی دەسەڵاتی موسڵمانان بووبوون، ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەوانە کاتێ ئیسلامیان وەرگرتبوو هێشتا نەخۆشی یان جۆرێك لە دووڕوویی لەدەروونیاندا هەبوو.

کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەر باری سیاسی دەرەوەی مەدینە ڕەنگی دایەوە، هەروەك لەناوخۆی مەدینەشدا ڕەنگی دایەوەو هەندێ هۆز هەستیان بەجۆرێك ئازادی دەکرد لەدوای ئەوەی پێیان وابوو قوڕەیش سەربەخۆیی ئەوانی بردووەو بەحوکمی ئایین خستونیەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بۆیە دەیانویست پەیوەستی مادی خۆیان کە زەکات بوو و ئیسلام لەسەر موسڵمانانی پێویست

---

[1] الطبري: ص٢٢٥-٢٤٢.

کردبووبەجێنەگەیەنن چونکە ئەوەیان بەجۆرێك لە سەر شۆڕی دەزانی کە پێشتر لەژیانیاندا ئەنجامیان نەدەدا، لەگەڵ ئەوەی ئیسلام سەرانەی دانەنابوو تا شکست خواردوان بیدەن بەسەرکەوتوان، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون زەکات بدەن بە ئەبوبەکری صدیق(ﷺ).

لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ) دەمارگیری هۆزایەتی تەواو بەڕوونی لای چەند هۆزێك دەرکەوت‌و هەڵوێستێکی سیاسی بەتایبەت دژ بەقورەیشی لەخۆگرت بەو تێڕوانینەی کە قورەیش سەرکردایەتی کۆمەڵی موسڵمانانی دەکردچونکە ئەوان ڕازی نەبوون قورەیش سەرکردایەتیان بکەن، لەدوای کۆچی پێغەمبەر(ﷺ) وەك جۆرێك لەمیراتی کە عەرەب لەسەری ڕانەهاتبوون سەیری دەسەڵات‌و سەرکردایەتی دەکرد، ئەمەش بەتەواوی لەگەڵ ئەو بارەدا یەکی نەدەگرت کە ئەبوبەکری تێدا دەستنیشان کرا بەبێ ئەوەی ڕای هۆزەکان وەربگیرێت، بۆیە بەیعەت دان بە ئەبوبەکری صدیق(ﷺ) لەنێوەندی هۆزەکاندا گشتگیری‌و هەموەکی خۆی وەرنەگرت.

شتێکی تری پەیوەست بە دەمارگیری هۆزایەتی کە ڕکەبەری‌و حەسودی نێوان هۆزەکانی لەخۆدەگرت کەتێبینی پێشڕەوی بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەین، جا چەند بانگەشەکەرێکی پێغەمبەرایەتی لەچەند ناوچەیەکی جیای نیمچەدورگەی عەرەبیدا دەرکەوتن، ئەو دیاردەیە بەیەکێك لەو بەربەستانە دادەنرێت بۆسەرکەوتنی پێغەمبەر(ﷺ) لەدوای فەتحی مەککەو فراوان کردنی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی لەڕێگەی یەکخستنی مەککەو مەدینەوە بەدی هێنابوو.


فرەجۆری ژیان لە نیمچەدورگەی عەرەبیدا لەڕۆڵی لەپشێوی‌و پێکدادانی عەرەبیدا هەبوو، جاژیانی ژیارو خێڵایەتی لەگەڵ جیاوازی نێوانیان لێك نزیك بوون، ئەمە وایدەکرد یەکبوونی نەتەوەیی کارێکی ئاسان نەبێت، سروشتی ژیانی خێڵایەتی ملکەچی دەسەڵاتدارێك نەبوو کەلەسەر شێوەی تێگەیشتنی ژیارییەکان بێت، هەروەك ژیانی هۆز لەبیاباندا نیازی سەربەخۆیی بوونی هەبوو، بۆیە بەرەنگاری هەرشتێك دەبوویەوە کەدەسەڵاتی کەمبکات یان سنووری بۆدابنێت، کاتێك ئاینی ئیسلام لەنێو عەرەبدا بڵاوبوویەوەو بانگەوزای بۆیەکبوون دەکرد، ئەو هۆزانە ترسیان یەکبوونی ئیمان بەخوا بەرەو یەکبوونی سیاسی بچێت‌و سەربەخۆیی بیابانیشیان لەناوببات[1].

هۆکاری بیانیش ڕۆڵی لەبزواندانی ئەو هۆکارو پێناوانەدا هەبوو کەدەبوونە هۆی ڕاپەڕاندنو هەڵگەڕانەوەی عەرەب چونکە پێغەمبەر(ﷺ) کەنامەی بۆ پاشاو سەرکردە دراوسێکان ناردو

---

[1] هیکل: محمد حسین: الصدیق أبو بکر، ص٩٩-١٠٠.

لەوانەش فارس‌و ڕۆمەکان کەتیایدا بەرەو ئیسلام بانگی دەکردن، ئەمە ئەوانەی هاندا تا هەوڵی ئاژاوە نانەوە لەووڵاتێکدا بدەن کەتەنها هۆکاری یەکبوونیان ئایینی نوێیە(ئایینی ئیسلام)[1].




**نەخشەی سوپای جەنگی هەڵگەڕانەوەکان**

---

[1] هەمان سەرچاوە.

بەمجۆرە مردنی پێغەمبەر(ﷺ)دەرفەتی لەبەردەم ئیمان لاوازان‌و دووڕووان‌و دوژمنانی عەرەبەکانی دژبە قورەیش ڕەخساند تانیازی جیاوازی‌و دیدو نەزعەی سەربەخۆیی نیشان بدەن جابزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە یەکەم گورزو کارەساتی سەرەتایی دژبە کۆمەڵگەی ئیسلامی‌و بەرەو ڕووبوونەوەی یەکەمی ئەبو بەکری صدیق بوو.

لەو ڕووانگەیەوە بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە چەند پاشخانێکی هەبوون کەپێویست بەهاو وێنەبوونیان نەبوو، بەڵام پێکەوە یەکیانگرت‌و بوونە هۆی تەقینەوەی بارەکە ئەمە بەواتا فیقهیەکەی هەڵگەڕانەوە دیدی گشتگیری هەموو هۆزەکان ناگرێتەوە، چونکە هەندێکیان پاڵنەری سیاسی یان ئابووری هانی دادەن و بەهیچ جۆرێك جەوهەرو کرۆکی بیروباوەڕی تێدانەبوو[1].

لەئەنجامی ئەمەدا بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە لایەنی ئاینی‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووری ئەو پەرچەکردارەی دەنواند کەڕاستەوخۆ لەدوای مردنی پێغەمبەر(ﷺ) ڕوویداو وێڕای لایەنی سیاسی لایەنی ئاینیەکەی بەچوارچێوەگرت، دەبێت هەڵگەڕاوەکان بۆ چوار تاقم دابەش بکەین:

**یەکەم:** ئەوانەبوون کەبەدەرەنجامەکانی کۆبوونەوەی کەپری بەنی ساعیدە ڕازی نەبوون‌و ئیمان‌و پەیوەستی خۆیان بەبیروباوەڕی ئیسلامیەوە دەپاراست، بەڵام لەدوای ئەوەی ئەبوبەکر دەسەڵاتی گرتەدەست بێدەنگبوون‌و لەئیسلام هەڵنەگەڕانەوە، هۆزەکانی عەبەس‌و زبیان‌و هەندێکی بەنی بەکری کوڕی وائیل‌و هۆزی گەورەی عەبدولقەیس لەبەحرەین ئەم ئاڕاستەیان لەخۆدەگرت.

**دووەم:** ئەمانە لەئیسلام هەڵگەڕابوونەوەو سەرکردەکانیان تاجیان لەسەرسەریان دانا[2].

**سێیەم:** ئەوانەبوون کەئامادەنەبوون زەکات بەئەوبەکر بدەن چونکە ئەوەیان بەشوێنکەوتەیی‌و کۆتکردنی ئازادی‌و سەربەخۆیی هۆزەکان دەزانی‌و بانگەشەی ئەوەیان دەکرد ئەمە تەنها بۆ پێغەمبەر(ﷺ) بووە، جاکە پێغەمبەر(ﷺ) کۆچی دوایی کرد، هەڵوەشانەوەی ئەوەی کەبەخەلیفەی پێغەمبەر(ﷺ) یان دەدا، هۆزەکانی بەنو ئەسەدو غەتفان‌و تەیء و تەمیم ئەم تاقمەیان پێکدەهێنا.

**چوارەم:** ئەمانە کەوتنە شوێن ئەوانەی بانگەشەی پێغەمبەرایەتیان دەکرد چونکە هەندێك لەسەرکردەکانی هۆزەکان پێیان وابوو بانگەشەی پێغەمبەرایەتی پێناوێکی گەیشتن بەدەسەڵاتە، تولەیحەی ئەسەدی لەنەجدو موسەیلەمەی کەزاب لەبەنی حەنیفە لەیەمامەو ئەسوەدی عەنەسی لەیەمەن ئەم تاقمەیان لەخۆدەگرت.

---

[1] بیضون: إبراهیم: ملامح التیارات السیاسیة في القرن الأول الهجري: ص٢٥-٢٦.

[2] نوعمانی کوڕی مونزیری کوڕی ساوای تەمیمی لەبەحرەین تاجی لەسەرسەری نا، هەروەها لەقیتی کوڕی مالیکی زوتاج لەعومان وایکرد، بڕوانە: الیعقوبي، أحمد بن أبي یعقوب: تأریخ الیعقوبي: ج٢ ص١٣-١٧.

بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوە زۆربەی بەشەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبی گرتەوەو لەبەحرەینو عومانەوە بەدرێژایی کەناراوی کەنداوی عەرەبیو لەرۆژهەڵاتەوە بۆ باشووری رۆژهەڵاتو دواتر حەزرەمەوتو یەمەن لە باشووریو ئینجا یەمامەی گرتەوە، واتە شێوە نیوە بازنەیەکی پێدەهێنا کەچواردەوری بەشی گەورەی نیمچەدوورگەی عەرەبی دابوو.

ج- **بەرەنگاربوونەوەی هەڵگەڕانەوەکان:** ئەبو بەکر(ﷺ) بەدلێریو نەبەردیەوە بەرەنگاری هەڵوێستی هەڵگەڕاوەکانو بانگەشەکەرانی پێغەمبەرایەتیو زەکات نەدەران بوویەوەو لەبەردەم ئەو هەڕەشەیەدا سەلماندی کەپیاوی بەهێزی دەوڵەتو خاوەن بڕیاری نەترسە، ئەوێی وابوو هەڵگەڕانەوەی هۆزەکان گوررزێکەو ئاراستەی دەوڵەتی ئیسلامی بیروباوەڕو ڕونیزامی ئایینی ئیسلام دەکرێت، بۆیە سوپای ئامادەکردو بۆ سەرکوتکردنی هەڵگەڕانەوەکان خستیەبزاوتو یەك شێوە نامەی بۆ هۆزەکان ناردو تیایدا بانگی دەکردن تابێنەوە ناوبازنەی ئایینو بەرپەرچی ئەو گومانەی دەدایەوە کەلەئەنجامی مردنی پێغەمبەر(ﷺ) دروستبووبوو و هەڕەشەی کوشتنو سووتاندن بەکۆیلەو کەنیزەك گرتنی ژنو منداڵانیان لێکردن[1]. لەڕووی سەربازیشەوە توانی لەساڵی یەکەمی دەسەڵاتیدا بزوتنەوەی هەڵگەڕانەوەکان لەناوبباتو مەڵبەندو قەڵەمڕەوی مەدینەی بەسەر هەموو ناوچەکانی تردا گێڕایەوەو ئامانجی خۆی لەپاراستنی شانوشکۆی ئیسلامو مەڵبەندی دەوڵەتی تازەپێگەیشتووی ئیسلامدا بەدیهێنا.

د- **فراوانخوازی لەدەرەوەی چوارچێوەی نیمچەدوورگەی عەرەبیدا:**

أ- **هۆکارەکانی بزوتنەوەی فتوحات:** فراوانخوازی لەدەرەوەی چوارچێوەی نیمچەدوورگەی عەرەبیدا دووەم ڕووداوی ناو خیلافەتی ئەبو بەکر(ﷺ) بوو، چونکە خەلیفە لەدوای لەناوبردنی بزوتنەوەی هەڵگەڕاوەکان بەئامانجی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لەووڵاتانی دراوسێ لەلایەكو دژا یەتیکردنی فارسو ڕۆمە بیزەنتیەکان لەلایەکی ترەوە گرنگی خۆی بەدەرەوەدا.

فارسەکان لەڕووی بانگەوازی ئیسلامیدا دەوەستانو پاڵپشتی دوژمنانی بانگەوازەکەیان دەکردو هەڵگەڕاوەکانیان هاندەدا، بیزەنتیەکانیش دژایەتی بانگەوازی ئیسلامییان دەکردو دوژمنانی موسڵمانانیان سەردەخستو هۆزە مەسیحیە دژبە ئیسلامەکانیان هاندەدان، دەی دەبوو لەگەڵ ئەو دوو لایەنەدا جەنگ بکات، بۆیە یەك لەدوای یەك سوپای بۆ فەتحکردنی ووڵاتی فارسو شام دەنارد.

---

[1] بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: الطبري: ج٣ ص٢٤٩-٢٥٢.

لێرەدا دوو خوێندنگە لەراڤەو تەفسیری بزوتنەوەی فتوحاتو ئەو سەرکەوتنانەی موسڵمانان بەدییانهێنان ڕامان دەوەستێنن کەبریتین لەخوێندنگەی تەقلیدیو خوێندنگە هاوسەردەمیەکان ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەواڵو قسەی تەقلیدیەکان لەمێژوونوسانی ئەو قۆناغەدا، تێبینی ئەوە دەکەین کەلەسەریەك پاڵنەری موسڵمانان بۆ چوونە دەرەوەی نیمچەدوورگەکەیان قسەدەکەن کەئەویش ئەو بیروباوەڕیە کەلەسەرئیمانی پتەوو ماتمانەبوون بەژیانی هەتایی دوای مەرگ بنیادنراوە.

بۆیە موسڵمانان خۆ بەخۆو بەپەلە چوون بەدەم بانگەوازی جیهادی ئەبو بەکرەوە، ئەبو بەکر هەواڵی نارد بۆ(خەڵکی مەککەو تائیفو یەمەنو هەموو عەرەبی نەجدو حیجازو داوای هاتن بۆ جیهادی لێدەکردنو هانی جیهادو دەستکەوتەکانی ناو ڕۆمی دەدان، خەڵکیش لەنێوان چاوەڕوانی پاداشتی خوای گەورەو دەستکەوتی دنیاییشدا بەپەلە بەرەو ڕووی هاتنو لەهەموو لاوە بەرەو مەدینە هاتن).

ئەم گێڕانەوەیەی بەلازەریە بۆلایەکی تری چوارچێوەی پێوانەکاری بزوتنەوەی فتوحاتمان دەبات، ئەگەر بزانین هەندێ لەو هۆزانەی لەسەرەتاوە لەو بزوتنەوەیەدا بەشداریانکردووە ئیسلام تاناستێك لەدەروونو هۆشیاندا چەسپاو نەبووە کەهانیان بدات تاوبدەنە سەختیو لەناوچوون بەبێ ئەوەی ئامانجێکی تریان جگەلە سەپاندنی بیروباوەڕی ئیسلام لەسەر دانیشتوانی ناوچە فەتحکراوەکاندا نەبێت، ئەگەر بەلازەری ئەو لایەنەی لەچوارچێوەی پێوانەکاری هۆکارەکانی فتوحاتدا هێنابێتو گومانی لەپابەندی هەندێ هۆز بەرێبازی جیهادەوە هەبێت ئەوا دەقەکەی خالیدی کوڕی وەلید لەدوای جەنگی(وەلەجە) دژبە فارس لەعێراق زیاتر بەڕوونی هۆکاری ئابووری بزوتنەوەی فتوحات دەردەخات لەگەڵ ئەوەی چەند ووتەیەکی بەگوڕوتینی ناو چوارچێوەی ووتارن تاسربازان بەئامانجی بەدەستهێنانی پاداشتی جیهادو دواتر دەستکەوتی دوژمنان لەسەر جەنگو جیهاد هان بدات، شیاوی باسە سەربازان تاسەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) پشتیان بەدەستکەوت دەبەستو لەڕۆژانی پێغەمبەر(ﷺ)و ئەبو بەکری صدیقیشدا مووچەیان نەبوو[1].

ئەمە ڕاڤەی ئەو نارێکیو هاوسەنگی ئابوورییەی ناونیمچەدوورگەی عەرەبی لەنێوان زۆرینەی دانیشتوانیو کەمی خۆراکیدا دەکات کەبەخۆیەوە دەبینی، یان ئەو ووشکە بارییەی کە کەشوهەوای ئەوێی داگرتبوو و پێویستی بەگەڕان بەدوای شوێنی ژیان لەناوچە بەپیتە دراوسێکاندا دەکرد، ئەمە خەڵکی هانداتا هەر ڕێگایەك پێناو ڕزگاری بووندا بگرنەبەر.

---

[1] الطبري: ج٣ ص٣٥٤.

هۆكاری سیاسیش ڕۆڵی لەپاڵپێوەنانی عەرەب بۆ دەرەوەی نیمچەدوورگەكەیان هەبوو، باری ئەوكاتەی دوو دەوڵەتی گەورەی فارس‌و بیزەنتی كەلاوازی‌و لێكهەڵوەشان بوو بەهۆی شۆڕشە ناوخۆییەكان‌و جەنگە درێژخایەنەكانی نێوانیانەوە كەدارایی‌و توانای لەپەلوپۆ دەخستن بوونەیارمەتیدەر، دواتر بارگرژی‌و نالەباری لەهەموو بەشە ئابووریەكاندا بڵاوبوویەوەو هەردوو دەوڵەتەكە لەباری بێ دارایی‌و ئیفلاسبووندابوون، بۆ شاردنەوەی ئەو دەستەوسانیە كاربەدەستانی ئەو دوو دەوڵەتە باجێكی زۆریان سپاند كەهیلاكی‌و ڕووتاندنەوەی دانیشتوانیان زیادكردو كارگێڕی حكومییش بێتواناییەكی زۆری لەهەڵسوڕاندنی كاروباری دەسەڵات‌و پارێزگاری‌و پاسەوانی خەڵكاندا نیشاندا هەموو ئەمانە بوونە هۆی لاوازبوونی مەڵبەندی سیاسی هەردوو دەوڵەتەكەو دەركەوتنی هێزێكی نوێی سیاسی كەشوێنی هەردووكیان بگرێتەوە جێی پێشبینی بوو.

پەیوەندی ڕەگەزایەتی نێوان عەرەب‌و دانیشتوانە عەرەبەكانی ویلایەتەكان بەپاڵنەرێكی تر دادەنرێن تابچنە دەرەوەی نیمچەدوورگەی عەرەبی، لەووڵاتی شام‌و عێراقدا چەند هۆزێكی عەرەبی نیشتەجێبوون كەوەرگرتنی دەسەڵاتی ئیسلامییان لەسەردەستی عەرەبەكانی نیمچەدوورگەی عەرەبی بەشتێكی سەخت نەدەزانی.


هۆكاری ئایینیش لەو ویلایەتانەدا لەفراوانخوازی ئیسلامیدا ڕۆڵی هەبوو، ڕۆمە بیزەنتیەكان كەتنی چەوساندنەوەی چەند تاقمێكی مەسیحی وەك یەعقووبی‌و نستوریەكان‌و ئەوانەی تر كەلەووڵاتی شامدا نیشتەجێبوون ئەمەش لەبەرجیاوازی مەزهەبی ئاینیان.

هەندێك لەمێژوونووسە هاوسەردەمەكان لەسەر ئەم ئاماژەو بنەمایانەو چەندێكی تر بۆ پێوانەكردنی بزووتنەوەی فتوحات بەبێ ڕوانین بۆ هۆكارەكانی تر ڕایەكی یەكلاییان داناوە، بەڵام ئەو سووربوونە لەسەر ئەوەیە لەیەك لایەنەوە پۆسەكە نیشان بدەیت، دیدی ڕاست لەخوێنەر دەشارێتەوە، وێڕای ئەوەی فتوحاتەكە لە پێكهاتە بیروباوەڕی‌و مرۆییەكەی بەتاڵ دەكەن[1].

لەڕاستیدا هیچ ڕاڤەیەكی تنهایی بەتەنها شیاوی ئەوەنیە بابەتی لێدوانی مەوزووعی، فتوحاتی ئیسلامیش ئەنجامی لێكۆڵینەوەیەكی زۆرە كەلەدوای چەند كۆبوونەوەو مشتومڕێكی دووبارەی ئەهلی(حەل‌و عەقد) هاتووەو بۆ هەموو موسڵمانان خراوەتە ڕوو، پاشان بڕیاری یەكلایی لەسەردراوەو سەربازانێك بەجێیان گەیاندووە كەبڕوایان بەبیروباوەڕی خۆیان هەبووەو ڕێنماییەكانی ئیسلامیان لەو بەشانەدا بڵاوكردۆتەوە كەفەتحیان كردون.

---

[1] camb. Med. History vo ١٢P٣٣١ برنارد لويس: العرب في التاريخ: ص٢٨، ٧٥، أرنولد: الدعوة الى الإسلام ص٤٧.



ب- سەرەتای فتوحاتی عێراق:

**جەنگی(ذاتوسلاسیل):** قەدەری خوا وابوو ڕووداوە سەربازیە یەکەمینەکان لە فتوحاتی ئیسلامیدا کەوتنە بەرەی عێراقیەوە بەو پێیەی موسڵمانان لەدوای جەنگی هەڵگەڕانەوەکان خۆیان لە سەرسنووری ئەو وولاتەدا بینیەوە، ئەم بەرەیە پەیوەستی موثەنناى کوڕی حارثەی شەیبانی بوو کە لە سەرەتای ساڵی دوانزەی کۆچی/٦٣٣زایینی دا لەدوای ئەوەی مۆڵەتی لەئەبوبەکر وەرگرت تا(حیرە) بکات بەشانۆی چالاکیەکانی، دەستی بەچالاکیە سەربازیەکانی کرد، ئەرکی ئەو هەواڵگری بوو و تەنها چەند بەریەککەوتنێکی ئاسایی هەبوو لەو کاتەدا چالاکیە سەربازیەکان دەستیان پێکرد کەئەبوبەکر خالیدی کوڕی وەلیدو عیازی کوڕی غەنەمی بۆ فەتحی وولاتی فارس نارد.

هورمزی فەرمانڕەوای فارسی وویلایەتی حیرە هەوڵیدا پێشڕەوی سوپای ئیسلام بوەستێنێت، بەڵام خالیدو هێزەکانی توانییان لەجەنگی زاتوسەلاسیل لە(مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٢ك/مانگی نیسانی ساڵی ٦٣٣ز)دا تووشی شکستی بکەن، ئەو جەنگە بەو ناوەوە ناونرا چونکە هێزە فارسیەکان لەترسی ڕاکردنی سەربازەکانی بەزنجیر پێکەوە بەسرابوونەوە[1].

**یەکەم فتوحات:** سەرکەوتنی موسڵمانان لەزاتوسەلاسیل دەرفەتی ڕۆچوونە ناو خاکی فارسی لەعێراقدا ڕەخساندو لەگەڵ ئەو سوپا فارسیانەدا پێکیانداد کەبەپەلە ناردبوونیان تارێگری موسڵمانان بکەن، موسڵمانان لە(مەذار)[2] و(وەلەجە)و(ئولەییس)[3] دا سەرکەوتن و(حیە)و(ئەنبار)[4] و(عەین تەمر)[5](دەومەتولجوندول)[6] یان فەتحکرد.

گرنگی ئەو سەرکەوتنانە لەوەدایەکە:

- ڕێگەی لەبەردەم موسڵماناندا کردەوە تا لەعێراقدا جێپێی خۆیان بچەسپێنن.
- دەرفەتی چوونە ناو قووڵایی زەویە فارسیەکانیان بۆ ڕەخسا.

---

[1] الطبري: ج٣ ص٣٤٨-٣٤٩.

[2] مەذار: لەمیسانە لەنێوان واستو بەصرەداو شارۆچکەیەکی میسانە، لەگەڵ بەصرەدا ماوەی چوار ڕۆژ نێونیانە، الحموي: ج٥ ص٨٨.

[3] ئولەییس: دەکەوێتە سەرەتای خاکی عێراق لەناوچەی بیابانو گوندێکی ئەنبارە، هەمان سەرچاوە: ج١ ص٢٤٨.

[4] ئەنبار: شارێکە لەسەر فورات لەباشووری بەغدادو دە فەرسەخ لەبەغداد دوورە، فارسەکان پێیان دەوت فەیروز سابور، هەمان سەرچاوە: ص٢٥٧.

[5] عەین تەمر: شارێکی نزیکی ئەنبارەو لەرۆژئاوای کوفەیەو لەبەرەی ووشکانیەوەیە، هەمان سەرچاوە: ج٤ ص١٧٦.

[6] البلاذري: ص٢٤٦-٢٤٨، الطبري: ج٣ ص٣٥١-٣٥٨، ٣٧٨-٣٨٠.

● سەرەتای ئەزموونە ڕێکخراوە یەربازیەکانیان بوو لە دەرەوەی نیمچەدوورگەی عەرەبیدا.

گەشەسەندنی سەربازیەکانی بەرەی شام بوونە هۆی ئەوە چالاکیە سەربازیەکانی بەرەی عێراق بوەستن لەدوای ئەوەی ئەبوبەکر(ﷺ) خالیدی کوڕی وەلید(ﷺ) لەعێراقەوە بۆ شام گواستەوەو وەك سەرکردەی گشتی ئەو بەرەیە دەستنیشانیکرد، لەکاتێکدا موثەننای کوڕی حارثەی شەیبانی بوویەوە بەسەرکردەی بەرەی عێراقی.

**ج- سەرەتای فتوحاتی شام:**

**یەکەم بەریەککەوتنەکان:**

لەدوای ڕووداوەکانی فەتحی عێراق لەکۆتاییەکانی ساڵی ١٢ك/سەرەتاکانی ساڵی ٦٣٤ز دا نەخشەی بزاوتی ئیسلامی فەتحکردنی وڵاتی شام دەستیپێکرد، ئەو ئەنجامانەی لەهەڵمەتەکەی ئوسامەوە بۆ سەر باکوور کەوتنەوە، ئەبوبەکری هانداو دوو لیوای پێکهێنا، یەکێکیان بۆ خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاس بوو و ناردی بۆ دەورووبەرو ناوچەکنی شام، دووەمیش بۆ عەمری کوڕی عاس بوو و ناردی بۆ قوزاعە، لیوای خالیدی کوڕی سەعید بەیەکەم لیوا دادەنرێت کەئەبوبەکر(ﷺ) ناردی بۆشام، بەڵام خەلیفە بەزوویی لەمیرایەتی لابردو لەشوێنیدا یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیانی دانا، لەگەڵ ئەوەشدا کردی بەپاڵپشتێك بۆ موسڵمانان تیما[1] داو فرمانی پێکردتا لەوێ سەقامگیربێتو بەمۆڵەتی ئەو نەبێت بەجێی نەهێڵێت.


هەواڵی بزاوتی ئیسلامی گەیشتە بەرگوێی بیزەنتیەکانو سوپایەکی زۆریان لەعەرەبەکانی باشووری وڵاتی شام کۆکردەوە، ئەوکات ئەبوبەکر فرمانی بەخالیدی کوڕی سەعید کرد تا بەبێ دەستوەشاندن پێشڕەوی بکات، کاتێك لێیان نزیکبوویەوە، بڵاوەیان لێکرد ئەمە هانی خالیدی دا درێژە بەپێشڕەویەکەی بدات، یەکێك لە بەتریکە بیزەنتیەکان کەبە(باهان) بانگدەکرا بەرەو ڕووی بوویەوەو شکاندی.

خالیدی کوڕی سەعیدیش نامەی بۆ ئەبوبەکر نووسیو هەواڵی ئەو بارودۆخە سەربازیەی پێداو داوای یارمەتی بەپەلەی لێکرد، ئەبوبەکر زیلکیلاعی حەمیریو عیکریمەی کوڕی ئەبوو جەهلی بۆ یارمەتیدانی نارد، پاشان خالیدی کوڕی سەعید درێژەی بەکشانی خۆی بۆ باشووری دەریای مردووداو باهانیش لەمەرج سەفەر لەدەورووبەری دیمەشق هاتەرێیو چواردەوری داو ناچاریکرد بگەڕێتەوە، ئەمەش لەچواردەی موحەرەمی ساڵی ١٣ك/١١ی ئازاری ساڵی ٦٣٤ز

---

[1] تیماء: شارێکە لەناوچەکانی وڵاتی شام لەنێوان وڵاتی شامو وادیلقورا لەسەر ڕێگەی حاجیەکانی شامو دیمەشق، بڕوانە: الحموي: ج٢ ص٦٧.

دابوو[1]، لەوکاتەوە ئەبوبەکر گرنگی بەشام داو بڕیاری پێویستی جەنگی بۆ موسڵمانان ڕاگەیاندو دەستەو هەڵمەتی بۆ دەنارد.




---

[1] الطبري: ج٣ ص٣٨٧-٣٩٢.

**جەنگی ئەجنادەین:** ئەبوبەکر چوار لیوای پێکهێنا لەچەند لایەکەوە ئەرکی خۆیا بەجێبگەیەنن، ژمارەیان دەگەیشتە بیست‌و چوار هەزار سەرباز چوار سەرکردەشی بۆ دەستنیشانکردن: خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاص کەدوای ئەوە گۆڕی بەیەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان‌و بەرەو دیمەشقی نارد، شەرحەبیلی کوڕی حەسنە کەناردی بۆ بوسرا، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح‌و بەرەوشاری حمص ئاڕاستەی کرد، عەمری کوڕی عاص کەناردی بۆ فەلەستین، چەند بەریەککەوتنێکی جیاجیا لەگەڵ بیزەنتیەکاندا ڕوویداو یەکەمیان لەدائن ڕوویدا گوندێکی غەززەیەو بەشکستی بیزەنتیەکان بەسەرکردایەتی سرجیوسی فەرمانڕەوای فەلەستین کۆتایی پێهات[1].

هیرقل بەو بزاوتەی هێزە ئیسلامیەکانی زانیبوو، بۆیە ویستی بەتەنها لێی بدات‌و سوود لە جیاجیا لەبەرەکانەوە وەربگرێت، بۆیە لەحمص دابەزی‌و دوو سوپای گەورەی لەوێوە نارد کە ژمارەیان زیاتر لەسەدو پەنجا هەزار سەربازبوو و(وردان)و(تذارق) سەرکردایەتیان دەکرد، هەردوورکیان لەپێناو ئەو ئامانجەیدا بەرەو باشوور ناردن[2].

سەرکردە موسڵمانەکان هۆرشیاریان لەو نەخشەیە وەرگرت‌و دوای ڕاوێژکردن بڕیاریاندا لەگەڵ دوورکەوتنەوەیان لەبەریەککەوتن لەبەر جیاوازی ژمارەیان لەپاڵ بوسرادا کۆببنەوەو نامەیان بۆ ئەبوبەکر(ﷺ) نووسی‌و هەواڵی بڕیارەکەیان پێوت‌و داوایان لێکرد ئەویش ڕازی بێت، ئەبو بەکریش(ﷺ) ڕای سەرکردەکانی پێ قبوڵ بوو زانی بارەکە پێویست بەژمارەی هێزێکی زیاترو هۆشێکی نایابی سەرکردایەتی هەیە، ئەمەشی لەخالیدی کوڕی وەلید دا بەدیکرد، بۆیە نامەی بۆ نووسی تاعێراق بەجێبهێڵێت‌و بۆ فریاکەوتنی موسڵمانان بچێت بۆ وڵاتی شام‌و لەجیاتی ئەبو عوبەیدەدا سەرکردایەتیان بگرێتە دەست، خالیدی کوڕی وەلیدیش فرمانی خەلیفەی بەجێگەیاندو بە نۆهەزار سەربازەوە عێراقی بەجێهێشت.

کاتێك گەیشتە نۆکەندی بوسرا لەگەڵ سەرکردەکاندا کۆبوویەوە: شەرحەبیلی کوڕی حەسنە، یەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان، ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح‌و لەسەر نەخشەیەکی سەربازی کەدەبێت جێبەجێی بکەن ڕاوێژیانکرد، لەدوای ئەوەی لە(٢٥ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١٣ك/٣٠ ئایاری ساڵی ٦٣٤ز) بوسرایان فەتحکرد، بڕیاریاندا فریای عەمری کوڕی عاص بکەون کەئەوکات لەژێر

[1] البلاذري: ص١١٦.

[2] الطبري: ج٣ ص٣٩٢.

فشاری سوپای بیزەنتیدا کە تزارق سەرکردایەتی دەکردو شوێنی کەوتبوو بەرەو ڕووی بەرەی ڕۆژئاوای ڕووباری ئوردن پاشەکشەی دەکرد.

پاشان هەردوو سوپای بیزەنتی لەئەجنادەین لەنێوان ڕەملەو بەیت جبرین کۆبوونەوەو هێزە ئیسلامیەکانیش گەیشتنە ئەوێ، هەردوولا لەجەنگێکی قورس‌و سەختدا لەمانگی جمادیلئولا/مانگی تەمووزدا پێکیاندا دا، ئەوە یەکەم جەنگی گەورەی نێوان موسڵمانان‌و بیزەنتیەکان بوو و لەو ئەنجامەدا موسڵمانان سەرکەوتن[1].

**کۆچی دوایی ئەبوبەکری صدیق(رضي الله عنه):**

لەو کاتەدا خلیدی کوڕی وەلید بەسەرکەوتن لەدوای سەرکەوتنەوەسەرکردایەتی موسڵمانانی دەکرد، لەمەدینەوە نامەیەکی بۆهات‌و هەواڵی کۆچی دوایی ئەبوبەکری صدیق(رضي الله عنه)و دانانی عومەری کوڕی خەتاب(رضي الله عنه) بەخەلیفەی موسڵمانانی پێدا، نامەکە فرمانێکی عومەری(رضي الله عنه) لەخۆدەگرت کە فرمانی بەخالید دەکرد تا سەرکردایەتی بۆ ئەبو عوبەیدە چۆڵبکات[2]، ئەبوبەکر(رضي الله عنه) لەنێوارەی دووشەممە لە(٢٢ی جەمادیلئاخیری ساڵی ١٣ك/٢٣ ئابی ساڵی ٦٣٤ز)دا لەئەنجامی لەرزوو تایەکدا کۆچی دوایی کرد، ئەوکات تەمەنی ٦٣ ساڵ بوو، لەماڵی دایکمان عائیشە(رضي الله عنها) لەپاڵ گۆڕی پێغەمبەردا(ﷺ) بەخاک سپێردرا[3].

---

[1] الأزدي: تأريخ فتوح الشام: ص٨٤-٩٦، البلاذري: ص١٢٠-١٢١.

[2] البلاذري: ص١٢٢، بەراووردی بکە بە الطبري: ج٣ ص٣٩٨، ٤٣٤ کەباس لەوە دەکات لەکاتی جەنگی یەرمووك لەساڵی ١٣ك دا ئەبو عوبەیدە کراوە بەسەرکردەی سوپاکان.

[3] الطبري: ج٣ ص٤١٩-٤٢٣.

## عومەری کوڕی خەتـاب (ﷺ) (١٣-٢٣ك/٦٣٤-٦٤٤ز)

**بەیعەتدان بەعومەری کوڕی خەتـاب(ﷺ):**

کاتێك نەخۆشی فشاری بۆ ئەبوبـەکر(ﷺ) هێنـاو زانـی مـەرگی نزیکبووەتـەوە وای پێباشـبوو کاری دیاریکردنی خەلیفەی دوای خۆی یەکلابکاتەوە لە ترسی ئەوەی موسـڵمانان لـەدوای خـۆی دووبەرەکییان تێنەکەوێت، بۆیە عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) وەك خەلیفە لەدوای خۆی هەڵبژارد، ئەمە لەدوای ئەوەی ڕاوێژی بەگەورە هاوەڵانو موسڵمانان بە گشتی کردو هەموان بەوە ڕازیـوونو بەیعەتیان بە عومەر(ﷺ)دا[1].

ئەبوبەکر(ﷺ) یەکەم کەس بوو کە خیلافەتی دوای خۆی دابێتە دەست کەسـێکی دیـاریکراو، بەو جۆرە عومەر(ﷺ) پایەی خیلافەتی وەرگرت.

**تەواوکردنی فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتـابدا(ﷺ):**

**بەرەی فارس:**

١- **جەنگی پرد(الجسر)**[2]: لـەدوای ئـەوەی بـەرەی عێـراق بەچـوونی خالیـدی کـوڕی وەلیـد لاوازبوو و موسەنای کوڕی حارسـە نـەیتوانی ئـەو دەسـتکەوتانە بپارێزێـت کـە موسـڵمانان لە(سواد)ی عێراق بەدەستیان هێنابوو، عومەری کوڕی خەتاب بڕیاریدا یارمەتیو فریاگوزاری ئاراستەی عێراق بکات.

موسەنا چوو بۆ حیرەو لەوێ سـەنگەری گـرتو بـۆ ئەمـەش نامەیـەکی بـۆ خەلیفـە نووسـی، عومەریش(ﷺ) پێنج هەزار جەنگاوەری بۆ ئەبو عوبەیدەی کوڕی مەسعودی سـەقەفی ئامـادەکردو فرمانی پێکرد تا بۆ جەنگی دژبە فارس بـەرەو عێـراق بـچێت، لەهـەمان کاتـدا نامـەی بـۆ موسـەنا نووسیو فرمانی پێکرد تابەهێزەکانیەوە بداتە پاڵ ئەبو عوبەید.

پاش چەند پێکـدادانێکی لاوەکـی لەگـەڵ فـارس لەچـەند شـوێنێکی جیاجیـادا، ئـەبو عوبەیـد گەیشتە(قس الناطف) کەشوێنێکی نزیك حیرەیە لەبـەرەی ڕۆژهـەڵاتی ڕووبـاری فـورات، هـەروەها بە(المروحة) یش ناودەبرێتو لـەوێ موسەنا لەگەڵ هێزەکانیـدا دایـەپاڵ ئـەبو عوبەیـد فارسـەکانیش بەسوپایەکی چوار هەزار جـەنگاوەری بەسـەرکردایەتی(ذیلحاجیـب بهمـن جاذویـة) کەوتنـە ڕێو لەبەرەکەی تـری ڕووبارەکـەوە سـەنگەریان گـرت، پاشـان ئـەبو عوبەیـد لەڕووبارەکـە پەڕیـەوەو لەجەنگێکی سەختدا لەگەڵ سوپای فاسدا پێکیداداو تیایـدا ئـەبو عوبەیـد شـەهید بـوو موسـڵمانان

---

[1] اليعقوبي: تأريخ اليعقوبي: ج٢ ص٢٤-٢٦.

[2] بە(قس الناطف)و(المروحة)و(القرقس) ناوی دەبرێت.

لەپردێکەوە لەژێر فشاری جەنگەکەدا پەڕینەوە، بەڵام یەکێك لە موسڵمانەکان پردەکەی ڕووخاند تا پاشەکشە نەکەن ئەمە هەڵسوکەوتێکی ناڕەوا بوو، چونکە گیانی مەعنەوی موسڵمانەکانی لاوازکردو وایلێکردن لەدوای تێکچوونی نیزامی ڕیزەکانیان بەرەو ڕووی کوشتن بنەوە، لەوکاتەدا موسەنا نەخشەیەکی ڕێکخراوی پاشەکشەکردنی بەکارهێنا تاپەڕێتەوەو بەپەلە بەرەو حیرە چوو و لەوێوە چوو بۆ ئولەییس، لەکاتێکدا زیلحاجیب سەرکەوتنەکەی بەرهەمی نەبوو جەنگەکە لەمانگی شەعبانی ساڵی ١٣ك/تشرینی یەکەمی ساڵی ٦٣٤ز دا ڕوویدا[١].

٢- **جەنگی بوەیب**[٢]: جەنگی پرد دەستکەوتەکانی پێشووی موسڵمانانی نەهێشتو وایکرد جەنگەکانی سەر بەسەربن و هەڵوێستی موسەنای تەواو ووردبوویەوەو هەرگیز نەدەکرا بەبێ هاتنی فریاگوزاری نوێ بۆ مەیدانی جەنگ درێژە بەفتوحات بدات، بۆیە نامەیەکی بۆ عومەر(ﷺ) نووسیو داوای لێکرد هێزی موسڵمانانی بۆ بنێرێت، خەلیفەش بەپەلە جوولاو سوپایەکی بەسەرکردایەتی جەریری کوڕی عەبدولای بەجلی ئامادەکردو فرمانی پێکرد بەرەو عیراق بچێتو سوپای موسەنا بداتە پاڵی ئەو، لەو کاتەدا فارسەکان سوپایەکی دوانزە هەزار جەنگاوەریان بەسەرکردایەتی مەهرانی کوڕی بازانی هەمەدانی نارد تا لەڕووی موسڵماناندا بوەستێت، هەردوو سوپا لەجەنگێکی قورسدا لەبوەیب لە(مانگی ڕەمەزان/مانگی تشرینی دووەم)دا پێکیاندا داو سەرکەوتنی ڕوونی موسڵمانەکانی لێکەوتەوە، لەدوای جەنگەکە موسڵمانەکان لەسواد دا بڵاوبوونەوە تا گەیشتنە(سابات) لەشوێنێکی بەرچاوی مەدائیندا[٣].

٣- **جەنگی قادسیە**[٤]: فارسەکان لەبەردەم موسڵمانەکاندا تووشی چەند شکستێك بوونو بەو شکاستانە کاریگەربوونو لەدژی شاژنەیان(بورانی کچی کیسرا ئەبرویز)دا ڕاپەڕینو یەزگوردی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرایان دانا، ئەویش هەوڵی یەکخستنی بەرەی

---

[١] الطبري: ج٣ ص٤٥٤-٤٦٠.

[٢] بوەیب: ڕووبارێکە لەعێراق لەشوێنی کووفە بوور لەفوراتەوە دەهات، الحموی: ج١ ص٥١٢.

[٣] الطبري: ج٣ ص٤٦٠-٤٧٢، مەدائین: پایتەختی پاشایانی فارسە، ئەنور شیروانی کوڕی قوباد لەشوێنێك لەڕووباری فورات دەڕژێتە دیجلەوە بنیادی ناوخۆییو پاشاکانی دواتری ساسانی تا ڕۆژانی عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) لەوێ بوون، ناوی مەدائین بەفارسی تەیسەفون بوو کەحەوت شاربوونو نێوانی ئەو شارانە ماوەی دوورو نزیك بوو، الحموی: ج٥ ص٧٤-٧٥.

[٤] قادسیە: شوێنێکە پانزە فرسەخ لەکوفەوە دوورەو چوارمیل لە عوزەیب دوورە، الحموی: ج٤ ص٢٩١.

فارسی‌و گەڕانەوەی سوادی داو سەرکردایەتی سوپاکانی دایەدەست ڕۆستەمی کوڕی هورمزی سەرکردەی ناسراوی فارس.

موسەنا جارێکی تر باروو حاڵی سەختبوو کاتێك ئەو هەوڵانەی پێگەیشت، بۆیە سەرلەنوێ پاشەکشەی بۆ(ذي قار)[1] کردو نامەی بۆ عومەر(ﷺ) نووسی‌و شەرحی ئەو بارە سەربازیەی بۆکردو داوای فریاگوزاری لێکرد، عومەر(ﷺ) لەبەدەمەوە چوونی بانگەوازەکەدا نەوەستاو بەپەلە موسڵمانانی لەسەر خۆبەشی هانداو سوپایەکی نوێی پێکهێنا کەنزیکەی بیست هەزار جەنگاوەر دەبوون، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاسی کرد بەسەرکردەی ئەو سوپایەو ناردی بۆ عێراق تا بەرەنگاری ئەو بارە نوێیە ببێتەوە.

سەعد بەهێزەکانیەوە کەوتە ڕێ‌و لەقادسیە سەنگەری گرت لەدوای ئەوەی هێزە ئیسلامیەکانی ناو عێراق دایانە پاڵی لەو کاتەیشدا موسەنای کوڕی حارسەی شەیبانی کۆچی دوایی کرد، لەو نێوەندەدا سوپای فارسی بەسەرکردایەتی ڕۆستەم کەنزیەکەی سەدو بیست هەزار جەنگاوەر دەبوو گەیشت‌و هەردوولا لەجەنگێکی سەختدا لە(مانگی شەعبانی ساڵی ١٥ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ٦٣٦ز)دا پێکیاندا داو چەند ڕۆژێك بەردەوام بوو و بەسەرکەوتنی موسڵمانانو کوژرانی ڕۆستەم کۆتایی پێهات[2].

جەنگی قادسیە بەسەرکەوتنێکی یەکلایی موسڵمانان لەململانێیان لەگەڵ فارس‌و گورزێکی کوشندەی دژبە دەسەلاتی فارسی لەعێراقدا دادەنرێت، موسڵمانان توانییان هێزی مەیدانی سوپای فارسی بەشێوەیەك تێکبشکێنن کەهەرگیز نەتوانێت سەبێ بکەوێتەوە، کوژرانی ڕۆستەم بوویە هۆی زیاتر بێ‌هیوابوون‌و بارگرژی لەڕیزی فارسەکاندا لەنێو ئەنجامەکانی جەنگەکەدا گەڕانەوەی هۆزە عەرەبیەکانی باکوور بوو بۆ ژێر دەسەلات‌و کوێڕایەڵی موسڵمانان و هەندێکیان موسڵمان بوون.

٤- **فەتحکردنی مەدائین:** موسڵمانان لەدوای جەنگەکە بەئاڕاستەی مەدائین پایتەختی یەزدگورد درێژەیان بەپێشڕەوی خۆیان داو گەمارۆیان لەسەر(بەهورەسیر) دانا، کاتێك پاشای فارسی زانی موسڵمانان لەسەر دەرگاکانی پایتەختەکەی وەستاون داوای ڕێککەوتنی کردو پێشنیاری ئەوەی کرد ناوچەی دونیای مەدائین لە سەر بەرەی ڕۆژئاوای دیجلە چۆڵبکات‌و بیدات بەدەست موسڵمانانەوە بەمەرجێك دان بەوەدا بنێن ڕووبارەکە سنووری جیاکەرەوەی نێوانیان

---

[1] ذي قار: کانیەکی بەکری کوڕی وائیل بوو لە نزیك کووفە، دەکەوێتە نێوان کووفەو واست، الحموی: ج٤ ص٢٩٣.

[2] البلاذري:ص٢٥٥-٢٦٢، الطبري: ج٣ ص٤٨٠-٥٧٩، درێژەی پێویست دەستدەکەوێت.

بێت، سەعد بەوە ڕازی نەبوو درێژەی بەگەمارۆکەی دا تا چوویە ناوی موسڵمانان چوونەپێش‌و لەڕووباری دیجلەوە بۆ مەدائین پەڕینەوەو چوونە ناوی، موسڵمانان لەمەدائیندا دەستکەوتێکی بێشوومارییان هاتە دەست[1].

٥- **فەتحکردنی جەلەولاو حەلوان:** یەزدگورد لەدوای ڕووخانی پایتەختەکەی بێ‌هیوانەبوو و سوپایەکی نارد بۆ جەلەولا کەدەکەوێتە چوار ڕیانی ئازەربایجان[2] و باب[3]و ناوچەی شاخ[4]و فارس، سەعد هاشمی کوڕی عوتبەی بەهێزێکی سەربازیەوە ناردو لەگەڵ سوپای فارسیدا پێکداداو لەشارەکە دەریکرد، کاتێك هەواڵی ئەو شکست گەیشتە یەزدگور کەلە حەلوان بوو[5]، پاشەکشەی کرد بۆ ڕەی لەباکووری فارس، سەعد فەتحی ناوچەکانی تری عێراقی وەك(تکریت‌و موسڵ‌و ماسبازان‌و قرقیساو هیت‌و دست میسان)ی ئەنجامدا[6].

٦- **فەتحکردنی ئەهواز:** عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) ویستی لەسنوری عێراقدا فتوحات بوەستێنێت، بەڵام ئەو ڕووداوانەی هاتنەدی وایان لێکرد سیاسەتەکەی بگۆڕێت، چونکە فارس دانیان بە شکستدانەدەناو هێزەکانیان لەئەهواز لەباشووری ڕۆژهەڵاتی عێراقدا کۆبوونەوەو کردیان بەبنکەی ئەنجامدانی شاڵاوە کتوپڕەکانیان بۆ سەر موسڵمانان، بۆیە موسڵمانان ناچاربوون بۆ وەستانی شاڵاوە فارسیەکان بۆ سەر ڕیزو بنکەکانیان(ئەهوازو رامهرمزو توستەر) فەتحبکەن[7].

٧- **جەنگی نەهاوەند:** یەزدگورد سوپایەکی نوێی پێکەوەناو فەیرەزانی کردبە سەرکردەی‌و لەگەڵ هێزی موسڵمانان بەسەرکردایەتی نوعمانی کوڕی موقرینی موزنی لەنەهاوەند

---

[1] البلاذري: ص٢٦٢-٢٦٣.

[2] ئازەربایجان: هەرێمێکی فراوانە، سنورەکە لەبەرزەعە لەڕۆژهەڵاتەوە تا ئازەربایجان لەڕۆژئاواوەیە، سنورەکەی لەبەرەی باکوورەوە پەیوەست بەووڵاتی دەیلەم‌و شاخ‌و توورِەم دەبێت، شارەکانی بریتین لەتەبریز، الحموی: ج١ ص١٢٨.

[3] باب: هەروەها بە بابولئەبواب ناودەبرێت شارێکە پێدەچێت ئاوی دەریا چواردەوری گرتبێت، لەنێوەندیدا جێی کەشتیەکانە، بابلئەبواب لەسەر دەریای تەبەرستانە کەدەریای خەزەر(قەزوین)ە، الحموی: ج١ ص٣٠٣.

[4] شاخ: ناوێکی ناسراوە بۆ ئەو چەمکەی کە بەعەجەمی عێراق دێت، لەنێوان ئەسفەهان بۆ زنجان‌و قەزوین‌و هەمەداندایە، الحموی: ج٢ ص٩٩.

[5] حەلوان: لەکۆتایی سنوری ناوچەی سواد لەپاڵ ناوچەی شاخ لەبەغداد دایە، الحموی: ج٢ ص٢٩٠.

[6] البلاذري: ص٢٦٤-٢٦٥، ٢٩٩ز.

[7] الطبري: ج٤ ص٨٣-٩٣.

لـەوولاتی شـاخ لەباشـووری هەمـەدان پێکیانـداداو موسـڵمانان لەگـەڵ شـەهیدبوونی سەرکردەکەیاندا سەرکەوتن‌و سەرکردەی فارسیش کـوژرا، پاشمـاوەی شکـستخواردووەکان پاشەکشەیان بۆ قەڵای نەهاوەند کردو لەوێ خۆیان قایم کردو موسڵمانانیش بەسـەرکردایەتی خوزەیفەی کوڕی یەمان کەهاتە شـوێنی نوعمـان گـەمارۆیان دان تـا خۆیـان بەدەسـتەوە داو موسڵمانان لەسەر پەنادانی خەڵکی ناو قەڵاکـە لەگەڵیانـدا ڕێککـەوتن، ئەمـەش لـە(مـانگی موحەڕەمی ساڵی ۱۹ك/مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٦٤٠ز)دا بوو، هـەروەك هەمـەدانیان فەتحکرد[1].

جەنگی نەهاوەند بەکۆتایی جەنگە گەورەکانی مێژووی فتوحاتی ئیسلامی لەفارس دادەنرێت‌و ن بە(فەتحولفتوح) ناوی دەبـەن[2]، چـونکە ڕێگـەی لـەناوبردنی دەسـەڵاتی کیـسراکانی لەبەردەمیانـدا کردەوەو لەئەنجامی ئەوەدا چەند شـارێکی تـری فارسـەکان لەچـەند لایـەکی یـەك لـەدوای یەکـدا ڕووخان وەك ئەسفەهان‌و ڕەی‌و ئازەربایجان‌و باب‌و خوراسان[3].

کاتێك یەزدگور بەسەرکەوتنی موسڵمانان‌و هاتنە ناو وولاتی ئەوانی زانی، لەڕووباری جەیحوون پەڕییەوەو لای خاقانی تورکی لەسـەمەرقەند وەك پەنابـەر دابـەزی بـەڕاکردنی یـەزدگور دەوڵـەتی کیسارکانی ساسانیەکان بەتەواوی کۆتایی پێهات[4].

**بەرەی شام:**

١- **فەتحکردنی فەحل‌و حەلەب‌و دیمەشق:** عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) نەخشەیەکی سەربازی بۆ تەواوکردنی فتوحاتی داناو ئەبو عوبەیدەی سەرکردەی خۆی بۆنـاردو بڕیـاری فـەتحکردنی دیمەشق‌و فەحل‌و حمصی دا، ئەبو عوبەیدە دەسـتی بەجێبـەجێکردنی چـالاکیە سـەربازیەکانی کردو لەئەنجامی ئەوەدا لە(٢٨ی زیلقەعدەی سـاڵی ١٣ك/٢٣ی کـانوونی دووەمـی سـاڵی ٦٣٥ز)[5] دا فـەحل‌و لـە(١٥ی ڕەجـەبی سـاڵی ١٤ك/٣ی ئـەیلوولی سـاڵی ٦٣٥ز)[6] دا

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص١١٤-١٣٩، لەگەڵ البلاذري: ص٣٠٠-٣٦٠و ابم الأثير: الكامل في التأريخ: ج٢ ص٣٩٠ دا بەراووردی بکە، هەمەدان شارێکی ناوچەی شاخە.

[2] ابن الأثير: هەمان سەرچاوە: ٣٩٩.

[3] البلاذري: ص٣٠٨-٣١٦.

[4] البلاذري: ص٣١١-٣١٢.

[5] البلاذري: ص١٢٢، الطبري: ج٣ ص٤٣٤-٤٤١.

[6] الطبري: ج٣ ص٤٤١.

دیمشـــق و لـــه(٢٥ی ڕەبیعولـــەوەلی ســـاڵی ١٥ك/٦ی ئایـــاری ســـاڵی ٦٣٦ز)[1] دا بەعلەبەگ و(٢١مانگی ڕەبیعولئاخیر/یەکەمی حوزەیراندا) حمص[2] فەتحکران.

٢- **جەنگی یەرمووك:** موسڵمانان بیستیان کەهیرقل سوپایەکی تری بیزەنتی بۆ جەنگەکە ناردووەو بەرەو باشوور دەکشێت و ژمارەی سوپاکە سەد هەزار جەنگاوەری تێکەڵـەی ڕۆم و ئەرمـەن و عەرەبە مەسیحیەکان و ڕووس و سـەقلەبی و فرەنجەکانـە، باهـانی ئەرمـەنیش لەبـەر لێهـاتوویی لەجەنگ و توندیی بەهێزی لەجەنگدا کرد بەسەرکردەی سوپاکە، ئـەو سـوپایە لەیـەرمووك بەپێی بڕیاری هیرقل دایانکوتـاو ئەنـدامانی بـەقوولایی ڕۆژئـاواو بەئاڕاسـتەی دۆڵـی(الرقـاد) بڵاوبوونەوەو خۆیان لەنێوان ئەو دۆڵە لەڕۆژئاواو دۆڵی یەرمووکدا بەرتەسککردەوە.

لەئەنجامی ئەو بزاوتە بیزەنتیەدا موسـڵمانان ناچـاربوون ناوچـەکانی بـاکوور بـەجێبهێڵن و وەك ئامادەسازی بۆ ڕێگری ئەو سوپا کشاوە بیزەنتیە بەرەو باشوور چوون تاگەیشتنە یـەرمووك، سـوپای موسڵمانان چل و شـەش هـەزار جـەنگاوەر بـوو، لەگێڕانەوەیـەکی تـردا سیوشـەش هـەزار بـوون، لەبەرامبەر سوپای بیزەنتی لەڕۆژئاوای دۆڵی(هەریر) دایانکوتاو شاری(ئەزروعات)[3] دەکەوتە پشتەوە یان پاش ئامادەسازی هـەردوو سـوپا، لەجـەنگێکی تونـدو سـەختدا کـە حـەوت ڕۆژ بـەردەوامبوو پێکیانداداو تیایدا لێهاتوویی سەربازی خالیدی کوڕی وەلید دەرکەوت و بەسـەرکەوتنی موسـڵمانان کۆتایی پێهات، تیودوری برای هرقل لەناو کوژراوەکاندابوو، جەنگەکە لـە(مـانگی ڕەجـەبی سـاڵی ١٥ك/مانگی ئابی ساڵی ٦٣٦ز)دا ڕوویدا[4].

٣- **تەواوکردنی فتوحاتی شام:** لەدوای جەنگی یەرمووك دەسەڵاتی بیزەنتیـەکان دارمـاو ڕێگـە لەبەردەم موسـڵماناندا کرایـەوە تـا جـارێکی تـر ڕۆبـچنە دووری بـاکووری وولاتـی شـام و کەناراوەکانیشی، توانییان حومات و شیزرو مەعەرەتو نوعمان و قنسرین و حەلـەب و ئەنتاکیـەو مونبج و دەلوك و ڕوعبان فەتحبکەن، پاشان سوپاکانیان ڕێی(بغـراس)ی سـەربە ئەنتاکیـەیان بـۆ وولاتی بیزەنتیەکان و بەسەرکردایەتی مەیسەرەی کـوڕی مەسـروقی عەبەسـی بـڕی، مەیسـەرە یەکەم کەسی موسڵمان بـوو ئـەو ڕێگـەی گرتەبـەر، خالیـدی کـوڕی وەلیـدیش مەرعەشـی فـەتحکرد، موسـڵمانان گەیـشتنە فـەتحی بەیتولمەقـدیس و لـە(مـانگی ڕەبیعولئـاخیری سـاڵی

---

[1] الأزدي: ص١٤٤.
[2] البلاذري: ص١٣٦-١٣٧، لەگەڵ الطبري: ج٣ ٥٩٩-٦٠١دا بەراووردی بکە.
[3] ئەزروعات: شارێکی شامەو هاوسنووری خاکی بەلقاو عەممانە، الحموی: ج١ ص١٣٠.
[4] الطبري: ج٣ ص٣٩٤-٤٠٥، لەگەڵ البلاذري: ص١٤٠-١٤٣، بەراووردی بکە.

١٦ك/مانگی ئاياری سالّی ٦٣٧ز)دا چوونه ئەوێو خودی خەلیفە عومەر لەدەستی بەتریك سفرونیوس شارەکەی وەرگرتو ئەرتەبوونی فەرمانڕەوای ڕایکرد بۆ مصر[1].

هەرکە موسلّمانان دیمەشقیان فەتحکرد، یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان گرنگی خۆی ڕووکردە فەتحکردنی شارەکانی کەناراوی شامی، موعاویەی براشی یارمەتیداو سیداو عرقەو جوبەیلو بەیروتو صوروو عەککاو قیساریەی فەتحکرد[2].

هیرقل لەوولاتی شام بەردو قوستەنتینیە گەڕایەوەو مالّئاوایی لەسوریاکردو ووتی(سەلامت لێبێ ئەیسورییا سەلامێك کەخاوەنەکەی بەئاواتی خۆی نەگەیشتو دەگەڕێتەوە بۆلات)[3].

٤- **نەخۆشی تاعوونی عەمواس:** لەسالّی(١٨ك/٦٣٩ز)دا بەشێوەیەکی ترسناك لەوولاتی شامدا نەخۆشی تاعون بلاّوبوویەوەو بەناوی گوندێکی فەلەستینەوە ناوی تاعونی عەمواسی لێنرا، ئەو تاعونە بوویە هۆی مردنی بیستو پێنج هەزارکەس کەهەندێ لەگەورە هاوەلاّنی وەك ئەبو عوبەیدەو موعازی کوڕی جەبەل کەیەکێك بوو لەبەنی سەلەمە لەخەزرەجو فەزلّی کوڕی عەباسو حەبیلی کوڕی حەسنەو سوهەیلی کوڕی عەمرو یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیانو عامری کوڕی غەیلانی ئەقەفی تیایدا کۆچی دواییانکرد[4].

٥- **فتوحاتی جەزیرەی فوراتی:** فەتحکردنی جەزیرە لەبەر پاراستنو دلّنیاکردنی دەستکەوتەکانی فتوحاتی شام پێویستیەکی سەربازی بوو، عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) لەدوای کۆچی دوایی ئەبو عوبەیدە(ﷺ) عەییازی کوڕی غەنەمی(ﷺ) لەسەر حمصو قنسرینو جەزیرە داناو سوپاکانی توانییان شارەکانی تر فەتحبکەن وەك: ڕەها، ڕەقە، سومەیسات، نسیبین، قرقیسیا، سنجار، میافارقین، ئامەد، قەلاّی کفرتوسا، ماردین، ئەرزن تاگەیشتنە بەدلیسو(خەلاّت)یان تێپەڕاندو لەگەلّ فەرمانڕەوای خەلاّت، ڕێککەوتنیان بەست، بەوجۆرە بەئاسانی لەماوەی دووسالّی(١٨-١٩ك/٦٣٩-٦٤٠ز)دا فەتحکردنی هەموو جەزیرە هەموو تەواو بوو[5].

---

[1] الطبري: ج٣ ص٦٠٧-٦١٣، البلاذري: ص١٥٠-١٥٧، ١٦٨-١٦٩.

[2] الطبري: ج٣ ص٦٠٣-٦٠٤، ج٤ ص١٠٢، ١٤٤-١٤٥.

[3] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٦٠٣.

[4] الطبري: ج٤ ص٦٠-٦٦.

[5] البلاذري: ص١٧٦-١٨٢.

**بەرەی مصری:**

١- **هۆکارەکانی فەتحکردنی مصر:** یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان دەسەڵاتی ویلایەتی شامی گرتەدەست، ئەمە عەمری کوڕی عاصی هاندا تابیر لەفەتحکردنی مصربکاتەوە تابێت بەوالی لەسەری لەڕاستیدا مصر لای عەمر شتێکی نامۆنەبوو و عەمر بەهۆی بازرگانی پێشتری لەمصر تەواو شارەزای باروحاڵی بوو، مصر بەبارە سیاسیو ئایینیەکانیەوە لەگەڵ جیاوازیەکی کەمدا درێژکراوەی سروشتی وولاتی شام بوو و بەو جۆرە پەیوەستی دەسەڵاتی مەرکەزی بیزەنتی بووکە مەزهەبی(ملکانی) مەسیحی بوو، بەهۆی فەرمانڕەوای بیزەنتی کەلای عەرەب بەمقوقس ناسراوە چەند پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان مصرو بیزەنتیدا هەبوون، ئەو مصریانەی مەزهەبی یەعقووبییان وەرگرتبوو، دووچاری چەوساندنەوەی ئایینیو هەڵسوکەوتی خراپو ڕەقی بیزەنتیەکان بوون، ئەمە وای لێکردن بەهاتنی موسڵمانان بەرەو مصر یارمەتی موسڵمانان بدەن چونکە بیستبوویان موسڵمانان لێبووردەو نەرمونیانو ڕەفتار جوانن، هەروەك بیزەنتیەکان لەبەرژەوەندی دەوڵەتەکەیاندا خاکی مصریان بەکارهێنا، ئەمە هاودەمی دارمانی باری بازرگانی بوو.

نەخشەی هێرشکردنە سەر مصر پەیوەندی بەو هەڵوێستەوە هەیە کە ئەرتبوونی فەرمانڕەوای پێشووی بەیتولمەقدیس گرتەبەر کاتێك لەگەڵ هێزەکانی بەرەو مصر ڕایکرد پێش ئەوەی بەیتولمەقدیس بدرێتە دەست عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) ئەرتبون مصری کردبە مەڵبەندێك بۆ فشار خستنە سەر موسڵمانان ئەمەبوویە هۆی ئەوەی خەلیفە لەسەر پێشنیاری عەمری کوڕی عاص کەخستیە بەردەم خەلیفە لەدوای ئەوەی گرنگی مصری لەلایەنی ئابووری بەهۆی زۆری داهاتیو لایەنی سیاسی بەهۆی دڵنیاکردنی دەستکەوتەکانی موسڵمانان لە وولاتی شامی بەهۆی گرنگی شوێنەکەوە بۆ خەلیفە هاندا تا عەمر بکەوێتە شوێن ئەرتبوون[1].

عومەر(ﷺ) دەترسا بچێتە مەیدانێکی تری نوێی ترسناکەوە کە کۆتاییەکەی کارەساتێك بێتو لەترسی موسڵمانانو بوونی سۆزی بۆ موسڵمانان حەزی نەدەکرد هێرشبکاتە سەرمصر، عەمر هێندە باسەکەی بەگرنگی لەلاباسکردو فەتحکردنی مصری بەئاسان دانا تاڕازیکردنو سیهەزارو پێنج سەد جەنگاوەریان لەگێڕانەوەیەکی تردا چوار هەزار سەربازی خستە بەردەستی[2].

---

[1] ابن عبدالحكم: فتوح مصرو المغرب: ص٨٠-٨١.

[2] البلاذري: ص٢١٤، اليعقوبي: ج٣ ص٣٨.

هەندێ لەگێڕەرەوان بیرۆکەی فەتحکردنی مصر دەدەنەوە پاڵ عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ)و باس لەوەدەکەن لەجابیەدا بووە کەنامەی بۆ عەمری کوڕی عاص نووسیوە تا بچێتو مصر فەتحبکات نامەکەکاتێ گەیشتە عەمر کەلەقیساریە لەفەلەستین بوو، ڕێگەی دا تاخەلکی لەگەلیدا بچن[1].

لەڕاستیدا بیرۆکەی فەتحکردنی مصر بۆیەکەمجار لەو کاتەوە هاتەکایە کە عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) لەسالی(١٧ك/٦٣٨ز)دا هاتە جابیە تا سەرپەرشتی ڕێککردنی بارودۆخی وولاتە فەتحکراوەکان بکات، عومەر(ﷺ) کەسەرکردەی لێهاتوو و سیاسی دووربین بوو ئەوکات گرنگی فەتحکردنی مصری بۆ چەند ئامانج هاتەپێش چاو:

- بلاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام لەبەشەکانی مصردا.
- گومانو ئەگەری گەمارۆدانی موسلمانان لەلایەن بیزەنتیەکان لەبەرەی باشوورو ڕۆژئاواوە دوور بخاتەوە، بەتایبەت کەئەرتبوون لەو وولاتە خۆی پەنادابوو و بەردەوام فشاری لەسەر موسلمانان لەوولاتی شام دروستدەکرد.
- سوود وەرگرتن لەدەولەمەندی مصر.

درێژەدان بەپەیوەندی لەگەل وولاتی شامدا، شیاوی مصرو شام هەر لەکۆنەوە لەبەرچەند بەرژەوەندیەکی سیاسیو سەربازیو بازرگانی پەیوەستی یەکتربوون[2].

٢- **فەتحکرنی قەلای بابلیون:** عەمری کوڕی عاص بەرەو فەرما کەبەکلیلی مصر دادەنرێت پێشڕەوی کردو لەسالی(١٩ك/٦٤٠ز)دا فەتحیکرد[3]ودرێژەی بەپێشڕەوی خۆی داتاگەیشتە بلبیس[4] لەدوای ئەوەی لەگەل سوپایەکی بیزەنتیدا بەسەرکردایەتی ئەرتبوون پێکیدادا ئەویشی فەتحکردو دواتر بەرەو ئوم دنین[5] کشاو تیایدا بەسوپایەکی تری بیزەنتی گەیشتو ناچاربە

---

[1] البلاذري: ص٢١٤، اليعقوبي: ج٣ ص٣٨.

[2] سالم، السيد عبدالعزيز: تأريخ الدولة العربية: ص٤٨٥-٤٨٦.

[3] اليعقوبي: ج٢ ص٣٨، ابن الأثير: ج١ ص٣٩٥. فەرما: شارێکە لەسەرکەناراوی مصر، الحموی: هەمان سەرچاوە: ج٤ ص٢٥٥.

[4] بلبیس: شارێکە لەسەر ڕێگەی شام کە دە فەرسەخ لەفستات دوورە، الحموی: ج١ ص٤٧٩.

[5] ئوم دنین: گوندێك بوو لەنێوان قاهیرەو نیلدا، الحموی: ج١ ص٢٥١.

کشانە دواوەو سەنگەگیری لەبابلیونی[1] کرد کەمقوقسی تێدابوو، عەمر(ﷺ) گەمارۆی قەڵاکەی داو هەوڵیدا تێکیبشکێنێت، بەڵام سەرکەوتوونەبوو، چونکە ژمارەی سەربازەکانی کەمبوون، بۆیە تەنها درێژەی بەچالاکی گەمارۆدانەکە داو هەواڵی بۆ خەلیفە ناردو داوای یارمەتی لێکرد[2].

مقوقس زانی مەترسی گەمارۆدانەکە چەندە، بۆیە هەوڵیدا لێی دەربازبێت‌و پێشنیاری پاشەکشەی لەبەرامبەر پێدانی برێك پارەی عومەر خستەڕوو، لەڕاستیدا کشانی ئیسلامی بەرەو مصر لەچوارچێوەی نەخشەیەکی سەربازی ئایینی سیاسی ئابووریدابوو بەئامانجی سەقامگیربوون‌و بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام، ماڵ‌و سامان نرخ‌و پێوانی ئەو نەبوو، لەئەنجامی ئەمەدا دانوستانەکانی نێوان هەردوولا بێ‌سوود بوون[3].

پاشان فریاگوزاری ئیسلامی لەگەڵ چوار گەورەهاوەڵدا گەیشت، ئەو چوار هاوەڵەش بریتیبوون لە: زوبەیری کوڕی عەوام‌و عوبادەی کوڕی سامت‌و میقدادی کوڕی ئەسوەدو مەسلەمەی کوڕی موخەللەد، هێزە ئیسلامیەکان گەمارۆی سەر قەڵاکەیان توندکردەوەو مقوقس ناچاربوو بەو مەرجانەی ئەو ڕێککەوتنە ڕازی بێت کە موسڵمانان بەسەریاندا سەپاندو ناوەرۆکەکەی لەو ڕێککەوتنە جیاواز نەبوو کە عومەر(ﷺ) بۆ وڵاتی شامی دانا[4]، بەڵام ڕازیبوونی ئیمپراتۆری بیزەنتی لەسەر مەرج دانا، ئەویش پێویستی بەچوون بەرەو قوستەنتینە بوو تا بۆ ئیمپراتۆری بخاتە ڕوو و ڕەزامەندی ئیمپراتۆر بەدەستبخات.

هیرقل بەو پێشنیارو داخوازیەی والیەکەی لەمصر ڕازی نەبوو کەلەدەستدانی مصری لەخۆ دەگرت لەدوای ئەوەی وڵاتی شامی لەدەستدا، بۆیە بەمەرجەکانی ڕێکەوتنەکە ڕازی نەبوو و سەرکۆنەی مقوقسی کردوو لێی تووڕەبوو وداوای لێکرد درێژە بەجەنگ بدات، بەڵام موسڵمانان توانیان لە(جمادیلئاخیری ساڵی ٢٠ك/حوزەیرانی ساڵی ٦٤١ز)دا قەڵاکە فەتحبکەن‌و عەمرو

---

[1] بابلیون: بەزمانی کۆنەکان ناوێکی گشتی مصرە، دەڵێن ناوێکی تایبەت بەشوێنی فستات بووە، الحموی: ج١ ص٣١١.

[2] ابن عبدالحکم: ص٨١، الیعقوبی: ج٢ ص٣٨.

[3] الطبري: ج٤ ص١٠٥.

[4] ابن عبدالحکم: ص١٠٣.

سەربازەکانی لەفستات سەقامگیربوونو چەند هێزێکی بۆ فەتحکردنی ناوچەکانی مصر بەتایبەت هەرێمی باشووری مصر نارد[1].

٣- **فەتحکردنی ئەسکەندەریە:** لەدوای کەوتنی قەڵای بابلیون بەدەستی موسڵمانان پارێزەری ئەسکەندەریە ترسی لەخۆی نیشتو بیزەنتیەکان لەلایەن خۆیانەوە دڵنیابوون کەئەگەر فریاگوزاری بۆ نەنێرن دواتر ئەویش دەڕووخێت، ئەسکەندەریە گرنگیەکی ئابووری بۆ بیزەنتیەکان هەیە، چونکە پێگەی بازرگانی سەر دەریای سپی ناوەڕاستو پایتەختی دووەم بوو لەدوای قوستەنتینیەو پایتەختی ناوچە مصریەکان بوو و ڕووخانی ئەسکەندەریە دەبێتەهۆی دڵنیایی ئاوابوونی دەسەڵاتیان لەمصر.

ئیمبراتۆری بیزەنتی بەپەلە سوپای بۆنارد تا بیپارێزێتو فرمانیکرد تا دەرگاکانی لەڕووی موسڵماناندا دابخرێن، موسڵمانانیش گەمارۆیان لەسەر داناو لەکۆتایەکانی ساڵی ٢٠ك/کۆتایەکانی ساڵی ٦٤١ز دا بەکتوپڕی فەتحیانکرد[2]. مقوقس لەماوەی گەمارۆدانەکەدا کەچوارمانگی خایاند هەوڵیدا بگاتە بەستنی ئاگربەستێك لەگەڵ موسڵماناندا، بەڵام عمر بەرپەرچی ئەوەی دایەوە.

فەتحکردنی ئەسکەندەریە مژڵەتدان بوو بەڕووخانی هەموو مصرو کەوتنە ناودەستی موسڵمانان کەناوچەکانی سەعیدو دەلتایان فەتحکردبوو.

**دەستپێکردنەوەی فراوانخوازی بەرەو ڕۆژئاوا:**

لەدوای سەقامگیربوونی موسڵمانان لەمصردا، عەمری کوڕی عاص(ﷺ) ویستی بەرەو دەرەوەی سنووری ئەو وڵاتە بڕواتو پێویستی دڵنیاکردنی پەردەی بەرگری سەر سنووری ڕۆژئاوایی بەفەتحکردنی ئەو ناوچانە بەدیهێنا کەپارێزەرە بیزەنتیەکانیان تێدابوون لەبەرقەو تەرابلوسی ڕۆژئاوادا لەساڵی(٢٢ك/٦٤٣ز)دا لەو کارەدا سەرکەوتووبوو پاشان بەپێی بڕیاری مەدینە چالاکیە سەربازیەکانی لەڕۆژئاوادا وەستاند[3].

**دامەزراوەی دەوڵەتی لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا(ﷺ):**

١- **نیزامی سیاسی(ڕێکخستنی ڕامیاری):** کاتێك موسڵمانان بەفەتحکردنەوە لەنیمچەدوورگەکەیاندا چوونە دەرێو گەشەسەندنی خۆیان لەبواری ڕێکخستنی ڕامیاریو کارگێڕیدا تەواو نەکردبوو و گەیشتبوویە ئاستێکی دیاریکراوی ناو وڵاتە فەتحکراوەکان،

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص١٠٤-١٠٥.

[2] هەمان سەرچاوە: ص١٠٦-١١٤.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٢٣٠-٢٣٢.

وێڕای ئەوەی لەماوەی مێژووی ژیانیاندا جۆری ئەو دەسەڵاتە ڕامیاریو کارگێڕیەیان پەیڕەو نەکردبوو کەلەو کۆمەڵگەیانەی لەوولاتاندا هەبوون پەیڕەودەکران.

لەڕاستیدا سەردەمی عومەر(ﷺ) سەردەمی فتوحاتێکبوو کەتیایدا سەرکەوتن بەشی موسڵمانان بوو و ڕووبەری دەوڵەتەکەیان فراوانبوو، هەردەبوو ئەو دەوڵەتە بۆ بەردەوامبوونی ڕێکبخرێتو تەنزیمی هەبێت، عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) پوختەی بنەما گشتیەکانی شەریعەتی ئیسلامیو وێڕای ئیجتیهادە بوێرانەکانی خۆی لەدرێژەی نەخشەیەکی کرداری پەیڕەوی سیاسەتی هۆزو سوپاکانی فتوحاتو سیاسەتی ناوچە فەتحکراوەکاندا بەکارخست، ئەو گەشەسەندنەی لەسەردەمی ئەودا بەسەر دەزگاکانی دەسەڵاتدا هات بەگواستنەوەیەکی گرنگی ناوچوارچێوەی بنیادنانی دەوڵەت دادەنرێت کەلەسنووری چەملو دیدی عەرەب دەرچوو و زیاتر هەنگاوی نا.

لەپێش هەموو شتێکدا عومەر(ﷺ) لای بەلای ڕێکخستنی مەڵبەندی هێزی وولاتانی عەرەبدا کردەوە، یەکبوونی سیاسی عەرەب هەندێ لەو کارەبوو کەسەرقاڵی بوو، بۆئەمە مەسیحیەکان نەجرانی لەنیمچەدوورگەی دوورخستەوە، هەروەك جوولەکەی لەخەیبەرو فەدەك بۆ وولاتی شام دەرکرد، بەمەش یەکبوونی نیمچەدوورگەی عەرەبی بەدیهێنا.

عومەر هەوڵیدا جیاوازیەکانی نێوان عەرەب لابباتو ئەوبارەی لەسەر هەڵگەڕاوەکان لابرد کەئەبوبەکر(ﷺ) لەسەری دانابوون کەنەدەبوو لەڕیزی موسڵماناندا بجەنگن، هەروەك کەنیزەکەکانی بۆناو خێڵەکانیان گێڕایەوەو ئازادی بۆ گێڕانەوە، بەرژەوەندی گشتی لەوەدابوو تا کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بەسەرەتای مێژووی ئیسلام دابنێت[1].

هەروەك ڕێکخستنی ڕامیاری گرتەبەر کەئەویش درێژەدان بوو بەو بنەڕەتەی لەسەردەمی پێغەمبەر(ﷺ)و سەردەمی ئەبوبەکری صدیقدا(ﷺ) دانرابوو.

٢- **دادوەری:** عومەر(ﷺ) نیزامو بنەڕەتەکانی دادوەری لەسەردەمی خۆیدا داناو بەو پێیە ئەبو موسای ئەشعەری دانا[2]، فتوحاتی ئیسلامی پێویستی بەوەبوو لەنیزامی دادوەریدا فراوانخوازی بکرێت، عومەر(ﷺ) دادوەرێکی بۆهەر ناوچەیەك دەناردو هەڵیدەبژارد تا حوکمی باسوخواسە ئایینی یان دنیاییەکانی نێوان خەڵکەکە بگرێتە دەستو سەرپەرشتی فەیئو دەستکەوتەکان بکات، پاشان کەسێکی تری تایبەتکرد تا دەستکەوتەکان دابەشبکات.

---

[1] الطبري: ج٤ ص٢٠٩.

[2] المبرد: الكامل في اللغة والأدب: ص١٦-٢٠.

سەبارەت بەدابەشکاریە کارگێڕیەکانی عێراقو فارس ئەو ڕێکخستنە فارسیانەی هێشتەوە کەبە(رستاتیق) دەناسرانو ناوی ئەو نیزامەی نا(ئەجناد) وێڕای ئەو ڕێکخستنانەی لەمصردا هەبوونو بە(کور) ناودەبران کە(کورة) تاکەکەیەتیو بەواتای مەڵبەند دێت.

**کوژرانی عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ):**

لەبەرەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە(٢٦ی زیلحیجەی ساڵی ٢٣ك/سەرەتاکانی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٦٤٤ز)دا عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) چوو تا بەرنوێژی بەیانی بۆ خەڵکات، هەرکە ڕیزی موسڵمانانی ڕێکخست، لەو کاتەدا کەسێك هاتە ژوورەوەو لەکتوپڕێکدا هاتەپاڵیو چەند خەنجەرێکی ژەهراوی لێدا، ئەوکەسە ئەبو لوئلوئەی فەیروزی کۆیلەی موغیرەی کوڕی شوعبە بوو و لەدیلی فارسەکان بوو دوای سێ ڕۆژ عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) کۆچی دوایی کردوو لەپاڵ گۆڕی ئەبو بەکردا(ﷺ) بەخاکسپێردرا کە گۆڕی ئەبو بەکریش لەپاڵ گۆڕی پێغەمبەر(ﷺ)دا بوو[1].

لەڕاستیدا شەهیدکردنی عومەری کوڕی خەتابر(ﷺ) ئەنجامی پیلانگێڕی توندوتۆڵی فارسی-جولەکە-مەسیحی بوو لەدوای پاڵنەری شەخسی خودی ئەبو لوئلوئە، چونکە نارازیبوونی لەو خەرجانەی دەبوو بیدات بەموغیرەکە دوو درهەم بوو شیاوی ئەوە نەبوو، لێکۆڵەر ناتوانێت خۆی لەپەیوەستی ئەو باسوخواسە بە چەندهۆکارێکی دەرەکیەوە بێئاگابکات، ئەو کارە لەناوەرۆکی خۆیدا سیاسەتێك بوو چونکە فارسو جولەکەو مەسیحیەکان بەگشتی لەدەروونیاندا ڕقیان لەعەرەبو بەتایبەت لەعومەر بوو، ئەمە لەدوای ئەوەی موسڵمانان بەسەریاندا سەرکەوتنو دەسەڵاتی وڵاتی ئەوانیان گرتەدەست.

---

[1] الطبري: ج٤ ص١٩٠-١٩٤.

## عوسمانی کوڕی عەففان(ﷺ)(٢٤-٣٥ك/٦٤٤-٦٥٦ز)

### گرتنەدەستی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان(ﷺ):

هەندێ لەگەورە هاوەڵان داوایان لەعومەر(ﷺ) کرد تالەپێش مردنی کەسێك بۆ دوای خۆی دابنێت، ئەویش بێزاربوو و دەیوت نایەوێت بەزیندوویی‌و مردوویی سەختیەکانی خیلافەت لەئەستۆبگرێت[1]، لێرەدا کاندیدکراوێکی ڕوون نەبوو، ئەویش دەیویست بەڕێژەی دیاریکراوی چەند ئەندامێکی بگەڕێتەوە بۆ نیزامی هەڵبژاردن‌و شوراو شەش کەس لەگەورە هاوەڵانی دیاریکرد کەهەموویان قورەیشی بوون تایەکێکیان بۆ خیلافەت هەڵبژێرن، پشتیوانان لەگەڵ جێ‌دەست‌و شیاوێتیان خۆیان بەدوورگرت‌و عومەریش(ﷺ) کاندیدی نەکردن، دیارە خیلافەت بەشێوەیەکی دڵنیایی پەیوەست بەقورەیشیەکان بوو هەر لەمرۆژانی ئەبوبەکرەوە(ﷺ) پەیوەست بەقورەیشیە دیارەکان بوو[2] ئەو شەش کەسە بریتیبوون لە: عەلی کوڕی ئەبو تالیب(ﷺ) لەبەنی عەبدولموتەلیب، عوسمانی کوڕی عەففان(ﷺ) لەبەنی ئومەییە، عەبدوڕەمانی کوڕی عەوف(ﷺ) لەبەنی زوهرە، سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص(ﷺ) لەبەنی زوهرە، زوبەیری کوڕی عەوام(ﷺ) لەبەنی عەبدولعیزای کوڕی قوصەی، تەڵحەی کوڕی عوبەیدولا(ﷺ) لەبەنی تیم لەخێڵی ئەبوبەکر(ﷺ)، عەبدولای کوڕیشی(ﷺ) لەگەڵیاندا بەشداریکرد بەمەرجێك مافی خیلافەتی نەبێت‌و تەنها ئەرکی هەڵبژاردنی نێوان ئەندامانی ئەنجومەنەکەی لەکاتی یەکسانی ژمارەیان لەدوای دەنگدان لەئەستۆدابوو، بەمەرجێك هەموویان بەوە ڕازیبن[3]، دەسەڵاتی دادوەری دابوویە دەست بەڵام ئەو لەڕێڕەوی ڕووداوەکاندا هیچ جێ‌دەستێکی نیشان نەدا.

ئەنجومەنی شورا لەسەر خواستی عومەر(ﷺ) لەپێش مردنی کۆبوونەوەی خۆی بەست، بەڵام ئەندامانی لەنێوان خۆیاندا نەگەیشتنە ئەنجامێکی بەرچاو، لەدوای مردنی عومەر(ﷺ) کۆبوونەوەی دووەم بەسرا[4] گێڕانەوەکان ئاماژە بەوەدەکەن کەئەندامانی ئەنجومەنی شورا لەسەر هەڵبژاردنی یەکێکیان ڕێکنەکەوتن، عەبدوڕەمانی کوڕی عەوف بەئامانجی یەکلاکردنەوەی کارەکە پێشڕەوی گرتەبەرو خۆی لەبواری هەڵبژاردندا هێنایەدەر، بەڵام لەبەرامبەردا داوایکرد تا ئەو مافی دیاریکردنی خەلیفەی داهاتووی هەبێت‌و بەڵێنیشی پێدان کەبەهەواو ئارەزوو بڕیارنادات‌و حەق بەجێ‌بگەیەنێت‌و

---

[1] الطبري: ج٤ ص٢٢٧-٢٢٨.

[2] جعيط، هشام: الفتنة، ص٥٦.

[3] البلاذري: انساب الإشراف: ج٦ ص١٢٠-١٢١، الطبري: ج٤ ص٢٢٨-٢٢٩.

[4] الطبري: ج٤ ص٢٢٩.

نیجتیهاد بۆ ئوممەت بکاتو نزیکایەتی لێکنەداتەوە[1] سوێندی بەیعەتدان بەوکەسەشی لێوەرگرتن کەهەڵیدەبژێرێت.

عەبدورەمانی کوڕی عەوف لەدوای کاندیدکردنەکەی لەنێوان عوسمانو عەلیدا(رضي الله عنه) بەرتەسککردەوە، هەوڵیدا ڕای جەماوەر بزانێتو ڕاوێژ بەدەستە جیاجیاکانی کۆمەڵگەکردو زۆرینە ئاماژەیان بە هەڵبژاردنی عوسمان(رضي الله عنه)دا، بەنی ئومەییە بۆ ڕەواجدان بەهەڵبژاردنی عوسمان(رضي الله عنه) بەئامانجی بەهێزکردنی قەڵەمڕەوی خۆیان لەدوای فەتحی مەککە لەدەستیان دابوو و توانیبوویان لەسەردەمی ئەبوبەکرو عومەردا(رضي الله عنه) بیگێڕنەوە، ڕۆڵی بانگەشەکاریان بەجێگەیاند[2]، عەبدورەمان مەرجی لەسەر هەردووکیان دانا تائیش بەقورئانو سوننەتی پێغەمبەر(ﷺ)و ژیانی دوو خەلیفەی پێشووی خۆیو دوورکەوتنەوە لەسەپاندنی خزمانیان بەسەر گەردنی خەڵکدا ئیشبکەن، عوسمان(رضي الله عنه) ڕازیبوو عەلی(رضي الله عنه) بەڵێنی نەداو وتی هەوڵ دەدەم هەموو هەوڵم بۆ ئەوە بخەمەکار، ئەمە عەبدورەمانو ئەندامانی شوراو جەماوەری خەڵکی هاندا تا عوسمان(رضي الله عنه) هەڵبژێرن[3]، لەڕاستیدا لەوکاتەدا دووبەرە ململانێی ناو مەیدانی سیاسیان هەبوو:

**یەکەم:** ئەوانەی پەیوەستی پێشینەی ئیسلامو پەیوەستی خوێنی نێوان خێڵی پێغەمبەر(ﷺ)یان هەبوو، ئەمانە عەلی(رضي الله عنه) کاندیدکراویان بوو.

**دووەم:** قورەیشیەکان کەلەسەر توانای دیاریکردنی کەسی شیاوتری قورەیش بووە کەلە ئومەوییەکانەوە نزیکبوو عوسمان(رضي الله عنه) کاندیدکراویان بوو.

لەئەنجامی ئەمەدا پەرچەکردار لەسەر ئەنجامەکانی ئەنجومەنی شورای لەنێوان پاڵپشتیو نەیاریدا جیاوازی خۆی نواند، هەندێ لەهاوەڵان بەوە ڕازی نەبوونو باوەڕیان وابوو دەستنیشانکردنی عوسمان(رضي الله عنه) لادانە لەشیاوتربوونی عەلی(رضي الله عنه) لە خیلافەت بۆئەمە ئەوگێڕانەوانە زۆرن کەهەڵوێستی خۆیان بە نەیاریە ڕوونەکانی شیعەو عەباسی نیشان دەدەن، تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو کەسانەی نەیاربوون دواتر لەفیتنەی بەرهەڵستکاری توندی دژبە سیاسەتی عوسماندا(رضي الله عنه) ڕۆڵ

---

[1] الطبري: ج٤ ص٢٣١-٢٣٢.

[2] الدوري، عبدالعزيز: مقدمة من تأريخ الإسلام ص٥٠.

[3] البلاذري: ج٦ ص١٢٧-١٢٨.

دەبینن[1]، لەنێوان ئەوانەدا عەباسی کوڕی عەبدولموتەلیبو میقدادی کوڕی عەمرو ئەبوزەڕی غەففاریو عەمماری کوڕی یاسر هەبوون[2].

گێڕانەوەکان پالپشتی ژمارەیك لەهاوەلان بۆ بڕیاری ئەنجومەنی شورا بەبەیعەتدانی خیلافەت بە عوسمان(ﷺ) نیشان دەدەن لەگەڵ ئەوەی لەڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی ئەو پالپشتیەدا جیاوازن، بەلام پێیان وایە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بووە، لەوانە موغیرەی کوڕی شوعبەو نزیکانی عوسمانی وەك عەبدولای کوڕی ئەبی ڕەبیعەو عەبدولای کوڕی ئەبی سەرج[3].

بەمجۆرە لەڕۆژی دووشەممە(٢٩مانگی زیلحیجەی سالی ٢٣ك/٥ی تشرینی دووەمی سالی ٦٤٤ز)دا بەیعەتی خیلافەت بەعوسمان(ﷺ) دراو لەمانگی موحەڕەمی سالی ٢٤ك/دا خیلافەتی دەستپێکرد[4].

**فتوحات لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا(ﷺ):**

لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا(ﷺ) دەولەتی ئیسلامی ماوەیەکی دووری فراوانخوازی بڕیو موسلمانان چەند بەشێکی فراوانی خاکی ئیمبراتۆریەتی بیزەنتیو فارسیان دایە پال خۆیان، کاتێك عوسمان(ﷺ) خیلافەتی گرتەدەست، چەند هەرێمێك ویستیان دژبە دەسەلاتی موسلمانان ڕاپەڕین بکەن، عوسمانیش(ﷺ) سوپای بۆناردنو خەلکەکەی ملکەچکردنو گێڕانیەوە بۆ ژێردەستی دەولەت، لەوانە: گێڕانەوەی هەمەدانو جەنگی ڕەیو فەتحکردنەوەی ئەسکەندەریەو کرمان سجستانو خوراسانو نەیسابوورو ملکەچکردنی ڕاپەڕیوانی ئازەربایجانو ئەرمینیا باسدەکەین، موسلمانان چەند شارێکی کەناراویان گێڕایەوە کەبیزەنتیەکان لەدەسەلاتی ئیسلامیان سەندبوونەوە[5].

---

[1] ملحم، عدنان محمد: المؤرخون العرب والفتنة الكبرى، ص٩٣.

[2] نووسیەنە ساختەکاریەکانی شیعەی ڕافیزی زیاتر هیچ سەرچاوەیەك بۆ ئەم ووتە ناڕاستانەدی ناکرێن، ئەوەی باس لەدابەشبوون بۆ نبەمالەی ئومەویو نبەمالەی هاشمی دەکات، یان باس لەتۆمەت خستنەسەر ئەو هاوەلەبەڕێزانە بەناڕەزایی دەکات، تەنها ساختەو ناپاکیە بەرامبەر بەهاوەلانێك کەخوای گەورە شایەتی خێرو ڕاستیو حەقی بۆ داوون، ئەگەر بڕوانیە ژیانی عوسمانی کوڕی عەففان(ﷺ) لەنووسینی دکتۆر عەلی موحەممەد صەلابی ئەوکات دەبینین چەند بێشەرمانە ساختەیان بەرامبەر بەهاوەلانی بەڕێز ئەنجامداوە تائەوەی زۆرێك لە موسلمانانی پێ چەواشەکراون.- وەرگێڕ-.

[3] الطبري: ج٤ ص٢٣٣-٢٣٤، ٢٣٩.

[4] البلاذري: ج٦ ص١٢٩، هەمان سەرچاوە/ ج٦ ص٢٢٧-٢٤١.

[5] اليعقوبي: ج٢ ص٦١-٦٤، البدء والتاريخ المنسوب الى المقسي ج٥ ص١٩٤، ١٩٨.

لەلایەکی ترەوە عوسمان(ﷺ) درێژەی بەچالاکیە فەتحخوازیەکان داو شارو ناوچەکان بەتایبەت کوفەو بەصرە بەوپێیەی مەڵبەندی دەرچوونی سوپا ئیسلامیەکان بەرەو ڕۆژهەڵات بوون ئەرکی خۆیان بەجێگەیاند، موسڵمانان(داربجردو تەبەرستانو جورجانو جوزجانو تالقان)یان فەتحکرد[1].

لەبەرەی شامیشەوە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی بیزەنتیەکان بەتایبەت بەدرێژایی کەناراوی شامی بەردەوامبوو، موسڵمانان ئەرمینیایان لەباکوورو قرتاجنەیان لەئەفریقیادا فەتحکرد، موعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان(ﷺ) عموریەی فەتحکرد کەدەکەوتە ناوجەرگەی ئاسیای بچووکەوەو سەرپەرشتی جەنگە وەرزیەکان کەبەهاوینەو زستانە(الصوافء الشواتي) ناودەبران گرتە دەست[2].

ئەو ڕێککردنانە بۆ پاراستنی وولاتی شام لەمەترسی بیزەنتی بەس نەبوون، هەردەبوو لەڕووی دەریاییەوە بەرەو ڕوویان بنەوە، جا موعاویە(ﷺ) لەساڵی(٢٨ك/٦٤٨ز)دا بەهاندانی عوسمان(ﷺ) دوورگەی قوبرصو دواتر صقلیەی فەتحکرد، سەرکردایەتی هێرشبردنەسەر ڕۆدسی کرد، پاشان جارێکی تر قوبرصی ملکەچکرد، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی گەورە لەساڵی(٣٤ك/٦٥٥ز)دا ڕوویدا کاتێك موسڵمانان لەجەنگی(زاتوصەواری) لەناوچەیەکی دەریایی بەرامبەر کەناراوی کیلیا لەئاسیای بچووکدا بیزەنتیەکانیان تووشی شکستکردو جەنگێکی سەختی بەزیانی دەریایی لەنێوان دوو کەشتیگەلی ئیسلامیو بیزەنتیدا بەڕێوە چوو، تیایدا(قنستانز)ی ئیمبراتۆری بیزەنتی بریندداربوو، ئەو جەنگە بە(زاتوصەواری) ناونرا چونکە بەلەمی بچووك کەلەجەنگەکەدا بەشداریان کرد ژمارەیان زۆر زۆربوو[3].

لەدوای ئەو جەنگە کردەوە سەربازیەکان وەستانو موسڵمانان سەرقاڵی ڕووداو و گەشەسەندنەکانی فیتنەو ئاژاوەی ناوخۆبوونو بیزەنتیەکانیش سەرقاڵی بەرەنگاربوونەوەی بارگرژیو پێکدادانە ناوخۆییەکان بوون.

## هۆکارەکانی بارگرژی ناودەوڵەتی ئیسلامی:

بەئاسانی سەردەمی عوسمان(ﷺ) کەماوەی دوانزە ساڵبوو بۆ دوو قۆناغی کاتی دابەشکراوەو ماوەی هەریەکەیان شەش ساڵە، قۆناغی یەکەم هێورو ئارام جێی ڕەزامەندی بوو، قۆناغی دووەم بارگرژیو پشێو بوو تابوویەهۆی کوژرانی خەلیفە عوسمان(ﷺ) لەگەڵ ئەوەی بەڵگە بۆ ئەو دابەشکاریە هەیە، بەڵام ئەو لایەنانەی تەنگژەکەیان نایەوە لەسەر پێشتربوون، هەر لەقۆناغی

---

[1] الطبري: ج٤ ص١٧٤-١٨٦ان ٢٤٦-٢٤٧، ٢٥٠.

[2] خليفة الن خياط، أبو عمر: تأريخ خليفة ابن خياط ص٩٢.

[3] الطبري: ج٤ ص٢٥٨، ٢٨٨-٢٩٢، ٣١٧.

یەکەمەوە، چونکە بەشێکی زۆر لەو ڕەخنانەی بۆهاندانی کۆمەڵگە دژبە عوسمان(ﷺ) بەکارهێنران، ڕیشەیان لەشەش ساڵی یەکەمی خیلافەتدا هەبوو، بۆیە هەڵسوکەوتی عوسمان بەگۆڕانێکی کتوپڕ دەرنەکەوت، بەڵام ئاڕاستەی گشتی کۆمەڵگە خەڵکی هاندا تا هەرلەساڵی ٢٩ی کۆچیەوە کەسانێك بەخراپە سەیری عوسمان(ﷺ)بکەنن هەروەك کەڵەکەبوونی ڕووداوە بچووکەکان ئاڕاستەو واتایان وەرگرتو جێی نەوازشو لێکبوردن نەمان[1].

عوسمان(ﷺ) کاتێك خیلافەتی گرتەدەست کەسێکی پیرو بەتەمەنو دڵپاکو نیازپاکو نەرمونیان بوو، ئەو سیفەتانەی بوونە هۆی ئەوەی ئامانجێکی سادەبێت بۆ چاوچنۆکان، چونکە کاروباری دەسەڵات لەپاڵ نەرمی سیاسیو لەگەڵ بوونی دادپەروەریدا توندوتۆڵیو جۆرە ڕەقیەکی دەوێت.

لەڕاستیدا عوسمان(ﷺ) بنیادی کۆمەڵایەتیو دارایی هەڵقوڵاوی فتوحاتی پاراست، لەوێدا ناوچەکان جەنگاوەرانێکی تێدابوون کەئیشیان بەس جیهادبوو، دەسەڵاتی مەرکەزیش لەمەدینە لەگەڵ بەیتولمالو والیو کاربەدەستەکانیدا هەبوون، ئەمانە ڕۆڵی سەرەکی خۆیان دەبینیو سەرپەرشتی چالاکی جەنگاوەرانیو پەیوەندیان بەو زەویەی فەتحیان دەکردو گەلانەی بەسەریاندا سەردەکەوتن دەکرد، دواتر چاو بەهیچ بەشێکی ئەو ئاڕاستە سەرکردایەتیەدا نەخشێنرایەوە[2].

کۆمەڵگەی ئیسلامی کەڵەکەبوونو تەقینی سەروتو سامانی بەیتولمالی بەخۆیەوەدیو شوێنەواری لە لایەنە جیاوازەکانی ژیاندا بەجێهێشتو ڕێگەی سەروەتو سامان بۆ گەیشتنە دەستی سەربازو سەرکردەو بازرگانانو تەنانەت هاولاتیانی ئاسایش هەبوو، هێزی داراییو سەربازی دەوڵەت لەناوچەکاندا چەسپا، هەروەك سەروەتو سامانی مەدینە کەڵەکەبوو و لەژێر سایەی بەخششو نەفەقەکاندا دەگوێزرایەوە بۆ مەدینە، جا مووچە لەوێ تەنها چەند سەد یان چەند هەزار کەسێکی دەگرتەوە کەلەگەڵ جەماوەری زۆری عێراقو شامدا بەراوورد ناکرێت، هەروەك مەدینە لەو خەرجیە کارگێڕیو سەربازیانەدا بەشداری نەدەکرد کەبەسەر ناوچە وویلایەتەکانەوە هەبوو، بۆیە بەشێوەیەکی بێوێنە دیمەنەکانی سەروەتو سامان لەپایتەختدا خۆیان نواند، لەوێ بەخششو موچەکۆدەبوویەوەو سەروەتو سامان کەڵەکە دەبوو و خەڵکە زۆر دەوڵەمەندەکان لەوێ دەبوون[3]، وەك ئەوەی عوسمان(ﷺ) لە سەرەتای سەردەمی دەسەڵاتیەوە سیاسەتی ئازادی پێدانی

---

[1] البلاذري: ج٦ ص١٣٣، جعيط: ص٦٥-٦٦، ملعم، ص١٠٦.

[2] جعيط: ص٦٠.

[3] ملحم: ص٩٧، عرموش،أحمد راتب، الفتنة و وقعة الجمل، روايةسيف بن عمر، دار النفائس، المقدمة.

شەنکردنی گرتبێتە بەرو بەوبارە سیاسیو ئابووریو سەربازیە کاریگەربوویێت کەلەگەڵ وەرگرتنی پایەی خیلافەتدا هەبوو.

سەرچاوەکان ئەو ڕەخنانە دەخەپێش چاو کەدژبە سیاسەتی عوسمان(ﷺ) کە بەهۆگری سیاسیو خواستی مەزهەبی کاریگەرن ئاراستەی کراونو سیاسەتەکەی بەچەند ڕەنگێك نیشان دەدەن، بەلام خوێندنەوەی مەوزوعی گێرانەوە جیاوازەکانو بەراوردکردنی نێوانیان بەڕاستی مێژووییمان دەگەیەنێت.

کۆمەلگەی ئیسلامی لەسەردەمی عوسماندا(ﷺ) گۆڕانێکی ڕیشەیی لەبنەڕەتو نبەمای خۆیو سروشتی پەیوەندی نێوان ئەندامانیدا بینی، ئەمەش بەپێی گۆڕانی بارە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیەکانی موسلمانان بە شێوەیەکی گشتی، بارێکی ئاساییە.

لەنێوان ئەو ووتانەی مێژوونووسان باسیانکردونو بەهۆکاری بارگرژیەکانیان داناون، ئەم دیاردانەباسدەکەین[1]:

- ڕێگەی بەزۆرینەی هاوەلان دا تالەناوچەکاندا زەوی بچێنو بلاوبنەوە، ئەونەریتەی لابرد کە عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) لەسەریان سەپاندبوی لەبەر سووربوونیان لەسەر کۆکردنەوەی مالو سامانو گەیشتن بەدەسەلات، ئەمە بوویە هۆی ئەوەی چینێکی خۆشگوزەران کەلەسەر زامنی بەرژەوەندیەکانی ئیش دەکات دەربکەوێت گەشەسەندنەکانی دواتریش ئەمەیان سەلماندو یەك سال بەسەر عوسماندا(ﷺ) تێنەپەڕی تا ئەوانە لەناوچەکانەوە مالو سامانو سەروەتیان کۆکردەوە(خەلکی لێیان پچڕانو حەوت سال هەرکەسێکیان دادەنا کەحەزی بەهاودەمی ئەوان بکردایە)(ئەوەش سەرەتای وەهنی موسلمانانو یەکەم فیتنەی گشتی بوو.........)[2].
- حەکەمی کوڕی عاصی کوڕی ئومەییەی گێڕایەوە بۆ مەیدنە لەدوای ئەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەبەر ئازاردانی لەلایەن، حەکەمو کوڕەکەیەوە دووری خستنەوە بۆ تائیف، بەلگەیشی بۆ ئەوکارەی ئەوەبوو کەسەبارەت بەو دوانە لەگەل پێغەمبەردا(ﷺ) قسەی کردووەو پێغەمبەریش(ﷺ) بەلێنی پێداوە کەمۆلەتیان بدات، بەلام مەرگ ڕێگەی نەداتا بەلێنەکەی بەجێبگەیەنێت[3].

---

[1] البلاذري: ج٦ ص٢٠٨-٢٠٩.

[2] الطبري: ج٤ ص٣٩٦-٣٩٨.

[3] الطبري: ج٤ ص٣٤٧، ٣٩٩، البلاذري: ج٦ ص١٣٥-١٣٦.

●ئەبو زەری غەففاری لەمەدینەوە بۆ(ڕەبـزە) دوورخـستەوە، ئـەبو زەر کەسـێکی پیـاو چـاك‌و زاهیدبوو، بانگەوازی بۆ کۆنەکردنەوەی ماڵ‌و سامان دەکرد، چونکە ئەگەر مـرۆڤ لـەزیادەی پێویستی خۆی ماڵ‌و سامان کۆبکاتەوە، ئەوا خاوەنەکەی لەدوارۆژدا پێی داخدەکرێت، بۆیـە دەبێت ماڵ‌و سامانی زیادە بەسەر موسـڵماناندا دابـەش بکرێـت، ئـەو ئیجتیهـادەی ئـەبو زەر پێچەوانەی ئیجتیهادی زۆرینەی هاوەڵان بوو.

عوسمان(ﷺ)و هاوەڵانی تر هەوڵیاندا ڕازیبکەن بانگەوازەکەی بۆ کۆمەڵگە شیاونیەو بۆ بنیادی ئوممەت ناگونجێت، لەئەنجامی ئەو جیاوازیەدا، ئەبو زەر(ﷺ) مۆڵەتی لە عوسمان(ﷺ) وەرگـرت تـا لەمەدینە بچێتەدەرەوە ئەویش مۆڵەتی پێداو ئەبوزەر لـە(ڕەبـزە)[1] دابـەزی ئـەبوزەر(ﷺ) سـووربوو لەسەر یەکبوون‌و چۆڵەوانی.

● کاربەدەستانی عومەری(ﷺ) لەسەر وویلایەتەکان لابردو لەجیاتی ئەواندا خزمانی خۆی داناو لەخۆی نزیکی کردنـەوە، لەڕاسـتیدا سیاسـەتی گـۆڕان مـشتومڕی پەرچـەکردارێکی جیـای لەنێوان هاوەڵان‌و جەماوەری موسڵماناندا هێنایەکایە[2]، بەڵام شتێکی ڕوونـە کـەعوسمان(ﷺ) لەسـەر سکاڵای خـەڵك یـان دواخـوازی خـودی کەسـەکە هەڵدەسـا بـەگۆڕینی کەسـێك[3]، نزیکردنـەوەی نزیکـانیش داهێنـراوی ئـەو نـەبوو و هەرچـی بکردایـە هـەر ئـەوەبوو کـە پێغەمبەر(ﷺ) دەیکرد، هەروەك زۆربەی کاربەدەستەکانی لەسـەردەمی خیلافـەتی ئەبوبـەکرو عومەردا(ﷺ) پایەی گرنگیان گرتبوویەدەست. وەك: سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص‌و وەلیـدی کوڕی عوقبەو سەعید کوڕی عـاص‌و عەبـدولای کـوڕی ئـەبی سـەرج‌و موعاویـەی کـوڕی ئەبوسوفیان لەڕاستیدا دانان‌و لابردنی والیـەکان لەسـەردەمی عوسمانـدا(ﷺ) لـەژێر پێـوانی پاراستن‌و بەرژەوەندی گشتی دابوو، سیاسەتی دانـانی خزمـان‌و نزیکـان هـیچ ڕۆڵێکـی لـەو بوارەدا نەدەبینی.

●بڕیاری عوسمان(ﷺ) بۆ کۆکردنەوەی قورئان چەسپاندنی یەك شێوە خوێندنـەوەی لەحـەوت شێوەی پێـشوودا کەلەسـەری دابـەزیبوو، لەدلێرانـەترین‌و بوێرانـەترین هـەنگاوەکان بـوو و

---

[1] الطبري: ج٤ ص٢٨٣-٢٨٤.

[2] بەڵکو بنەمای خزمایەتی هیچ پێوەرێك نەبووەو درۆو ناڕاستی ڕاکیزەکانە کەبۆ ئەو هاوەڵە بەڕێزەیان داناوە، وەك نووسەر دواتریش ئاماژەی پێدەدات بۆ شارەزایی وورد لەم بارەیەوە بڕوانە ژیانی عوسمانی کوڕی عەففان(ﷺ) لەنووسینی دکتۆر عەلی موحەممەد سەلابی.-وەرگێر-.

[3] الطبري: ج٤ ص٢٥٣.

لەهـــەموویان زیـاتر جێـی ڕەخنەنانـــەوەبوو، بەڵگـــەی عوسمـــان(ﷺ) ئـــەوەبوو کەخـــەڵکی لەخوێندنەوەی قورئاندا تائاستێك جیاوازن کەیەکتری بەبێباوەڕ دادەنـێنو خـەریکبوو ئـاژاوە بکەوێتە نێوانیان[1]، بێگومان ئەو هەنگاوە شتێکی باشـبوو و بەگـشتی موسـڵمانان بەچـاکیان دەزانـی، هەرچـەندە هەنـدێکیان ڕەخنـەیان لەوشـێوەو ئـسلوبە دەگـرت کـەعوسمان(ﷺ) بۆگەیشتن بەئامانجەکەی گرتبەر، هیچ کەس بەوە تۆمەتباریان نەکردووەکە قورئـانی کردبێـتو گۆڕیبێتی.

● نوێژکردنی عوسمان(ﷺ) لەمونا لەساڵی(٢٩ك/٦٥٠ز)دا ڕەخنەیەکی زۆری نایەوە، ئەوبەجیا لەسونتەتی پێغەمبەر(ﷺ)و خەلیفەکانی پێشووی کەدووڕکاتیان دەکرد، چـوارڕکات نوێـژی کرد، چونکە ئەوانەی پێشوو لەمونا نوێژی گەشتیاریان دەکـرد، بـەڵام عوسمـان(ﷺ) دیـدی تایبەتی خۆی هەبوو و فەرمووی:(هەندێ خەڵکی یەمەنو خەڵکی عەوام لەساڵی ڕابردووماندا پێیان ووتین: نوێژی کەسی نیشتەجێ دووڕکاتە، واتە پێشەواکەتان دووڕکات دەکات، منیش خەڵکی مەککەم بەدیکرد، بۆیە لەترسی ئەوەی دەترسم خـەڵکی تووشـی بێـت پـێم باشـبوو چوارڕکات بکەم......)[2].

**ڕووداوەکانی فیتنەکە-شەهیدبوونی[3] عوسمانی کوڕی عەففان(ﷺ):**

ئـێین خەلـدوون هۆکارەکـانی فیتنـەی دژبـە عوسمـان(ﷺ)و کاربەدەسـتەکانی لێکدەداتـەوەو دەڵێت:(زۆربەی ئەو عەرەبانە لەناوچەکانی-کوفە -بەصرە -مصردا نیشتەجێ بوون عـەوام بـوونو زۆر لـەگەڵ پێغەمبەر(ﷺ) نەژیابوونو بەچاکی شارەزایی ژیانو ئاکاری نەبوونو ڕەفتارو ڕەووشـتی ئەویان وەرنەگرتبوو، لەگەڵ ئەمەیشدا نەزانی دەمارگیریو خۆبە زلزانیو دوور لەئارامشی ئیمانیـان تێـدابوو، لـەکاتی بـەهێزی دەوڵەتیـشدا لەژێردەسـەڵاتی کۆچـەرانو پـشتیوانانداببوون ئەوانـەی لەقورەیشو کینانەو ئەقینو هوزەیلو خەڵکی خیجازو یـەثـریـب بـوونو یەکـەمین کەسـانێك بـوون باوەڕیان هێنا، ئەمان لەبەرئەوەی خۆیان بەوە دەزانی کەرەچەڵەکیان لەپێـشترەو ژمارەیـان زۆرتـرەو بەرامبەر فارسو ڕۆم وەستاون وەك هۆزەکانی بەکری کوڕی وائیلو عەبدولقەیسی کـوڕی ڕەبیعـەو

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٣٤٧.

[2] الطبري: ج٤ ص٢٦٧-٢٦٨.

[3] لەبەرئەوەی بەبەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەر(ﷺ) کەشایەتی شەهیدی بۆ ئیمامی عومەرو ئیمامی عوسمانیش داوەو فریشتەکانی خوایش بەشەرمەوە بۆی دەڕوانن، بۆیە لەجیاتی چەمکی(کوژران) کەنووسەربەکاریهێناوە چەمکی(شەهید) بەکاردێنین.-وەرگێر-.

هۆزەکانی کەندەو ئەزد لەیەمەنو تیمو قیس لەمصر، بۆیە دەستبەرداری بوونو بەبێ بایەخ سەیریان دەکردو ڕقیان لەقورەیش هەبوو و لەکوێرایەلێکردنیاندا کەمتەرخەمیان دەنواند، بەڵگەشیان بۆ ئەمە ئەوە بوو کەئەوان ستەمیان لێدەکەنو حەزیان لەدوژمنایەتی کردنیانەو تانەی بێتواناییان بۆ سەقامگیریو لادان لەبەیەکسانی دانان لێدەدەن، بەم جۆرە ئەم قسەیە بلاوبوویەوەو گەیشتە مەدینە، هەرکەسێك بیزانیایە شتەکەی گەورەدکردو گەیاندیانە لای عوسمان(ﷺ) ئەویش کەسانێکی بۆ ناوچەکان نارد تا هەواڵی بۆ وەربگرن..... ئەوانیش هیچی خراپیان لەئەمیرەکان بەدی نەکردو تانەیان لێیان بەدینەکرد.... تانەدانی خەڵکی ناوچەکانیش تەواونەبوونو پڕوپاگەندەکانیش بەردەوام گەشەیان دەکرد.... پاشان کەسانێکی لەخەڵکێکی ناوچەکان هاتن بۆ مەدینەو داوای لابردنی کاربەدەستەکانیان دەکردو سکالآیان بردەلای(دایکمان) عائیشەو عەلیو زوبەیرو تەلحەو(ﷺ) عوسمانیش(ﷺ) هەندێ کاربەدەستی بۆلابردن بەلآم بەمەیش هەر زمانیان نەوەستا......)[1].

ئیبن خەلدون هۆکارەکانی فیتنەکە بۆ دوولایەنی سیاسیو دەماگیری ململانێی هۆزایەتیو ئامادەنەبوونی هۆزەکان بەوەی قورەیش دەستبەسەر تواناکانی موسڵماناندا بگرێت بەرتەسکدەکاتەوە، ئەو گۆڕانە ئابووریو کۆمەڵایەتیانەی پشتگوێ خستووە کەلەدوای فتوحات کۆمەڵگەی ئیسلامی پێداتێپەڕدەبوو.

شتێکی ڕوونە کەفیتنەکە لەکوفەوە دەستی پێکرد کەگیرۆدەی پشێویەکی ئابووریو کۆمەلآیەتی بوو لەئەنجامی ناڵەباری دەستکەوتەکان، چونکە خەڵکەکەی بەبەراوورد لەگەڵ ماوچەکانی تردا فتوحاتیان سنووردداربوو، وێڕای ئەوەی کەموکورتی لەدابەشکردنیدا هەبوو، کووفە نەیتوانی ئەو گرفتە داراییانە چارەسەربکات، هەروەك لەماوەی ویلایەتی وەلیدی کوڕی عوقبەو سەعیدی کوڕی عاصدا(ﷺ) کارگێڕی ئەوێ لەبەرەنگاربوونەوەی ئەو پشێویەدا سەرکەوتوونەبوو، وەلید سیاسەتی نزیککردنەوەی لەگەڵ هەژارانو کۆیلەو پەککەوتەکاندا بەکاردەهێناو موچەی پێدەدان، ئەمە وایکرد چینی تایبەتی خانەدانەکان لەگەڵ ئەوەی لەمووچەی ئەوان کەمی نەکردبوو لێی بێزاربن، لەکاتێکدا سەعیدی کوڕی عاص(ﷺ) لەسەر بڕیاری خەلیفە گەڕایەوە بۆ سیاسەتەکەی پێشوو کەپێشتر موسڵمانبوانی پێشدەخستو لەجیاتی پلەوپایەی خێلآیەتی بەهای ڕێسازی پلەوپایەی ئیسلامی بەدیاردەخست[2]، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سیاسەتە نەیتوانی بەرەنگاری فشاری گەشەسەندنی ئابووریو کۆمەلآیەتی یە یەکلەدوای یەکەکان ببێتەوە.

---

[1] ابن خلدون: المقدمة ص٣٧٩-٣٨١.

[2] الطبري: ج٤ ص٢٧٩، جعيط: ص٨٢.

بەتایبەت دوای ئەوەی سیاسەتی خەلیفە بەرامبەر زەوی(فەیئ) بەتایبەکردنی بۆ ئەوانەی پێشتر موسڵمان بوون، بوویە هۆی قوڵبوونەوەی نارەزایی نێوان دانیشتوانی کووفە ئەوانەی لەرۆژانی ئەوکاتو قادسیەدا هەبوونو زۆربەیان لەهۆزەیەکەمینەکان بوونو نێوان مەڵبەندی خیلافەت کەئەوان بەرپەرچیان دەدایەوە، ئەوان هەتیان بەوەدەکرد کە ئەوسیاسەتە هەڕەشەلە پلەوپایەو تایبەتمەندییان لەبواری بەدەستهێنانی داهاتەکانی زەوی(فەیئ) کەماف‌و بانگەشەیان لەسەر ئەو زەویانە هەبوو، لەدەستدەدات[1]. کەوتنە رەخنەگرتن لەوەی لەفەیئی خۆیان بدەن بەخەڵکی مەدینەو بانگەوازیان بۆ ئەوەدەکرد داهاتی هەموو ناوچەیەك بەسەر جەنگاوەرانی ناوچەکەدا دابەشبکرێت بەوپێیەی ماڵ‌و سامانی موسڵمانانە، بەڵام خەلیفە پێی وابوو هی خوایە واتەهی دەوڵەتی ئیسلامییە[2].

لەساڵی(٣٣ك/٦٥٣ز)دا لەکۆڕێکی گشتی سەعیدی کوڕی عاصدا بارەکە تەقیەوە کاتێك ووتی:(ئەم خاکە باخچەو کێڵگەی قورەیشە) مالیکی کوڕی ئەشتەری نەخەعەیش بەرەقی وەڵامی دایەوە:(بانگەشەی ئەوە دەکەیت ئەو زەوویەی خوا بەشمشێرەکانی خۆمان بۆی بریوەنەتەوە باخچەوکێڵگەی خۆت‌و هۆزەکەتە؟! سوێندبەخوا بەشی هەریەکەتان لەهی هیچ کاممان نابێت زیاتربێت)[3].

ئەو وەڵامەی ئەشتەر وێڕای ئەو ململانێ ناوخۆییەی لەکووفەدا هەبوو بەڵگەی بوونی ململانێی دەرەکی نێوان ناوچەکانە بەگشتی‌و نێوان کووفەو مەدینەو دەوڵەتەکەی عوسمان(ﷺ) بەتایبەتی کەچەمکی قورەیشی پێوەنرابوو، بەڵام رووداوەکانی کووفە بزوتنەوەیەکی ئاسایی نارەزایی بوو کەیەکدەنگی خەڵکی کووفەی لەسەر نەبوو، خەلیفەش رێزی ئەو نارەزاییەی گرت‌و سەعیدی کوڕی عاصی لابردو لەسەرداوای نارەزایان کەمالیکی کوڕی ئەشتەر لەپێش هەموویانەوە بوو ئەبوو موسای ئەشعەری دانا[4]. بەڵام ئەوە بەڵگەی ئەوەیە هۆزەخێڵەکیەکان حەزیان بەدەسەڵاتی مەرکەزی نەبوو و بەسەکردایەتی مەرکەزی نەبوو و بەسەرکردایەتی قورەیش رازی نەبوون[5].

---

[1] ملحم: ص١٣٧.

[2] الدوري: ص٥٥.

[3] الطبري: ج٤ ص٣٢٢-٣٢٣.

[4] الطبري: ج٤ ص٣٣٥-٣٣٦.ئەمە زادەی ساختەکاریەکانی دژبە مێژووی هاوەڵانی.-وەرگێر-.

[5] الدوري: ص١٨-٢٠.

تەبەری دەڵێت:(یەکەم ناکۆکی لەنێوان خەڵکی کووفەدا کەیەکەم ناوچەی ململانێ بوو ئەوە بوو کەشەیتان ناکۆکی خستە نێوانیان)[1].

ئەگەر زۆر لەسەر ڕووداوەکانی کووفە وەستاوم، لەبەرئەوەیە کەئەو ڕووداوانە ڕیشەی فیتنەکە پێکدێنن، بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی لەبەصرە وەك هی کووفە نەبوو، ئەمەیش پەیوەندی بەئاستی باری خۆشگوزەرانی ئابووریەوە هەیە کەهۆزەکانی عەبدولقەیس و ئەزدو پیاوانی کاربەدەست و پیشەگەرە ناعەرەبەکان دابوویان بەبەصرە.

ئەبو موسای ئەشعەری والی بەصرە سیاسەتێکی بەرتەسکی گرتەبەرو هەندێ سەرکردەی بەصرەو لەسەرو هەموویانەوە غەیلانی کوڕی خرشەی زەببی نارەزاییان دەربڕی، بۆیە خەلیفە لەساڵی(٢٩ك/٦٥٠ز)دا لایبردو لەشوێنیدا عەبدوڵای کوڕی عامری دانا[2]،شتێکی ڕوونیشە ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی سیاسەتی عوسمان(ﷺ)و کاربەدەستانی دەکران بەناوچەکاندا بڵاوبوونەوە، لەوانەش بەصرە، هەندێ لەخەڵکی بەصرە کەوتنە باسی کارەکانی عوسمان(ﷺ)و یەکێکیان بەناوی عامری کوڕی عەبد قەیسی تەمیمی نارد بۆلای خەلیفە تا لەسەر ڕەخنەو خواستی خەڵکی قسەی لەگەڵدا بکات، کاتێك گەیشتە مەدینە، خەلیفەی بۆ لەخواترسی بانگدەکرد، ئەویش سەرکۆنەی کردو ووتی:(تۆ نازانیت خوا لەکوێیە)[3].

لەسەرەتای سەردەمی عوسماندا دوو ئەمیر دەسەڵاتی مصریان لەدەستبووکە بریتیبوون لەعەمری کوڕی عاص لەبەشی خوار بوو(بەرەی دەریایی)و عەبدوڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرج لەسەر(صعيد) ئەمە ئامۆزاو برای شیری عوسمان(ﷺ)بوو، عەمر ویستی بەتەنها هەموو دەسەڵاتی مصری لەدەستدابێت، بۆیە داوای لەخەلیفە کرد تا عەبدوڵا لاببات، بەڵام خەلیفە داواکەی بەرپەرچ دایەوە، عەمر داوایکرد باخۆی لاببات، خەلیفەش لایبردو سەعدی کوڕی ئەبو سەرحی لەسەر هەموو مصردانا[4]. لەماوەی والیەتی ئەم لەمصردا کۆمەڵێك ڕەخنە دەرکەوتن کەبوونەمایەی فیتنەو موحەمەدی کوڕی ئەبو حوزەیفە لەبەر چەند هۆکارێکی شەخسی خۆی لەگەڵ خەلیفەدا سەرکردایەتی دەکرد، هەروەها موحەمەدی کوڕی بەکریش کەپێی هەڵخەڵەتابوو و تەماع

---

[1] الطبري: ج٤ ص٢٥١.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٢٦٤.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٣٣٣.

[4] ابن عبدالحكم: فتوح مصر وأخبارها ص١١٨-١١٩، الكندي: كتاب الولادة والقضاة ص١١.

دایگرتبوو، عەممارى كوڕى یاسـرى مـەوالى هاشمیـەكانو نـەیارى سیاسـەتى خەلیفـە عوسمـان(ﷺ) بەتایبەت كەلەبوارى دامەزراندنو پشت بەستن بەنزیكانیدا[1].

ئـەو گەشەسـەندنو ڕووداوانـەى لەبەشـەجیاكاندا هاتەكایـە خەلیفـەیان هانـدا تـا لەگـەڵ كاربەدەستەكانى كۆبوونەوەیەكى گشتى ببەستێت، ئەمەش لەسـاڵى(٣٤ك/٦٥٤ز)دا بـوو، تیایـدا بڕیاریدا ئیش بۆ وابەستەكردنى دڵى خەڵك بمماڵو سامان بكرێت تا ئارام بگرن، بەڵام لەو ساڵانەدا ئەو سكاڵایانەى ناوچەكانى پڕكردبوو بڵاوبوونەوەو لەمەدینەدا دەنگۆیان هـەبوو، هەنـدێ لەگـەورە هاوەڵان كەوتنە هەوڵدان لەگەڵ عوسماندا(ﷺ) تا ئەركەكانى خۆى ببژێرنەوە، ئەمە خەلیفەى هاندا تا لەگەڵ كاربەدەستەكانیدا لەساڵى(٣٥ك/٦٥٥ز) داكۆنگرەى دووەمى ببەستێت، كاربەدەستەكانى دڵنیایان كرد كەلەناوچەكانیاندا كاروبارو ئاسایش چەسپاوە[2].

لەم بارەگەرمەدا پیلان لەنێوان سەركردەكانى هێزە بەرهەڵستكارەكانى ناوچەكاندا دانـرا، یـان لەڕێگـەى ئـاڵوگۆڕى نامـەوە، یـان لـەكاتى كۆبوونەوەیەكـدا كەسـاڵى(٣٤ك/نیـوەى سـاڵى ٦٥٥ز)لەحەجدا بەسترا[3]، چەند دەستەیەكى سەربازى كەلەمصرو كووفەو بەصرەوە هاتبوون لەسـێ شوێنى جیاوە لەدەورى مەدینەدا سەنگەریان گرت، دیمەنى ڕوخسـارى سەركردەكانى پێشكەشكردنى داخوازیەكانو نیشاندانى ئەو ڕەخنانەیان بوو كەئێمە هەندێكمان لێ باسكردن كەكورتەى قسەیان بۆ خەلیفە ئەمەبوو(گۆڕانت ئەنجامدا) ئەمە تـا داواى لێبكـەن دان بەهەڵـەكانى خۆیـدا بنێـتو لـەوێوە سیاسەتى خۆى بگۆڕێت، بەڵام نیازى ناخیان لابردنى خەلیفەبوو[4].

ڕووداوەكان بەدوو قۆناغ گەشەیان سـەند، قۆنـاغێكى ئاشـتى كەدانوسـتانو لێـدوانو بـوونى نێوەندى نێوانیان بوو، لەكۆتاییدا عوسمان(ﷺ) بەداخوازیەكانى بەرهەڵستكاران ڕازیبوو، لەوكاتەوە كەوادیاربوو كۆتایى مەسەلەكەبێت كەچى تازەبەتازە دەستپێكردەوەو وەفدەكان گەڕانەوە بۆ وڵاتى خۆیان، بەڵام لەڕاستیدا ڕازیبوونى عوسمان(ﷺ) بەگۆڕینى سیاسەتى خۆىو گەڕانـەوەى وەفـدەكان قۆنـاغێكى كـاتى بـوو و كاروبارەكـان بەئاڕاسـتەى پێكـدادان دەچـوون تاقۆنـاغێى سـەربازى

---

[1] خوێنەرى بەڕێز بۆ خۆپاراستن لەم هەڵانەى خراونەتە مێژووى ئیسلامىو تەنانەت گەورە زانایانى ئوممەتى ئیسلامى بەو ساختانە چەواشەكراون، بڕوانە سەرچاوە پشت ڕاستكراوەكان یان بڕوانە كتێبى(سیرة أمیر المؤمنین عثمان بن عفان(ﷺ) دكتۆر عەلى موحەممەد سەلابى)-وەگێڕ-.

[2] الطبري: ج٤ ص٣٣٣-٣٣٥، ٣٤٢-٣٤٣.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٣٤٥، جعیط: ص١٠٨-١٠٩.

[4] الطبري: ج٤ ص٣٤٨-٣٤٩، البلاذري: ج٦ ص١٥٧، ١٧٤.

دەستپێکردو بەشەهیدبوونی عوسمان لەڕۆژی هەینی(١٨ی زیلحیجەی سالی ٣٥ك/١٧ی حوزەیرانی سالی ٦٥٦ز)دا کۆتایی پێهات، ئەمە لەدوای ئەوەی وەفدەکان گەڕانەوە بۆ مەدینەو بەهێزی چەك بوونی خۆیان چەسپاندو پێش ئەوەی مالەکەی ببڕن گەمارۆی خەلیفەیان لەمالی خۆیدادا[1].

[1] هەمان سەرچاوە: ج٤ ص٣٤٦-٣٥٥، ٣٦٧-٣٩٦، البلاذري: ج٦ ص١٧٣-١٩٢، ٢٠١-٢٠٥.

## عەلی کوڕی ئەبو تالیب(ﷺ)( ٣٦-٤٠ك/٦٥٦-٦٦١ز)

**بەیعەتدان بەعەلی(ﷺ):**

شەهیدکردنی توندوتیژانەی عوسمان(ﷺ) باثازارو مێژوویی بوو، ئازارەکە ئەوکات زیاتربوو کەبکوژانی ڕێگەیان نەدەدا بەخاك بسپێردرێت، دوای ئەوەی یەکێك لە کچە ئامۆزاکانی(ئوم حەبیبە) کەخێزانی پێغەمبەر(ﷺ)و دایکی باوەڕداران بوو هەڕەشەی بێشەرمی نواندن لە(پەردەپۆشیو ئابرووی پێغەمبەر(ﷺ))[1] لەبەردەم هەمووانادا نواند، ئەوکات ڕازیبوون بەخاك بسپێردرێت، ئینجا بەشەو کوازرایەوەو لەدەرەوەی شورەکانی بەقیع بەخاك سپێردرا[2]، ئەمە لەکاتێکدا بەڕێوە چوو کەزۆرینەی موسڵمانان هێشتا پەیوەستی بەیعەتدان بە ئیمامی عوسمانو والیەکانی لەناوچەکاندا بوونو گوێڕایەڵبوون، بەڵام جگەلە چەند هاوەڵێك لەگەڵ ئەو مەترسیو پشێویانەی لەمەدینەدا بڵاوبوونەوە فریای نەکەوتن.

ئەو فریاگوزاریە سەربازیانەی کەهەندێك لەوالیەکانی خستیانە گەڕ دواکەوتن، لەسەر ئاستی مێژوویش شەهیدبوونی عوسمان(ﷺ) بەسەرەتاو بارکرژیو دابەشبوونە سیاسیو مەزهەبییەکانی ناوڕێزەکانی موسڵمانان دادەنرێت[3].

ئومەویەکان لەدوای شەهیدبوونی عوسمان لەمەدینە ڕایانکرد، هەروەك زۆربەی هاوەڵان مەدینەیان بەجێهێشت، هەرچی هاوەڵیش لەمەدینە مانەوە بەپەلە بەرەولای عەلی کوڕی ئەبو تالیب(ﷺ) چوون تابەیعەتی خیلافەتی پێبدەن، چونکە ناکرێت ئومەت لەباری ترسناكو پشێویدا خەلیفەی نەبێت.

بێگومان کەسایەتی عەلی(ﷺ) لەگەڵ ئەو فیتنە هەڵگیرسێنەرانەدا لەباربوو کە شیاوێتی شەرعیەتی مەدینەیان پێڕەوابوو، تەنها بۆیە دەستیان وەردابوویە تالەڕووی هەڵستکاراندا بوەستن، ئەمەش جەختکردنەوەیە لەسەرئەوەی کەخەڵکی ناوچەکان دەستیان بەسەر کاروباری مەدینەدا گرتبوو، لێرەوە ناکرێت بڵێین ئەوان لەپشت چالاکی هەڵبژاردنەوەن وەك دواتر نەیارانی عەلی(ﷺ) دەڵێن، بەڵام ڕایزبوون بەدەسەڵات وەرگرتن لە بارێکی لەو جۆرەدا واتە تاثاستێك خۆدانە بەدەست واقیعەوەو گۆڕانە بۆ بارمتەیەك کەلەدەست فیتنە هەڵگیرسێنەراندا[4]، لەگەڵ ئەوەی عەلی(ﷺ) پێشتر

[1] البلاذري: ج٦ ص٢٠٥.

[2] الطبري: ج٤ ص٤١٤.

[3] جعيط: ص١٢٥.

[4] جعيط: ص١٤١-١٤٢.

حەزی بەگرتنەدەستی پایەی خیلافەت نەبوو، ئەمەش لەبەر ترسی لەو فیتنەو نالەباریەبوو لەڕووی ئاین‌و موسڵمانانندا، بەڵام مەرجی دانا بەیعەتدانە کەبەئاشکرا لەمزگەوتداو بەڕەزامەندی هەموو موسڵمانان بێت، بەتایبەت بەڕەزامەندی ئەهلی شوراو ئەهلی بەدربێت[1].

لەڕاستیدا خودی عەلی(ﷺ) جێی تۆمەتبارکردن نەبوو، تەنانەت بێ‌نیزامی بوونی هەڵبژاردنی بۆ خیلافەت هۆکاری پێکهێنانی بەرپەرچدانەوەو داخوازی نەبوو، بەڵکو خواست‌و ویستی هێزو توانو ڕاکێشانی ئوممەت بۆ توندترین شێوەی توندو ڕەقی لەژێر دروشمی داخوازی خوێنی عوسماندا(ﷺ) بوویە هۆی ئەوەی زۆرینەی گەورە هاوەڵان بەیعەتی پێبدەن هەندێکیان لەبەیعەت پێدانیدا دوو دڵبوون وەك سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص‌و عەبدوڵای کوڕی عومەر(ﷺ) حەسانی کوڕی سابت‌و مەسلەمەی کوڕی موخەلەدو ئەبو سەعیدی خودری(ﷺ)و چەند کەسێکی تر ئارەزوومەندی عوسمان(ﷺ) بوون بەیعەتیان پێنەدا، هەندێ لەسەرکردەکانی قورەیش لەئومەویەکان ترسان لەوەبوو ئەگەر بەیعەتی پێبدەن خیلافەت لەبنەماڵەی هاشمیەکاندا بمێنێتەوە[2]، هەندێکیان مەرجیان لەسەردانا کەدەبێت لێیان خۆشبێت‌و چی ماڵ‌و سامان لەدەستیاندایە وازیان لێبهێنێت‌و تۆڵەی تۆڵەی خوێنی عوسمان(ﷺ) لەبکوژانی بسێنێتەوە، هەندێ لەناودارانی موسڵمانانیش ترسیان لەوەبوو دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ توندی‌و ووردی سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) لەدوای ئەوەی لەسەردەمی عوسماندا(ﷺ) لەسەر ساکاری ژیان ڕاهاتبوون، چونکە عەلی(ﷺ) وەك عومەر(ﷺ) سیفەتی توندی‌و یەکلایی‌و نەرمی نەنواندنی هەبوو[3]. بۆیە بەیعەتدانی بەعەلی(ﷺ) بەئیجماع یان زۆرینەبوو لەدوای پێنج ڕۆژ لەشەهیدبوونی عوسمان(ﷺ) بەیعەت بەعەلی(ﷺ) درا[4].

**سیاسەتی گشتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب(ﷺ):**

لەماوەی چەند مانگێکی کەمی دوای بەیعەتپێدانیدا عەلی(ﷺ) هیچ دوژمنێکی نەبوو، بەڵکو نارەزایی‌و ترس‌و بێزاری نێوەندەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی گرتبوویەوەو ئەویش توانی دانپێدانانی زۆربەی ئەوکارەبەدەستی ناوچانە بەدەستبهێنێت کەبەسەربازو ماڵ‌و سامان هێزیان پێکدەهێنا، بەڵام مصر لەبەر گەرموگوڕی بۆ خوێنی عوسمان(ﷺ) بەیعەتی پێنەدا، ئەمە واتای ئەوەیە زۆرینە دژبە

---

[1] الطبري: ج٤ ص٤٢٧-٤٣٥.

[2] هەمان سەرچاوە: ئەمە وەك پێشتر ووتمان قسەی دانراوی ڕافیزەکانە کەچاویان بەنیازپاکی هاوەڵان هەڵنایەت.-وەرگێڕ-.

[3] هەمان سەرچاوە: ج٤ ص٤٢٧-٤٤١.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٤ ص٤٣٦.

کوشتنی عوسمان، بەڵام لەڕێگەی پاڵپشتی وریایانەیان بۆ خەلیفە هەوڵی پاراستنی یەکبوونی ئوممەت دەدەن، موعاویەی والی شام تاکە کەسێك بوو کەجێی تێڕوانین بێت، چونکە هەڵوێستی شام ئەوەبوو کەبەرپەرچی بەیعەتدان بەعەلی(ﷺ)یان دەدایەوە.

ئەگەر خەلیفە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دیمەنو هۆکارەکانی لادانەکانی نەدایە، پێدەچوو ئەو گرفتانەی لەئەنجامی هەڵبژاردنی عەلی(ﷺ) هاتبوونەدی نەمێننو لەناوبچن عەلی(ﷺ) سیاسەتێکی نوێی لەدەوڵەتدا گرتەبەر کەشێوەی گۆڕانێکی کارگێڕیو ئابووری بوو، دەی وەستان لەڕووی ڕێوشوێنەکانی نیزامی پێشوودا واتە بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ چەند هێزێکی کارای ناو کۆمەڵگە کەگەیشتوونەتە پلەیەکی باڵای هێزوتوانا، وێڕای پێکدادان لەگەڵ ژمارەیەك لەو گەورە هاوەڵانەی کەداوای تۆڵەسەندنەوەی عوسمانیان(ﷺ) لێدەکرد، ئەویش ئامۆژگاریکردن تاخۆبگرن تادەروونەکان ئارامبگرنو باری ئاسایش بێتەکایە.

لەڕاستیدا عەلی(ﷺ) بەو ئازارچەشتنو ککارەساتەی شەهیدبوونی عوسمان(ﷺ) بێزاربوو کەلەوبارەدا خواستی سیاسی بەسەرخواستی ئایینیدا زاڵبوو بوو و پیلانەکان شوێنی لەخواترسیو نیازپاکی بۆ ئایینیان گرتبوویەوەو لەجیاتی ئاسایشو ئارامش بارگرژی داهاتبوو و لەجیاتی گەڕانەوە بۆ قورئانی پیرۆز هێز ڕۆڵی دەبینی.

لەو نێوەندەدا باسوخواسی چاوخشاندنەوە بەدەزگای کارگێڕیدا دەرکەوت، عەلی(ﷺ) سووربوو لەسەرئەوەی بەپەلەهەموو والیەکانی عوسمان(ﷺ) لەپایەکانیان لابات تا لەلایەکەوە دەروونەکان دامرکێنەوەو لەلایەکی تریشەوە زامنی بەدیهێنانی هاریکاری لەگەڵ کۆمەڵە والیەکدا کەمتمانەی پێیان هەبێت بکات، هەرچەندە هەندێك لەنزیکانی ئامۆژگاریان کرد تائەو هەنگاوەنەنێت یان لەچوون بۆئەو ئاڕاستەیەدا خۆگربێتو هۆشیاری نارەزایی موعاویە(ﷺ) یان پێدا کەتەنها ویلایەتێك بوو ئارامشی تێدابێتو لەو والیانەیە کەعومەر(ﷺ) دایناوە نەوەك عوسمان(ﷺ).

لەڕوانگەی ئەو هەڵوێستەڕەقەوە فرمانی بەلابردنی والیەکانو گۆڕینیان بەدەستەیەکی نوێ دەکرد کەلەژێرفشاری ڕووداوەکەدا نەبن تەنها ئەبو موسای ئەشعەری والی کووفەی لانەبرد[1]، بەڵام ئەو چالاکی لابردنە ئەنجامگەلێکی خراپی لەسەر باری سیاسی لێکەوتەوە، لەبەشەکانی وڵاتدا هەستکردن بە بانگەوازکردن بۆ تۆڵەسەندنەوە لەبکوژانی عوسمان بڵاوبوویەوە، هەروەك کۆمەڵێك پڕوپاگەندە بڵاوبوونەوە عەلی(ﷺ)یان بەوە تۆمەتبارکرد کەهەواداری بکوژانە، ئەوەی زیاتر

[1] الیعقوبي: ج٢ ص٧٧.

گرژکرد، ئەوە بووکە عەلی(ﷺ) ئەو بەشەزەوییانەی گێڕایەوە کە عوسمان(ﷺ) لەبەیتولمالەوە دابووی بەهەندێ لەزیکانو خزمانی خۆی، عەلی(ﷺ) هەموانی لەبەخشش و مووچەدا یەکسانکرد.

**جەنگی جەمەل:**

ئەو هەنگاونانە کارگێڕیو ڕێکخستنانەی عەلی(ﷺ) گرتنیەبەر ویڕای جیاوازی بەرژەوەندیو خواستە سیاسیەکان بوونە هۆی دروستبوونی بەرهەڵستکاریەکی چەکدارانەی دژبە دەسەڵاتی عەلی(ﷺ)، موعاویە(ﷺ) ئامادەنەبوو بەیعەتی پێبدات و پێشوازی لەسوهەیلی کوڕی حەنیفی کاربەدەستی عەلی(ﷺ)ی بۆ وولاتی شام نەکرد، بەلاّم هیچ سیفەتێکی شەرعی نەبوو تاهیچ هەنگاوێك بنێت، ئەو تەنها والیەك بوو لەژێرفرمانی خەلیفەدا لەڕوانگەی ڕێکخستنەوەو بەناوی هەموانەوە قسەناکات، بەڵکو لەمەیدانی سیاسیدا چەند هاوەڵێکی تر هەبوون کەزیاتر لەوڕۆڵیان دەبینیو لەگەورەهاوەڵان بوون.

یەکەم پەرچەکردار بۆکوشتنی عوسمان(ﷺ) لەلایەن دایکی باوەڕداران عائیشەوە بوو کەلە مەککەوە هەڵوێستی نارەزایی گرتەبەرو دووهاوەڵی دیاری کۆچەران کەتەڵحەو زوبەیر(ﷺ) بوون پاڵپشتی بوون، ئەو دوانە لەدوای شەهیدبوونی عوسمان بەچوارمانگ مۆڵەتیان لەعەلی وەرگرت تابۆ بەجێگەیاندنی عەمرەبچن بۆ مەککە، ئەویش مۆڵەتی پێدان، ئەوانیش لەوێ دایانە پاڵ(دایکمان عائیشە(ﷺ).

عائیشە(ﷺ) نارەزایی بەشەهیدبوونو شێوەی شەهیدکردنی عوسمان دەربڕی چونکە هیچ بیانوویەك بۆ ئەوکارە دوژمنکارانەیە لەوولاتی حەرامکراوی خواو لەمانگی حەرامدا نەبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی عوسمان(ﷺ) بەڵێنی پاشەکشەکردن لەو سیاسەتەی پێشووی پێدابوون[1]، بیرۆکەی شەهیدکردنی عوسمان(ﷺ) بەستەملێکراوی پاڵپشتی داخوازی ئومەویەکان بۆتۆڵەسەندنەوە لەبکوژانی عوسمان(ﷺ)ی بەپێی شەریعەتی خوای گەورە پێکهێنا.

بەپەلە ڕووداوەکان پێشکەوتنو سێ هاوپەیمانەکەو شوێنکەوتەکانیان کەهاوڕایان بوون بڕیاریان دا بگوازنەوە بۆ بەصرە چونکە خەڵکی ئەوێ لەگەڵ دابەشکاری ناوخۆیی نێوان ڕیزەکانیان لەسەر مەسەلە خراوە ڕووەکە سۆزی خۆیان بۆ عوسمان(ﷺ) هێشتبوویەوەو دادپەروەری مەسەلەکەیان هەبوو و کەبەگری لەمەسەلەکەو دەسەلاّتی مەعنەوی کاریگەری ئەندامانی بۆسەر موسڵمانان هەبوو، لەسەرەتاوە بیرۆکەی جەنگی دژبە عەلی(ﷺ) لەئارادانەبوو، بەلاّم عوسمانی کوڕی حونەیفی

---

[1] الطبري: ج٤ ص٤٤٨-٤٤٩.

والی بەصرە بڕیاری وابەستەیی خۆی بۆ پشتیوانی عەلی(ﷺ)و سەپاندنی سەر چواردەوریدا داو ڕێگەی نەدا پشتیوانانی هاوپەیمانان بەهێزی چەك بێنە ناو شارەکە، هەندێ خەڵکی بەصرە دایانە پاڵ ڕیزەکانیان[1].

لەکاتەدا عەلی(ﷺ) خۆی ئامادەکرد تا بۆچارەسەری بارگرژی لەگەڵ موعاویەدا(ﷺ) بچێت بۆ وولاتی شام، ئەوکات بڕیاری کۆبوونەوەی هاوپەیمانەکانی پێگەیشت، بۆیە بڕیاری چارەسەری ئەو کێشەکتوپڕەی دالەپێش ئەوەی بچێت بۆ وولاتی شام، لەڕۆژانی کۆتایی مانگی ڕبیعولئاخیری ساڵی ٣٦ك/تشرینی یەکەمی ساڵی ٦٥٦ز بەهێزێکی سەربازیەوە کەڕمایەك لەبکوژانی عوسمانی تێدابوو لەمەدینە چوویەددەرێ، سەرەنجامی بکوژانی عەسمان بەسەرەنجامی ئەوەوە بەستڕابوو، لەسەرو هەمووشیانەوە ئەشتەرو زەیدی کوڕی سوحان عەددی کوڕی حاتەمو یەزیدی کوڕی قەیسو چەندێکی تر، کووفیو بەصریەکان زۆربەی ئەندامانی سوپای عەلی(ﷺ) یان پێکدەهێنا، بەمەش ئەوانەی پیلانی کوشتنو شەهیدکردنی عوسمان(ﷺ) یان ئەنجامدا کۆڵەکەی سوپاکەی بوون، عەلی(ﷺ) لەزی قار سەنگەری گرتو کردی بەمەڵبەندی کۆبوونەوەی هێزەکانیو پەیوەندیکردن بەکووفەیەکانەوە تابیانداتە پاڵ خۆی، حەوت هەزارو دوسەد جەنگاوەری کووفی بۆ سەر خستنی عەلی(ﷺ) هاتن بۆلای، پاشان بەرەو بەصرە کشاو ژمارەی هێزەکانی دەگەیشتە نێوان دانزە هەزارو بیست هەزار جەنگاوەر، لەبەرەبەیانی ڕۆژی هەینی(١٠ی جەمادلئاخیری /٤ی کانوونی یەکەم)دا گەیشتە بەصرە لەناوچەی زاویە لەنزیك بەصرە سەقامگیربوو[2]، لەلایەکی ترەوە هێزی هاوپەیمانان کەژمارەیان دەگەیشتە سی هەزار جەنگاوەر(٣٠٠٠٠)[3] لەناوچەی زابووقەوە بەرەو ناوچەی(الفرضة) بزوانو دواتر هەردوو سوپا لەناوچەی(خەریبە) سەنگەریان گرت[4].

لەنێوان هەردوولادا چەند دانوستانێك بەڕێوە چوو و لەئەنجامدا هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن لەدوای هێوربوونەوەی بارووددۆخ تۆڵە لە بکوژانی عوسمان(ﷺ) بسەننەوە، بەڵام سەرکردایەتیەکانی هێزەکان ئەوانەی لەکوشتنی عوسماندا(ﷺ) بەشداریان کردبوو و لەسوپای عەلیدا بوون ترسیان لەسەرکەوتنی ئەو ڕێککەوتنەی نێوان ئەو دوولایەنە نیشانداو ئەشقەر ئاماژەی بەکوشتنی عەلیدا، لەکاتێکدا هەندێکی تریان ئاماژەیان بەوەدا بەجێی بهێڵن، دەستەیەکی تر

---

[1] الطبري: ج٤ ص٤٦١-٤٦٢.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٤٨٧، ٥٠٥.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٥٠٥.

[4] هەمان سەرچاوە: ص٥٢٤.

پێشنیاریان کرد تا هەردوولا بۆ پێکدادان هان بدەن، ئەمەش بەوەی بنە دەستکیسەی نێوانیان ئاژاوەو فیتنە بنێنەوە، بەوجۆرە جەنگەکە هەڵگیرساو جەنگەکە لەسەر ئەو ووشترە جەختکراوەتەوە کەعائیشە(ﷺ)ی لەسەربوو کەلەکەژاوەکەیدابوو، دایکمان عائیشە مەیدانو بارمتەی جەنگەکەی پێکهێنا، هەروەك بەرگریکردن یان گەیشتن بەووشترەکە بەردەوامی جەنگەکەی دەنواند لەبەرئەمە ناوی جەنگی جەمەلی لێنرا، جەنگەکە بەسەرکەوتنی عەلیو شەهیدبوونی تەلحەو زوبەیر کۆتایی پێهات عەلی بەسەربەرزیو ڕێزگرتنەوە دایکمان عائیشەی گێڕایەوە بۆ مەدینە، عەلی لەجیاتی مەدینە وەك وەفاداری بۆ بەڵێنی خەڵکی کووفە کەلەجەنگەکەدا پاڵپشتیان کرد کووفەی کردبە پایتەختی خۆی[1].

**جەنگی صفین-شەهیدبوونی عەلی کوڕی ئەبو تالیب(ﷺ):**

لەدوای جەنگی جەمەل کاروباری عەلی سەقامگیربوو و بەصرەو کووفەو مصرو یەمەنو حیجازو فارسو خۆراسان گوێڕایەڵی بوون، تەنها وولاتی شام مایەوە کەموعاویە تاکەکەسێك بوو دەسەڵاتو هێزی بەرپەرچدانەوەی بەیعەتدانی لەخۆ دەگرت، هەندێ لەهاوەڵانی ئامۆژەیان پێدا تا بۆملکەچکردنی موعاویە(ﷺ) بەپەلە بچێت بۆ وولاتی شام، بەلام عەلی(ﷺ) پەلەی نەکردو جارێکی تر نامەیەکی بۆ نوسی بەو هیوایەی بۆلای خۆی ڕایکێشێتو ڕازی بەبەیعەتدانو ملکەچیو هاتنە ناو جەماعەی بکات، بەلام موعاویە بەرپەرچی دایەوەو مەرجی دانا تا تۆڵە لەبکوژانی عوسمان بسەنێتو بۆ هەڵبژاردنی خەلیفەی نوێ شورا هەبێت[2].

بەوجۆرە موعاویە ڕەزای خوای لێبێت دوو خاڵی بنەڕەتی هەژاند کەکرۆکی ناکۆکی نێوانیان بوو، یەکەم پەیوەندیو نزیکی لەشەهیدبوونی عوسمان(ﷺ)، د- ەم پەیوەست بەشەرعیەتی دەسەڵات بوو، لەگەڵ ئەوەی لەو قۆناغی ململانێیەدا بەتایبەت بەئاراستەی کۆمەڵی قورئان خوێنو زاهیدانو خەڵکی سواد کەزیاترینی جەنگاوەرانی شام بوونو کاریگەرترینی لایەنی بانگەواز بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی خەلیفەی بەستەم شەهیدکراوبوون جەختی لەسەر خاڵی یەکەم دەکردەوە[3].

سەبارەت بەخاڵی دووەم عەلی(ﷺ) خاوەن دەسەڵاتی شەرعی بوو پشتیوانانو کۆچەرانیش پێی ڕازیبوون، مەدینەش نەوەك ناوچەکان مەڵبەندی پێدانی دەسەڵاتی خیلافەت بوو، ئەویش لەمەدینە هەڵبژێررا لەگەڵ ئەوەی هەمووان پێی ڕازینەبوون، بەلام موعاویە(ﷺ) لەسەر مەیدانی کوشتنی

---

[1] الطبري: ج٤ ص٥٠٦-٥٤٦، اليعقوبي: ج٢ ص٨٠-٨٢.

[2] الطبري: ج٤ ص٥٦١-٥٦٢.

[3] جعيط: ص١٨٨.

عوسمان ململانێکەی ئەنجامداو[1] بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە کەلەبارێکی پشێوی‌و دەستگرتنی سەرکەشان بەسەر مەدینەدا بەیعەت بەعەلی دراوەو هەموو هاوەڵان پێی ڕازینەبوون، بەم هەڵوێستەش دەرکەوت کەبۆ دەستنیشانکردنی داهاتووی سیاسی هەردووکیان هەردەبێت جەنگ ڕووبدات.

لە(مانگی صەفەری ساڵی ٣٧ك/مانگی تەمووزی ساڵی ٦٥٧ز) دا هەردوولا لەصەفین لەسەر ڕووباری فورات پێکگەیشتن لەئەنجامی سەختی جەنگەکەو زۆری کوشتاری لەئاسۆو نێوەندی ڕیزەکانی سوپای شامدا بیرۆکەیەك هاتە کایە کەئەو جەنگە کۆتایی پێهێنانی ئیسلامو عەرەبە چونکە وا ئوممەت هەمووی پێکەوە دژبەیەك دەجەنگن بەبێ ئەوەی یەکێکیان بەسەر ئەویتردا سەربکەوێت، بۆیە بانگەوازی ئاشتەوایی هاواری مانەوەیان[2] دەکرد، بەڵام ئاشتیخوازیەکانی موعاویە(ﷺ) لەلایەن سەربازگەکەی عەلی(ﷺ)ەوە بەرپەرچ درایەوە پێدەچێت عێراقیەکان هەستیان بەوە کردبێت کە سوپای شام لەباری لەناوچووندایەو سەرکەوتن نزیکە ئەوکات موعاویە(ﷺ) هەوڵیدا بەزامانی هێمایی ئیسلامی نەیارەکانی بدوێنێت کەئەویش بەرزکردنەوەی قورئان بوو لەسەر نووکی ڕمەکان پاشان عێراقیەکانی بۆلای قورئان بانگکرد تا(دادوەری نێوان ئێمەو ئێوە بکات)[3] هەڵەیە بەوودیدە بۆ ئەو هەڵوێستە بڕوانین کەبڵێین ئەوکارە فێڵ‌و تەڵەکەبووە تاشکست نەخوات، چونکە موعاویە(ﷺ) نەسەرکەوتوو بوو و نەلەڕێگەی شکستخواردندا بوو[4].

بەو جۆرە جەنگ وەستا کاتێك عێراقیەکان بڕیاریاندا بچن بەدەم بانگەوازی قورئانی پیرۆزەوە، چونکە عەلی(ﷺ) ڕاوێژی بەپایە جەنگیەکانی خۆی کرد، کۆمەڵێکیان وایان نیشاندا کەبا جەنگ بوەستێت‌و بگەڕێنەوە بۆلای قورئان وەك ئەشعەثی کوڕی قەیس‌و سەعیدی کوڕی قەیسی سەرکردەی هەمەدانیەکان‌و زۆرینەی سەرۆك هۆزەکانی هۆزی ڕەبیعەو دەستەیەکی زۆری ئەو قورئان خوێنانەی بەبانگەوازی قورئان کاریگەربوون ئەم کۆمەڵە ڕێژەیەکی باڵای سوپایان پێکدەهێنا، کۆمەڵێکی تر وەك ئەشتەرو عەدی کوڕی حاتەم کەکۆمەڵی پیلانگێڕانی شەهیدکردنی عوسمان(ﷺ) بوون دژبە وەستانی جەنگ بوون؛ ئەمانە کۆمەڵێکی کەمی قورئان خوێنانیشی تێدابوو، مەبەستم

---

[1] جعیط: ص١٩٠.

[2] مانەوە: مێراتێکی جەنگی جاهیلی بوو کاتێك دووهۆزە جەنگاون‌و بەسەختی تائاستی لەناوبردن لەیەکتریان دەکوشت، هاواری مانەوەیان دەکرد، واتە باجەنگ بوەستێت لەترسی ئەوەی هەموویان لەناوچن، ابن منظور: لسان العرب: ج١٤ ص٨٠.

[3] الطبري: ج٤ ص٥٦٩-٥٧٢، ج٥ ص١٠-٤٨.

[4] جعیط: ص٢٠٣.

توندەکانە نارەزاییان بۆ عەلی(رضي الله عنه) نیشاندا تابەوە ڕازی نەبێتو فشاریان لەسەر دروستکرد تاجەنگیان پێبکات تاحوکمی خوا جێبەجێببێت، ئەوانە بنەڕەتو تۆوی خەواریجەکان بوون[1]، ئیتر عەلی(رضي الله عنه) هێندەی دەتوانی بەدوای خەڵکی سوادا بچێت کەزۆرینەی سوپاکەی بوون[2].

لەڕاستیدا خواستی ئاشتەوایی لەڕیزەکانی هەردوولادا بەهێزبوو و ئاگربەست دەبوو ببێن، هەردوولا بەڕێیازی(تەحکیم) دادوەری ڕازیبوونو عەلی(رضي الله عنه) ئەبو موسای ئەشعەری هەڵبژارد تالە دادوەریدا نوێنەری بێت، موعاویەش(رضي الله عنه) عەمری کوڕی عاص دەستنیشانکردو ماوەی شەش مانگ بۆ هەردووکیان دەستنیشانکرا تالەو ماوەیەدا ملململانێکە یەکلابکەنەوە.

هەندێك لەوانەی بەوەستانی جەنگەکە ڕازیبوون، هەستیان بەوەکرد زۆر لەو بوارەدا پەلەیان کردووە کەتیایدا موژدەی سەرکەوتنی موعاویەی لەخۆدەگرتو ئەمەش بەشێوەیەکی زیاتر لەجاران هەڕەشەی لە بەرژەوەندیەکانیان دەکرد، بۆیە پەشیمانی خۆیان ڕاگەیاندو داوای جەنگ هەڵگیرساندنیان کردو فشاری جۆربەجۆریان لەسەر عەلی(رضي الله عنه) دروستکرد تا لەدوای ڕاگەیاندنی پەشیمانی خۆی جەنگ هەڵبگیرسێنێت، بەڵام عەلی(رضي الله عنه) ڕازینەبوو، ئەوانیش لێی هەڵگەڕانەوەو[3] دایانە پاڵ کۆمەڵی خەواریجەکان.

لەئەنجامی ئەو جیاوازی هەڵوێستانەدا دوانزە هەزار لەسوپای عەلی(رضي الله عنه) جیابوونەوەو چوون بۆ حەرەوراء[4]و لەوێ کەناریان گرتو بەحەروری ناسران[5]، عەلی(رضي الله عنه) هەوڵیدا لەو ڕایەیان پاشگەزیان بکاتەوەو داوای لێکران بگەڕێنەوە بۆ ناو ڕیزەکانی، ئەوانیش داوای گەڕانەوە بۆ جەنگو وازهێنان لەتەحکیمیان لێکردو بەردەوام ڕای خۆیان دەردەبڕیو هاواریان دەکرد(لاحکم الا الله)[6](حوکم تەنها بۆ خوایەو بەس).

هەردوو دادوەر جارێکی تر ئەزروح لەنزیك بەترا لەئوردون بەرەزامەندی هەردوو دەستەی نەیار کۆبوونەوە، ئەنجامی دڵنیایش ئەوەبوو کە ڕێکنەکەوتن، چونکە لەدرێژەی دانوستانەکەدا عەمری کوڕی عاص وازی لەکاندیدکردنی موعاویەی جێوەکیلی نەهێنا، لەکاتێکدا ئەبو موسای

---

[1] الطبري: ج٥ ص٤٩-٥٤.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٤٨-٥٣.

[3] عیسی، ریاض: الغربیة السیاسیة منذ قیام الإسلام حتی سقوط الدولة الأمویة: ص٩١.

[4] حروراء: گوندێکی کوفەیە.

[5] الیعقوبي: ج٢ ص٩٢.

[6] الطبري: ج٥ ص٧٢.

ئەشعەری بەپاڵنەری شەرمو دژایەتی فیتنەو عەبدولآی کوڕی عومـەری کاندیـدکردو عـەلی(ﷺ)ی لـەبیرکرد، پاشـان لەبـەر نـەبوونی دەرچـەیەك شـوێنەکەی بەجێهێـشتو گەڕایـەوە بـۆ مەککـە، هەردووکیان بۆ کۆتاییهێنان بە بارگرژیەکە گەیشتە دەرکردنی چـەند بڕیـارێکی جیـا، ئـەبو موسـای ئەشعەری(ﷺ) عەلیو موعاویەی(ﷺ)ی لابردو خیلافەتی بۆ شورا هێشتەوە، بەلآم عـەمری کـوڕی عاص(ﷺ) عەلی(ﷺ)ی لابردو[1] موعاویـە(ﷺ)ی هێـشتەوە[2]، نـاکۆکی ملـملانێـی نێـوان عـەلیو موعاویـە(ﷺ) بـەردەوام بـوو تائـەوەی عـەلی(ﷺ) لەسـەردەسـتی عەبـدورەحمانی کـوڕی مەلجـەم کەیەکێك بوو لەخەواریجەکان لە(مانگی رەمەزانی ساڵی ٤٠ك/کۆتاییەکانی مانگی کانوونی دووەمی سـاڵی ٦٦١ز)دا شـەهیدکرا[3]، ژمارەیـەك لەخەواریجـەکان پێیـان وابـوو چارەسـەری گرفتـەکان لەکوشتنی ئەوسێ کەسەدایە کەئەوان پێیان وابوو هۆکاری نـاکۆکی نێـوان موسـڵمانانن، ئـەوانیش بریتیبوون لە: عەلیو موعاویەو عەمری عاص(ڕەزای خوا لەهەر سێیان بێت)، خەواریجەکان دا لەیەك شەودا هەرسـێکیان بکـوژن، بکوژەکـەی عـەلی(ﷺ) سـەرکەوتووبوو، بـەلآم ئـەو دوانەکـەی تـر سەرکەوتوو نەبوون.

---

[1] ڕای ئەهلی سوننەو جەماعە لەسەر ئەوەیە کەحەق لەو مەیدانی ناکۆکیەدا لای ئیمامی(ﷺ)و لەو بوارەدا هەریەك لەموعاویەی کوڕی ئەبوو سوفیان(ﷺ)و عەمری کوڕی عاص(ﷺ) لەئیجتیهادەکەیاندا نەیانپێکاوە.-وەرگێڕ-.

[2] الطبري: ج٥ ٦٧-٧١.

[3] تاريخ خليفة ابن خياط: ج١ ص١٨٢، الطبري: ج٥ ص١٤٣.

# بەشی چوارەم

# سەردەمی ئەمەوی[1] (٤١-١٣٢ك......٦٦١-٧٥٠ز)

## خەلیفە ئەمەویەکان

١- موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان(رضي الله عنه) ................٤١-٦٠ك/٦٦١-٦٨٠ز.

٢- یەزیدی کوڕی موعاویە: یەزیدی یەکەم ...............٦٠-٦٤ك/٦٨٠-٦٨٤ز.

٣- مووعاویەی کوڕی یەزید: موعاویەی دووەم....................... ٦٤ك/٦٨٤ز.

٤- مەڕوانی کوڕی حەکەم..............................٦٤-٦٥ك/٦٨٤-٦٨٥ز.

٥- عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان ..........................٦٥-٦٨ك/٦٨٥-٧٠٥ز.

٦- وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك: وەلیدی یەکەم............٨٦-٩٦ك/٧٠٥-٧١٥ز.

٧- سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك.........................٩٦-٩٩ك/٧١٥-٧١٧ز.

٨- عومەری کوڕی عەبدولعەزیز...........................٩٩-١٠١ك/٧١٧-٧٢٠ز.

٩- یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك: یەزیدی دووەم ..........١٠١-١٠٥ك/٧٢٠-٧٢٤ز.

١٠- هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك................. ...... ١٠٥-١٢٥ك/٧٢٤-٧٤٣ز.

١١- وەلیدی کورشی یەزیدی دووەم: وەلیدی دووەم..... ١٢٥-١٢٦ك/٧٤٣-٧٤٤ز.

١٢- یەزیدی کوڕی وەلیدی یەکەم: یەزیدی سێیەم........ ............ ١٢٦ك/٧٤٤ز.

١٣- مەڕوانی کوڕی موحەممەد...........................١٢٧-١٣٢ك/٧٤٤-٧٥٠ز.

---

[1] بۆ زانیاری چڕوپڕتر لەسەر ڕشووداوەکانی مێژووی ئیسلام بڕوانە ئەو کتێبەی لەو بارەوە نوسیومانە(تأريخ الدولة الأموية).

## موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان(ﷺ)(٤١-٦٠ك/٦٦١-٦٨٠ز)

### دامەزرانی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی:

شەهید بوونی عەلی(ﷺ) بەربەستێکی گەورەی لەبەردەمی موعاویەدا(ﷺ) بۆ گرتنە دەستی خیلافەت لابرد خەڵکی لەکوفە بەیعەتیان بەحەسەنی کوڕی عەلی(ﷺ)دا، لەکاتێکدا خەڵکی شام بەیعەتیان بە موعاویە(ﷺ) دا، موعاویە بەپەلە هەوڵی دا دەست بەسەر عێراقدا بگرێت، حەسەن ئەمەی بیست بۆیە بەشوێنکەوتووەکانیەوە چوویە دەرێ تارێی لێبگرێت بەڵام موعاویە توانی قەیسی کوڕی عوبادەی ئەنساری(ﷺ) سەرکردەی سوپای حەسەنو ئیبن عەباس(ﷺ) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لەلایەکی ترەوە حەسەن گومانی لەهەواداری‌و پشتگیری شوێن کەوتووەکانی هەبوو، بەڵکو لەدوای ئەوەی کۆمەڵێکیان جیابوونەوە متمانەی پێیان نەما ئنجا هەستی کرد کەتەرازووی هێزی سیاسی‌و سەربازی نێوان هێزی عێراق هێزی شام هاوسەنگ نیە، هەروەك ترسی لەوە هەبوو بەهۆی فیتنەوە خوێنی موسڵمانان بڕژێت، بۆیە وای پێباتربوو سیاسەتی دانووستان لەگەڵ موعاویەدا بگرێتەبەر، لەئەنجامی ئەو دانووستانەدا بڕیاری دا حەسەن وازلە خیلافەت بهێنێت‌و بیدات بە موعاویە بەمەرجێك خیلافەت لەدوای ئەو بەشورای موسڵمانان بێت یان لەگێڕانەوەیەکی تردا ئەگەر موعاویە مرد حەسەن خیلافەت بگرێتەوە دەست[1]، لەئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەدا موعاویە چوویە کوفەو حەسەن‌و حوسەین بەیعەتیان پێدان ئەو ساڵە(٤١ك) بە(عاموالجماعە) ناسرا چونکە ئوممەتی ئیسلام لەسەر خەلیفە یەك دەنگ بوون تەنها خەواریجەکان نەبێ کەڕازی نەبوون بەیعەتی پێ بدەن بەمەیش دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی دامەزرا[2].

### بەرنامەڕێژی سیاسی موعاویە:

موعاویە[3] یەکێك لەمەڵکەوتەکانی عەرەب بوو، پیاوی دەوڵەت بوو لەدنیای خۆیدا ژیرو هۆشیاربوو، نەرمونیان‌و بەهێزو سیاسەت مەدارو نەخشەدانەری بەهێزو داناو ڕەوانبێژو زمان پاراو بوو، لەکاتی خۆشی‌و نەرم‌و نیانیدا نەرمونیان بوو، لەکات‌و شوێنی توندو توڕەییدا توند بوو بەڵام

---

[1] پێغەمبەر(ﷺ)لەفەرموودەی صەحیحدا ئاماژەی بەوە داوە کە حەسەنی کوڕی عەلی دەبێتە مایەی چاککردنی نێوان دوو دەستەی کەمەبەستی دەستەی ئیمامی عەلی و ئیمامی موعاویە بوو،(وەرگێڕ).

[2] الیعقوبي: ج٢ ص١٢٢-١٢٣ الطبري: ج٥ ص١٦١-١٦٣، ابن خیاط: ج١ ص١٨٧، ابوالفداء: المختصر في اخبار البشر: ج١ ص١٨٤، ابن کثیر: البدایة والنهایة: ج٨ ص١٦-١٣٧، ابن الطقطقا: الفخري في الآداب السلطانیة والدولة الإسلامیة ص١٠٤ .

[3] سەبارەت بەڕای ئەهلی سوننەو جەماعە بەرامبەر بە موعاویە بڕوانە سەرچاوەکانی ئەهلی سوننە یان بڕوانە(ژیانی موعاویە)ی دکتور عەلی محمد سەلابی-وەرگێڕ-

زیاتر نەرمونیانی بەسەریدا زاڵبوو، بەخشندەبوو و ماڵو سامانی دەبەخشی حەزی بەسەرکردایەتی هەبوو بەئامانجی درێژەدانو بەردەوامی ئەو نیزامەی دای نابوو هەوڵی دەدا ڕوونیەکانی دەوڵەتەکەی لەسەر چەند پایەیەك دابمەزرێنێت کەگرنگترین لەوانە بریتی بوون لە:

- گۆڕانکاری لەبنیادی نیزامی سیاسیدا کەلەسەر ڕۆڵی سوپا دەسوڕایەوە کەلە پێناو بەدی هێنانی سەقامگیری ناوخۆو فراوان خوازی دەرەکیدا دایمەزراندبوو و ڕێکیخستبوو.
- سیاسەتی ناوخۆیی کەکارگێڕیو بەدی هێنانی هاوسەنگی هۆزایەتیو دڵنیاکردنی جێگیرایەتیو ملکەچکردنی بەرهەڵستکارانی لەخۆ دەگرت.
- چاکە نواندن لەڕووی گەورەکەسایەتیە ئیسلامیەکانی ناو هاوەڵانو منالآنیان بەئامانجی ڕاکێشانیان بەلای خۆیدا.
- ڕاستەوخۆ خۆی بەشداری لەکاروباری دەوڵەتدا دەکرد.
- لەدەرەوەدا فراوان خوازی بکات.

**گرنگترین ڕووداوە سیاسیە ناوخۆییەکانی سەردەمی موعاویە(﵁):**

أ- **بزوتنەوەی خەواریج:** موعاویە زیاتر لەعەلی لای خەواریجەکان جێی ڕقو کینەبوو، چونکە باوەڕیان وابوو لەڕێڕەوی ئیسلامی لایداوە، لەلایەکی تریشەوە خەلیفەی ئومەوی بەهۆی وەلام نەدانەوەیان بەچارەسەری ئاشتیو ناچاربوونی بەسیاسەتی بەرەنگاربوونەوەیان بەتوندوتیژی باری تێکدابوون ئەوان جەختیان لەسەر کوفەو بەصرە دەرکدەوە، هەردوولا چەند پێکددنێکیان دژ بەیەکتر ئەنجامداو ئەنجامێکی باشیان نەبوو، بەدرێژایی سەردەمی موعاویە لەگەڵ توندوتیژی والیەکانیشیدا عێراق بەتەواو دانەمرکایەوەو ئارامی نەگرت[1].

ب- **بزوتنەوەی عەلەویەکان:** وێڕای مەترسی خەواریجەکان موعاویە بەرەو ڕووی مەترسیەکی تر بوویەوە کە ئەویش لەلایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبو تالبدا(عەلەویەکان) خۆی دەبینیەوە کەلەکوفەو بەصرەدا بڵاوبووبوونەوە، ئەویش بەو پێیەی عێراق ناوچەیەکی نالەباربوو لەمەڕ نیزامی ئومەوی داو بەپێی باری ناوخۆییان نەبوایە دانەدەمرکانەوە، بۆیە بەمەبەستی گوێڕایەلکردنیان بەتوندی لەڕوویاندا وەستا، ئەوان سیاسەتی نەرمی موغیرەی کوڕی شوعبەی والی کوفەیان بەهەند وەرگرتو چالاکی دژ بەنیزامی خیلافەتیان دەست پێ کرد، دەی بەبێ بەکارهێنانی هێزو توندیش سەخت بوو ئەو بەرهەڵستکاریە سەرکەت بکرێتو ئارامشو

---

[1] اليعقوبي: ج٢ ص١٢٤، ابن خياط: ج١ ص١٨٨، الطبري: ج٥ ص١٦٦، ١٧٠-١٧١، ١٧٣-١٧٤، ٢١٦، ٢٢٢، ٢٢٨، ٢٢٩، ٣١٢-٣١٣، فلهوزن: الدولة العربية وسقوطها: ص٥٨-٥٩.

ئاسایش بەدی بهێنرێت، بۆیە موعاویە لەدوای کۆچی دوایی موغیرەی کوڕی شوعبە لەساڵی(٥٠ك/٦٧٠ز)دا وێڕای بەصرە کوفەشی دایە دەست(زیادی کوڕی ئەبیهی) ئەو والیە سیاسەتێکی توندی گرتەبەر تا دڵو دەروونی عێراقیەکان ترسو بیم دایگرتو بەرگری کاری عەلەویەکان لاوازبوو دەنگی نارِزایی تەنها لە(حجری کوڕی عەددی)ەوە بەرزبوویەوە، دەی بەلەسێدارەدان سزادرا[1].

**بەیعەت دانی جێگیرایەتی بەیەزید:**

بەیعەت دانی موعاویە بە خیلافەتی دوای خۆی بۆ یەزیدی کوڕی بەیەکێك لەو باسو خواسانە دادەنرێت کەزۆربەی خەڵکازنی زیاتر هانداوە تالەڕوویدا بوەستنو ڕەخنەی ئاڕستە بکەن، چونکە بەوکارەی لەو ڕێبازە لایدا کەموسڵمانان لەسەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکرەوە بۆ دەست نیشان کردنی خەلیفەی خۆیان گرتبوویانە بەر[2].

موعاویە ترسی لەوە هەبوو ئەو هەولانەی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئومەوی بەگەڕی خستبوون دابڕمێن، بەتایبەت هێشتا ململانێی بەردەوامی نێوان ئومەوی و هاشمیەکان لەگەرمەیدابوو پێدەچێت دەست نیشانکردنی بۆ خیلافەت لەدوای خۆی هەموو کاندید کراوێکی ئومەوی لەبوون بسڕێتەوە، دەی ئەوانیش ئەمەیان پێ قبوڵ نەبوو بۆیە پێی وابوو دەبێت خیلافەت لەئومەویەکاندا بەرتەسك بیێتەوە بۆیەلەساڵی(٥٦ك/٦٧٦ز)[3] و لەگەڵ نارەزایی زۆربەی کەسایەتیە حیجازیەکانو زۆربەی ناوچەکاندا یەزیدی کوڕی خۆی هەڵبژارد، لەمەدا خەڵکی شام پاڵپشتیانکرد، ئەو بەلێزانی و ژیری خۆی توانی والەنەیارو نارەزایان بکات تا دان بەجێگیرایەتی یەزیددا بنێن ، تەنها حسین کوڕی عەلی و عەبدولای کوڕی زوبەیر نەبێت کەبەوە ڕازی نەبوون[4] موعاویە بەم کارەی پێچەوانەی ئەو ڕێڕەوە بوو کە موسڵمانان لە سەردەمی ڕاشیدیندا جێبەجێیان دەکرد. بەمەش خیلافەت لە خیلافەتێکی شوراییەوە گۆڕا بۆ پاشایەتیەکی میراتگری[5].

**سیاسەتی دەرەکی موعاویە:**

---

[1] ابن خياط: ج١ ص١٩٥-١٩٩، الطبري: ج٥ ص٢٥٣-٢٥٧، ابن الأثير: ج٣ ص٢٠٧.

[2] عبداللطيف: عبدالشافي: العالم الإسلامي في العصر الأموي: ص١٢١.

[3] خيلفة ابن خياط: ج١ ص١٩٩.

[4] ابن هتية: الأمامة والسياسة ج١ ص١٤٧-١٥٤. ئەم کتێبە ساختەیەو دراوەتە پاڵ ئیمامی ابن قوتەیبە، بۆ بەڵگە وەرگرتنیش بڕوانە:(الدولة الأموية) بەرگی دووەمی دکتور علي محمود سلابی -وەرگێڕ-

[5] حسن ابراهيم حسن: تأريخ الإسلام: ج١ ص٢٨٤

أ- **بەرەی ڕۆژهەڵات:** موعاویە لە سیاسەتی دەرەکی خۆیدا چەند بنەمایەکی جێلێکۆڵینەوە بنەمایەکی چەسپاوی دانا، بەڵام سەردەمەکەی لە چوارچێوەیەکی فراواندا فتوحاتی بەخۆیەوە نەدی، لەگەڵ ئەوەی موسڵمانان لەفتوحاتیاندا گەیشتنە سندو(کابوڵ)[1] و(بوخارا)[2] یان فەتح کرد، موعاویە هەوڵی دا لەڕۆژهەڵاتدا فتوحات بچەسپێنێت‌و ئەو بزوتنەوە هەڵگەڕاوانە لەناو ببات کەساتەو ناسات لەبەشە جیاجیاکانی وولات‌و لەئەنجامی هەستی ڕەگەزپەرستی و دەمارگیری فارسەکاندا سەریان هەڵدەدا.

ب- **بەرەی ڕۆژئاوا:** لەبەرەی ڕۆژئاواوە کەمەبەستم وولاتی شام‌و مصرە بەهۆی ئەوە لەلایەکەوە دەوڵەتی ئیسلامی‌و دەوڵەتی بیزەنتی دراوسێ‌و هاوسنووربوون‌و لەلایەکی تریشەوە بیزەنتیەکان بەردەوام هەڕەشەیان لەدەوڵەتی ئیسلامی دەکرد بۆیە موسڵمانان بەرەو ڕووی بیزەنتیەکان دەبوونەوە فەزڵ‌و باشەی ئەمەش بەگشتی بۆ خەلافەتی ئومەوی بەتایبەت بۆ موعاویە دەگەڕێتەوە کەسیاسەتێکی سەربازی خاوەن ئامانج‌و مەشخەڵی ڕوونی دژ بەدەوڵەتی بیزەنتی داناو هەڵمەتەکانی بۆ هێرش کردنە سەر قوستەنتینیە ڕێکدەخست، وێڕای ئەوەی بۆ پاراستنی ناوچە سەر سنوری‌و کەناراوە ئیسلامیەکان لەشاڵاوی بیزەنتیەکان نیزامێکی چەسپاوی دامەزراند کەخۆی لەدامەزراندانی چەند مەڵبەندێکی بەرگریکاری لەناوچە سەرسنورەکانداو چەند سەربازگەیەکی بەردەوام لەسەنگەرو قەڵاو ڕێڕەوە شاخاویەکانی پێشەوە لەسەر سنوری بیزەنتیدا دەبینیەوە ئەمانە بە(ثغور) سەر سنور ناسرابوون ئەم نیزامە بەرگریکاریە پەیوەست بوو بەنیزامێکی هێرشبەری بەرگریکاری هاوبەش کەبەزستان‌و هاوینە دەناسران(الشواتي والصوائف) ئەوانە چەند هەڵمەتێکی گەڕۆک‌و کاتی ڕێکخراوبوون کەبەئامانجی دەستگرتن بەسەر قەڵا گرنگەکان‌و ئەنجامدانی چەند هەڵمەتێك دژ بە بیزەنتیەکان‌و ڕێگری کردنیان لەوکاتەی نیازی پێشڕەوی بۆ ناو خاکی ئیسلامیان هەیە ئەنجام دەدران، موعاویە بۆ بەهێزکردنی قەڵا سەر سنوریەکان سومەیسات‌و مەلتیەی لەهەرێمی جەزیرەو زەبتەرە فەتح کردو چەند قەڵایەکی تریشی نوێ کردەوە[3].

---

[1] خاکی کابوڵ لەنێوان هیندو سجستان دایەو لەسەر سنورەکانی تەخارستان بوو، الحموی: ج٤ ص ٤٢٦.

[2] لەگەورەترین شارەکانی ئەو دیو ڕووبارە، دوو ڕۆژ لەڕووباری جەیحون دوورە بنکەی پاشای ساسانی بوو، الحموی: ج١ ص٣٥٣.

[3] البلاذري : فتوح البلدان : ص١٨٨-١٨٩، زەبتەرە: شارێکە لەنێوان مەلتیەو سومەیسات‌و حەدەی لەبەرەی وولاتی ڕۆمەوە. الحموی: ج٣ ص١٣٠-١٣١.

موعاویه بۆ زاڵ بوون بەسەر بیزەنتیەکان لەدەریاداو دوور خستنەوەیان لەکەناراوەکان دەریاوانی ئیسلامی دامەزراند هێزی دەریایی ئیسلامیش وەك ئامادەسازی بۆ گەمارۆدانی قوستەنتینیە کەئامانجێکی سەرەکی سیاسەتی خەلیفە بوو زنجیرە هەڵمەتێکی جێبەجێ کرد.

موسڵمانان دووجار پایتەختی بیزەنتیان گەمارۆدا، یەکەم لەساڵی(٤٩ك/٦٦٩ز)و دووەم لەساڵی(٥٤ك/٦٧٤ز)و تا ساڵی(٦٠ك/٦٨٠ز) بەردەوام بوو، بەڵام لەبەر بتەویو سەختی شوراکانی و لەبەر چەند هۆکارێکی سروشتی کەئەو کات توشی هەردوو هەڵمەتەکە بوون موسڵمانان نەیان توانی بچنە ناوی[1].

پاشان موعاویە بینی بەهۆی ئەو بارودۆخەی کەپێیدا تێدەپەڕێت پێویستی بەئاگربەستێکی دووردرێژ لەگەڵ بیزەنتیەکاندا هەیە لەئەنجامی لێدوانو گفتوگۆی سیاسی نێوان بەرەی ئیسلامیو بەرەی بیزەنتیدا بڕیاردرا:

- موعاویە بەبڕی سێ هەزار پارچە زێڕو پەنجا دیلو پەنجا ئەسپ سەرانەیەکی ساڵانە بدات بەبیزەنتیەکان.
- ئاگربەستەکە ماوەی سی ساڵ بەردەوام بێت[2].

ج- **بەرەی باکوری ئەفریقا:** موعاویە لەساڵی(٤٩ك/٦٦٩ز)دا عوقبەی کوڕی نافعی لەسەر ئەفریقا دەیتنیشانکرد، ئەویش چالاکی خۆی بەفەتحکردنی ناوچەگرنگەکانی ڕۆژئاوای نزم(تونس) وەك(ودان، فزان، خاور، غدامس)[3] دەستپێکردو نەخشەیەکی پتەوو توونددوتۆڵی جێبەجێ کرد کەخۆی لەپێکهێنانی چەند پارێزگەیەکی سەربازی لەشارو ناوچە فەتحکراوەکانو بەئامانجی پاراستنی دەستکەوتەکانی فتوحات دەبینیەوە، لەساڵی دواتریشدا بەئامانجی دامەزراندنی بنکەیەکی دەرچوونی ئیسلامی لەباکوری ئەفریقادا نەخشەکێشا تابێتە هێمایەك بۆ دەسەڵاتی ئەو هەرێمانەی کەپاڵپشتی چەسپاویان هەیە.

لەساڵی(٥٥ك/٦٧٥ز)دا موعاویە بەهۆی سیاسەتی ڕەقی عوقبە بەرامبەر بەربەرەکان عوقبەی لابردو لەشوێنیدا ئەبولموهاجیری دیناری ئەنساری دانا کەهەولەسەربازیەکانی خۆی لەسەر دژایەتی

---

[1] ابن خياط: ج١ ص١٩٧، ابن الأثير: ج٣ ص٥٦-٥٧، ٩١،لويس، أرشيبالد: القوى البحرية والتجارية في حوض البحر المتوسط: ص٩٦.

[2] Arabes contre constantinople dans l'histoire et dans la legenej. A١٩٢٦pp ٣٦-٨٠ canard:L'Expeditions des.

[3] ابن عبدالحكم: فتوح مصر وأفريقا: ص٢٦٤.

بوونی بیزەنتی لەناوچەکەدا جەخت دەکـردەوە، بـۆ ڕاکێـشانی بەربـەرەکانیش سیاسـەتێکی نـەرمی گرتەبەر، پاشان بەئاراستەی ڕۆژئاوای ناوەڕاست(جەزائیر) دەستی بەبزوتنەوەی فتوحات کـردو لـەو ناوچـەیەدا لەگـەڵ بەربەرەکانـدا بەسـەرکردایەتی(کوسـەیلە) لـە تیلمـسان[1] پێکیـداداو بەسـەریدا سـەرکەوت‌و بەدیلیگرت. ئەبو موهاجیر هەڵـسوکەوتێکی نـەرم‌و جـوانی لەگەڵـدا ئەنجامـدا بـەڵکو موسڵمان ببێت، کوسـەیلەش لەگەڵ گەلەکەیدا موسڵمان بوون[2] لەساڵی(٦٢ك/٦٨٢ز)دا یەزیـدی کوڕی موعاویە ئەبولموهاجیری لابردو عوقبەی کوڕی نافعی گێڕایەوە بۆ باکوری ئەفریقیا[3].

**سیاسەتی کارگێڕی موعاویە:**

کارگێڕی یان ئەوەی بەدیوانەکان ناسراوە لەسـەردەمی موعاویـەدا گەشەسـەندنێکی پەیوەسـت لەگەڵ ئەو گۆڕانەی بەخۆیەوە دی کەبەسـەر نیزامی فەرمانڕەوایدا هات، ئـەو درێـژەی بـەو بازنـەی کارگێڕیەدا کە عومەری کوڕی خەتاب دەستی پێکـرد بـەڵام نەیگەیانـدە شـێوەی کۆتـایی خـۆی[4]. لەڕاستیدا هەوڵەکانی موعاویـە لـەدوو دامـەزراوەوە هەڵـدەقوڵان دیـوانی مـۆر و دیـوانی پۆسـتە، لەکاتێکدا موسڵمانان دیوانی سەربازی دیوانی خەراج‌و دیوانی نامەبـەریان دەناسـی موعاویـە پـشتی بەچەند کەسێکی مەسیحی بەست کەلەکارگێڕی بیزەنتیدا کاریان کردبـوو، وەك سـەرجۆنی کـوڕی مەنصوررو مەنصوری کوڕی[5].

**کۆچی دوایی موعاویە:**

لەمانگی(ڕەجەبی ساڵی ٦٠ك/مانگی نیسانی ساڵی ٦٨٠ز)و لەئەنجامی نەخۆشـیەکدا کەتوشـی بوو موعاویە کۆچی دوایی کرد لەگەورەترین دەرکەوتنی چوار سـەرکردەبوون کـەبریتی بـوون لـە عەبدوڵای کوڕی زوبەیرو حسینی کوڕی عەلی‌و عەبدوڵای کوڕی عومـەرو عەبـدولڕەحمانی کـوڕی ئەبوبەکر[6].

---

[1] تیلیمـسان: لەمەغریب دوشاری دراوسێی شورەدارن کەماوەی بەردوەشاندنێك نێوانیانە. الحموی: ج٢ ص٤٤.

[2] البلاذري: ص٢٣٠، حسین مؤنس: تأریخ وحضارته من قبیل الفتح الإسلامي الی الغزو المغولي: ج١ ص٩١.

[3] البلاذري: ص٢٣٠.

[4] بیضون إبراهیم: ملامح التیارات السیاسیة في القرن الأول الهجري ص١٥١.

[5] حلاق حسان: دراسات في تأریخ الحضارة الإسلامیة، ص٣٤.

[6] الدینوري: ص١٧٢.

## یەزیدی کوڕی موعاویە(٦٠-٦٤ك/٦٨٠-٦٨٣ز)

**بەیعەت دان بەیەزید:**

لەدوای مردنی موعاویە خەڵکی بەیعەتیان بەیەزید دا لەکاتێکدا هەریەك لە حسینی کوڕی عەلیو عەبدولای کوڕی زوبەیر لەحیجاز بەیعەتیان پێ نەدا[1] یەزید لەدەوڵەتێکی بەرفراوانو دەوڵەمەندو پێکەوە بەستراوی سیاسیدا خەلافەتی گرتە دەستو بۆ توندوتۆڵکردنی هەوڵێکی وای نەخستە گەڕ، بەبێ ئەوەی واز لەئارەزووەکانی بهێنێت دەستەڵاتی وەرگرت بڕوای وا بوو کاروبارەکان بەپێی خواستی خۆی بەڕێوە دەچێت پێی وابوو لەسەر هەموان پێویستە گوێڕایەڵی بن.

**ڕووداوە سیاسیە ناوخۆییەکانی سەردەمی یەزید:**

- **چەرمەسەری کەربەلا**[2]: یەزید لەماوەی دەسەڵاتیدا بەرەو ڕووی سێ باسوخواسی تەواو مەترسیدار بوویەوە، کەیەکەمیان دەرچوونی حیسنی کوڕی عەلی بوو دووەمیان دەرچوونی خەڵکی مەدینەبوو، وەسێیەم ڕاپەڕینی عەبدولای کوڕی زوبەیربوو لەمەککە.

هەرکە یەزید خیلافەتی گرتە دەست ئەمە گورزێکی کوشندەو توندبوو لەڕووی خەڵکی عێراقدا کەبەدەست ئازاری توندی ڕۆژانی موعاویەوە دەیان ناڵاند پاشان بیستیان کە حسین بەیعەتی بەیەزید نەداوەو توندیو تووڕەیی والی ئومەوی لەکوفە(نوعمانی کوڕی بەشیر) هانی دان تابانگەواز بۆ پێکهێنانی بەرەکی بەرهەڵستکار بکەن، پاشان داوایان لەحسین کرد تابێت بۆ کوفەو بەیعەتی پێبدەن، هەروەها هەڵوێستی سیاسی خۆیان دەست نیشان کرد کەئەویش لابردنی یەزیدو دان نەنان بوو بەو نیزامە میراتگریەی کەلەدوای ڕاگەیاندنی خیلافەتی یەزید چەسپاو هاتەدی[3].

دەرونی حسین بەرەو ئەوەبوو کەبەدەم بانگەوازەوە بچێت، بەلام پێی باش بوو لێیان بوەستێت، بۆیە موسلیمی کوڕی عوقەیلی ئامۆزای خۆی نارد بۆ کوفە تاخۆی لەڕاستی هەستی خەڵکەکەی وورد بێتەوەو ڕاستی بارودۆخەکە وەربگرێت[4].

موسلیم لەگەڵ ئەوەی لە(مانگی شەوالی ساڵی ٦٠ك/ مانگی تەموزی ساڵی ٦٨٠ز)دا گەیشتە کوفە بەگەرموگوڕی پێشوازی لێکراو دوانزە هەزار یان دەڵێن هەژدە هەزار کەس سوێندی

---

[1] الدينوري: ص١٧٢.

[2] کەربەلا: دەکەوێتە بەرەی ووشکانی کوفە، الحموی: ج٤ ص٤٤٥.

[3] الدينوري: ص١٧٢، ابن قتيبة: ج٢ ص٤.

[4] الطبري: ج٥ ص٣٥٣.

دڵسۆزی خۆیان بۆ حسین خوارد تائەوەی متمانەی بەخەڵکی کوفە پەیداکردو بەیعەتی بۆ حسین لـێ وەرگرتنو نامەیەکی بۆ مەککە ناردو تیایدا هانی حسینی دا تابەپەلە بێت بۆ کوفە[1].

لەوکاتەدا دەسەڵاتی ئومەوی بزواو نوعمانی کوڕی بەشیری لابردو عەبدوڵای کوڕی زیادی توندوتیژی وەك والی کوفە دانا ، وێڕای ئەوەی بەصرەشی دایە دەست، ئەویش بەرهەڵستکاریەکەی لەناو بردو موسلیمی کوڕی عوقەیلو هانیئی کوڕی عورروەیشی کوشت، کەخۆی میوانداری کرد[2].

حسەین لەگەڵ ئەوەی کە نامەی ئامۆزاکەی پێگەیشت مەککەی بەرەو کوفە بەجێهێشتو هاوەڵانێکی کەمیشی لەگەڵدابوو، هەرچەندە ژمارەیەك لە گەورە کەسایەتیە ئیسلامیەکان ئامۆژگارییان کرد تا نەچێت بەدەم بانگەوازەکەوە چونکە لە عیراقدا هێشتا دەسەڵاتی ئومەویە وێڕای ئەوەی خەڵکەکەشی گەلێکن ناپاکی دەنوێننو لەوەیشدا پێشینەیان هەیە[3].

لەو نێوەندەدا چەند ڕێنماییەك لە دیمەشقەوە بۆ عوبەیدوڵا هاتن کە پێیان دەوت تا حسەین دەست بە جەنگ نەکات ئەو جەنگی لەگەڵدا ئەنجام نەدات[4]،کاتێ کاروانەکەی حسەین گەیشتە کەربەلا عومەری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص بە هێزێکی سەربازیەوەو لەگەڵ چەند فەرمانێکی توندا بۆ یەکلاکردنەوەی بارەکە بەرەو ڕووی وەستا، حسەین ڕێنماییەکانی والی پێگەیشت کە دەیوت دەبێت بەیعەت بە یەزید بدات، ئەویش یەکێك لەم پێشنیارانەی بۆ عومەر خستە ڕوو:

- یان بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێوەی هاتووە.
- یان دەست بخاتە ناو دەستی یەزیدو باسو خواسی خۆی بۆ بخاتە ڕوو و ڕای یەزیدی لەسەر وەربگرێت.
- یان ڕێی پێبدات بچێت بۆ یەکێك لەسەر سنوورە دوورەکان تا لەوێ جیهاد بکات[5].

بەڵام والی دەیوت دەبێت بەبێ هیچ کۆتو مەرجێك خۆی بدات بەدەستەوە یان لەگەڵیدا دەجەنگێت، ئیتر هیچ دەرفەتێك بۆ چارەسەرێکی تر نیە. لە(دەی موحەرەمی ساڵی ٦١ك/ مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٦٨٠ز)دا ئەوەی چاوەڕوان دەکرا و کتوپڕ نەبوو ڕوویدا، پاش جەنگێکی

---

[1] الطبري: ج٥ ص٣٤٧، ابن الأثير: ج٣ ص١٤٤، بەراوردی بکەبە ابن قتيبە: ج٢ ص٥.

[2] الدينوري: ص١٧٦-١٨٠.

[3] الطبري: ج٥ ص٣٨٣-٣٨٤، ابن الأثير: ج٣ ص١٤٥-١٤٩.

[4] الدينوري: ص١٨٣

[5] الطبري: ج٥ ص٣٨٩

ناهاوسەنگ حسین -ڕەزای خوای لێبێت- لەگەڵ حەفتاو دوو شوێنکەوتەیدا شەهیدبوو[1]. یەزید بەشەهیدکردنی حسین -ڕەزای خوای لێبێت- بێزارو نارەحەت بوو، بەلاّم لەوە دڵنیا بوو کە ڕکەبەرێکی سامناکی هاشمی نەماوە، بۆیە سزای والیەکەی خۆی نەدا کەلەفەرمانی دەرچوو، بەمەش ساکاری بیریاری خۆی نیشاندا.

•**دەرچوونی خەڵکی مەدینە، ڕووداوی(الحرة)**: چەرمەسەری کەربەلا گورزێك بوو بۆ ئەو خەڵکەی شام کەبەو گۆڕانەی موعاویە -ڕەزای خوای لێبێت- لەڕێبازی دەسەلاّتدا دایهێنا نارازیبوون، لەئەنجامی ئەمەدا گەشەسەندنی سیاسی ڕوویدا هەر ئەمەیش بوو جەنگی نێوان ئەوان و نێوان نیزامی ئومەوی هەڵگیرساند، حیجازیەکان لەکۆڕەکانیاندا هێندە قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد کەیەزید لەئاینی خوا دووردەکەوێتەوە تاوای لێهات لابردنی یەزید بووبە پێویستیو خەڵکی مەدینە لەدەسەلاّتی دەرچوون، یەزید لەسەرەتادا بەهێمنیو دانایی بەرەو ڕووی ئەو هەڵوێستە بوویەوە، بەلاّم توندبوونی هێرشی ڕەخنەی ڕاشکاوانەی دژ بەخەلیفە کەبەردەوام لەچالاکیدابوو و گەیشتە برینداركردنی کەسایەتی یەزید و تانەدان لەڕەوشتو ئاکاریو بەدوای ئەویشدا هاتنی شەپۆلێکی توڕەیی بەرووی ئومەویەکاندا بەگشتیو بەفرمانی لابردنی یەزیدو بەیعەتدان بەعەبدوڵای کوڕی حەنزەلە کۆتایی هات، ئەم هەواڵانە یەزیدیان هاندا تابزاوتی سەربازی ئەنجام بداتو هەڵمەتێکی سەربازی بەسەرکردایەتی موسلیمی کوڕی عوقبەی موری ناردو دوای جەنگی(الحرّة) لەمانگی(ذي الحجة)ی ساڵی(٦٣ك/مانگی ئابی ساڵی ٦٨٣ز)دا توانی خەڵکی مەدینە ملکەچ بکات[2].

•**بزوتنەوەکەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر -ڕەزای خوای لێبێت-**: بزوتنەوەکەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر بەدرێژە پێدەری دەرچوونی خەڵکی مەدینە دادەنرێت، عەبدوڵای کوڕی زوبەیر ڕووداوی کەربەلاو دەرچوونی خەڵکی مەدینەو ئەو بۆشاییەی سیاسیو سەرکردایەتیەی بەهەند وەرگرت کەلەدوای مردنی موعاویە هاتبوویەدیو ئەو زیانو خراپە توندەی یەزیدیشی بۆسەر جیهانی ئیسلامی بەهەندوەرگرت تاسەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی چەکداری دژ بە ئومەویەکان لەمەککەوە بکاتو خەڵکی توهامەو حیجاز بێجگەلە عەبدوڵای کوڕی عەباسو

---

[1] ابن قتيبة: ج٢ ص١٨٤-١٨٥، الطبري: ج٥ ص٣٨٩-٣٩٠، ٤٠٠.

[2] الطبري: ج٥ ص٤٧٩، ٤٨٧-٤٩١، ابن كثير: ج٨ ص٢١٥-٢١٦.

محمدی کوڕی حەنیفە بەیعەتیان پێدا، پاشان کاربەدەستانی یەزیدی لەمەککەو مەدینەدا دەرکرد[1].

یەزید لەسەرەتادا هەوڵیدا لەگەڵ ئیبن زوبەیر لێك تێگەیشتنی هەبێت، بەڵام لەئەنجامی سوربوونی ئیبن زوبەیر لەسەر هەڵوێستی لەمەسەلەی خیلافەتدا نەگەیشتنە ئەنجام، ئەوکات یەزید بەسەرکردایەتی موسلیمی کوڕی عوقبەی موری شاڵاوێکی سەربازی نارد تاملکەچی بکات، بەڵام موسلیم لەڕێگەدا نەخۆشکەوت‌و مرد ئینجا حسینی کوڕی نومەیر سەرکردایەتی گرتە دەست‌و بەرەو مەککە درێژەی بەکێشان داو گەمارۆی دا، هەواڵی ڕاگەیاندنی مردنی یەزید لەکاتی گەمارۆدانەکەدا گەیشت‌و حسین ناچاربوو گەمارۆ لەسەر مەککە لاببات‌و گەڕایەوە بۆ دیمەشق، ئەمە لەدوای ئەوەی نەیتوانی لەگەڵ ئیبن زوبەیردا بگاتە لێك تێگەیشتن[2].

٢- **ڕووداوە سیاسیە دەرەکیەکانی سەردەمی یەزید:** لەسەردەمی یەزیدا لەبازنەی سیاسەتی دەرەکیدا ڕووداوێکی وا ڕووی نەدا کەجێی باس بێت بەتەنها ئەوە نەبێت کەلەبەرەی ئەفریقیاوە ڕوویداو چەند گەشەسەندنێکی بەرچاو ڕوویاندا کەخۆی دەبینیەوەلە گێڕانەوەی عوقبەی کوڕی نافع بۆ والیەتی‌و دەست کردنەوە بەبزوتنەوەی جیهاد، عوقبە شاری(تاهرت)[3] ی فەتح کردو گەیشتە(طنجة)[4] ، پێش ئەوەی لەجەنگی(تهودە)ی دژ بە بەربەرەکان بەسەرکردایەتی کوسەیلە لەکۆتاییەکانی ساڵی ٦٤ك/٦٨٤ز دا شەهید ببێت[5]. شیاوی باسە کوسەیلە بەهۆی سیاسەتی توندی عوقبەوە لەدژی موسڵمانان هەڵگەڕایەوە.

٣- **مردنی یەزید:** یەزیدی کوڕی موعاویە[6] لەچواردەی مانگی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ٦٤ك/ مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٦٨٣ز دا کۆچی دوایی کرد[7].

---

[1] الدينوري: ص١٩٦.

[2] الطبري: ج٥ ص٤٩٦-٤٩٧، ٥٠٢.


[3] ناوی دوو شاری ڕووبەڕووی یەکە لەوپەڕی مەغریب کەشەش قۆناغ لە(المسيلة) دوورەو لەنێوان تیلیمسانو قەڵای بەنی حەماد دایە. الحموي : ج٢ ص٧.

[4] طنجة : شارێکە لەسەر کەناراوی دەریای مەغریب لەبەرامبەر دورگەی(الخضراء) الحموی: ج٤ ص٤٣.

[5] ڕای ئەهلی سونەو جەماعە لەسەر یەزیدی کوڕی موعاویە ئەوەیە کەخۆشمان نەوێت‌و نەفرینیشی لێناکەین- وەرگێر-.

[6] ابن عبدالحكم: ص٢٦٧، ابن عذاري المراكشي: البيان المغرب في أخبار الأندلس والمغرب ص٢٣-٣٠.

[7] الطبري: ج٦ ص٤٩٩.




نەخشەی سەردەمی ئومەوی

## موعاویەی کوڕی یەزید: موعاویەی دووەم(٦٤ك/٦٨٤ز)

دوای مردنی یەزید دوو بەیعەت هەبوون: یەکێکیان لەشام بۆ موعاویەی کوڕی یەزید بوو، دووەمیان لەحیجاز بۆ عەبدوڵای کوڕی زوبەیر -ڕەزای خوای لێبێت-بوو.

موعاویەی دووەم وێنەیەکی هەڵکەوتەو کەم وێنەی ئومەوی بوو کەسەرچاوەکان زۆر بەکەمی قسەیان لەسەر هێناوە، ئەمەش لەبەر کەمی تەمەنی‌و نەخۆشی‌و هەڵوێستی تایبەتی لەڕووی خیلافەتدا، کەمێك دوای بەیعەتپێدانی لەبەر بێ‌توانایی لەئەستۆگرتنی ئەوبارەی موسڵمانانداندا دەستبەردار بوو کارەکەی بۆ شورای موسڵمانان بەجێهێشت‌و خۆی لەماڵەوەدا کەناری گرت‌و دوای سێ مانگ لە خیلافەتی کۆچی دوایی کرد[1].

## مەڕوانی کوڕی حەکەم(٦٤-٦٥ك/٦٨٤-٦٨٥ز)

خیلافەتی ئومەوی خۆی لەبارێکی سەختدا دەبینیەوە لەدوای ئەوەی پشێوی بەشەکانی جیهانی ئیسلامی گرتەوە بۆیە بەنی ئومەییە جابیە کەناوچەیەکی سەربە دیمەشقە لەژێر سایەی دابەشکاری جیهانی ئیسلامیدا بۆ ڕزگارکردنی خیلافەتە جێ هەڕەشەکەیان کۆبوونەوە، ئەوان گیرۆدەی هێزە ڕکەبەرە هۆزایەتیەکان بوون، لەئەنجامی کۆبوونەوەکەدا بەیەك دەنگی ئامادەبوان مەڕوانی کوڕی حەکەمیان بۆ خیلافەت هەڵبژارد، بەمەش دەسەڵات لەلقی سوفیانیەوە گوازرایەوە بۆ لقی مەڕوانی‌و یەمەنیەکان لەبەرەنگاربوونەوەی قیسیەکاندا بەسەرکردایەتی زوحاکی کوڕی قەیس کەبەدەرچوونی دەسەڵات لەدەستی ئیبن زوبەیر بێزاربوو یەك دەنگ بوون مەڕوان کەیەمەنیەکان پاڵپشتی بوون هیچ سەختیەکی بۆ لەناوبردنی هێزی قەیسیەکان لەجەنگی(مرج راهط) لەمانگی(ذي القعدةی ساڵی ٦٤ك/ مانگی حوزەیرانی ساڵی ٦٨٤ز)دا بەدینەکردو لەجەنگەکەدا زوحاك لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری شوێنکەوتوانیدا کوژرا، لەئەنجامی ئەمەدا قەڵەمڕەوی مەڕوان بەسەر وڵاتی شام‌و فەلەستین‌و مصردا بڵاوبوویەوەو دوو سوپای ئامادەکردو یەکێکیانی نارد بۆ حیجاز تابزوتنەوەکەی ئیبن زوبەیر بەسەرکردایەتی حوبەیشی کوڕی ولجە لەناوببات، دووەمیش بۆ جەزیرە بەسەرکردایەتی عەبدوڵای کوڕی زیاد، سوپای حیجاز نەیتوانی بچێتە مەدینە بەڵام ئیبن زیاد بەبیستنی هەواڵی مەرگی مەڕوان لەزاوتی خۆی وەستا[2].

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٥٠١.

[2] هەمان سەرچاوە ص٥٣٥، ٦١١، ابن الأثیر: ج٣ ص٢٧٣-٢٧٤.

## عەبدولەلیکی کوڕی مەڕوان(٦٥-٨٦ك/٦٨٥-٧٠٥ز)

### گرتنەدەستی خیلافەتی عەبدولەلیك:

مەڕوان لەپێش مردنیدا بەیعەتی خیلافەتی لەدوای خۆی بەعەبدلمەلیکی کوڕیو دواتر عەبدولعەزیزی کوڕی دا، جا عەبدولملیك لەژێر سایەی دابەشکاری جیهانی ئیسلامیو لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٦٥ك/مانگی نیسانی ساڵی ٦٨٥ز)دا خیلافەتی گرتە دەستو چاوی خستە سەر ڕزگارکردنی دەوڵەتی ئومەوی لەپشێویو گێڕانەوەی یەکبوون بۆ موسڵمانان[1].

### ڕووداوە سیاسیە ناوخۆیەکانی سەردەمی عەبدولەلیك:

### بەرهەڵستکاری عەلەوی:

١- **بزوتنەوەی تەوبەکاران(التوابین):** لەسەرەتای سەردەمی عەبدولملیکدا چوار دەستەی ئیسلامی هەبوون کەلەسەر گرتنەدەستی دەسەڵات ناکۆکیان هەبوو، ئەوانیش بریتی بوون لە:

أ- ئەو ئومەویانەی دەستیان بەسەر شامدا گرتبوو.

ب- عەبدوڵای کوڕی زوبەیر -ڕەزای خوای لێبێت-کەدەستی بەسەر حیجازو عێراقدا گرتبوو.

ج- کۆمەڵی عەلەویەکان لەعێراق.

د- کۆمەڵی خەواریجەکان.

هەردەبوو خەلیفە لەگەڵ ئەو بارە تایبەتەدا هەڵسوکەوت بکات، هەندێك لە عەلەویەکان نالەباری باری سیاسی ناو جیهانی ئیسلامیان بەهەند وەرگرتو بڕیاریاندا بەئامانجی تۆڵەسەندنەوەی شەهیدبوونی حسین -ڕەزای خوای لێبێت-لەو سوپا ئومەویە بدەن کەبەرەو جەزیرە دەچێت و عەبدوڵای کوڕی زیادیان بەبەرپرسی کوشتنی حسین -ڕەزای خوای لێبێت-دادەناو دانیان بەکەمتەرخەمی خۆیان لەسەرخستنی حسیندا دەنا، سولەیمانی کوڕی صەدری خوزاعی سەرکردایەتی دەکرد وەناوی تەوبەکاران بەسەریاندا زاڵبوو.

هەردوولا لەناوچەی(عین الوردة) لەخاکی جەزیرە لەباکوری ڕۆژئاوای صەفین لەجەنگێکی سەختو زیاناویدا پێکگەیشتنو لەئەنجامدا هێزی تەوبەکاران دارماو عەبدوڵایش بەئاراستەی عێراق درێژەی بەکشانی خۆی دا[2].

٢- **بزوتنەوەکەی موختاری کوڕی ئەبو عوبەیدی ثقفي:** تایبەتمەندی ئەم بزوتنەوەیە لەوەدابوو کەلەپاڵ دیدی دەسەڵاتخوازی سەرکردەکەی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتی ئومەوی دەکردو

[1] هەمان سەرچاوە ص٥٣٥، ٦١١، ابن الأثیر: ج٣ ص٢٧٣-٢٧٤.

[2] هەمان سەرچاوە: ج٥ ص٥٩٦-٦٠٥.

دروشمی شیعەگەرایی بەرزکردبوویەوە، لەڕوانگەی ئەو دوو دیدەوە موختار کەوتە بزاوتو توانی عەلەویەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێتو دوای سەرکەوتن بەسەر سوپای والی عەبدوڵای کوڕی موتیعدا بچێتە کوفە[1].

شتێکی ڕوونە کەسەختی ڕاستی ڕێی موختار لەدوای دەستگرتن بەسەر کوفەدا دەرکەوتن، چونکە بزوتنەوەکەی لەکرۆکدا پێناوەکانی بەردەوامی هەڵنەگرتبوو، پاریزگاری کردنی دەسەڵاتیش مەترسی گەلێکی ناوخۆیی لەگەڵدایەو قۆناغ بەقۆناغو بەرەبەرە بەریەك کەوتنی عەلەوی لەپشتەوەبوو، هەروەك خەڵکی کوفە جگەلە عەلەویەکان لەڕوویدا وەستان چەند مەترسیەکی دەرەکیش کەخۆیان لەمەترسی ئیبن زوبەیرو مەترسی سوپای ئومەوی دا کەبەئاڕاستەی عێراق دەکشا دەبینیەوە هەرچەندە ئەو توانی لە(دەی موحەڕەمی ساڵی ٦٧ك/شەشی ئابی ساڵی ٦٨٦ز)دا لە(خازر)[2] سوپای ئومەوی تێکبشکێنێتو عوبەیدوڵای کوڕی زیادی سەرکردەی لەگەڵ حوصەینی کوڕی نومەیردا بکوژێت، بەڵام لەبەردەم موصعەبی کوڕی زوبەیردا شکستی خواردو موصعەب لەجەنگی(مەزار) لەنێوان واستو بەصرە(لەنیوەی ساڵی ٦٧ك/سەرەتاکانی ساڵی ٦٨٧ز)دا بزوتنەوەکەی لەناوبردو موختار لەکوفە کوژراو موصعەب دەستی بەسەر کوفەدا گرت[3].

٣- **بزوتنەوەکەی عەبدوڵای کوڕی زوبەیر:** نەمانی موختاری ثقفي بوویە هۆی ئەوەی ڕکەبەری لەسەر ڕێبەرایەتی جیهانی ئیسلامی لەنێوان عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوانو عەبدوڵای کوڕی زوبەیردا بەرتەسك ببێتەوە، خەلیفەی ئومەوی زانی کەتوانای نەیارەکەی لەعێراقدا پەنگی خواردوەو لەناوبردنی لەو هەرێمەدا دەبێتەهۆی بنەمای ڕوخاندنی تەواوی نیزانی زوبەیری، چونکە پێناوەکانی بەرەنگاربوونەوەی لەحیجازدا زۆرێك لەبنەماکانی خۆی لەدەستدابوو بۆیە بەسوپایەکی گەورەوە بەرەو عێراق چوو موصعەبی کوڕی زوبەیریش لەکوفەوە بەرەو باکور بۆ ڕێ لێگرتنی کەوتە ڕێ هەردوو سوپا لەسەر ڕووباری دوجەیل لە(دیر الجاثلیق) لەمەسکەن لەمانگی جەماد ئاخری ساڵی ساڵی ٧٢ك/ تشرینی دووەمی ساڵی ٦٩١ز و لەجەنگێکی سەختدا پێکیانداداو لەئەنجامدا سوپای ئومەوی سەرکەوتو موصعەب لەجەنگەکەدا کوژراو عەبدولمەلیك چوویە ناو کوفە[4].

---

[1] الدینوري: ص٢٩٢.

[2] خازر: ڕووبارێکە لەنێوان هەولێرو موصل دواتر لەنێوان زێی گەورەو موصلدا. الحموی: ج٢ ص٣٣٧.

[3] الدینوري: ص٣٠٨، الطبري: ج٦ ص١٠٥-١٠٧.

[4] الدینوري: ص٣١١، المسعودي: ج٣ ص١٠٩.

خەلیفـە عەبدولـمەلیك نەوەسـتا تایبەرهـەمی سـەرکەوتنەکەی کۆبکاتـەوەو بەپەلـە سـوپایەکی بەسەرکردایەتی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی نارد بۆ حیجازو تـوانی لـە(مـانگی جـەمادیلئولای ساڵی ٧٣ك/ئەیلولی ساڵی ٦٩٢ز)دا ئیبن زوبەیر لەناو ببات[1] بەمەیش خیلافەتی ئیبن زوبەیر کۆتایی پێهات‌و حیجاز ملکەچی عەبدولمەلیك بـوو و سـەرلەنوێ جیهانی ئیسلامی لـەژێر سـەرکردایەتی عەبدولمەلیکدا یەکی گرتەوە.

٤- **خەواریجەکان:** خەواریجـەکان کەتاکـە هێزێـك بـوون لـەدەرەوەی چوارچـێوەی دەسـەڵاتی ئومەوی دا مابوونەوە بەرهەڵستکاری ئومەویەکانیان دەکرد چونکە بەداگیرکەری خیلافـەتیان دەزانین، هەروەك ئەو بارگرژیە ساسیەی جیهانی ئیسلامی بەخۆیـەوە دەدیو سیاسـەتی تونـدو ڕەقی حەجاج لـەعێراق ڕۆڵی لەهاندانیان بۆ هەڕەشەکردن لـەحوکومـەتی مەرکەزیـدا هـەبوو، عەبدولمەلیك لـەلایەن خۆیەوە هەستی بە ئاسـتی ئـەو مەترسـیە کـرد کەخەواریجـەکان بۆسـەر دەسەڵاتی ئومەوی پێکیان دەهێنا، بۆیە خۆی بۆ لێـدانیان یـەکلا کـردەوەو تـوانی لـەعێراق‌و یەمامە لەناویان ببات[2].


٥- **بزوتنەوەی ئیبن ئەشعەث:** بزوتنەوەکەی عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەشعەث بەیەکێك لە گرنگترین ئەو بزوتنەوانە دادەنرێت کەلەڕووی دەسـەڵاتی ئومەویـدا وەسـتا، چـونکە بنەڕەتـەکانی ئـەو دەسەڵاتەی خـستە لـەرین‌و خـەریکبوو هەڵیبوەشـێنێتەوە، سەرهەڵدانیـشی لەسـەربنەمایەکی مەزهەبی نەبوو وەك ئەوەی بزوتنەوەکانی خەواریجی لەسەربوو، بەڵکو سیاسەتی تونی حـەجاج لەڕووی خەڵکی عێراق‌و قۆرخکردنەوەی ئەو دوژمنایەتیـەی لـەدەروونی عێراقیەکانـدا دژبـە دەوڵەتی ئومەوی هەیە لەلایەن ئیبنولئەشعەثە وە ئـەوبارەی داهێنـا، حـەجاج بەسـەرکردایەتی ئیبنولئەشعەث سوپایەکی لەخەڵکی عێراق پێکهێناو ناردی بۆ سجستان لەڕۆژهەڵات‌و فرمانی پێکرد تا(رتبیل)ی پاشای کابوڵ ملکـەچ بکـات، ئـیبن ئەشـعەث بـەو سـوپایەوە کەوتـەڕێ‌و هێرشی بردە سەر قەڵاکانی رتبیل بـەهۆی سروشـتی سـەختی شـاخاوی ناوچـەکەوە نـەیتوانی بەسـەریدا سـەرکەوێت، لەکۆتایـدا بڕیـاردرا بـۆ مـاوەی یـەك سـاڵ چـالاکیە سـەربازیەکان ڕابوەستێنرێن تا سەربازان لـەگەڵ سروشتی خاکەکـەدا ڕابـێن هـەواڵی ئەوەشـی بـۆ حـەجاج نوسی، بەڵام حەجاج بەپاڵنەری چەند پاشخانێکی بەرتەسکی سیاسی ئەو پێـشنیارەی بەرپـەرچ

---

[1] الطبري: ج٦ ص١٨٧-١٨٨.

[2] المبرد النحوي: الكامل في اللغة والأدب: ج٢ ص٢٩٨-٣٠١، ٣٠٢-٣٠٦، الطبري: ج٦ ص٢١١-٢٢٣، ٢٧٩-٢٨١، ٣٠٤، ٣٠٨-٣٠٩.

دایەوەو فرمانی بۆ نوێ کردەوە تالەپشت هێزە تورکیەکانەوە بکشێت، ئیبن ئەشعەث هەستی بەسوکایەتی پێکردن دەکرد هەروەك شوێنکەوتەکانی کەپێیان وابوو دورخستنەوەیان لـەعێراق بەو شێوازە پیلانێکە دژبە ئەوان تارێ بەگەڕانەوەیان نـەدرێت، لەکۆتایـدا بڕیاریانـدا حـەجاج لاببەنو سەربازان بەیعەتیان بە ئیبن ئەشعەث داو بەئاراستەی عێراق کشان بەڵام حەجاج توانی پاش چەند شکستێك لـەجەنگی(دیر الجماجم) لـەدەرەوەی کوفه لـە(چـواردەی جـەمادلئاخیری سالّی ٨٢ك/تـەموزی ٧٠١ز)دا ئـەو بزوتنەوەیـە لـەناوببات‌و ئـیبن ئەشـعەثیش ڕایکـرد بـۆ سجستان تابەپێی ڕێکەوتنێکی پێشتر پەنا بۆلای رتبیل ببات، بـەڵام حـەجاج وازی لێنـەهێناو رتبیلی ناچارکرد تابیدات بەدەستەوە کاتێـك ئـیبن ئەشـعەث بەمـەی زانـی خـۆی کوشـتەوە بەمردنی ئەویش کۆتایی بەبزوتنەوەکەی هات[١].



[١] الطبري: ج٦ ص٣٣٦، ٣٣٩-٣٤٠، ٣٤٦-٣٥٥، ٣٥٨-٣٨٨.

**سیاسەتی دەرەکی عەبدولمەلیك:**

ئەو بارگرژیو پشێویە یەك لەدوای یەکانەی نیوەی ڕۆژهەلاتی ئیسلامیان داگرتبوو،ڕێگەیان بەموسڵمانان نەدەدا تا لەفتوحاتیاندا فراوان خوازی بکەن جا لەڕۆژهەلاتدا موسڵمانان هێرشیان بردە سەر چەند شارێکی ئەودیو ڕووبار وەك(کشلو ختلو ریخش)[1] لەڕۆژئاوایشدا چالاکی پارتی زانی نێوان دووبەرەی ئیسلامیو بیزەنتی بەردەوام بوو، عەبدولمەلیك لەژێر فشاری ڕووداوە ناوخۆییەکاندا ناچاربوو پەیماننامەیەك لەگەڵ جستنیانی دووەمی ئیمبراتۆری بیزەنتیدا ببەستێت تائەو بەرەیە هێوربکاتەوە، بەو پێیە ساڵانە بری(٣٦٥)هەزار پارچەی زێڕ(٣٦٠)کۆیلەو(٣٦٥) ئەسپی ڕەسەن بدات بەئیمبراتۆری بیزەنتی لەبەرامبەرئەوەی بیزەنتیەکان شاڵاوەکانیان بۆ سەر زەویە ئیسلامیەکان ڕابوەستێنن و(مەڕەدەکان) لەناوچەی باکوری شام پاشەکشە بکەنو ئاگربەستەکەش ماوەی دە ساڵ بەردەوام بێت[2]. پاشەکشەی مەڕەدەکان بوویە هۆی وێرانکردنی ئەو شورە مسینەی کەئاسیای بچوکی لەهەڵمەتەکانی موسڵمانان دەپاراست بۆیە هەڵمەتەکانی زستانەو هاوینە دەستیان پێکردەوەو موسڵمانان قیسارەیان فەتحکرد و لەئەرمینیا سەرکەوتنیان بەدیهێناو لەسەرچاوەکانی ڕووباری فورات هێرشیان بردە سەر(مەلتیەو قالیقلا)و وەڵامدانەوەی بیزەنتیش تەنها لەهێرشکردنە سەر مەرعەشدا بەرتەسك بووبوویەوە[3].

لەباکوری ئەفەریقایش موسڵمانان بۆ پاکتاوکردنی بنکەی بیزەنتیەکانی سەر کەناراوی باکورو لەناوبردنی پەیوەندیان لەگەڵ ئەو بەربەرانەی کەئافرەتێکی ناڕوون سەرکردایەتی دەکردنو لەسەرچاوە عەرەبیەکاندا بەناوی(الکاهنة)[4] ناسراوە، چەند جەنگێکی سەرکەوتوویان ئەنجامدا. حەسانی کوڕی نوعمانی غەسسانی شۆڕشەکەی ئەو ئافرەتەی کوژاندەوەو ئافرەتەکەشی کوشت.

---

[1] ابن خیاط: ج١ ص٢٧٥، ابن الأثیر: ج٣ ص٤٨١-٤٨٢.

[2] Michel le Syrien: Chronique: IIPP ٤٦٩-٤٧٠, مەڕەدەکان کۆمەڵێك مەسیحی بوون کەلەشاخەکانی ئەمانوس نیشتەجێ بوونو سوپایەکیان پێکهێنابوو و دەسەڵاتی بیزەنتی کردبوونی بەدیوارێك لەوناوچەیەدا، بە لاذري لەبەر ناوی شاری جرجومە یان ناوی جەرجومیەکانی لێناون. فتوح البلدان: ص٢١٧-٢٢٣.

[3] ابن الأثیر: The ophanes: chronographia P٨٠٢

[4] ابن عبدالحکم: من ٢٦٩-٢٧١ ابن عذاري: ج١ ص٣٥.

**سیاسەتی کارگێڕی عەبدولمەلیك:**

عەبدولـمەلیك گرنگیـەکی تایـەتی بـەکاروباری دەولـەت دا ئەمـەش لـەگۆڕان لەبازنەیەکـەوە کەئاسۆکانی کۆمەڵگەی هۆزایەتی نەدەبڕی بۆچوارچێوەی دامەزراوە کارگێڕیەکاندا خۆی نیـشاندا، ناوبانگێکی کارگێڕی عەبدولمەلیك بۆئەوە دەگەڕێتەوە کەچاکسازیەکانی لەدوو ئاراستەدا بەڕێکرد، یەکـەم: گەشـەدانو چـالاککردنی دەزگـای کـارگێڕی، لەسـەردەمی ئـەودا دەولـەت شـێوەیەکی وەرگرت کەزۆر لەشێوەی دەوڵەتە هاوچەرخەکان دوورنیە، لەسەردەمی ئـەودا دەولـەت بـۆ پێـنج دیوانی سەرەکی دابەشبوو:(دیوانی خەراج، دیوانی سەربازان، دیوانی نامەبەری، دیوانی مۆر، دیوانی پۆستە) ئاراستەی دووەمـیش بەعـەرەبیکردنی کـارگێڕیو دار بووکـە بەبزوتنـەوەی بەعـەرەبیکردن ناسراوە[1].

**کۆچی دوایی عەبدولمەلیك:**

عەبدولمەلیك لەڕۆژی پێنج شەممە لەنیوەی مانگی شەوالی ساڵی ٨٦ك/ مانگی تـشرینی یەکـەمی ساڵی ٧٠٥ز دا کۆچی دوایی کرد[2].

---

[1] المقريزي: شذور العقود في ذكر النقود ص٦، بيضون: ص٢٧٣.

[2] الطبري: ج٦ ص٤١٨-٤١٩.

## وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك( ٨٦-٩٦ك/٧٠٥-٧١٥ز)

### چاکسازیە ناوخۆییەکانی وەلید:

وەلیـد بەبـەڵێنی عەبدولـمەلیکی بـاوکی خیلافـەتی گرتەدەسـت[١] سـەردەمی ئـەو بەسـەردەمی فتوحاتو خۆش گوزەرانی دادەنرێت لەدوای ئەوەی ئارامشو نیزام لەناوخۆدا چەسپا. وەلیـد زۆر حەزی بەبینا سازی هـەبوو، بۆیـە گرنگـی بەچـاککردنی ڕێگـەکانو ئاسـنانکردنیانو بیرلێـدان داو مزگەوتی پێغەمبەر(ﷺ) و مزگەوتی فراوانکـردو شـاری دیمەشـقی بـەرەو چـاکبوون بـردو ئـاوی بۆهەموو ماڵەگەورەکانی لەڕێگەی جۆگەلـە ڕووباری(بردی) بەوەی ڕاکێشا.

**فەتحی وڵاتی ئەودیو ڕووبار:** ناوچـە دەسـەڵاتیەکانی وڵاتـی ئـەودیو ڕووبـار هاوسـنوری دەوڵەتی ئیسلامی لەخۆراسان بوویەوە، باری سیاسی ئەو دەسەڵاتانە بـەهۆی ملـملانێـی بـەردەوامی نێوانیان خراپ بوو، ئەمە دەرفەتی بەموسڵمانان تا دەستوربدەن، قوتەیبەی کوڕی موسلیمی بـاهیلی سەرکردەی موسڵمانی فـەرمانڕەوای خۆراسـان چـەند دەسـتکەوتێکی گرنگـی بـەدیهێناو هـەرێمی تەخارسـتانی فـەتحکردەوەو هێرشـی بـردە سـەر هـەرێمی بوخـاراو بەئاشـتی(بیکەنـدو سـەمەرقەندو شارەکانی خوازرمو شاشو فەرغانەو کاشغر)ی فـەتحکرد کـەدوورترین شـارەکان بـوونو لـەنزیکی چیندابوون[٢].

**فەتحکردنی وڵاتی سند:** هـەرێمی سـند دەکەوێتـە بـاکوری ڕۆژئـاوای کیـشوەری هینـدیو ڕۆژهەڵاتی باشوری وڵاتی فارس، ڕووداوەکانی فەتحکردنی ئەو هەرێمـە هاوشـێوەی ڕووداوەکـانی فەتحکردنی وڵاتی ئەودیو ڕووبارن، حەجاج محمدی قاسمی ئامۆزای خۆی ڕاسپارد تـا ئـەو هەرێمـە فەتح بکات، ئەویش گواستیەوە بۆ مەکرانو لەوێوە چوو بۆ(دیبر) لەسەر کەناراوی دەریـای هینـدو فەتحیکرد[٣] دانیشتوانی گوندە دراوسێکان بەپەلەپێشنیاری ڕێکـەوتنیان لەگـەڵ موسـڵمانان داکـرد[٤] دوای ئەو محمدی کوڕی قاسم چوو بۆ بیرونو لەگـەڵ خەڵکەکەیـدا ڕێکـەوتنی بەسـت، هـەروەك ڕێکەوتنی لەگەڵ دانیشتوانی(سربیدوسو سمبـانو سدوسـان)دا بەسـت ئەوشـارانە دەکەوتنـە بـەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سند[٥].

---

[١] اليعقوبي: ج٢ ص٢٠٤، ابن كثير: ج٩ ص٧٠.

[٢] الطبري: ج٦ ص٤٣٠-٤٣٣، ٤٤٥، ٤٦٩.

[٣] البلاذري: ص٤٢٤-٤٢٥.

[٤] اليعقوبي: ج٢ ص٢١٢.

[٥] البلاذري: ص٤٢٥-٤٢٧.

**بەرەی بیزەنتی:** وەلید سیاسەتی فشارخستنە سەر ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی گرتەبەر، سەرکردەی ئومەوی مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیکی برای خەلیفە سەرکردایەتی بزوتنەوەی جیهادی لەوبەرەیەوە دەکردو توانی چەند قەڵایەك فەتح بکات کەگرنگی سەربازیان هەبوو لەرێگەی بەرەو قوستەنتینیەدا بوون وەك:(طونەو هەقلەو عموریەو دویلیوم) بیزەنتیەکان لەلایەن خۆیانەوە هەوڵیان دا کشانی ئیسلامی ڕابوەستێنن یان سنور بۆ پێشڕەوی موسڵمانان دابنێن، بۆئەمەیش پشتیان بەبەهێزکردنی بەرەی ئاسایی بچووك بەست.

**بەرەی باکووری ئەفەریقیا:** کشانی فراوان خوازی لەبەرەیەدا لەسەردەمی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك و سەر دەستی موسای کوڕی نەسیردا گەیشتە ئەو پەڕ کەمەولی دەدا پاڵپشتیەکانی ئەو سەرکەوتنە بچەسپێنێت کەپێشینەکانی لەرۆژئاوای نزمو ڕۆژئاوای ناوەڕاستدا بەدییان هێنابوو، پاشان بەرەو هەرێمی سوسی دوور لەناوجەرگەی مەغریبدا کەوتەڕێو توانی بەرەکان بەلای خۆیدا ڕبکێشێت کەهاتنە ناو ئیسلام وەك سەربازی جەنگاوەر چوونە ناو سوپا ئیسلامیەکانەوەو ئەویش لەفەتحکردنی ئەندەنوسدا بەکاریهێنان.

**کۆچی دوایی وەلید:**

وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك لە(مانگی جەمادولئاخیری ساڵی ٩٦ك/مانگی شوباتی ساڵی ٧١٥ز)دا لەدیرمەڕوا کۆچی دوایی کرد[١].

---

[١] الطبري: ج٦ ص٤٩٥-٤٩٦.

## سوله یمانی کوڕی عەبدولەلیك(٩٦-٩٩ك/٧١٥-٧١٧ز)

### سیاسەتی ناوخۆیی سوله یمان:

سولەیمانی کوڕی عەبدولملیك لەدوای وەلیدی کوڕی خیلافەتی گرتە دەست، سولەیمان کەسێکی ئایین پەروەرو زمان پاراو دادپەروەرو موجاهید بوو، لەسەرەتای سەردەمەکەیدا والیەکانی براکەی لابردو لەجیاتیاندا چەند والیەکی نوێی لەسەر هەرێمەکان دەست نیشان کرد[1] بیرۆکەی گۆڕانیش بەکاریگەری عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بوو کەلەگەڵ خەلیفەدا بوو هەروەها ڕەجائی کوڕی حەیوەدا بوو، ئەوەیش چوویە چوارچێوەی ئەو گۆڕانە سیاسیو سەربازیانەی کەدەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی لەدوای داگرتنی ئارامشو سەقامگیریو ئاشتی لەبەشەکانی دەوڵەتدا ڕوویاندا، جا دانایی لەوەدا بوو کەشێوەو ئەسلوبی حەجاج لەکارگێڕیو دەسەڵاتدا بگۆڕدرێت، خەلیفە هەزاران دیلی موسڵمانی نەیاری دەسەڵاتی ئومەوی ئازادکردو بەخششو موچەی چەند بەرامبەرکردو فشاری بەرتەسکی ئابوری کەم کردەوە، ئەم سیاسەتە وای کرد موسڵمانان بەگشتی لەسولەیمان ڕازی بنو دەستخۆشی لێبکەن[2].

### سیاسەتی دەرەکی سوله یمان:

أ- **بەرەی ڕۆژهەڵات:** لەڕۆژهەڵاتدا فتوحاتی نوێی ئیسلامی ڕوونەدا چونکە ئەو بارە سیاسیەی لەدوای سالی(٩٨ك/٧١٧ز) تا ڕوخانی لەسالی(١٣٢ك/٧٥٠ز)دا توشی خیلافەتی ئومەوی بوو دەرفەتی ئەوەی نەدەدا، خیلافەت تەواو سەرقالی سەرکوتکردنو کوژانەوەی ئەو بزوتنەوە بەرهەڵستکارانە بوو کەسەرلەنوێ دەرکەوتنەوە وەك بزوتنەوەی خەواریجو بزوتنەوەکەی یەزیدی کوڕی موهەلەب هەروەك ناکۆکیەکانی نێوان عەرەب لەخۆراسان نوێ بوونەوە، عەباسیەکان ئەمەیان لەبەرژەوەندی خۆیان قۆستەوە بەڵام شتێکی ڕوونە کە ئومەویەکان توانیان پارێزگاری بەو دەستکەوتانەوە بکەن کەبەدیان هێنابوون.

ب- **بەرەی بیزەنتی:** ئەو ڕووداوە گەورەیەی سەردەمی سولەیمان لەو بەرەیەدا بەخۆیەوە بینی گەمارۆدانی قوستەنتینیەبوو بەسەرکردایەتی مەسلەمەی کوڕی عەبدولەلیك، خەلیفە لەژێر سەرکردایەتی مەسلەمەدا سوپایەکی کۆکردەوە کەدەگەیشتە سەدو هەشتا هەزار سەربازو هەزارو هەشت سەد کەشتی دەریایی[3] سوپا کەلە سالی(٩٨ك/٧١٧ز) بەئاڕاستەی زەویسە

---

[1] البلاذري: ص٤٢٨.

[2] الطبري: ج٦ ص٥٤٦.

[3] Pielet marcais: Le monde orient al, PP٢٥١-٢٥٢.

بیزەنتیەکان بزواو چوویە ناوی، لەکاتێکدا خەلیفە لەدابق بوو و بەڵێنی بە خوای گەورە دابوو کەتا سوپا نەچێتە ناو قوستەنتینیە نەگەڕێتەوە[1].

هەڵمەتەکە گەیشتە پایتەختی بیزەنتی‌و گەمارۆی لەسەر دانا، کەشتیگەلی دەریاییش لە بەرەی دەریاوە گەمارۆیدا، مەسلەمە شارەکەی دایە بەر مەنجەنیق، بەڵام بتەوی قەڵاکانی‌و لێهاتوویی ئەندازیارە بیزەنتیەکان بەرپەرچیان دایەوە، هەروەك ئیمبراتۆر لیۆی سێیەم بە زنجیرەیەکی گەورەی ئاسن دەروازەی بسفۆڕی داخست تا ڕێگە بە کەشتیە ئیسلامیەکان نەدات بێنەناوی، زریانی دەرییایش ساتەوناسات هەڵیدەکرد کەشتیە ئیسلامیەکانی لەشورەکان دورخستەوەو هەندێکیانی تێکشکاند بیزەنتیەکان بەئاگری ئیغریقیەکانژمارەیەکی تریان سوتاندن موسڵمانان نەیان توانی گەمارۆی بەرەی باکور بدەن کەلەڕووی پایتەختی بیزەنتیدا کراوەبووە، ئەمە بیزەنتیەکانی والێکرد بتوانن بگەنە کەناراوەکانی دەریای ڕەش تابەشمەکو فریا گوزاری پێویستیەکانیان پێ‌بگەیەنن، لەکاتێکدا فریاگوزاری موسڵمانان کەمی هێنا لەدوای ئەوەی بەهۆی فشاری بیزەنتیەکانەوە لەووڵاتی شامەوە ئەو فریاگوزاریانە نەگەیشتن، ئەوەی زیاتر بارەکەی خراپکرد فشاری ئەو دەریاوانە مەسیحیانە بوو کەلە کەشتیگەلی ئیسلامیدا لەگەڵ بیزەنتیەکاندا ئیشیان دەکرد باری موسڵمانان سەخت بوو تەنها نامەیەکی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کەهاتە شوێنی سولەیمان ڕزگاری کردن کاتێك ناردی بۆ مەسلەمەو فەرمانی پێ‌کرد تاگەمارۆکە هەڵبوەشێنەوەو بگەڕێنەوە بۆ شام[2]. ئەو هێرشە بەکۆتا هێرش دادەنرێت کە ئومەویەکان کردبێتیانە سەر قوستەنتینیە تا فەتحی بکەن.

**کۆچی دوایی سولەیمان:**

سولەیمان لەدابق لە(لەدەی مانگی سەفەری ساڵی ٩٩ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ٧١٧ز) لەدوای بەیعەتدانی خیلافەت لەدوای خۆی بۆ عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی ئامۆزای‌و دواتر بۆ یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی برای، کۆچی دوایی کرد[3].

---

[1] الطبري: ج٦ ص٥٣١، دابق گوندێکە لە نزیك حەلەب سەر بە ئەعزازە، چوار فەرسەخ لە حەلەب دوورە، بڕوانە: الحموی: ج٢ ص٤١٦.

[2] الطبري: ج٦ ص٥٣٠-٥٣١.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٥٣١-٥٣٢، ٥٥٢.

## عومەری کوڕی عەبدولعەزیز(٩٩-١٠١ك/٧١٧-٧٢٠ز)

**سیاسەتی گشتی عومەر:**

خیلافەت لەژیانی عومەری کوڕی عەبدولعەزیزدا خاڵێکی گۆڕان بوو لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە کاریگەریەکی گەورەی لەمێژووی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەویدا بەشێوەیەکی تایبەت‌و مێژووی ئیسلامیدا بەشێوەیەکی گشتی هەبوو.

کاریگەری لەژیانی عومەردا ئەوەبوو کەدوو قۆناغی لەیەك جیاکردەوە، قۆناغی یەکەمی کەخۆش گوزەرانی‌و ڕابواردن بوو عومەر لەپێش خیلافەتدا لەخۆشیدا دەژیا، لەقۆناغی دووەمدا کەلەماوەی دەسەڵاتیدا بردیە سەر تایبەتمەندا دنیا نەویستی ڕاستگۆییانەوەو دوورکەوتنەوە لە ڕازاوەیی‌و جوانی ژیانو هەستکردنی قوڵی بەبەرپرسیارێتی‌و دوورکەوتنەوە لەخۆ بەزلزانی پاشاکان بردەسەر.

کاریگەری خیلافەت عومەر لەمێژووی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەویدا ئەوەبوو کە عومەر لەدەسەڵاتدا ڕێبازێکی گرتەبەر کەبەدەرچوون لەو ڕێبازە دادەنرێت کە موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان دایناو ئەوانەی دواتریشی لەسەری چوون، ئەم ڕێبازەی عومەر لەڕێبازی خەلیفە ڕاشیدینەکانەوە نزیکتربوو.

کاریگەری خیلافەتی عومەر لەمێژووی ئیسلامدا ئەوەیە کەبەڵگەی ڕوونی پێشکەشکرد کەئەگەر نیازو هەوڵی فەرمانڕەوایی موسڵمان ڕاستبێت‌و هەست بەبەرپرسیارێتی لەبەردەم پەروەردگاردا بکات، ئەوا دەتوانێت بارودۆخە لارو وێرەکان سەرێ بخاتەوەو لادەران بۆ ڕێی ڕسات بگەڕێنێتەوە[1].

لەبازنەی سیاسەتی دەرکیدا عومەر چالاکیە سەربازیەکانی ڕاوەستاندو بەرامبەر گەلانی ناموسڵمان سیاسەتێکی ئاشتی گرتەبەرو لەو سیاسەتەوە بەرەو ئیسلام بانگی کردن.

عومەر لەچاکسازیە ناوخۆییەکانیدا بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی گرتەبەر کەگرنگترینیان بریتیبوون لە: کرانەوەی لەڕووی دەستە بەرهەڵستکارەکاندا لێ بوردنی ئاینی لەگەڵ ناموسڵماندا‌و بانگکردنیان بۆناو ئیسلام، پێکهێنانی چینێکی کارگێڕی کاریگەر بەبیرو ڕاکانی بەرگەگرتن‌و چارەسەرکردنی ئەو کێشە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتیانەی لەئەنجامی فتوحاتەوە هاتنەکایە.

---

[1] الطبري: ج٦ ص٥٣١-٥٣٢، ٥٥٢.

**کاره چاکسازیەکانی عومەر بریتی بوون لە:**

بنیادنانی چەند بیناو خانەیەك لەشارە دوورەکانو سەر ڕێگای خوراسانداو میوانداری شەوانەو ڕۆژانەی میوانان لەوێدا، عومەر ئەو بیرۆکە ئەندێشەیانەی خۆی بەدیهێنا کەئامانجی بلاوکردنەوەی دادپەروەریو نەرمینواندن لەکۆکردنەوەی موسڵمانو کۆنەکردنەوەو نەسەپاندنی ماڵو سامانی ناشەرعی بوو هەروەك وەرگرتنی دیاریو خەڵاتی قەدەغەکرد.

**کۆچی دوایی عومەر:**

لە(٢٥ی مانگی ڕەجەبی ساڵ١٠١ك/مانگی شوباتی ساڵی ٧٢٠ز)دا عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کۆچی دوایی کرد ئەوکات دیر سەمعان لەنێوان حەماتو حەلەبدابوو سەردەمی ئەو پرشنگدارترین سەردەمی خەلیفە ئومەویەکان دادەنرێت تا ئەوەی هەندێ لەمێژوونوسان پێیان وایە درێژەپێدەری خەلیفە ڕاشدینەکانە[1].

---

[1] الطبري: ج٦ ص٥٦٨.

## یەزیدی کوڕی عەبدولەلیك(یەزیدی دووەم)(١٠١-١٠٥ك/٧٢٠-٧٢٤ز)

**بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی یەزیدی دووەمدا:**

أ- **دەرچوونی یەزیدی کوڕی موهەلەب:** لەدوای مردنی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز بەپێی جێگیرایەتی یەزیدی کوڕی عەبدولەلیك بوو بەخەلیفە ئەو گیرۆدەی ئەو دەمارگیریەبوو کەدەمارگیری توندی بۆ حیزبی قەیسی هەبوو ئەمەبوویە هۆی ئەوەی یەزیدی کوڕی موهەلەبی هەواداری یەمەنی دەربچێتو دەستبگرێت بەسەر بەسرەو کوفەو ئەهوازو چەند گوندو شارێکی فارسدا خەریکبوو دەسەلاتی بەسەر هەموو عێراقدا بلاوبکاتەوەو خەلکی بەیعەتیان پێدا ئەو هاوپەیمانێتیانەی هەیبوون بەتایبەت لەعێراقدا جۆرێك لەپالپشتیان بۆ بزوتنەوەی نیشاندا چونکە بزوتنەوەیەکی تۆلەسێنی دژبە میراتی حەجاجو دژبە خەلکی شام بوو، بەلام ئەو بزوتنەوەیە تەنها کارێکی سەرپێی کاتی بێ نەخشەبوو و پەیوەستی ئەو سەرکردەی بوو کەدەسەلاتی وەرگرتبوو لەسەر دەستی مەسلەمەی کوڕی عەبدولەلیکدا دەسەلاتەکەی لەناوچوو[1].

ب- **دەرکەوتنی بانگەوازی عەبباسی:** لەسەردەمی یەزیدی کوڕی عەبدولەلیکدا بانگەوازی عەبباسی دەرکەوت لەکۆتاییەکانی سەدەی یەکەمی کۆچیدا عەلی کوڕی عەبدوللای کوڕی عەبباس سەرکردایەتی عەبباسیەکانی دەکردو لەحومەیمە لەزەوی شورات لەباشوری ئوردون دەژیا.

عەبدولای کوڕی حەممەدی کوڕی حەنیفەی کوڕی عەلی کوڕی بەوتالیب کەنازناوی ئەبوهاشمی هەبوو، لەشامەوە لەسەردانی خەلیفە سولەیمانی کوڕی عەبدولەلیك گەڕایەوەو لەرێگادا هەستی کرد کەمەرگی نزیك بووەتەوە بۆ حەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدولای کوڕی عەبباسی ئامۆزای کەلەدوای باوکیەوە هاتبوو ڕاسپاردو داوای لێکرد ئیش بۆ دژایەتیو لەناوبردنی ئومەوییەکان بکات[2].

---

[1] الطبري: ج٦ ص٥٩٠-٥٩٧.

[2] سەرچاوە مێژوویەکان باس لەوە دەکەن کەعەبدولەلیك وەسیەتی کردووە تا ئەبو هاشم زەهرخوارد بکەن، ئەمەش بەلایەکی سەختی بۆ ئومەوییەکان نایەوە، شیاوی باسە ئەبو هاشم گەورەی هاشمیەکان ئەبوو، هەروەك موحەممەدیش باوکی نەبوو، تەنها دەستی دەستکیسانەی شوێنکەوتوانەی موختاری کوڕی ئەبو عوبەید واسەیری دەکەن، بەلام دوای ئەو ڕووداوە ئیشك خرایە سەر ئەبو هاشمو بەگەورەی ئالوبەیت دانرا، هەروەك مردنیشی بەهۆی ئەوەوە دانرا

قسەکەی عەبدوڵای کوڕی محمد تەماعی لـەدەروونی محمـدی کـوڕی عەلیـدا نایـەوەو کەوتـە ئیشکردن بۆ ئەو خواستەی، بەڵام ئەو بانگەوازەی بۆ خۆی نەکرد، بەڵکو بانگەوازی بۆ ڕازامەنـدی بنەماڵەی محمد کـردو ژێـری بـەکارهێنا تـا ڕیزەکـانی بنەماڵـەی محمـد دووبـەرەك نـەبن و چـاویان لـەوەنەبێت شتێکی ئاسایی بوو ئالوبەیت بەچـاوی ڕەزامەندیـەوە سـەیری هـەر ڕێکخـستنێك بکـەن کەبانگەواز بۆ ڕەزامەندی بنەماڵەی محمد(ﷺ) بکات و چاو لـەهەواداریکەی داپۆشن، ئەو فـەرمانی بەبانگخوازان کرد تاجەخت لـەسەر خوراسان بکەنەوە، چونکە هەرێمێك بوو لەهەموان زیاتر لـەگەڵ دەسەلاتی ئومەویدا نەیان دەکراو لێك دووربوون.

ج- **سیاسەتی دەرکی یەزید:** دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی لەسـەردەمی یەزیدی دووەمدا پارێزگاری لـەوەستان لـەبەجێ گەیاندنی چەند فتوحاتێکی گرنگ کرد ئەوەیش بەپێی ئەوبارە سیاسـیانەی کەپیایدا تێدەپەڕی ناوچە سنوریەکانیش لەهەموو بەرەکانەوە ئارامشێکی ڕێـژەییان بەخۆیانـەوە دی.

د- **مردنی یەزید:** یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك هاشمی برای خـۆی وەك جـێگیری خـۆی و دواتـر وەلیـدی کـوڕی وەك جـێگیری ئـەو دانـا خۆیـشی لــە(٢٥ی مـانگی شـەعبانی سـاڵی ١٠٥ك/مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٧٢٤ز)دا لـەبەلقا لـەخاکی شامدا مرد[1].

---

کەلەبەر چەند نیازێکی سیاسی لـەلایەن ئومەوییەکانەوە ژەهر خوارد کرابێت، بڕوانە: البلاذري: أنساب الأشراف ج٣ ص٤٦٧-٤٦٨، شاکر محمود: التأريخ الإسلامي، الدولة العباسية، ج٥ ص١٥.

[1] الطبري: ج٧ ص٢١-٢٢، ابن الأثير: ج٤ ص١٦٢-١٦٣.

## هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك(١٠٥-١٢٥ك/٧٢٤-٧٤٣ز)

**بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی هیشامدا:**

هیشام بەیەکێك لەچاکترین خەلیفەی ئومەوییەکان دادەنرێت سیفەتی ڕاستیو زیرەکیو نەخشە ڕێژیو بەرچاو ڕوونیو هۆشیاریو وورياییو بێداری بۆبەرژەوەندیەکانی ئوومەتی هەبوو، توانی هاوسەنگی پێشووی دەوڵەت بگێڕێتەوە ئەمە بوویە هۆی ئەوەی بۆماوەیەکی کاتی چالاکی دارمانی دەوڵەت بوەستێت[1].

چاکسازیەکانی بیریتی بوون لە: لێدانی چەند قەناتێکی ئاودێریو بیرلێدان لەسەر ڕێگەی حەج، سووربوون لەسەر ئەوەی بەپەروەردەیەکی ساڵحانە منداڵەکانی پەروەردەبکات.

لەسەردەمی ئەودا یەزیدی کوڕی عەلی یەکێك لەگەورە سەرکردەکانی ئالوبەیت کەهەمیشە خوازیاری خیلافەت بوو خۆی بەشیاوی خیلافەت دەزانی[2]، لەدەسەڵات دەرچوو و عەلەویەکان پەیوەستی بوونو خەڵکی مەدائینو بەسرەو واسیتو موسڵو خۆراسان لەدەوری کۆبوونەوە، بەڵام یوسفی کوڕی عومەری والی عێراق توانی بزوتنەوەکەی لەناو ببات، لەکاتی پێدادانەکاندا زەید تیرێکی بەرکەوتو بەکاریگەری برینەکەی مرد[3].

**بارودۆخی دەرەکی لەسەردەمی هیشامدا:**

**لێرەدا وێنەی ل١٣٥ دابنێ.**

- **بەرەی ڕۆژهەڵات:** لەسەردەمی هیشامدا بەرەی ڕۆژهەڵاتدا چەند بارگرژیەکی مەترسیداری بەخۆیەوە دی کەبوویە هۆی دەستکەوتی هەندێ ناوچە لەدەست بدات، تورکەکان لەووڵاتی ئەودیو ڕووبارو بەتایبەت لەسەمەرقەند دا چالاکی دەرکردنی موسڵمانانیان لەووڵات وەرگرتو ئەو دانیشتوانەش کەتازە موسڵمان بووبوونو ئامادە نەبوون لەسەرانەداندا لەپێش موسڵمانبوونیان لەسەریان پێویست بوو بەردەوام بن یارمەتی تورکەکانیان دەدا چەند پێکدادانێك بەڕێوەچوونو لەئەنجامدا موسڵمانان لەچەند ناوچەیەکی ووڵاتی ئەودیو ڕووبارو لەوانەش بوخارادا پاشەکشەیان کرد[4] و لەبەشە جیاجیاکانی ووڵات چەند بارگرژیەك سەریانهەڵدا، نەسری کوڕی سەیاری والی خۆراسانو عێراق توانی گرفتی خەراج

---

[1] المسعودي: ج٣ ص٢١١.

[2] الطبري: ج٧ ص١٦٥-١٦٦.

[3] الطبري: ج٧ ص١٨٢-١٨٩.

[4] بارتولدفاسيلي: تركستان من الفتح العربي الى الغزو المغولي من ٣٠٦-٣١٠.

چارەسەربکات بەمەش سکالآی موسلّمانانی(مەرِو) لەچەوساننەوەی نیزامی باجی سەپێنراوی نەهێشتو ئاسایشو خۆشگوزەرانی بەشەکانی خۆراسانی گرتەوە.

●**بەرەی ئەرمینیاو ئازەربایجان:** ژمارەیەك لە سەرکردە موسلّمانەکان یەك لەدوای یەك میرایەتی ئەو بەرەیان گرتۆتە ئەستۆ، لەساڵی(١٠٧ك/٧٢٥ز)دا ئەو بەرەیەو بەتایبەت ناوچەی چواردەوری وولاّتی خەزەر فشارێکی سەربازی ئیسلامی بەخۆیەوە بینیو بوویە هۆی ئەوەی هێزی تورکەکان شکست بخواتو هەندێ شارو گوندو لەوانەیش(خەلات) ملکەچ بنن[1].

●**بەرەی بیزەنتی:** خەباتی نێوان موسلّمانان و بیزەنتیەکان لەسەردەمی هیشامدا بەردەوام بوو، ئەو خەلیفەیش گرنگی بەبنیادنانی قەلاّ لەناوچەکانی سەر سنوردا بۆ وەستاندنی شەپۆلە بیزەنتیەکان لەلایەكو کردنیان بەبنکەی هێرشبردنە سەر زەویە بیزەنتیەکان لەلایەکی ترەوە موسلّمانان بەشێوەیەکی بازنەیی هێرشیان بردە سەر ئاسیای بچووكو چەند قەلاّیەکیانی لێ فتوحکرد لەوانە خەنجەرەو خەرشەنەو قەیسەرەو سمالو گەمارۆی دوریلیومو نیقیەو توانەو بەرجەمەیان دا، هەروەك چەند شالاّوێکی دەریاییان دژبە دورگە نزیکەکانی وەك قوبرسو سقلیە ئەنجامدا[2].

پەرچەکرداری بیزەنتی تارێژەیەك سنوردداربوو، جەنگی(ربض ئەکرن) لەئیمپراتۆریەتی بیزەنتی لیۆی سێیەم دژبە هێزە ئیسلامیەکان لەساڵی(١٢٢ك/٧٤٠ز)دا بەرپای کرد، بەکۆتا جەنگی گەورەی نێوان ئومەوییەکانو بیزەنتیەکان دادەنرێت، لەئەنجامی ئەوەدا موسلّمانان لەبەشی رۆژئاوای ئاسیای بچووکدا دەرکرد، رِووداوی پاڵەوانی تورکی ناسراوبە عەبدولاّ بەطال کەلەو جەنگەدا کوژرا پەیوەست بەو جنگەیە[3].

●**بەرەی باکوری ئەفریقیا:** ئومەوییەکان لەوبەرەیەوە گیرۆدەی دەست دوژمنایەتی بەربەرەکان بون، ئەمەش لەدوای ئەوەی خەواریجەکان بەربەرەکانیان بەلای خۆیاندا راکێشا، ئەو دوژمنایەتیە بەرەی سەند بۆ شۆرشێك لەساڵی(١٢٢ك/٧٤٠ز)دا، ئەمەش بەهۆی ئەوەی والی طنجة لەخواستە دارابیەکانیدا لەرِادە دەرچوو، خەلیفەش بەسەرکردایەتی حەنزەلەی کوڕی

---

[1] ابن الأثیر: ج٤ ص١٧٨، ١٨٦، ١٩٣، ١٩٦، ١٩٨-٢٠٠، ٢٢٧، ٢٣٠.

[2] ابن خیاط: ج٢ ص٣٤٩-٣٦٩.

[3] ابن الأثیر: ج٤ ص٢٧٠-٢٧١، Finlay: History of the Byzantine Empire P٢٠

سەفوانی کەلبی کاربەدەستی لەمصر سوپایەکی ناردو لەهەردوو جەنگی(ئەصنام‌و قەرن)دا بەسەر شۆڕشگێڕاندا سەرکەوت[1].

**کۆچی دوایی هیشام:**

هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك لەڕۆژی چوارشەممەی یەکی ڕبیعولئاخیری سالّی ١٢٥ك/ مانگی شوباتی سالّی ٧٤٣ز دا کۆچی دوایی کرد[2].

[1] ابن عبدالحکم: ص٢٩٨-٢٩٩.

[2] الطبري: ج٢ ص٢٠٠.

## وەلیدی کوڕی یەزید "وەلیدی دووەم"(١٢٥-١٢٦ك/٧٤٣-٧٤٤ز)

**کارەکانی وەلیدی کوڕی یەزید:**

وەلید لەدوای مردنی هیشامی مامی بەدە ڕۆژ دوای ئەوە لە دیمەشق بەیعەتی پێدرا[١]، ئەو خەلیفەیەش بەشێوەیەکی ڕابواردن گاڵتەجاڕیانە پێگەیشتو بەرەو ڕووی هێرشێکی بانگەشەکاری لەلایەن نەیارەکانیو بەتایبەت لەهیشامی مایەوە بوویەوە، بەڵام کەسێکی بەخشندبوو، ویستی سەردەمەکەی لەسەردەمی مامی جیاوازبێت، بۆیە مووچەی سەربازانو خەڵکی زیادکردو فەرمانی کرد تاخزمەتگوزارێك بۆ هەر توشبوونێکی نەخۆشی درێژخایەنو گولبوانو کوێران دابنرێت[٢].

وەلیدی کوڕی یەزید لەسەر سیاسەتی دوژمنکاری بەرامبەر ئامۆزاکانی خۆیو بەرامبەر هەندێ والی دەمارگیردا، بۆیە تۆڵەی لەهەر کەسێك دەسەندەوە کەدژ بەئەو یارمەتی هیشامی بدایە دەمارگیری لەپێکهێنانی ڕای گشتی نەیاری دژبە ئەودا ڕۆڵێکی دیاری بینی کەئەویش ئاراستەو کاری قیسی بوو، بەپەلە لەدیمەش بەسەرکردایەتی یەزیدی کوڕی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك دژبە دەسەڵاتەکەی شۆڕش هەڵگیراو یەمەنیەکان یارمەتیان داو توانی دەستی بەسەردا بگرێت، پاشان سوپایەکی ئامادەکردو لە(بەخراء) لەسەر سنوری تەدموور بەو سوپایەوە لەگەڵ خەلیفەدا جەنگاو لەناویبرد[٣].

لەڕاستیدا ئەو ڕووداوانە سەرەتای کۆتاییهاتن بەدەسەڵاتی ئومەوییان پێکدەهێنا چونکە خێزانی ئومەوی لەناو خۆیاندا دابەش بوونو پاڵپشتی بەرەی عەرەبی لەدەست دا کەلەدامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەویدا ڕۆڵی گەورەی هەبوو، مەبەستم دەستەی یەمەنیە لەشامو خۆراسان ئەوکات پاڵپشتی شۆڕشی عەبباسیانکرد.

---

[١] اليعقوبي: ج٢ ص٦.

[٢] الطبري: ج٧ ص٢١٧.

[٣] الطبري: ج٧ ص٢٣٨-٢٣٩-٢٤٤.

## ( یەزیدی کوڕی وەلیدی یەکەم )( ١٢٦ک/٧٤٤ز )

لەگوندی(المزة) کەگوندێکی دیمەشق بوو بەیعەتی خیلافەت بەیەزیدی کوڕی وەلیدی یەکەم درا، پاشان لەدوای ئەوەی دەستی بەسەر ئەو شارەدا گرت چوویە ناوی(مەبەستی دیمەشقە) ئەم خەلیفەیە لەماوەی دەسەڵاتی خۆیدا تەقواو لەخواترسی نیشانداو لەعومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەچوو، بە(ناقص) ناونرا چونکە ئەو زیادکردنەی ئەو زیادکردنەی مووچەی سەربازو خەڵکانی بڕی کە وەلیدی دووەم زیادیکردبوو[1]. بارودۆخی گشتی لەسەردەمی ئەمدا بەدرێژە پێدەری کرانەوەی ئەو بارگرژییانە دادەنرێت کەلەئەنجامی کوژرانی وەلیدی دووەمەوە دەستیان پێ‌کردو بوویە هۆی شەق بوونی ئومەوییەکانو دواتر ڕووخانی دەسەڵاتیان، لەڕاستیدا یەزیدی سێیەم ئەو کەسایەتیە نەبوو کەهەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئومەوی لەدەوریدا کۆببنەوە، بۆیە بەرهەڵستکاری لەڕوویدا سەریهەڵداو لەوکاتەشدا مەڕوانی کوڕی محمەدی فەرمانڕەوای جەزیرەو ئازەربایجانو ئەرمینیە بەهێزبوو بۆ دەست نیشانکردنی داهاتوی دەسەڵات لەگەڵ خەلیفەدا چوویە چەند دانوستانێك، کاتێك هەردووکیان خریکبوو بگەنە ڕێکەوتن، یەزید لەکتوپڕێکدا(لەمانگی ذیلحەجەی ساڵی ١٢٦ک/مانگی ئەیلولی ساڵی ٧٤٤ز)دا کۆچی دوایی کرد[2].

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٢٦٠-٢٦٢.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٢٩٩.

## مەڕوانی کوڕی موحەممەدی جەعدی( مەڕوانی دووەم )( ١٢٧-١٣٢ك/٧٤٤-٧٥٠ز)

مەڕوانی کوڕی محمدی جەعدی لەدوای مردنی یەزیدی کوڕی وەلیدی یەکەم بەرەو دیمەشق کشاو چوویە ناوی‌و خەڵکی بەیعەتی خیلافەتیان پێدا. ئەو خەلیفەیە بەسوارچاك‌و دلێرەکانی ئومەوییەکان دادەنرێت بەڵام بارودۆخ وای دەخواست کەسەردەمەکەی کۆتایی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی بێت، پێدەچێت ئەویش لەوە بەرپرسیار نەبێت بەوپێیەی ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی لاوازکردن‌و ئاوابوونی هەر لەسەردەمێکی دوورەوە کارلێکیان دەکرد، قەدەری وانوسرابوو بەرەنگاری ئەو ڕووداوە نارەحەت‌و سەختانە بێتەوە کەلەدژی ئیشیان دەکرد.

لەدوای کوژرانی وەلیدی دووەم دەسەڵاتی ئومەوی دەکەوتە دەست چەند کۆمەڵێکی جیاو ڕکەبەر کەئامانجیك نەبوو کۆیان بکاتەوەو یەکدەنگیان بکات، ئیتر ئاسایی بوو بنکەکە لاوازبێت‌و لێك هەڵوەشێت‌و سەری هەرەمە تێکبچێت‌و پشێوی هەموو پایتەختی مەرکەزی و پایتەختەکانی ناوچەکان بگرێتەوە، مەڕوانی دووەم سەرقاڵی کوژاندنەوەی ئەو شۆڕشانەبوو کەلەشام‌و فەلەستین لەدژی دەسەڵاتەکەی سەریان هەڵدا، ئەمەش وای لێکرد نەتوانێت سەرقاڵی ئەو ڕووداوانەبێت کەلەڕۆژهەڵات‌و بەتایبەت خۆراسانی مەڵبەندی بانگەوازی عەباسیدا ڕوویان دەدا.

سوپا عەبباسیەکان بەئاراستەی وولاتی شام کشان‌و والیەکانی مەڕوان نەیانتوانی کشانەکەی بوەستێنن. لەوکاتەدا لەکوفە بەیعەت بە عەبدوڵای کوڕی محمدی عەبباسی درا کەبە ئەبو عەبباسی سەفاح ناسرابوو ئەویش بەسەرکردایەتی عەبدوڵای کوڕی عەلی ئەصغەری مامی سوپایەکی ناردو لەمانگی جەمادیلئاخیری ساڵی ١٣٢ك/مانگی کانونی ساڵی ٧٥٠ز لەسەر ڕووباری زاب لەگەڵ سوپای مەڕواندا پێك گەیشتن‌و دوای جەنگەکە مەڕوان بەئاراستەی موصڵ‌و مەڕان پاشەکشەی کرد، بەڵام سوپای عەبباسی بەردەوام شوێنی کەوت تا لەمصر لەگوندی بچووکی(بوصیر) لەناوچەی فەییوم کوشتیان[1]، بەکوژرانیشی ڕۆژانی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی کۆتایی پێهات بەوجۆرە پەردە لەسەر ژیانی خێزانێك هەڵگیرا کەنزیکەی سەدەیەك فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامیان دەکردو تیایدا دەستکەوت‌و بەخشش‌و پێشکەشکاری گەلێکی بێ‌سنوریان لەمەیدانە جیاجیاکانی ژیاندا بەدی هێنا.

---

[1] الطبري: ج٧ ص٤٣٧-٤٤٢.

## هۆكارەكانی ڕووخانی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی

**ئاسانكاری:** ئەگەر وەك چۆن بۆ تاكو دروستكراوە زیندوەكان دەڕوانین كەبەچەند ماوەو قۆناغێكی جیای گەشەسەندنو بەهێزیو لاوازیو دواتر لەناوچووندا تێدەپەڕن، بەوجۆرەش بۆ گەلان بڕوانن ئەوا ڕووخانی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی شتێكی ئاسایی بوو، پرسیار لەچەند گەورەو شارەزایەكی ئومەویەكان كرا لەدوای ئەوەی دەسەڵاتیان لەدەست نەماو گوازرایەوە بۆ عەبباسیەكان:(بۆچی دەسەڵاتتان لەدەست چوو؟ ئەوانیش وتیان: ئێمە سەرقاڵی كەیفو ڕابواردنی خۆمان بوونو ئەوەی پێویست بوو بۆی بگەڕێین دەست بەرداری بووین، بەمەش ستەممان لەهاوڵاتیانمان كردو ئەوانیش لەدادپەروەیمان بێ هیوابوونو خوازیاربوون لەدەستمان ڕزگاریان ببێت فشار خرایەسەر خەراجیان پێدەدایین، ئەوانیش لەڕێمان لایان داو دەسكەوتمان وێران بوو و بەیتولمالەكانمان متمانەمان بەوەزیرەكانمان دا ئەوانیش بەرژەوەندیەكانی ئێمەیان وەلاناو بەبێ ئاگایی ئێمە كاروبارێكیان دەكرد كەئێمە نەماندەزانین، موچەی سەربازانمان دواكەوت ئیتر ئەوانیش گوێڕایەڵیان بۆمان نەما دوژمنانیشمان ئەوانیان بانگكردنو پێكەوە بۆ لێدانمان ڕێكەوتن كەوتینە شوێن دوژمنانمان بەڵام لەبەركەمی پشتیوانانمان نەمانتوانی لەناویان بەین شاردنەوەی هەواڵەكان لێمان لەدڵنیاترین هۆكارەكانی ئاوابوونی دەسەڵاتمان بوو)[1].

شتێكی ڕوونە كەتا سەردەمی هیشامی كوڕی عەبدولملیكیش وابەستەبوون بەدەوڵەتی خیلافەتی ئومەویەوە دیاربوو، بەڵام لەدوای مردنی ئەوو پاش لەدەستدانی وابەستەبوونیان ئومەوییەكان هەموو شتێكیان لەدەستدا، بەڵام ئەو لێكهەڵوەشانەی لەجەستەی دەوڵەتدا ڕوویدا چەند هۆكارێكی تایبەتی هەبوو كەدەگەڕێتەوە بۆئەو بارەی لەسایەیدا دامەزراو ئەو شوێنەوارە ئایینیو مەعنەویەی سیاسەتی ئومەوی قۆستیەوە وێڕای چەند هۆكارێكی گشتی كەخۆیان لەو گەشەسەندنە سیاسیو كۆمەڵایەتیو ئاوریانە مۆڵدابوو كەلەئەنجامی فراوان بوونی فتوحاتو پێكدادانی ژیاریو سەربازی گەلە دراوسێكاندا خۆیان نواند لەڕاستیدا كەوتنی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی ناكرێت بدرێتە پاڵ ڕۆڵی كەسێك هەردەبێت لێرەدا كۆمەڵە هۆكارێت هەبن كەبوونە هۆی ئەو ئەنجامە دڵنیاییە، لەنێو ئەو هۆكارانەدا:

**یەكەم: ململانێی بنەماڵەی ئومەوی:** موعاویە بەمەولە شەخسیەكانی خۆیو بەپاڵپشتیەكی مادیو مەعنەوی كەلەبنەماڵەكەیەوە وەری نەگرتبوو توانی بگاتە دەسەڵات بەڵكو لەبەرەیەكی

[1] المسعودي: ج٣ ص٢٢٨.

شامی خێلایەتی پەیوەست پێکەوە بەدەستی هێنا بۆیە ئەو خێزانە لەسەردەمی ئەودا ڕۆڵێکی دیاری بۆ کارگێڕی دەوڵەت نەبوو بەلام موعاویە تەواو خۆی لەخێزانەکەی دانەڕنی، بەڵکو پشتی بەئەندامە لێهاتووەکانی بنەماڵەکەی بەست‌و هەندێ جار پشتی بەنانەوەی دوبەرەکی‌و جەنگی نێوان ئەو کەسە دیارانە دەبەست کەمەترسیان بۆ سەر دەسەلاتەکەی دەنواند تاسنور بۆ نیازەکانیان دابنێت[1]. بەلام توانی یەکڕیزی ئومەوی بەهۆی ئەو سیفەت‌و تایبەتمەندی‌و لێهاتوییە کەم وێنە سەرکردایەتیانەیەوە کەهەیبوون بەدیبهێنێت، ئەو یەکبوونە بەرەبەرە ڕووی لە لێکهەلوەشان دەکرد لەو کاتەوەی نیازی خۆی بۆ پێدانی جێگیرایەتی بۆ یەزیدی کوڕی ڕاگەیاند.

مەڕوانی کوڕی حەکەم ئەوکەسایەتیە دیارەبوو کەگەیشتە خیلافەت بەلام لەماوەی ژیانیدا نەیتوانی پێچەوانەی سیاسەتی موعاویە بچێت و لەدوای مردنیشی بارەکە لەباربوو بەلام ئەو بارە مەترسیدارە ناوخۆیی‌و دەرەکیەی توشی خیلافەتی ئومەوی بووبوو پێویستی بەوە بوو هەوڵی ئومەوییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕابکێشێت ئەمەش ڕێی پێنەدەدا تا بەئاشکرا دژبە سیاسەتەکەی موعاویە بێت هەلوێستیشی لە خیلافەتی موعاویەی دووەمی کوڕی یەزیدا بەسلبی بوو.

مەڕوانی کوڕی حەکەم دەرفەتی بۆ لوا تالەئەنجامی بڕیارەکانی کۆنگرەی(الجابیة)دا دەسەلات بگرێتەدەست بەوەش دەسەلاتی لەبنەماڵەی مەڕوانیدا بەرتەسك کردەوەو ئەوبڕیارانەی کۆنگرەی تێپەڕاند کەدەبوو سنورێك بۆ ئەو ڕێبازە دابنرێت کە موعاویە دایئابوو و دەسەلاتی لەیەك خێزاندا بەرتەسك دەرکدەوە.

یەکەم ململانێی توندی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی ئومەوی لەدوای ئەوە سەریهەلدا کەلقی مەڕوانی خیلافەتی گرتەدەست دوای ئەوە بارەکە شێواو شوێنەوارەکانی بەئاشکرا دەرکەوتن، ناکۆکی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان لەگەڵ عەمری کوڕی سەعید کەئامادەنەبوو بەیعەتی پێبدات بەسەختترین ململانێیەك دادەنرێت کەلەناوخۆی بنەماڵەکەدا ڕوویداو بوویە هۆی ڕژانی خوێنی عەمر بەمە دەرگا کرایەوە تاچەندین ناکۆکی‌و ململانێ دەست پێبکەن کەدواتر سەردەمی ئومەوی بەخۆیەوەی دەبینی، عەبدولمەلیکیش توانی ئەگەر بەڕووخساریش بێت یەکڕیزی بۆ خێزانی ئومەوی بگێڕێتەوەو ڕقوکینەش لەدەرونەکاندا خۆی مۆلدابوو بۆ دەرفەتی تۆڵەسەندنەوە دەگەڕان یەحیای کوڕی سەعیدی برای عەمر یارمەتی بزوتنەوەکەی ئیبن زوبەیری دا، وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیك بەدوو ئاراستە سیاسەتی خۆی بەرامبەر بنەماڵەی ئومەوی دەستنیشان کرد:

---

[1] موعاویە نێوانی مەڕوانی کوڕی حەکەمو سەعیدی کوڕی عاصی تێکدا. الطبري: ج٥ ص٢٩٣-٢٩٤.

**یەکەم:** سود وەرگرتن لەتوانا ئومەوییەکان بە مەرجێك دژ بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی و ئەو دەستەیە نەبێت کە نوێنەرایەتی دەکات.

**دووەم:** رێگە نەدان بە سەرهەڵدانی دەستەی بەرهەڵستکار لە ناوخۆی بنەماڵەی ئومەویدا.

کاتێك سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك خیلافەتی گرتەدەست، هەموو والیو سەرکردەکانی وەلیدی لابردو چەند والییەکی دانا کە متمانەی پێیان هەبێت، هەروەك عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی وەك جێگیری دوای خۆی داناو ئەو نەریتەی پشتگوێ خست کە ئەوانەی پێش ئەو دەیانگرتەبەر، بەڵام ئەوکات هەمان رێی گرتەوە کە یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی برای وەك جێگری عومەری کوڕی عەبدولعەزیز دەستنیشان کرد، ئەندامانی بنەماڵەکە بەرامبەر ئەو راستیە وەستان، هەروەك عەبباسی کوڕی وەلید بەرەو ڕووی سیاسەتی کرانەوەی عومەر وەستا، ئەو بەرهەڵستکارییە لە ئاراستەیەکی بەرەوسەر چوون گەشەی سەندو ئامانجی لەناوبردنی خەلیفە بوو.

لەسەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکدا بەرەیەکی بەرهەڵستکار دەرکەوت کە برازاو جێگرەکەی(وەلیدی کوڕی یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیك) سەرکردایەتی دەکرد، ململانێیەکی دیار لەنێوان هەردوو لادا بەڕێوەچوو و بەمردنی هیشام کۆتایی هات، پەیوەندی نێوان وەلیدی کوڕی یەزیدو هیشامی مامی دوژمنکارانەبوو، ئەوانیش خەڵکیان هاندا تا لەدژی وەلید هەستن[1]. بێگومان ئەو کودەتایەی دژ بەدەسەڵاتەکەی ڕووی دا بەڵگەی نەگونجانێکی زۆرەکە تووشی پەیکەری ئومەوی بووبوو، کوژرانی وەلید بەهەرەشەی کۆتایی هاتن بەبنەماڵەکە دادەنرێت بەتایبەت کە لەسەر دەستی پیاوانێکی ئومەویەکان ئەنجام درا.

لەسەردەمی یەزیدی سێیەمدا باری بنەماڵەی ئومەوی زیاتر دارماو ململانێو ڕکەبەریەکان لەسەر دەسەڵات توند بوونەوە، لەئەنجامی ئەمەدا ئاژاوەو فیتنە هەموو لایەکی گرتەوەو ترسو داکەوتن بەئاشکرا لەپەیکەری دەوڵەتدا دەردەکەوت، بەیعەتی نارێکی ئیبراهیمی برای بوویە هۆی چەند لاوازییەکی مەترسیدار کە گرنگترینیان زیادبوونی لێکترازانی بنیادی ئومەوی و گەشەسەندنی خواستونیازی لایەنەکان و کەسانی جێنیازی دەسەڵات سەندن لە ئومەویەکانە.

کاتێك مەڕوانی دووەم کۆتا خەلیفەی ئومەوی ویستی لە ژێر سایەی پشێوی بارودۆخی ناوخۆییو مەترسییە دەرەکیەداندا بارەکە لەبەرژەوەندی خۆی یەکلابکاتەوە، لەوەدا سەرکەوتوو

---

[1] الطبري: ج٧ ص٢٣٢.

نەبوو نەیتوانی رێ لە سوپای عەبباسی بگرێت کەبەرەو رۆژهەڵات دەکشاو خیلافەتی ئومەوی لەناوبرد.

لەراستیدا بنەماڵەی ئومەوی پەردەیەکی بیروباوەری وای نەبوو کەلەمەترسی پەرش‌وبڵاو بوون‌و دووبەرەکی بپارێزێت، هەرچەندە عومەری کوری عەبدولعەزیز هەوڵیدا خۆی بپارێزێت بەڵام لەسیفەتی بەردەوام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

**دووەم: دانانی دوو جێگر:** جێگرایەتی لەو هۆکارانە بوو کەبووەبەهۆی دووبەرەکی کەوتنە ناو خێزانی ئومەوی، خەلیفەی ئومەوییەکان کەوتنە دانانی دووجێگری یەکلەدوای یەك، ئەوان بۆیە ئەم رێرەوەیان گرتەبەر تا رێگەی لەهەڵگیرساندنی جەنگی ناوخۆ لەدوای مردنی خەلیفە بگرن، ئەو رێبازە تۆوی دووبەرەکی نایەوەو بوویە هۆی رکەبەری لەنێوان ئەندامانی خێزانەکەداو رق‌و کینەی بۆدروستکرن‌و ئیشی یەکەمیان تەواو نەدەبوو تا ئەوەی ئیش دەکرا بۆئەوەی دووەم لابرێت‌و یەکێك لەکورەکانی یەکەم شوێنی دووەم بگرێتەوە، ئەمە وایکرد دڵیان لەیەکتر کرمۆ ببێت یەکەم کەس ئەو شێوەی داهێنا مەروانی کوری حەکەم بوو و ئەوانەی دوای ئەویش بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو زیانانەی لەئەنجامی ئەو کارەوە دەکەونەوە لەسەری دەرۆشتن، بێگومان ئەو شێوازی دەسەڵاتە هەرەشەی ئەو وێرانیەبوو لە توشی ئومەوییەکان بوو، بنەماڵەی ئومەوی دووبەرەکی تێکەوتوو ئەو هێزانەی پشتی پێدەبەست بەش بەش بوون، ئەمە دەرفەتی بۆ نەیارەکان کردەوە کەبەهێزو توناوە لەرۆژهەڵاتەوە لێنەوین‌و دەوڵەتەکەیان لەناوبرد.

**سێ یەم: ململانێی هۆزایەتی:** دەسەڵاتی ئومەوی لەسەرەتای دامەزراندنیەوە پشتی بەدەمارگیری هۆزایەتی دەبەست‌و ئەو مۆرکە عەرەبیەی کەنەتەوەیی بەسەردا زاڵ بوو کەتا رووخانی پەیوەستی بوو، بارودۆخی ململانێی قەیس ی-یەمەنی کەعەرەبەکان تۆوی ئەو ململانێیەیان هەر لەکاتی دەرچوونیان لەنێمچە دوورگەی عەرەبیەوە هەڵگرتبوو، لەسەر کەسایەتی دەوڵەت رەنگی دایەوەو دیمەن‌و خەسڵەتی نەتەوایەتی بەبەرداکرد، وێرای باری فتوحات‌و ئەو تێکەڵبوونی دانیشتوانەی لێ کەوتەوەو جیاکردنەوەی رەگەزی عەرەبی خودی خەلیفە ئومەوییەکانیش هەندێجار تاویان دەدایە ئەو ناکۆکیانەو کلپەیان پێدەدا، هەندێجاریش لەئەنجامی گەشەسەندنی بارودۆخە سیاسیەکاندا بەسەریاندا دەسەپا.

موعاویه بۆ دەستگرتن بەسەر خیلافەتدا دانابوو[1] هەوڵیدەدا لەپێناو سەرکەوتن لەجەنگەکەدا هەموو جۆرە چەکێك بەکاربهێنێت، بۆیەئەم شێوە ڕێبازەی لەسەری پێویست کرد تا وابەستەی دەمارگیری هۆزایەتی بێت، شتێکی ڕوونیشە زیندوکردنەوەی ئەو گیانە هۆزایەتیە لەهەمان کاتدا زیندوکردنەوەیەکی نیزامی کۆنی جاهیلی بوو لەبوارە دژایەتیو ئاکۆکیەکەیدا، موعاویە لەسیاسەتی ناوخۆیی خۆیدا بەژیریو لێزانیو لەڕوانگەی تێکەڵی هاوسەرگیری لەگەڵ بەنی کیلابی بەهێزترین هۆزە یەمەنیەکانی وولاتی شامدا توانی یاری هاوسەنگی هاوپەیمانی هۆزایەتی بەکاربهێنێت، بەڵام ئەژماردی هاوسەنگیەکە لەسەردەمی جێگرەکاندا تێکچوو خەلیفە ئومەوییەکانی دوای ئەو نەیان توانی پارێزگاری لێبکەن، بەتەنها عومەری کوڕی عەبدولعەزیز نەبێت، بەڵکو ئەو خەلیفانە هەندێك جار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانیان هەڵیان دەگرساندو دەیان دایە پاڵ بەرەیەك، ئەمە وایکرد ساتەوناسات بارگرژی هۆزایەتی بێتەکایە کەتواناکانی دەوڵەتی لەناو دەبردوو بوویە هۆکارێکی پاشەکشەو دواتر ڕووخانیشی.

**چوارەم: دیدی عەرەبگەرایی لای ئومەوییەکان:** دیدی عەرەبی بەشێوەیەکی دیار نێوەندەکانی ئومەوییەکانی داگرتبوو کەهەواداریان بۆ عەرەب بوو و حەزیان دەکرد خۆیان بەسەر ناعەرەبە موسڵمانەکاندا(الموالي) بەرز ڕابگرن[2]، کاریگەری ئەمەش لەسێ ئاڕاستەدا دەرکەوت: ئاڕاستەی سیاسی، ئاڕاستەی ئابوری، ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی.

سەبارەت بەئاڕاستەی سیاسی تێبینی ئەوە دەکەین چەندینو ژمارەیەکی زۆر عەجەم(ناعەرەبەکان) هاتنە ناو ئاینی ئیسلام، بەڵام لەڕاستیدا ئەو مافەیان بۆنەکرد کەئیسلام دەرفەتی پێدابوون تایەکسانی تەواوی سیاسیان لەگەڵ عەرەبدا هەبێت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لەئەرکە گەورەکانی ناو دەوڵەت دوورخرانەوەو[3] لەو مووچەو بەخششە بێبەشکران کەلەجیاتی پەیوەست بوونیان بەسوپاوە

---

[1] نوسەر لێرەدا کەوتۆتە بەر کاریگەری ڕۆژهەڵات ناسانو بەشێوەیەکی ڕەها لەدیوی سیاسیەوە بۆ کەسێتی موعاویەش(ﷺ) دەڕوانێت، بەڵکو ئەو نیازەی لەسەرەتاوە نەبوو تا دوای شەهیدبوونی عەلی(ﷺ)، هەروەها سەبارەت بەزیندوکردنەوەی گیانی هۆزایەتیو خەسڵەتی جاهیلی، هاوەڵێکی وەك موعاویە(ﷺ) لەشتی وا دوور بووە، بەڵکو هەوڵی بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام داوەو ئوممەتی بەرەو سەرکەوتن بردووە، لەگەڵ ئەوەی لەهەندێ ئیجتیهادیدا نەپێکاوەو بەزیان شکاوەتەوە بەسەر موسڵماناندا.

[2] مەوالی ئەو کەسانەی ناوچە فەتحکراوەکان بوو کە موسڵمان بوون.

[3] مەوالیەکان لەگرتنە دەستی ئەرکە گشتیەکانداو بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەکارگێڕی داراییەوە هەیە بەپێی پێویستی دەوڵەت بۆ دوو کارمەند، پشکێکی بەرتەسکیان هەبوو.

مافی خۆیان بوو لەگەڵ ئەوەی هاتبوونە ناو ئیسلامیش کەچی سەرانەیان لەسەر سەپێنرابوو شتێکی چەسپاویشە کەسەرچاوەی ئەو دووبەرەکیە سیاسیە ئەو ئاراستە ئومەویە بوو کەبەرەو تایبەتمەندکردنو ڕەگەزی عەرەبی بوو ئەو هەڵسوکەوتە نائاساییە گیانی کینەو جیاخوازی لەنێوانیاندا بێدارکردەوە.

ژیانی دەوڵەتی ئومەوی هاوکاتی دەرکەوتنی ئەو بزوتنەوەی مەوالیەبوو کەلەڕووی چینی فەرمان ڕەوای عەرەبیدا هەستاو لەئەنجامی ئەمەدا ململانێیەکی نوێ دەرکەوت کەلەکرۆکیدا پاشخانێکی نەتەوەیی هەڵگرتبوو ئەوانە یەکێك لەو هێزە فشاردانەرە سیاسیانەیان پێکدەهێنا کەلەدارمانی دەوڵەتی ئومەویدا بەشداریانکرد، چونکە ئەوانە ئەو دەستەیەبوون کەزیاتر لەوەی وەریدەگرت زیاتری دەبەخشیو ئەرکی چالاکی ناو دەوڵەتو کۆمەڵگەی لەئەستۆگرتبوو ئامادەی دەکرد تالەسەر هەنگاوی یەکسانی لەگەڵ عەرەبدا بەرهەمی سوودەکانی کۆبکەنەوە، ئەم بەرە سیاسیەی کەپێکیان هێنابوو تەنها لەبازنەی بانگەوازی عەبباسیدا خۆی نواندا کەئەوانەی هاندا تاخواستی یەکسانی لەگەڵ عەرەبدا بەدەست بهێنن.

سەبارەت بەئاراستەی ئابوری ئومەویەکان سیاسەتێکی دیاریکراوی ئابوریان گرتەبەر کە پایەکەی بێبەشکردنی مەوالیەکان بوو لەتایبەتمەندیە ئابوریەکان، هەندێك دەستکەوتی کاتیان بۆ بەدیهات بەڵام لەکۆتاییدا بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو بارگرژیانەی کەهۆکارێکی ئاوابوونی دەسەڵاتی ئومەویەکان بوو، کاریگەری ئەو سیاسەتەی ئابوریە لەسەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروانو لەسەردەمی حەجاجدا بەشێوەیەکی تایبەت دەرکەوت بەڵام دەوڵەت چەند موچەیەکی مانگانەی دەدا بەمەوالیەکان، جاموعاویە پانزە درهەمی بۆ دانابوون، عەبدولمەلیك زیادی کرد بۆ بیست درهەم، لەسەردەمی سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیك دا بووبە بیستو پێنج درهەم لەسەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك دا بەرزبوویەوە بۆ سی درهەم ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە بەردەوام باریان لەباشبووندا بووە، حەجاج بۆی دەرکەوت بەهۆی کەمکردنەوەی هەنگاو بەهەنگاوی ڕێژەی سەرانە بزوتنەوەی ئیسلامی کەلەوڵاتە فەتحکراوەکاندا هەبوو هەڕەشەی لەئابوری ئومەوی دەکرد، ئەمە هانیدا تاسەرانە لەسەر موسڵمانبووەکانیش دابنێت، هەروەك بزوتنەوەی هاتنەناو ئیسلام هەڕەشەی لەسەرچاوەکانی تری بەیتولمال لەخاوەنداریتی زەویو باجدان دەکرد چونکە موسڵمانان خاوەنی زەوی خەراجی بوون دەگۆڕدرا بۆ زەوی دەیی، ئەمەش بەواتای ئەوەی ڕێژەی خەراج کەمی دەکرد وەك چۆن ڕێژەی سەرانە کەمی کردبوو[1].

---

[1] محمود والشريف: العالم الإسلامي في العصر العباسي ص٣٢.

پاشان بزوتنەوەی ئابوری دیەنێکی تری نیشاندا کە ئەویش دوورکەوتنەوە لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بوو بەئامانجی بەدەستهێنانی موچەو بەخشش یان سوودوەرگرتن لەگەشەسەندنە نوێ ئابووریەکان کۆچەران بەدەورەوبەری شارەکاندا ناوچەی نوێیان دامەزراندو ئەو ناوچانە پڕبوون لە چەند چینێکی گەورە لەکارکەوتوانو بێکاران کەلەباری خۆیان نارازی بوون ئەمە هانی دان تا خۆ بهاوێژنە ناو کۆشی علەویو عەبباسیەکان، دەوڵەتی ئومەوی خۆی ناچاربینیەوە تابەرەنگاری بەرەی ئەو کۆچکردنە ببێتەوە کەبەردەوام لەزیادبوندابوو بانگخوازە عەباسیەکانیش بێزاری موالیەکانیان لەبەرژەوەندی بانگەوازی عەبباسی قۆستەوە.

سەبارەت بەئاراستەی کۆمەڵایەتی مەوالیەکان لەناوچەی عێراقو خۆراسان بەگەشەسەندنێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا تێدەپەڕین چونکە فتوحاتی ئیسلامی نیزامی کۆنی چینایەتی لەناوبردو چینی کرێکاران و پیشەسازو جوتیارانی رزگارکرد کەلەسەختیو نارەحەتیدا دەژیان لەئەنجامی رزگاربوونیانو هاتنیان بۆناو ئیسلام چینی مامناوەند لەنێویاندا دەرکەوت کەلەشارەکاندا نیشتەجێ دەبوونو سەروەتو سامانیان دەستکەوتو رۆشنبیری ئیسلامیان وەرگرت بەپەلە هەندێکیان لەبواری فیقهو ئەدەبدا دەرکەوتنو هەستیان کرد هیچ ئاستیان لەعەرەب کەمترنیە ئەو چینە نوێیە کۆڵەکەی بانگەوازی عەبباسی بوونو لەداهاتویشدا ئاراستەی ژیانی عەبباسیان کرد[1].

**پێنجەم: ناکۆکیە مەزهەبیەکان:** ناکۆکی لەسەر بابەتی خیلافەت یەکێك لەو هۆکارانە بوو کەبوویە هۆی لاوازکردنی دەوڵەتی ئومەوی دواتر ئاوابوونیشی لەسەردەمی ئومەویدا چوار دەستەو کۆمەڵ لەمەیدانی سیاسیدا هەبوون کەلە ململانێیەکی بەردەوامدا بوون:

یەکەم: پشتیوانانی ئەومەوییەکان کەزۆربەیان سوننە بوون.

دووەم: پشتیوانانی علەویەکان کە خیلافەتیان لەوەچەی عەلی کوڕی بەو تالیبدا بەرتەسك دەکردەوە ئەمانە بەدرێژایی سەردەمی ئومەوی ئاڵای بەرهەڵستکاریان هەڵگرتبوو.

سێیەم: کۆمەڵی عەبباسیەکان کەلە کۆتاییەکانی سەردەمی ئومەویدا هاتنە مەیدانی سیاسیەوە تارکەبەری ئومەوی و علەویەکان بکەن.

چوارەم: کۆمەڵی خەواریجەکان کەبڕوایان بەمیراتگری وەك بنە ڕەتێك بۆ نیزامی دەسەڵات نەبوو ئەوان بڕوایان وابوو دەبێت ئومەت خەلیفە دەستنیشان بکەن ئەوە بنەڕەت بێت هەروەك تورەییو بێزاری خۆیان لەخراپەو خواستەکانی فەرمانڕەواکان ڕاگەیاندبوو.

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ص٤٥.

ئەو ناکۆکیە مەزهەبیانە بوونە هۆی چەند پێکدادانێکی درێژخایەن کەبەشێکی گەورەی چالاکی ئومەوییەکانی سەرقاڵ کردو هێزی ڕووخاندنو عەبباسیەکانیش ئەمەیان قۆستەوە تابیتە ئاراستەی ئایینی ئەو دروشمانەی بانگخوازەکانیان دەیانخستنە ڕوو.

# بەشی پێنجەم

# سەردەمەکانی عەبباسی[1]

## سەردەمی عەبباسی یەکەم(١٣٢-٢٣٢ك/٧٥٠-٨٤٧ز)

**خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی یەکەم و ماوەی فەرمانڕەوایی هەریەکەیان:**

- ئەبولعەباس عەبدوڵا سەففاح — ١٣٢-١٣٦ك/ ٧٥٠-٧٥٤ز
- عەبدوڵا ئەبو جەعفەر مەنسوور — ١٣٦-١٥٨ك/ ٧٥٤-٧٧٥ز
- ئەبو عەبدوڵا موحەممەد مەهدی — ١٥٨-١٦٩ك/ ٧٧٥-٧٨٥ز
- ئەبو موحەممەد موسا هادی — ١٦٩-١٧٠ك/ ٧٨٥-٧٨٦ز
- ئەبو جەعفەر هارونە ڕەشید — ١٧٠-١٩٣ك/ ٧٨٦-٨٠٩ز
- ئەبو موسا موحەممەد ئەمین — ١٩٣-١٩٨ك/ ٨٠٩-٨١٣ز
- ئەبو جەعفەر عەبدوڵا مەئمون — ١٩٨-٢١٨ك/ ٨١٣-٨٣٣ز
- ئەبو ئیسحاق موحەممەد موعتەسەم — ٢١٨-٢٢٧ك/ ٨٣٣-٨٤١ز
- ئەبو جەعفەر هارون واثیق — ٢٢٧-٢٣٢ك/ ٨٤١-٨٤٧ز

[1] نوسەر لەسەر دەوڵەتی عەبباسی کتێبێکی سەربەخۆی هەیەو منیش پشت بەخوا وەرمگێڕایە سەر زمانی کوردیو لەژێر چاپدایە–وەرگێڕ.

پێدەکات کەلە بیستو حەوتی مانگی زیلحەجەی هەمان ساڵی کۆچیدا هاوکات بەمانگی ئابی ساڵی ٧٥٠ی زایینی دا بوو ئەویش مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسیە.


**ئاراستە گشتیەکانی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی:**

دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی لەسەرەتای دامەزرانیەوە سیاسیەتێکی ڕوونی پرشنگداری گرتەبەرو خۆراسان لانکەی گەشەسەندنی بوو ئەو گۆڕانەش لەبەر چەند هۆکارێك ڕوویدا کەگرنگترینیان بیرتین لە:-

- خەڵکی شام لەگەڵ عەبباسیەکاندا خۆشیان نەدەهات.
- گواستنەوەی پایتەخت لەدیمەشقەوە بۆ بەغداد.
- کاریگەری فارسی لەسەر ڕێکخستنو ژیانی عەبباسی.
- بوژانەوەی بازرگانی ڕۆژهەڵات.
- دوورکەوتنەوەی دەوڵەتی عەبباسی لەجیهانی دەریای سپی ناوەڕاست.
- عەبباسیەکان گرنگیان بەدامەزراندنی کەشتیگەلێکی دەریایی لەدەریای سپی ناوەڕاستدا نەدەدا کەلەکەشتیگەلی ئومەوی بچێتو بەرامبەری بووەستێت.

**دابەشکردنی مێژووی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی:**

مێژوونوسان بەپێی تواناکانی خیلافەت و گەشەسەندنی باری سیاسیو ژیانی ڕۆشنبیریو هێزی خیلافەت مێژووی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسیان بۆ چوار سەردەم دابەشکردووە کەبریتین لە:- سەردەمی هێزو تواناو فراوانخوازیو گەشەسەندن، سەردەمی قەڵەمڕەوی تورکی، سەردەمی قەڵەمڕەوی بوەیهی فارسی، سەرجەمی قەڵەمڕەوی سەلجوقی تورکی.



## سەردەمی هێزوتواناو فراوانخوازی

### ئەبولعەبباس عەبدوڵا سەفاح(١٣٢-١٣٦ك/٧٥٠-٧٥٤ز)

**بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی ئەبولعەبباسی سەفاحدا:**

ئەبولعەبباس کەسێکی بەڕێزو بەخشندەو لەسەرخۆو ژیرو زۆر بەشەرمو حەیاو ڕەوشت جوان بوو حەزی دەکرد لەگەڵ پیاواندا بێتو لەگەڵ زانایاندا دابنیشێت ئەدەبو گۆرانی هاندەداو پاداشتو بەخششی گەورەی بۆ شاعیرو گۆرانی بێژان دادەنا[1] لەبەر بەخشندەییو دەست بڵاویەکەی نازناوی سەفاحی لێنرا[2] لەماوەی دەسەلاتیداسەرقاڵی باکتاوکردنی پاشماوەی ئومەوی بوو جاپێش ئەوەی لەلەناوبردنی بزوتنەوە بەرهەڵستکارەکانی دەسەڵاتیو ملکەچکردنی شارە شۆڕش بەرپاکەرەکاندا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت چەند مانگێکی لەچالاکی سەربازی بەردەوامدا بردەسەر، هەروەها ئەبوسەلەمەی خەللالی ڕکەبەری سیاسی خۆی لەناوبرد کەدەیویست ئەبولعەبباس پاشابێتو دەسەڵاتی لەدەستدا نەبێت[3].

**بارودۆخی دەرەکی لەسەردەمی ئەبولعەبباسی سەفاحدا:**

أ- **بەرەی ڕۆژهەڵات:** وڵاتی ئەودیو ڕووبار لەلایەن چینیەکانەوە کەتێکچوونی باری موسڵمانان و ئەو بۆشاییەی لەئەنجامی ڕووخانی دەوڵەتی تورکە ڕۆژئاواییەکاندا هاتبوویەکایە قۆستەوە بەرەو ڕووی مەترسیەکی گەورە بوویەوە چونکە چینیەکان ویستیان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەو ناوچەیەدا بڵاوبکەنەوە، لەڕاستیدا ململانێی چینی-ئیسلامی ئەوکات بەچەند پاڵنەرێکی ئایینیو ژیاریو بازرگانی دەبزوا چینیەکان توانیان دەستڕۆیی کاتیی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بڵاوبکەنەوەو لەبەردەم فەرغانەدا دەرکەوتنو هێرشیانی بردە سەر شاهیش، پاشان ململانێ لەسەر کورسی دەسەڵات بەرەو ڕووی چەند گرفتێکی ناوخۆیی بوویەوە ئەمە وای کرد چینیەکان لەدەستوەردانە کاروباری وڵاتی ئەودیو ڕووبار بکشێنەوە، جەنگی تەراز کەلەنێوان هەردوولادا لە(مانگی ذي الحجة‌ی ساڵی ١٣٣ك/مانگی تەموزی ساڵی ٧٥١ز)دا ڕوویدا

---

[1] ابن الطقطقا: ص١٢٤.

[2] العبادي، عبدالحميد: صور وبحوث من التأريخ الإسلامي: ج٢ ص٧٠.

[3] الجهشياري: محمد بن عبدوس: الوزراء والكتاب ص٩٠.

بەکۆتایی دەست تێوەردانی چینی لەناوچەکەدا دادەنرێت‌و ناوچەکەش لەژێر سایەی دەسەڵاتی عەبباسیدا تاسەردەمێکی دوورو درێژ لەخۆشگوزەرانیدا بردیەسەر[1].

ب- **بەرەی بیزەنتی:** دەولەتی بیزەنتی سوودی لەوبار گرژیانە وەرگرت کەلەئەنجامی گواستنەوەی دەسەڵات لە ئومەوییەکانەوە بۆ عەبباسیەکان و گواستنەوەی پایتەخت لەدیمەشقەوە بۆ بەغداد دەولەتی ئیسلامیان داگرتبوو بۆیە هێرشی کردە سەر سنورەکانی باکور قوستەنتینی پێنجەمی ئیمبراتۆری بیزەنتی شالاوی هێنایە سەر ناوچە سنوریەکانی شام‌و جەزیرەو دەستی بەسەر شارو قەڵاکانیدا گرت، هەروەك هێرشی بردە سەر ئەرمینیاو دەستی بەسەر ئەرزرۆم‌و کمماخدا کەدەکەوتە سەر ڕووباری فورات‌و حەدەس‌و مەلتیەدا گرت‌و قەلای(سومەیسات)ی وێران کرد[2]، بەمەش هەرەشەی لەنیزامی سەرسنوری ئیسلامی کرد لەگەڵ نزیك بوونەوەی سەقامگیری بارودۆخی خیلافەت بزەتنەوەی وەلامدانەوەی ئیسلامی دژبە هێرشە بیزەنتیەکان دەرکەوت‌و بزوتنەوەی زستانەو هاوینە(الشواتي والصوائف) دەستی پێکرد[3]، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت وەصفی بەریەك کەوتنی سەربازی لەنێوان هەردوولادا لەوکاتەدا بەجەنگی سنورەکان وەصفبکەین[4].

**وەزارەت لەسەردەمی ئەبولعەبباسی سەفاحدا:**

پایەی وەزیر ڕاستەوخۆ لەدوای سەرکەوتنی سوپای عەباسی بەسەر سوپای ئومەوی و لەپێش بەیعەتی خیلافەت دان بەئەبولعەبباس دا هات، ئەو پایەش نیزامێکی کۆنی فارسیە[5]، ئەبولعەبباس کاتێك وەزارەتی پێ‌قبوڵ بوو سەرپەرشتی گەشەسەندنی دەولەت‌و ئاراستەکردنی بەرەو مەرکەزی بوون‌و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی دەکرد، ئەمەش بەهاندانی فارسەکان ڕوویدا.

---

[1] ابن الأثير: ج٥ ص٤٠، بارتولد: ص٣١٤-٣١٦.

[2] ابن خياط: ج٢ ص٤٣٥-٤٣٦.

[3] علي، محمد كرد: خطط الشام: ج٥ ص١٦.

[4] ostrogorsky: History of Byzantine States: P١٦١

[5] أمين، أحمد: ضحى الإسلام: ج١ ص١٦٥، الصالح، الشيخ صبحي: النظم الإسلامية ص٢٩٦

**کۆچی دوایی ئەبولعەبباسی سەفاح:**

ئەبولعەبباسی سەفاح لەساڵی(١٣٦ك/٧٥٤ز)دا بەیعەتی خیلافەتی دوای خۆی بەئەبوجەعفەری برای خۆیو دواتر عیسای کوڕی موسای کوڕی محمد دا، خەلیفە توشی نەخۆشی ئاولەبوو ئەوکات لەئەنبار بوو، لە(١٣ذي الحجةی ساڵی ١٣٦ك/ ٩ حوزەیرانی ساڵی ٧٥٤ز)دا کۆچی دوایی کردو لەکۆشکەکەیدا لەئەنبار بەخاك پسێردرا[1].

---

[1] الطبري: ج٧ ص٤٧٠-٤٧١.

## عەبدوڵا ئەبوجەعفەر مەنصور( ١٣٦-١٥٨ك/٧٥٤-٧٧٥ز)

**بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی مەنصوردا:**

أ- **یاخی بوونی عەبدوڵای کوڕی عەلی:** ئەبوجەعفەری مەنصور خیلافەتی گرتە دەستو هێشتا پاڵپشتەکانی بەهێزو بتەو نەبووبوون، ئەو ترسی لەڕکەبەری عەبدوڵای کوڕی عەلی مامی هەبوو کەداوای خیلافەتی دەکرد هەروەك ترسی گەورەبوونی قەڵەمڕەوی ئەبوموسلیمی خۆراسانیو دواتر دەرچوونی ئامۆزاکانی لەبنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبی تالب لەدەسەڵاتەکەی رایچڵەکاند.

مەنصور بەدڵێری ئەبەردیو وورە بەرزیو لێزانیو فێڵزانی پێکەوە کۆکردبوونەوە بەرێ ڕاستی بەرەو ڕووی ئەو گرفتانە بوویەوەو بڕیاریدا لەدوژمنەکانی بدات تامەیدانی سیاسی بۆ چۆڵبێت، عەبدوڵای کوڕی عەلی سەرکردەی ئەو سوپایەبوو کە ئەبولعەبباس ناردی بۆ ئاسیای بچوك تالەگەڵ بیزەنتیەکاندا بجەنگێت، کاتێك گەیشتە دلوك لەدەوروبەری حەڵەب زانی کەخەلیفە ئەبولعەبباس مردوە بۆیە لەکاشانەکەی وەستاو گەڕایەوە بۆ حەڕانو سەربازان بەیعەتی خیلافەتیان پێدا پاشان بەرەو جەزیرە کشا، مەنصور ئەبوموسلیمی ڕاسپارد تالەگەڵیدا بجەنگێت، ئەبو موسلیم توانی لەنزیك نەصیبین بەسەریدا سەرکەوێتو عەبدوڵا گیراو بەندکراو دواتر مەنصور لەساڵی(١٤٧ك/٧٦٤ز)دا کوشتی[1].

ب- **کۆتاییهاتن بەئەبوموسلیمی خۆراسانی:** ئەبوموسلیم هەستی بەوەدەکرد کەئەو دامەزرێنەری ڕاستی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسیەو خەونو چاوچنۆکیو خواستی شەخسی بۆ بەتەنها گرتنە دەستی دەسەڵاتی هەموو خۆراسانو وولاتی فارسو دیدی سەربەخۆیی دایگرت، پێشتر فشاری قورسی لەسەر ئەبولعەبباس دانا، بەڵام خەلیفە بەهۆی بوونی خزمەتی بۆ عەبباسیەکان لەناوی نەبرد، مەنصور لەدیدی جیاوازەوە سەیری ئەبوموسلیمی دەکرد ترسی لەنیازەکانی هەبوو لەدوای ئەوەی ئەبوموسلیم بووبە هێمای ڕەگەزە فارسیەکان کەدوورکەوتنەوەیەکی ڕوونیان لەدەوڵەت نیشان دەداو بووبوون بەسەرچاوەی دڵەڕاوکێی خیلافەت، مەنصور پەنای بۆ شێوەی فێڵزانی بردو ئەبوموسلیمی خستە داو و لە(٢٥ی شەعبانی ساڵی ١٣٧ك/١٣ی شوباتی ساڵی ٧٥٥ز)دا کوشتی[2].

---

[1] الیعقوبي: ج٢ ص٣٠٢، الطبري: ج٧ ص٤٧٤، ج٨ ص٧-٩.

[2] الطبري: ج٧ ص٤٩٠-٤٩١.

ج- **دەرەنجامی کوژرانی ئەبوموسلیم:** یادەوەری ئەبوموسلیم لای فارسەکان بەزیندویەتی مایەوەو لەدوای کوژرانی لەخۆراسان چەند بزوتنەوەیەکی ئاینیو سیاسیو نەتەوەیی نامۆ بەئیسلام دەرکەوتن کەهەڵگرەکانی بەڕوخسار ئیسلامیان نیشان دەداو لەناخەوە ئامانجە ئایینیە ئاگرپەرستانەکانی خۆیانو ئامانجی سیاسی ڕوخێنەرو ڕەگەزایەتی فارسیان هەڵگرتبوو، ئەبوموسلیمیشیان کردبوو بەهێماو پێناوێك بۆ دەربڕینی بەرهەڵستکاریان بۆ دەسەڵاتی عەبباسیو نیشاندانی ئەوەی لەدەرونیاندایەو دەربازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجو هیواکانیان، لەو بزوتنەوانە ناوی ئەمانە دێنین: بزوتنەوەکەی سەنباذ، بزوتنەوەکەی ڕاوەندی، بزوتنەوەکەی ئوستازیس..... مەنصور هەوڵیدا لەناویان بباتو لەوەشدا سەرکەوت[1].

د- **پەیوەندی لەگەڵ عەلەوییەکاندا:** عەلەوییەکان هەر لەشەهید بوونی حسینەوە لەکەربەلا مافی خۆیان لە خیلافەتدا لەبیرنەکرد، کاتێك بانگەوازی عەبباسی دامەزرا هەندێکیان چوونە ناویو پێیان وابوو بزوتنەوەیەکی تالیبیە، کاتێك شۆڕشەکە بەگواستنەوەی خیلافەت بۆ عەبباسیەکان کۆتایی پێهات عەلەوییەکان بەتایبەت لقی حسینی پێیان وابوو عەبباسیەکان فێڵیان لێکردوونو خیلافەتیان بۆ خۆیان بردووە لەکاتێکدا ئەوان بە خیلافەت شیاوترن، عەبباسیەکانیش لەلایەن خۆیانەوە لەسەرەتای ژیانی سیاسیاندا هەوڵیاندا یارمەتی عەلەوییەکان بدەن تا دەرفەتی جێ پێ چەسپان بەدەوڵەتە تازە دامەزراوەکەیان بدەن، پاشان هەردوولا بەرەبەرە لەیەك دووركەوتنەوە لەڕاستیدا یەکەم کەسی عەلەوییەکان کەلەدەسەڵاتی عەبباسیەکان دەرچوو محمدی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حسن بوو کەبە(النفس الزکیة) ناسرابوو ئەو لەمەدینە خۆی ڕاگەیاند پاشان ئیبراهیمی براشی لەڕۆژهەڵات خۆی ڕاگەیاندو ئەهوازو فارسو مەدایێی گرتە دەست لەکاتێکدا پێشەوا جەعفەری صادق کەلە لقی حسینی بوو ئاگربەستو ڕێکەوتنی ئەنجامدا، مەنصور توانی لە(مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٤٥ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٦٢ز)دا محمد لەناو ببات، لە(مانگی ذي القعدەی ساڵی ١٤٥ك/مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٧٦٣ز)یش لەگوندێکی کوفە کەبە(باخمرا)ناسراوە ئیبراهیمیشی لەناوبرد[2].

---

[1] ابن الأثیر: ج٥ ص٦٦-٦٧، ٨٦-٨٧، ١٦٢-١٦٤.

[2] الطبري: ج٧ ص٥٩٦، ٦٤٦-٦٤٧، الأصفهاني: مقاتل الطالبین: ص٢٣٦-٢٣٧.

**بارودۆخی دەرەکی لەسەردەمی مەنصوردا :**

أ- **پەیوەندی لەگەڵ بیزەنتیەکاندا :** جەنگی نێوان موسڵمانان و بیزەنتیەکان لەئەبو جەعفەری مەنصوردا سیفەتی ئاگربەستیی هەبوو و لەچەند بەریەککەوتنێکی سنورداری سەر سنوورەکان تێنەدەپەڕی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی دانی عەبباسیەکان بۆ پاڵپشتیکردنی مەڵبەندی ناوخۆییان لەبەرامبەردا قوستەنتینی پێنجەمی ئیمپراتۆری بیزەنتی لەلایەکەوە سەرقاڵی جەنگ لە بەلقان بوو، لەلایەکی تریشەوە بەرەنگاری کێشەی پەرستشی ئایقۆنەکان(وێنەو پەیکەرەکان) بوو، ئەبو جەعفەر ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو چی قەڵاو سەرسنور ڕوخێنرابوون چاکی کردنەوە.

ب- **بنیادنانی شاری بەغداد :** لەنێو گرنگترین ئەو کارانەی خەلیفە ئەبوجەعفەری مەنصور ئەنجامی داو کاریگەری خۆی لەسەر داهاتووی خیلافەتی عەبباسی بەجێهێشت بنیادنانی شاری بەغداد بوو لەشوێنێکدا کە ڕوباری(سوراة) بەڕوباری(دیجلە) دەگات، ئەمەشی بەهۆی چەند هۆکارێکی سیاسیو سەربازیو ئابوریو کەشوهەواییەوە ئەنجام دا[1]. مەنصور لە ساڵی(١٤٥ك/ ٧٦٢ز)دا دەستی بە بنیادنانی شارەکەی کردو چوار ساڵی خایاندو لە ساڵی(١٤٩ك/ ٧٦٦ز)دا کۆتایی پێهاتو بەغداد تا ڕووخانی خیلافەتی عەبباسی لەسەر دەستی مەغۆلەکان لەساڵی(٦٥٦ك/١٢٥٨ز)دا پایتەختی عەبباسیەکان بوو.

ج- **مردنی مەنصور:** ئەبو جەعفەری مەنصور لە(شەوی شەممە ١ی ژی الحجەی ساڵی ١٥٨ك/ ٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٧٥ز)و لەڕێگەیدا بۆ مەککە بۆبەجێگەیاندنی فەرزی حەج کۆچی دوایی کرد، ئەو عیسای کوڕی موسای برازای لە جێگیرایەتی لابردو بەیعەتی بە مەهدی کوڕی خۆی دا[2].

[1] الطبري: ج٧ ص٦١٦-٦١٧، الخطيب البغدادي: تاريخ بغداد ج١ ص٢٥-٢٦، ٦٦-٦٧، ٧٧-٨٢، الحموي، ياقوت: معجم البلدان ج١ ص٤٥٦-٤٥٧، دائرة المعارف الإسلامية: ج٤ ص٣-٤.

[2] الطبري: ج٧ ص٥٧٧، ج٨ ص٦٠.

## ئەبو عەبدوڵا محمد مەهدی(١٥٨-١٦٩ك/ ٧٧٥-٧٨٥ز)

### چاکسازیەکانی مەهدی:

خیلافەتی موحەمەدی مەهدی بەقۆناغی گواستنەوەی نێوان سەردەمی توندیو سەرکوتکردنی سەردەمی خەلیفە عەبباسیەکانی پێش خۆیو سەردەمی نیوەندیو نەرمونیانی دادەنرێت، مەهدی سەرەتای خیلافەتی خۆی بەهەوڵی ڕازیکردنی خەڵك دەست پێکردو ئەو ماڵو سامانەی بۆ خاوەنەکانی گێڕایەوە کەلەسەردەمی باوکیدا دەستی بەسەردا گیرابوو، دیلە سیاسیەکانیشی ئازادکردو هەوڵیدا خەڵکی حیجاز ڕازیبکات بۆیە مۆڵەتی بەگێڕانەوەی دانەوێڵەی هاتوو لەووڵاتی شامو مصری بۆ حیجاز دا ئەمە لەدوای ئەوەی ئەبوجەعفەر بڕیبووی هەوڵیدا خۆشەویستیو هۆگری خەڵکی شام بەدەست بخات بۆئەمەش سەردانی دیمەشقو بەیتولمەقدیسی کردوو لەسەر ڕێگەی مەککەش چەند وێستگەیەکی دامەزراندو حەوزی بۆ ئاودانی کاروانەکان دامەزراندو لای بەلای نەخۆشانی کەنارخراوو بەندیەکاندا کردەوەو خوێندنگەو نەخۆشخانەی بنیادناو گرنگی بەبازرگانی داو تۆڕێکی لەڕێگە بازرگانیەکان پێکهێنا کەبەغدادی کردبە مەڵبەندێکی بازرگانی جیهانی، مۆسیقاو دانایيو ئەدەب لەتایبەتمەندیەکانی ئەو سەردەمەبوو، ئەو نەریتەشی داهێنا تاهەموو ساڵێك بەرگی نوێ بەبەری کەعبەدا بکەن، خۆی لەکۆڕی بیستنی ستەمەکاندا دادەنیشتو سندوقێکی بۆ دانا تاسکاڵاکانی تیاکۆبکەنەوەو سکاڵاکانی تێدا بخەنەڕوو[1].

### بزوتنەوە دوژمنکاریەکانی سەردەمی مەهدی:

أ- **بزوتنەوەکانی زندیقەکان:** لەکۆمەڵگای ئیسلامیدا هەر لەسەردەمی ئومەویەوە دیاردەی زندەقە بڵاوبوویەوەو لەسەردەمی عەبباسی یەکەمدا تەواو گەشەیکردو چالاکبوو، لەبنەڕەتدا ووشەکە لەوکەسانە دەنران کە شوێنکەوتەی ئایینە مەجوسیەکان(ئاگرپەرستەکان)بوون، پاشان هەنگاوبەهەنگاو پێشکەوتوو هەموو ملهوڕو بەگومان لەئایینێکی گرتەوە پاشان واتاکەی فراوان بوو و شوعوبیەتی گرتەوە دەسەڵاتی عەبباسی ئەو واتایەی بۆ بەکارهێنا تا لەنەیارە سیاسيو ئایینیەکانی بدات لەکۆتاییدا لەهەندێ لابراوو هەرچيو پەرچيو کەشخە نرا[2].

لەڕاستیدا زەندەقە بزوتنەوەیەکی سیاسی داخراو بەچوارچێوەیەکی ڕێکخراوی هزری ئایینی بوو کەشوێنەوتووەکانی بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی مانەوی بەهەموو واتا بیروباوەڕە ئایینيو کلتورە

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٨ ص١١٨-١١٩، ١٥٦، ابن الأثیر: ج٥ ص٢٥٤-٢٥٨، ابن الطقطقا: ص١٧٩.

[2] عمر، فاروق: التأريخ الإسلامي وفكر القرن العشرين: ص١١٣-١١٤.

هزریەکانیەوە وەك بەدیلێك بۆ کلتوری ئیسلامی دەکرد، ئەمەش شۆڕشێکی ئاگر پەرستی بوو کەبانگەوازی بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسلامی لەبنەڕەتەوەو بنیادنانی دەوڵەتێکی فارسی لەشوێنیدا دەکرد[1].

مەهدی هەستی بەماوەی ئەو مەترسیە کرد کەزندیقەکان لەسەر ئایینو دەوڵەت دروستی دەکەن بۆیە لەهەموو ئاسۆکانەوە لەچەند هەڵمەتێکی ڕێکخراودا کەوتە شوێنیانو خۆڕاگرانە کوشتنیو دیوانێکی تایبەتی بۆ دامەزراندنو ناوی نا(دیوانی زندیقەکان) فرمانی بەفەیلەسوفان دا تا بەرپەرچیان بدەنەوە[2].

ب- **بزوتنەوەکەی موقەننەع:** شەپۆلی ملهوڕی بەردەوام لەسەردەمی مەهدیدا چالاك بوو، جا چەند بزوتنەوەیەکی دوژمنکاری سەریان هەڵدا کەلەئامانجدا لەوانەی پێش خۆیان جیاواز نەبوون، لەنێویاندا بزوتنەوەکەی موقەننەعی خۆراسانی بوو کەلەناوچەی(مەرو) بەئامانجی لەناوبردنی دەسەڵاتی ئیسلامیو دامەزراندنی دەوڵەتێکی فارسی لەدەسەڵات دەرچوو مەهدی بەرەو ڕووی وەستاو بزوتنەوەکەی لەناوبرد موقەننەعیش پێش ئەوەی بگیرێت خۆی سوتاند.

سەردەمی مەهدی دامەزرانی چەند بزوتنەوەیەکی تری وەك ئەو بزوتنەوەیەی لەڕووی ئامانجەوە بەخۆیەوە دیو مەهدیش توانی لەناویان ببات، لەوانە ناوی بزوتنەوەکەی(یوسف البرم) لەخۆراسان دێنین[3].

ج- **پەیوەندی لەگەڵ بیزەنتیەکاندا:** لەسەردەمی مەهدیدا جەنگی سنوری نێوان دەوڵەتی ئیسلامیو دەوڵەتی بیزەنتی بەردەوام بوو و هەردوولاچەند هەڵمەتێکی ئاڵوگۆڕیان ئەنجامدا کەباری جوگرافی زەوی هیچکامیانی تێکنەدا لەهەنگاوێکی لاکردنەوەدا مەهدی ئەوپشێویەی بەهەند وەرگرت کەلەدوای مردنی لیۆی چوارەمی ئیمبراتۆری بیزەنتیو گرتنەدەستی دەسەڵاتی ئیمبراتۆریەتی لەلایەن ئیرینی گرنیەوە لەساڵی(١٦٤ك/٧٨١ز)دا ڕوویدا، بۆیە هەڵمەتێکی گەورەی سەربازی ئامادەکردوو هارونی کوڕی کردبە سەرکردەیو فەرمانی پێکرد تا هێرش بکاتە سەر قوستەنتینیە. هارون لەزەوی بیزەنتیدا ڕۆچوو تاگەیشتە کەنداوی قوستەنتینیەو هەڕەشەی لەپایتەختی بیزەنتی کرد، ئیمبراتۆر ئیرین کەخۆی لەبارێکی سەختو نارەحەتدا بینیەوەو زانی ناتوانێت بەرەو ڕووی ڕۆچوونی ئیسلامی بوەستێتەوە یان چەنو

---

[1] العقاد، عباس محمود: التفكير فريضة الإسلامية ص٦٧.

[2] الجهشياري: كتاب الوزراء والكتاب ص١٦٥، ابن كثير: ج١٠ ص١٤٩، عمر: ص١١٩-١٢٢.

[3] الطبري: ج٨ ص١٢٤، ١٣٥، ابن الأثير: ج٥ ص٢١١-٢١٢، ٢١٦.

چونی بکات، ناچاربوو ملکەچی مەرجەکانی هارون بێت بەپێدانی سەرانەو ئالوگۆڕی دیلەکانو ڕێکەوتنەکەش سێ ساڵ بخایەنێت[1].

د- **کۆچی دوایی مەهدی:** محمدی مەهدی لە(مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٦٩ك/مانگی ئابی ساڵی ٧٨٥ز)دا کۆچی دوایی کرد ئەو بەڵێنی جێگیرایەتی لەدوای خۆی بەهەردوو کوڕەکەی خۆی دابوو کەیەکەم هادی و دواتر هارونە ڕەشید بێت[2].

---

[1] ابن خياط: ج٢ ص٤٧١، الطبري: ج٨ ص١٥٢-١٥٣، رستم، أسد: الروم في سياستهم وثقافتهم ودينهم: ج١ ص٢٩٥،Theophanes: P٩٢٠.

[2] الطبري: ج٨ ص١٦٨-١٧٠.

## ئەبو محمد موسای هادی(١٦٩-١٧٠ك/٧٨٥-٧٨٦ز)

### پەیوەندی هادی بەعەلەوییەکانەوە:

ئەو سیاسەتە ئاشتەواییەی مەهدی لەگەڵ عەلەوییەکاندا گرتیەبەر ماوەیەکی درێژخایەنی نەخایاندو بەمردنی کۆتایی پێهات، هادی فشاری خستە سەر ئەو کۆمەڵەو توندی لەسەر هەڵگرەکانی نواندو پەیوەندیو ڕۆزی لێبڕینو هەواڵگری لەسەر دانانو فەرمانی بەوالیەکانی کرد تا چاودێری بزاوتیان بکەنو فشاریان بخەنەسەر تا ئەوەی عەلەوییەکانی حیجاز لەبارێکی خراپدابوون، بۆیە لەدەوری حسینی کوڕی عەلی کوڕی حسن کۆبوونەوە کەسەرکردایەتی دەکرن، ئەو لە(١٣ی ذي القعدة ی ساڵی ١٦٩ك/ ١٥ی ئایاری ٧٨٦ز)دا سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی ڕاپەریوی دژبە نیزامی عەبباسی کرد بەڵام مەهدی توانی لەجەنگی(فەخ) بزوتنەوەکەیان سەرکوت بکاتو حسینو شوێنکەوتەکانی لەناوبردو[1] لەلێدانو چەوساندنەوەی زەندیقەکانیشدا پێشەنگی بەمەهدی باوکیەوە کرد.

### کۆچی دوایی هادی:

هادی لەدوانزەی ڕەبیعلئەوەلی ساڵی ١٧٠ك/نۆی ئەیلولی ساڵی ٧٨٦ز دا لەبەغداد کۆچی دوایی کرد[2].

## ئەبوجەعفەر هارونە ڕەشید(١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٩ز)

### سیفەتەکانی ڕەشید:

ڕەشید بەناوبانگترین خەلیفەی عەبباسیەکان دادەنرێتو ناوبانگی ڕۆژهەڵاتی تێپەڕاندو گەیشتە ڕۆژئاواو کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی شیکار و لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردوە و هەندێ پاشای ئەوروپا هەوڵیانداوە لێی نزیکببنەوەو هۆگریو دۆستایەتی ئەو بەدەستبخەن، ڕەشید کۆمەڵێك سیفەتی تەواو لێکجیای هەبوون، ئەو کەسێکی سیاسی هەڵکەوتەبوو و یەك بڕیاری و توندوتیژی مەنسوری هەبوو، لەگەڵیشیدا نەرمو نیانیەکی ڕوونو سەخاوەتمەندی بۆجیاکردنەوەو هەڵبژاردنی خەڵك هەبوو، زۆر گرنگی بەکاروباری هاوڵاتیان دەدا، هەستی تیژو خێرابوو، باری زوو دەگۆڕاو خێرا دەکەوتە بەر کاریگەریو لەتووڕەییدا هەڵمەتی دەداو لەتۆڵەسەندنەوەشدا زیادەڕەوی دەکرد هەندێ جار سۆزی دەبزواو دەگریاو سۆزێکی بێسنووری نیشان دەدا، کەسێکی ئایین پەروەرو لێبوردەو نەوازشی بوو،

---

[1] الیعقوبي: ج٢ ص٣٤٨-٣٤٩، الأصفهاني: ص٣٦٦.

[2] الطبري: ج٨ ص٢٠٥-٢٠٦.

یان حەجی دەکرد یان غەزای دەکرد، حەزی لەشیعرو ئەدەبو فیقهیش بوو، سەردەمەکەی بە سەردەمی زێڕینی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی دەژمێررێت.

**بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی ڕەشیدا:**

أ- **پەیوەندی لەگەڵ عەلەوییەکاندا:** ڕشید لەسەرەتای ژیانی سیاسیدا ویستی لەرێگەی نەرمی نواندن لەرووی عەلەوییەکاندا بەلای خۆیدا ڕایان بکێشێت بۆیە سۆزی لەگەڵ نواندن ئارامشی بۆ بەخەرجدان، بەڵام ئەوان بیروباوەڕی چەسپاوی خۆیان بەوەی کەشیاوترن بە خیلافەت نەگۆڕیو لەهەوڵی خۆیان لەپێناو گەیشتن بە خیلافەت نەوەستان، لەپێناو ئەوەشدا ململانێی نێوان هەردوولا بۆباری توندی خۆی گەڕایەوە، دووکەس لەسەرکردە عەلەوییەکان لەجەنگی فەخ ڕزگاریان بوو کەبیرتی بوون لە ئیدریسی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حسنو یەحیای برای، ئیدریس چوو بۆ ئەفریقیاو لەهەرێمی(طنجة) سەقامگیربوو و دەوڵەتێکی سەربەخۆی بۆخۆی دامەزراند کەدەوڵەتی ئەداریسەبوو یەحیاش ڕوویکردە وڵاتی دەیلەمە لەرۆژهەڵاتو شانو شکۆی زیادیکردوو بەهۆی ئەوەی شوێنکەوتوان لەدەوری کۆبوونەوە بەهێزبوو و لەساڵی(١٧٦ك/٧٩٢ز)دا دەرچوونی خۆی لەدەسەڵات ڕاگەیاند، ڕەشید بڕیاریدا ئەو دووبرایە لەناوببات و لەوکارەشیدا سەرکەوتوبوو بەڵام نەیتوانی دەوڵەتی ئەداریسە لەناوببات[1].

ب- **بزوتنەوەی خەواریج:** خەواریجەکان لەسەردەمی ڕەشیددا لەناوچەی جەزیرە چالاك بوونو لەخۆسەپاندنی خەلیفە عەبباسیەکانو دەرچوونیان لەحوکمە شەرعیەکان نارەزاییان دەربڕی، ڕەشید گرنگی بەبواری ئەو خەواریجانە داو لەساڵی(١٧٩ك/٧٩٥ز) بەسەرکردایەتی یەزیدی کوڕی مەزیدی شەیبانی هێزێکی سەربازی ناردو لە(حديثة الفرات) لەگەڵ خەواریجەکاندا پێکیداداو لەناوی بردن[2].

ج- **بارگرژی لەباکوری ئەفریقیا:** بارگرژی لەباکوری ئەفریقیا لەساڵی(١٧١ك/٧٨٧ز)ەوە بەهۆی دەرچوونی خەواریجەکان وسەرکردە سەربازیەکانو بەرەبەرەکانەوە خۆی سەپاند، ڕەشیدیش هەرسەمەی کوڕی ئەعیونوی ناردو فەرمانی پێکرد تا ڕاپەڕینەکان سەرکوت بکاتو ئاسایش بچەسپێنێت، ئەویش لەئەرکەکەیدا سەرکەوتووبوو، بەڵام نوێبوونەوەی ڕاپەڕینەکانی دژبە دەسەڵاتی مەرکەزی، ڕەشیدی هاندا تا ئیبراهیمی کوڕی ئەغلەبی کاربەدەستی(زاب)

---

[1] الأصفهاني: ص٤٠١-٤٠٤، ٤٠٧-٤٠٨.

[2] الطبري: ج٨ ص٢٥٦.

لەساڵی(١٨٤ك/٨٠٠ز)دا بكات بەوالی ئەفریقیا، ئەویش توانی بەسەر ئەو سەختیو گرفتانەدا زاڵبێت كەبەرو رووی دەسەڵاتەكەی دەبوونەوە پاشان ڕێگەی بۆ دامەزرانی دەوڵەتی ئەغالیبە خۆشكرد كە دواتر لەكارگێڕی مەركەزی سەربەخۆیی وەرگرتو قەیرەوانی كردبە پایتەختی خۆی[١].

د- **بارگرژی لەرۆژهەڵات:** لەئەنجامی هەڵسوكەوتی خراپی والیەكانی ڕەشید ڕاپەڕینی جەماوەری لەناوچەكانی ڕۆژهەڵات سەری هەڵداو ڕافیعی كوڕی لەیسی كوڕی سەیار بەهۆی چەند پاڵنەرێكی شەخسیەوە لەحوكومەتی مەركەزی دەرچوو دانیشتوانی خۆراسانو وولاتی ئەودیو ڕووباریش بەهۆی نارەزاییان لەدەسەڵاتی عەبباسیەكان كەوتنە شوێنیو ڕەشید ناچاربوو بۆ سنوردانان بۆ بارگرژیەكانی ئەویّ خۆی بچێت بۆ خۆراسان بەڵام كاتێك لەڕێگەدابوو مەرگ ڕێگەی پێگرت[٢].

ه- **چەرمەسەری بەرمەكیەكان:** بنەماڵەی بەرمەكی فارسی ڕەسەن دەدرێنەوە پاڵ بەرمەكی باپیریان، بەرمەكیش نازناوێك بوو كەلەسادنی پەرستگای نەوبەهار لەشاری بەلخ دەنرا[٣]، لەسەرەتاكانی سەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا خالیدی كوڕی بەرمەك لەو بنەماڵەیەدا دەركەوتو ئەبولعەبباس دیوانی خەراجو دیوانی سەربازی دایە دەست[٤]، هەروەك لەدوای كوژرانی ئەبوسەلەمەی خەلال وەزارەتی جێبەجێكردنیشی گرتە دەست، وەك ڕاوێژكاری ئەبوجەعفەری مەنصوریش ئیشی دەكرد، خالید كوڕێكی لێكەوتەوە ئەویش یەحیا بوو، مێژووی یەحیا پەیوەستی مێژووی هارونە ڕەشیدە، ئەو بۆ دڵنیاكردنی جێگیرایەتی بۆ هارون لەبەرەنگاربوونەوەی ئەو فشارە گەورانەدا كەهادی دژبە هارونو بەئامانجی ناچاركردنی بەوازهێنان لەجێگیرایەتیو دانانی جەعفەری كوڕی لەجیاتی ئەودا پەیرەوی دەكرد، یەحیا ڕۆڵێكی گەورەی بینی، ڕەشید فەزڵو گەورەیی یەحیای بەسەر خۆیەوە پاراستو نوسینو نوێنەرایەتی خۆیو وەزارەتی دایە دەست[٥]، چەند دەسەڵاتێكی ڕەهای پێدا، ئیتر هەموو

---

[١] ابن الأثير: ج٥ ص٩-١٠.

[٢] اليعقوبي: ج٢ ص٣٨٦، الطبري: ج٨ ص٣١٥-٣٢٠، ٣٢٣، ٣٤٣-٣٤٤.

[٣] البلخي: البدء والتأريخ: ج٦ ص١٠٤.

[٤] الجهشياري: ص٨٧-٨٩.

[٥] الجهشياري: ص١٧٧.

دیوانەکان لەدەستی ئەودابوون[1]، یەحیا توانی لەڕێگەی فەزڵو جەعفەری کوڕیەوە کارگێڕی دەوڵەت بکات، بەوەش بیرۆکەی هاوبەشی تەواو لەدەسەڵاتی بەدیهێنا.

بەرمەکیەکان چواردەوری ڕەشیدیان یابوو بەدڵی خۆیان سەروخواریان پێدەکردو ئەویش بەدڵی ئەوان دەجوڵایەوە هەروەك زۆربەی کەسەدیارەکانی ناو دەوڵەت لەداردەستو شوێنکەوتەی بەرمەکیەکان بوون، تائاستێك ڕەشید بەشتێکی زۆر سەختی دەزانی کەسانێکی دەست بکەوێت کەپەیوەندیان بەبەرمەکیەکانەوە نەبێت تاهەندێك کاروباری دەوڵەت بگرنەدەست[2].

ئەو گەشەسەندنە سیاسیەی ئەو بنەماڵە بەوردەکاریو نەخشەبۆدانان بووە تاخواستە سیاسیە مۆڵخواردووەکانی ناو دەروونی ئەندامانی بنەماڵەکە بۆ زیندوکردنەوەی میراتی لێکهەڵوەشاوی فارسی بەدیبهێنن، ئەو خێزانە لەژیانی خەیزرانی دایکی ڕەشید دا گەیشتنە ئەوپەڕ، بەڵام کاتێك خەیزەران لەساڵی(١٧٣ك/٧٨٩ز)دا مرد، خەلیفە بەرەبەرە متمانەی بەئەندامانی ئەوبنەماڵەیە نەدەما تائەوەی لێیدان.

لەڕاستیدا لێدانیان بۆ دووپاڵنەر دەگەڕێتەوە: سیاسیو دارایی، جا ڕەشید لەدوای چەند ساڵێك لە دەرکەوتنی بەرمەکیەکان بۆی ڕوون بویەوە کەمەترسیەکی کردارییان بۆسەر دەوڵەتەکەی پێکهێناوە، ئەو مۆرکەش بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بوو کەگرنگترینیان حەزیان بەلای تالیبیەکانو بەلای ڕەگەزپەرستیدا دەچوو[3]، لەلایەکی ترەوە بەرمەکیەکان دارایی دەوڵەتیان بەتەنهاگرتبوویە دەست تائەوەی دەڵێن(هاروون پێویستی بەپارەیەکی کەمبوو، کەچی دەستی نەدەکەوت)[4] لەکاتێکدا بەرمەکیەکان لەخەرجیدا زیادەڕۆییان دەرکردو خەلیفەش لەو هەڵسوکەوت پێکردنە داریە کۆت کردبوو، هەروەك لەهەڵسوکەوتی سیاسی خۆیشی لەپەلوپۆیان خستبوو، قسەهێنانو بردن لەلایەنی بەرمەکیەکانەوە ڕۆڵێکی تری بینی تاکارلەهارونە ڕەشید بکات، بۆیە هاروون لە(یەکی سەفەری ساڵی ١٨٧ك/کۆتایی کانونی یەکەمی ساڵی ٨٠٢ز)دا جەعفەری کوشتو یەحیاو کوڕەکانی بەندکردو دەستی بەسەر موڵكوماڵو سامانیاندا گرت[5].

**پەیوەندیە دەرەکیەکان لەسەردەمی ڕەشید دا :**

---

[1] الطبري: ج٨ ص٢٣٥.

[2] الجهشياري: ص٢٥٤.

[3] العصر، عبدالرحمن: أثر الفرس السياسي في العصر العباسي الأول ص٢٣٦و دواتر.

[4] الجهشياري: ص٢٤٦، الطبري: ج٨ ص٢٨٧–٢٨٨.

[5] الطبري: ج٨ ص٣٤١، ابن الأثير: ج١٠ ص٢٠٤–٢٠٥.

أ- **پەیوەندی لەگەڵ بیزەنتیەکان**: ململانێی نێوان موسڵمانان و بیزەنتیەکان لەسەردەمی ڕەشید دا بەردەوام بوو، ڕەشید هەوڵیدا ناوچە سنوریەکان توندوتۆڵبکات‌و سوپای سەنگەرگیری ئەوێ بەهێزبکات، سوربوو لەسەر ئەوەی دوو سیاسەتی جیاو پێویست بگرێتەبەر: سیاسەتی هێرشبەری‌و بەرگریکاری بۆ ناوچە سنوریەکانیش دوو نیزامی دانا: نیزامی پێشەوە کەسنورەکانی جەزیرەو وڵاتی شامی لەخۆگرت، نیزامی دواوەکە هەرێمەکانی پشتەوە و قەڵاکانی باشوری لەخۆ دەگرت‌و ناوی(العواطم) عەواسمی لێنا کەلەئەنتاکیەوە تافورات درێژدەبوویەوە[1] بیزەنتیەکانیش لەلای خۆیانەوە هێڵکی بەرگرییان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرسنورە ئیسلامیەکان دانا کەزنجیرە چیاکانی تۆرۆسی لەخۆ دەگرت‌و لەفوراتەوە تا کیلیکیە درێژدەبوویەوە.

دوای کۆتاییهاتن بەدەستکەوتی قایم‌و قۆڵی‌و پاڵپشتیکرد، چالاکیە سەربازیەکان دەستیان پێکردو ڕەشید توانی ژنە ئیمبراتۆر(ئیرین) ناچاربکات تابەمەرجەکانی ئەو ڕێکەوتنە ڕازی بێت کەلەسەری سەپاندبوو، لەساڵی(١٨٧ك/٨٠٣ز)دا ئیرین لەسەر دەسەڵاتی بیزەنتی لابراو نقفوری یەکەم شوێنی گرتەوە، نقفور ڕێکەوتنەکەی لەگەڵ موسڵمانان هەڵوەشاندەوەو داوای ئەو سەرانەی لەهارون کرد کەئیرین دابوی وەڵامدانەوەی ئیسلامیش بەخێرایی‌و یەکلاکەرەوەی هات، ئیمبراتۆری بیزەنتی لەپێشبینی هەڵوێستی سیاسیدا هەڵەی کرد چونکە هەستی بەدەستەوسانی‌و بێ‌توانایی خۆی کرد لەوەستان لەڕووی موسڵماناندا بۆئەوەی لەو تەنگاوە ڕزگاری بێت داوای ئاشتی لەهارون کردو پەیوەست بەدانی سەرانەو خۆپاراستن لەنۆژەنکردنەوەی ئەو قەڵایانە بوو کە موسڵمانان وێرانیان کردبوو بەمەرجێك ئاگربەستەکە ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بێت[2].

نقفور پاش ماوەیەکی کەم زانی کەناوچەی باشوری ئاسیای بچوك بووەبە ناوچەی قەڵەمڕەوی موسڵمانان، چونکە موسڵمانان دەستیان بەسەر ئەو ڕێگەیانەدا گرتبوو کەبەرەو خاڵە گرنگە بیزەنتیەکان دەچوون بەمەش چالاکی جیهادیان درێژە پێدا، دواتر ڕەشید یەکلابوویەوە بۆ گرنگیدان بەچارەسەری ئەو گرفتانەی کەلە خۆراسان سەریان هەڵدایەوەو دوای ئەوە باری لەباری بۆ درێژەدان بەچالاکی جیهادی خۆی لەبەرەی بیزەنتیەوە بۆ نەگونجا[3].

---

[1] عبدالله، وديع فتحي: العلاقات السياسية بين بيزنطة والشرق الأدنى الإسلامي: ص٢٤٢-٢٤٣.

[2] ostrogorsky: a History of Byzantine States Ip١٥٦

[3] الطبري: ج٨ ص٣٢١-٣٢٢.

ب- **پەیوەندی لەگەڵ فرەنجەکان:** خواستەکانی فرەنەکارۆلینجەکان لەئەوروپا لەخواستی ڕۆژهەڵاتیان دوور بوو، ئەمە دەرفەتی لەباری بۆ دروستبوونی چەند پەیوەندیەکی سیاسی نێوان عەبباسیو فرەنجیەکان ڕەخساند ئەمەو سەرچاوە ڕۆژهەڵاتیەکان ئاماژە بەو پەیوەندیانە ناکەنو تەنها سەرچاوە لاتینیەکان باسی ئەو پەیوەندیە دەکەن کەهارونە ڕەشید بەشارلەمانی پاشای فرەنجەکانەوە هەیبوو، بەڵام ئەمە بەشلۆقو نارِوون دێتە پێش چاو، بۆیە مێژوونوسان متمانەیان پێی کەمە.

پشت بەستن بەو سەرچاوانە پەیوەندیەکانی هەردوولا لەساڵی(١٨١ك/٧٩٧ز)دا دەستپێکردو هەردوولا ئاڵوگۆڕی وەفدو دیاریو خەڵاتیان کرد، بەڵام هیچ هاوپەیمانێتیەکی سیاسی لەخۆ نەگرتبوو، بەرپرسیارانی ئەم پەیوەندیەش جوولەکەکان بوون کەئەڵقەی پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بوون، بەتایبەت ئسلوبی ئەوکاتەی بازرگانان ئەوەبوو بۆ ئاسانکردنی بەرژەوەندیەکانیان بانگەشەی ئەوە بکەن کەباڵوێزن[١].

**کۆچی دوایی هارونە ڕەشید:**

هارون بۆ خیلافەتی دوای خۆی محمدی ئەمینی کوڕی و دواتر عەبدوڵا مەئمونی بەدوای ئەودا هەڵبژارد، خۆشی لە(توس) لەخۆراسان لەشەوی شەممە(سێی جەمادلئاخیری ساڵی ١٩٣ك/٢٥ی ئازاری ساڵی ٨٠٩ز)دا کۆچی دوایی کرد، ئەو بەهاودەمی مەئمون چوو بوو بۆ خۆراسان تا سنورێك بۆ شۆڕشەکەی ڕافیعی کوڕی لەیس دابنێت[٢].

---

[١] The ophanes: Ibid: Einhard: The Life of charlemagnepu٢

[٢] الطبري: ج٨ ص٢٤٠-٢٤١، ٢٦٩، ٢٧٥، ٣٤٢-٣٤٦.

## ئەبو موسا محمد ئەمین(۱۹۳-۱۹۸ك/۸۰۹-۸۱۳ز)

### هۆکارەکانی ململانێی نێوان ئەمینو مەئموون:

ڕیشەی ململانێی نێوان ئەم دووبرایە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار: کێشەی جێگیرایەتی ململانێی ڕەگەزی عەرەبیو فارسی، خواستو چاوچنۆکی دەربارەکان.

**کێشەی جێگیرایەتی:** ئەمە بەهۆی خواستی دەسەلات وەرگرتن بەیەکێك لەبەهێزترین هۆکارەکان دادەنرێت، وێرای ئەو هۆکارە دەروونیانەی ئەمین بەرامبەر دوو براکەی تری خۆی هەیبوو، ئەو بۆ هەلوەشاندنەوەی ئەو بەلێنەی باوکی لەسەری نوسیبوون دەستپێشخەری کردو هەولیدا قەلەمڕەوی خۆی بەسەر هەرێمەکانی براکانیدا بلاوبکاتەوە، پاشان موسای کوڕی پێش ئەوان بخات ئەمە بوویە هۆی تەقینەوەی بارەکە، مەئموون لەخۆراساندا مایەوەو بەجێی نەهێشت، ئەمین لەسەرەنجامی ئەم مانەوەیە ترسا، دەی نیز ئاسایی بوو هەردوو برا گومانیان بەیەکتر خراپ بێت[1].

**ململانێی ڕەگەزی عەرەبیو ڕەگەزی فارسی:** ئەو دیمەنانەی ڕۆلێ سیاسی کەهەریەکە لەلەفەزلێ کوڕی سەهلی نوسەرو نەخشە بۆدانەری مەئموون کەنوێنەرایەتی ڕەگەزی فارسی لەکارگێڕی عەبباسیدا دەکردو فەزلێ کوڕی ڕەبیع کەنوێنەری خواستی عەرەبیەکان بوون دەیانگێڕا، بەشێوەیەکی دیارکەوتنە ڕوو نیازەکانی هەردوولا لەدوای مردنی ڕەشید دەرکەوتنو جیاوازی دیدی سیاسیان خۆی نیشاندا، بەو جۆرە کێشەی ململانێی دیدێکی نەتەوایەتی نێوان عەرەبو فارسیشی لەخۆگرت[2].

**چاوچنۆکی دەربارەکان:** فەزلێ کوڕی سەهل پالپشتو هاندەری مەئموون بوو تالە خۆراساندا بمێنێتەوەو داواکەی ئەمین بۆگەڕانەوە بۆ بەغداد بەرپەرچ بداتەوەو هەولبدات هاودەمەکەی خۆی بگەیەنێتە خیلافەت، لە کاتێکدا فەزلێ کوڕی ڕەبیعو عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان پالپشتو پالپێوەنەری ئەمین بوو تابەلێنەکە هەلبوەشێنێتەوە، بەوجۆرە دەست تێوەردانی پیاوانی دەربار بوویە هۆی خراپترکردنی ئەو ململانێیەی کەگەیشتە ئاستێك گەڕانەوەی بۆنەبوو و هەردەبوو پێکدابدەن[3].

---

[1] الجهشياري: ص۲۲۲، ۲۹۲، الطبري: ج۸ ص۲٤۸-۲۸۵، ۳۹۹.

[2] هەمان ئەو دوو سەرچاوە : ص۲۷۷، ۲۸۰، ص۳٦۱-۳۷۲.

[3] هەمان ئەو دوو سەرچاوە: ص۲۸۹-۲۹۰، ص۳۷٤.

**پێکدادانی نێوان دووبراکە :** لەسەرەتاوە ململانێکە شێوەی باڵوێزو نێردراوی نێوان هەردوو برای لەسەر کێشەی جێگیرایەتیو سەلاحیاتە تایبەتەکانی خەلیفەی لەخۆگرت[1]، ئەمین کەوتە نەخشەدانان بۆئەوەی مافی براکەی لەمیراتیدا لەپلەی دووەمو لەدوای هاتنی کورەکەی خۆی بێت، هەروەك ڕەفتاری هەڵخەڵەتێنەری سیاسی گرتەبەر تابراکەی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، مەئموونیش ویستی داوای براکەی بۆ چوون بۆ بەغداد وەربگرێتو خەریك بوو هەڵبخەڵەتێنێت ئەگەر بێدارکردنەوەی فەزڵی کوڕی سەهلی وەزیر بۆ مەئموون نەبوایە[2]، پەیوەندی نێوان دوو براکە بەرەو ووشکیو نالەباری گەشەی سەندو سنورەکانی نێوان ناوچەی قەڵەمڕەوی هەریەکەیان داخران، ڕۆژ بەڕۆژ بارەکە خراپتر دەبوو، ئەمین بەسەرکردایەتی عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان سوپایەکی بەرەو خۆراسان بەڕێکردو لەگەڵ سوپای مەئموون بەسەرکردایەتی تاهیری کوڕی حسین پێکیداداو سەرکەوتنی سوپای مەئموون و کوژرانی عەلی کوڕی عیسا کوڕی ماهانی لێکەوتەوە[3]. لەئەنجامی ئەو سەرکەوتنەدا خەڵك لە(مەرو) بەیعەتی خیلافەتیان بەمەئموون دا[4]و ئەمین بەسەرکردایەتی عەبدوڕەحمانی کوڕی جبلەی ئەنساری سوپایەکی تری بۆ ڕێگری کشانی تاهیر ئامادەکرد[5]، جەنگی دووەمی نێوان هەردوو هێزەکە لەهەمەدان ڕوویداو هەمدی سەرکەوتنی سوپای مەئمونی لێکدانەوەو ئەندامەکانی درێژەیان بەپێشڕەوی خۆیان داو گەمارۆی بەغدایان دا. هێزێکی خوراسانی توانی بچێتە ناوشارەکە و ئەمین بەدیلگیراو لابردنی ئەمین لە(٢٥ موحەرەمی سالی ١٩٨ك/٢٥ی ئەیلولی ساڵی ٨١٣ز)دا ڕگەیەندرا و دواتر لەسەر دەستی تاهیر لەسێ دارە درا[6].

---

[1] الطبري: ج٨ ص٣٧٤و دواتر، بەدووررو درێژی هێناویەتی.

[2] الطبري: ج٨ ص٣٧٢.

[3] الجهشياري: ص٢٩٣.

[4] الجهشياري: ص٢٩٣، الطبري: ٤٩١.

[5] الطبري: ج٨ ص٤١٣-٤١٤.

[6] بۆ درێژەی ئەو ڕووداوانە بڕوانە: الطبري: ج٨ ص٤٧٢-٤٨٩.

## ئەبو جەعفەر عەبدولا مەئموون( ١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز)

**باروودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی مەئمووندا:**

فەزلی کوڕی سەهل ویستی بەرهەمی سەرکەوتنەکەی بچنێتەوەو ئامۆژگاری خەلیفەی کرد تا گۆڕانێك لەکارگێڕیدا بکات کەلەگەڵ باری نوێدا بگونجێت ئەو ئامانجی ئەوە بووبە تەنها دەسەلاتی عێراق بگرێتە دەست، مەئموون ئامۆژگاری وەزیرەکەی خۆی وەرگرتو سەرکردە تاهیری کوڕی حسینی لەعێراق لابردو حەسەنی کوڕی سەهلی برای فەزلی وەك والی لەسەر ئەو وولاتە دەستنیاشانکرد، هەروەك هەر ئەمەی کوڕی ئەعیونی وەك والی لەسەر خۆراسان دەستنیشانکرد، دوورخستنەوەی ئەو دوو سەرکردەیە لە عێراق بووبە هۆی بلاوبوونەوەی بارگرژی لەو وولاتەدا[1]، لەلایەکی تریشەوە مەئموون دەستگرۆیی وەزیری خۆی کردو نازناوێکی نوێی بەبەردا کرد کەئەویش نازناوی(ذوالرئاستین) واتە سەرکردایەتی شمشێرو سەرکردایەتی پێنوس بوو ئەمەش تایبەتمەندیەکە و بەلگەی ئاستی ئەو قەلەمڕەوە فراوانەیە کەئەو کەسە فارسیە پێیگەیشتووە.

ئەو هەلسوکەوتە بووبە هۆی تورەکردنی ڕەگەزی عەرەبیو هاشمیەکان لەخواستی مەئموون بۆ عەلەوییەکان بێزاربوون چونکە ئەو بەرگی سەوزی دروشمی عەلەوییەکانی پۆشیو ڕەنگی ڕەشی دروشمی عەبباسیەکانی لابردو پەیوەندی هاوسەرگیری لەگەڵ عەلی ڕەزای پێشەوای هەشتەمی شیعەی ئیمایەدا دروستکردو کچی خۆی پێداو وەك جێگری دوای خۆی دەستنیشانی کرد[2]، بەمە ئاژاوە لەبەغداد هەلگیرساو دانیشتوانی بەغداد بەیعەتیان بەمەنصوری کوڕی مەهدی مامی مەئموون بەخشیو ئەویش تەنها بەدەسەلاتی بەغدادەوە مایەوە هەروەك بارگرژیو پشێوی ناوچەکانی تریشی گرتەوە[3]، فەزلی کوڕی سەهلیش هەوالی ئەو گەشەسەندنە خراپە سیاسیانەی لەمەئموون شاردەوەو عەلی ڕەزا ئەو هەوالانەی پێوت ، ئەوکات مەئموون هەستی بەمەترسی مانەوەی لەخۆراسان کردو زانی بەغداد بەبێ خەلیفە ناژیو بڕیاری گەڕانەوەی دا، لەو هەستی بەناڕەزایی وەزیرەکەی خۆی کردو لەڕوانگەی هەلسوکەوتەکانیەوە زانی وەزیرەکەی نەخشە دادەنێت تالەناوخۆوە دەست بەسەر دەولەتی عەبباسیدا بگرێت، بۆیە لەمانگی شەعبانی سالی ٢٠٢ك/ مانگی شوباتی سالی ٨١٨ز دا لەناوی برد، کاتێك گەیشتە توس لەکتوپڕێکدا عەلی مرد، مەئموون درێژەی بە ڕێگەی خۆیداو لە

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٨ ص٥٢٧.

[2] هەمان سەرچاوە: ج٨ ص٥٥٤-٥٥٥، الأصفهاني:ص٤٥٤-٥٥٥، ابن الطقطقا: ص٢١٧.

[3] اليعقوبي: ج٢ ص٤٠٢-٤٠٣، الأصفهاني: ص٤٥٦.

مانگی زیلحەجەی ساڵی ۲۰۳ك/ مانگی حوزەیرانی ساڵی ۸۱۹ز دا چوویە ناو بەغدادو دروشمی عەلەوییەکانی لابردو دووبارە ڕەشی پۆشی‌و خەڵکی بەیعەتیان پێدا[1].

**بزوتنەوە بەرهەڵستکارەکانی دەوڵەت لەسەردەمی مەئموونندا:**

١- **بزوتنەوە عەلەوییەکان:** عەلەوییەکانی ئەوباری سەقامگیری سیاسیەیان بەهەند وەرگرت کەدەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی لەئەنجامی ململانێی نێوان ئەمین‌و مەئمووندا پێیدا تێپەڕی، جا چەند بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکاریان لەعێراق‌و حیجازو یەمەندا ئەنجامدا بەتایبەت لەدوای ئەوەی مەئموونیان بەوە تۆمەتبارکرد کە عەلی کوڕی ڕەزای ژەهرخوارد کردووە، لەو بزوتنەوانە ناوی ئەمانە دێنین: بزوتنەوەکەی ئەبو سەرایا، بزوتنەوەی محمد دیباجی کوڕی جەعفەری صادق کەلە مەلکە بەیعەتی پێدرا، مەئموون توانی هەردوو بزوتنەوەکە لەناوببات‌و ئەبو سەرایای کوشت‌و محمد دیباجیش ناچاربوو وازبهێنێت‌و خۆی لەبەیعەت دابڕێنێت[2].

٢- **بزوتنەوەی ناعەلەوییەکان:** لەکۆتاییەکانی ساڵی(۱۹۸ك/۸۱٤ز)دا سەرکردەی عەرەبی نەسری کوڕی شبث لەدەسەڵاتی مەئموون دەرچوو چونکە بەوە تۆمەتباری دەکرد کەهەواداری خۆراسانیەکانە نەسر دەستی بەسەر ناوچەی باکوری حەلەبدا گرت‌و زۆرێك لەعەرەبەکان شوێنی کەوتن[3]. مەئموونیش تاهیری کوڕی حسێنی ڕاسپارد لەگەڵیدا بجەنگێت، پاشان عەبدوڵای کوڕی تاهیریشی ڕاسپاردو ناچاربوو داوای ڕێکەوتن بکات[4].

زەتەکانیش لەباشوری عێراق لەناوچەکانی بەسرە چەند ڕاپەڕینێکی توندوتیژیان ئەنجامدا، ئەوان تێکەڵەی خەڵك بوون‌و بە(نەوەر) ناسرابوون، دەستیان بەسەر بەصرەدا گرت‌و پەیوەندی نێوان بەصرەو کوفەیان بڕی مەئموونیش چەند شاڵاوێکی سەربازی بۆناردن تا سەرکوتیان بکات بەڵام نەیتوانی لەناویان ببات[5]، زەتەکان بەوجۆرە دڕکی بەرپێی دەوڵەتی عەبباسیەکان بوون تا ئەوەی لەڕۆژانی موعتەصەمدا بزوتنەوەکەی لەناوبردن.

باروۆخی سیاسی ناو مصر کەوتە بەر کاریگەری ململانێی نێوان ئەمین‌و مەئموون‌و ئاماژەکانی بزوتنەوەیەکی سەربەخۆیی بەسەرکردایەتی سری کوڕی حەکەم لەساڵی(۲۰٦ك/۸۲۱ز)دا

---

[1] الطبري: ج۸ ص٥٧٤-٥٧٥.

[2] هەمان سەرچاوە: ج۸ ص٥٢٨-٥٣٠، ٥٣٤-٥٣٦، ٥٣٨-٥٣٩.

[3] اليعقوبي: ج۲ ص۳۹۸.

[4] الطبري: ٥٧٩-٥٨٠، ٥٩٨-٦٠١.

[5] هەمان سەرچاوە: ص٥٨٠.

دەرکەوتن، هەروەك هۆزە عەرەبیەکان لە مصری خوارو لەساڵی(٢١٤ك/٨٢٩ز) بەهۆی سیاسەتی توندوتیژی والیەکانەوە ڕاپەڕین، مەئموون بەرەو ڕووی ئەو بزوتنەوەو شۆڕشانە وەستاو توانی لەناویان ببات[1].

مەئموون بەرەو ڕووی مەترسیدارترین بزوتنەوەیەك بوویەوە کەبە دیەن ئایینیو بەئامانج سیاسی بوو و دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی هەر لەدامەزراندنیەوە بزوتنەوەی سەختی وای بەخۆیەوە نەدیبوو، ئەوەش ئەوپەڕی پلانگێڕی چەکدارانەی فارسی دژبەدەسەڵاتی عەرەبی عەبباسی پێکدەهێنا کەئەویش بزوتنەوەکەی بابەکی خوڕەمی بوو، بابەك لەهەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتدا سەرکەوتنی بەدەستهێناو بەردەوام بەهۆی ئامادەنەبوونی هێزی عەبباسیەوە کەسەرقاڵی ململانێی ناوخۆیيو کوژاندنەوەی بزوتنەوە دوژمنکاریەکان بوو لەسەرکەوتنی خێرادا بوو، سیاسەتێکی سەربازیشی گرتەبەر کەکاری وێرانکردنی قەڵاکان بوو تابەرگریکاری عەبباسی لاواز ببێت، مەئموون چەن هەڵمەتێکی سەربازی ئاراستەکرد بەڵام نەیتوانی لەناوی ببات، بابەك بەردەوان هێزێکی مەترسیداری دژبە دەوڵەتی پێکدەهێنا[2].

**زانست لەسەردەمی مەئموون دا:**

ناوی مەئموون لەپاڵ ئەو ڕاپەڕینە زانستیەدا دێت کەلەسەردەمی عەبباسی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی و لەسەردەمی ئەودا بەشێوەیەکی تایبەت گەشەی سەند، قەدەری خوا وابوو مەئموون لەڕێگەی گرنگیدانی تایبەتی خۆی بەکۆکردنەوەی کلتوری گەلانی کۆنو بەتایبەت کلتوری یۆنانی خزمەت بەڕۆشنبیری ئیسلامی بکات، لەساڵی(٢١٥ك/٨٣٠ز)دا بەیتولحیکمەی دامەزراند، ئەو یانەیە وەك پەیمانگایەکی زانستی وابووەو کتێبخانەیەکی لەخۆدەگرت تانوسخە لەسەر کتێبە یانیەکان بگرنەوە، خانەیەکیش بۆ وەرگێڕانو خوێندنی ئەو کتێبە بیانیانە هەبوو پێگەیەکی گەردونیشی لەخۆدەگرت، وەرگێڕەکان پشتیان بەوەرگێڕانی کتێبە گەورەو سەرەکیەکانی زمانەکانی سنسکریتيو فەهلەويو یۆنانيو سریانی دەبەست، حونەینی کوڕی ئیسحاقو ئیسحاقی کوڕی لەناویاندا دەرکەوت، مەئموون سەبارەت بە خەلقی قورئان[3] بیروباوەڕی موعتەزیلەی وەرگرت[1].

---

[1] الیعقوبي: ج٢ ص٤٢٣-٤٢٥.

[2] الدینوري: ص٢٨٠، الیعقوبي: ج٢ ص٤١٩، البغدادي: الفرق بین الفرق: ص٢٥٢-٢٦٨.

[3] کێشەی خەلقی قورئان کێشەیەکی دیاری سەردەمی خلیفە مەئموون بوو کە تیرۆرو زۆرداری موعتەزیلەکان دەیویست بەزۆر هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامی بخاتە سەر ئەو بیروباوەڕەی کە قورئان دروستکراوی خوایە، ئەمەش لە ڕووناکی قورئانو سونەتدا هەڵەیەو دروست نیە، تاکەکەسێك لەبەردەم ئەو تیرۆرە فیکریەدا خۆی گرت پێشەوای

**پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ بیزەنتیەکاندا:**

بـەهۆی ئـەو بارودۆخـەی خیلافـەتی پێداتێدەپـەڕی جـەنگی نێـوان موسـڵمانان بیزەنتیـەکان لەسـەردەمی مەئمونـدا خـەریکبوو نـەدەماو بارگـەو بنـەی دەپێـچایەوە، جـا بـەرەی نێوانیـان ساردوسڕیەکی نیمچە تەواوی بەخۆیەوە دی بیزەنتیەکان بۆ جێبەجێ کردنی چەند شاڵاوێك بۆسـەر زەویە ئیسلامییەکان و بەتایبەت شاری زەبتەرە، یارمەتی خوڕەمییـەکانیان دا لـەبەرامبـەردا مـەئموون یارمەتی شۆڕشگێڕی بیزەنتی تۆماس سەقلەبی دا، مەئموونو عەبباسی کوڕی توانیان چـەند قەڵایـەك لەناوچەی کبادوکیە فەتح بکەنو هەقلەو لوئلوئەیان گێڕایەوە[2].

**مردنی مەئموون:**

مەئموون لە(بذندون) لەباکوری وولاتـی شـامو لـەکاتی جـەنگی دژبـە وولاتـی بیزەنتیەکانـدا لە(١٨ی ڕەجەبی ساڵی٢١٨ك/٨ی ئابی ساڵی ٨٣٣ز) دا کۆچی دوایی کـردو برابـۆ تەرسـوسو لەوێ بەخاك سپێردرا، لەپێش مردنیدا بەیعەتی خیلافەتی دوای خۆی بەموعتەصەمی برای دابوو[3].

---

ئەهلی سوننە ئەحمەدی کوڕی حەمبەل بوو ڕەحمەتی خوای لێبێت تا خوای گەورە بەسەر گومڕایدا سەری خـست.... بۆ وەرگرتنی شارەزایی لەوبارەیەوە باخوێنەر بڕوانێتە سەرچاوە سـەرەکیەکانی بیروبـاروەڕی ئیـسلامیو مێـژووی ئیسلامیش _وەرگێڕ_.

[1] ابن النديم: الفهرست: ص١٤٧، ٣٥٦، ٣٥٩-٣٦٠، أمين أحمد: ضحى الإسلام: ج١ ص٢٧٧.

[2] الطبري: ج٨ ص٦٢٣-٦٢٤، ٦٢٩.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٦٥٠.

## ئەبوو ئیسحاق موحەمەد موعتەصەم( ٢١٨-٢٢٧ك/٨٣٣-٨٤١ز)

**بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی موعتەصەمدا:**

موعتەصەم بەشێوەیەکی خۆسەپێنی شێوە سۆزداری نەخشە ڕێژی چاك فەرمانڕەوایی دەوڵەتی عەبباسی دەکرد، سیفەتی دلێریو پێشڕەوی هەبوو سیاسەتی ئەو بەرامبەر عەلەوییەکان لەتوندیدا لەسیاسەتی خەلیفەکانی پێشووی بەتەنها مەئموونی لێدەرکەیت کەمتر توندبوو، لەسەردەمی ئەودا موحەمەدی کوڕی قاسمی کوڕی عەلی زەیدی لەساڵی(٢١٩ك/٨٣٤ز) لەشاری تاڵەقان لەخۆراسان لەدەسەڵات دەرچوو، بەڵام بزوتنەوەکەی مەترسیەکی وای لەسەر دەوڵەت پێکنەهێنا[1] موعتەصەم بزوتنەوەی زەتەکانی لەناوبردو شوێنکەوتەکانی بۆ عەین زەربە دوورخستەوە[2]. هەروەك لەدوای ئەوەی چەند هەڵمەتێکی سەربازی ئاراستەی ناوچەکانی قەڵەمڕەوی کرد بزوتنەوەکەی بابەکی لەناوبردو بابەك لەمانگی(سەفەری ساڵی ٢٢٣ك/مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٨٣٨ز) لەگەڵ عەبدوڵای برایدا هێنرا بۆ سامەرا و موعتەصەم هەردووکیانی کوشت[3].

**دەرکەوتنی ڕەگەزی تورکی:**

لەڕۆژانی موعتەصەمو لەژێر سایەی باری ململانێی توندی نێوان عەرەبو فارسو تێکچوونی هاوسەنگی نێوان ئەو ڕەگەزانەی دەوڵەتی عەبباسیان لێپێکهاتبوو، ڕەگەزی تورکی دەرکەوت، خەلیفە موعتەصەم لەبەر زۆر هەڵگەڕانەوەو کودەتاو هەستانی عەرەبەکان دژبە خەلیفەکان پشتی بەعەرەب نەبەستو متمانەی پێیان نەبوو، هەروەك عەرەبەکان زۆربەی بنەڕەتەکانی هێزی سیاسیو سەربازی خۆیان لەدەستدابوو، هەروەك لەدوای ئەوەی هیچ هیوایەك بۆ گونجانی خواستی فارسیو بەرژەوەندیەکانی عەبباسیەکان نەما، موعتەصەم متمانەی بەفارسەکانیش لاوازبوو، ئەمانە وایان لەخەلیفەکرد تاکاری سەلامەتی شەخسی خۆی بەدەستەیەك لەڕەگەزی تورکی بسپێرێت کەلەڕێگەی دیاریو کڕین یان لەڕێگەی دیلی جەنگەوە لەهەرێمەکانی ئەو دیوڕووبارەوە هێنابوونی، لەزەویدا چەسپاوی کردنو قەڵەمڕەوی تایبەتی پێدانو سەرکردایەتی سوپای دایە دەستیانو لەبواری سیاسەتدا مەڵبەندو پایەی پێشەوەی پێدانو لەسامەڕا، نیشتەجێ کردن کە بەتایبەت بۆ ئەوان دروستی

---

[1] الأصفهاني: ص٤٧٢، المسعودي: ج٣ ص٤٦٤-٤٦٥.

[2] الطبري: ج٩ ص٨-٩، عەین زەربە شارێکە لە سەرسنوری ناوچەکانی(مصیصە) الحموی: ج٤ ص١٧٧.

[3] هەمان سەرچاوە: ج٩ ص٥٤-٥٥.

کردبوو، ئەمەیش دواتر کاریگەری لەسەر داهاتووی تورکەکانو داهاتووی خیلافەتی عەبباسیش هەبوو.

**پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ بیزەنتیەکاندا:**

لەساڵانی یەکەمی خیلافەتی موعتەصەمو لەئەنجامی سەرقاڵی خەلیفە بەلەناوبردنی شۆڕەشەکەی بابەکی خورەمی، جەنگی نێوان موسڵمانان و بیزەنتیەکان وەستا، لەبەرامبەردا ئیوفیلی ئیمبراتۆری بیزەنتی سەرقاڵی نەخشەڕێژی بۆ گێڕانەوەی دوورگەی سقلیە لەدەستی موسڵمانان بوو، جاناوچە سنوریەکان شێوە ئارامشێکی تەواویان بەخۆوە بینی، پاشان لەدوای چوار ساڵ چالاکیە سەربازیەکان دەستیان پێکردەوە کاتێك ئیوفیل پێی باشبوو لەگەڵ موسڵماناندا دەست بەجەنگ بکاتەوە، سەرکەوتنی ئەو دانوستانانەی لەگەڵ پاپادا بۆهاریکاری نێوان هەردوولا ئەنجامیدا هانی داتابنەوێتە جەنگی دژبە موسڵمانانو شاڵاوی هێنایەسەر ناوچەی فورات تادڵنیایی پەیوەندیەك لەگەڵ بابەك لەئەرمینیاو ئازەربایجان بکاتو لەڕێگەیدا دەستی بەسەر زەبەترەی پێگەو پایتەختی دایکی خەلیفە داگرتو چی موسڵمانی تێدابوو دیلیگرتو جەستەی شێواندنو ژنە موسڵمانەکانیشی بەکەنیزەك گرت، هەروەك هێرشی بردە سەر سومەیساتو مەلتیەو سوتاندنی[1].

موعتەصەم ئەو شاڵاوانەی بەهەڕەشەی شەخسی بۆ سەر خۆی دەزانیو بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی زەبەترەی دا، هەرلەدامرکانەوەی شۆڕشەکەی بابەك بوویەوە، سوپایەکی گەورەی ئامادەکردو[2] خۆی سەرکردایەتی کردو بەرەو عەموریەی پێگەومەڵبەندی خێزانی ئیمبراتۆر ئیوفیل چوو، ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی ئەو شارە وێران بکاتو بچێتە ناخی ئاسیای بچووکەوە[3]، لەسێ بەرەوە چوویە ناوچەکە، دواتر هەرسێ بەشی سوپا ئیسلامیەکە لەبەردەم ئەنکەرەدا کۆبوونەوەو کەوتنە وێرانو لێدانی شارەکە[4]، کاتێك ئیمبراتۆر ویستی ڕێگەی دەستەیەکی سوپای ئیسلامی بکات، شکستێکی سەختی توشبوو و گەڕایەوە بۆ ڕووباری هالیسو نوێنەری بۆلای خەلیفە ناردو داوای

---

[1] الطبري: ج۹ ص٥٦.

[2] هۆکاری ئەو هەڵمەتە ئەوە بووکە ئافرەتێکی موسڵمان بەدیلگیرابوو، هاواریکرد(وامعتصماه)(موعتەصەم ڕۆژفریام کەوە) ئەویش کەئەمەی بیست لەشوێنی ئەوەستاو یەکسەر سوپای بەڕێخستو هاوکاری کرد(لبیك) بەڵێ واهاتم، چوو تاتۆڵەی ئافرەتێك بسێنێتەوە، ئەمەیش نموونەیەکەی باڵای مەیدانی جیهادی شکۆداری مێژووی ئیسلامیە.- وەرگێڕ-.

[3] الطبري: ج۹ ص٥٧.

[4] هەمان سەرچاوە: ص٦١-٦٢.

ڕێکەوتنی لێکـردو پۆزشـی بـۆ وێرانکردنـی زەبتـەرە هێنایـەوەو بەڵێنیـدا بنیـادی بنێتـەوە خەلیفـە بەڕێککەوتن ڕزگاری نەبوو و بەرەو عموریە پێشڕەوی کردو گەمارۆیداو دواتر لە(مانگی ڕەمـەزانی ساڵی٢٢٣ك/مانگی ئابی ساڵی ٨٣٨ز)دا چوویە ناوعموریەو شـورەکانی وێرانکـردو لەبەرامبـەردا فرمانیکرد زەبەرتە بنیـاد بنێرێتـەوەو قـایموقۆڵ بکرێـت[1]، پاشـان لەسـاڵی(٢٢٧ك/٨٤٢ز) بڕیـاری ئاگربەستی نێوان هەردوولا دراو[2] لەهەمان ساڵدا هەریەك لە موعتەصەمو ئیوفیل مردن[3].

---

[1] اليعقوبي: ج٢ ص٤٣٦-٤٣٧.

[2] cambmedhistiv p ١٣٠

[3] الطبري: ج٩ ص١١٨-١١٩.

## ئەبوو جەعفەری هاروون واثق( ٢٢٧-٢٣٢ك/٨٤١-٨٤٧ز)

واثق بەبەیعەتی موعتەصەمی باوکی خیلافەتی گرتەدەست، سەردەمەکەی بەقۆناغی گواستنەوەی نێوان دووسەردەمی جیای سەردەمەکانی دەوڵەتی عەبباسی دادەنرێت، واثق لەسەرەتای سەردەمیدا بەرەورووی چەند بزووتنەوەیەکی دەشتەکیەکانی بەنی سەلیمو چەندێکی تر بوویەوە کە لەبەرەکانی مەدینەدا خراپەیان نایەوە، ئەو ئارامشی بەسەر ڕێگە بازرگانیەکانی باکووری نیمچە دورگەی عەرەبیدا سەپاند[1]، سەبارەت بەخەلقی قورئانیش بیرووباوەڕی موعتەزیلەی وەرگرتو پشتگیری لێکردو لەسەپاندنی بیروڕا ئایینیەکانی بەسەر خەڵکدا فشاری داناو ئەمیش بوویە هۆی دەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی نارەزاییو دژایەتی لەلایەن فیقهناسانو جەماوەرەوە، بۆیە لەبەغداد پیلانی لەدژ دانراو داوای لابردنیان کرد، ئەو لەپێش مردنیدا لەبیروباوەڕی خەلقی قورئان پاشگەز بوویەوە[2]، کارگێڕی واثق تووشی لاوازیو بڵاوبوونەوەی بەرتیل بوویەوە گەندەڵیو خراپەکاری زیادیکردو والیەکانی هەرێمەکان قەڵەمڕەوێکی گەورەیان هەبوون[3] واثق لە(٣٠ی مانگی زیلحجەی ساڵی ٢٣٢ك/١١ی ئابی ساڵی ٨٤٧ز) بەنەخۆشی ئاوبەنگو بەبێ ئەوەی کەس لەدوای خۆی دابنێت مرد[4].

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٩ ص١٢٩-١٣٠.

[2] ابن كثير: ج١٠ ص٣٠٩.

[3] اليعقوبي: ج٢ ص٤٤١، الطبري: ج٩ ص١٢٥-١٢٨، ١٣١.

[4] الطبري: ط٩ ص١٥٠-١٥١.

# سەردەمی عەبباسی دووەم( ٢٣٢-٣٣٤ك/ ٨٤٧-٩٤٥ز)

## سەردەمی قەڵەمڕەوی تورکی

**خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی دووەمو ماوەی فەرمانڕەوایی هەریەکەیان:**

١- ئەبولغەزل جەعفەر متەوەکیل................. ٢٣٢-٢٤٧ك/ ٨٤٧-٨٦١ز.

٢- ئەبو جەعفەر موحەمەد مونتەسەر............... ٢٤٧-٢٤٨ك/ ٨٦١-٨٦٢ز.

٣- ئەبولعەبباس ئەحمەد موسەعین................. ٢٤٨-٢٥٢ك/ ٨٦٢-٨٦٦ز.

٤- ئەبو عەبدولا موحەمەد موعتەز.................. ٢٥٢-٢٥٥ك/ ٨٦٦-٨٦٩ز.

٥- ئەبو ئیسحاق موحەمەد موهتەدی............. ٢٥٥-٢٥٦ك/ ٨٦٩-٨٧٠ز.

٦- ئەحمەد موعتەمەد ........................... ٢٥٦-٢٧٩ك/ ٨٧٠-٨٩٢ز.

٧- ئەبولعەبباس ئەحمەد موعتەزد .................. ٢٧٩-٢٨٩ك/ ٨٩٢-٩٠٢ز.

٨- ئەبو موحەمەد موکتەفی ...................... ٢٨٩-٢٩٥ك/ ٩٠٢-٩٠٨ز.

٩- ئەبولغەزل جەعفەر موقتەدر ..................... ٢٩٥-٣٢٠ك/ ٩٠٨-٩٣٢ز.

١٠- ئەبو مەنصور موحەمەد قاهر ................... ٣٢٠-٣٢٢ك/ ٩٣٢-٩٣٤ز.

١١- ئەبولعەبباس ئەحمەد ڕازی ..................... ٣٢٢-٣٢٩ك/ ٩٣٤-٩٤٠ز.

١٢- ئەبو ئیسحاق جەعفەر موتتەقی ................. ٣٢٩-٣٣٣ك/ ٩٤٠-٩٤٤ز.

١٣- ئەبولقاسم عەبدولا موستەکفی ................ ٣٣٣-٣٣٤ك/ ٩٤٤-٩٤٥ز.

**سروشتی ئەو سەردەمە:**

ئەم سەردەمە بە خیلافەتی متەوەکیل دەستپێدەکاتو بە خیلافەتی موستەکفی کۆتایی پێدێت، تایبەتمەندی لاوازی خیلافەتو کەوتنی هەنگاوبەهەنگاوی شانوشکۆی خیلافەتی هەیە تائەوەی سەرکردەو ئەمیرەکانی ناوچەکان وێرایان بکەونە خۆ جیاکردنەوە لە خیلافەت، تورکەکانیش دەستگرتنی خۆیان بەسەر دەزگاکانی دەوڵەتدا توندوتۆڵکرد، لەسەردەمی متەوەکیلەوە هەڵوەشانەوەو تێکچوون بەهۆی زیادبوونی قەڵەمڕەوی تورکەکانەوە دزەیکردە ناوجەستەی خیلافەتو لەئەنجامی ئەوەدا ڕووبەری دەوڵەت کەمیکردو دەسەڵاتی خەلیفەکان تەنها عێراقو چەند ناوچەیەکی فارسو ئەهوازی دەگرتەوە، دەوڵەتە جیاوازەکانیش هەریەکەو لەلای خۆیەوە بەرپرسیارێتی بەرگریکردن لەجیهانی ئیسلامیان لەئەستۆگرتو ناوچە سەرسنوریەکان وەك چەند یەکەیەك مانەوە بەپێی گەشەسەندنی جیهانی ئیسلامی بەهێزو لاواز دەبوون، بەڵام خیلافەت لەنێوان ساڵانی(٢٥٦-٢٩٥ك/٨٧٠-٩٠٨ز)دا ڕێژەیەکی زۆری تواناو دەسەڵاتی خۆی گێڕایەوە، ئەویش سەردەمی ئەم خەلیفانە دەگرێتەوە: موعتەمەدو مەعتەزدو موکتەفی، ناوی(ڕابوونی خیلافەت) لەو قۆناغە نرا، ئەو سەردەمە هەریەك لەم خەلیفانەی لەخۆ دەگرت: متەوەکیل، مونتەسەر، موستەعین، موعتەز، موهتەدی، موعتەمەد، موعتەزەد، موکتەفی، موقتەدر، قاهر، ڕازی، موتتەقیو موستەکفی کەلەسەردەمی ئەودا بوەیهیەکان دەسەڵاتیان گرتەدەست.

**بارودۆخی ناوخۆیی:**

١- **پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا:** پایتەختی خیلافەت لەبەغدادەوە گوازرایەوە بۆ سامەڕا کەبووبە مەڵبەندی دەمارگیری نێ تورکیو نزیکەی پەنجا ساڵ وابوو، خەلیفە ملکەچی ئەو هێزە نوێ تورکانەی بوو کەبەپەلە هەستی بەوبارەیش کرد، سەرکردە تورکەکان لەهەوڵی پێکهێنانی چەند قەوارەیەکی تایبەت بەخۆیان بوون، هەروەك هەندێك دەیانویست بەتەنها دەسەڵاتی کاروباری فەرمانڕەوایی ناو پایتەختیان هەبێت، بۆیە واثق ناچاربوو نازناوی(سوڵتان) لەئەشناس بنێتو دان بەچەند مافێکیدا بنێت کەلە چوارچێوەی ئەرکە سەربازیەکان تێدەپەڕین[1]. تورکەکان بەتوندی دەستیان بەسەر خیلافەتدا گرتو چواردەوری خەلیفەیان داو چاودێری جموجوڵیان دەکردو لەبڕیاردانە سیاسیەکاندا بەشداریان دەکردو[2]

[1] السیوطي: تأریخ الخلفاء ص٣٤٠.

[2] المسعودي: ج٤ ص٣.

لەدەستنیشانکردنو دانانو لابردنی خەلیفەکانـدا دەستیان وەردەدا تائەوەی سەرکردە تورکەکان بوون بەئەهلی حەلو عەقد.

خەلیفەکان بەئاسانی ملکەچی قەلەمڕەوی تورکی نەبوون، بەلکو بەرگریان کردو هەولیاندا(خەلیفەسازان) لە ناوبەن، بەلام هێزی پێویستیان بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەلەمڕەوی سەرکەشی تورکەکان بەدەستەوە نەبوو.

٢- **خیلافەتی متەوەکیل:** متەوەکیل(٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦١ز) بەهێزی تورکەکان خیلافەتی گرتە دەستو تورکەکان هەستیانکرد کە خیلافەت ناتوانێت بەبێ خزمەتی ئەوان بژیت، ئەمە وایلێکردن زیاتر سەرەڕۆیی بنوێنن، خەلیفە متەوەکیل کەهەستی بەڕاستی هەلوێستی فشاردانەرو خۆ سەپاندنیانو کەمی ڕێزگرتنی خودی خەلیفەیانی کرد، بڕیاریدا هێزیان بوەستێنێت، بەلام تورکەکان لەدژی ڕاپەڕین بەیارمەتی مونتەسەری کوڕی لەناویانبرد[1].

٣- **خیلافەتی مونتەسەر:** شتێکی ئاسایی بوو مونتەسەر(٢٤٧-٢٤٨ك/٨٦١-٨٦٢ز) کەتورکەکان بەیعەتی خیلافەتیان پێدا ملکەچی قەلەمڕەوی تورکەکان دەبێت، بەلام ئەو هەستی بەمەترسی دەسەلاتداری تورکی کردو هەولیدا سەرکردەکانیان لەناوببات، تورکەنانیش بێداریان لەو مەترسیە وەرگرتو خەلیفەیان کوشتو لەشوێنیدا ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی موعتەصەمیان داناو نازناوی(موستەعین)یان لێنا[2].

٤- **خیلافەتی موستەعین:** لەسەردەمی موستەعیندا(٢٤٨-٢٥٢ك/٨٦٢-٨٦٦ز) دیاردەی دووبەرەکی نێوان تورکەکان بەدیارکەوت، خلیفەش ئەو ناکۆکیانەی بەهەند وەرگرتو یەك یەك سەرکردە تورکەکانی لەناوبرد، سامەڕاشی بەرەو بەغداد بەجێهێشتو پشتی بەخەلکی بەغداد بەست، ئەوکات تورکەکان لایان بردو بەیعەیتان بەموعتەزی کوڕی متەوەکیل دا، جەنگی نێوان هەردوولا هەلگیرساو بەغدادیش سانۆی جەنگەکەبوو، تورکەکان توانیان یەکبوونی خۆیان بگێڕنەو، عەبدولای کوڕی تاهیری ئەمیری بەغدادیش دەستی لەموستەعین بەردا، بۆیە موستەعین ناچاربوو لەگەل ئەوەی جەماوەریش پالپشتی بوون واز لە خیلافەت بهێنێت[3].

---

[1] الطبري: ج٩ ص١٦٨-١٦٩، ١٧٥-١٨٠، ٢١٠.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٢٤٤، ٢٥١، ٢٥٦-٢٥٨.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٢٥٩، ٢٦٣-٢٦٤، ٢٧٨-٢٨١، المسعودي: ج٤ ص٩٧.

٥- **خیلافەتی موعتەز:** بارورودۆخی خیلافەت لەسەردەمی موعتەزدا(٢٥٢-٢٥٥ك/٨٦٦-٨٦٩ز) لەوبارە باشترنەبوو خلیفە موعتەز گەڕایەوە بۆ سامەڕاو کەوتە ژێرکاریگەری قەڵەمڕەوی تورکی، کاتێکیش هەوڵیدا سەرکردەکانیان لەناوببات، ناچاریانکرد واز لە خیلافەت بهێنێتو خیلافەتیان دایە پاڵ موحەممەدی کوڕی واثق و نازناوی(موهتەدی)یان لێنا[1].

٦- **خیلافەتی موهتەدی:** موهتەدی(٢٥٥-٢٥٦ك/٨٦٩-٨٧٠ز) نەوازشیو خاکیو لەخواترس بوو، زۆر حەزی لەچاکسازی بوو، بەڵام هێزی تورکەکان ڕێیان پێنەدەدا کاتێك ویستی قەڵەمڕەوی تورکەکان لەناوببات، تورکەکان لەسەر ڕزگاربوون لەدەستی یەك دەنگ بوونو بەیعەتیان بە ئەبولعەبباس ئەحمەدی کوڕی موتەوەکیل داو نازناوی(موعتەمەد)یان لێنا[2].

٧- **خیلافەتی موعتەمەد:** لەسەردەمی موعتەمەدا(٢٥٦-٢٧٩ك/٨٧٠-٨٩٢ز) و لەئەنجامی زۆربوونی ناکۆکی نێوان تورکەکان هێزی تورکەکان دایە داوە تائەوەی داوایان لەخلیفەکرد تابۆ سەرکردایەتی سوپا برایەکی خۆی دابنێت، ئەویش ئەبو ئەحمەد موفەق تەلحەی برای خۆی دانا، موفەق لەدوای ئەوەی هەموو کاروبارەکانی لەدەستی خۆیدا کۆکردەوە هەوڵیدا خیلافەت ببوژێنێتەوە، بەمەش شانوشکۆی تورکەکان دەشکا، بەڵام موفەق لەکتوپڕێکداو لەساڵی(٢٧٨ك/٨٩١ز)و پێش ئەوەی بەشێوەیەك ڕیشەیی شانوشکۆی خیلافەت بگێڕێتەوە مرد، خەلیفەش ئەبولعەبباس موعتەزەدی کوڕی وەك جێگیر دانا، دواتر خەلیفە پاش چەند مانگێك کۆچی دواییکرد[3].

٨- **خیلافەتی موعتەزەد:** موعتەزد(٢٧٩-٢٨٩ك/٨٩٢-٩٠٢ز) لەجەنگ و کارەکانیدا لەپێناو بوژاندنەوەی خیلافەت و گێڕانەوەی شانوشکۆ بۆی، هەمان ڕێبازی باوکی گرتەبەرو لەسەردەمی ئەودا دانەوەدوای قەڵەمڕەوی تورکەکان بەردەوامبوو.

٩- **خیلافەتی موکتەفی:** موعتەزید بۆ دوای مردنی خۆی موکتەفی کوڕی دانا(٢٨٩-٢٩٥ك/٩٠٢-٩٠٨ز)[4] لەسەردەمی ئەودا بزوتنەوە جیاخوازیو شۆڕشگێڕیەکان دەرکەوتنو خیلافەت لەدوای مردنی ئەو گەڕایەوە بۆ لاوازی، ئەمیش لەبەر ناکۆکیە

---

[1] اليعقوبي: ج٢ ص٤٦٨-٤٧٠، الطبري: ج٩ ص٣٨٩-٣٩٠.

[2] الطبري: ج٩ ص٤٥٦-٤٦٩، ابن عمراني: الأنباء في تأريخ الخلفاء: ص٩٨، المسعودي: ج٤ ص٩٦.

[3] الطبري: ج١٠ ص٢٠-٢١، المسعودي: ج٤ ص١٤٢.

[4] الطبري: ج١٠ ص٨٧.

خێزانیه‌کانو زیادبوونی قه‌ڵه‌مڕه‌وی ده‌وڵه‌ته جیاخوازیه‌کان، ئه‌مه ده‌رفه‌تی به‌تورکه‌کان به‌خشی تاهێزی خۆیان بگێڕنه‌وه‌و هه‌مان ڕێبازی پێشوویان له‌دیاریکردنی چه‌ند خه‌لیفه‌یه‌کی لاوازدا بۆ درێژه‌دان به‌قه‌ڵه‌مڕه‌وی خۆیان گرته‌به‌ر، ئه‌وان ئه‌بولفه‌زل جه‌عفه‌ری کوڕی موعته‌زدیان هه‌ڵبژاردو نازناوی موقته‌دریان لێنا، ئه‌وکات ته‌مه‌نی سیانزه ساڵ بوو[1].

١٠- **خیلافه‌تی موقته‌در:** موقته‌در(٢٩٥-٣٢٠ك/٩٠٨-٩٣٢ز)دا له‌مناست ئه‌و ڕووداوه سه‌ختانه‌دا نه‌بوو که‌چوارده‌وریان دابوو. کاتێك گه‌یشته ته‌مه‌نی گه‌نجی تاویدایه ئاره‌زووه‌کانیو هه‌ڵسوکه‌وت پێکردنی کاروباری ده‌وڵه‌تی بۆ مونیسولخادم به‌جێهێشت له‌ڕۆژانی ئه‌ودا ئاژاوه‌ی ناوخۆییو ده‌ره‌کی بڵاوبوویه‌وه‌و پیاوانی سوپا له‌دژی هه‌ستاو له‌سه‌ر کورسی ده‌سه‌ڵات لایانبردو به‌یعه‌تیان به عه‌بدوڵلای کوڕی موعته‌زداو نازناوی(ڕاخی)یان لێنا[2]. هه‌ندێك له‌سه‌رکرده تورکه‌کان هێشتا هۆگریو پشتیوانیان بۆ موقته‌د هه‌بوو و توانیان بیگێڕنه‌وه بۆ ده‌سه‌ڵات[3].

کاروباره‌کان بۆ باری پشێوی جارانیان گه‌ڕانه‌وه‌و ده‌ستێوه‌ردانی ئافره‌تان له‌کاروباره گشتیه‌کاندا زیادیکرد، سوپاش به‌ده‌ست ئه‌وباره‌وه سکاڵای بوو هه‌روه‌ك ترسو بیم که‌وته نێوان خه‌لیفه‌و نێوان مونیسولخادمی سه‌رکرده‌ی تورکیه‌وه‌و به‌کوشتنی خه‌لیفه‌و هه‌ڵبژاردنی موحه‌مه‌دی کوڕی موعته‌زه‌د بۆ پایه‌ی خیلافه‌ت و پێدانی نازناوی(قاهیر) کۆتایی پێهات.

١١- **خیلافه‌تی قاهیر:** خیلافه‌تی قاهیر(٣٢٠-٣٢٢ك/٩٣٢-٩٣٤ز) له خیلافه‌ته‌که‌ی موقته‌در چاکتر نه‌بوو، ئاژاوه‌ی سه‌ربازان به‌رده‌وام بوو و جارێکی تر پایه‌ی خیلافه‌ت که‌وته‌به‌ر ئامانجی سوکایه‌تی پێکردن، خه‌لیفه هه‌وڵیدا له‌ده‌ست سه‌رکرده تورکه‌کان ڕزگاری بێت به‌ڵام سه‌رکه‌وتوو نه‌بوو، تورکه‌کانیش خه‌لیفه‌یان گرتو هه‌ردوو چاویان هه‌ڵکۆڵیو به‌یعه‌تیان به‌(ڕاضی)[4] به‌خشی(٣٢٢-٣٢٩ك/٩٣٤-٩٤٠ز).

١٢- **خیلافه‌تی( ڕاچی ): نیزامی میری میران( أمیر الأمراء ):** له‌سه‌رده‌می(ڕاضی)دا نیزامی ده‌سه‌ڵات گه‌شه‌سه‌ندنێکی تری به‌خۆیه‌وه دیو خیلافه‌ت بۆ ڕزگارکردنی ده‌سه‌ڵاتی کۆیکراوی هه‌وڵێکی تری خسته‌کار که‌مه‌ڵبه‌ندی خیلافه‌ت و وه‌زاره‌تو باری تورکه‌کانی له‌خۆده‌گرت،

---

[1] هه‌مان سه‌رچاوه: ج١٠ ص١٣٩.

[2] الطبري: ج١٠ ص١٤١، المسعودي: ج٤ ص٢١٤.

[3] ابن عمراني: ١٢١-١٢٢.

[4] المسعودي: ج٤ ص٢٢١، ٢٣١، مسكوية: تجارب الأمم: ج١ ص٢٨٦-٢٩١.

ئەو گەشەسەندنەش بەدەرکەوتنی پایەی(میری میران) کۆتایی پێهات کەئەوکەسە دەستی بەسەر کاروباری دەسەڵاتدا دەگرتو سەڵاحیاتی بەسەر باجەکانو کارگێڕیدا هەبوو هەژمونی بەسەر خیلافەتدا هەبوو تائەوەی خەلیفە تەنها هێمایەك بوو لەپەیڕەوی دەسەڵاتدا سەڵاحیاتی کرداری وای نەبوو، هەروەك قەڵەمڕەوی وەزیرەکانی نەهێشتو ململانێی نێوان خەلیفەو تورکەکانی وەستاند. -

ئەو پایەیە لەساڵی(٣٢٤ك/٩٣٦ز)و لەسەر حسابی پایەی وەزارەت بەهۆی بوونی چەند وەزیرێکی لاوازەوە کەنەیاندەتوانی کاروباری وەزارەت راپەڕێنن دەرکەوت، لەکاتێکدا قەڵەمڕەوی تورکەکانیش بەهۆی لێکهەڵوەشانی نێو ڕیزەکانیانو ڕکەبەریان لەسەر مەڵبەندی دەسەڵاتو بڕیاردان دایە دواوە، لەئەنجامی ئەمەدا خیلافەت ڕوویکردە فەرمانڕەوایانی ویلایەتەکان تالەڕزگارکردنی بارەکەدا پشتیان پێببەستێت، بۆیە خەلیفە(ڕاضی)(موحەمەدی کوڕی ڕائیق)ی ئەمیری واستو بەصرەی بانگکردو کاروبارەکانی دایە دەستو هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی پێڕەواکردو نازناوی میری میرانی لێنا[1].

داهێنانی ئەو پایەیە بوویە هۆی ڕوودانی ڕکەبەریەك لەنێوان والیەکانداو هەریەکەیان دەیویست بیگرێتە دەست، جالەساڵی(٣٢٦ك/٩٣٨ز)دا قەڵەمڕەوی ئیبن ڕائیق لاوازبوو و یەکێك لەسەرکردەکانی کەبە(بجکم) ناودەبرا لەدژی هەستاو لەدەسەڵات دەریکردو لەساڵی دواتردا پایەی میری میرانی گرتە دەستو ئەبو عەبدوڵای بەریدی فەرمانڕەوای ئەهوازیش ڕکەبەری ئەوی دەکرد.

١٣- **خیلافەتی موتتەقی:** ناودارانی دەوڵەتی بنەماڵەی عەبباسی لەدوای مردنی(ڕاضی) جەعفەری کوڕی موقتەدریان بۆ گرتنە دەستی پایەی خیلافەت هەڵبژاردو نازناوی(موتتەقی)یان لێنا[2]، دواتر وا ڕوویدا دوای چوار مانگ بجکم بەدەستی یەکێك لەتورکەکان کوژرا[3].

موتتەقی(٣٢٩-٣٣٣ك/٩٤٠-٩٤٤ز) تەنها ئامێرێکی یاریکردن بوو بەدەست ئەو سەرکردانەی لەسەر دەسەڵات ڕکەبەریان بوو، لەسەردەمی ئەمدا سەڵاحیاتی پایەی میری میران گوازرایەوە بۆ ئەبو عەبدوڵای بەریدی[4]، بەریدی نەیتوانی پێویستیو داواکاریە ڕوولە زیادبووەکانی

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج١ ص٣٥١-٣٥٢.

[2] ابن الأثير: ج٧ ص٩١، ٩٣-٩٤.

[3] مسكوية: ج٢ ص٩-١٠.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٢ ص٢٣.

سەربازان بەدی بهێنێت‌و بووبە ئامانجی پیلانیان، بەمە باروڕۆخ لەبەغداد شێواو ناچاربوو بەجێی بهێڵێت[1]، ئینجا بۆجاری دووەم ئیبن ڕائیق پایەکەی گرتەدەست[2].

١٤- **خیلافەتی موستەکفی:** لەئەنجامی نوێ بوونەوەی ناکۆکیەکانی لەگەڵ ئیبن ڕائیقدا خەلیفە موتتەقی ناسیرودەولەی حەمدانی لەساڵی(٣٣٠ك/٩٤٢ز) وەك میری میران‌و دواتر تۆزۆنی تورکی وەك میری میران دانا[3]، ئەویش ترسی لەنزیکبوونەوەیەك بوو کەجارجار لەنێوان خەلیفەو تۆڵۆنیەکاندا لەمصر ڕوویدەدا، بۆیە خەلیفەی گرت‌و ناچاریکرد تاوازبهێنێت‌و لەشوێنیدا عەبدوڵای کوڕی موکتەفی داناو نازناوی(موستەکفی) لێنا[4]، تۆزۆن دەسەڵاتی بەتەنها گرتە دەستی خۆی، پاشان شێرزادی کوڕی شوێنی گرتەوەو تائەوکاتەی موعیزودەولەی کوڕی بوەیە دەستی بەسەر بەغدادا گرت‌و پایەی میری میرانی هەڵوەشاندەوە ئەو هەر لەو پۆستەدا مایەوە[5].

١٥- **بزوتنەوەی زەنج:** بزوتنەوەی زەنج کەزیاتر لەچوارده ساڵی خایاند(٢٥٥-٢٧٠ك/٨٦٩-٨٨٣ز) لەپێش ئەوەی لەناوبچێت دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی داتەپاند، لەڕاستیدا لەسەرتاوە کۆڵەکەی ئەو بزوتنەوەیە خۆی لەهەندێ عەرەبدا دەبینیەوە کەلە مەهلەبی‌و هەمەدانیەکان‌و.... هتد بوون، ئەو دەستانەش بەشداریان تێداکرد جۆراوجۆربوون: زەنجەکان کەخەڵکی لادێبوون، عەرەبە لاوازو هەژارەکان، چەند خێڵێکی عەرەبی کەلەدژی دەسەڵات هەستابوون.. ئەو کەسایەتیەش کەسەرکردایەتی ئەم کۆمەڵەیەی دەکرد عەلی کوڕی موحەمەد بوو کەرەچەڵەکی فارس بوو، ئەمیش کەسایەتیەکی گۆڕاوو هەڵگەڕاوەبوو، سیفەتی چاوچنۆکی‌و فرەویستی‌و خەیاڵبازی‌و دوور لەدنیا نەویستی هەبوو، باروڕۆخی پشێوی ناوخۆی کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ خواستی دەسەڵاتخوازی خۆی قۆستەوە، بۆ ڕاکێشانی عەلەوییەکان بانگەشەی ئەوەی دەکرد سەربە ڕەچەڵەکی عەلەویە، هەرچەندە بیروباوەڕی ئەو سەبارەت بە خیلافەت لەگەڵ بیروباوەڕی عەلەوییەکاندا نەدەگونجا، ڕای خەواریجیشی لەسەر شورا وەرگرت‌و لەقۆناغێکی ژیانیدا کەڕێبازەکەی لەگەڵ ڕێبازی هەڵگرانی شورادا

---

[1] ابن عمراني: ص١٣٤.

[2] مسكوية: ج٢ ص٢٢.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٢٨، ٤٤.

[4] ابن عمراني: ص١٤١.

[5] مسكوية: ج٢ ص٨١-٨٢، ٨٤، ٨٥.

دەگونجا مەزهەبەکەی ئەوانی گرتەبەر، ئەو باری سەختو نارەحەتی کۆیلەکانی قۆستەوەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کەخوا ناردوویەتی تارزگاریان بکات، هەروەك بنگەشەی زانینی غەیبی دەکردو کەوتە نیازی پێغەمبەرایەتی[1]، شتێکی روونە کەجیاوازی لەبیروباوەری بزوتنەوەکەدا وایلێدەکات هیچ دیدو شێوەیەکی بیروباوەری هەڵنەگرێتو تەنها بزوتنەوەیەکی چەکداری دژبە نیزامی خیلافەتی عەبباسی بێت هەروەك سەرکردەکەشی بەکەسێکی مەرگخواز بۆ گەیشتن بەدەسەڵات دادەنرێت.

**پاڵنەرەکانی چوون بەدەمی بزوتنەوەکەوە لەسێ خاڵدا خۆیان مۆڵداوە:**

**سیاسی:** چونکە باری خیلافەت ناجێگیربوو ئەمەش لەئەنجامی بەرزبوونەوەی قەڵەمڕەوی تورکەکان لەپاڵ ململانێی نادیاری نێوان خۆشگوزەرانو کۆیلەکان، ئەوکسانە بانگەوازەکەی عەلی کوڕی موحەممەدیان بەفریادڕەسێك دەزانی.

**ئابووری:** لەئەنجامی بارودۆخی دارماوی دارایی‌و دیاردەی پێکهاتەی چینایەتی ناوکۆمەڵگەی ئیسلامی لەچینی دەوڵەمەندەوە بۆ چینی بازرگان، ئینجا چینی گشتی ئیشکەر.

**کۆمەڵایەتی:** بەپێی ڕێڕەوی ژیانی ئەو دەستەو تاقمە کۆیلانەی کەلەبارێکی سەختو توندو رەقدا دەژیان چونکە لەچاککردنو ووشك کردنەوەی زەلکاوەکانو لابردنی شۆرەکاتدا ئیشیان دەکرد[2] پاشان خوێیەکە دەبرا بۆ شوێنێكو دەفرۆشرا، ئەمە لەبەرامبەر یەك ژەمە نانىدا، بۆیە ئەو دەستەو تاقمانە دەیانویست لەو کارە سەختەو ژیانە ناخۆش‌و نارەحەتە ڕزگاریان ببێت[3]. عەلی کوڕی موحەممەد لەماوەی دە ساڵدا دەستی بەسەر ڕووبەرێکی فراوانی نێوان ئەهوازو واسطدا گرتو هەڕەشەی لەبەغدادیش دەکرد، ئەوکات خەلیفە موعتەمەد ئەبو ئەحمەد موفق تەلحەی برای خۆی ڕاسپارد تالەگەڵیدا بجەنگێك، ئەویش لەگەڵ زەنجدا پێکیداداو عەلی کوڕی موحەممەد کوژراو ئەوانەی تر لەشوێنکەوتەکانی مابوونەوە خۆیان بەدەستەوەدا[4].

لەڕاستیدا بزوتنەوەی زەنج لەواقعی نارەحەتی‌و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری نێو زۆنگاو و دەشتەکانی بەصرەوە هەڵقوڵا، لەسەرەتاوە سەرکەوتووبوو و ئامانجە ڕاگەیانراوەکانی لەگەڵ کارەکانیدا دەگونجان بەڵام بارو دیدە پشێویەی لەلوتکەی بەرەنگاربوونەوەیدا پێوەیلکا

---

[1] الطبري: ج٩ ص٤١٢.

[2] شۆرەکات چینێك خوێیە کەلەناوی کەنداوی عەرەبیەوە دێتەدەرێ بەخوێ دەرهاتووەکە دەڵێن شۆرەك.

[3] عمر: ص٣٢٨.

[4] الطبري: ج٩ ص٦١٤-٦١٥، ٦٣١.

وایکرد دیده کۆمەڵایەتیەکانی کەم بکەن، هەژاری بزوتنەوەکەش بۆ بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی بەنیازبوو ئامانجی دابڕێژێت‌و پەیوەندی نێوان سەرکردایەتی‌و شوێنکەوتوان ڕوونبکاتەوە، ئەو دیدی کەمکردنەوەو دواکەوتنەی زیاتر کرد هەروەك تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەندامەکانی ئامانجیان تۆڵەسەندنەوەبوو نەوەك چاکسازی‌و کودەتای کۆمەڵایەتی بوو نەوەك سەرپێ خستن، سەرکردەکەشیان نەیتوانی خۆی لەپرسی بیرۆکەی سەرکردایەتی ڕزگاربکات، هەروەك بیرو کارە شۆڕگێڕیەکەش سنوردارو ناوچەیی بوو و خواست‌و هەوڵی گشتگیری نەبوو لێرەوە دەزانین کەعەلی کوڕی موحەمەد نەیتوانیوە چەند بەشێکی گەورەی کۆمەڵگەی عیراقی وەك جوتیارو گەورە خاوەن موڵك‌و بازرگان‌و پیشەگەران‌و تەنانەت قەرمەتیەکان کە دژ بە دەسەڵاتی عەبباسی بوون بەلای خۆیدا ڕابکێشێت‌و تەنها کۆیلەکان بوون ئەوانیش لەگەڵ ئەوەی ژمارەیان زۆربوو، بەڵام لاوازو بێتواناو بێدەسەڵات بوون.

لەلایەکی ترەوە خێرایی ڕووداوەکان‌و نەخشەسازی عەبباسیەکان بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەکە، دەرفەتیان بەسەرکردەکەی نەدا تاڕیزەکانی هێزەکانی ڕێکبخات‌و بتوانێت کۆمەڵگەیەکی سەقامگیری خاوەن ڕێکخستنی تایبەت بنیاد بنێت بۆیە ئاسایی بوو مۆرکە مرۆییی‌و شۆڕشگێڕیەکەی خۆی لەدەست بدات‌و بەرەو کۆتاییهاتنی دنیایی پاڵی پێوە بنێت بەڵام ئەو بنکە شۆڕشگێڕیەی کەلێکهەڵوەشا توانی یەکێك لەو پاڵپشتە بنەڕەتیانە پێکبهێنێت کەدواتر پاڵنەری دەرکەوتنی بزوتنەوەی قەرمەتی بوو[1].

**پەیوەندی لەگەڵ عەلەوییەکاندا:**

لەوسەردەمەدا عەلەوییەکان چەند بزوتنەوەیەکی بەرهەڵستکاریان ئەنجامدا کەجیابوونەوەی زۆرێك لەبەشەکانی دەوڵەت‌و بڵاوبوونەوەی ڕێبازی عەلەوی لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا لێکەوتەوە بەتایبەت ناوی ئیسماعیلیەکان دێین کەئەندامەکانی بانگەوازیان بۆ ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری صادق دەکرد هەروەها ناوی قەرمەتیەکان دەهێنین[2].

هەوڵی ئیسماعیلیەکان دامەزراندنی دەوڵەتی عبیدی فاتمی لەئەفریقیا لەساڵی(٢٧٩ك/٩١٠ز) لەسەر دەستی عەبدوڵای مەهدی لێکەوتەوە، وێڕای دامەزراندنی زەیدی عەلەوی لەتەبەرستان لەساڵی(٢٥٠ك/٨٦٤ز) لەسەر دەستی حسنی کوڕی موحەمەدی کوڕی ئیسماعیل[3].

---

[1] سەبارەت بەهۆکارەکانی بزوتنەوەی زەنج بڕوانە: عابي، أحمد: ثورة الزنج و قائدها علي بن محمد ص١٤٥-١٦٥.

[2] بزوتنەوەی قەرمەتی دەدرێتەوە پاڵ حەمدانی کوڕی ئەشعەث کەبە قەرمەت ناسرابوو.

[3] إقبال، عباس: تأريخ ايران بعد الإسلام: ص٢٠-٢١.

**پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە جیاوازەکاندا:**

١- **دەوڵەتی تاهیری(٢٠٥-٢٥٩ك/٨٢٠-٨٧٣ز):** دەوڵەتی تاهیر لەفارس و بەخواستی خەلیفە دامەزراو تاهیری کوڕی حسین کەیەکێك لەسەرکردەکانی مەئموون بوو و مەئموون لەساڵی(٢٠٥ك/٨٢٠ز)دا کردی بەوالی خۆراسان و هەموو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی لەبەغدادەوە تا سنوری لەگەڵ هیندا دایە دەست، دایمەزراندو نەیسابوری کردبە پایتەختی وڵاتەکەی[1]. تاهیر هەر لەسەرەتای دەسەڵات وەرگرتنەوە دیدی جیاوازیی دایگرت، بۆیە لەساڵی(٢٠٧ك/٨٢٢ز)دا مەئموونی لە خیلافەت لابردو نزا بۆکردنی بڕی و دواتر بەرگی ڕەنیسی فڕێداو بەوەش جیابوونەوەی خۆی لەبەغداد ڕاگەیاند[2] بەڵام لەکوتوپڕێکدا مردو جێگیرەکانیشی نەیانتوانی دەستکەوتەکانی تاهیر بپارێزن هەرچەندە سووربوون لەسەر ئەوەی درێژە بەسیاسەتی تاهیرو خیلافەت بدەن، ئەوان لەبەردەم دەرکەوتنی بزوتنەوەی عەلەوییەکاندا دەستەوسان وەستان تالەکۆتاییدا لەژێر گورزی سفاریکاندا ڕووخان.

٢- **دەوڵەتی سەففاری(٢٥٤-٢٩٨ك/٨٦٨-٩١١ز):** ئەم دەوڵەتە درێژەپێدەری سیاسەتی ئەو بزوتنەوە جیاخوازانەبوو کەلە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەفارسدا دامەزرا، یەعقوبی کوڕی لەیثی سەففار لەساڵی(٢٥٤ك/٨٦٨ز)و لەدوای ئەوەی دەرفەتی لاوازی خیلافەتی بەهۆی سەرقاڵبوونی بەجەنگی زەنجەوە بەهەندو وەرگرت ئەم دەوڵەتەی دامەزراندو وڵاتی فارسی دایە پاڵ خۆی و بەئاڕاستەی خۆراسان فراوانخوازی کرد لەدوای ئەوەی دەوڵەتی تاهیری لەناوبردو دەستی بەسەر سجستان و دۆڵی کابوڵ و سەندو مەکرانیشداگرت[3]. نامەشی بۆ خەلیفە نوسی کەلەو ناوچە ڕۆژهەڵاتیانەدا چی ڕوویداوە.

خەلیفە لەهەڵسوکەتە فراوانخوازیەکانی یەعقوب ڕازی نەبوو، ئەمەوای لەسەرکردەی سەففار کرد ڕاپەڕێت و هەڕەشە لەدەسەڵاتی مەرکەزی بکات و بەئاڕاستەی عێراق کشا، خیلافەت هەستیکرد ناتوانێت لەڕووی کشانی سەففاریدا بوەستێت، بۆیە خواستی ئاگربەستی هەبوو و وەڵامی داواکانی یەعقوبی دایەوەو هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات و پۆلیسی بەغدادو سامەڕای دایە دەست و لەبەردەم

---

[1] الطبري: ج٨ ص٥٧٧، ٥٩٥.

[2] اليعقوبي: ج٢ ص٤١٣.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٤٥٩-٤٦٠؛ ابن الأثير: ج٦ ص٢٤٧-٢٤٨.

حاجیەکاندا نەفرین لێکردنی پوچەڵکردەوە[1] خیلافەت تەنها بەهێندەی پێویستی هۆش بەخۆداهاتنەوە پەنای بۆ ئاگربەست بردو بۆ لەناوبردنی قەڵەمڕەوی یەعقوب لەهەرێمی ئەودیو ڕووباردا بەسەرکردایەتی نەسری کوڕی ئەحمەدی سامانی دەسەڵاتێکی هەواداری خۆی دامەزراند.

یەعقوب هەستی بەسیاسەتی دوژمنکارانەی خەلیفە بەرامبەر بەئەو کردو بڕیاریدا سنورێکی کۆتایی بۆ ئەو بارە دابنێت، بەڵام لەپێش ئەوەی ئامانجەکەی بەدی بهێنێت لەساڵی(٢٦٥ك/٨٧٩ز)دا کۆچی دوایی کرد[2].

پەیوەندی نێوان خەلیفەو نێوان جێگیرەکانی یەعقوب لەنێوان هاریکاریو دوژمنکاریدا بەپێی گۆڕانی بارودۆخەکان بەڕێوە دەچوو، بەڵام خیلافەت کەبڕیاری وێرانکردنی ئەو هێزە جیاوازیەی دابوو، سوپای بۆ هەرێمە ڕۆژهەڵاتیەکان ناردو توانی جێگیرەکانی عەمری برای یەعقوب لەناوببات، ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی سامانی توانی لەساڵی(٢٩٨ك/٩١١ز)دا دەست بەسەر سجستاندا بگرێت، دواتر دەوڵەتی سەففاری ئاوابوو[3].

٣- **دەوڵەتی سامانی**( ٢٦١-٣٨٩ك/٨٧٤-٩٩٩ز): دەوڵەتی سامانی لەهەرێمی ئەودیو ڕووباردا دامەزراو بەرەو فارس پەلی هاوێشتو دەسەڵاتی بەسەر خۆراساندا بڵاوبوویەوە، هەروەك تەبەرستانو ڕەیو ناوچەی شاخو سجستانی لەخۆگرتو هەوڵیدا بەشێوەیەکی دیارتر لەڕوانگەی زیندوکردنەوەی زمانو ڕۆشنبیری فارسیەوە دیدی جیاوازی فارسی پەیڕەوی بکات[4]. شیاوی باسە سامانیەکان ئەچنەوە سەر بنەماڵەیەکی ڕەسەنی فارسی لەڕوانگەی ژیانی سیاسیانەوە سووربوون لەسەر ئەوەی وابەستەی گوێڕایەڵی خەلیفەبن لەڕاستیدا خواستەکانیان بەرەو فراوانخوازی دەرەکی بوو و لەڕۆچوونە دیدی جیایی ناوخۆیی لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیەکانی تر خۆیان دەپاراستو لەفتوحاتیاندا جەختیان لەسەر تورکستان لەڕۆژهەڵاتی ڕووباری جەیحون کردەوە.

خیلافەتیش لەلایەن خۆیەوە سامانیەکانی بەوالی دڵسۆز دەزانی، بەڵام لەناو وڵاتی خۆیاندا سەربەخۆییو دەسەڵاتی تایبەتیان هەبوو، خیلافەت لەچەسپاندنی دەسەڵاتی لەڕۆژهەڵاتدا پشتی بەسامانیەکان دەبەست.

---

[1] الطبري: ج٩ ص٥١٤، ٥١٦: ابن خلكان: وفيات الأعيان ج٦ ص٤١٣.

[2] ابم الأثير: ج٦ ص٣٦٠-٣٦١.

[3] الطبري: ج١٠ ص١٤٣-١٤٤.

[4] Brown: Literary History of persia ٣٥٦, ٣٦٩, ٣٩٩

دەوڵەتی سامانی لەکۆتا ڕۆژەکانیدا بەرەو ڕووی چەند فشارێکی ناوخۆیی بوویەوەکە کەخۆی لەهەڵگیرسانی ململانێی خێزانی نێوان ئەندامانی بنەماڵەی سامانیو دەرچوونی سەرکردەو کاربەدەستەکانی هەرێمەکاندا دەبینیەوە، بەرەو ڕووی چەند مەترسیەکی دەرەکیش لەلایەن دەیلەمیو بوەیهیەکانو خانە تورکەکانو غەزنەویەکانەوە بوویەوە، ئەمە بوویە هۆی لاوازبوونیو دراوسێکانی چاویان تێبڕی تائەوەی لەکۆتایدا ناوچەکەی لەنێوان غەزنەویەکانو خانە تورکەکاندا دابەشکرد[1]. ئەوەی ماوە باسی بکەین ئەوەیە کەسامانیەکان ڕۆڵێکی دیاری ژیاریو سیاسیان بینیو سەردەمەکەیان بەتایبەتمەندی ڕاپەڕینێکی زانستیو ئەدەبی پرشنگداری هەبوو کەلەسەردەمی فیردەوسیدا گەیشتە لووتکەو(ڕەی) پایتەختیان بووبە گرنگترین مەڵبەندی زانستە ئیسلامیەکان، لەڕووی سیاسیشەوە پارێزگاریان لەناوچە سنوریەکانی ڕۆژهەڵات کردو قەڵەمڕەوی ئیسلامیان بەرەو وڵاتی تورك درێژکردەوەو ڕۆژێك لەڕۆژان لەشوێنکەوتەیی خەدەرنەچوون[2].

٤- **دەوڵەتی تۆلۆنی(٢٥٤-٢٩٢ك/٨٦٨-٩٠٥ز):** ئەحمەدی کوڕی تۆلۆن کەلەممالیکە تورکەکان بوو و دایکی لەدوای مردنی باوکی لەگەڵ ئەمیر بایکاباکی تورکیدا هاوسەرگیری کرد، ئەم دەوڵەتی تۆلۆنیەی دامەزراند، بایکباك ئەو سەرکردەبوو کەخەلیفە موعتەمز لەساڵی(٢٥٤ك/٨٦٨ز) کردی بەوالی مصر، ئەویش ئەحمەدی نارد تابەنوێنەرایەتی ئەو فەرمانڕەوایی مصر بکات، باری سیاسیو ئابووری داڕماویش یارمەتی دا تالە مصردا جێ پێی خۆی بچەسپێنێت، هەروەك خەلیفە موهتەدی وویلایەتی سەرسنورە شامییەکانی لەئەنجامی ڕوودانی بارگرژی لەو سەرسنورانەدا دایە دەستی[3] لەدوای مردنی هەریەك لە بایکباكو بارجوخی جێگیری لەساڵی(٢٥٩ك/٨٧٣ز)دا ئیبن تۆلۆن ڕاستەخۆ لەلایەن خەلیفەوە بووبە فەرمانڕەوای مصر[4].

ئیبن تۆلۆن دەستی بەئەنجامدانی چەند کاریێی بنیادنان کرد کەدربڕی ئاستی گرنگیدانی تەواوی ئەوە بەمصرو لەوڕوانگەوە نیازی بنیادنانی دەوڵەتیێی تایبەت بەخۆو جیا لە خیلافەتی هەبێت، بۆئەمەش ناوچەیەکی بۆ فستات دامەزراند کەبە شەزەویەکان بوو و تیایدا مزگەوتە بەناوبانگەکەی خۆی بنیادنا کەتائێستاش ماوە، لەڕوانگەی گەشەدان بەسەرچاوەکانی سامانو

---

[1] إقبال: ص٦٢.

[2] ابن خلكان: ج١ ص١٥٢-١٥٣.

[3] ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة: ج٣ ص٧.

[4] ابن الأثير: ج٦ ص٢٥٠.

زیادکردنو چەند بەرامبەر کردنی داهاتی مەیدانیەکانی بەرهەم هێنانەوە بەری ناوخۆیی بەهێزکردو جۆگەی واودێریو بەستە وێرانبووەکانی چاککردەوەو هۆشیاری بەکاربەدەستان دا کەنابێت دیاری وەربگرن.

لەئەنجامی ئەو چاکسازیانەدا ئیبن تۆلۆن ماڵو سامانێکی زۆری بۆ کۆبوویەوەو یارمەتی دا تاسوپایەکی بەهێز دابمەزرێنێت کەهۆگریو پشتیوانی بۆی هەبێتو لەبەدیهێنانی پرۆژە جیاخوازیەکانیو بەرگریلێکردنیدا یارمەتی بدات، ئەو گرفتە گەورەی بەرەو ڕووی ئیبن تۆلۆن بوویەوە پەیوەندی ئەوبوو لەگەڵ ئەبو ئەحمەد موفق تەلحەدا کەدەستی بەسەر کاروباری گشتی بەغدادا گرتبوو و بەنامانجی ڕاپەڕاندنی دەسەڵاتی مەرکەزی سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی چاکسازی دەکرد، بۆیە هەوڵیدا دەوڵەتی تۆلۆنی کەلەکارگێڕی مەرکەزی جیابووبوویەوە لەناوبباتو هەوڵیدا وولاتی شام بگرێتە دەست ، بەڵام هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبوون، ئیبن تۆلۆن توانی دانپێدانانی خەلیفە بەدەستبخات ئەمەیش بەهۆی پەیوەندی باشی بەخەلیفەوە خەلیفە لەسەر دەسەڵاتی مصرو وولاتی شام وێڕای سەرسنورەکانی دانا[1].

ئیبن تۆلۆن لەنێوەندی ئەو ململانێیە لەگەڵ موفەقدا هەوڵیدا مەڵبەندی خیلافەت بگوازێتەوە بۆ مصرو ئەمەش ئەو ساردوسڕیەی بەهەندوەرگرت کەلەنێوان خەلیفەو موفەقدا سەریهەڵدابوو، بەڵام کارەکەی سەرینەگرت[2].

موفق پەنای بۆ ئارمش نەبردو هەوڵیدا نەیارەکەی ببەزێنێت، بۆیە لەسەر مصرو وولاتی شام لایبردو ئیسحاق کوڕی کنداجی لەسەر ناوچەکە دان[3] لەئەنجامی ئەوەدا هێزی ئیبن تۆلۆن کشایە دواوە، دواتر هەردوولا لەئەنجامی ڕێکەوتنی نێوانیان چەند دانوستانێکیان ئەنجامدا، بەڵام پێش ئەوەی کۆتایی پێبێت مەرگ ڕێی بەئیبن تۆلۆن گرت، ئەمەیش(لەسەرەتاکانی مانگی زیلقەعدەی ساڵی ٢٧٠ك/ مانگی ئایاری ساڵی ٨٨٤ز)دابوو[4] خەمارەوەیهی کوڕی شوێنی گرتەوەو ئەرکی بەرگریکردن لە میراتی تۆلۆنی لەمصرو پارێزگاریکردن بەوولاتی شامی لەگەڵ بەردەوام بوونی دوژمنایەتی خیلافەت بۆ تۆلۆنیەکان لەئەستۆدابوو، هەوڵەکانی موفق بۆ لابردنی یان زاڵبوون بەسەریدا لەمەیدانی جەنگدا سەریان نەگرت بەتایبەت لەدوای ئەوەی لەجەنگی(تەواحین) لەسەر

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٦ ص٢٥٠-٢٥٣.

[2] الکندي: کتاب الولاة والقضاة: ص٢٢٥، ٢٢٩.

[3] ابن خلدون: تأريخ ابن خلدون ج٣ ص٦٩٥.

[4] البلوي: سیرة أحمد بن طولون ص٣٠٥، ابن الأثير: ج٦ ص٤٢٧-٤٢٨.

ڕووبـاری ئـەبو فـتروس لەباشـوری فەلەسـتین لەسـاڵی(٢٧١ك/٨٨٤ز) لەبـەردەم هێزەکـانی تۆلۆنیەکاندا شکستی خوارد[1]. لەسـەردەمی ئـەودا دەوڵـەتی تۆلـۆنی هێزێـك بـوو کەبەشـیاوێتیو تەواوێتیـەوە پڕکردبوویـەوە، لەگـەڵ ئـەو سـەرکەوتنانەی خەمارەوەیـە بەدەسـتی هێنـا، حـەزی بەئاشتەوایش دەکردو پێشڕەوی بۆداوای ڕێکەوتن کرد، بەوەش قۆناغێکی نـوێی پەیوەنـدی لەگـەڵ خیلافەتی عەبباسیدا کرایەوە، ئەو پەیماننامەیەی لەگەڵ هەردولادا بەسترا، دەسەڵاتی مـصرو وڵاتـی شام و سەر سنورەکانی بەدرێژایی سی ساڵ(٣٠) بۆ تۆلۆنیەکان لـەخۆدەگرت لـە بەرامبـەر ئـەوەی سەرانەیەکی زۆر بدەن، ئەو پەیووەندیە پاشـانەش بەهاوسـەرگیری پاڵپـشتی کـرا، کاتێـك خەلیفـە موعتەز قەترونەدای کچی خەمارەوەیهی بەهاوسەرگرت[2].

لەساڵی(٢٨٢ك/٨٩٥ز) خەمارەوەیە لەسەر دەستی چەند سـەربازێکی خـۆی کـەژرا لـەدوای مردنی ئەو دەوڵەتی تۆلۆنی تێکچوو بەردەوام لەماوەی دە سـاڵی تەمـەنی کۆتاییـدا لەداڕمانـدابوو، ئەمەش بەهۆی دەست تێوەردانی سەربازانو ڕکەبەری سەرکردەکان تائەوەی لەسەر دەستی خەلیفـە موکتەفیدا کەلەساڵی(٢٩٢ك/٩٠٥ز)دا چوویە مصر کۆتـایی بـەم دەوڵەتـە هـات، خەلیفـە جگـە لەمزگەوتەکـە هـەموو شـاری زەویـە تایبەتـەکانی وێرانکـردو ئەوشـارە گەڕایـەوە بـۆ دەسـەڵاتی ڕاستەوخۆی خیلافەت[3].

٥- **دەوڵـەتی ئەخـشیدی(٣٢٣-٣٥٨ك/٩٣٥-٩٦٩ز)**: مـصر گەڕایـەوە بـۆ کۆشـی خیلافـەتی عەبباسی، بەڵام ئـەو خیلافەتـە جـارێکی تـر لەسـەردەمی موقتـەدر دا توشـی لاوازی بـوو و دەستەوسان بوونی لەپارێزگاریکردن بەدەسـەڵاتی لەوویلایەتەکانیـدا و لەنێویـشیاندا مـصری نیشاندا، لەگەڵ ئەمەشدا مەترسیەکی دەرەکی دەرکەوت کەخۆی لەهـەوڵی فاتیمیەکانـدا بـۆ هێرش بردنە سەر مصر خۆی دەنواند، بارەکـە پێویـستی بـەبوونی فەرمانڕەوایـەکی بـەهێزبوو کەئەو چۆڵەوانیە پڕبکاتەوەو ڕێ لەمەترسیەکان بگرێت و مصر بکاتە دەوڵـەتێکی بەربەسـت لەبـەردەم کـشانی فاتیمیـدا، جـا خەلیفـە موحەمـەدی کـوڕی تغجـی کـوڕی جغـی لەساڵی(٣٢٣ك/٩٣٥ز) لەسەر مصر داناو ئـەو ئەرکـەی پێـسپارد[4]، موحەمـەدیش سـەرەتا گرنگی بەبەهێزکردنی مەڵبەندی خۆی لەناوخۆوە داو ڕێبازەکـەی ئەحمـەدی کـوڕی تۆلـۆنی

---

[1] الطبري: ج١٠ ص٨، ابن الأثير: ج٦ ص٤٣٣-٤٣٤.

[2] الطبري: ص٢٠-٢١، ٢٩-٣٠، ابن تغري بردي: ج٣ ص٥١.

[3] ابن تغري بردي: ج٣ ص١٣٤-١٤٠.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٢٥١.

گرتەبەرو توانی ڕێگری ئەو فاتیمیەکان بکات کەلەساڵی(٣٢٤ك/٩٣٦ز)دا کردیانە سەر مصر لەهەمان کاتدا پەیوەندی باشی خۆی لەگەڵ خیلافەتدا پاراست ئەویش وڵاتی شامیشی خستە سەر ناوچەی دەسەڵاتی‌و نازناوی(ئەخشید)ی لەموحەمەد نا[1].

لەوکاتەدا خیلافەت بەهۆی ململانێی لەپێناو بەدەستخستنی پایەی ئەمیری ئەمیران چەند گەشەسەندنێکی خێرای بەخۆوە بینی، ئەخشیدیش لەدرێژەی ئەو ململانێیەدا بەشداریکردو لەساڵی(٣٢٨ك/٩٤٠ز) لە(عەریش) ئیبن ڕائیقی تووشی شکستکرد[2]، بەڵام ئەخشید بەرژەوەندی گشتی لەپێش بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دانا و لەگەڵ ئیبن ڕائیقدا ڕێککەوتنێکی بەست کەبەو پێیە وازی لەزەویەکانی شام کەدەکەوتنە باکوری ڕەملە بۆئەو دەهێنا، پاشان لەدوای مردنی ئیبن ڕائیق لەساڵی(٣٣٠ك/٩٤٢ز)دا دەستی بەسەر هەموو وڵاتی شامداگرت[3]و خەلیفە موتەقی دانی بەمیراتگری دەسەڵاتی مصردا بۆ موحەمەد ناو لەسەر وڵاتی شامیش هێشتەوە[4].

ئەخشید لەکاتی فراوانخوازیدا بەئاراستەی باکور لەگەڵ سەیفودەولەی حەمدانیدا پێکیدادا، بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنیشدا پاشەکشەی کرد، چونکە هەستی بەپێویستی بوونی هێزێکی ئیسلامی لەباکوری وڵاتی شام وەك هێزی حەمدانیەکان بۆ ڕێگریکردنی دەستدرێژیەکانی بیزەنتیەکان دەکرد.

ئەخشید پێشەنگی بەئیبن تۆڵۆنەوەکردو هەوڵیدا خیلافەت بۆ مصر بگوازێتەوەو خۆسەپێنی سەرکردە تورکەکان لەسەر خەلیفە موتەقی‌و دەستگرتنەوەی حەمدانیەکان لەیارمەتیدانی خەلیفەی قۆستەوە، بەڵام ئەمیش لەهەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە خەلیفە ئامادەنەبوو پایتەختی خۆی بەجێبهێڵێت[5].

ئەخشید لەساڵی(٣٣٤ك/٩٤٥ز)دا مرد[6]و کافوور وەك وەسی و دوو کوڕی ئەخشید(ئەنوور جورو عەلی) پێشڕەوی دەسەڵاتی گرتە دەست‌و لەماوەی وەسیەتی دوورو درێژیدا توانی پەیوەستی و یەکبوونی دەوڵەت بپارێزێت، بەڵام بەمردنی لەساڵی(٣٥٧ك/٩٦٨ز)و تێکچوونی باری مصر

---

[1] الكندي: ص٢٨٨ واتای ئەخشید بەزمانی خەڵکی فەرغانە(پاشای پاشایانە).

[2] ابن الأثير: ج٧ ص١٠٤.

[3] مسكوية: ج٢ ص٢٧-٢٨.

[4] ابن الأثير: ج٧ ص١٠٤.

[5] الأنطاكي: تأريخ الأنطاكي ص٤٦، ابن تغري بردي: ج٣ ص٢٩٤.

[6] ابن الأثير: ج٧ ص١٦٣.

لەئەنجامی مردنیدا، ئەمە پاڵی بەفاتیمیەکانەوە نا تاهێرش بەنە سەر مصرو توانیان لەساڵی دواتردا بچنە ناوی‌و دەسەڵاتی ئەخشیدیان لەناوبرد[1].

٦- **حەمدانیەکان لەموصڵ‌و حەڵەب:** حەمدانیەکان دەدرێنەوە پاڵ حەمدانی کوڕی حەمدون لە هۆزی عەرەبی تغلب کەلەدەووروبەری موصڵ دامەزرا، حەمدان لەو ڕووداوە سیاسیانەی لە ساڵی(٢٦٠ك/٨٧٤ز)ەوە لەوشارەدا ڕوویان دەدا ڕۆڵێکی گرنگی بینی‌و لەساڵی(٢٧٧ك/٨٩٠ز)دا لەڕێگەی هاریکاری لەگەڵ خەواریجدا دەستی بەسەر قەڵای مادرین لەجەزیرەی سەرودا گرت، خەلیفە موعتەزدیش لەساڵی(٢٨١ك/٨٩٤ز)دا لەگەڵیدا جەنگاو بەسەر هێزەکانیدا سەرکەوت، حەمدان لەموصڵ ڕایکردو شارەکەی لەژێر دەسەڵاتی حسینی کوڕیدا بەجێهێشت، لەگەڵ ئەوەی بەدیلی کەوتە دەستی خەلیفە، بەڵام خەلیفە لەدوای ئەوەی حسینی کوڕی خەواریجەکانی شکاند لێی خۆشبوو[2] لەوکاتەوە ناوبانگی حەمدانیەکان لەسەر شانۆی ڕووداوە سیاسیەکان دەرکەوت، جالەساڵی(٢٩٣ك/٩٠٦ز)دا خولیفە موکتەفی ئەبو لهیجاء عەبدوڵای کوڕی حەمدانی برای حسینی لەسەر موصڵ داناو ئیبراهیمی برایشی لەساڵی(٣٠٧ك/٩١٩ز) لەسەر دیار ڕەبیعە دانا[3] عەبدوڵا حسنی کوڕی لەشوێنی خۆی لەدەسەڵاتی موصڵدا داناو ئەویش توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەموو جەزیرەدا وێڕای باکوری وولاتی شامدا بڵاوبکاتەوە، خەلیفە موتەقی لەدوای ئەوەی هێرشەکانی بەریدی‌و براکانی بۆ سەر عێراق زیادبوون پەنای بۆ بردو لە(مانگی شەعبانی ساڵی ٣٣٠ك/مانگی نیسانی ساڵی ٩٤٢ز)دا بەرگی کرد بەری‌و نازناوی ناسرودەولەی لێناو وەك میری میران دەستنیشانی کرد ، هەروەك نازناوی سەیفودەولەی لەعەلی برای نا[4]، لەدوای ئەوەی بوەیهیەکان لەساڵی(٣٣٤ك/٩٤٥ز)دا مەدینەیان داگیرکرد، حەمدانیەکان بەرەو ڕووی دوژمنایەتی بوەیهیەکان بوونەوە، جا موعیزەودەولەی بوەیهی جەنگێکی برۆسەر حەمدانیەکان بەرپاکردو بەملکەچکردنی حەمدانیەکان کۆتایی پێهات، ناسرودەولە لەمیرنشینەکەیدا مایەوەو سەرانەی پێدەدانو بەناوی ئەوانەوە وتاری دەخوێندەوە تا ئەبووەی لەساڵی(٣٥٦ك/٩٦٧ز) ئەبو تغلبی کوڕی گرتی‌و بەندیکردو دوای ململانێیەکی بنەماڵەیی

---

[1] ابن تغري بردي: ج٤ ص١٨، ٢٤-٢٥.

[2] ابن الأثير: ج٦ ص٧٧-٧٨، ٨١.

[3] هەمان سەرچاوە: ج٦ ص١١١.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٦ ص٢٨٤.

دەسەڵاتی گرتە دەست، لەکاتی ململانێی لەگەڵ دغفلی کوڕی مفرجی ئەمیری ڕەملەو فاتیمیەکان لەساڵی(٣٦٩ك/٩٧٩ز)دا کوژرا[1]. ئەبو تاهیر برای لەدوای ئەوەی لەساڵی(٣٧٩ك/٩٨٩ز)دا موصڵی گێڕایەوە دەیتوانی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، بەڵام کوردەکان چاویان بڕیە لەناوبردنی دەوڵەتەکەی براونەوەکانی لەدوای ئەوەی لەلایەن بوەیهیو فاتیمیەکانەوە ملکەچکران ئەو سەربەخۆییەیان لەدەست دا[2].

لەڕاستیدا ئەو بنەماڵەیە لەمێژوودا پایەو شوێنێکی نەوازشیان هەبوو ئەگەر یەکێك لەئەندامەکانی کەسەیفودەولەی برای ناسرودەولە باری دواترو ناڵەباری بەهەند وەرنەگرتایە، ئەو لەباکوری وولاتی شام کەدەکەوتە نێوەندی ڕێی نێوان عێراقو مصر میرنشینێکی بۆخۆی دامەزراند.

سەیفودەولە زانی ناتوانێت لەعێراقدا وەك کاربەدەستو یاریدەدەری لای ڕاستی خەلیفە لەژێر سایەی ململانێی تورکەکانو چاوچنۆکیو خۆسەپێنی بوەیهیەکاندا بمێنێتەوە، بۆیە ڕوویکردە وەلاتی شامو لەساڵی(٣٣٣ك/٩٤٥ز) لەدوای ئەوەی حەڵەبی لەدەست ئەخشیدەکان داڕنی دەستی حەڵەبدا گرت، هەوڵیدا دەسەڵاتی خۆی بەسەر دیمشقدا بڵاوبکاتەوە، بەڵام لەگەڵ هێزی ئەخشیدەکان بەسەرکردایەتی کافووردا پێکیداداو دوای ئەوە خۆی یەکلاکردەوە بۆ ئەو گرفتەی لەپێناو چارەسەرکردنیدا لەهەموو ڕۆژانی دەسەڵاتیدا هەموو هەوڵی خۆی بۆ خستەگەڕ، مەبەستم خەباتی دژبە بیزەنتیەکانە، باری جوگرافی میرنشینەکەی کەمیرنشینێکی سەرسنوربوو هانیدا تا ئەو ڕێڕەوە بگرێتەبەر چونکە ئیمبراتۆریەتی بیزەنتی هۆشێکی بەبەردا هاتبوویەوەو بۆی دەلوا چەند شاڵاوێ بهێنێتە سەر وولاتی شام، پاش ئەوەی بەشێکی ئەرمینیای گرت، گەیشتە سنوری نێوان شاخەکانی تۆرۆسو مەلتیەو نێوان ئەرزڕوم، ئەوکات موسڵمانان سەرقاڵی ناکۆکی نێو خۆیی خۆیان بوونو نەیانتوانی ڕێ لەبیزەنتیەکان بگرن، ئەوکات ئەباتیرەکانی وەك نقفوور فوکاسو یوحەننا زمسکیس گوڕوتینیان زیادیکردو ناسیای بچوکیان بڕیو لەکیلیکیە وولاتی شامو سەرووی ڕافیدەیندا شاڵاویان هێنایە سەر ناوچەی موسڵمانان، سەیفودەولەش بەتەنها دەبوو بەرپرسیارێتی جەنگەکە لەبەرچاو بگرێت، لەگەڵ ئەوەی هێزێکی زۆری سەربازی نەبوو، بەڵام توانی شکۆداری موسڵمانە یەکەمەکان لەپێکدادانیان لەگەڵ بیزەنتیەکاندا نوێ بکاتەوەو ماوەی بیست ساڵ بەرەنگاری بیزەنتیەکان ببێتەوەو لەچەند هەڵمەتێکی تەواو دلێرانەدا هەڵمەت باتە سەر زەویەکانیان لەئاسیای بچووك، بەڵام ئەو هەڵمەتانە کاێکی وایان نەکردە سەر هێزی بیزەنتی کلە داڕمان

---

[1] ابن الأثیر: ج٧ ٢٧٠، ٣٣٦-٣٦٧.

[2] أبوشجاع: ذیل کتاب تجارب الأمم: ج٣ ص١٧٤-١٧٥.

ڕزگاری بووبوو و دەرفەتی بەرپەرچدانەوەی بۆ لواو کیلیکیەو باکوری وڵاتی شامو ئەنتاکیەو تەرسوسی لەساڵی(٣٥٧ك/٩٦٨ز)دا گێڕایەوە، لەڕۆژهەڵاتیشدا هێڵی جیاکەرەوەی نێوان دوو دەوڵەتەکە لەسەر گردۆلکەکانی بەرەی ڕاستی ڕووباری(العاصی) چەسپاو چواردەوری حەلەبی لەباکورەوە دەگرتو هاوسنوری فوراتی نێوەند بوو لەنێوەندەکانی ڕۆژهەڵاتی تۆرۆسدا تاگەیشتە سەرچاوەی دیجلەن هێزە بیزەنتیەکان گەمارۆیان لەسەر حەلەب داناو ئەویش لەقۆناغیچکی ململانێکەدا دانی بەهۆگری خۆی بۆ بیزەنتە دانا[1].

لەگەڵ ئەوەی فاتیمیەکان هاتنە سەر هێڵی سیاسی، سەیفودەولە گوێڕایەڵی خۆی بۆیان ڕاگەیاندو پاڵپشتی هەوڵی فاتیمیەکانی بۆ هێرش بردنە سەر مصری کرد، دواتر مەزهەبی عەلەویەکانیشی گرتەبەر، بەڵام دەسەڵاتی تەواوی خۆی بەسەر هەموو بەشەکانی میرنشینەکەیدا پاراست[2].

لەپاڵ جیهادی سەربازیو خەباتی سیاسیدا سەیفودەولە گرنگیەکی زۆری بەبواری ڕۆشنبیریدا، سەرپەرشتی هونەرو زانستو شیعرو ئەدەبی دەکردو لەسەردەمی ئەودا کۆمەڵێك زاناو نوسەرو شاعیری گەورەو ناوداری وەك ئەبولفەتحی کوڕی جنی نەحویو ئەبو تەیبی موتەنەبی دەرکەوتن، زۆرێك لەسەرکردە حەمدانیەکان وەك ئەبو فیراسی ئامۆزای سەیفودەولە بە شیعر ناسراوە خودی سەیفودەولەش باش شیعری دەزانی[3].

سەیفودەولە لەساڵی(٣٥٦ك/٩٦٧ز) لەحەلەبدا مردو سەعدودەولەی کوڕی و دواتر سەعیدودەولەی کوڕەزای شوێنیان گرتەوە، ئەودوانە تاساڵی(٣٩٢ك/١٠٠٢ز) لەڕێگەی هاوپەیمانیان لەگەڵ بیزەنتیەکان بۆ ڕێگری مەترسی فاتیمیەکان حەلەبیان پاراست بەڵام لەکۆتاییدا فاتیمیەکان لەساڵی(٤٠٦ك/١٠١٥ز)دا دەسەڵاتی حەمدانیەکانیان لەحەلەب لەناوبرد[4].

---

[1] ابن العديم: زبدة الحلب من تأريخ حلب: ج١ ص١١١-١٤٥، بروكلمان، كارل: تأريخ الشعوب الإسلامية ص٢٤٢، العريني، السيد الباز: الدولة البيزنطية: ص٤٤٧-٤٦٠، ٤٧٢-٤٨٩.

[2] برۆکلمان: هەمان سەرچاوە: ص٢٤٢.

[3] الثعالبي، أبو منصور عبدالملك : يتمية الدهر ج١ ص٢١-٢٣.

[4] ابن العديم: ج١ ص١٤٤، ١٤٦، ١٦٨، ١٨٨، ١٤٧-١٤٨ camb. Med. Hist IV PP

# سەردەمی عەبباسی سێیەم(٣٣٤-٤٤٧/٩٤٥-١٠٥٥ز)

## خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی سێیەم و ماوەی دەسەڵاتی هەریەکەیان:

١- ئەبولقاسم عەبدوڵا موستەکفی ................ ٣٣٣-٣٣٤ک/٩٤٤-٩٤٦ز.

٢- ئەبولقاسم فەزڵ موتیع ...................... ٣٣٤-٣٦٣ک/٩٤٦-٩٧٤ز.

٣- ئەبوبەکر عەبدولکەریم تائیع .................. ٣٦٣-٣٨١ک/٩٧٤-٩٩١ز.

٤- ئەبولعەبباس ئەحمەد قادر ....... .............. ٣٨١-٤٢٢ک/٩٩١-١٠٣١ز.

٥- ئەبو جەعفەر عەبدوڵا قائیم ....... ......... ٤٢٢-٤٦٧ک/١٠٣١-١٠٧٥ز.

**سروشتی ئەو سەردەمە:**

ئەم سەردەمە لەكاتی خیلافەتی موستەكفیدا دەستی پێكردو لەكاتی خیلافەتی قائیم دا كۆتایی پێهات، تایبەتمەندی پەیوەست بوونی بەبوەیهیەكانەوە هەیەو هەریەك لەم خەلیفانەی لەخۆدەگرت: موستەكفی، موتیع، تائیع، قادر، قائیم؟

**دامەزراندنی دەوڵەتی بوەیهی:**

بوەیهیەكان لەسەرەتاكانی سەدەی چوارەمی كۆچی لەشانۆی ڕووداوەكاندا دەركەوت[1]. ئەو خێزانە كەلەووڵاتی دەیلەم لەباكوور كۆچیانكردبوو لەژێر سایەی سێ برادا كەلەژێر سەركردایەتی مرداویجی زیاریدا ئیشیان دەكرد سەریان هەڵداو لەسەر دەستی عەلی كوڕی شوجاعی كوڕی بوەیهیش كەلەگەڵ مرداویج ناكۆكی بۆ دروستبوو و دەستی بەسەر ئەسفەهانو فارسدا گرت، ناوبانگیان دەركرد، خەلیفە نەیتوانی بەرگری لەو دوو ناوچەیە بكاتو دانی بەدەسەڵاتی عەلیدا بەسەر ئەو دوو ناوچەیە دانا، ئەویش شاری شیرازی كرد بەبنكەی دەسەڵاتی خۆی[2]. دواتر حسنی برای عەلی دەستی بەسەر ناوچەی شاخدا گرت، لەكاتێكدا برای سێیەم كەئەحمەدبوو قەڵەمڕەوی خۆی بەسەر كرمانو خوزستاندا بڵاوكردەوەو بەسەر عێراقدا دەروازەیەكی هەبوو. بەوجۆرە بوەیهیەكان لەفارسو ئەهوازو كرمانو ڕەیو ئەسفەهانو هەمەداندا چەند دەوڵەتێكی جیاخوازیان دامەزراندو هەژمونی كردایان بەسەر عێراقدا بڵاوكردەوە. باری خیلافەتی عەبباسیش لەوكاتەدا بەهۆی شۆڕشە یەك لەدوایەكەكانی زەنجو قەرمەتیو بەهۆی گەشەسەندنی بزوتنەوە جیاخوازەكان لەهەرێمەكانداو تێكچوونی نیزامی سەربازیەوە زۆر خراپ بوو، بەڵام بەرامبەر بەو فراوانخوازیە سیاسیو سەربازیو جوگرافیەی بنەماڵەی بوەیهی بەدەست بەستراوی نەوەستاو هەوڵیدا ئەهواز بگێڕێتەوە بەڵام سەركەوتوو نەبوو، ئەو سەركەوتنەی بوەیهیەكان دەرفەتی پێداوە تابەهۆی ململانێی نێوان والیەكانو میری میران بوەیهیەكان بەرەو عێراق بكشێنو خەلیفە ناچاربوو بۆ دانانی سنورێك بۆئەو بارە ناجێگیرە پشت بە بوەیهیەكان ببەستێت بۆیە خەلیفە موستەكفی ئەحمەدی كوڕی بوەیهی بانگكردو داوای لێكرد بێتەناو بەغداد، ئەویش بەرەو بەغداد كەوتە ڕێو لەساڵی(٣٣٤ك/٩٤٥ز)و لەدوای ئەوەی توركەكانی لەبەغداد دەركرد چوویە ناو بەغدادو خەلیفە بەرگی كردەبەریو

---

[1] مسكوية: ج١ ص٢٧٥-٢٧٩.

[2] ابن الأثير: ج٧ ص١٥٧-١٥٨.

وەكوئەميرى ئەميران دەستنيشانى كـردو نازنـاوى موعيزودەولـەى لێنـاو نازنـاوى عيمادودەولـەى لەعەلى براى‌و ڕوكن‌و دەولـەى لەحسنى برايشى نا[1].

بوەيهيە كەمينەكان لەگەورە سەركردەكان بـوون‌و بێگومـان لەسـەردەمى ئـەون‌و لەسـەردەمى ناوەڕاسـتدا ژيـارى مـادى و ڕۆحـى ئيـسلام گەيـشتە ئاسـتێكى بـالآى گەشەسـەندن، جـاخودى عەزدودەولە لەڕووى كارگێڕيوە كەسێكى نايابو هەڵكەوتە بـوو، بوەيهيـەكان گرنگيـان بـەبوارى دارايى بەگشتى داو بەشێوەيەكى تايبەتيش لـە وولآتى فارسدا چەند هەنگاوێكى پێشڕەوييان لـەبوارى گەشەپێدانو وەبەرهێناندا ئەنجامدا، لەشارەكانيشدا دەستەى هەرچىو پەرچيەكان ملكەچى دەسەلآتى ئەوان بوون، هەروەك لەئەسفەهانو شيرازو بەغداد دا بيناى گەورەيان بنيادنـا، لـەڕووى ئاينيـشەوە ئەوان بەتەواوى عەلەوى بوون، هەروەها گرنگيان بەڕۆشـنبيرى داو چـاودێرى خۆيـان بەسـەر ئـەو نوسينو جێدەستو زانايانەدا بلآوكردەوە كەنوێنەرايـەتى ڕۆشـنبيرى عـەرەبى-ئيـسلامييان دەكـرد هـەروەك گرنگيـەكى زۆريـشيان بەڕاپەڕانـدنى ڕۆشـنبيرى فارسـى د، ئـەو ڕوانگـەو خوێندنگـەو نەخۆشخانانەى دايانمەزراندن جێى سەرسـوڕمانى هەموان بوون.

**پەيوەندى خيلافەتى عەبباسى بەبوەيهيەكانەوە:**

چاوەڕوان دەكرا بوەيهيەكان بە سەپاندنى دەسەلآتيان بەسـەر خيلافەتو دەرفـەت كردنـەوە بـۆ گرتنە خۆى بەرپرسيارێتيەكانى دەولەت سەقامگيرىو يەكبوون بۆ هەرێمەكانى خيلافەت بگێڕنـەوەو لەنانەوەى ئاژاوەى مەزهەبى خۆيان بەدووربگرن، بەلآم ئەوان ئـەوەيان بەدينـەهێنا، چـونكە بـەگيانى دوژمنكارى بۆ خەليفە عەبباسيەكان كەلەمەزهەبـدا جيـاوازبوون چـوونە ناوبەغـدادەوە بوەيهيـەكان لەعێراقدا خاوەن قەڵەمڕەوى حەقيقىو دەسەلآتى كردارى بوونو خەليفە تەنها نـاوى هـەبوو و وەك كارمەنـدێكى بوەيهيـەكانى لێهـاتبوو و لـەوانـە وەفرمـانى وەردەگـرتو بەجێدەگەيانـدو مـافى هەڵـسوكەوتكردن لـەهيچ كاروبـارێكى خيلافـەتى بـەبێ گەڕانـەوە بـۆلاى ئـەوانو وەرگرتنـى ڕەزامەندييان نەبوو، ئەو لەو سەردەمەدا قەڵەمڕەوى خۆى لەدەستداو فرمانى وەردەگـرتو بـەجێى دەگەياندو داواى چى لێبكرايە دەيكردو دەسەلآتێكى ئـاينى نـەبوو بەسـەرياندا چـونكە مەزهـەبيان جيـاوازبوو، بـەڵكو لەبـەر زەحمـەتكردن بـەنيازەكانى خۆيـان بەمانـەوەى خەليفـە ڕازيبووبـوون، موعيزودەولە دواى ئەوەى چوويە بەغدادو دەستى بەسەر كاروبارى بەغداد دا گـرتو بـيرى لـەوە كردەوە خيلافەتى عەبباسى هەڵبوەشێنێتەوەو خيلافەتێكى عەلەوى لەشـوێنيدا دابمـەزرێنێتو يـەكێك

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٧ ص١٥٧.

لەسەرکردە زەییدیەکانی لەسەر دابنێت، دەیشتوانی ئەو کارەبکات، بەڵام لەدوای ڕاوێژکردن بەهاوەڵەکانی پەشیمان بوویەوە، چونکە گۆڕانی لەو جۆرە جیهانی ئیسلامی بەرەو ڕووی فشارو لەرینەوەی توندو سەخت دەکاتەوە، وێڕای ئەوەی دەسەڵاتی بوەیهیەکان لەق دەکات[1].

سەردەمی بوەیهی جۆرە سەقامگیریەکی سیاسی لەڕووی ماوەی دەسەڵاتی خەلیفەکانەوە بەخۆیەوە دی، جا خەلیفەکان پێش ئەوەی لابرێن ماوەیەکی زۆر لەدەسەڵاتدا دەمانەوە، ئەمەیش لەبەرئەوەی سەرکردە بوەیهیەکان هەموو ئەرکو بەرپرسیارێتیەکی دەسەڵاتیان لەئەستۆی خۆیان گرتبوو.

[1] ابن الأثیر: ج٧ ص١٦٠.

## كۆتایی بوەیهیەكان:

لەڕاستیدا ئەو ماوە كاتیەی كەگەشەسەندنو دەركەوتنی بوەیهیەكانی بەخۆیەوە بینی زۆر تەمەنی نەبوو و درێژەی نەكێشا ئەوان بەتەنها شوێنەواری هەڵەكانی خۆیان هەڵنەدەگرت، ئەمەیش ئەوە بوو كەلەسەرەتاكانی سەدەی یانزەی زاینیدا لەجیهانی ئیسلامیدا دابەشبوون لەلایەنی مەزهەبیو كۆمەلایەتیو ڕەگەزایەتیەوە ڕوویداو چەند سوپایەك خۆیان سەپاند كەخۆیان لەناو خۆیاندا دابەشبووبوون لەگەڵ ئەوەی عەزدودەولە یەكێك بوو لەو سەركردانەی كەیەكبوونی سەركردایەتیان بەدیهێنا، بەلام جێگیرەكانی دەستبەردار بوون، ئەمەش میراتی بوەیهی بەش بەش كردوو بنەماڵەی بوەیهی لاوازكرد، جاهەر میرێك پەنای بۆ دەستەیەكی دیاریكراوی كۆمەلایەتی دەبرد، لەسوپایشدا ئەو نەرعەو دیدانە دەركەوتنو بوەیەهۆی گەڕانەوەی هێزی عەبباسی بۆ جارانی خۆی.

بەدوای ئەوەدا پاشەكشەی دەسەلاتی سەركردەكانو كەمكردنەوەی داهاتیانو دابەزینی دراوو شلەژانی هێزەكان كەتووشی فێڵو فڕو گزیكردن بووبوون ڕوویداو ئاژاوەگێڕان دەركەوتن.

لەداوی مردنی بەهائودەولە لەساڵی(٤٠٣ك/١٠١٢ز)دا بەهۆی ناكۆكی كوڕەكانیو پشت بەستنیان بەڕەگەزی توركی كەهێزی ئەندامەكانی لەزیادبووندابوو، باری بوەیهیەكان تێكچوو، ئەمە بوویە هۆی ئەوەی بنەماڵەكە تووشی چەندین نارەحەتی بێتو بوویە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشو جەنگەناوخۆییەكان، لەكۆتاییدا دەوڵەتی بوەیهی لەعێراقو خۆراسان لەژێر فشارو گورزی سەلجوقیە توركەكاندا ڕووخا[1]، سەلجوقیەكان لەساڵی(٤٤٧ك/١٠٥٥ز)دا چوونە ناو بەغدادو كۆتاییان بەدەسەلاتی بوەیهیەكان هێنا[2].

---

[1] لەڕاستیدا بوەیهیەكان زۆرترین چەرمەسەریو وێرانكاریان تووشی ئومەتی ئیسلامی كردو لەهەموو بوارەكانەوە موسڵمانانیان دواخست، تەنها ئەوان لەكاتی جەنگی دژبە خاچپەرستاندا بەرژەوەندی خۆیان لێكدەدایەوەو داوای ماڵو سامانیان دەكرد تائەوەی خەلیفە كۆشكو سامانی خۆی بۆ فرۆشتو ئەوانیش لەنیازو ئارەزووەكانی خۆیاندا خەرجیان كرد، سووكایەتی زۆریشیان بەهێماو ئاماژەكانی ئوومەتی ئیسلامی كرد، لەسەر دەرگاكانی مزگەوتەكان نەفرینكردن لەخەلیفە ڕاشیدینەكان(ﷺ) و هاوەلانیان دەنوسی، كەوتنەلێدانی بیروباوەڕی ئیسلامی لادەرانو گومڕایانیان كۆدەكردەوەو كتێبو نوسینی سەرلێشێوێنەریان پێ دەنوسین تائوممەت بەگومڕاییدا ببەن لایەنە باشەكانیان هێندە كەمبوو كەتەنها لەبەرژەوەندی بنەماڵەی خۆیاندا بەرتەسكبووبوونەوە، تائەوەی خوای گەورە لەسەردەستی سوڵتان توغرولبەگی سەلجووقیو سوپاكەی ئوممەتی ئیسلامیو خیلافەتی عەبباسی لەدەستیان ڕزگاركرد. -وەرگێڕ-.

[2] ابن الأثير: ج٨ ص١٢٥-١٢٦.

# سەردەمی عەبباسی چوارەم( ٤٤٧-٦٥٦ك/١٠٥٥-١٢٥٨ز)

## سەردەمی قەڵەمڕەوی سەلجووقی تورکی[1]

### خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی چوارەم و فەرمانڕەوایی هەریەکەیان:

١- ئەبو جەعفەر عەبدوڵا قائیم.................٤٢٢-٤٦٧ك/١٠٣١-١٠٧٥ز.

٢- ئەبولقاسم موحەمەد موقتەدی............ ... ٤٦٧-٤٨٧ك/١٠٧٥-١٠٩٤ز.

٣- ئەبولعەبباس ئەحمەد موستەزهر............. ٤٨٧-٥١٢ك/١٠٩٤-١١١٨ز.

٤- ئەبومەنصور فەزڵ موستەرشید............... ٥١٢-٥٢٩ك/١١١٨-١١٣٥ز.

٥- ئەبو جەعفەر مەنصور ڕاشید................. ٥٢٩-٥٣٠ك/١١٣٥-١١٣٦ز.

٦- ئەبو عەبدوڵا موحەمەد موقتەفی............. ٥٣٠-٥٥٥ك/١١٣٦-١١٦٠ز.

٧- ئەبولموزەفەر یوسف موستەنجد.............. ٥٥٥-٥٦٦ك/١١٦٠-١١٧٠ز.

٨- ئەبو موحەمەد حەسەن موستەزیء........... ٥٦٦-٥٧٥ك/١١٧٠-١١٨٠ز.

٩- ئەبولعەبباس ئەحمەد ناصر.................. ٥٧٥-٦٢٢ك/١١٨٠-١٢٢٥ز.

١٠- ئەبو نەصر موحەمەد زاهیر................. ٦٢٢-٦٢٣ك/١٢٢٥-١٢٢٦ز.

١١- ئەبو جەغفەر مەنصر موستەنصر.............. ٦٢٣-٦٤٠ك/١٢٢٦-١٢٤٢ز.

١٢- ئەبو ئەحمەد عەبدوڵا موستەعەم.............. ٦٤٠-٦٥٦ك/١٢٤٢-١٢٥٨ز.

---

[1] سەبارەت بەدەوڵەتی سەلجوقی دکتۆر عەلی موحەمەد سەلابی کتێبی(دولة السلاجقة)ی نوسیوە کەبە ووردی باس لەو دەوڵەتە دەکات، منیش لەگەڵ مامۆستای بەڕێز شاهۆ عومەردا وەرمان گێڕاوەتە سەر زمانی کوردیو ناوەندی ڕۆشنبیری ئەرکی لەچاپدانی ئەو کتێبەی گرتۆتە ئەستۆ. -وەرگێڕ-.

**شروشتی ئەو سەردەمە:**

ئەم سەردەمە لەماوەی خیلافەتی قائیمدا دەستی پێکردو بەمردنی موعتەصەم کۆتایی پێهات، تایبەتمەندی گواستنەوەی دەسەڵاتی کرداری بۆ دەستی سەلجوقیە تورکەکان هەبوو کە لەوولاتی شاخدا سەقمگیر بوو، لەم سەردەمەدا خەلیفەکان یەك ڕێڕەوی تواناو هەڵسوکەوتیان نەبوو، چونکە لەسەردەمی موستەرشیدەوە دەستیانکرد بەگێڕانەوەی برێك لەقەڵەمڕەوی لێسەندراویانو لەسەردەمی موقتەفیەوە دەسەڵاتی بەغدادو ناوچەکانی سەربە بەغدادیان لەدەستدابوو، هەروەك لەسەردەمی ناسردا قەڵەمڕەوی خۆیان گێڕایەوەو دەسەڵاتی عێراقیان گرتەدەستو ماوەی شەستو شەش ساڵ بەبێئەوەی ملکەچی هیچ دەسەڵاتێك بن ماوەیان بردەسەر تائەوەی مەغۆلەکان بزاوتی فراوانخوازی خۆیان دەستپێکردو بەرەو ڕۆژئاوا کەوتنە داگیرکردنی ناوچەکانو هەرچی شاربوو وێرانیان دەکرد تاگەیشتنە بەغدادو داگیریانکردو خیلافەتی عەبباسیان ڕووخاند، ئەو سەردەمە شالاوێکی فراوانی ئەورووپی بۆسەر ڕۆژهەلاتی نزم بەخۆیەوە دی کەبە جەنگە خاچپەرستیەکان ناسراوە، ئەو سەردەمە هەریەك لەم خەلیفانەی لەخۆ دەگرت: قائیم، موقتەدی، موستەزهیر، موستەرشید، ڕاشید، موقتەفی، موستەنجید، موستەزیء، ناسر، زاهیر، موستەنسیر، موستەعصەم.

**دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجووقی:**

ئەو قۆناغە مێژوویەی کەلەنیوەی سەدەی یانزەی زاینیدا دەستی پێکرد گۆڕانێکی ڕیشەیی لەهەموو بەشەکانی ڕۆژهەلاتی جیهانی ئیسلامیدا تۆمارکردو لەگرتنەدەستی دەسەلاتی حوکم لەلایەن ڕەگەزی تورکی لەچالاکیەکی گەشەسەندنێکی سەرکەوتندا دەرکەوت تاسەرەتاکانی سەدەی بیستەم درێژەی کێشا.

سەلجووقیەکان لەهۆزی(قنق)ی غوزی تورکی دەکەونەوەو دەچنەوەسەر باپیرە سەلجووقی کوڕی دقاق[1]. ئەو یەکەم ئەندامی خێزانەکەی بوو کە موسڵمان بوو، نشینگەی ئەوان لەبیابانی فراوانو دەشتەکانی نێوان چین بۆ کەناراوی دەریای خەزەردا بوو[2]، مەزهەبی سوننیان وەرگرتو بەغیرەتو گوڕو تینەوە سەریانخست.

لەساڵی(٣٧٥ك/٩٨٥ز) لەنشینگەی سەرەکیانەوە بەرەو وولاتی ئەودیو ڕووبارو خۆراسان کشان، ئەومەیش یان لەبەر باری خراپی ئابووری یان لەبەر ئەو جەنگانەی لەنێوان هۆزە جیاوازەکاندا ڕوویاندەدا، ئەوان لەگەڵ غەزنەویەکاندا پێکیاندادا، توغرولبەگی سەلجووقی لەدوای

---

[1] الحسيني: صدرالدين بن علي: أخبار الدولة السلجوقية: ص٢-٣.

[2] فامبري، أرمينيوس: تأريخ بخارى: ص١٢٧.

سەرکەوتنی بەسەر سولتان مەسعودی غەزنەوی لەجەنگی دندانقان لەساڵی(٤٣١ك/١٠٤٠ز)دا دەوڵەتەکەی خۆی لەخۆراسان دامەزراند کەدەوڵەتی سەلجوقیە گەورەکان بوو، خەلیفەی عەبباسیش لەساڵی دواتردا وەك سولتان دانی بە توغرولبەگدانا[1].

سەلجوقیەکان لەبازنەی دانانی خەلیفەی عەبباسیدا درێژەیان بەسیاسەتی فراوانخوازی خۆیان لەفارس و بەنیازی لەناوبردنی بوەیهیەکان دا، ئەمەیش وەك رێخۆشکەری بۆ درێژکردنەوەی قەڵەمڕەویان بۆ عێراق کەلەساڵی(٤٤٧ك/١٠٥٥ز)دا چوونە ناو عێراق و خەلیفەش وەك سولتان بەسەرو هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا دانی بەتوغرولبەگدا ناو فەرمانی کرد تاناوی لەووتاردا بێنن[2]. بەوجۆرە عێراقیش چوویە ناو بازنەی قەڵەمڕەوی سەلجوقیەوە.

**پەیوەندی نێوان خیلافەتی عەبباسی و دەسەڵاتی سەلجوقی:**

بارودۆخی خیلافەت لەگەڵ سەلجوقیەکان لەباری خیلافەت لەگەڵ بوەیهیەکاندا باشتربوو، چونکە ئەوان لەڕووی ئایینیەوە لەبەرئەوەی لەئەهلی سونئە بوون ڕێزی خیلافەتیان دەگرت، ئەوان دیمەنی بەگەورە دانان و شکۆداریان بەپێی پایەی ئایینی خیلافەت بۆ خەلیفە نیشاندەدا، لەلایەکی ترەوە سەلجوقیەکان توانیان سەرلەنوێ لەژێر ئاڵای خۆیاندا ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی یەکخەن و ڕۆبەرەکەی لەڕۆژئاوای ئاسیاوە بۆ سنوری بۆسفۆر لەڕێگەی جیهادی دژبە دەوڵەتی بیزەنتیدا درێژبکەنەوەو دەت بەسەر زۆربەی وڵاتی شامدا بگرن و لەخاسیەتەکانی بسێنن، بەڵام بەپەلە ناکۆکی نێوان خەلیفەو سولتان بەهۆی هەوڵی توغرولبەگ بۆ بەتەنها گرتنەدەستی هەموو دەسەڵاتەکان لەعێراقدا تەنانەت ئەو دەسەڵاتەیش پەیوەستی خەلیفەیە هەڵگیرسا، بەمە خەلیفە لەتەواوی دەسەڵاتەکانی دەڕنرا. کاتێك سولتان ئەلب ئەرسەلان لەساڵی(٤٥٥ك/١٠٦٣ز)دا دەسەڵاتی گرتەدەست بارودۆخ وەك خۆی بوو، خەلیفە لەەردەمی مەلیکشاهی یەکەمی جێگریدا بەرەو ڕووی سوکایەتیەکی زۆر بوویەوەو هەندێ لەنوێنەرانی سولتانەکان وێران تا لەهەندێ دیمەنی دەسەڵاتی ئایینی خەلیفەدا وەك تەپڵ لێدان لەبەردەرگایاندا بەشداری بکەن[3]، باری خراپی پەیوەندی خەلیفە بەمەلیکشاهەوە زیادیکرد تائەوەی مەلیکشاه بڕیاریدا خەلیفە لەبەغداد دەربکات و پایتەختی خیلافەت بگوازێتەوە بۆ ئەسفەهان، بەڵام قەدەر هاتە ڕێی سولتان و خەلیفەش ڕزگاری بوو.

**داکەوتنی هێزی سەلجوقیەکان:**

---

[1] الراوندي: راحة الصدور وآية السرور في تأريخ الدولة السلجوقية: ص١٦٨-١٦٩.

[2] ابن الأثير: ج٨ ص١٢٥-١٢٦.

[3] البنداري: تأريخ دولة السلجوق: ص٥٥.

دەوڵەتی سەلجووقی گەورەکان لەدوای مردنی مەلیکشاه لەساڵی(٤٨٥ك/١٠٩٢ز)دا بەرەو ڕووی دابەشبوونو لاوازی بوویەوە، ئەمەیش بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی لە نێوان کوڕەکانیدا هەلگیرسا، ئەمەیش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر بارودۆخی خێزانو خیلافەتیش هەبوو، ئیتر دەوڵەتی سەلجووقی بەشێوەیەکی خێرا بۆ چەند دەوڵەتێك دابەشبوو کەبریتی بوون لە: سەلجووقیەکانی عێراقو سەلجووقیە کانی کرمانو سەلجوقیەکانی شامو سەلجووقیەکانی ڕۆم ویڕای ئەو سەلجووقیە گەورانەی کەڕووبەری دەوڵەتەکەیان کەمیکرد، لەبارێکی لەو شێوەدا نێوەندی خەلیفە ئەو ئامانجەبوو کە لەپێناویدا ململانێیان بوو، خیلافەت بەپێی بەرژەوەندی خۆی بۆ گەمارۆدانو تەنگپێهەڵچنینی سەلجوقی هەڵسوکەوتی دەکردو هەندێ جار هەڵوێستی ڕزگاری لەو ململانێیانەو هەندێ جاریش دانپێدانانی لەنێوان مەڵبەندەکانی هێزداو هەندێ جاریش ڕێدان بەچەند کەسێك لەیەك کاتدا نیشاندەدا، ئەمەیش بەهەوڵی ئەوەی هێزە سەلجووقیەکان بەیەکدا بدات، خەلیفە موستەرشیدو ئەوانەی دواتریش ئەو دەرفەتەیان قۆستۆتەوەو کاریان بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتەکانی خیلافەت دەکرد[1]، ساڵی(٥٤٣ك/١١٤٨ز)بەسەرەتای کرداری بوژانەوەی خیلافەت دادەنرێت،ئەمەیش لەئەنجامی دەستەوسانی سوڵتان مەسعودی فەرمانڕەوای عێراق لەملکەچکردنی سەرکردەکانی ناوچەکاندا، ئەوانەی لەدژی ڕاپەڕیبوون هاتەکایە، ئەمە دەرفەتی ڕاپەڕاندنی دەوڵەتی بەخەلیفە بەخشی کاتێك سوڵتان مەسعود لەساڵی(٥٤٧ك/١١٥٢ز)دا مرد، دەوڵەتی سەلجووقی لەعێراق پایەیەکی گەورەی خۆی لەدەستداو تووشی لاوازیو پەرشو بلاوی بوو بارگرژی دایگرت ئەمەیش بووبە هۆی بەرە بەرە کەمبوونەوەی قەڵەمڕەوی سەلجووقی لەعێراقدا، جێگیرەکانی سوڵتان مەحمودی دووەم لەساڵی(٥٥٤ك/١١٥٩ز)دا هەوڵیاندا قەڵەمڕەوی پێشوویان بگێڕنەوە، بەلاّم بەرەو ڕووی بەرهەڵستکاری بەهرێزی خەلیفەکان بوونەوە، بنداری مێژوونوسی سەلجووقی ئەو بارە دەردەبڕێتو دەڵێت:(شانوشکۆی خیلافەت لەبەغداد لەدەرونیاندا دروستبوو و لەئەنجامدا بێهیوا بوونو کەس هەوڵی گرتنەدەستی بەغدادو سەپاندنی دەسەلاّتی بەسەریدا نەدەدا)[2].

خەلیفەکان لەخەبات بۆ ڕزگاربوون لەفشاری سەلجوقیدا بەردەوام بوون تالەسەردەمی خەلیفە ناسردا کەسوپا دەربارەی خۆی هەبوو سەربەخۆیی تەواویان لە سەلجووقیەکان وەرگرت، لەساڵی(٥٥٢ك/١١٥٧ز)و مردنی سوڵتان سنجر کەلەساڵی(٥٤٨ك/١١٥٣ز) لەبەردەم غوزە تورکەکاندا شکستیخواردو بەدیلی کەوتەدەستیان دەوڵەتی سەلجووقیە گەورەکان لەفارسو

---

[1] Arnold: The caliphate P٨٠

[2] البنداري: ص٢٦٨.

خۆراسان ڕووخا غوزەکان بەشێوەیەکی ڕێزگرتنەوە لەگەڵ سولتان سنجر جووڵانەوەو ئەویش نەیدەتوانی بۆ کوێی دەوێت بچێت تا لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی(٥٥١ك/ مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١١٥٦ز)دا هەندێ لەپشتیوانەکانی توانیان ئازادی بکەنو بردیان بۆ مەڕوی پایتەختی خۆراسان وئەویش کردی بەپایتەختی دەوڵەتەکەی، بەڵام لەساڵی دواتردا بەداخی ویرانیو کاولی باری وولاتەکەیەوە کۆچی دواییکرد.

خوارزم لەوولاتی ئەودو ڕووبار بەهۆی بیابانەوە کەدوری دا بوو لەجەنگو شەڕ بەدووربوو، بۆیە خەڵکی شارو جوتیاران پەنایان بۆ ئەوێ برد هەندێ لەئەندامانی خێزانی خوارزمشاه دەرفەتیان قۆستەوە تالەکۆتاییەکانی سەدەی دوانزەی زاینیدا دەوڵەتێکی تورکی هاوشێوەی ڕێکخستنی دەوڵەتی سەلجووقی دابمەزرێنن خەلیفە ناسر عەبباسی بۆ لەناوبردنی توغرولی سێیەمی کۆتا سولتانی سەلجووقی لەعێراق لەساڵی(٥٩٠ك/١١٩٤ز)دا پەنای بۆلای تەکەشی سەرکردەی خوارزمی برد، دواتر کەخوارزمیەکان هەوڵیاندا دەستوەربدەنە کاروباری خیلافەت خەلیفە بۆ وەستا لەڕوویاندا پەنای بۆ مەغۆلەکان[1].

**قۆناغی کۆتایی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی(٥٩٠-٦٥٦ك/١١٩٤-١٢٥٨ز):**

أ- **دەوڵەتە ئەتابەگیەکان:** لەئەنجامی لاوازی سەلجوقیەکاندا لەکۆتاییەکانی سەردەمەکەیاندا دیاردەی دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی جیاوازی لەسەر حسابی ئەوان دەرکەوت کەلەچوارچێوەی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسیدا بەڕێوە دەچوو بەدەوڵەتە ئەتابەگیەکان ناساربوونو لەبنەڕەتدا تورکی بوون، ئەتابەگیەکان لەئەنجامی ئەو نیزامەی کە سەلجووقیەکان لەسەر بنەمای کڕینی مەمالیکە تورکەکانو هێنانیان بۆ خزمەتکردنی کۆشکە سولتانیەکانو بەتایبەت سەبارەت بەبواری پەروەردەی منداڵەکانیانو وێڕای گرتنە دەستی ئەرکە گشتیەکان دایانهێنا لەکۆشکی سەلجووقیدا پێگەیشتن ئەوان لەپیشە کارگێڕیو سەربازیەکاندا سەرکەوتن تاگەیشتنە پایە سەرکردایەتیەکانو لەهەلگیرسانی ناکۆکی ناوخۆی بنەماڵەی سەلجووقی لەدوای مردنی سولتان مەلیکشاهدا دەرفەتی سەپاندنی دەسترۆیی خۆیان بەسەرناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا وەرگرتو لەفراوانکردنی ڕووبەری دەسەڵاتیان لەسەر حسابی یەکتر پێشبڕکێیان دەکرد، بەمەیش ملململانێیەکی ناوخۆیی ئەتابەگی سەریهەڵداو هاوبەرابەر بەملململانێی ناوخۆیی سەلجووقی دەچوو، لەو ئەتابەگیانە ناوی ئەمانە دێنین: کیفا، ماردین، دیمەشق، دانشمەن،

---

[1] ابن الأثير: ج١٠ ص١٢٧-١٢٨، ٤٠٠-٤٠١، الجويني، عطا ملك: تأريخ قاهر العالم: ج١ ص٢٧٩.

موصلّ، جەزیرە، ئازەربایجان، فارس. لەڕاستیدا ئەو ئەتابەگیانە ڕۆڵێکی ساکاریان لەمێژوودا دەبینی ئەگەر قەدری هەندێکیان وانەبوایە کەلەجیهادی دژبە خاچپەرستاندا ڕۆڵێکی دیارو تایبەت ببینن، وەك ئەتابەگی موصلّو حەلەب.

ب- **ڕۆژهەلاّتی ئیسلامی لەبەرەنگاربوونەوەی خاچپەرستاندا :** ڕۆژهەلاّتی ئیسلامی لەکۆتاییەکانی سەدەی یانزەی زاییندا تووشی شالاّوی چەند کۆمەلّێکی ئەورووپی لاتینی بوویەوە کەبەخاچپەرستان ناسرابوون لەدابەشکردنی هەندێ ناوچەی خیلافەتدا لەگەلّ میرە تورکەکانو ئەتابەگیەکانیاندا ڕکەبەری بوو ناوچەکە بەدرێژایی دووسەدە مۆرکێکی تایبەتی خۆی هەبوو.

ئەگەر بمانەوێت بەپوختی سروشتو پالّنەرەکانی ئەو بزوتنەوە خاچپەرستیە باسبکەین، دەتوانین بلّێین لەڕاستیدا درێژەپێدانی ئەو ململانێ درێژەیە کەلەسەردەمە کۆنەکانەوە لەنێوان ڕۆژهەلاّتو ڕۆژئاوادا سەریهەلّدابوو لەهەموو سەردەمێکدا شێوەیەکی تایبەتی وەردەگرت کەلەگەلّ بارو خواستەکانی بارەکەدا بگونجێت ئەگەرچی لەنیازو ئامانجدا یەکبوون. مێژوونوسان گرنگی بەهەشت شالاّوی خاچپەرستی دەدەن کەچواریان بەرەو ڕووی زەویە پیرۆزەکانی ناو فەلەستین بوون کە یەکەمو دووەمو سێیەمو شەشەم بوون، دوانیشیان دژبە مصر بوون کەپێنجەمو حەوتەم بوون، یەکێکیش دژبە قوستەنتینیە کە چوارەم بوو، هەشتەمیش لەباکوری ئەفریقیادا ڕوویدا لەدوای ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی خاچپەرستی لەکلیرمونت لەسەر دەستی پاپا ئوربانی دووەم لەکۆتاییەکانی سالّی(١٠٩٥ز)دا ئامادەسازییەکانی جێبەجێ کردن دەستپێکردو شالاّوی یەکەمی لەئەورووپاوە بەرەو ڕۆژهەلاّتی ئیسلامی دەرچوو ئەندامەکانی توانیان چوار میرنشینی خاچپەرستی لەڕەهاو ئەنتاکیەو بەیتولمەقدیسو تەرابلوسدا دابمەزرێنێ موسلّمانان لەپێشبینییاندا هەلّەنکرد، چونکە بەچاوی ڕۆمەبیزەنتیەکان سەیری خاچپەرستەکانیان دەکرد.

خاچپەرستان دارمانی بارودۆخی موسلّمانان و دابەشبوونی موسلّمانانیان بەهەندوەرگرتو هەولّیاندا سنووری قەلّەمڕەوی خۆیان فراوان بکەن دەستە سەربازیەکانیان دەگەیشتنە(ئامەد)و نسیبینو ڕەئسولعین،(ڕەقە)و مەڕران یش لەترسی فشارو هێرشی فرەنجەکاندا دەژیان، ڕێگەکان بۆدیمەشق هەموویان پچڕان جگە لەڕحبەو بیابانی شام نەبێت، بازرگانو گەشتیاران تووشی مەترسی مەرگو سەختیو نارەحەتی دەبوونو بەنزیك دەشتەکیەکاندا کەدەچوون لە مالّو سامانو گیانی خۆیان دەترسان، دواتر بارەکە کەزیاتری کردو باجو گومرگیان لەسەر هەموو شارێکی دەورووبەریان دا ناوپارەو شمەکیان لێدەسەندن تابەشیان بکات- حەلەبیش کەوتەبەر دابەشکاری ناوچەکانی،

ناوچەکانی تری شامیش باریان لەوانە خراپتربوو، پاشان موسڵمانەکانیش لەسەرخستنی ئاینەکەیاندا دەستەوسان بوون–[1] تائەوەی خەڵکیو ئەوانەی چاودێری گەشەسەندنی ڕووداوەکانی ناو وڵاتی شامیان دەکرد وایان دەبینی بارەکە بۆ خاچپەرستان یەکلابوەتەوە.

شریتی شارە گەورەکانی سنوری وڵاتی شام هێشتا لەدەستی موسڵماناندا بوو، بەتێپەڕبوونی کاتیش بۆیان دەرکەوت کەئەو دەروازە دەریاییانەی خاچپەرستان لێیانەوە دابەزیون لەڕووی ئابووریەوە گرنگن هەروەك زانیان خاچپەرستان حەزیان بەئالودەبوون لەناو کەشی ناوچەییدانیەو ساتەوناسات دەنەونە جەنگو بەهیچ جۆرێك سیاسەتی لێك بوردن پەیڕەوناکەن.

لەئەنجامی ئەمەدا بیرۆکەی بەرگریکردنو جیهاد سەرلەنوێ زیندوبوویەوەو لەناو جەماوەری موسڵماناندا بڵاوبوویەوە ئەوکات موسڵمانان بەبینینی باری شڵەژاو دابەکاری سیاسی دەوروبەریان کە دەستی لەخەباتی دژبە خاچپەرستان بەردابوو دڵتەنگو خەفەت باربوون، موسڵمانان لەوڵاتی شامدا بەبێ بەشداریکردنی موسڵمانان لەناوچەی جەزیرەو موصڵدا کەبە سەربازو دارایی دەوڵەمەندبوون، نەیدەتوانی دژ بەخاچپەرستان بوەستێتو لێیان بدات بەرەبەرە بیرۆکەی جیهاد لەموصڵو حەلەبو دیمەشقەوە دەستیپێکردو باری سیاسیو سەربازی جەختی لەدەرکەوتنی ئەمیرێکی بەهێز دەکردەوە کەبتوانێت ناکۆکی سەرکردە ناوچەییەکان لەناوبباتو لەبەریەکی ئیسلامیدا یەکیان بخاتو دواتر لەڕووی خاچپەرستاندا بوەستێت، ئەمە بۆ ئەتابەگی موصڵ لوا تائەو ڕۆڵە ببینن.

ج– **زەنگیەکانو خاچپەرستان**[2]: بنەماڵەی زەنگیەکان بەسەرکردایەتی عیمادەدین لەموصڵو دواتر حەلەبو دوواتر لەدیمەشقەوە لەچارەکی دووەمی سەدەی دوانزەی زاییندا دەرکەوتن، سوڵتان موحەمەدی سەلجوقی لەساڵی(٥٢١ك/١١٢٧ز)دا عیمادەدینی لەسەر موصڵو جەزیرەو ئەو ناوچانە دانا کەلە وڵاتی شامدا فەتحی دەکردن[3]. عیمادەدین زەنگی لەسەرەتای ژیانیدا ئەتابەگ واتە پەروەردەکەری هەردوو ئەمیری سەلجوقی ئەلب ئەرسەلانو فرەخ شاه بوو، سیفەتی ئەوەی هەبوو کە سەربازو سیاسیەکی هەڵکەوتەو لێزانو کارگێڕیەکی نایاب بوو لەڕوانگەی پەیڕەوی دەسەڵاتەوە سودی لەو سیفەتانەوە وەرگرت لەدوای ئەوەی جێی

[1] ابن الأثير: تأريخ الباهر في الدولة الأتابكية في الموصل ص٣٢–٣٣.

[2] لەم بوارەدا سابارەت بەپەیوەندی زەنگی خاچپەرستی بەتایبەتو مێژووی زەنگیەکان بەگشتی بڕوانە بۆ ئەو کتێبەی کەنوسیومە: تأريخ الزنكين في الموصل وبلاد الشام.

[3] ابن الأثير: الكامل في التأريخ ج٩ ص٧–٨.

خۆی لەناوچەی جەزیرەو باکوری وولاتی شام بەگرتنە خۆی حەلەب چەسپاندو هەندێ بەشی جیهانی ئیسلامی یەکخست، هێرشیکردە سەر میرنشینی ڕەهای خاچپەرستی لەبەرئەوەی دراوسێی میرنشینی موصڵ بوو وەتوانی ڕەها فەتح بکاتو لەمانگی جەمادلئاخیری ساڵی ٥٣٩ك/مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١١٤٤ز دا لەدەستی خاچپەرستانی سەندەوە بەمەش گرنگترین دەسکەوتەکانی خۆی بەدیهێناو ئەو فەتحکردنە بەسەرکەوتنێکی گەورە بۆ ئیسلام دانرا[1]. پاککردنەوەی ڕێگەکانی نێوان موصڵو حەلەب لەبوونی خاچپەرستی ئەنجامداو ئەو فەتحکردنە ترازوی هێزەکانی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا گۆڕیەو موسڵمانانی هاندا تاهەموڵی گێڕانەوەی زەوییەکانیان بدەن لەدوای ئەوەی هەستیان بەلاوازی قەوارەی خاچپەرستی کرد، ئەو فەتحکردنە گورزێکی توندبوو بۆ جیهانی مەسیحی ڕۆژئاوایی پاشان وا ڕوویدا عیمادەدین زەنگی لەمانگی ڕەبیلئاخیری ساڵی ٥٤١ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ١١٤٦ز و لەسەر دەستی یەکێك لەسەربازەکانی لەکاتی گەمارۆدانی قەڵای(جەعبەر)دا کەدەکەوتە سەربەرەی چەپی ڕووباری فوراتو لەبازنەی عوقەیلیەکاندابوو کوژرا[2] عیمادەدین لەگەڵ هاووڵاتیانیدا بەسۆزو لێبوردەبوو گرنگی بەبەرژەوەندی هاوڵاتیان دەدا، هەروەك چاوی لەلاوازانو بێهێزان بوو و ئەوانیش هیوایان بەو بوو تا بەسەر فەرمانڕەوا توندو تیژەکانیاندا سەریان بخات، لەڕۆژانیدا دادپەروەری بڵاوبوویەوە خەڵکی لەسەلامەتی شەخسی خۆیان دڵنیابوون، دووکوڕەکەی عیمادەدین زەنگی کە سەیفەدین غازیو نورەدین مەحمود بون میراتی باوکیان دابەشکردو سەیفەدین دەسەڵاتی بەرەی ڕۆژهەڵاتی گرتە دەستو موصڵ مەڵبەندی بوو، نورەدینیش بەشی ڕۆژئاوای گرتە دەستو شاری حەلەبی کرد بەمەڵبەندی دەسەڵاتەکەیو[3] ئەو دوو گرفتە گەورەیەی بۆمایەوە کە عیمادەدین زەنگی زۆربەی تەمەنی خۆی بۆ چارەسەرکردنیان بەخەرج دا ئەوانیش کێشەی دیمەشق بوو کە بوریە یاریدەدەرەکانی خاچپەرستان فەرمانڕەواییان دەکرد لەگەڵ کێشەی میرنشینە لاتینیە بیانیەکاندا.

نورەدین مەحمود لەدیدی هاوسەردەمیەکانی و لای نەوەکانی دواتردا مۆرکێکی گەورەی لەخۆگرت کە ئەویش گەرمەوگوڕی پرکڵپەی ئایینی بوو کە توانی لەناو موسڵماناندا بڵاوی بکاتەوە، لەپاڵ ئەو گەرمەو گوڕیەدا بڕیاری گێڕانەوەی ڕۆحی ئیسلامیدا، ئەمەیش بەشکۆدارکردنی

---

[1] ابن الأثير: الباهر ص٦٩.

[2] ابن الأثير: الكامل في التأريخ ج٩ ص١٤٢.

[3] ابن الأثير: الكامل في التأريخ ج٩ ص١٣-١٤.

خوێندنگە سونییەکان ڕایشیگەیاند کەسەرکەوتن بەیەکبوونی سیاسی موسڵمانانەوە بەستراوە، ئەمە بەواتای ئەوەی ئەو سەرکردانەی لەجیهاددا کەمتەرخەمی دەنوێنن یان لەگەڵ خاچپەرستاندا هاریکارن دەبێت لاببرێن، ئەتابەگی دیمەشق بەردی ڕێی هەوڵەکانی نورەدین بۆ بەدیهێنانی یەکبوونی ئیسلامی بوو و دوای چەند هەوڵێك توانی لەساڵی(٥٤٩ك/١١٥٤ز)دا دیمەشق بداتە پاڵ خۆی بەوەیش یەکبوونی موسڵمانانی لەووڵاتی شامو لەژێر سەرکردایەتی خۆیدا بەدیهێنا، ئەمەیش مەترسیەکی گەورەی بۆسەر بارودۆخی خاچپەرستان لەبەیتولمەقدیس بەشێوەیەکی تایبەتدا پێکدەهێنا، پاشان لەداوی ئەوەی لەڕووی شالاوی دووەمی خاچپەرستیدا وەستا کەلەئەنجامی ڕووخانی میرنشینی ڕەهادا بەرەو ڕۆژهەلات هات، نورەدین کەوتە پاکتاوکردنی میرنشینە خاچپەرستیەکانو چەند شارێکی لەولاتی شامدا فەتحکردو لەناوخۆی ناوچەی شاخاوی ڕۆژئاوای ئوردونو عاصیدا خاچپەرستانی گەمارۆدا[1].

نورەدین لەسەر مصر لەوکاتەدا بەهۆی ململانێ لەسەر پایەی وەزارەت لەسایەی لاوازی دەسەلاتدارە فاتیمیەکاندا لەپشێویو بارگرژیدا بوو، لەگەڵ میرنشینی بەیتولمەقدیس کەوتە ململانێ، نورەدین مەحمود ئامانجی بەدیهێنانی دوو ئامانجی هەبوو: سیاسیو ئابووری، چونکە ئەگەر مصر بداتە پاڵ شام دواتر دەتوانێت گەمارۆی شانشینی بەیتولمەقدیس لەباکورو باشورەوە بدات، لەبەرامبەردا ئەگەر بکەوێتەدەست پاشای بەیتولمەقدیس(عومەری یەکەم) ئەوا دەتوانێت لەباکورو باشورەوە گەمارۆی وولاتی شام بدات، ئەمەیش مەترسیەکی گەورە بۆ بزوتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی پێکدەهێنێت، وێڕای ئەوەیش بازرگانی گەورەی مصرو بەندەری گەورەی ئەسکەندەریەو ئەو بزوتنەوە بازرگانیە جیهانیەی لەبیردا بوو کە ئەو وولاتە هەیبوو کورتترینو چاکترین ڕێگا بازرگانیەکانی نێوان ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوای لەدەستدابوو[2].

لەو ململانێیەدا بەماڵەی ئەیوبی دەرکەوت کەلەخزمەتی عیمادەدین زەنگیو نورەدین مەحمودی کوڕی دا بوون، ئەیوبیەکان خێڵێکی کوردی بوون خوای گەورە قەدەری واهێنابوون بەهێزبوونو بتوانن لەململانێی ئیسلامی-خاچپەرستی لەڕۆژهەلاتی ئیسلامیو لەسەر دەستی گەورە سەرکردەیاندا ﴿صلاح الدین﴾ ڕۆلی گرنگ ببینن ئەسەدەدین شێرکۆی مامی لەهێرشەکانیدا بۆسەر هاودەمی بوو، نورەدین مەحمود ناردی تا مصر بداتە پاڵ دەولەتی زەنگی.

---

[1] ابن الأثير: الباهر ص١٠٧.

[2] ElisseeFF: NourAddin: II P ٥٨٥

ئەسەدەدین شێرکۆ توانی دەست بەسەر مصردا بگرێتو ببێتە وەزیری ئەوێ لەدوای مردنیشی صلاح الدین هاتە شوێنی، ئەویش لەسەر داخوازی نورەدین مەحمود دەوڵەتی فاتیمی لەناوبردو یەکەم هەینی مانگی موحەڕەمی ساڵی ٥٦٧ک/ مانگیئەیلولی ساڵی ١١٧١ز دا وتاری بۆ خەلیفە عازدی بچڕاندو لەجیاتیدا وتاری بۆ خەلیفە موستەزیئی عەبباسی خوێندەوە[1] صلاح الدین ویستی سەربەخۆیی هەبوو و ویستی دەسەڵاتی مصر بۆ خۆی بێت، ئەمە وای کرد لەگەڵ نورەدین مەحمود دا کەصلاح الدینی بە نوێنەری خۆی لەسەر دەسەڵاتی مصر دەزانی باری ساردبوونەوەی هەبێت، لەمانگی شەوالی ساڵی ٥٦٩ک/مانگی ئایاری ساڵی ١١٧٤ز دا نورەدین مەحمود مردو مەلیك صالح ئیسماعیلی کوڕی شوێنی گرتەوە، ئەو کمتەرخەم بوو صلاح الدین ترسا وەصیەکی کاروبارەکان بگرێتە دەستو خۆیشی بەشیاوتری وەصی بوون دەزانی[2] بۆیە چوو بۆ وڵاتی شام تا بیداتە پاڵ مصر لەیەکبوونی جیهانی وڵاتی ئیسلامیو ڕێگریکردنی خاچپەرستان بممەبەستی دەرکردنیان لەناوچەکەدا سیاسەتەکەی عیمادەدینو نورەدینی گرتەبەرو لەدوای مردنی صالح ئیسماعیل لەساڵی(٥٧٧ک/١١٨١ز)[3] دا توانی بەشی یەکەمی نەخشەکەی بەدیبێنێتو هەنگاوی بۆ بەدیهێنانی بەشی دوەمیشی دا.

د- **ئەییوبیەکانو خاچپەرستەکان:** ڕۆژئاوای ئەوروپی بەباشی کەسایەتی صلاح الدینیان دەزانی لەدوای ئەوەی شاڵاوی سێیەمی خاچپەرستی دەرفەتی بەصلاح الدین دا تالەگەڵ پاشا فیلیب ئوگستی فەرەنسیو پاشا ریتشارد قەلبولئەسەدی ئینگلیزدا بەرەو ڕوو ببێتەوە کەسایەتی صلاح الدین لە کەسایەتی نورەدین مەحمود سەرنج ڕاکێشتربوو تائەوەی هەندێ جار نەوەکانی دواتر صلاح الدینیان لەبیردەما، بەڵام هەردووکیان سیاسەتێکی هاوشێوەیان گرتەبەر، بەڵکو صلاح الدین پێشەنگی بەنورەدین مەحمودەوە کردو چوویە ئەوپەڕی ئەو نیازو خواستەی کەنورەدین هەیبوو.

خاچپەرستان بەردەوام هێرشیان دەبردەسەر ناوچە سنوورە ئیسلامیەکانی ناو وڵاتی شام، صلاح الدین هەوڵیدا پێشڕەویان لەفەلەستیندا بوەستێنێت، بەڵام لەنزیك گردی جەزیرەکان لەباشووری ڕۆژهەڵاتی ڕەملە لە(مانگی جەمادیلئەوەلی ساڵی ٥٧٣ک/تشرینی یەکەمی ساڵی

---

[1] ابن الأثير: الكامل ج٩ ص٣٦٤، ابن الواصل: مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، ج١ ص٦٣.

[2] ابن الواصل: ج٢ ص١٨٠٧.

[3] ابن الأثير: الكامل في التأريخ: ج٩ ص٤٥٤.

١١٧٧ز)دا تووشی شکستبوو[1] تادوای دووساڵ نەیتوانی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەڵام دوای دوو ساڵ لەجەنگێکدا لەنزیك(تەل قاضي) لەدەستی(مرجعيون) لەنێوان ڕووباری لەیتانیو ڕێڕەوی سەرەوەی ڕووباری ئوردون لەمانگی زیلحەجەی ساڵی ٥٧٤ك/مانگی ئایاری ساڵی ١١٧٩ز بەسەر پاشا بلدوینی چوارەمدا سەرکەوت[2].

پاشا بلدوینی چوارەم لەئەنجامی سەرکەوتنە یەك لەدوایەکەکانی صلاح الدين ناچار بوو داوای ئاگربەست بۆ ماوەی دووساڵ بکات، صلاح الدين لە(مانگی زیلحەجەی ساڵی ٥٧٥ك/ئایاری ساڵی ١١٨٠ز)دا بەوە ڕازیبوو[3].

شانشینی بەیتولمەقدیس کەبەهۆی ناکۆکی نێوان سەرکردە بچووکە خاچپەرستیەکانەوە لەبارێکی خراپدا بوو، دەبوو پارێزگاری بەئاگربەستەکەوە بکات، بەڵام رینولدشایتونی فەرمانڕەوای کەرك نەیتوانی لەهەرسیاسەتێك بگات کە لەگەڵ خواستەکانیدا نەگونجێتو لای سەخت بوو ببینێت کاروانە بازرگانیە ئیسلامیەکان بەدڵنیاییەوە بەپاڵ خاکەکەیدا دەچن، بۆیە هێرشێکی بردو بەوەش ئاگر بەستەکەی هەڵوەشاندەوەو درێژەی بەڕەفتارەکانی دا تا لەساڵی(٥٧٨ك/١١٨٢ز)دا پرۆژەیەکی هێرشبردنە سەر مەککەو مەدینەی جێبەجێ کرد[4].

صلاح الدين نەیدەتوانی چاو لەهەموو ئەوانە داپخاتو لەسەرەتاکانی ساڵی(٥٨٣ك/١١٨٧ز)دا بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر دەستدرێژی کەرانو رینولدشاتیونو هاوەڵەکانی توانیان جای لوزینانی پاشای بەیتولمەقدیس ڕازی بکەن تا سوپای پاشایەتی لەهەرێمی ئەودیو ڕووباری ئوردوندا بۆ هەڵکوتانە سەر صلاح الدين لەکاتی هاتنی لەمصرەوە کۆبکاتەوە، هەردوولا لەبیابانی(حطين) لەنزیك(طبرية) پێك گەیشتنو لەوێدا صلاح الدين لەمانگی ڕەبیعولئاخیری ساڵی ٥٨٣ك/مانگی تەمووزی ساڵی ١١٨٧ز دا شکستێکی سەختی توشی سوپای خاچپەرستەکان کردو جای لوزینانی پاشای بەیتولمەقدیسو رینولدشاتیونو زۆرێك لە سەرکردە خاچپەرستیەکان بەدیل گیران[5] پاشان قەڵا خاچپەرستیەکان لەدوای ئەوەی لەلایەن سەربازگەکانەوە چۆڵکران کەوتنە دەست موسڵمانان و صلاح الدين و سەربازەکای گەیشتنە بەیتولمەقدیسو

---

[1] ابن الأثير: الكامل في التاريخ ج٩ ص١٤١-١٤٢.

[2] ابو شامة: كتاب الروفتين في أخبار الرولتين النورية والصلاحية: ج٢ ص١٠-١١.

[3] وليم الصوري: تاريخ الأعمال المنجزة فيما وراء البحار ج٢ ص١٠١٧.

[4] أبو شامة: ج٢ ص٧٥، ابن واصل: ج٢ ص١٢٧-١٣٠، المقريزي: السلوك في مرعفة دول الملوك: ج١ ص٧٩.

[5] ابن الأثير: ج١٠ ص٢٤-٢٦.

لەمانگی ڕەجەب/مناگی ئەیلولدا ناچاربوو خۆی بدات بەدەست صلاح الدینەوە، پاشان صلاح الدین بۆ لەناوبردنی شوێنەواری دەسەڵاتی خاچپەستی لەڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا درێژەی بەکاری جیهادی خۆی دا بەڵام شاری صورو ترابلوس لەڕوویدا وەستان[1].

ڕووخانی بەیتولمەقدیس لەئەورووپای ڕۆژئاوایدا بیرۆکەی ناردنی هەڵمەتی بەرەو ڕۆژهەڵاتی زیندوکردەوەو هەریەك لە فەدریکی یەکەم بربروسای پاشای ئەڵمانیاو فیلیب ئۆگستسی پاشای فەرەنساو ڕیتشارد قەلبو لئەسەدی پاشای ئینگلتەرا خاچیان هەڵگرت، بەڵام ئەو هەڵمەتە خاچپەرستیە سێیەمە دەست کەوتێکی وای بەدەست نەهێنا کەشیاوی باسبێت کۆتایی بەبەستنی ڕێکەوتن نامەی الرملە هات کەلە مانگی شەعبانی ساڵی ٥٨٨ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ١١٩٢ز دا بەسترا، بەوپێیە صلاح الدین تا لەدوو ڕەملەو عەسقەلانیش فتوحاتی خۆی پاراستو ڕێی بەخاچپەرستو مەسیحیەکان دا تاوەك حاجیو بەبێ چەك سەردانی بەیتولمەقدیس بکەن تەنها چەند سەنگەرێکی کەناراوی بۆ خاچپەرستان هێشتەوە[2].

صلاح الدین زۆر سودی لەو ڕێکەوتنە نەبینیو دوای چەند مانگێك لە(مانگی سەفەری ساڵی ٥٨٩ك/مانگی شوباتی ساڵی ١١٩٣ز)دا کۆچی دوایی کرد[3] ئەو لەپێش مردنی خۆیدا دەوڵەتەکەی لەنێوان کوڕەکانی خۆیو عادلی برایدا دابەشکرد یەك ساڵ بەسەر مردنیدا نەچوو تاناکۆکی کەوتە نێوانیانو براکەی توانی یەك یەك بەسەر کوڕەکانی صلاح الدیندا سەرکەوت قەدەر وابوو لەنەوەکانی صلاح الدین تاشاڵاوی مەغۆلی لەساڵی(٦٥٨ك/١٢٦٠ز) لەحەلەبدا بمێننەوە، عادل توانی زۆربەی بەشەکانی میراتی ئەیووبی یەکبخاتو لەگەڵ ئەو نالەباریەدا ئەیووبیەکان توانیان لەناوچەی خۆیاندا وڵاتی ئیسلامی لەدوژمنکاری خاچپەرستان بپارێزنو سیاسەتێکی ئاشتیان لەگەڵدا بگرنە بەر، شاڵاوە یەك لەدوای یەکە خاچپەرستیەکان هێزی بەرگری ئەو دووانەی نیشاندا، هەروەها دانیشتوان بەسودەکانی پەیوەندیە بازرگانیە ئاشتەواییەکان کاریگەربوون، هەرچەندە جارجارێك ڕێکەوتنەکە هەڵدەوەشایەوە ئەمەیش دەست پێشخەری ڕۆژئاوای ئەورووپی بوو کەدەیویست بەیتولمەقدیس لە موسڵمانان دابڕێت.

مەڵبەندی قورسایی لەجیهانی ئیسلامیدا ئەوکات گوازرایەوە بۆ ناوچەی مصر کەهەڵمەتەکانی صلاح الدین دژبە خاچپەرستان لەوێوە بوو بۆیە ئامانجی ئەوان بوو خاچپەرستان

---

[1] ابن الأثیر: ج١٠ ص٣١-٣٢.

[2] هەمان سەرچاوە: ج١٠ ص١١١-١١٢، ابو شامە: ج٢ ص٢٠٣، ابن واصل: ج٢ ص٤٠٣-٤٠٤.

[3] ابن الأثیر: الکامل في التأریخ ج١٠ ص١١٨.

لەساڵی(٦١٥ك/١٢١٨ز)و بەسەرکردایەتی پاشا یوحەنا برین شاڵاوی پێنجەمی خاچپەرستیان کردە سەر مصرو دابەزینە ناو دمیاتو دواتر لەژێرفشاری سەربازی ئیسلامیدا ناچاربوون پاشەکشە بکەنو پێشئەوەش مەلیك عادل بەخەفەتو پەژارەوە مرد[1].

مەلیك کاملی کوڕی عادلی ئەیووبی ویستی بەدیهێنانی ئاشتی هەبوو فریدریکی دووەمی پاشای سقلیەو ئیمبراتۆری ئەلمانیاش کەبەهەلمەتێکی سەربازیەوە لەساڵی(٦٢٥ك/١٢٢٨ز)دا بەرەو ڕۆژهەڵات دەهات جێی پاڵپشتیو ڕەزامەندی بوو، بەهێزی ئەو خواستە گەیشتە ئەوەی کامیل بەیتولمەقدیسو بەیت لەحمو ناسرەو دوو ڕێڕەو کە دەگەیشتن بەیافاو سیدای دایە دەست ئیمپراتۆری ئەلمانی بەمەرجێك لەبەرامبەردا لەوێدا چەك هەڵنەگرنو زامنی ئازادی پەیڕەوکردنی دروشمە ئاینیەکان هەبێت، خاچپەرستانیش بەڵێنیاندا ڕێز شمەك کاروبارەکانی لەووڵاتی شامدا بگرن[2] بەمەرجێك ئەمە هەتا مانەوەی ئاگربەستەکە بەردەوام بێت کامل سوودی لەو ڕێککەوتنە بینی باجەکەی لەفەلەستیندا وەرگرتو خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی لەباکوور لەسەر حسابی دەوڵەتی سەلجووقیەکانی ڕۆم کەلەئەنادوڵ دامەزرا یەکلابوویەوە، بەمەیش مەلیك ئەشرەفی برای لەدیمەشق بێزاربوو[3] کاتێك کامیل گەیشتە بەردەرگاکانی دیمەشق تا لەگەڵ ئەشرەفی برایدا بجەنگێت، ئەشرەف مرد کامیلیش لەساڵی(٦٣٥ك/١٢٣٨ز)دا مردو مەلیك عادلی دووەمی کوڕی هاتە شوێنی دوو ساڵی نەخایاند تامەلیك صالح ئەیووبی برای لێی هەستاو لەمصر دەریکرد[4] پاشان مەلیك صالح بەهێزی تورکە خوارزمیەکان کەلەدەست جەنگیزخان ڕایانکردبوو توانی لەساڵی(٦٤٢ك/١٢٤٤ز)دا بەیتولمەقدیس لەدەست ناسر داودی کوڕی مەلیك مەعەزەمی ئەمیرەکەرکی ئامۆزای بسەنێت، مەلیك موعەزەم لەدوای هەڵوەشانەوەی ئاگربەستی لەگەڵ فریدریکی دووەمدا دەستی بەسەر بەیتولمەقدسداگرت[5].

قەدەر وابوو کەمەلیك صالح سەرلەنوێ هەموو دەوڵەتی صلاح الدینی یەکخستەوە تاگەیشتە حەلەبو جەزیرەی سەروو، سەردەمەکەی پڕ بەململانێی ناوخۆیی دژبە ڕکەبەرەکانی لەخێزانی ئەیووبیداو دژبە خاچپەرستان بوو، وێڕای دژایەتی خوارزمیە بەکرێگیراوەکان.

---

[1] ابن الأثير: هەمان سەرچاوە ص٣٢٦.

[2] ابن الأثير: الكامل في التاريخ: ج١٠ ص٤٣٤-٤٣٥.

[3] ابن تغري بردي: ج٦ ص٢٨٢-٢٨٣.

[4] هەمان سەرچاوە: ص٣٠٠، أبو شامة: ذيل الروضتين ص١٦٨.

[5] المقريزي: السلوك: ج١ ص٣١٦.

لەوکاتەی مەلیك صالّح خۆی بۆ هێرشبردنە سەر یوسفی دووەمی بەرپرسی حلەب ئامادە دەکرد، هەواڵی شالاّوی خاچپەرستانی بۆسەر مصر بۆ جارێکی ترو لەسەر دەستی لویسی نۆیەمی پاشای فەرەنسا کەبە قدریس ناسرابوو پێگەیشتو لەمانگی ڕەبیعلئەوەلی ساڵی ٦٤٧ك/مانگی تەمووزی ساڵی ١٢٤٩ز دا سەربازەکانی دمیاتیان داگیرکرد[1]. ئەوکات مەلیك صالّح نەخۆشبوو تاله(مانگی شەعبانی/مانگی تشرینی دووەمدا) کەمرد، شەجەرە تودوری خێزانی هەواڵی مردنی مێردەکەی شاردەوە تا موعەزەم تورانشاهی کوڕی لەجەزیرەی فوراتیدا بووهاتو مەمالیکەکانی خۆیشی لەگەڵدابوو و توانی دمیات لەخاچپەرستەکان بسێنێتەوەو پاشا لویسی بەدیلگرت[2].

هەڵسوکەوتەکانی توراشاهو مەمالیکەکانی بوویە هۆی بێزارکردنی مەمالیکەکانی مصر، بۆیە توارنشاهیان کوشتو شەجەرە،تودووریان وەك شاژن دانا بەمەرجێك عیزەدین ئەیبەك جاشنگیری صالّی کەبە موعیز ناسرابوو ئەتابەگی سەربازگەکان بێت. موعیز ئەیبەك دواتر شەجەرە تودوری بەهاوسەر گرتو دەسەلاّتی تەواوی بەسەر مصردا بلاّوکردەوە[3].

بەوەیش دەوڵەتی ئەیووبی لەمصر نەما، چونکە شەجەرە تودور لەقۆناغێکی گواستنەوەیدا دەسەلاّتی گرتەدەستو دواتر مەمالیکەکان دەستیان بەسەر کاروبارەکاندا گرت کەلەبەشی دواتردا(پشت بەخوا) باسی دەکەین.

هـ- **ڕووخانی بەغداد لەسەردەستی مەغۆلەکان**[4]: مەغۆلەکان کۆمەڵە هۆزێکی کۆچەری بوون کەلەبیابانی ناسراو بەبیابانی مەنغۆلیا لەباکوری بیابانی جودی دا پێگەیشتنو لەسەر لقەکانی ڕووباری عامور دەژیان و دەستیان بەسەر زەوییەکانی نێوان دەریاچەی بایکاڵ لەڕۆژئاواو شاخەکانی گونجان لەسەر سنووری مەنشوریا لەڕۆژهەلاّتدا گرت[5].

لەنێو ئەندامانی مەغۆلدا تیمۆجین دەرکەوت کەهۆزە مەغۆلیەکان وەك ئیمبراتۆری خۆیان هەڵیانبژاردو ناوی جەنگیزخانی لێنرا واتە ملکەچکەری جیهان، جەنگیزخان ئیمبراتۆریەتێکی فرە بەشی دامەزراند کەلە وولاّتی چین لەڕۆژهەلاّتەوە تا سنوری عێراقو دەریای خەزەرو وولاّتی ڕووس لەڕۆژئاواو وولاّتی هیند لەباشورەوە درێژبوویەوە، لەدوای مردنی ئیمبراتۆر لەساڵی

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج١ ص٣٣٤-٣٣٥، ٣٤٦، ابن تغري بردي: ج٦ ص٣٢٩-٣٣٠، Joinville: P٩٠

[2] ابن تغري بردي: ج٦ ص٣٧٣-٣٧٥.

[3] هەمان سەرچاوە: ج٦ ص٣٧٣-٣٧٥.

[4] الجويني: ج١ ص٦٠.

[5] رشيدالدين: جامع التواريخ، تأريخ المغول في إيران، ج٢ ص٢٣٦-٢٣٧.

٦٢٤ك/١٢٢٧ز دا مەغۆلەکان بەئاراستەی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیاو لەچوارچێوەی سیاسەتێکی فراوانخوازیدا کشان، منگوخان کەلەساڵی(٦٤٦ك/١٢٤٨ز)دا سەرکردایەتی مەغۆلی گرتەدەست، هۆلاکۆی برای کردبە سەرکردەی هەڵمەتێك بۆسەر فارس‌و وەسیەتی بۆ کرد تادەسەڵاتی مەغۆلی بەسەر وولاتی نێوان عێراق تائەوپەڕی مصر بلاوبکاتەوەو سنوری پەیوەندی لەگەڵ خەلیفەی عەباسیدا بۆدەستنیشان کرد، ئەگەر خەلیفە سەرکەشبوو بالەناوی ببات[1].

باری خراپی بەغداد لەوکاتەدا بەهۆی فرە مەڵبەندی هێزەکان‌و توندو تۆڵ نەبوونی خەلیفە موستەعصەم لەکارگێڕی کاروبارە گشتیەکاندا یارمەتی سەرکردەی مەغۆلی دا تالە(مانگی صەفری ساڵی ٦٥٦ك/ مانگی شوباتی ساڵی ١٢٥٨ز)دا بچێتە شارەکەو شارەکەی ڕووخاندو خەلیفەی کوشت[2].

بەڕووخانی بەغدادو کوژرانی خەلیفەی عەباسی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی کۆتایی پێهات، هێندەی لەو ڕووداوانە ماوە باسی بکەین ئەوەیە کەئەو ڕووداوانە پایەی خیلافەتیان چۆڵکردو هەر سەرکردەیەك هەوڵی بۆدەدا، جا کاتێك سوڵتان زاهیر بیبرسی مەملوکی کورسی دەسەڵاتی مصری گرتە دەست یەکێك لەئەندامانی بنەماڵەی عەباسی لەساڵی(٦٥٩ك/١٢٦١ز)و لەمصر وەك خەلیفە دەستنیشان کرد بەمەش بەهۆی ئەو دانپیانانەی لەلایەن خەلیفەوە بەدەستی هێنا دەیویست سیفەتی شەرعی بەدەسەڵاتەکەی خۆی بدات، ئەو بارە لەمصردا بەوجۆرە مایەوە تائەوەی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی لەساڵی(٩٢٣ك/١٥١٧ز)دا مصری گرت‌و خیلافەتی وەرگرت‌و ئەو دیاردەیە کۆتایی پێهات، بەمەش وەك دواتر دەبینین خیلافەت گوێزرایەوە بۆ عوسمانیەکان.

---

[1] ابن الطقطقا: ص٣٣٣.


[2] ابن كثير: البداية والنهاية: ج١٣ ص٢٠١-٢٠٥.

# بەشی شەشەم

## سەردەمی ئەندەلوسی( ٩٥-٨٩٧ك/٧١٤-١٤٩٢ز)

١- سەردەمی والیە ئومەویەکان: ٩٥-١٣٨ك/٧١٤-٧٥٦ز.

٢- سەردەمی ئیمارەتی ئومەوی: ١٣٨-٣٠٠ك/٧٥٦-٩١٢ز.


فتح الأندلس
٩٢ هـ - ٧١١ م
خط سير طارق بن زياد
خط سير موسى بن نصير
خط سير عبد العزيز بن موسى

## ڕێ خۆشکەری:

**بارودۆخی ئەندەلوس لە پێش فەتحی ئیسلامیدا:**

فەتحکردنی ئیسپانیا[1] لەزۆر لایەنەوە پەیوەندی بەسیاسەتی فتوحات لەمەغریبدا هەیە، ئەو هۆکارانەش موسڵمانانیان هاندا تالە گەرو بپەڕنەوە پەویوەندی ڕاستەوخۆیان بەوبارە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئایینیەوە هەیە کەئیسپانیان لەپێش فەتحدا تیایدا دەژیا، جالەڕووی باری سیاسیەوە ئیسپانیا هەر لەسەدەی شەشەمی زاینیەوە لەژێردەسەڵاتی قوطە ڕۆژئاواییەکاندا بوو و شاری(طليطلة) پایتەختیان بوو، ووڵات لەسەرەتای سەدەی هەشتەمی زاینیەوە بەهۆی ململانێ لەسەر کورسی دەسەڵات لەدوای مردنی پاشا غتشە لەساڵی(٩٨ك/٧٠٨ز) لەنێوان ئەخیلای کوڕی و لزریقی یەکێك لەسەرکردەکانی سوپایدا کەتوانی بەیارمەتی خانەدانانو پیاوانی ئایینی دەسەڵات بگرێتە دەست دارمانێکی سەختی بەخۆیەوە دی[2] ئەمە بوویە هۆی دابەشبوونی سەخت لەووڵاتداو لەدەستدانی یەکبوونی سیاسیو نیزام ئەمە وای لێکرد بۆ فەتحکردن خاکێکی سادەو ئاسان بێت.

وێڕای ئەو هۆکارە سیاسیە هۆکاری جوگرافیش هەبوو کەخۆی لەکۆکردنەوەی نێوان هەردوو کەناراوی گەروەکە لەڕووی سروشتەوە خۆی دەنواند چونکە ئیسپانیا زیاتر بەسەر مەغریبدا کراوەبوو.

لەڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتیشەوە بەهۆی دابەشبوونی کۆمەڵگەی ئیسلامی بۆ چەند چینێكو قۆرغکاری چینی سەرەوە بۆ چینی خوارەوەی لەو پەڕی باری خراپدا بوو و یەکانگیری نێوان ئەو چینانەی لەدەست دا، ئەمە وایکرد ڕقو ناحەزی لەنێوانیاندا هەبێتو چینی فەرمانڕەواش نەیتوانی کۆمەڵگەیەکی یەکانگیری هەواداری نیشتمانی بێنێتە کایە، پیاوانی ئایینی پایەی تایبەتمەندی ئایینی خۆیان بەهەند وەرگرتو پشکێکی زۆری قەڵەمڕەوو دەسەڵاتیان هەبوو، چینی ناوەندیش قورسایی باجیان لەسەربوو و چینی خوارەوەی جوتیارانیش کۆیلەکانیش پەیوەست بەزەوی کرابوون، لەکۆمەڵگەی ئیسپانیدا کۆمەڵێك جولەکە هەبوون کەئەندامەکانیان لەکاری دراوو کاروباری دارایدا ئیشیان دەکرد بەڵام بەهۆی جیاوازی بیروباوەڕیانو سوخۆریان کۆمەڵگا ڕقیان لێیان بوو.

**لێرەدا نەخشە هەیە لاپەڕە ٢٠٦.**

[1] هۆزە وەندالە جەرمانیەکان کەلەبیابانی باشوری ئیسپانیا لەسەدەی پێنجەمی زاینیدا نیشتەجێ بوون، ئەم ناوەیان(ڤاندلوسیا) بەناوچەکە بەخشی، موسڵمانەکان ئەو ناوەیان گۆڕی بۆ ئەندەلوس.

[2] مؤلف مجهول: أخبار مجموعة في فتح الأندلوس وذكر أمرانها والحروب الواقعة بينهم ص٥.

لەڕووی بارودۆخی ئایینیەوە گەلی ئیسپانی بەجیا لەجوولەکەکان سەربەئایینی مەسیحی لەسەر مەزهەبی کاسۆلیکی بوون پیاوانی ئایینی ئەو مەزهەبەیان سەپاندو بڵاوبوونەوەی هەر مەزهەبێکی تریان قەدەغەکرد.

**چالاکیەکانی فورات:**

فەتحکردنی ئیسلامی بۆ ئیسپانیا لەئەنجامی نەخشەیەکی دانراوبوو کەلەنێوان خەلیفە وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکی ئومەوی‌و سەرکردەکەی لەباکوری ئەفەریقیا موسای کوڕی نەصیردا دانرابوو کەخەلیفە لەوێ سەقامگیریکرد، سیاسەتی دەوڵەتی ئیسلامی‌و پەیوەندی بە بیزەنتیەکانەوەو کاریگەری هەڵمەتبردنە سەر ئەو پەیوەندیانە بەتایبەت لەبواری دەریایی دەستگرتن بەسەر دورگەکانی حەوزی ڕۆژئاوای دەریای سپی ناوەڕاستدا کاریگەری لەسەر بڕیارەکەی خەلیفە هەبوو[1].

پاش پێگەیشتنی ئەو بارودۆخەی کەسەرکەوتنێکی تری بۆ موسڵمانان لەبارکرد، موسای کوڕی نەصیری یەکێك لەئەفسەرەکانی کەبە تەریفی کوڕی مالیکی مەعاریفی بوو بەهێزێکی سەربازیەوە بۆ کەناراوی ئیسپانیای ڕۆژئاوا بەئەرکێکی هەواڵگری نارد، ئەمەش لەساڵی ٩١ك/٧١٠ز دابوو، تەریفلەدورگەی بالوماس دابەزی‌و[2] هێرشی بردەسەر ناوچە دراوسێکانی‌و دیلێکی زۆری گرت‌و بەدەستکەوتەوە گەڕایەوە[3] ئەو هەڵمەتەش ڕازیکرد بەوەی دان بەلاوازی پێناوەکانی بەرگریکاری ئیسپانیدا بنێت.

سەرکەوتنی تەریف موسای کوڕی نەصیری هانداو(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٩٢ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی٧١١ز)دا هێزێکی سەربازی بەحەوت هەزار سەربازەوە بەسەرکردایەتی تاریقی کوڕی زیادی جێگیری لەتەنجە نارد[4].

تاریق لەگەرو پەڕیوەو بەئاڕاستەی دورگەی خەزرا لە(صخرة الأسد) دابەزی‌و دەستیگرت بەسەر شاخێکدا کەلەو کاتە بەدواوە بەناوی ئەوەوە ناسرا پاشان بەئاڕاستەی ڕۆژئاوا پێشڕەوی کرد تاگەیشتە دەریاچەی خندەی باشوری ڕۆژئاوای ئیسپانیا کەڕووباری(بربات) بەدۆڵی ناسراوی لکەدا دەڕۆیشت دەیبڕی، ئەو لەوێ سەنگەری گرت لەڕێگەی هەواڵگرەکانیەوە هەواڵی کۆبوونەوەی ئەو سوپا گەورەیەی زانی کە(لزریق) کۆیکردبوویەوە بەئاڕاستەی هێزە ئیسلامیەکان بۆ پێکدادان

---

[1] بیضون، ابراهیم: ملامح التیارات السیاسیة في القرن الأول الهجري ص٢٩٦-٢٩٧.

[2] دورگەکە بەناوی ئەوەوە ناونراو دواتر بەجەزیرەی تەریف دەناسرا.

[3] أخبار مجموعة ص٦.

[4] هەمان سەرچاوە.

لەگەڵیدا پێشڕەوی دەکرد، بۆیە داوای فریاگوزاری لەموساکرد ئەویش پێنج هەزار سەربازی بۆنارد[1].

هەردوو سوپا لە دۆڵی(لکە) و لە(مانگی شەوالی ساڵی ٩٢ك/ مانگی تەموزی ساڵی ٧١١ز)دا پێکگەیشتن‌و جەنگێکی توند لەنێوانیاندا ڕووی داو بەسەرکەوتنی موسڵمانان کۆتایی پێهات‌و سوپای قوتی و پاشایش کە لەگەڵیدا بوو لەناوچوون[2].

موسڵمانان ئەو سەرکەوتنەیان بەهەند وەرگرت‌و ڕۆچوونە ناو وولات‌و قورتوبەو طلیطلەیان لەسەرەتاکانی(ساڵی ٩٣ك/ ٧١٢ز)داو شزونەو بیرەو چەند شارێکی تریان فەتح کرد[3]. تاریق نامەی بۆموسا نوسی و هەواڵی ئەو سەرکەوتنانەی پێدا کە چەند شارێکی فەتح کردووە، ئەمە هانی دا تا خۆیشی لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٩٣ك/ مانگی حوزەیرانی ساڵی ٧١٢ز)دا خۆی بپەڕێتەوەو چەند شارێکی تری وەك قرمونەو ئیشبیلیەی فەتح کردو ماردە ڕێککەوتنیان لەگەڵ کرد[4] فتوحاتەکەی تا بەرشەلۆنە لە ڕۆژهەڵاتەوەو نەربونا لە ناوەندو قادش لەباشوورو جیلیقیە لەباکوری ڕۆژئاوا پەلی هاویشت.

پاشان هەردوو سەرکردەی موسڵمان لەشاری(طلبیرة) کۆبوونەوە تاپێوانی دەسکەوتەکانی نەخشەی فتوحاتەکە بکەن‌و بزانن لەداهاتوودا کوێ فەتحبکەن[5] پێکەوە لەفەتحکردنی شاری سەرەقۆستە لەهەرێمی ئەراغۆن‌و بەرشەلۆنەدا بەشداریانکرد، موسا شاخەکانی(برینیە)ی جیاکەرەوەی نێوان ئیسپانیاو فەڕەنسای بڕی‌و هێرشی بردە سەر وویلایەتی سبتمانیاو قەقشونەو ناربونی فەتحکرد، هەروەك هەڵمەتی بردە سەر دۆڵی ڕووباری ڕون لەوولاتی فرەنجەکان‌و گەیشتە شاری لیون، لەکاتێکدا تاریق دۆڵی ئەبروی بڕی‌و هێرشی بردە سەر جیلیقیە[6].

---

[1] سەرچاوەی پێشوو ص٧.

[2] هەمان سەرچاوە، ابن عذاری المراكشي: البيان المغرب في أخبار الأندلس والمغرب، ج٢ ص٨-٩، دروزي: المسلمون في أندلس ج١ ص٤٥.

[3] ابن عذاری هەمان سەرچاوە:ص٩-١٧.

[4] أخبار مجموعة: ص١٥-١٧، ابن القوطية: تأريخ افتتاح الأندلس: ص٧٧-٧٨.

[5] عنان، محمد عبدالله: دولة الإسلام في الأندلس، العصر الأول، القسم الأول ص٥٢.

[6] ابن عذاری: ج٢ ص١٦-١٧.

لەوکاتەدا هەریەك لەموساو تاریق فرمانی خلیفەیان بۆهات کەچالاکیە سەربازیەکان رابوەستێنن و بەپەلە بگەڕێنەوە بۆ دیمەشق، موسا لەپێش چوونیدا عەبدولعەزیزی کوڕی خۆی وەك فەرمانڕەوای ئەندەلوس لەجیاتی خۆی دانا[1].

**دابەشکردنی مێژووی ئەندەلوس:**

بەپێی ڕاستیو ڕووداوەکانی مێژووی ئەندەلوس، دەکرێت ئەومێژووە بۆ چوارسەردەمی جیا دابەشبکەین کەلەتوانای سیاسیو سەربازیدا لەیەك ئاستدا نەبوونو لەنێوان لاوازیو بەهێزیدا سەروخواریان دەکرد، ئەوانیش بریتین لە:

١- **سەردەمی والیە ئومەویەکان(٩٥-١٣٨ك/٧١٤-٧٥٦ز):** ئەم سەردەمە سەردەمێکی پشێو بوو و چەند جەنگێکی دەرەکی دژبە باشووری فەرەنساو چەند ئاژاوەیەکی ناوخۆیی نێوان عەرەبو بەربەر لەلایەكو نێوان خودی عەرەبەکانی لەلایەکی ترەوە بەخۆیەوە دی، ئەوکات ئەندەلوس ئیمارەتێکی سەربە خیلافەتی ئومەوی بوو، والیەك کەبە ئەمیر دەناسرا فەرمانڕەوای دەکردو لەڕووی کارگێڕیەوە شوێنکەوتەی ئەمیری ئەفریقیابوو.

٢- **سەردەمی میراتی ئومەوی(١٣٨-٣٠٠ك/٧٥٦-٩١٢ز):** ئەندەلوس لەم سەردەمەدا میرایەتیەکی ئومەوی بوو کەلەڕووی سیاسیەوە لە خیلافەتی عەبباسی لەبەغداد سەبەرخۆبوو.

٣- **سەردەمی خیلافەتی ئومەوی(٣٠٠-٤٢٢ك/٩١٢-١٠٣١ز):** میرایەتی ئومەوی لەوسەردەمەدا گۆڕا بۆ خیلافەتێکی سەربخۆی ڕۆحی بەجیا لە خیلافەتی عەبباسی لەبەغداد.

٤- **سەردەمی دەولەتی خێلەکان(٤٢٢-٨٩٧ك/١٠٣١-١٤٩٢ز):** ئەم سەردەمە بۆ سێ قۆناغی کاتی دابەش دەبێت:

أ- قۆناغی پاشایانی خێلەکان(٤٢٢-٤٧٩ك/١٠٣١-١٠٨٦ز): لەم قۆناغەدا دەولەت بۆ چەند دەولەتۆکەیەکی خێلایەتیو لاوازو ناکۆك دابەشبوو.

ب- قۆناغی دەستڕۆیی مەغریبی(٤٧٩-٦١٢ك/١٠٨٦-١٢١٥ز): لەو ماوەیەدا ئەندەلوس گۆڕا بۆ ویلایەتێکی سەربە مەغریب لەسەردەمی مەرابیتەکانو موەحیدیندا.

ج- قۆناغی دەسەلاتی بەنی نەسریان بەنیلئەحمەر(٦١٢-٨٩٧ك/١٢١٥-١٤٩٢ز): ئەمە کۆتا قۆناغی ئیسلامی بوو لەئەندەلوسو دوای ئەوە کەوتە دەست ئیسپانەکان.

---

[1] ابن القوطية: ص٧٨.

## سەردەمی والیە ئومەویەکان( ٩٥-١٣٨ك/٧١٤-٧٥٦ز)

### کۆمەڵگەی ئەندەلوسی لەدوای فە تحی ئیسلامی:

فەتحی ئیسلامی بۆ ئیسپانیا کرانەوەی سەردەمێکی نوێی ژیانی گشتیو رێکخستنی کۆمەڵایەتی ئیسپانیابوو، ئیسلام دادپەروەریو ئازادی و یەکسانی مافو ئەرکەکانی بۆ بەندەکان هێناو قەڵەمڕەوی چینەکانی سەروەری لەناوبردو کۆڵی سەرشانی چینی خوارەوەی سووککردو خەڵکی مەسیحیو جوولەکەی وڵات لەبەرامبەر پێدانی سەرانەدا لەئازادی ئایینیدا دەژیان، لەراستیدا بارودۆخی ئەهلی زیمە لەچاو بارودۆخیان لەپێش فتوحاتدا شیاوی ئەوە نەبوو کەلەسەردەمی ئیسلامیدا بکەونە سکاڵاو نارەزایی دەربڕین.

بەڵام ئەو کۆمەڵگەی لەدوای فتوحات پێگەیشت لەکرۆکی خۆیدا تۆوی سەرەتایی بۆنەو ناکۆکیە مەترسیانە پێبوو کە ئەو سەرەمە بەخۆیەوە دی، چونکە لەژێریدا چەند رەگەزێکی ئارەزووبازو خواستی جیاجیای لەخۆ گرتبوو.

هۆزە عەرەبیەکان هێشتا گیرۆدەی ئاگری دەمارگیری کۆنی نێوان قیسیو یەمەنی بوونو گیانی هۆزایەتی بەسەر دەروونی ئەوانەدا زاڵبوو بوو کەبەسەر مووسای کوری نەسیردا هاتبوونە ئەوێ.

بەربەرەکان ئەرکی قورسی فەتحکردنی ئیسپانیان لەخۆگرتبوو و زۆرینەی هێزەچەکدارەکانیان پێکدەهێنا حەزیان بەسەرکردە عەرەبەکانیان نەبوو و لەبەرئەوەی دەسەڵاتو قەڵەمڕەو پارچە دەوڵەمەندەکانیان بۆ خۆیان بردبوو لێیان نارازیبوون، بەردەوامی هەڵکەوتنیان لەباکووری ئەفریقیادا وای لێکردن هەرلە سەردەمێکی زووەوە هەست بەهێزی خۆیان بکەن، بۆیە شتێکی نامۆ نەبوو کەدژبە ئەو بارەی کەبەنائاساییان دەزانی چەند شۆڕشێك ئەنجام بدەن.

موسڵمانە ئیسپانیەکان تازە موسڵمان بووبوون یەك جۆرە بیرکردنەوەیان نەبوو، هەیانبوو هەمیشە هەستی بەوە دەکرد لەرووی کۆمەڵایەتیەوە لەعەرەب کەمترە، ئەمانە رێژەیەکی زۆرکەم بوون، بەڵام زۆربەیان بەراستی پەیوەستی ئیسلام بووبوون، کەچی عەرەبەکان گومانیان لە پشتیوانیو هەواداریان هەبوو، بۆیە لەگرتنە دەستی پایە گەورەکاندا دووریان دەخستنەوە تازە لەدایکبوانیش لەبارەکە تێگەیشتنو هەستیان بەپایەی خۆیانو ئەو هێزە ماددیە دەکرد کەهەیانبوو، چونکە ئەوان زۆربەی دانیشتوانیان پێکدەهێنا ئەمە بوویە هۆی ئەوەی لەهەموو ویلایەتەکانو شارەگەورەکاندا چەند شۆڕشێك ئەنجام بدەن.

لەڕاستیدا سیاسەتی هۆزایەتی کەزۆربەی جار قەیرەوان سەرچاوەکەی بوو خۆی بەسەر ڕووداوەکانی ئەندەلوسدا سەپاندبوو ڕەنگی لەسەر ئەو گەشەسەندنە ناوخۆییو دەرەکیانە دابوویەوە کە لەوێدا ڕوویانەدەدا.

**باروودۆخی گشتی سیاسی:**

عەبدولعەزیز ڕاسپاردنی موسای کوڕی نەسیری باوکی دەسەلاتی ئەندەلوسی گرتە دەستو خەلیفە سولەیمانی کوڕی عەبدولمەلیکیش بەوە ڕازی بوو، عەبدولعەزیز فەرمانڕەوایەکی سەرکەوتوو بوو لەزۆربەی هەلمەتە سەربازیەکاندا هاودەمی باوکی بوو ئەزموونی کاری کارگێڕی لێوەرگرتو لەکاتی گرتنەدەستی دەسەلاتدا خواستێکی ڕاستگۆیانەی بۆ ڕێکخستنی کارگێڕی نوێ نیشانداو دیوانێکی بۆ جێبەجێکردنو سەپاندنی حوکمە شەرعیەکان دانا تا موسلمانانی هۆزە جیاوازەکان بۆلای خۆی ڕابکێشێتو هاوسەرگیری نێوان عەرەبو ئیسپانەکانیشی هانیدا تاکۆمەلگەیەکی یەکانگیر بێنێتەکایە خۆیشی ئیلجونای ژنی لزریقی بەهاوسەرگرت[1].

لەسەردەمی ئەودا ژیانی کشتوکالیو پیشەسازیو بازرگانی بوژایەوەو کۆچکەران لەمصرو ولاتی شامو عێراقەوە هاتن بۆ ئەندەلوس لەگەل ئەوەیشدا عەبدولعەزیز نەیتوانی نێوان هۆزە جیاوازەکان یەکبخاتو سەرەڕۆیی سەربازان ئارامبکاتەوەو بەوە تۆمەتباردەکرێت کەکەوتووەتە ژێر کاریگەری ژنەکەیو نەریتی قوتیەکان ڕەنگی لەسەر بیروباوەڕو ڕێڕەوی ژیانی داوەتەوەو هانیداوە تا بیر لەجیابوونەوە لەدیمەشقو سەربەخۆیی نواندن لەئەندەلوس بکاتەوە[2] لەگەل ئەوەی هیچ بەلگەیەکی یەکلاکەرەوەمان نیەکەویستبێتی سەربەخۆیی وەربگرێت، جێی بڕوایە لەوباروودۆخەی ئەوکاتی ئیسپانیادا شتی وابووبێت[3] نەیارەکانی سەرزەنشتی ئەو هەلسوکەوتەیان دەکردو دواتر زیاتر چوون و لەکاتی نوێژکردنی لەمزگەوتێکی ئیشبیلیە لە(مانگی ڕەجەبی سالی ٩٧ك/مانگی ئازاری سالی ٧١٦ز)دا کوشتیان، پێدەچێت کەوتبێتەبەر پلانێکی خیلافەتی دیمەشقەوە بۆ کوشتنیو ئەو ڕووداوەش پەیوەندی بەهەلوێستی خیلافەت لەڕووی باوکیداو لەناوبردنی خواستەکانی خێزانەکەی لەو ناوچە دوورە دەستانەدا هەبوو[4].

---

[1] Levi provencal: Histoive de LEspagne Musulman IP٣٣ ابن الأثير: ج٤ ص١٤٤، ابن عبدالحكم ص٨٣-٨٤، ابن عذاري: ج٢ ص٢٣.

[2] ابن الأثير: الكامل في التاريخ: ج٤ ص١٤٤.

[3] عنان: ص٧٢.

[4] ابن الأثير: ج٤ ص١٤٤، ابن القوطية: ص٧٨-٧٩، ابن عذاري: ج٢ ص٢٤.

ڕووداوی تیرۆرکردنی عەبدولعەزیز کرانەوەی سەردەمێکی بارگرژیو ئالۆزی ناو مێژووی ویلایەتی ئوممەوی بەماوەی چلو دووساڵ بوو کەنیشانەو شێوەکانی لەناسەقامگیری سیاسیو جیاوازی ناکۆکی هۆزایەتیو دەمارگیری نێوان خودی عەرەبەکانو دواتر نێوان عەرەبەکانو بەربەرەکاندا[1] دەرکەوتن کەدواتر ڕێگەی تەقینەوەی لێکەوتەوە، لەڕاستیدا ئەو کێشە سیاسیەی ئەوکات ئەندەلوس گیرۆدەی بوو خۆی لەدابەشبوونی کۆمەڵگەی ئەندەلوسیدا بۆ چەند حیزبو دەستەیەکی هۆزایەتی هەوادار جیادا دەبینیەوە کەتەنها ڕکەبەری لەسەر دەسەڵات کۆی دەکردنەوە.

لەئەنجامی کوژرانی عەبدولعەزیزدا سەرکردەکان لەئیشبیلیە ڕێککەوتن تا ئەیوبی کوڕی حەبیبی لەخمی دابنێن کەخوشکەزای موسای کوڕی نەسیربوو، ئەو تەنها ماوەی شەش مانگ فەرمانڕەوایی وڵاتی کردو دواتر والی ئەفریقیا(موحەممەدی کوڕی یەزید) لایبردو لەجیاتی ئەمودا(حوری کوڕی عەبدولڕەمانی سەقەفی) دانا، ئەویش سەرەتای کارەکانی بەگواستنەوەی پایتەخت لەئیشبیلیەوە بۆ قورتوبە دەستپێکرد، چونکە یەکەمیان لەڕۆژئاواوە نزیکبوو، لەکاتێکدا قورتوبە دەکەوتە ناوجەرگەی ئەندەلوس ئەمە ڕێکخستنی وڵاتی بۆ ئاسان دەکرد پاشان کەوتە سەرکوتکردنی ئەو فیتنەو ناکۆکیانەی لەنێوان عەرەبەکانو بەربەرەکاندا هەڵگیرسابوونو کەتنە چاکسازی سوپاو ڕاوەدوونانی خەواریجەکانو ڕێکخستنی کارگێڕیو بەهێزکردنو چەسپاندنی ئاسایش، ئەمە لەپێش ئەوەی دەستبەتاڵ بێت بۆ فتوحاتی دەرەکی، بەڵام لەئەرکەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو ناکۆکیەکان توندتر بوون، ئەمە خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیزی هاندا تا لەساڵی(١٠٠ك/٧١٩ز)دا لای باتو لەجیاتیدا سەمحی کوڕی مالیکی خەوەلانی دانا، خەلیفە عومەر بڕیاری دا ئەندەلوس ویلایەتێکی سەربەخۆ لە ئەفریقیا بێتو ڕاستەوخۆ سەربە خیلافەت بێت، ئەمەش لەبەرئەوەی هەستی بەگرنگیو بەرفراوانبوونی کاروباری ئەندەلوس کردبوو[2].

سەمع بەکۆمەڵێك ئامۆژگاری خەلیفەوە کەپەیوەست بەبەجێگەیاندنی دادپەروەریو نەرمونیانیو سەرخستنی پەیامی حەقو کاروباری ئایین بوو بەرەو ئەندەلوس هات، ئەم والیە لەکاری کارگێڕیو کاروباری دەسەڵاتدا ئەزمونێکی فراوانی هەبوو، بەپێشەوای ڕێکخستنی دەزگای دەسەڵات لەسەر چەند بنەمایەکی نوێو گەشەسەندوو دادەنرێتو سیفەتی داناییو هۆشمەندی هەموو، ئینجا دەسەڵاتی گرتەدەستو بەپەلە کەوتە هەوڵی دانانی سنورێك بۆ ناکۆکیەکانو چاککردنی کارگێڕیو سوپاو

---

[1] بيضون، ابراهيم: الدولة العربية في اسبانيا ص٩٠.

[2] ابن القوطية: ص٧٩-٨٠، ابن الأثير: ج٤ ص١٠٩-١١٠، ابن عذاري: ج٢ ص٢٦، المقرى، التلمساني: نفع الطيب في غص الأندلس الرطيب: ج١ ص٢١٩.

چەند چاکسازیەکی کارگێڕیو بنیادو ئابووری ئەنجامدا کەبوونە خاڵی گۆڕان لەمێژووی ئەندەلوسداو بەکەسێتیەکی تایبەتی ناو عەرەبەکان ناسرا، سەمع لەجەنگی دژبە فرەنجەکان لەنزیك تولوزو لە(مانگی زیلحەجەی ساڵی ١٠٢ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ٧٢١ز)دا شەهید بوو[1].

والیەکانی تر کە عەنبەسەی کوڕی سەحینی کەلبی بوو و بیشری کوڕی صەفوانی کەلبی والی ئەفریقیا هەڵیبژارد شوێنی سەمع ی کوڕی مالیکی گرتەوە، شیاوی باسە لەدوای کۆچی دوایی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز یەزیدی کوڕی عەبدولمەلیکی جێگیری کارگێڕی ئەندەلوسی گێڕایەوە بۆ یەکەیەکی سەربە ئەفریقیا وەك ئەو شێوەی کەپێشتر لەسەری بوو.

عەنبەسە لەمانگی صەفەری ساڵی ١٠٣ك/ مانگی ئابی ساڵی ٧٢١ز دا بەرەو ئەندەلوس چوو و هەوڵی خستە گەڕ بۆ ڕێکخستنی کارگێڕیو بەشەکانی وڵاتو چاکسازی سوپا تابۆ جەنگو فتوحاتەکان ئامادەبێت، ئەو والیەش لەکاتی گەڕانەوەی لەیەکێك لەغەزاکانیدا لە(مانگی شەعبانی ساڵی ١٠٧ك/مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ٧٢٥ز)دا شەهیدکرا[2].

لەدوای مردنی عەنبەسە بارگرژیەكو ناسەقامگیری لەژێر سایەی دەرکەوتنو هەڵکەوتنی ناکۆکی نێوان هۆزەکانو هەڵگەڕانەوەی بەربەرکانو لێك هەڵوەشانی سوپادا ئەندەلوسی گرتەوەو ماوەی پێنج مانگ بەردەوام بوو و بەدوای ئەودا چەند والیەك دەسەڵاتیان گرتەدەست کەمزۆربەیان دەمارگیری هۆزایەتی بەسەریاندا زاڵبوو، ئەو بارگرژیە بەدەستنیشانکردنی عەبدوڕەحمان ی غافقی وەك والی ئەندەلوس لەمانگی سەفەری ساڵی ١١٣ك/مانگی نیسانی ساڵی ٧٣١ز کۆتایی پێهات، سوپا لەپشت دەستنیشانکردنی عەبدوڕەحمان وەوەبوون[3].

غفقی بەرگێکی تری ئەو والیانەبوو گەدەسەڵاتی ئەندەلوسیان گرتە دەست، وادیاربوو ئەو دەیتوانی ململانێ هۆزایەتیو حیزبیەکان بوەستێنێتو هەموویان لەژێر ئاڵای خۆیدا یەك بخاتو لەچەند ئەرکێکی جیهادی لەپشت شاخەکانی(برینیە) وە بەکاریان بهێنێت ئەو کاروباری هەرێمەکانی ڕێکخستو فەرمانڕەوای لێهاتوی داناو فیتنەو ئاژاوەو ستەمکاری سەرکوتکردو بەنەرمونیانی لەگەڵ مەسیحیەکاندا جوڵایەوەو گۆڕانی لەباجەکاندا کردوو بەدادو یەکسانی بەسەر هەموانیدا سەپاندو ماوەی دەسەڵاتو والی بوونی لەچاکسازی کارگێڕیدا بەسەر بردو گرنگی بەچاکسازی سوپا داو چەند دەستەیەکی تایبەتی لەسوارە بەربەرەکان بەسەرپەرشتی دەستەیەکی

---

[1] أخبار مجموعة: ص٢٤، ابن خلدون ج٤ ص١١٨، التلمساني: ج١ ص٢١٩.

[2] أخبار مجموعة: ص٧٤، ابن قتيبة ج٢ ص٢٦١.

[3] ابن القوطية: ص٨٠، ابن قتيبة ج٢ ص٢٦١.

تایبەتی ئەفسەرە عەرەبەکان دامەزراندو بنکەو سەرسنورەکانی باکووری توندوتۆڵکرد، خۆدارنینی لەبیری هۆزایەتی یەکێك لەهۆکارەکانی ئەو سەرکەوتوویيەی بوو کەلەو ماوەیەدا بەدی هێنا، ئیتر هەمووان رێزیان دەگرتو گوێڕایەڵی بوون، سوپاکانی دۆڵی(ڕوون) یان بۆ ناوجەرگەی فەرەنسا بڕی تاگەیشتنە ڕووباری(بوار) ئەمە لەپێش ئەوەی عەبدولڕەمان لەجەنگی(بیلاتو شوهداء) لەبەردەم سەرکردەی فرەنجی شارل مارتلدا شەهید ببێت وەك دواتر دەیبینن.

جەنگی بیلاتوشوهداء لەدیمەشقدا دەنگۆی کاریگەری خۆی هەبوو و شکستەکە خەلیفە هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی هەژاند، بۆیە بەباشی زانی سیاسەتی ئومەویەکان لەئەندەلوسدا بخشێنێتەوە، بۆیە عەبدولمەلیکی کوڕی قوتنی فەهری وەك والی لەسەر ئەندەلوس دەستنیشان کردو[1] فرمانی پێکرد تائیش لەسەر پاراستنی دەستکەوتەکانی موسڵمانان لەئەندەلوس بکاتو شانوشکۆی موسڵمانان بچەسپێنێت، عەبدولمەلیك بەسوپایەکی هەڵبژاردەی سەربازانەوە پەڕیوە بۆ ئەندەلوسو دەسەڵاتی گرتەدەست.

ئەو والیە سیفەتی دەمارگیری توندی بۆ قیسیەکان هەبوو، هەروەك برەو توندوتیژبوو ئیتر تاکو کۆ لێی بێزاربوون سیاسەتەکەی هاوسەنگی هۆزایەتی تێکداو ناکۆکی نێوان هۆزەکان کەڵەکەبوو و لەسەر ئاستی سیاسی نیشانەو مۆرکی فیتنەو ئاژاوە دەرکەوت، وێڕای ئەمەش عەبدولمەلیك لەسەرکوتکردنی ئەو شۆڕشانەی لەوویلایەتەکانی باکووردا دژبە دەسەڵاتی ئیسلامی بەرپادەبوون سەرکەوتوو نەبوو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١١٦ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٣٤ز)دا لاببرێت[2].

عەبدوڵای کوڕی حوجابی کاربەدەستی ئەفریقیا عوقبەی کوڕی حەجاجی سەلولی وەك والی لەسەر ئەندەلوس هەڵبژارد[3]، عوقبە بەگرنگیدانو بەهەند وەرگرتن لەدەسەڵاتدا ناسرابوو و لەسەر شێوەی عەبدولڕەمانی غافقی سەربازێکی بەتوناو فەرمانڕەوایەکی لێهاتوو و شارەزاو کەسێکی کارگێڕی چالاكو داذپەروەرو لەخواترس بوو، هەوڵیدا ئەو ناوچانەی موسڵمانان لەباکووری فەرەنسادا لەدەسیانداون بیانگێڕێتەوەو لەبەشەکانی باکووریشدا جێ پێی موسڵمانان جێگیربکات عوقبە لەساڵی(١٢٣ك/٧٤١ز)دا کۆچی دوایی کرد[4].

---

[1] ابن القوطية: ص٨٠، ابن قتيبة ج٢ ص١٨٠.

[2] ابن الأثير: ج٤ ص٢٢٠.

[3] أخبار مجموعة: ص٢٤.

[4] ابن الأثير: ج٤ ص٢٧٣، ابن غداري ج٢ ص٣٠.

ئەندەلوسیەکان دوای کۆچی دوایی عوقبە بۆجاری دووەم عەبدولمەلیکی کوڕی قوتنیان دانا، لێڵیی و ناڕوونی باری ئەو دانانەی داگرتووەو گێڕانەوەکان ئاماژە بەشۆڕشێك دەدەن کەعەبدولمەلیك دژبە عوقبە ئەنجامی دابێت و توانیبێتی بیگرێت و بیکوژێت و دەسەڵاتی ئەندەلوسی لێ دابڕێنێت[1].

لەژێر سایەی شۆڕشێکی مەترسیداردا کەبەربەرەکان لەساڵی(١٢٢ك/٧٤٠ز)دا لەرۆژئاوای دوور و بەهۆی بەرزخوازی ڕەگەزی عەرەبی و بەتەنها گرتنە دەستی قەڵەمڕەوو دەسەڵاتی لەلایەکەو توندبوونەوەی بزوتنەوە ئاینیەکانی دژبە نیزامی ئومەوی وەك خەواریج لەلایەکی ترەوە، عەبدولمەلیك بۆجاری دووەم دەسەڵاتی ئەندەلوسی گرتەدەست .

شتێکی ئاسایی بوو ئەندەلوس بەپێی دیدی پەیوەستبوونی کارگێڕی و سیاسی و مێژوویی نێوان هەردوو هەرێمی دووبەرەی گەروەکە کەلێچوونێك لەنێوانیاندا هەبێت بەشۆڕشی بەربەرەکان لەرۆژئاوای دوور کاریگەربێت ئەوان ئەوبارە نالەبارو پشێوەیان قۆستەوە کەوڵاتی پێدا تێدەپەڕی و لەزۆربەی هەرێمەکانی باکووردا کەشوێنی سەقامگیریان بوون ڕاپەڕین و جیابوونەوەی خۆیان لەقورتوبە ڕاگەیاندو لەسەرەتاوە توانیان بەسەر هەموو ئەو هەڵمەتانەدا زاڵبن کە عەبدولمەلیکی کوڕی قوتن بۆ ملکەچکردنیان ئاڕاستەی دەکردن، عەبدولمەلیك نەیتوانی شۆڕشەکەیان سەرکوت بکات تائەوەی پەنای بۆئەو سەربازانەی شام برد کەلەلایەن بەربەرەکانەو بەسەرکردایەتی بلجی کوڕی بیشری موعتەصەم گەمارۆ درابوون[2]، ئەو مەرجی لەسەر دانا هەرکات بارودۆخ لەئەندەلوس سەقامگیربوو بەهێزەکانیەوە بگەڕێتەوە بۆ باکووری ئەفریقیا بەڵام بەلج بەهێزەکەی خۆی سەرکەش بوو و لەدژی عەبدولمەلیك هەستاو کوشتی و دەسەڵاتی ئەندەلوسی گرتەدەست ئەمەش لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ١٢٣ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ٧٤١ز)دا ڕوویدا[3]. بەڵام تەنگژە کۆتایی پێنەهات و ئومەیەو قوتنی دوو کوڕی عەبدولمەلیك ڕایانکرد بۆ باکوور، ئومەییە بۆسەر قوستە و قوتنیش بۆ ماردەو[4] هەوڵیاندا پشتیوان و پاڵپشت بەدەوری خۆیاندا کۆبکەنەوە تا تۆڵە لەبەلج بکەنەوە، بەدەمەوەچوونی هەریەك لە عەبدولڕەمانی کوڕی حەبیبی فەهری سەرکردەی ئەفریقی کەبەدژایەتی توندی بۆ بەلج ناسرابوو، لەگەڵ عەبدولڕەمانی کوڕی عەقلەمەی لەخمەی ئەمیری ناربون و وێڕای ئەو بەربەرانەی بۆ بارودۆخی سیاسی داخلەدڵ بوون بەدەمەوە چوونی ئەمانەیان بەدی کرد.

---

[1] أخبار مجموعة: ص٢٩، ابن غداري ج٢ ص٣٠، ابن خلدون ج٤ ص١١٩.

[2] ابن عبدالحكم: ص٢٩٥، ابن غذاري ج٢ ص٣٠.

[3] أخبار مجموعة: ص٤٢، ابن عذاري ج٢ ص٣٠.

[4] أخبار مجموعة: ص٤١.

بەپەلە لەدووبەرەی گەورە دەرکەوتن: بەرەی شامیەکان کەبەسەر دەسەلاتدا زالبـوون، بـەرەی ئەندەلوسیەکان لە عەرەبو بەربەرە ناوچەییەکان کەشامیەکانیان بەدەست تێوەر دەزانـی، هـەردوولا لەنزیك قورتوبەو لـە(مـانگی شـەوالی سـالی ١٢٤ك/مـانگی ئـابی سـالی ٧٤٢ز)دا پێکگەیشتنو جەنگێکی زیانبەخش لەنێوانیاندا ڕوویداو بەسـەرکەوتنی شـامیەکانو کـوژرانی بـەلج لەجەنگەکـەدا کۆتایی پێهات[1].

شـامیەکان عەلبـەی کـوڕی سـەلامی عاملییـان وەك فـەرمانڕەوای ئەنـدەلوس لـەدوای بـەلج هەلبژارد[2]، لەگەل ئەوەی ئەعلەبە سیاسەتێکی نێوەندو دادپەروەری هـەبوو، بـەلام ئەندەلوسـیەکان لەهەلوێستی دوژمنکارانەی خۆیان بەردەوامبوون، لەکاتێکدا دەسەلاتی حکومەتی مەرکـەزی تیایـدا لەلاوازیو شلۆقیدا بوو، ئەندەلوس بـۆ چـەند ناوچـەیەکی قەلـەمڕەو دابەشـبوو و هێنـدەی نـەبرد ئەندەلوسیەکان ئەو هێزانەیان کۆکردنەوەکـە بـۆ هـەولێکی تـری گێڕانـەوەی دەسـەلاتی ناوچـەکە لەدەست شامیەکان وایان بەسەر قورتوبەداو چەند جەنگێك لەنێوانیاندا بەڕێوەچوونو بەسـەرکەوتنی شامیەکان کۆتاییان پێهاتو ئەندەلوسیەکان لە سالی(١٢٥ك/٧٤٣ز)دا تووشی شکستێکی سـەخت بوون[3].

بەلام بارە دلتەنگاویەکـە چـاك نـەبوو و قورتوبـە بەدەسـت پـشێوی‌و بارگرژیـەوە دەینالانـدو بەرپرسان کەوتنە چەند جەنگێکی تالو بەئازاری خوێنڕێژیەوە لەو نێوەنـدەدا هـەر دەبـوو دەربازیـەك هەبێت کە بارەکە بۆجارانی خۆی بگێڕێتەوە ئینجا دەستەی سێیەم کە نەدەچـوو نـاو ڕووداوەکـانو ترسیان لـەدەرەنجامەکانی فیتنەکە هەبوو، وەفدێکیان بۆلای حەنزەلـەی کوڕی سـەفوانی فـەرمانڕەوای قەیرەوان ناردو داوایان لێکرد تاکـار بکـات بـۆ ڕزگـارکردنی ئـەو بـارە نـاجێگیرەی ئەنـدەلوسو سنورێك بۆجەنگی ناوخۆ دابنێت، حەنزەلـەیش بەپەلە ئەبولخەتار حیسامی کوڕی زیراری کەلبی وەك والی لەسەر ئەندەلوس دەستنیشان کرد[4].

ئەبولخەتار لـە(مـانگی ڕەجـەبی سـالی ١٢٥ك/مـانگی ئایـاری سـالی ٧٤٣ز)دا بـەبێ بـەرەو ڕووبوونەوەی سەختیەکی وا چوویە نـاو قورتوبـەو دەسـەلاتی گرتـە دەسـتو هـەموان ملکەچـی دەسـەلاتی بوونو زیاتر بارەکە بـەلای ئاشـتیدا دەکەوتـەوە، ئـەویش لەلایـەن خۆیـەوە سیاسـەتێکی

[1] أخبار مجموعة: ص٤٥، ابن عذاري: ج٢ ص٣٢.

[2] ابن القوطية: ص٨٢، ابن عذاري: ج٢ ص٣٢.

[3] ابن القوطية: ص٨٣.

[4] ابن القوطية: ص٨٣.

یەکلایی‌و نێوەندی گرتەبەر لەهەڵسوکەوتدا یەکسانی لەنێوان هەمووان‌دا کردو دەمارگیریە ناکۆك‌و جیاکانی بەسەر چەند ناوچەیەکی لەیەك دووردا دابەشکرد[1]، ئەمە بوویەهۆی ئارامی‌و سەقامگیری، بەڵام ئەو ماوەی سەقامگیریە کورت‌و کاتی بوو و تائەوکاتە بەردەوام بوو کەدەسەڵاتی یەمەنی خۆی لەکۆتی دەمارگیریی ئازادکردبوو، هەرکە ئەو دەسەڵاتە دایەلای یەمەنیەکان‌دا لەخۆی نزیکردنەوە بەپەلە وەڵامدانەوەی قیسی هات‌و لەدەوری سومەیلی کوڕی حاتەم کۆبوونەوە، بەپەلە جەنگی دەمارگیری لەدەوروبەری دۆڵی گەورە هەڵگیرساو بەسەرکەوتنی قیسیەکان کۆتایی هات‌و ئەوکات سوابەی کوڕی سەلامەی جوزامیان وەك ئەمیری ئەندەلوس لەجێی ئەبولخەتاردا داناو ئەبولخەتاریش لە مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٢٧ك/مانگی نیسانی ساڵی ٧٤٥ز لەجەنگەکەدا بەدیلگیرا، سوابە چوویەناو قورتوبەو وولات ئارامیەکی ڕێژەیی بەخۆیەوە دی‌و تەنها ڕاکردنی ئەبولخەتار لەبەندیخانەکەی بارەکەی شێواند، ئەبولخەتار هێزەکانی خۆی کۆکردەوەو بەرەو قورتوبە چوو، بەڵام هیچ جەنگێك ڕوونەدا ئەمەش لەبەر سیاسەتی ژیرانەی سومەسیل کەیەمەنیەکانی خەڵەتاندو لەدەوری ئەبولخەتار بڵاوەیانکرد[2] پاشان سوابە لە مانگی صەفەری ساڵی ١٢٩ك/ مانگی ئەیلولی ساڵی ٧٤٦ز دا کۆچی دوایی کردو ڕەکەبەری لەسەر پایەی میرایەتی نوێ بوویەوە، سومەیل دەیتوانی دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام وای پێ باشبوو بەشێوەی ڕوخساری لەسێبەری ئەو بارەدا بمێنێتەوە بەشێوەی کرداری لەڕێگەی والیەکەوە کەخۆی هەڵیبژاردو یوسفی کوڕی عەبدولڕەمانی فەهری یەکێك لەسەرکردەکانی قیسی بوون دەسەڵاتی کرداری هەبێت بەنیشاندانی لێهاتووەییەکی باڵای سیاسی یەمەنیەکانی والیکرد تایێ ڕازبن[3] بەمەیش یوسف لە(مانگی ڕەبیعولسانی ساڵی ١٢٩ك/مانگی کانونی دووەمی ساڵی ٧٤٧ز)دا دەسەڵاتی گرتەدەست ئەوەی لەنێوان یەمەنی‌و قیسیەکاندا هەبوو ئەوەبوو کەڕێکەوتبوون یەك لەدوای یەك دەسەڵاتی ئەندەلوس بگرنەدەست، بەڵام قیسیەکان بەهیچ جۆرێك نەیاندەویست یەمەنیەکان دەسەڵات بگرنەدەست، ئەمەبوویە هۆی دەستپێکردنەوەی پێکدادانەکان ئەبولغەداری سەرکردەی کەلبیەکان لەگەڵ یەحیای کوڕی حرسی سەرکردەی جوزام بۆ جەنگی دژبە قیسیەکان کەوتنە هاریکاری‌و هەردوولا لە(شقندە) لەنزیك قورتوبەو لەساڵی(١٣٠ك/٧٤٨ز)دا پێکگەیشتن‌و جەنگێکی قورس لەنێوانیاندا ڕوویداو

---

[1] ابن القوطية: ص٨٣-٨٤.

[2] أخبار مجموعة: ص٥٧، ابن عذاري: ج٢ ص٣٤-٣٥، ابن القوطية ص٨٤.

[3] أخبار مجموعة: ص٥٧ ابن القوطية: ص٨٤.

بەسەرکەوتنی قیسیەکانو بەدیلگیرانی هەردوو سەرکردە یەمەنیەکەو بەپەلە کوشتنی هەردووکیان کۆتاییپێهات[1].

یوسفی کوڕی عەبدورەحمانی فەهری کۆتا والی بووکە لەوسەردەمەدا دەسەلاتی ئەندەلوسی گرتبێتە دەستو لەو سەروبەرەدا خیلافەتی ئومەوی لەدیمەشق ڕووخاو یەکێك لەسەرکردە ئومەویەکان کەعەبدورەحمانی کوڕی موعاویەی کوڕی هیشامی کوڕی عەدولمەلیکی کوڕی مەڕوان بوو توانی لەو کوشتوبڕە ڕزگاری بێت کە عەبباسیەکان لەڕووی سەرکردە بوەیهیەکاندا، ئەنجامیاندەداو بچێت بەرەو مەغریبو دواتر ئەندەلوسو لەوێ دەوڵەتی ئومەوی دابمەزرێنێت.

**بارودۆخی دەرەکی:**

سەرەتاکانی قۆناغی یەکەمی مێژووی ئیسلامی ئیسپانیا وەك وویلایەتێکی پەیوەستی کارگێڕی بەدەسەلاتی مەرکەزی ناودیمەشقەوە چەند هەوڵێکی فراوانخوازی پشت شاخەکانی برینەی لەڕووی وولاتی فرەنجیەکاندا لەگەڵدا بوو ئەمەیش بەئامانجی بەدیهێنانی چەند فتوحاتێکی نوێو پاراستنی سنورەکانی باکووری ڕۆژهەلاتی ئەندەلوس.

هەوڵەکەی سەمعی کوڕی مالیکی خەوەلانی بۆ پێشڕەوی لەپشت شاخەکانی برینیە لەسالی(١٠٠ك/٧١٨ز)ەوە بەسەرەتای ڕاستی بزوتنەوەی فراوانخوازی دادەنرێت ئەوبەرەی بستمانیای بڕی کەشاری ناربۆنی کەناراوی تێدابوو و فەتحکرد، دواتر هێزەکانی ڕۆچوونە ناو هەرێمی ئەکویتانیاو گەیشتنە تولوزی پایتەختی هەرێمەکەو هەڵمەتیشیان بردەسەر هەرێمی بروڤانسو لەگەڵ دوق ئودوی فەرمانڕەوای ئەکوتانیا لەنزیك تولوز پێکیانداداو تیایدا دۆق سرکەوتو سەمع لەناو کوژراوەکاندابوو ئینجا عەبدورەحمنی غافقی سەرکردایەتی سەربازانی گرتە دەستو بەسەرکەوتوویی سەکردایەتی چالاکی پاشەکشەو گەڕانەوە بۆ ناربونی کرد[2].

هەوڵەکەی عەنبەسی کوڕی سەمعی کەبێش کەدوای ئەو هات بەبەرفراوانترین هەوڵی ئیسلامی بۆ هێرشبردنەسەر وولاتی فرەنجەکان دادەنرێت، جالە(کۆتاییەکانی سالی ١٠٥ك/سەرەتاکانی سالی ٧٢٤ز)دا هێرشی بردەسەر هەرێمی سبتمانیا لەدوای ئەوەی موسلمانان لەشکستەکەی تولوزەوە زۆرێك لەقەلاکانی ئەوێیان لەدەستدابوو، عەنبە سەقرقشوئە ونیمو ئوتوی فەتحکرد، ئەمە دەرفەتی ئازادی جووجوولی لەدۆلی ڕوون دا پێداو هێرشی بردە سەرهەرێمی بروڤانسو برجندیاو گەیشتە حەوزی ڕووباری ڕونو چەند شارێکی بڕی کەگرنگترینیان بریتیبوون لە(لیونو ماسونو شالونو

---

[1] أخبار مجموعة: ص٦٠.

[2] ابن عذاري: ج٢ ص٢٦، ابن خلدون، ج٤ ص١١٨، عنان: ص٨١.

سانس) کەتەنها سەد میل لەپاریس دووربوو لەسایەی ئەو سەرکەوتنانەی بەماوەیەکی کەم بەدیهاتن موسڵمانان قەڵەمڕەوی خۆیان بەسەر باشوری فەرەنسادا بڵاوکردەوە، بەڵام هەوڵەکانی عەنبەسە تووشی شکست بوون کاتێك سوپای فرەنجەکان ڕێگەی پاشەکشەیان لێبڕی‌و چواردەوری هێزەکانی عەنبەسەیان داو بەسەریاندا سەرکەوتن‌و لەجەنگەکەدا عەنبەسە شەهیدبوو[1]، شەهیدبوونیشی بوویە هۆی سەرلەنوێ لەتوناکەوتنی موسڵمانان‌و وەستانی بەرەی فراوانخوازی بۆ ماوەی نزیکەی شەش ساڵ تا ساڵی(١١٣ك/٧٣١ز) کاتێك عەبدوڕەمانی غافقی پێشڕەوی کاروبارەکانی گرتە دەست.

غافقی بەپرشنگدارترین ئەو سەرکردە موسڵمانانە دادەنرێت کە لەو قۆناغەدا دەسەڵاتی ئەندەلوسیان گرتەدەست[2]، هەڵکەوتەیەکی باڵای سەربازی‌و وێڕای توانای وەك فەرمانڕەوایەك‌و دیدی یەکسانی ڕوانین بۆ موسڵمانی عەرەب‌و بەربەرو دادپەروەری بۆ مەسیحیەکانی ناوئەندەلوسی هەبوو، ئەمە وایلێکرد هیوای سەرکردەو دەستەئەندەلوسیەکان بێت بۆ بەدیهێنانی سەقامگیری ناوخۆیی‌و فراوانخوازی لەدەرەوەدا، دوای ئەوەی نیزام‌و ئاسایشی لە بەشەکانی وڵاتدا چەسپاندو سەرسنورەکانی باکووری قایموقۆڵکرد، هەوڵی چوون بەرەو دەرەوەی داو وەك سەرکردەیەکی شارەزاو لێزانی خاوەن دیدی فتوحات لەپشت شاخەکانی برینیەوە دەرکەوت.

لەڕاستیدا ئەو هەڵمەتەی ئەم لەم شاخانەوە بردی نمونەیەکی جیابوو لەو هەڵمەتە پشتیوانەی هەبوو، مەبەست لەڕووی ئامادەسازی دەروونی‌و مادی‌و تێڕوانینی ستراتیژی بۆ سیاسەتی فەتحکردنە[3].

یەکەم ئامانجی غافقی لەناوبردنی دوق ئودوی ئەمیری ئەکویتانیا بوو کە بەپێی پێشبینیەکانی خۆی بەربەستی سەرەکی پەلهاوێژی ئیسلامی لەناو وڵاتی فرەنجەکانی پێکدەهێنا بەتایبەت لەدوای بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ منوسەی سەرکردەی یاخیبووی بەربەری لەباکورو دواتر لەگەڵ شارلی کوڕی ببین پەردەداری کۆشکی ناوشانشینی فرەنجیدا[4] بۆیە دای بەسەر شارەکانی بەردەمیداو پێش ئەوەی لەگەڵ دۆقدا پێکدابدات سوپاکانی چوونە ناو تولوزو بوردو کەگەورەترین شارەکانی هەرێمەکە، بوون ئینجا لەسەر ڕووباری دەردوونی لە(سەرەتاکانی ساڵی ١١٤ك/بەهاری ساڵی

---

[1] عنان: ص٨٢، Live provencal: IP

[2] بۆ ژیانی بڕوانە: الحميدى، الأزدي: جذوة المقتبس في ذكر ولاة الأندلوس ص٢٧٤-٢٧٥.

[3] عنان: ص٨٩، بيضون: ص١٩٤،٩٧.

[4] پاشای ئەوکاتەی فرەنجەکان تیودوریکی چوارەم بوو، بەڵام پاشای فرەنجەکادن لەوکاتەدا لەژێر دەسەڵاتی پەردەدارانی کۆشکدابوون.

٧٣٢ز) لەگەڵ دۆقدا پێکداداو بەسەریدا سەرکەوت و تابوردوی پایتەختی ڕاوەدووی ناو دواتر بوردوشی فەتحکردو دۆق لەگەڵ هەندێك لەشوێنکەوتەکانیدا بەئاراستەی باکوور ڕایکردو پەنای بۆ کۆشکی فرەنجی هەموو ئەکویتانیا کەوتە دەست موسڵمانان[1] لەئەنجامی ئەنجامی ئەو جەنگەدا موسڵمانان لەهەرێمی ئەکویتانیادا بڵاوبوونەوەو بەرەو باکوور پێشڕەویان کرد تاگەیشتنە شاری بەواتیەو فەتحیانکردو هێزەکانیان لەدەشتی بەپیتی نێوان بەواتیەو نێوان توردا دایانکوتاو هەموو باشووری فەڕەنسا کەوتە ژێر دەسترۆییان.

ئەوە کۆتا پەڵاویژی ڕێکخراوبوو کەبەرەو ئەورووپا چوون، چونکە شارل ترسا موسڵمانان بچنە وولاتی فرەنجەکان چونکە لەسنوری فرەنجەکان نزیك بوون، بەمەیش دەست بەسەر دەوڵەتی فرەنجەکانو مەسیحیەکانیشدا بگرن، شیاوی باسە ئەو شانشینە ئەوکات گەورەترین هێزی ئەورووپا بوو و خۆی بەپارێزەری مەسیحیەت لەڕۆژئاوا دا دەزانی لەئاسۆی سیاسیدا سەرەتاکانی ململانێی نێوان هەردوولا دەرکەوتنو هەردەبوو یەکلا ببێتەوە، شارل خۆی بۆ جەنگ ئامادە دەکرد، لەکاتێکدا غافقی توانی لەسنوری شانشینی فرەنجەکان نزیك بێتەوە، شارل لەهێزێکی گەورەی لەفرەنجەکانو هۆزە جەرمانیە جیاوازەکان بەتایبەت لۆمباردیەکان لەباکووری ئیتالیا وێڕای بەکرێگیراوەکان پێکهێناو دەستی بەسەر هەندێ زەوی کلێسادا گرت تا داهاتەکانی بۆ ئامادەسازی سوپا دابین بکات، دوای تەواوکردنی ئامادەسازیو پڕچەککردن بەو سوپایەوە بەرەو باشوور بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی موسڵمانان کەوتەڕێ. لەوکاتەدا غافقی گیرۆدە بوو بەدەست:

أ- سەختی فریاگوزاری بەهۆی دوورکەوتنەوەی لەبنکەکانی.

ب- بەهۆی دواکەوتنی هەندێ سەربازگەی شارە فەتحکراوەکان لەبەشداری کردن لەکشانەکەدا لەژمارەدا کەموکورتی هەبوو.

ج- نەبوونی یەکانگیری سوپاکە دەمارگیری ململانێکانی ئەندلوسی بەسەریدا زاڵبوو.

د- ئەو ماندوبوونە زۆرەی کەبەهۆی هەڵمەتی بەردەوامی چەند مانگێك توشی سوپاو سەربازانی موسڵمانان بووبوو.

لەبەرامبەردا بەڕوونی دیاربوو کەسوپای فەرەنجی بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن لەباربوو چونکە پێویستیەکانی جەنگی لەڕووی ووردی ڕێکخستنو توندی وابەستەییو لێهاتویی سەرکردایەتیو گەورەیی سوپاو هەستکردن بەمەترسی ئەرەنجامو بڕیاری وەستاندنی بەرەی کشاوی موسڵمانان

---

[1] عنان: ص٩٠-٩١.

هەبوو شارل بەئامانجی ماندوکردنی هێزی موسڵمانان لەئەنجامی گواستنەوەی خێرایان لەجەنگێکەوە بۆ جەنگێکی ترو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو سەرقاڵبوونیان بەو دەستکەوتانەی کەپێشڕەوی هێواشی دەکردنەوە بەرچاوی هێزەکانی دەگرتن پشتی بەسیاسەتێکی سەربازی لەسەربنەمای دواخستنی پێگەیشتن لەگەڵ موسڵمانان بەست، هەروەها بوو غافقی نەیتوانی هیچ لەو سیاسەتەی تێبگاتو بەوەش شارل بۆ زامنکردنی سەرکەوتن کاتو شوێنی جەنگەکەی دیاریکرد.

پێکگەیشتنی یەکلاکەرەوەی نێوان هەردوولا لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١١٤ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٧٣٢ز)دا لەدەشتی نێوان تورو بەواتیە لەشوێنی ناسراو بە(بیلاتوشوهەدا)دا ڕوویداو جەنگێکی سەخت لەنێوانیاندا ڕوویداو ماوەی حەوت ڕۆژ بەردەوام بوو و جەنگی بەرەو ڕووبوونەوەی نێوان غافقیو شارل بوو، تیایدا موسڵمانان سەرەتا چەند سەرکەوتنێکیان بەدیهێنا، بەڵام ئەنجامی یەکلاکەرەوە بەشکستی توندی موسڵمانان بوو و شارل توانی لەگەڵ نەبەردی موسڵمانان لەجەنگەکەدا سەرکەوتن بەدی بهێنێتو دوای جەنگێکی پاڵەوانانە بەهۆی پێکرانی بەتیرێك کەبەریکەوتو کۆتایی بەژیانی هێنا عەبدوڕەحمان شەهیدبوو، بەمەش پەرشوبڵاوی کەوتە نێوان موسڵمانانو قیسەکان جیاوازبوو و سەرکردەکانی سوپا ناکۆکیان تێکەوتو ناچاربوون بەرەو بنکەکانیان لەسبتمانیا پاشەکشەبکەن.

ئەو جەنگە لەسەرچاوە ئیسلامیەکاندا بەجەنگی(بیلاتوشوهەدا) ناودەبرێت چونکە موسڵمانانێکی زۆر تیایدا شەهیدبوون، هەروەها لەبەر ئەو ڕێگە ڕۆمانیەی کەئەو جەنگە تیایدا ڕوویدا، بیلاتیش لەزمانی عەرەبیدا ئەوڕێگەیە کە سنگچنو خشتڕێژ کراوە، بەڵام سەرچاوە ئەوروپیەکان بەجەنگی تور یان تور-بەواتیە ناوی دەبەن[1].

جەنگی بیلاتو شوهەدا بەجەنگە هەرە گرنگەکانی مێژووی ناوەڕاست دادەنرێت، چونکە:

- کشانی ئیسلامی بەئاراستەی ناوجەرگەی ئەورووپا وەستاند.
- ئەو بڕیارەی لەناوبردن کەدەیانویست ئەو کیشوەرە ببڕنو بیگرنەدەست.
- ڕازیکردن تا بەو دەستکەوتانەی لەودیوشاخەکانی رینیەوە بەدەستیانهێناوە ڕازیبنو زیاتر نەچن.

لەبەرامبەردا:

- ترسی ئەورووپیەکان لەدەستگیری ئیسلامی بەسەر کیشوەرەکەدا هەڵوەشایەوە.
- مەسیحیەت لەئەورووپای ڕۆژئاوا لەدەسەڵاتی چاوەڕوانکراوی ئیسلامی دەربازبوو.

---

[1] ابن عبدالحكم: ص٢١٦-٢١٧، دائرة المعارف الأسلامية: ج٤ ص٦٣، المقري: ج١ ص١٠٩.

ئەو سەرکەوتنە هێزو شانوشکۆی بەشارل بەخشیو لەبەرچاوی ڕۆژئاواییدا بەیەکەم پاڵەوانی مەسیحیەت سەیردەکرا کە ڕۆژئاوای ئەورووپی لەهەڵمەتی ئیسلامی پاراستبێتو شیاوێتی وەرگرتنی نازناوی(چەکوش)ی بەدەست هێناو دواتر بە شارل مارتل ناودەبرا لەدوای ئەوەی پاپا غریغوری سێیەم ئەو نازناوەی لێنا.

شارل مارتل لەترسی ئەوەی پاشەکشەی موسڵمانان پیلانێك بێت بۆلێدانی ئەوان بۆیە نەکەوتە شوێنی موسڵمانان، هەروەها هۆکارێکی تریش لەبەر ئەوەبوو توشی زیانێکی بێوێنەو سەخت بووبوو کە وای لێکرد نەتوانێت چالاکی بەدواکەوتن ڕێکبخاتو بەرەو باکور پاشەکشەی کرد.

ئەگەر مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان فێربوون زیادەڕەوی لەبەهاو نرخی ئەو سەرکەوتنەدا بکەن کە شارل مارتل بەدی هێنا، ئەوا دیدو تێڕوانینەکەیان جێی ڕاستیە، چونکە کشانی ئیسلامی بۆناوجەرگەی کیشوەرەکە لە بەواتیەدا گەیشتبوە ئەوپەڕ، ئیتر هۆکارێك نەبوو کە موسڵمانان والیێکات لەو سنورەدا بوەستن ئەگەر سەرکەوتنی ئەو جەنگە نەبوایە، جا هەموو ئاماژەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە موسڵمانان دەیانویست نەخشەی فراوانخوازی تا کۆتایی بگەیەنن[1]. بەڵام موسڵمانان دوای جەنگە هەوڵی فەتحکردنی وولاتی فرەنجیەکانیان نەداو زیان وای لێکردن کەمتر بیر لە هەڵمەت بردنە سەر باکوری فەرەنسا بکەنەوە، هەروەك ناکۆکیە ناوخۆییەکان کاریگەری خراپیان لەسەر توانا سەربازیەکانیان بەجێهێشتو لەو کاتەوە ململانێکە شێوەی گەڕانەوە بۆجارانی بەخۆیەوە دەبینی. بەڵام ئەمە نەدەبوویە هۆی پێویستی وەستاندنی خواستی ئیسلامی بۆ ئەودیو شاخەکانی برینیەو موسڵمانان بۆ ساڵی دواتر درێژەیان بەچالاکی جیهادیان دا وە هەڕەشەیان لەشارەکانی(ئارلو ئەڤینیون)و چەند شارێکی تر بەتایبەت لەهەرێمی(بروڤانس) دا کرد.

عوقبەی کوڕی حەجاجی سەلولی والی ئەندەلوس بڕیاری دا جیهادو فتوحات زیندوبکاتەوەو قەڵەمڕەوی ئیسلامی لە(غالیا)دا بچەسپێنێت، بۆیە ناوچە ئیسلامیەکانی لەسەر بەرەکانی ڕووباری ڕون توندوتۆڵکردو سەرسنوری ناربونی کرد بەبنکەی بەجێگەیاندنی جیهادو فتوحات، گرنگترین چالاکیەکانی لەسەر هەرێمەکانی برغندیاو بروڤانسو والدوفینیە تسونکردەوەو لەساڵی(١١٧ك/٧٣٥ز)دا بۆجاری دووەم هێرشی بردە سەر شاری ئارلو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەلقەمەی لەخمی سەرکردەی فەتحی کرد، بەڵام ئەو هەوڵانە بێ سوود بوون، چونکە شارل مارتل فشاری لەسەر موسڵمانان داناو ناچاریکردن هەرێمی بروڤانس بەجێبهێڵنو بچنەوە بۆ ئەودیو

[1] بیضون: ص١٥٩. ١٢-١٣ Fichenau,H: The Carolingian Empire: PP

ڕووباری ڕوون، فرەنجەکان دەستیان بەسەر زۆربەی سبتمانیادا گرتو موسـڵمانان تـەنها نـاربوونو پارچە خاکێکی بەرتەسکی نێوان ناربونو برینیەیان لەدەستدا مایەوە.

ئەوە کۆتا سەردەمو پێکدادانی موسڵمانان لەگەڵ فرەنجەکاندا لەدەشتەکانی ڕووندابوو، پاشـان لەساڵی(١٢١ك/٧٣٩ز) بەرەو ئەندەلوس پاشەکشەیان دەکردو تەواو گـیرۆدەی گرفتـی نـاوخۆیی بوون.

## سەردەمی میرایەتی ئومەوی( ١٣٨-٣٠٠ک/٧٥٦-٩١٢ز)

### ناوی میرە ئومەویەکان لەئەندەلوس و ماوەی فەرمانڕەوایی هەریەکەیان

١- عەربدوڕەحمانی یەکەم ١٣٨-١٧٢ک/٧٥٦-٧٨٨ز.

٢- هیشامی یەکەم (ڕەزا) ١٧٢-١٨٠ک/٧٨٨-٧٩٦ز.

٣- حەکەمی یەکەم(ڕەبزی) ١٨٠-٢٠٦ک/٧٩٦-٨٢٢ز.

٤- عەبدوڕەحمانی دووەم یان عەبدوڕەحمانی ناوەند٢٠٦-٢٣٨ک/٨٢٢-٨٥٢ز.

٥- موحەممەدی کوڕی عەبدوڕەحمان ٢٣٨-٢٧٣ک/٨٥٢-٨٨٦ز.

٦- مونزیری کوڕی موحەممەد ٢٧٣-٢٧٥ک/٨٨٦-٨٨٨ز.

٧- عەبدوڵای کوڕی موحەممەد ٢٧٥-٣٠٠ک/٨٨٨-٩١٢ز.

## عەبدوڕەحمانی یەکەم(١٣٨-١٧٢ك/٧٥٦-٧٨٨ز)

### زیندوکردنەوەی دەوڵەتی ئومەوی لەئەندەلوس:

ئەنـدەلوس لەهـەموو ویلایەتـەکان زیـاتر بـە گواسـتنەوەی خیلافـەت لەئومەویەکانـەوە بـۆ عەبباسیەکان کاریگەربوو، ئەندەلوس گیرۆدەی دەست ململانێ حیزبیو هەرێمـەکان بـوو، ئەمـەش لەماوەی ئامادەبوونی دەسـەڵاتی مەرکەزیـدا کەلـەنێوان سـاڵانی(١٢٤-١٣٨ك/٧٤٢-٧٥٦ز)دا بەردەوام بوو.

لەساڵی(١٣٢ك/٧٥٠ز)دا دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی لەسـەر دەسـتی عەبباسیەکان ڕووخـاو والیە عەبباسـیەکان دەکەوتنـە شـوێن ئومەویـەکانو دەیانکوشـتن، بـەڵام سـەرکردەیەکی ئومـەوی کەعەبدوڕەحمانی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مـەڕوان بـوو لەدەسـتی عەبباسـیەکان ڕزگاری بوو و ڕوویکردە مەغریب، عەبدوڕەحمان سیفەتی خواستو هەوڵدانی هەبوو، بۆیە بڕیـاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەمەغریب بۆ خۆی دا، بەڵام بـەرەوڕووی بەرهەڵـستکاری عەبـدوڕەحمانی کوڕی حەبیبی فەهری والی ئەفریقیا بوویەوە، بۆیە چاوی خستە سەر ئەندەلوس کەئەوکات گیرۆدەی دەست بارگرژیو پشێوی بارودۆخی ناوخۆیی خۆی بوو، عەبدوڕەحمان ئەوێی بەدەرفەتێکی باشـتر لەمەغریب دانا.

بەردی خزمەتگوزاری کەعەبدوڕەحمان ناردی نـاردی بـۆ ئـەوێ تالێکۆڵینـەوە لەهەلۆیـستەکە بکات بۆ پێکهێنانی دەستەیەك بۆ بنکەیەکی ئومـەوی بکـات سـەرکەوتوو بـوو پـشتی بەیەمەنیـەکان بەست کەلەڕووی پێکهاتەوە پەیوەست بەبنەماڵەی مەڕوانی بوو، ئەوان پێشوازیان لەپاڵپشتی ئەمیری ئومەوی کرد تالەدەست کـۆتو بەنـدی قوسـی قیـسیەکان ڕزگاریـان ببێـتو تۆڵـەی کـوژراوانی جەنگی(شقندە)یان بسێننەوە. پشتیوانانی سەرکردەی ئومەوی بەخششیان وەردەگرت ئەمـە هانیـدان تابانگی بکەن، ئەویش لـە(مـانگی ڕەبیعلئـاخری سـاڵی ١٣٨ك/مـانگی ئـەیلولی سـاڵی ٧٥٥ز)دا لەگەروو پەڕیەوەو وەك میوان لای ئەبو عوسمان لەقەڵای توڕروشەدابەزی[1].

فەرمانڕەوای ئەوکاتی ئەندەلوس یوسفی کوڕی عەبـدوڕەحمانی فـەهری بـوو، بـەڵام دەسـەڵاتی کرداری لەدەست سـومەیلی کوڕی حاتەمی سەرکردەی قیسیدا بوو، هەردوو سەرکردە ئاسـتی ئـەو مەترسیەیان هەستپێکرد کەهاتنو پەڕینەوەی سەرکردەی ئومەوی لەسەر بـارودۆخی هـەردووکیان پێکهێنایەوە، بەتایبەت کەمتمانەی زۆرێـك لەکۆمەڵگـەی ئەندەلوسـی بـەهۆی بـەهێزی کەسـایەتیو

---

[1] ابن القوطية: ص٨٦، ابن عذاري: ج٢ ص٤٣-٤٤، المقري: ج١ ص٣٠٧.

دلێرییەوە بەدەستهێناوەو بەشێوەیەکی نوێی سەرکردایەتی سیاسییان دەبینی، بۆیە هەردووکیان بڕیاریاندا بەرەورووی ببنەوە تا یان بگەڕێتەوە یان ملکچیان بێت. عەبدوڕەحمانیش لەلایەن خۆیەوە خۆی ئامادەکرد تالەڕووی هەردووکیاندا بوەستێتو قەڵای توررروشەی بەرەو شزونو بەجێهێشتو شزونەش پشتگیری خۆی بۆ ڕاگەیاند، پاشان چوویە ئیشبیلیەو خەڵکەکەی بەیعەتیان پێداو[1] ئەو دەستە سەربازیانەی لەدیمەشقو حیمصو ئوردونەوە هاتن دایانە پاڵی، پاشان بەئاراستەی قورتوبە بەجێهێشتو گەیشت بەهێزەکانی سومەیلو فەهری، ئەمەش لە(المسارة)و لەمانگی(زیلحججەی ساڵی ١٣٨ك/مانگی ئایاری ساڵی ٧٥٦ز) دابوو تیایدا سەرکەوتو چوویە ناو قورتوبەو نوێژی هەینی لەمزگەوتی گەورەی قورتوبەدا بۆ خەڵك کردو وتاری بۆ خوێندنەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی ڕاگەیاندو هەریەك لەسومەیلو فەهری ناچار بەڕاکردن بوون[2].

بەو جۆرە ئەو سەرکردە ڕاکردووە توانی لەڕۆژئاوا ئەو دەوڵەتە زیندووبکاتەوە کەلە ڕۆژهەڵاتدا ڕووخاو ئەندەلوس بکات بەدەوڵەتێکی سەربەخۆو یەکەم ویلایەت کەلەدەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی جیاکرایەوە.

**ئەو گرفتانەی بەرەو ڕووی عەبدولڕەمانی داخل[3] بوونە:**

عەبدولڕەمانی داخل لەماوەی ژیانی سیاسی خۆیدا بەرەو ڕووی سێ گرفت بوویەوە کە زۆر مەترسیدار بوونو ئەوەیان لێ دەخواست کەبۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان ئیشو هەوڵی بەردەوامی لێبڕاوانەی هەبێت، یەکەمیان خۆی لەڕێکخستنی کارگێڕی ناوچەییو یەکخستنی کۆمەڵگەی ئەندەلوسیدا دەبینیەوە لەدوای ئەوەی جەنگە ناوخۆییەکان بەشبەشیان کردبوو، دووەمیان خۆی لەدامەزرانی چەند بزوتنەوەیەکی هەڵگەڕاوە یی سومەیلو فەهریەوە دەبینیەوە، لەکاتێکدا سێیەمیان خۆی لەهەوڵی خیلافەتی عەبباسی بۆ لەناوبردنی دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکەو گێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەندەلوسدا دەبینیەوە لەدوای ئەوەی پێی خراپوو ئومەویەکان بەشێك لەدەوڵەتی عەبباسی دابڕبکەن.

سەبارەت بەکێشەی یەکەم عەبدوڕەحمان کەچوویە ئەندەلوس پاڵپشتو یاریدەدەرێکی کەم چەکێکی کەمی بێ نیازو دلێری هەبوو[4]، جا دەبوو دەوڵەتێك بنیادبنێتو دەزگا مرۆییەکانی بۆ

---

[1] أخبار مجموعة: ص٨٥-٨٦.

[2] أخبار مجموعة: ص٨٩-٩٠.

[3] ئەمیر عەبدولڕحمان لەبەرئەوەی چوویە ناو ئەندەلوس نازناوی(داخل)ی لێنرا.

[4] بیضون: ص١٨٦.

دڵنیابکات بەتایبەت سوپاکە بەپاڵپشتی بنەڕەتی چەسپاندنی دەسەڵاتەکەی دادەنرێت، ئەو ڕەگەزە دڵسۆزەکانی خۆی هەڵبژاردو ئەوکسانەی بۆلای خۆی ڕاکێشا کەلەدەست دەسەڵاتی عەبباسی لەرۆژهەڵاتەوە ڕاوەدوونرابوونو هاتبوونە ئەندەلوس، لەهەموویان دەستەیەکی سوپای بەهێزی پێکهێناو سیاستێکی هۆزایەتی لەسەر هاوسەنگی گرتەبەر تا هەموو دەستە کۆمەڵایەتیەکان لەدەوری کۆببنەوە، بۆیە ڕێگەکانی دەمارگیری لەناوبردو هۆکارەکانی ڕقو کینەی لەکۆمەڵگەی ئەندەلوسی دارنیو ویستی وابەستەو یەکانگیربێتو خۆیشی فەرمانڕەوای هەموو دەستەو تاقمەکانی بێت.

سەبارەت بەکێشەی دووەم، عەبدورەحمان هەوڵیدا بکەوێتە شوێن یوسفو سومەیلی بەهێزترینو مەترسیداترین دوژمنانی، یوسف لەدوای مەسارە ڕایکرد بۆ طلیطلە و سومەیلیش ڕایکردبۆ(جیان)ی قەڵای هۆزەکەی خۆی هەردوکیان بۆ جەنگانو هێرش بردنەسەر قورتوبە پێکەوە هاریکاریان کردو عەبدولرەحمانیش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان چوویە دەر، بەڵام هیچ بەریەك کەوتنێك لەنێوان هیچکامیاندا ڕووینەدا، چونکە سومەیل خواستی ئاگربەستی هەبوو لەبەرئەوەی هاوسەنگی سەربازی لەگەڵ نەیارە بەهێزەکەیدا نەبوو، ئەمەش بەبەستنی ڕێکەوتنێکی نێوان هەردوولا لەساڵی(١٤٠ك/٧٥٧ز)دا کۆتایی پێهاتو عەبدورەحمان لەهەردووکیان خۆشبوو، لەگەڵ خۆیدا بردنی بۆ قورتوبە تا لەژێر چاودێری خۆیدابن[1]، بەڵام دیدی دەسەڵاتخوازی فەهری ڕاپەڕاندو ڕایکرد بۆماردەو زیاتر لەبیست هەزار لە شوێنکەوتەکانی لەدەوری کۆبوونەوەو ئەویش بردنی بۆ ئیشبیلیەو گەمارۆی دا، عەبدولرەحمانیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی چوویە دەر لەدوای ئەوەی بەتاوانی پیلانگێڕی لەدژی سومەیلی بەدیلگرت، پاشان یوسفی فەهری گەمارۆی سەر ئیشبیلیەی هەڵوەشاندەوەو بەرەو قورتوبە چوو ملململانێکە بەشکستو ڕاکردنی فەهری کۆتایی پێهات، دوای بەدەستی یەکێك لەهاودەمەکانی خۆی کوژرا سومەیلیش بەپلانی عەبدورەحمان لەبەندیخانەکەیدا خنکێنراو لەدەستی ڕزگاری بوو[2]. بەوجۆرە عەبدورەحمان دوو دوژمنی مەترسیداری لەناخۆدا لەناوبردوو بچوکترین سەختی لەناوبردنی شۆڕشەناخۆییەکانی تردا بەدینەکرد کەفەهریەکانو پشتیوانانیان ئەنجامیان دەدا وەك شۆڕشی سەعدی یەحسبی ناسراو بەمەتەریو شۆڕشی لبلەو سەرکەشی ئەبوسەباحو شۆڕشی بەرەبەر لەشتنتبریە لەهەرێمی ئەراغۆن[3].

---

[1] أخبار مجموعة: ص٩٣، Levi Provencal: IP١٠٨

[2] هەمان سەرچاوە: ص٩٠، ٩٦-٩٧.

[3] هەمان سەرچاوە: ص١٠٧.

سەبارەت بەکێشەی سێیەم، خەلیفە ئەبوو جەعفەری مەنصور ئەو بارە نالەبارانەی قۆستەوە کەعەبدوڕەحمان ی داخل پیایدا تێپەڕ دەبوو، بۆیە پەیوەندی بەسەرکردەیەکی عەرەبەوە کرد کەبە عەلائی کوڕی موغیسی جوزامی ناودەبراو هانیدا تا دژمنەکەی لەناوببات‌و بەڵێنی میرایەتی ئەندەلوسی پێدا[1] عەلاء بەنهێنی بانگەوازی بۆ گوێڕایەڵی خەلیفە مەنصور دەکردو لەساڵی(١٤٦ك/٧٦٣ز)دا هەڵگەڕانەوە سیاسیەکانی بزوتنەوەی حیزبەکانی قۆستەوەو جەختی لەسەر یەمەنیەکان دەکردەوە کەلەدوای ئەوەی لەدەسەڵات بێبەشکرابوون بێزاری خۆیان بۆ دەسەڵاتی عەبدوڕەحمان نیشاندەدا، پاش نزیکەی ساڵێك لەئامادەسازی‌و پەیوەندی، عەلاء شۆڕشەکەی خۆی دژبە نیزامی ئومەوی ڕاگەیاند، بەڵام عەبدوڕەحمان توانی بزوتنەوەکەی لەناوببات‌و خۆی‌و ژمارەیەك لەپیاوەکانی بکوژێت‌و سەرەکانیانی نارد بۆ مەنصور[2] شکستی ئەو هەوڵە بەستبوو بۆئەوەی مەنصور ڕازیبکات وازلە پرۆژەکەی بهێنێت، دوژمنایەتی مەنصور بۆ عەبدوڕەحمان نەبوویە ڕێگری ئەوەی پێی سەرسام بێت‌و نازناوی(صقرقریش)(بازی قوڕەیش)ی لێنا[3].

پەیوەندی خراپی نێوان خیلافەتی ڕۆژهەڵاتی لەبەغدادو نێوان میرایەتی ئومەوی لەڕۆژئاوا لەسەردەمی مەهدیدا بەردەوامبوو، مەهدی سیاسەتەکەی باوکی گرتەبەر، بەڵام دووری نێزانیان بوویە هۆی نەگونجانی ناردنی سوپای عەبباسی لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا، بەڵام مەهدی هەموو بزوتنەوەیەکی هاندەدا کەئامانجی لاوازکردنی قەڵەمڕەوی ئومەوی لەئەندەلوس بێت، لەوانە پاڵپشتی ئەو شۆڕشەی کرد کە هاوپەیمانی پێکهاتوو لەسولەیمانی کوڕی یەقزانی والی بەرشەلۆنەو حوسەینی ئەنصاری والی سەرەقوستەو عەبدوڕەحمان ی فەهری والی ئەفریقیا لەساڵی(١٥٧ك/٧٧٤ز)دا پێی هەستان، بەڵام هاوپەیم[4].

---

[1] ابن عذاري: ج٢ ص٥٣، Levi Provencal: IP١٠٨

[2] أخبار مجموعة: ص١٠٣.

[3] ابن القوطية: ص٩١-٩٢، ابن الخطيب، سان الدين، أعمال الأعلام فيمن بويع قبل الأحتلال من ملوك الإسلام: ص٩-١٠.

[4] عنان:ج١ قسم١ ص١٧٥-١٧٦، دايفر، كارل: شارلمان ص١٠١.

**بارودۆخی دەرەکی:**

بارودۆخی شلۆقی ناوخۆیی زۆربەی کاتەکانی عەبدورەحمان ی داخلی گرتبوو وەدەرفەتی گرنگیدان بەکاروباری دەرەکی نەمابوو، ئەمە دەرفەتی بۆ دوژمنە دراوسێکانی لەپاشماوەی دەوڵەتی قوت کەپشتیان بەناوچەشاخاویەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئیسپانیا بەستبوو ڕەخساند تاکۆببنەوەو بنەڕەتی بیرۆکەی نیشتمانی بۆ گێڕانەوەی خاکو دەرکردنی موسڵمانان تیایدا دابنێن، هێزێکیان هەبوو کەلەنانەوەی ناڕەحەتی سیاسی نێوان موسڵماناندا بەرەو گەشەسەندن ڕێگەی دەگرتەبەر[1].

[1] بیضون: ص٢٠٣-٢٠٤.

## هیشامی یەکەم(ڕەزا)(١٧٢-١٨٠ك/٧٨٨-٧٩٦ز)

عەبدوڕەحمان ی یەکەم لـەدوای مردنـی خـۆی لەسـاڵی(١٧٢ك/٧٨٨ز)دا بـەهۆی وەسـیەتی نارۆون‌و لێڵی لەسەر جێگیرایەتی تەنگژیەکی دەسەڵاتی بەجێهیـشت، ئەمـە بوویـەهۆی ڕکەبەریـەك لەنێوان سولەیمان‌و هیشام عەبدوڵای کوڕی لەسەر گرتنەدەستی کورسـی دەسـەڵات کەلەکۆتاییـدا هیـشام سـەرکەوت، سـولەیمان لەهەڵـسوکەوتی براکـەی توڕەبـوو و پێـی وابـوو مـافی ئـەوی داگیرکـردووە، چـونکە براگـەورەیان بـوو و ئامادەنـەبوو لەگـەڵ هەوڵـەکانی ئـەمیری نوێـدا بـۆ دڵڕاکێشانی دان بەدەسەڵاتیدا بنێت‌و جەنگ لەنێوان هەردوو برادا سەریهەڵداو بەشکستی سولەیمان کۆتایی پێهات‌و براکەی لەساڵی(١٧٤ك/٧٩١ز)دا بۆ مەغریب دووری خستەوە[1].

هیشامی یەکەم لەماوەی ژیـانی سیاسـیدا بـەرەو ڕووی دوو شـۆڕش بوویـەوە، یـەکێکیان لـەباکوورو بەسەرکردایەتی مەتروحی کوڕی سولەیمان والی سەرەقوستە هەڵگیرساو ئەویتریش لەتورشـە بەسـەرکردایەتی سەعیدی کوڕی حوسەینی ئەنصاری بوو، وەو شۆڕشە لەناو شۆڕشە سـەربەخۆیی خوازەکانـدا دانـەدەنران، بەڵام هیشام توانی چواردەوریان بدات‌و سەرکردەی هەردوو بزوتنەوەکەی کوشت.

هیشامی یەکەم فەرمانڕەوای دادپەروەرو نەرمونیان بوو، سەردانی نەخۆشـانی دەکـردو لەگـەڵ تەرمەکاندا بوو و نوێژی لەسەر دەکردو بۆ گۆڕستان لەگەڵیدا دەچوو، لە جلو بەرگیدا سـادەبوو، نەوازشی‌و لەخواترس بوو، سەردەمەکەی بەبڵاوبوونـەوەی مەزهـەبی ئیمـامی مالیـك لەئەنـدەلوس گۆڕانێکی مەزهەبی بەخۆیەوە دی، ئەندەلوسیەکان وازیان لەمەزهـەبی ئیمـامی ئـەوزاعی هێنـا کـەتا ئـەوکات مەزهـەبی ڕەسمـی بـوو[2]، سـەردەمەکەی بەرەنگدانـەوەی کەسـایەتی ئاشـتیخوازی خـۆی دادەنرێت‌و قەدەری خوا وابوو ئەندەلوس لەماوەی دەسەڵاتی ئەمدا جۆرە ئارامشێکی هەبێت لەدوای ئەوەی هەموو سەرکردایەتیە هۆزایەتیەکان مۆرکی ئارامی ئەویان گـرت. لەسـەر ئاسـتی دەرەکـیش هیشامی یەکەم بەپاڵنانو گوڕوتینی ئاینیەوە بەرەو باکوورو بۆ جەنگان لەگەڵ مەسـیحیەکاندا چـوو لەگەڵ ئیسپانیا لەویلایەتی ئیستورقەدا جەنگا، هەروەك چەند هەڵمەتێکی هاوینەی دژبە ویلایـەتی سبتمانیا سەربە فرنجەکان لەباشووری فەرەنسا نارد[3].

هیشامی یەکەم لە(مانگی سەفەری ساڵی ١٨٠ك/مانگی نیسانی ساڵی ٧٩٦ز)دا کۆچی دوایـی کردو حەکەمی یەکەمی کوڕی شوێنی گرتەوە[4].

---

[1] ابن عذاري: ج٢ ص٦٢-٦٥، ابن الخطيب: ص١٠-١١.

[2] ابن القوطية: ص٩٦-٩٧.

[3] Levi Provencal: IP١٤٣

[4] ابن الأثير: ج٥ ص٣١١.

# حەکەمی یەکەم( ڕەبزی )( ١٨٠-٢٠٦ك/٧٩٦-٨٢٢ز )

**بارودۆخی ناوخۆیی:**

حەکەمی یەکەم لەسەرەتای ژیانی سیاسیدا بەرەو ڕووی شۆڕشی مامەکانی بوویەوە کەهەر لەسەردەمی باوکیەوە چاویان بڕیبوویە دەسەلاّتی وولاّت، سولەیمانو عەبدولاّی مامی هەولّیاندا دەسەلاّتی لێدابڕن، سولەیمان لەدوای دوورخستنەوەی لەلایەن هیشامی برایەوە لەطنجە سەقامگیربوو، عەبدولاّیش پەنای بۆلای تاهرت لەمەغریبی ناوەڕاست لای ڕۆستەمیەکان برد، کاتێك ئەو دووانە هەواڵی مردنی هیشامی برایان بیست، سلەیمان لەگەڵ کۆمەڵێك لەبەربەرەکان پەڕیەوە بۆ ئەندەلوسو هەولّیدا بگاتە قورتوبە، بەلاّم چەند جارێك شکستی خواردو کۆتا جاریش لەماردە شکاو لەساڵی(١٨٤ك/٨٠٠ز) لەناوچوو[1].

عەبدولاّیش چوویە ئەندەلوسو بەرەو باکوور لەناوچەکانی دژبە دەسەلاّتی موعاویە ڕێی گرتەبەر تاچالاکی خۆی لەسەر قورتوبەو بلنسیە پەیڕەوبکاتو بڕوای وابوو پاڵپشتی ئەو دوو شارە بەدەست دێنێت، بەلاّم لە هەردووکیاندا شکستی خواردوو ناچاربوو لەگەڵ حەکەمی یەکەمی برازایدا ڕێکەوتن ببستێتو حەکەم لێی خۆشبوو کارگێڕی شاری بلنسیەی دایە دەستو مووچەیەکی مانگانەی بۆ بڕیەوە، لەوکاتەوە نازناوی(بلنسی) لێنرا[2].

ئەو شۆڕشە مەترسیدارانەی حەکەمی یەکەمیان خستە شلۆقیو خەریکبوو دەسەلاّتەکەی لەناوببەن ئەوانەبوون کەتازە لەدایکبوان(تازە موسلّمانبوەکان) لە طلیطلة و قورتوبە پێی هەستان، طلیطلة و لەسەرەتای سەردەمی حەکەمی یەکەمو لەساڵی(١٨١ك/٧٩٧ز)و بەئاکانجی ڕزگاربوون لەدەسەلاّتی قورتوبە شۆڕش هەلّگیرسا، حەکەمی یەکەمیش بەوپەڕی لێزانیو ژیریەوە چارەسەری ئەو کێشەی کرد، یەکێك لەوانی لەشاری(وشقە) کەبە عەمروسی کوڕی یوسف ناودەبرا هەلّبژاردو وەك والی لەسەر شارەکە دایناو ئەرکی دامرکانەوەی شۆڕشەکەی پێسپارد، عەمروس لەبەرچاوی دانیشتوانی مەدینەدا وای نیشاندا کەڕقی لەئومەویەکانە، بەمەیش خەلّکەکەی بۆلای خۆی ڕاکیشا، پاشان لەدەرەوەی شارەکەدا قەلاّیەکی نوێی بنیادناو خوانێکی تێدا ئەنجامداو تیایدا گەورە ناودارانو سەرکردەکانی شاری بانگکرد، ئەوانیش بەوەفدو تاقمەوە دەهاتن، بەلاّم دەبوو بەتەنها خۆیان بچنە ژوورەوە لەهەیوانەکەیدا چاڵێك هەبوو کەعەمروس لەدەوروبەریدا شمشێرەوانی دانابوو تالەملی

---

[1] ابن الخطیب: ص١٥.

[2] Levi Provencal: IP١٥٣.

هەر کەسێك بدەن دێتەژوورەوە تا هەموو بانگهێشتکراوەکان کوژرانو شارەکەبەتەواوەتی ملکەچی دەسەڵاتی قورتوبەبوو، ئەو قەسابخانەیە بە(وقعة الحفرة)(ڕووداوی چاڵەکە) ناونرا[1].

ئەو شۆڕشەیش کەلەقورتوبە هەڵگیرسا لەیەکەمیان ترسناکتربوو و بەشۆڕشی(الربض) ناسراوە، هۆکارەسەرەکیەکەشی لەخراپی باری تازەلەدایکبواندابوو کەبەشێوەیەکی گشتی وەك چینێکی گەورەی کۆمەڵایەتی چەند تەیارێکی کۆمەڵایەتیو ئایینی نوێ ڕاکێشی دەکرد، لەوبەرەو ناوچەیەدا نیشتەجێ بوون کەپڕبوون لەبازرگانو پیشەگەرو کرێکاران، وێڕای ژمارەیەکی زۆر فیقهناسە مالیکیەکان کەسیاسەتی حەکەمی یەکەمیان کەبەرپەرچی وەسیەتی پیاوانی ئایینی دەکردەوە بەدارماندنی هێزو تایبەتمەندی فیقهناسان دزانیو جەختیان لەسەر پێناسی ئابووری جیاکەرەوەی نێوان دەوڵەمەندانی دەسەڵاتو نێوان هەژارانو نەدارانی(الربض) دەکردەوە، حەکەم بەرەنگاری ئەم شۆڕشە بوویەوە کەلەساڵی(٢٠٢ك/٨١٨ز)دا بەتوندی سەریهەڵدا حەکەم(الربض)ی سوتاند، کاتێك شۆڕشگێڕان بینیان ئاگر کەوتۆتەماڵو بازاڕیان بەپەلە گەڕانەوە تا ماڵو منداڵو سامانیان ڕزگاربکەن، ئەوکات سەربازان دەستیان وەرداو کەوتنە لێدانیان کاتێك کەشۆڕشەکە کۆتایی پێهات حەکەم فەرمانی کرد تا(الربض) دابڕمێنو زەویەکەی بکێڵنو بیکەن بەکشتوکاڵ هەروەك هەرچی لە دانیشتوانی ئەوێش مابوون لەوڵات دەریکردن[2]. بەهۆی ئەو توندو دڵڕەقییەی حەکەم بۆ ملکەچکردنی شۆڕشەکە بەکاریهێنا ناوی درایە پاڵ ئەو شوێنەو بەناوی حەکەمی ڕەبزی ناسرا[3].

**بارودۆخی دەرەکی:**

پەیوەندی دوژمنکارانەی نێوان میرایەتی ئومەوی لەئەندەلوسو نێوان فرەنجەکانو ئیسپانەکان لەسەردەمی حەکەمی یەکەمدا بەردەوامبوو، سیاسەتی فرەنجی دەیویست باشووری فەرەنسا لەهەڵمەتی موسڵمانان دڵنیاو پارێزراوبکات، ئەویش بەدامەزراندنی میرایەتیەکی مەسیحی لەباکووری ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس کەببێتە بەربەستێك لەنێوان ئەوانو موسڵماناندا، فرەنجەکان سەرقاڵبوونی میری ئومەوی بەملکەچکردنی شۆڕشە ناوخۆییەکانیان قۆستەوەو هێرشیان بردە سەر ناوچە سنوریەکانو لویس کەیەکێك لەکوڕەکانی شارلەمان بوو تسوانی لەساڵی(١٨٥ك/٨٠١ز)دا

---

[1] ابن القوطية: ٩٨-١٠٠، ابن عذاري: ج١ ص٧١-٧٢، ١٤-١٥، ابن الأثير: ج٥ ص١٢٤، دوزي: ج١ ص٦٠-٦٢.

[2] ابن القوطية: ص١٠١-١٠٢، دوزي: ج١ ص٦٥-٦٨، Levi Provencal: IP١٦٤

[3] العبادي، أحمد مختار: في التاريخ العباسي والأندلوسي: ص٣٣٣.

بەرشەلۆنە بگرێتو گورزێکی ترسناك لەدەسەڵاتی ئیسلامی لەناوچەکەدا بدات، بەڵام لەبەردەم ترتوشە لەساڵی(١٩١ك/٨٠٧ز)دا شکستیخوارد[1].

ئیسپانەکان بەسەرکردایەتی ئەلفۆنسوی دووەمی میری جیلیقەی پاشایان هێرشیان بردە سەر ناوچە سنوریەکان شاڵاوەکان شێوەیەکی دیارو ڕوونی خاچپەرستیان لەخۆگرتو هەردوولای ئیسلامیو ئیسپانی ئاڵوگۆڕی هەڵمەتیان کردو هیچ گۆڕانێکی لەباری زەویەکاندا نەکرد، لەگەڵ ئەوەی هەڵمەتی هاوینەی عەبدولکەریمی کوڕی موغیس ڕۆچوویە ناو جیلیقیە لەوپەڕی باکووری ڕۆژئاواییدا[2].

حەکەمی یەکەم لەمانگی(زیلحەجەی ساڵی ٢٠٦ك/مانگی ئایاری ساڵی ٨٢٢ز)دا مرد[3]و دەوڵەتێکی یەکانگیرو تەواو ملکەچی دەسەڵاتی بوەیهیەکانی بۆ عەبدوڕەحمان ی کوڕی بەجێهێشت، جێی تێبینیە حەکەمی یەکەم لەگەڵ توندوتیژی خۆیدا سیفەتی دادپەروەریو بەخشندەییو زمانپاراوی هەبوو، لەکۆتا ڕۆژەکانی ژیانیدا لەوکارە ناڕوایانەی پێشتری پاشگەزبوویەوە[4].

---

[1] ابن عذاري: ج١ ص٧١-٧٢.

[2] ابن القوطية: ص١٠٣.

[3] الحميدي: أبو عبدالله محمد بن أبي نصر: جذوة المقتبس في تاريخ علماء الأندلس: ص٣٩، ابن آبار، القضاعي، الحلة السيراء، ص٦٩، ابن الأثير: ج٢ ص٧٢، ٧٩.

[4] ابن القوطية: ص١٠٥، ابن عذاري: ج٢ ص٧٢، ٢٩.

## عەبدوڕەحمانی دووەم یان ئەوسەط( نێوەند )( ٢٠٦-٢٣٨ك/٨٢٢-٨٥٢ز)

**ئاسانكاری:** عەبدوڕەحمانی دووەم لەسایەی كەش‌و بارێكی هێدی‌و ئارامدا شوێنی حەكەمی یەكەمی باوكی گرتەوەبەنێوەندیش دەناسرا چوونكە كوڕی دووەم لەناو سێ كوڕە بووو كەهەمان ناویان هەبوو، سەردەمە دووردرێژەكەی تایبەتمەندی چەند ڕشوودوایێكی جیاوازی لەوپەڕی گرنگیدا هەیە، ئەو لەزۆربەی سیفەتەكاندا وەك باوكی نەبوو، ئەو زۆر كەمتر پەیوەستی بیرۆكەی دەسەڵاتی ڕەها بوو، پاشخانی ئایینیشی لەكۆشكدا دیاربوو كەسایەتی ڕۆشنبیری‌و فیقهی بەرفراوان‌و هەستی باڵای هونەری‌و زەوقی كۆمەڵایەتی باڵای ڕەنگی لەسەر ژیانی ئەندەلوس دابوویەوە، سەردەمەكەی بەسەرەتای گواستنەوەی ڕاست بۆ دەوڵەت دادەنرێت بەو واتا دیاریكراوەی كەوەك دامەزراوەیەكی كارگێڕی‌و ڕۆشنبیری‌و سەربازی گەشەسەندوو بێت[١].

**بارووذۆخی ناوخۆیی:**

سەردەمی عەبدوڕەحمانی دووەم زنجیرە شۆڕشێكی ناوخۆیی دژبەنیزامی ئومەوی بەخۆیەوەدی كەتوانی سەركەوتوویان بكات.

عەبدوڵای كوڕی عەبدوڕەحمانی مامی لەدەسەڵاتەكەی هەڵگەڕایەوەو بلنسیەی بەجێهێشت‌و چوو بۆ تەدمیرو كردی بەمەڵبەندی چالاكی خۆی وەك ئامادەسازیەك بۆ كشان بەرەو قورتوبەو تەنگپێهەڵچنینی میری فەرمانڕەوا، بەڵام قەدەری خوا لەڕێدابوو و مرد، بەمەیش عەبدوڕحمانی دووەم بەبێ هیچ ماندوبوونێك لەدەست ئەو نەیارە تەقلیدیەی ناوبنەماڵەی فەرمانڕەوا ڕزگاری بوو[٢]، بەرەبەرەكانیش كەوتنە جوجوڵ‌و سەركەشی خۆیان لەناوچەی دوورگەی خەزرا لەساڵی(٢١١ك/٨٢٦ز) و لە ماردەیش لەدوای دووساڵ ڕاگەیاند، بەڵام دەسەڵات هەردوو شۆڕشەكەی سەركوتكرد[٣].

شاری طلیطلة بەسەركردایەتی سەركردەیكی جەماوەری كەبەهاشم زەرراب دەناسرا لەساڵی(٢١٤ك/٨٢٩ز)دا ڕاپەڕی ڕای ڕاستر ئەوەیە كەچەند هۆكارێكی كۆمەڵایەتی بوونە هۆی لەدەسەڵاتی مەركەزی دەرچوونیان لەپێناو ئەوەی باری دەستە جەماوەریەكان چاك بكەن، دەسەڵاتی مەركەزی توانی شۆڕشەكە لەناوببات[٤].

---

[١] بیضون: ص٢٤٥-٢٤٦.

[٢] ابن الفرضي: عبدالله بن يوسف الأزدي: تأريخ علماء الأندلس: ص٢٨.

[٣] ابن القوطية: ص١١٢، عنان: ج١ قسم١ ص٢٥٧.

[٤] ابن عذاري: ج١ ص٨٣-٨٤، ابن الأثير: ج٥ ص٢١٩.

کۆتا ساڵەکانی فەرمانڕەوایی عەبدوڕەحمانی دووەم هەوڵی مەسیحیەکانی قورتوبەی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی خاوەن مۆرکی تایبەت بەخۆیەوە دی، چونکە ئەوانەی بووبوون بەعەرەبو زیادەڕەویانکردبوو و دانیشتوانی پایتەخت بوون، بارودۆخی سەقامگیریو پێکەوە ژیانو کرانەوەو ئازادی بیروباوەڕ و لێکبووردنی ئایینیان قۆستەوەو دژبە دەوڵەتو بەسەرکردایەتی قەشەیەکی قورتوبی بەئیلوخیو ناسرابوو کەوتنە چالاکی نواندن، پێشوازی مەسیحیەکان بۆ ڕۆشنبیری ئیسلامیو وازهێنان لەزمانی لاتینی زمانی کتێبی پیرۆزیان هەڵێنابوو، ئەو شۆڕشە بەئاماژەیەك دادەنرێت بۆ ئازادیخوازی ئیسپانی لەدەسەلاتی ئیسلامی[1].

نەخشە لەسەر ئەوەبوو کەهێرش بکرێتە سەر پیرۆزیی دروشمەکانی ئیسلام تا دەسەڵاتو پایتەخت بۆ چەند بارگرژیو شلۆقیەکی خویناوی ڕکێشبکەن، ئافرەتان لەو بزوتنەوەیەدا ڕۆڵێکی دیاریان بینیو فلورای کچەلاوی موسڵمانو خوێندکاری ئیلوخیو کەبەبیرە مەسیحیەکانی باوکی کاریگەری بووبوو دەرکەوتو بووبوو بەمەسیحیو لەوتنەوەی قسەی ئیلوخیوو کۆمەڵەقەشەکانیدا ڕاڕیی نیشان نەدا، پێدەچێت ئەو توندیەی دەسەڵات لەقورتوبەدا دژبە توندڕەوانی یاخی بوو بەکاریهێنا وەڵامدانەوەیەك بووبێت بۆ پەیڕەوە ڕۆژئاواییەکان کەخواستێکی زۆرکاریو وازنەهێنانی ئەوان بوو[2].

عەبدوڕەحمان مەترسی هەڵوێستەکەی زانیو پێی باشبوو کۆڕێکی ئایینی لەقورتوبە ببەستێت کەهەموو ئوسقوفەکانی ئەندەلوسی تێدابێت تا لەسەر گەشەسەندنەکانی ئەو کێشەیە مشتومڕبکەن، ئەوانەی کۆبوونەوە ڕێڕەوی توندڕەوانیان سەرزەنشت کرد تەنها ئوسقوفێکی قورتوبە نەبێت کەبەرگری لێکردن، بەڵام دەقەسەرزەنشتکاریەکە کاریگەریەکی وای لەسەر ئیلوخیو بەجێنەهێشت کەئەوکات بڕیاری نیشاندانی هەڵوێستی خۆی دابوو[3].

عەبدوڕەحمانی دووەم بەبێ ئەوەی بتوانێت سنورێك بۆ ئەو بزوتنەوە مەترسیدارە دابنێت کۆچی دواییکرد شیاوی باسە هەندێك لەتوندڕەوان لەپێش مردنی ئەمیری عەبدوڕەحمان بەچەند ڕۆژێك هێرشیانبردە سەر مزگەوتی قورتوبە ئەویش سزای لەسێدارەدانی بەسەریاندادا.

---

[1] دوزی: ج١ ص٨٥-٩٢، Levi Provencal: IP٢٢٦

[2] بیضون: ص٢٥٥، لینبول، ستانلي، العرب في إسبانيا، ص٧٧، ٧٨.

[3] Levi Provencal: IPP ٢٣٦-٢٣٧

**بارووداۆخی دەرەکی:**

أ- **پەیوەندی لەگەڵ شانشینە ئیسپانیەکان لەباکوور:** سیاسەتی دەرەکی بەکێك لە گرنگییێدانەکانی عەبدوڕەحمانی دووەم بوو، بارودۆخی ناوخۆیی یارمەتی دا تچەند چالاکیەکی سەربازی دژبە ئیستوەرەقیەکانی ئیسپانیا لە باکوور ئەنجام بدات، جالەسالی(٢٠٨ك/٨٢٣ز)ەوە هەڵمەتی هاوینەی ئاڕاستەکردو ڕۆچوویە ناو هەرێمی ئیستەوورەقە، هەروەك هەرێمی ئاراغۆن لەباکووری ڕۆژهەلاتیدا چەند گەشەسەندنێکی بەخۆیەوە بینی، لەکاتێکدا فەرمانڕەوای عەرەبی توتەیلە موسای کوڕی موسا لەگەڵ بشکنس(باسك)دا هاوپەیمانی بەست، عەبدوڕەحمانی دووەمیش هەڵمەتێکی تەمێکردنی دژبە موسا ئەنجامداو هەڵگەڕانەوەکەی لەناوبردو درێژەی بەرێگەی خۆی بەرەو باکوور داو بشکنسی هاوپەیمانانی مووسای شکاندو ناچاری کردن تا لەسالی(٢٢٨ك/٨٤٢ز)دا ڕێکەوتن ببەستن[1].

ب- **پەیوەندی لەگەڵ نۆرمانەکاندا:** سەردەمی عەبدوڕەحمانی دووەم شالاوی نۆرمانەکانی بەخۆیەوە دی نۆرمانەکان لەباکوورەوە بوونو بەناوی(ڤایکنغ) ناسرابوون، ئەمانەش شالاویان دەهێنایەسەر کەناراوە ڕۆژئاواییەکانی ئەندەلوس ئەو دزەجەردانە دەستیان بەسەر کەناراوەکاندا هەبوو کەمێژوونوسە موسڵمانان بەناوی(مەجوس) ئاگربەست ناویان دەنێن، چەند هۆکارێ:ی ئابووری وەك دەولەمەندی ئەندەلوس گوڕوتینو ڕقی ئەوشالاوبەرانەی دەبزواند، وێڕای ئەوەی ئەو ناوچە بێ بەربەستو ناقایموقۆڵ بوو.

ترسناکترین ئەو هێرشانە ئەوەیان بوو کەلە کۆتاییەکانی سالی(٢٢٩ك/هاوینی سالی ٨٤٤ز)دا ڕوویداو شاری ئیشبونە(لشبونەی ئێستا) بەئاوەڕێژگەی ڕووباری تاجەدا بەرەوڕووی هێرشێکی دەریایی بوویەوە، بەلام بەرگیرکاری دانیشتوان ئەو هەولەی تێکشکاندو جەردە دەریاییەکانی ناچار بەپاشەکشەکردو چوون بەرەو ناودۆلی گەورە لەباکووری قادسو بۆ داگیرکردنو تالانو بڕی ئەوشارە ماندووبونیان بەدینەکرد پاشان بەکەشتیەکانیانەوە بەناو ڕووبارەکەدا بەرەو سەر سەرکەوتنو دەستیان بەسەر ئیشبیلیەو دەورووبەریدا گرتو وێرانیو کاولییان تێدا نایەوە[2].

---

[1] ابن حيان القرطبي: القتبس من أنباء الأندلس، تحقيق: محمود علي مكي: ص٨٦-٨٧، ابن عذاري: ج٢ ص٨٦-٨٧.

[2] ابن عذاري: ج٢ ص٨٧-٨٨، ابن خلدون: ج٤ ص١٦٦، Levi Provencal: IPP ٢٢٥

ئەو جەنگە توشبوونو تێکەوتنی لەنێوەندی فەرمانڕەواکانی ناوقورتوبە دانایەوە، چونکە زۆربەی کەشتیگەلی ئەندەلوسی لەکەناراوی ڕۆژهەلاتیدا سەنگەرگیربوونو ئەندەلوسیەکا لەبەرگریکاری ئەو مەترسیەدا پشتیان بەسوپا وشکانیەکانیان بەستبوو کە شالاو بەرانیان ناچار بەپاشەکشەکرد[1]، بێگومان ئـەو ڕووداوە مەترسـیدارەیش بیروئەندێـشەی فـەرمانڕەوایانی بـۆ پێویـستی دانـانی لێپرسـینەوەی بەرگریکاری بێدارکردەوە، بۆیە عەبدوڕحمانی دووەم لەو پێناوەدا چەند کارێکی گرنگی ئەنجامدا کـە لەوانەیش: بەشورەی بەرزی بەردین چواردەوری شاری ئیشبیلیەی داو لەبەندەرەکەشیدا بینایەکی بۆ کەشـتیە سـەربازیەکان بنیـاد نـاو چـەند بنکەیـەکی سەرسـنوری بەدرێـژایی کـەناراوی ڕۆژئـاوای سەرزەریای ئەتلەسی دانـا، ئـەوەش ئامازەبـە زنجیرەیـەك قـەلای بـەرگریکاری لەسـەر ئاوەڕێژگـەی ڕووبارەکان بوو کەشتی و سـەربازو شمەكو چەکیشی بۆ بردن بەمـەش تـوانی مەترسـی نۆرمانیـەکان بوەستێنێت.

ج- **پەیوەندی لەگەل بیزەنتیەکاندا:** پەیوەندی ئومەویەکانی ئەنـدەلوس لەگـەل ئیمبراتۆریـەتی بیزەنتـی لەسـەردەمی عەبـدوڕحمانی دووەمـدا جۆرێـك لەپەیوەنـدی ئاشـتی بەخۆیـەوە بینـی بەرژەوەندی ئەوکاتی سیوفیلی ئیمبراتۆری بیزەنتی لەوەدابوو بۆچـەند هاوپـەیمانێك بگـەڕێت کەلە ململانێی لەگەل هێـزە ئیـسلامیە جیاوازەکـانی ڕۆژهـەلاتو ڕۆژئـاوادا پالپـشتی بـن لەدوای ئەو گوزەرانەی ئیمبراتۆریەت لەلایەن خیلافەتی عەبباسی لەبەغـدادو لەسـەر دەسـتی موعتەصـەم لێیدراو لەلایەن ئەغالیـەکان لـەباکووری ئـەفریقیای دوورگـەی صـقلیەیان لـێ سەنرا، وێڕای ئەوەی ئەندەلوسیە ڕەبزیەکان دوورگەی کریتیان لێسەندن.

هەموو ئەمانە وای لەئیمبراتۆریـەتی بیزەنتـی کـرد تـابڕوای وابێـت ناتوانێـت لـەڕووی هێـزی زیـادبووی موسـلمانان لـە دەریـای سـپی ناوەڕاسـتدا بوەسـتێت بۆیـە بڕیـاری دا داوای یارمـەتی لەدەولەتانی تربکات، بۆیە بـالوێزێکی بـۆلای لـویس تـەقی ئیمبراتـۆری کـارۆلینجی نـارد، بـەلام ئەنجامەکەی خراپ بوو، ئەوکات لای کردەوەبەلای ئەندەلوسدا تا عەبدوڕحمانی دووەم بەلای خۆیدا ڕابکێشێتو ڕازیبکات تا دژبە خەلیفەی عەبباسی یارمەتی بدات، لەگەل ئـەوەی سیاسـەتی قورتوبـە لەوکاتەدا بەرامبەر بەبیزەنتە درێژە پێدەری سیاسـەتی پێشینانی ناو دیمەشق بـوو، ئـالوگۆڕی بـالوێزو دیاریو خەلاتی نێوان هەردوولا لەچوارچێوەی سەردانە ئاساییەکان تێنەدەپەڕی[2].

---

[1] ابن عذاري: ج٢ ص٨٧-٨٨.

[2] المقري: ج١ ص٣٢٣.

د- **دیمەنەکانی ژیانی شارستانی:** سەردەمی عەبدورڕەحمانی دووەم هاودەمی دەرکەوتنی بزوتنەوەی زانستیو ئەدەبی ناو بەغداد بوو، ئەمەوایکرد ئەندەلوس ببێتە پێگەی زانستخوازان لەبەشە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامیەوە، شتێکی ئاسایی بوو لەدوای ئەو سەقامگیریە ناوخۆییەی وولات بەخۆیەوە دیو بەهۆی مۆرکی ئەدەبیو زانستخوازی ئەمیری ئومەوی وێڕای خواستی ئارامگریو هەستی باڵای زەوقی جوانی[1]، ئەو ئەمیرە بەرەو ژیانی نوێی ڕۆژهەڵاتی بڕواتو دەرگاکانی ئەندەلوس بۆ بازرگانی عێراقی کرانەوەو هونەرە ڕۆژهەڵاتیەکان بەتایبەت مۆسیقا لەڕێگەی گۆرانی بێژو مۆسیقی بەناوبانگ(زریاب)ەوە کەگەیشتە ئەندەلوسو لەگەڵیدا فەرهەنگی هونەری بەغدادی پێبوو خۆی بەسەر ئەندەلوسدا داو ئەمیری ئومەوی زریابی لەخۆی نزیککردەوە، ئەو پیاوە کودەتایەکی ڕاستی لەژیانی کۆمەڵایەتیدا بەگشتی بەدیهێنا کەهەموو لایەنەکانی لەخواردنو شێوەو هونەری سفرە یان دیمەنی دەروشاوەیو ڕازاندنەوەو فرەبەرگی بەپێی وەرزەکانو چاودێری جۆرو ڕەنگدا کردبوو بەئامانج[2].

سەردەمی عەبدورڕەحمانی دووەم پڕبە کاری کارگێڕیو بنیادیەك بوو کەئەندەلوسی لەشێوەی خیلافیەتیەوە برد بۆ ژیاری، جا لەلایەنی کارگێڕیەوە ڕێکخستنەوەی دەزگای حکومی کردو چەند گۆڕانێکی لە ئەرکە گشتیەکاندا کرد کەگرنگترینیان نیزامی وەزارەت بوو، دابەشی کرد بۆ چەند وەزارەتێکی جیای تایبەتی کەهەریەکەیان وەزیرێك کەپەردەداربوو، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئومیرەوە هەبوو سەرکردایەتی دەکرد، ئەرکەئاسایشیەکانیشی بەسەر چەند کەسێکدا دابەشکرد لەدوای ئەوەی جاران لەدەستی یەك کەسدابوو بە(صاحب السوق) ناسرابوو[3]، کارە دامەزراندنەکانیش لەسەردەمی ئەودا زۆربوون ئەو لەئیشبیلیە مزگەوتێکی دامەزراندو فرمانیکرد تا لەشاری جیان مزگەوتێکی تر بنیادبنێنو مزگەوتی گەورەی قورتوبەی فراوانکردو شاری مرسیەی بنیادناو بەشورەی گەورەی بەردین بۆ ڕێگری شاڵاوە نورمانیەکان چواردەوری ئیشبیلیەی داو قورتوبە ڕێگەیەکی

---

[1] بۆ سیفەتەکانی ئەمیر عەبدورڕەحمانی دووەمو جێدەستەکانی بڕوانە: ابن القوطیة: ص١١٤-١١٧، ابن حیان: ص٢٢٢-٢٢٥.

[2] ابن القوطیة: ص١٠٧، ١١٢-١١٣، المقري: ج١ ص١٢٠ و دواتر.

[3] ابن القوطیة: ص١٠٨، ابن عذاري: ج٢ ص٩١.

کەناراوی لەسەر بەرەی ڕاستی ڕووباری دۆڵی گەورە دامەزراندو لەپاڵ کۆشکی دەسەڵاتدا کۆشکێکی دامەزراند کەگەشەسەندنی هونەری بنیادی لەخۆگرتبوو[1].

**مردنی عەبدوڕحمانی دووەم:** کۆتاییەکانی سەردەمی عەبدوڕحمانی دووەم ململانێی نێوان کوڕەکانی لەسەر دەسەڵات بەخۆیەوە دی کەئافرەتە زۆرەکانی لەڕێگەی هاندانی کوڕەکانیانەوە گەشەیان پێدا[2]، ئەمیری ئومەوی بەو بەڵگەی وەسیەتی بۆ هیچ کوڕێکی لەدوای خۆی نەکرد هەستی بەو گرفتەکردبوو، بەڵام لەنێوەندە فەرمانڕەواکاندا قسە لەسەر ئەوبووکە کاندیدی جێگیرایەتی عەبدوڕحمان(موحەممەدی) کوڕە گەورەیەتی، عەبدوڕحمانی دووەم لەمانگی ڕەبیعولئاخیری سالی ٢٣٨ك/مانگی ئەیلولی سالی ٨٥٢ز دا کۆچی دوایی کرد.

- موحەممەدی کوڕی عەبدوڕحمان ٢٣٨-٢٧٣ك/٨٥٢-٨٨٦ز.
- مونزیری کوڕی موحەممەد ٢٧٣-٢٧٥ك/٨٨٦-٨٨٨ز.
- عەبدولای کوڕی موحەممەد ٢٧٥-٣٠٠ك/٨٨-٩١٢ز.

**بارگرژی حکومەتی مەرکەزی:** لەدوای مردنی عەبدوڕحمانی دووەم چەند سەرکردەیەکی لاواز دەسەڵاتیان گرتە دەستو ئەندەلوس بەش بەش بوو و تێکچوو و لەبەشە جیاجیاکانیدا شۆڕشگێڕان بەسەربەخۆیی دەسەڵاتی ئەو ناوچانەیان دەگرتەدەست کەتیایدا شۆڕشیان دەگێڕاو قەڵەمڕەوی ئومەویەکان کەمیکردو تەنها قورتوبەو دەوروبەری گرتەوە، ماوەی کاتی نێوان ساڵانی(٢٣٨-٣٠٠ك/٨٥٢-٩١٢ز) بەگشتی بەشلۆقی سیاسیو سەربازی دادەنرێتو لەدەستدانی ئەو دەستکەوتە گەورانەی لەخۆ دەگرت کەسەرکردە یەکەینەکان بەدەستیانهێنا بوونو سیفەتی یەك شێوەییو لێکچوونی بارودۆخەکانی هەبوو و ناتوانین هیچ سەردەمێکی لەوی تر جیابکەینەوە، بەڵکوو تێکئاڵاوەو مێژوو نوسان ناوی(دەوڵەتۆکە خێڵەکیە یەکەمینەکان)یان لێناوە.

ئەمیر موحەممەد لەدوای عەبدوڕحمانی دووەمی باوکی هات[3]ولەهونەری دەسەڵاتداو بەهۆی ئەوی باوکی لەماوەی دەسەڵاتیدا چەند ئەرکێکی سیاسیو سەربازی پێسپاردبوو ئەزمونێکی پێشینەی هەبوو، بەڵام بارودۆخی وڵات یارمەتی نەدەدا تادرێژە بەبەدیهێنانی خواستەکانی بنەماڵەی ئومەوی بدات کاتێك مرد مونزیرو عەبدولا کە کوڕی بوون یەك لەدوای یەك هاتنە شوێنەکەی[4].

---

[1] ابن القوطية: ص١٠٩.

[2] سەبارەت بەو ململانێ بڕوانە: ابن القوطية: ج٢ ص١١٧-١٢٠.

[3] ابن القوطية: ص١١٤، ابن عذاري: ج٢ ص٩٣-٩٤.

[4] ابن عذاري: ج٢ ص١١٣-١١٤، ١٢٠-١٢١.

لەڕاستیدا میرایەتی ئومەوی لەماوەی سەردەمی هەرسێ سەرکردەکەدا سەختی سیاسیو کۆمەڵایەتی چەشت لەگەڵ بوونی ئەو خۆشگوزەرانیو پاڵدانەوەی کەبەشەکانی وڵاتی داگرتبوو، چونکە کۆمەڵگەی ئەندەلوسی ڕۆژێك لە ڕۆژان یەك ڕەگەز نەبووەو فرەنەتەوەبووەو ملکەچی بەخۆشی یان بەزۆری ئومەویەکان بووە بەبێ ئەوەی دابەشکاریەکی هاوبەش کۆیانبکاتەوە، ئەوان لەجیاییو دژایەتیەکی ڕەگەزیو ئاییندا دەژیانو لێکتالاوی یەکتر نەبوون.

دانیشتوانی سەرەکی زۆرینەیان پێکدەهێناو هەندێکیان موسڵمان بوون پاشان لەوێدا عەرەبەکانیش هەبوو کەلەڕووی ژمارەوە کەمینە بوون، هۆگریان لەڕووی هۆزایەتیەوە بەسەر قیسیو یەمەنیدا دابەشبووبوو وێڕای بوونی کەمینەیەکی بەربەر کەهەستی دەسەڵاتو قەڵەمڕەوی دابوویە بەر ڕکەبەری.

ئەو ڕەگەزانە لەچەند هەرێمێکی دوورو نزیکدا بەبێ ئەوەی تێکەڵ بەکۆمەڵگەی ئەندەلوسی ببنو هاوسەرگیری لەنێوانیانداهەبێت بڵاوبوونەوەو ئیشیان بۆ بەدیهێنانی خواستە دەمارگیریو نیشتمانیە جیاوازەکانیان دەکرد بەڵام لەگەڵ هێزی مەرکەزیدا پێکیانەدادەداو خۆیان کەناردەگرت تادەرفەتێکی تری تەقینەوەیان بۆ هەڵبکەوێتو هەرکە حکومەتی مەرکەزی لاوازدەبوو سەرلەنوێ دەستیان پێدەکردەوەو لەشێوەی سەربەخۆیی ناوچەییدا خواستی خۆیان نیشاندەداو سروشتی شاخاوی خاکی ئەندەلوسیش یاریدەدەریان بوو.

گرنگترین ئەو بزوتنەوەی سەربەخۆییخوازانەی دژبە حکومەتی مەرکەزی لەقورتوبە لەوقۆناغەدا دەرکەوتنو بنەماڵەی گەورەیان دەنواند بریتیبوون لە:

**لەدایکبوان(المولدون):** بەنو موسا لەباکووری ڕۆژهەڵاتی ئیسپانیای ناوچەی سەرسنوری سەرەوەیان وەك ویلایەتێکی سەربەخۆ ڕاگەیاند کەسەرەقوستە بایتەختی بوو، مەروانیەکانیش بەسەرکردایەتی عەبدوڕەحمانی جیلیقی لەبەتلیوس لەڕۆژئاوای ئیسپانیا سەربەخۆبوونو قەڵەمڕەویان تادەوروبەری ئیشبیلیە پەلی هاوێشت، بەنو حەفسونیش لەبەرزاییەکانی باشووری ئیسپانیا لەنێوان مالقە لەڕۆژهەڵاتو ڕووندە لەڕۆژئاوا سەربەخۆ بوونو قەڵای(بوبەشتەر) بنکەیان بوو، عومەری کوڕی حەفسون خواستە نیشتمانیەکانی بۆ زۆرینەی لەدایکبوان دەخستەڕوو، ئەو لەئیسلام پاشگەزبوویەوەو لەهەوڵێکی بەرزکردنەوەی ئەزمەی لەگەڵ قورتوبەو خستنیە تەنگژەیەکی نوێ بۆ ڕاکێشانی هێزە مەسیحیەکانی باکوورو بەتایبەت پاشا ئەلفونسۆی سێیەم بووبە مەسیحی.

**بەربەرەکان:** زینونیەکان دەستیان بەسەر طلیطلەدا گرتو مەلاخیەکانیش دەستیان بەسەر(جیان)داگرت.

**عەرەبــەکان:** حەجاجیــەکان لەئیــشبیلیەو ســەعیدی کــوڕی جــودی ســەعیدیش لەغەرناتــە سەربەخۆییان وەرگرت.

هەڵەیە ئەگەر بەرپرسیاریتی ئەو دارِمانە سیاسیە بخەینــە سەرشــانی موحەمــەدو نزیــرو عەبــدوڵای کوڕی، چــونکە ئــەوان لــەبارێکی نائاســاییدا دەســەڵاتیان گرتەدەســت پاشــان پێویــستی بــەپیاوێکی هەڵکەوتــەو فەرمانڕەوایــەکی نائاســایی هــەبوو، ئــەو گۆڕانــە ڕۆشــنبیریی‌و کۆمەڵایەتیانــەی دیمــەنی ئەندەلوسیان گۆڕی، لەتەنگژەیی سیاسیدا ڕۆڵێکی دیاریان بینی تــا وولات بــەرەو قۆنــاغێکی نــوێی ناوڕێرەوی مێژووی ئەندەلوس ببەنو لەوکاتەوە وولات ئامادەنەبوو ملکەچی کەمینەیــەکی عــەرەبی بێت‌و دەستە جیاجیاکان هەوڵی بەشداریکردن لەدەسەڵات یان بەتەنها گرتنەدەستی دەسەڵاتیان دەدا یان پشتیان بەهەڵکەتنی مرۆییان دبەست یان پشتیان بە فەرهەنگ‌و کلتووری دێرینیان دەبەست[1].

[1] سەبارەت بەو ڕووداوە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیانەی لەسەردەمی هەرسێ سەرکردە موحەمەدو دوو کوڕەکەیدا(مونزیرو عەبدوڵا)دا ڕوویدا بڕوانە: ابن القوطیة: ص١٢٠-١٤١، ابن عذاري: ج٢ ص٩٣-١٤٩. لەوێ درێژەی پێویست دەستدەکەوێت.

# بەشی حەوتەم

## سەردەمی ئەندەلوسی( ٩٥-٨٩٧ك/٧٣٨-١٤٩٢ز)

## سەردەمی خیلافەتی ئومەوی( ٣٠٠-٤٢٢ك/٩١٢-١٠٣١ز)

## سەردەمی دەوڵەتانی خێڵەکان( ٤٢٢-٨٩٧ك/١٠٣١-١٤٩٢ز)

**ناوی خەلیفە ئومەویەکان لە ئەندەلوس و ماوەی خیلافەتی هەریەکەیان:**

١- عەبدورڕحمانی سێیەم(ناسر) ٣٠٠-٣٥٠ك/٩١٢-٩٦١ز.

٢- حەکەمی دووەم: موستەنسربیلا ٣٥٠-٣٦٦ك/٩٦١-٩٧٧ز.

٣- هیشامی دووەم: موئەید: جاری یەکەم ٣٦٦-٣٩٩ك/٩٧٧-١٠٠٩ز.

٤- موحەمەدی دووەم: مەهدی ٣٩٩-٤٠٠ك/١٠٠٩-١٠١٠ز.

٥- سولەیمانی کوڕی حەکەم: موستەعین: جاری یەکەم ٤٠٠ك/١٠١٠ز.

٦- هیشامی دووەم: موئەید: جاری دووەم ٤٠٠-٤٠٣ك/١٠١٠-١٠١٣ز.

٧- سولەیمانی کوڕی حەکەم: موستەعین(زافر): جاری دووەم ٤٠٣-٤٠٧ك/١٠١٣-١٠١٦ز.

٨- عەلی کوڕی حەموود: ناسر، لەبنەماڵەی حەمودیەکان ٤٠٧-٤٠٨ك/١٠١٦-١٠١٨ز.

٩- عەبدورڕحمانی چوارەم: مورتەزا ٤٠٨ك/١٠١٨ز.

١٠- قاسمی کوڕی حەموود: جاری یەکەم ٤٠٨-٤١٢ك/١٠١٨ك/١٠٢١ز.

١١- یەحیای کوڕی عەلی: جاری یەکەم ٤١٢-٤١٣ك/١٠٢١-١٠٢٢ز.

١٢- قاسمی کوڕی حەموود: جاری دووەم ٤١٣-٤١٤ك/١٠٢٢-١٠٢٤ز.

١٣- عەبدورڕحمانی پێنجەم: موستەزهیر ٤١٤ك/١٠٢٤ز.

١٤- موحەمەدی سێیەم: موستەکفی ٤١٤-٤١٦ك/١٠٢٥ز.

١٥- یەحیای کوڕی عەلی: جاری دووەم ٤١٦-٤١٨ك/١٠٢٥-١٠٢٧ز.

١٦- هیشامی سێیەم: موعتەمەد ٤١٨-٤٢٢ك/١٠٢٧-١٠٣١ز.

هەروەك سەركردەی نوێ گیرۆدەو دیلی دەستی گرێی تایبەت یان دەربڕین‌و تێڕوانینی بەرتەسك نەبوو، بەڵكو نموونەیەكی كەم وێنەی پیاوی دەوڵەت بوو كە هەموو وزەو تواناكانی خۆی بۆ ئیشكردن بەبێ ماندوبوون‌و بێ‌هیوایی دەخستەكارو بەو نەبەردی‌و ژیریەی توانی هەواداری زۆرینەی شۆڕشگێڕان بەتایبەت لەهەرێمی حیان‌و بیرە بەدەستبهێنێت، لەكاتێكدا كەمینی یەك وەك بەنی حەفسون لەبانگەوازەكەی بێ‌ئاگابوون‌و ئەوەیان پێ‌باشتربوو لەدەرەوەی لەبازنەی قەڵەمڕەوی ئومەویدا بمێنێتەوەو سۆزیان بۆی نەبێت، جادەبوو عەبدوڕەحمان بۆ ملكەچكردنی ئەو هێزە هەڵگەڕاوانە بجەنگێت.

هەرێمی(رییە)ی قەڵای عومەری كوڕی حەفسون دەروازەی چالاكی سەربازی ئەوی بینی‌و توانی بچێتە ناوی‌و دەستیبەسەردا بگرێت، ئیبن حەفسون بۆ قەڵای(بوبەشتەر) بردو دواتر ئەمیر گواستیەوە بۆ ئیشبیلیەو لەساڵی(٣٠١ك/٩١٤ز)دا سەربەخۆیی حەجاجیەكانی لەناوبرد[1].

عومەری كوڕی حەفسون لەدوای سەرنەكەوتنی لەجەنگی دوورو درێژی لەگەڵ دەسەڵاتی مەركەزی قورتوبەداو ئەو دارمانە سەختە ئابووریەی توشی بووبوو و زۆرێك لەگوڕوتینی بزوتنەوەكەی لەدەست دابوو، خۆی لەبارێكی سەختدا دەبینیەوە بۆیە ناچربوو لەگەڵ نیزامی نوێدا رێكەوتن ببەستێت‌و بەڵێنێكی دانپێدانانی بۆ عەبدوڕەحمانی سێیەم ناردو هەواداری‌و پشتیوانی خۆی بۆ دەسەڵاتی مەركەزی نیشاندا، پاشان لەساڵی(٣٠٣ك/٩١٦ز)دا سەردانی قورتوبەی كرد تا ملكەچی خۆی بۆ سەركردەی ئومەوی بخاتەڕوو[2] بەوەیش سەرەتای كۆتایی پێهاتنی مەترسیدارترین شۆڕشێكی دانا كەدەسەڵاتی ئومەوی لە ئەندەلوس بەخۆوەی دیبوو، عەبدوڕەحمان لەپاكتاوكردنی جێگیرەكانی عومەری كوڕی حەفسوندا هیچ نارەحەتیەكی بەدینەكردو لەساڵی(٣١٥ك/٩٢٨ز)دا چوویە(بوبەشتەر)ی قەڵایان[3].

لەناووبردنی شۆڕشەكەی عومەری كوڕی حەفسون بەسبوو تا عەبدوڕەحمان دڵنیایی بارودۆخەكەی دەستبكەوێت لەدوای ئەوەی هەستیكرد سەختترین قۆناغەكانی رێی گێڕانەوەی یەكبوونی سیاسی تێپەڕاندوە.

ب- **زیندوكردنەوەی خیلافەتی ئومەوی:** دوای ئەوەی عەبدوڕەحمان بارەكەی گرتەدەست، وای دەبینی نازناوی ئەمیری كەپێشینەكانی خۆی بۆیان بەجێهێشتبوو لەئاست خواستە گەورەكانیدا

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٢ ص١٦١-١٦٤.

[2] هەمان سەرچاوە: ج٢ ص١٦١، ١٦٩، ١٧١، ابن الخطيب: ص٣٢.

[3] أخبار مجموعة: ص١٥٣-١٥٤، ابن الخطيب: ص٣٣-٣٤.

نیەو خۆی بەشیاوی نازناوی خیلافەت دەزانی زیاتر لەدولەتێکی لێکهەلتوەشاوی وەك دەولەتی خیلافەتی عەبباسی لەبەغدادو دەولەتێکی گیرۆدەو نالەباری وەك دەولەتی فاتمی لەمەغریب، بۆیە نازناوی ئەمیری باوەڕدارانی لەخۆی ناو لەسالی(٣١٦ك/٩٢٨ز)ەوە فرمانیکرد تالەلێدوانەکاندا بۆیو ووتارەکانیدا لەهەموو شتێکدا بە(بەئەمیری باوەڕداران) بانگبکرێت چونکە ئەو ناوەی شیاوە، نازناوی ناسر لیدینیلا ئەمیری باوەڕدارانیشی لەخۆی نا، هەروەك بە(عەبدوڕەحمان ناسر)یش ناسراوە[1]. بەوجۆرە دەسەلات لە ئەندەلوس لەئیمارەتەوە گوازرایەوە بۆ خیلافەتو نازناوی(خەلیفە) لەنەوەکانی عەبدوڕەحمانی سێیەمدا تا ڕووخانی دەولەتی خیلافەتی ئومەوی لەسالی(٤٢٢ك/١٠٣١ز) بەردەوام بوو.

ئەمیری ئومەوی چەند هۆکارێك پالیان پێوەدەنا کەگرنگترینیان بریتین لە[2]:

١- لاوازی خیلافەتی عەبباسی وەك دامەزراوەیەکی ئایینیو سیاسیو دەستەوستان وەستانی لەپاراستنی جیهانی ئیسلامیدا و هەژموونی تورکەکان بەسەر تواناکانی خیلافەتو هەلسوکەوتکردنیان بەخەلیفەکان، تیرۆرکردنی خەلیفە موقتەدیری عەبباسیش ئاماژەیەك بوو بۆ وەرگرتنی چەند هەلوێستێکی لەوە بوێرانەتر بۆ لەڕوودا وەستانو لێڕاپەڕینی.

٢- دامەزراندنی دەولەتێکی گەنجی دوژمنکارانە لەباکووری ئەفریقیا کەدەولەتی فاتیمی بوو و بەرەو ئەندەلوس دەچوو تابیداتە پال خۆی، ئەمیش هۆی ناجێگیریو دلەڕاوکێی توندی ئەمیری ئومەوی بوو و بۆلادانی گرنگپێدانەکانی بۆ وولاتەکەی ژیریو هۆشیاری بەکاربهێنێت.

٣- یەکبوونی سیاسی ئەندەلوس لەدوای ملکەچکردنی ڕاپەڕیوان لەدەسەلات ماوەیەکی دووروودرێژی بڕیبوو، دەی هەر دەبوو لەدوای ئەوەی پایەو شوێنی سیاسیو ئایینی ئەمیر بەرز ڕابگرێتو ڕۆلێکی زیاتری مەرکەزی بەقورتوبە بدرێتبەجۆرێك دەسەلاتی خۆی بەسەردەورووبەردا توندبکاتەوە.

٤- بەدەمەوە چوونی خواستی موسلمانانی ئەندەلوس کەدەیانویست خەلیفەیەکیان هەبێت.

**بارووذۆخی دەرەکی:**

أ- **پەیوەندی لەگەل فاتیمیەکان لەباکوری ئەفریقیا:** لەدوای بەدیهێنانی یەکبوونی سیاسیو سەقامگیری بارووذۆخە ناوخۆییەکان، عەبدوڕەحمان ناسر لای بەلای کاروباری دەرەکیدا

---

[1] ابن عذاري: ج٢ ص١٩٨، ابن الخطيب: ص٢٩-٣٠، المقري: ج١ ص٣٣٠.

[2] ابن عذاري: ص٣٨٠.

کردەوە، لەوەیشدا سوپایەکی ڕاهێنراو کەزۆربەی ڕەگەزەکانی لەممالیکە سەقلەبیەکان هەڵبژاردبوو کەلە خزمەتیدا گیانی خۆیان دەبەخشی.

بێگومان دوو دەوڵەتی دراوسێی مەزهەب جیاواز بەس بوو تاببێتە هۆی پێکدادانی نێوانیان، فاتیمیەکان بەو چاوەوە سەیری دەوڵەتی ئومەوی ئەندەلوسیان دەکرد کەدرێژە پێدەری خیلافەتەکەی دیمەشقە، بەمەیش چەند خواستێکی جدییان لە ئەندەلوسدا هەبوو، عەبدوڕڕەحمان ناسر ناچاربوو بۆ دژایەتی قەڵەمڕەوی فاتیمیو ڕێگرتن لەپەلهاویشتنی بۆ وڵاتەکەی چەند هەنگاوێکی باش بگرێتەبەر، لەوانە:

- بەهێزکردنی کەشتیگەلی ئەندەلوسی بەوپێیەی دەریاوانی ئەندەلوسی ئەوکات بەپێی پێویست نەبوو لەگەڵ ئەوەی ئەوە پێویستی دەوڵەتێکە کەکەناراوی بۆ ماوەیەکی دووردوودرێژ هەبێت، وێڕای هەڕەشەی کەشتیگەلی بەهێزی فاتیمی لەدەریای سپی ناوەڕاست کەلە بنکەکانیەوە لەدوورگەی سقلیەوە هێرشی بردەسەر(مریە) جا دامەزراوەی پیشەسازی بۆ دروستکردنی کەشتی سەربازی دامەزراندو گرنگی بەئامادەسازی کەستیگەلێکی بەهێزی دەریایی دا، هەروەك گەمارۆی لەسەر گەرووی جەبەل تاریق دانا تا ڕێگە بەگەیشتنی فریاگوزاری فاتیمی بۆ عومەری کوڕی حەفسونی یاخیبوو بگرێت.
- قایمو قۆڵکردنی سەرسنورەکانی باشووری ئەندەلوس کەلەڕووی مەغریبدا بوون تابەرەو ڕووی هێرشی کتوپڕی فاتیمی نەبێتەوە، خۆی سەرپەرشتی بنیادنانی سەنگەرە بەرگریکاریەکانی لەدوورگەی تەریفو دوورگەی خەزرادا کرد.
- گرتنە خۆی چەند سەرسنورێکی کەناراوی مەغریبی دوور کەلەڕووی وڵاتەکەیدا بوون وەك ملیلەو سەبتەو تەنجەو توندوتۆڵکردن.
- سەرکردەکانی دەوڵەتۆکەکانو سەرۆك هۆزەکانی مەغریبی ناوەندو مەغریبی دووری وەك دەوڵەتی ئەداریسەو میرایەتی نکوریان بەنی سالحو هۆزی بەربەری زەناتەی بۆلای خۆی ڕاکێشا، ئەمەیش بۆ بەدیهێنانی هاوسەنگیو بەرەنگاربوونەوەی فاتیمیەکان لەگەڵ هۆزەکانی کەتامەو مکناسەدا هاوپەیمانیان بەستبوو.

پالپشتیکردنی شۆڕشەکانو بزوتنەوەکانی دژبە دەسەلاتی فاتیمی لەباکووری ئەفریقیا وەك شۆڕشی ئەبو یەزیدی خارجی کەسەردەمی قایمی فاتیمیو بەشێك لەسەردەمی ئیسماعیل سەنسووری کوڕی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد.

● هاوپەیمانی بەستن لەگەڵ دوژمنانی دەوڵەتی فاتیمی لەرۆژهەلاتو رۆژئاوادا جا هاوپەیمانی لەگەڵ قوستەنتینی حەوتەمی ئیمپراتۆری بیزەنتیدا بەست کەخواستی گێڕانەوەی دوورگەی سقلیەی لەدەست فاتیمیەکان هەبوو و سووربوو لەسەر توندوتۆڵکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەخشیدیەکان لەمیسر، هەروەك لەگەڵ هودج دی بروڤانسی پاشای ئیتالیادا کە دژبە فاتیمیەکان بوو هاوپەیمانی بەست.

بەلام گۆڕانی سیاسی فاتیمی لەرۆژئاواوە بۆ رۆژهەلات کە ماوەی ئاسایی خواستە فاتیمیەکانی بەرەورووی خیلافەتی سوننی عەبباسی لەبەغداد هەبوو بەتایبەت لەدوای گرتنی مصر، ئەمە هەردوولای لەململانێیەکی درێژخایەنی خوێناوی رزگارکرد.

ب- **پەیوەندی لەگەڵ شانشینە ئیسپانیەکان لەباکوور:** کاتێك عەبدورڕحمان ناسر لەقورتوبە دەسەلاتی گرتەدەست خۆی لەبەردەم هاوپەیمانێتیەکی بەهێزی ئیسپانیدا بینیەوە کە سانشوی یەکەمی پاشای ناڤارا(نبرە)و ئەردونیوی دووەمی پاشای لیونو قشتالەی لەخۆ دەگرت، هەردووکیان هیواکانی ئیسپانی بۆ رزگاربوون لەدەسەلاتی ئیسلامی لەخۆگرت، ئەردونیوی دووەم ئەو باری نالەباریو لێکهەلوەشانەی قۆستەوە کە ئەندەلوسی پێداتێپەڕیو هەندێ شارو خاکی ئیسلامی وەك شاری یابرە لەرۆژئاوای ئەندەلوسی داگیرکردو وێرانیکردو فەرمانڕەواکەی(مەڕوانی کوڕی عەبدولمەلیك) بوو شەهیدکرد[1]، مەترسیدارترین ئەو چالاکیە سەربازیانەی پێی هەستا ئەوەبووکە لەسالی(٣٠٥ك/٩١٧ز)دا شاری ماردەی کرد بەئامانجو دەستیبەسەرداگرتو سوپای ئومەوی بەسەرکردایەتی ئەحمەد کوڕی ئەبوو عوبەیدەی تێکشکاند[2].

ناسر نەیدەتوانی خۆی لەو چالاکیە بەرفراوانە ئیسپانیە دژبە زەویەکانی بێئاگابکاتو بڕیاریدا گورزێکی تۆڵەسێنی لەپاشای لیونی لەناوجەرگەی ولاتی خۆیدا بوەشێنێتو لەپێناو ئەوەدا لەسالی(٣٠٨ك/٩٢٠ز)ەوە چەند جەنگێکی درێژخایەنی بەرپاکردو چەند سەرکوتکردنێکی بەدەستهێناو چەند ناوچەیەکی گرنگی گێڕایەوە بەتایبەت ئوسماو توتەیلە[3]، بەلام رامیرووی دووەمی

[1] ابن عذاري: ج٢ ص١٧٢، ابن خلدون: ج٤ ص١٤١.
[2] ابن عذاري: ج٢ ص١٧٢.
[3] ابن عذاري: ج٢ ص١٧٥-١٨٠.

جێگیری ئەردونیوی دووەم کەسیفەتی دەمارگیری خاچپەرستی هەبوو لەجەنگێك کەلە خەندەقی شاری شمنقەو لە(شەوالی ساڵی ٣٢٧ك/٩٣٩ز)دا ڕوویدا شکستی توشکرد[١].

ئەو جەنگە هیچ گۆڕانێکی لەباری زەویەکاندا نەکرد، هەروەك دەستپێکردنەوەی چالاکیە سەربازیە تەقلیدیەکان لەلایەن خیلافەتەوە دژبە شانشینەکانی باکوور لەدوای ئەو شکستە بەستبوو بۆئەوەی ڕێ لەهەر هەوڵێکی فراوانخوازی ئیسپانەکان بگرێت.

پاشان دوای ئەو ململانێ ناو خۆییەی لەدوای مردنی رامیروی دووەم لەنێوان ئەردونیوی کوڕیو سانشوی کوڕیدا هەڵگیرسا ئارامی ئەو بەرەیەی گرتەوە، سانشو توانی بەیارمەتی خەلیفەی ئەندەلوسی کەئەوکات بەهێزترین کەسایەتی سەردەم بوو دەسەڵات بگرێتەدەست[٢].

ج- **پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە ئەوروپیەکاندا:** ئەو پەیوەندیە سیاسیانەی لەنێوان خیلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوسو نێوان هەریەك لەئیمبراتۆریەتی بیزەنتیو ئیبراتۆریەتی کارۆلینجیدا بە هۆی ئەو ئالوودەبوونەی کەگەشەسەندنی ڕووداوەکانو بارودۆخە لێکچووەکان دەیانسەپاند ناچارمان دەکەن لەبازنەی پەیوەندیەکانی نێوان خیلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوس و دەوڵەتە دیارە ئەورووپیەکاندا بوەستین[٣].

لەبەرئەوەی دەوڵەتی بیزەنتی لەوکاتەدا بەرەو ڕووی هەڵمەتی موسڵمانان لەڕۆژهەڵات دەبوویەوەو ناکۆکیو ڕکەبەری ئایینیو سیاسی لەنێوان ئومەویەکان لەئەندەلوس لەلایەكو نێوان فاتیمیو عەبباسیەکان لەلایەکی ترەوە هەبوو، ئەمەبوویە هۆی لێکنزبوونەوەی نێوان قورتوبەو قوستەنتینیەو عەبدورڕەحمان ناسرو قوستەنتینی حەوتەم لەساڵی(٣٣٤ك/٩٤٦ز)و لەساڵی(٣٣٨ك/٩٤٩ز)دا ئاڵوگۆڕی باڵوێزیان کرد[٤]، ئیمبراتۆری بیزەنتی لەپشت ئەم نزیکبوونەوە ئامانجی بەدەستهێنانی یارمەتی خەلیفەی ئومەوی بۆ ئامادەسازی هەڵمەتێکی گەورەی دژبە دوورگەی کریت یان بەلایەنی کەمەوە زامنی بێلایەن وەستانی هەبوو[٥]، وێڕای ئەوەش قوستەنتینی حەوتەم زۆر ئالودەی زانستو مێژوو و هونەرەکان بوو، جالەسەردەمی ئەودا بزوتنەوەی زانستی بووژایەوە، پەیوەندی ئەو لەگەڵ خیلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوس لەناو ئەو چوارچێوە ڕۆشنبیریەدا ڕوویدا، ئەو

---

[١] أخبار مجموعة: ص١٥٥-١٥٦.

[٢] الحميدي: ص٤٢.

[٣] بيضون: ص٣١٨.

[٤] ابن عذاري: ج٢ ص٢١٣، ٢١٥.

[٥] ابن عذاري: ج٢ ص٢١٣، ٢١٥. cambmed History: IVP٦٦

دیاریەی کەناردی بۆ خەلیفە دوو کتێبی گرانبەهابوون یەکێکیان لە زانستی ڕووەکو ئەویتریان لەژیانو مێژووی پاشانی پێشوودا بوو، ڕاماندەوەستینێت[1].

سەبارەت بەپەیوەندیە سیاسیەکان کە عەبدوڕەحمان ناسرو ئوتوی گەورەی پاشای دەوڵەتی کارۆلینجی و ئیمبراتۆری دەوڵەتی پیرۆزی ڕۆمانی کۆکردەوە، لەئەنجامی ئەو هەڵمەتە دەریاییانەدا بوو کەڕەبەنە ئەندەلوسیەکان دەیانکردە سەر کەناراوەکانی باشووری وڵاتەکەی ئوتوی گەورە بەرپرسیارێتی ئەوکارەی دایە سەرشانی عەبدوڕەحمان ناسر.

ساڵێك لەساڵی(٣٣٩ك/٩٥٠ز)دا نامەیەکی گلەیی بۆنوسیو ناسریش بەهەمان شێوە وەڵامی دایەوە، دوای چەند ساڵێکی کەم واتە لەساڵی(٣٤٢ك/٩٥٣ز)دا ئوتوی گەورە نامەیەکی تری بۆ ناسر نوسیو ئوسقوف جان دی جوزر نامەکەی بۆ برد، لەگەڵ توندی ئەو زمانەی نامەکەی نوسیبوو و ووتەی بریندارکەری لەڕووی پێغەمبەردا(ﷺ) تێدابوو[2] و خەلیفەش ئامادەنەبوو نامەکە وەربگرێتو ئوسقوفەکەش تورەو دەمارگیربوو، بەڵام خەلیفە ڕێزی گرتو لەکۆشکێکی نزیك لەیەکێك لە کڵێسەکان دایبەزاند، بۆئەوەی دڵنیابێت کەدەقی نامەکە دیدی ڕەسمی دەوڵەتی کارۆلینجی نیشاندەدات، خەلیفە نێردراوێکی بۆ فرانکفۆرت نارد کە ڕنموندوی موستەعرەب بوو، ئەو لەگەڵ ئوتو کۆبوویەوەو بەژیری خۆی ئەو خراپ تێگەشتنەی لەناوبرد کەپەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتەکەی ئاڵۆزکردبوو، کاتێك گەڕایەوە بۆ قورتوبە ئەویش لەلای خۆیەوە نێردراوێکی ناردو خەلیفەیش بەخێرهاتنەوەی کردو پێشوازی لێکرد لەسەربنەمای ڕێنمایی ئیمبراتۆر جان دی جوزر لەسووربوونی خۆی لەسەر پێشکەشکردنی ئەو نامەیەی کەهەڵیگرتبوو وازیهێنا[3].

---

[1] المراكشي، عبدالواحد: المعجب في تخليص أخبار المغرب: ص٥٥.

[2] خاچپەرستانو جیهانی ڕۆژئاوا ساتەو ناسات ئەو پەردەیان لەسەر ڕووی ڕەشیان هەڵداوەتەوەو بەرامبەر پێغەمبەری خوا(ﷺ) سوکایەتیان نواندوە، ئەمجاریش سەرکردەکەیان لەم کارەدا دانیمارك بوو ئەوانتریش بوونە پاڵپشتی، بەڵام ئەم ژیارە دارماوە نائەخلاقیە ناتوانێت لەبەردەم هێزی جیهادیو هێزی ڕۆشنبیریو ژیاری ئوممەتی ئیسلامیدا سەرکەوتووبێت باماوەیەکیش ئەم ئوممەتە لەخەوتندابن، هەموو خەوێك بێ>اری بەدوادادێت، ئەمەیش بەڵێنی خوای گەورەیە بۆ موسڵمانان بەمەرجێك موسڵمانان هەوڵی دەربازبوون لەلاساریەکانیانو گەڕانەوە بۆ قورئانو سوننەت بدەن. وەرگێڕ.

[3] ابن خلدون: ج٤ ص١٤٣، المقري: ج١ ص٢٤٢-٢٤٣.

**دەستكەوتە شارستانیەكانی عەبدوڕحمان ناسر:**

سەردەمی ناسر بەدرێژیی خۆی تایبەتمەندی سەقامگیری ناوخۆیی هەبوو ئەندەلوس ڕاپەڕینێكی بنیادیو ئابووری وای بەخۆیەوەدی كەسەرسوڕمانی گەلانی ئەورووپای لەسەدەكانی ناوەڕاستدا لێكەوتەوە، قورتوبە جێی دانیشتوانی تێدانەدەبوویەوە ناسر پێی باشبوو چەند دامەزراوەیەكی حكومی دابمەزرێنێت كەلەگەڵ باری دەوڵەتی نوێ لەدوای لەناوبردنی شۆڕشەكانو گێڕانەوەی یەكبوونی ئەندەلوسدا بگونجێنێت، بۆیە لەدامێنی شاخی عەروس لەنزیك قورتوبە بەئامانجی دامەزراندنی شارێكی تایبەتی شانشینی یان پێگەیەكی تایبەت بۆ ئەو خیلافەتە نوێ سوننیەی كەلە ئەندەلوس دامەزرابوو شاری(زەهرا)ی بنیادنا هەرچەندە گێڕانەوەی مێژوویەكان ئاماژە بەوە دەكەن كەموەك شوێنێكی ڕێزگرتنی ئەو كەنیزەكەی دایمەزراندوە كەناوی(زەهرا)ی هەبووە[1]. لەنەخشە دانانیدا ڕەچاوی ئەوەكرا كەدەزگاكانی دەسەڵاتو پیاوانی دەربارو سوپا لەخۆبگرێت تیایدا كۆشكێكیشی بنیادناو نەخشو نیگاری بۆكرد تائەوەی وەك كالآیەكی نایابی هونەری لێهاتبوو، ناوی كۆشكی خیلافەت.

ژیانی ئابووری لەسەردەمی ناسردا گەشەی سەندو خەزێنەی دەوڵەت پڕبوو لەو ماڵ و سامانەی كەلەبازرگانو پیشەگەرو جوتیارانەوە دەستدەكوتو گەشەی سەند ئابووری ڕەنگی لەسەر خۆشگوزەرانی قورتوبە دایەوەو گەیشتە ئەوپەڕی گەشەسەندنو پێشكەوتنو تەواو گەشەیكرد تائەوەی بووبە شوێنێكی تایبەت لەنێوان گەورەترین شارەكانی ئەو سەردەمەدا لەپاڵ بەغدادو قوستەنتینیەدا ناسر مزگەوتی گەورەی قورتوبەی بەرفراوانكرد و گرنگترین دامەزراوەیەك دەدرێتە پاڵی ئەو منار زێڕ پۆشكراوە بوو كەبە منارەی ناسر ناونراو تەواو بەرزو جوانو لەوپەڕی گەورەییو بالآییو ووردەكاری هونەریدابوو[2].

لەپاڵ گەشەسەندنی ئابووریدا قورتوبە گەیشتە ئەپەڕی درەوشانەوەی ڕۆشنبیریو ژیاریو كتێبخانەكانی بەهەزاران دەستنوسی گرانبەها ڕازێنرایەوە و مزگەوتو كۆشكەكانی پڕ لەهەڵبژاردەی زانایانو شاعیرانو ڕۆشنبیران بوو و ڕاپەڕینی زانستی لەسەردەمی ناسردا گەیشتە قۆناغی پێگەیشتنو بەخشین.

---

[1] ابن عذاري: ج٢ ص٢٣١، ابن الخطيب: ص٣٨.

[2] ابن عذاري: ج٢ ص٢٢٩-٢٣٠.

**کۆچی دوایی عەبدوڕحمان ناسر:**

خەلیفە عەبدوڕحمان ناسر لـە(دووی ڕەمـەزانی سـاڵی ٣٥٠ك/١٥ی تـشرینی یەکـەمی سـاڵی ٩٦١ز) لەکۆشکی زەهرادا·کۆچی دوایی کردو حەکەم موستەنـسیربیلای کـوڕی بەبـەڵێنی بـاوکی شوێنی گرتەوە[1]. بەمردنی ناسر گەشاوەترین سەردەمەکانی مێژووی ئەندەلوس پێچرایەوە.

## حەکەمی دووەم( موستەنسیربیلا )( ٣٥٠-٣٦٦ك/٩٦١-٩٧٧ز)

**سیفەتەکانی موستەنسیر:**

کاتێك موستەنسیر دەسەڵاتی وەرگرت ئەزمونێکی لـەکاروباری کـارگێڕیو سـەربازیدا هـەبوو کەلە ئەنجامی هاودەمی باوکیدا بەدەستی خستبوو، بەڵام ڕۆڵی لەپاراستنی دەسـتکەوتەکانی بـاوکی لـەناوخۆداو پاراسـتنی لەشـاڵاوەکانی ئیـسپانو لـەدەرەوەدا بەرتەسـك بوویـەوە، ئـەو بەبـەهێزیو بەتواناییو داناییو زاناییو ئەدیبی دەرکەوت، بەڵام سیفەتی: زاناییو ئەدەبی بەسەر ناوبانگیدا زاڵبوو و کتێبـی گرانبـەهای زۆر زۆر کـۆکردەوەو ماوەیـەکی زۆر لەکتێبخانـەو لـەنێو دەستنووسـەکاندا بەسـەردەبرد، بەڵام نەبوویە دیلی ئەو حەزە ڕۆشنبیریو گەیشتن بەمەعریفیە، بەڵکو کاتی بۆ هەسـتان بەکاروباری دەوڵەتو چارەسـەرکردنیان بەکاردەهینا.

**باروودۆخی دەرەکی:**

أ- **پەیوەندی لەگەڵ شانشینە ئیسپانیەکان لـەباکووردا:** سـەرکردەکانی شانـشینەئیـسپانیەکان لـەباکوور لـەدەستێوەردانی ناسر لـەکارووباری ناوخۆییانو هەژمورنی بەسـەریاندا بێزاربـوون، هەروەك لەبەڵێنو پەیمانەکانی نێوانیاندا بەدڵسۆزی لەگەڵێدانەبوون، بۆیە پەیوەنـدیان لـەگـەڵ موستەنسیردا ناخۆش بوو.

سانشوی پاشای لیون کەناسر لەبەرامبەر وازهێنانی لەچەند قەڵایەك لەیارمەتیدا تا دەسەڵاتەکەی بگێڕێتەوە ئاگربەسـتەکەی وازلێهێنـا، بـەڵام لـەوە زیاتر نەچـوو تالەگـەڵ دوژمنـە ئومەوییەکانـدا بجەنگێت، چونکە باروودۆخ لەبەرژەوەندیدا نەبوو، چونکە ئـەردونیوی ڕکەبـەری کەهەڵخەڵـەتابوو وەفدی بۆ قورتوبە ناردوو داوای یارمەتی لێکرد تا دەسـەڵاتەکەی بگێڕێتـەوەو ملکەچـی خـۆی بـۆ خەلیفە ڕابگەیەنێت[2]، کاتێك سانشو بەوەی زانی لەسەرەنجامی کارەکەی ترسا، بۆیـە بەپەلـە کەوتـە

---

[1] ابن عذاري: ج٢ ص٢٣٢.

[2] ابن عذاري: ج٢ ص٢٣٥، ابن خلدون: ج٤ ص١٤٥.

ڕاستکردنەوەی هەڵوێستی خۆیو مەرجەکانی ڕێکەوتننامەکەی جێبەجێ کردو وەفدێکی بۆلای خەلیفە ناردو پابەندبوون بەگوێڕایەڵی خەلیفەو جێبەجێ کردنی ڕێکەوتننامە بەسزاوەکەی لەگەڵ خەلیفەی کۆچکردوودا بۆخستەڕوو[1]، بەڵام مەرگی کتوپڕی ئەردونیو بەجێ گەیاندنەکانی وەستاندو ئەنجامیش لەبەرژەوەندی ئاشتیو پەیوەندی دۆستایەتیدا نەبوو، چونکە مەسیحسەکان هەستیان بەمەترسی بارەکەکردو بۆبەرەنگاربوونەوەی موسڵمانان هاوپەیمانێتیەکیان کملە سانشوی پاشای لیونو کونت فەدیناندی ئەمیری قشتالەی دوژمنیو غەریسەی سانشیزی پاشای ناڤاراو کونت بەرشەلۆنە پێکهاتبوو، خواستیان لەبەردەم ئەو دەسپێشخەریە خێرایەدا سەرکەوتوو نەبوو کەموستەنسیر ڕایگەیاند ئامادەسازی گشتیو هێرشکردنە سەر قشتالە گرتیەبەرو لەساڵی(٣٥٢ك/٩٦٣ز)دا بەسەر ئەمیری قشتالەدا سەرکەوتو ناچاریکرد تابە مەرجەکانی ڕازیبێتو ڕێزی ئاشتەوایی سنورەکان بگرێت، هەروەك بەسەر چەند هێزێکی هەریەك لە ناڤاراو لیون دا سەرکەوتو چەند قەڵایەکی لەدەستی سەرکردەی هەردووکیان دارنی[2].

بەوجۆرە موستەنسیر توانی لەچەند چالاکیەکی یەك لەدوای یەكو خێرادا لەڕووی ئیسپانەکاندا هەنگاوبنێتو ڕێگەنەدات دژبە ناوچەکانی موسڵمانان هیچ هەنگاو و دەستپێشخەریەکی هێرشبەری بگرنە بەر.

ب- **پەیوەندی لەگەڵ بەربەرەکان لەمەغریبی دوور:** موستەنسیر بەرامبەر بەوولاتانی باکووری ئەفریقیا بەبێ هیچ گۆڕانێك سیاسەتەکەی ناسری باوکی گرتەبەرو وەك باوکی پێی وابوو بوونی فاتیمی لەسەر کەناراوی مەغریبی دوور لەبەرامبەر ئەندەلوس تەنها مەترسی بۆ ئاشتی سەلامەتی خیلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوس پێکدێنێت، بۆیە نێردراوو هەواڵگری دەناردو بۆ ڕاکێشانی بەربەرەکان لەناو بەربەرەکاندا بڵاودەبوونەوەو بۆ خەرجکردنی ماڵو سامان بۆ ڕاکێشانی بەنی مەغراوە لەهۆزەکانی زەناتە هیچ سەختی و نارەحەتیەکی بەدی نەکرد.

موستەنسیر هۆگریو پشتیوانی زەناتەی بۆ دوو ئامانج بەدیهێنا:

**یەکەم:** پارێزگاریکردن بەو ناوچە سەربازیانەی لەژێر دەسەڵاتی ئومەویەکاندا بوونو لەسەر کەناراوی مەغریبی دووردا بوون، وەك تەنجەو سەبتەو ملیلە.

**دووەم:** لاوازکردنی دەسەڵاتی فاتیمی لەوناوچەیەدا بەبەدیهێنانی هاوسەنگی لەتەرازوی ململانێی هۆزایەتیدا بەڵام گۆڕانێکی بنەڕەتی لەسیاسەتی ئەوکاتەی فاتیمەکاندا ڕوویدا تاڕووبکەنە

---

[1] هەمان ئەو دوو سەرچاوە.

[2] ابن خلدون: ج٤ ص١٤٥.

ڕۆژهەڵاتو لەباکووری ئەفریقیادا ئەو مۆرکە سەربازیە جێهەڕەشەیان بۆ قەوارەی ئومەوییەکان لە ئەندەلوس دا نەما.

لەئەنجامی ئەو گۆڕانە سیاسیانەدا ململانێ لەڕۆژئاوادا شێوەی ناوخۆیی وەرگرتو هۆزەکانی سەنهاجە لەمەغریبی نزمو ناوەندا سەقامگیربوونو کاروباری مەغریبی دووریان پشتگوێ خست، ئەمە دەرفەتی بەئەداریسەو زەناتیەکانی نیشتەجێی ئەوێ دا تا دەرفەتی ڕزگاربوون لە دەستڕۆیی ئومەوییەکانیان هەبێت، لەبەرامبەر موستەنسیردا دوورکەوتنەوەی سەنهاجە لەمەغریبی دوور بەدەرفەتێك زانی بۆ جەختکردنەوە لەقەڵەمڕەوی خۆی لەو هەرێمەدا، بۆیە ئیشی بۆ فراوانخوازی لەڕۆژهەڵاتەوە کردو لەسەبتەو تەنجەوە بەرەو ملیلەو چەند ناوچەیەکی تری ناوخۆ کەوتە ڕێ، پەرچەکرداری ئەداریسەو زەناتیەکانیش توندبوو، ئەوان لەساڵی(س٣٦١ك/٩٧٢ز)دا بەسەرکردایەتی حەسەنی کوڕی کەنون شۆڕشیان بەرپاکردو ئەداریسەکان دەستیان بەسەر تەتوانو تەنجەو ئەسیلادا گرت کەچەند پێگەیەکی گرنگ بوون[1].

موستەنسیر هەستی بەمەترسی ئەو گەشەسەندنانە کردو بڕیاریدا هەڵوێستێکی یەکلا بگرێتەبەر کەشۆڕشەکە لەناوبباتو جەخت لەقەڵەمڕەوی هەمیشەیی لەوێدابکاتەوە، غالبی کوڕی عەبدوڕەحمانی سەرکردەی لەپاکتاوکردنی لەبەرگریکاری ئیدریسیو گێڕانەوەی دەسەڵاتی ڕەهای ئومەویدا سەرکەوتووبوو لە(مانگی جەمادیلئاخیری ساڵی ٣٦٣ك/مانگی ئازاری ساڵی ٩٧٤ز)دا سەرکردەی ئیدریسی خۆی بەدەستەوە دا[2].

**زانست لەسەردەمی موستەنسیردا:**

لەسەردەمی موستەنسیردا ژیانی ڕۆشنبیری گەشەیسەند، ئەمەش جێی گومانو سەرسوڕمان نیە، چاهەموو مێژوونوسان لەسەر جەختکردنەوە لەلێهاتوویی موستەنسیر لەشیعرو ئەدەبو ڕۆماندا یەك دەنگن، ئەو زانستە شەرعیەکانی وەك فیقه و فەرموودەی دەزانی، هونەرە جیاوازەکانیش لەڕەچەڵەکناسیدا لێکۆڵەربوونو زانایانو فەرموودە گێڕەرەوانی لەهەموو ئاسۆکانەوە بۆلای خۆی ڕادەکێشا لەکۆڕی زانایاندا ئامادەدەبوو و گوێی لێدەگرتو شتی لێ وەردەگرتنو فەرموودەی لێ دەبیستن، لەمێژووی ئیسلامدا نەبیستراوە هیچ خەلیفەیەك هێندەی موستەنسیر سەرقاڵی کۆکردنەوەو

---

[1] ابن عذاري: ج٢ ص٢٤٤-٢٤٦.

[2] ابن حيان: تحقيق الحجي، ص٨٩-٩١، ١٠٢-١٠٣، ١٠٨-١١٠، ١٤٢، ١٥١، ابن عذاري: ج٢ ص٢٤٧-٢٤٨.

پەشۆکان بەکتێبەوە بووبێت، گرنگی بەزانست داو تایبەتمەندی بە ئەهلی زانست داو خەڵکی بۆ زانستخوازی هانداو بەخشش و پەیوەندی خۆی گەیاندە فیقهناسانی ناوچە کەناراویە دوورەکان.

موستەنسیر ئەو کتێبخانەی ئەندەلوسی دامەزراند کەلەنێو گەورەترین کتێبخانە گەورەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەژماردەکراو سووربوو لەسەرئەوەی بەکتێبە بنەڕەتیەکان دەوڵەمەندی بکات، ئەو وەفدی بۆ ناوچە جیاجیاکان دەنارد تاڵە شارە ناسراوەکانی پێشرەوی زانستی وەك بەغدادو قوستەتینیەدا دەستنوسە گرانبەهاکان بکڕن، هەندێك جار نرخی خەیاڵیان پێدەدان.

موستەنسیر گرنگی بەفێرکاری داو چەند خوێندنگەیەکی دامەزراند زانکۆی قورتوبە لەبەناوبانگترین زانکۆکانی جیهان بوو و مزگەوتی گەورە مەڵبەندی بوو، تیایدا جۆرەکانی زانست و مەعریفە دەخوێندران، مامۆستاگەلێك کەئاستێکی باڵای ناوبانگیان هەبوو وەك ئەبو بەکری کوڕی موعاویەی قورەیشی مامۆستای فەرموودەو ئەبو عالی قالی نووسەری(الأمالي) کە وانەی مێژووی عەرەب لەپێش ئیسلام و زمان و شیعری عەرەبی دەووتەوەو ئیبنولقوتیەی مامۆستای نەحو وانەیان تێدا دەوتەوە[1].

چاودێری مەعنەویشی بۆ زانایان لەئاستێکی بەرزدابوو، جالەکۆشك و هۆڵ و کۆڕەکانیدا پایەی باڵاو پێشەوە هی ئەوان بوو، لەگەڵی دادەنیشت و مشتومڕیان لەگەڵ دەکردو دارایەکی زۆریان لێوەردەگرت، حەکەمی دووەم موستەنسیر لە(٣ی ڕەمەزانی ساڵی ٣٦٦ك/٢٥ نیسانی ساڵی ٩٧٧ز)دا کۆچی دوایی کرد[2].

---

[1] المقري: ج١ ص٣٦٢.

[2] ابن عذاري: ج٢ ص٢٥٣، ابن الخطيب: صلاح الدين ٤١-٥٦.

## کۆتا ڕۆژەکانی خیلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوس(٣٦٦-٤٢٢ك/٩٧٧-١٠٣١ز)

## بنەماڵە عامری: موحەمەدی کوڕی ئەبوو عامر(مەنسور)[1]:

**ململانێی ناوخۆیی لەسەر دەسەلات:**

لەدوای مردنی موستەنسیر ململانێیەکی مەترسیدار لەسەر دەسەلات دروستبوو کەخۆی لەدوو ئاراستەدا دەبینیەوە:

**یەکەم:** بەدانانی هیشامی کوڕی حەکەمی خەلیفەی منداڵ ڕازی نەبوو کەهێشتا تەمەنی دە ساڵ بوو تەمەنی کەم بوو و نەیدەتوانی کاروباری دەسەلاتو ئەرکەکانی بەجێبگەیەنێت، باوکیشی وەك جێگیری خۆی دەستنیشانی کردبوو، ئەو دەستەیە لەسەربازیە سەقلەبیەکان پێکدەهاتو لەسەرو هەموشیانەوە فائیقو جوزری هەردوو خزمەتگوزاری خەلیفە بوون، ئەندامانی ئەم دەستەیە موغیرەی کوڕی عەبدوڕەحمانی مامی هیشامیان کاندیدکرد.

**دووەم:** پاڵپشتی کاندیدی هیشان بوونو ئەندامەکانی دانانی هیشامیان بەزامنی بەردەوامی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەدەسەلاتدا دەزانی ئەم دەستەیە سیاسیە خاوەن ئامانجەکانی لەخۆ دەگرت، لەسەرو هەموشیانەوە وەزیر جەعفەری مەسحەفیو موحەمەدی کوڕی عامری مەعافیری و چەند گەورە کاربەدەستێکی کۆشك بوون.

لەڕاستیدا هێزی کۆشك کەخۆی لە(صبح)ی کەنیزەکی موستەنسیرو دایکی هیشامدا دەبینیەوەو لەبشکنسەکان بوو، پاڵپشتی دەستەی دووەم بوو.

لەو ململانێیەدا موحەمەدی کوڕی عامر دەرکەوت کەتوانی دوژمنەکانی لەدەستەی یەکەمو هاوپەیمانەکانی لەدەستەی دووەم لەناوبباتو بووبە تاکە هێزی ناو وڵاتو پایەی پەردەداری وەرگرتو هەموو کاروباری دەسەلاتی بەتەنها بۆخی گرتەدەستو هیشامی لەژیانی گشتی دوورخستەوەو خۆیشی نازناوی(مەنسور)ی وەرگرت.

**گرنگی دانی موحەمەدی کوڕی ئەبو عامر بەبەهێزکردنی سوپا:**

لەدوای ئەو ڕەکەبەرەکانی خۆی لەناوبرد، گرنگیدانی خۆی ئاراستەی ڕێکخستنی سوپاکردو سەرپەرشتی ئەوەیشی بەجەعفەری کوڕی عەلی کوڕی حەمدونی خاوەن نازناوی(ئەندەلوسی) هاوڕێی سپارد، ئەویش پشتی بەڕەگەزە مەغریبیە ڕاهێنراو و پیشە سەربازان بەستو وازی لەهەڵبژاردنی خۆبەختکەران هێنا.

---

[1] بۆ ژیانەکەی بڕوانە: الحميدي: ص٧٨-٧٩.

بۆئەوەی لەکەش و هەوای پایتەخت دووربێتەوە لەگەڵ ئەوەی پێدەچێت پشتیوانانی نەیارەکانی و نزیکانی ئەوا دەڵێ هۆکاری ئەوە بووبێ، لەرۆژهەڵاتی قورتوبەدا شاری زاهیرەی دامەزراندو تیایدا کۆشکی پاشایەتی و مزگەوت و دیوانەکانی کارگێڕی و مەڵبەندەکانی پاسەوانی و جبەخانەی بنیادناو لەساڵی(٣٧٠ك/٩٨٠ز) گواستیەوە بۆئەوەی[1] ئەو شارە شوێنی شاری زەهرای گرتەوە.

**پەیوەندیە دەرەکیەکان:**

أ- **پەیوەندی لەگەڵ شانشینە ئیسپانیەکان لەباکوور:** موحەمەدی کوڕی ئەبو عامر گرنگی بەبزوتنەوەی جیهادی دژبە شانشینە ئیسپانیەکانی باکووردا بەو ئامانجەی ملکەچی دەسەڵاتی خیلافەتیان بکات، لای ئەو سیاسەتی جیهاد تائاستێکی زۆر لێکتالاوی ئەو قۆناغانەبوو کەبڕی تابگاتە لوتکەی دەسەڵات، ئەو جیهادی بە ڕێگەیەك بۆ لەناوبردنی دوژمنەکانی و بەدەستهێنانی متمانەی گەل گرتەبەر، وێڕای دیدی تەقلیدی گشتی بەپاراستنی دەوڵەت لەدوژمنانو قەرەوڵ بۆ گرەوانی.

بزوتنەوە جیهادیەکەی مۆرکی هێرشبەری هەبوو، لەهەموو ئەو جەنگانە دژبە شانشینەکانی لیونو قشتالەو ناڤارا ئەنجامیدان سەرکەوتن بەسەر دوژمنەکانی بەدەستهێناو جەنگەکانی لەپەنجازیاتربوون[2]، بەڵام خەباتی جیهادی بەشێوەیەکی ڕیشەیی باری جوگرافی زەویەکانی نەگۆڕی، بەڵام دیلی زۆری لێکەوتەوە[3].

ب- **پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتانی مەغریبی دوور:** سیاسەتی موحەمەدی کوڕی عامر لەمەغریبی دوور درێژەپێدەری سیاسەتی گشتی ئەندەلوسی بوو و لەناوەرۆکەکەیدا ململانێیەکی سیاسی و مەزهەبی دژبە هێزە عەلەویەکانی فاتیمیەکانو ئەداریسەکان لەخۆگرت، بەهۆی هاوپەیمانی بیستنی لەگەڵ هۆزی زەناتە لەناوچەکەدا سەرکەوتنی بەدەستهێناو هێزی زیری لەناوبرد کەبەپاشماوەکانی ئەداریسەکان سەرپێخرابوو و حەسەنی کوڕی کەنون سەرکردایەتی دەرکردو ئەمیر عەزیزی فاتیمی هانیدا تا قەڵەمڕەوی فاتیمیەکان لەمەغریبی عەرەبی دووربگێڕێتەوە[4] ئەمەوایکرد دەسەڵاتی ئومەوی بەسەر مەغریبی دووردا بەهێزی و پەیڕەوکاری تاکۆتارۆژانی عامریەکان بمێنێتەوە.

---

[1] ابن عذاري: ج٢ ص٢٧٥، ابن خلدون: ج٤ ص١٤٨، المقري: ج٢ ١٢١-١٢٢.

[2] الحميدي: ص٧٨-٧٩.

[3] ابن الخطيب: ص٩٨.

[4] المراكشي: ص٢١.

**مردنی موحەممەدی کوڕی ئەبو عامر:**

موحەممەدی کوڕی عامر زۆربە بەپەژارە بوو لەسەرهاتووی ئەو میراتەی کەلەکۆشی خیلافەتی ئومەویدا دینابوو، دەیزانی دەستکەوتەکانی لەدوای نەمانی خۆی هەرگیز زۆر ناخایەنن چونکە پەیوەست بەخۆی و دەستکەوتەکانی بوون، لەکاتی گەڕانەوەی لەغەزای هەرێمی قشتالە لە(مانگی ڕەمەزانی سالّی ٣٩٢ك/مانگی تەمووزی سالّی ١٠٠٢ز) لەشاری سالم کۆچی دوایی کرد[١] بەلاّم هەولّەکانی لەکۆتاییدا دەسەلاّتێکی میراتگرییان لێکەوتەوەو عەبدولمەلیك موزەفەری کوڕە گەورەی شوێنی گرتەوەو خەلیفە نوسینێکی دەرکردو بەوپێیە لەپایەی پەردەداریدا داینا.

**عەبدولەلیکی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئەبو عامر(موزەفەر):**

عەبدولمەلیك کەنازناوی موزەفەری هەبوو جێبەجێکردنی چەند چاکسازیەکی گرنگ دەسەلاّتی خۆی دەستپێکردو لەدرێژەدان بەسیاسەتی خەباتی دژبە مەسیحیەکان لەباکوور هەمان ڕێبازی باوکی گرتەبەر، لەڕاستیدا لەباری پێکدادان بەدوورنەبوو، هەروەك لێهاتوویەکی سەرکردایەتی سەربازی‌و شارستانیشی لەڕووی هاودەمبوونی لەگەلّ باوکیدا بەدەستهێنا، بۆیە سەردەمەکەی پەیوەست بەجیهادی دژبە ئیسپانەکانە.

سەرەتای کارە سەربازیەکانی پێکدادانی بوو لەگەلّ فەرمانڕەوای بەرشلۆنە دا کەیەکەم کەس بوو لەدەسەلاّتی ئیسلامی دەرچوو بوو، موزەفەر ناچار بەداوای ڕێکەوتنی کرد[٢]، پاشان جەنگی دووەمی لەسالّی(٣٩٤ك/١٠٠٤ز)دا دژبە قشتالە بوو و زەویەکانی قشتالەی بڕی‌و فەرمانڕەواکەی(سانشو) ناچارکرد تاداوای ڕێککەوتن بکات سانشو بەوەفدێك چووبۆ قورتوبەو لەگەلّ موزەفور چەند لێدوانێك ئەنجامدرا و هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن دژبە شانشینی لیون‌و بەنی قومس یارمەتی یەکتربدەن.

ڕووداوی بەرشلۆنە بوو بەهۆی دارزینی بەرەی ئیسپانی بەتایبەت لەدوای ئەوەی ناکۆکی لەنێوان فەرمانڕەوای قشتالەو فەرمانڕەوای جیلیقیەدا دروستبوو، موزەفەر ئەو ناکۆکیەی بۆلاوازکردنی دوژمنەکانی قۆستەوە.

لەڕاستیدا ئەو هەموو سالێك هەلّمەتێکی سەربازی دەکردە سەر ئەودیو سنورەکانی باکوورس، ژمارەی هەلّمەتەکانی گەیشتە حەوت هەلّمەت، لێکهەلّوەشانی بەلّێنی هاوپەیمانی مەسیحی‌و پارچەپارچەبوونی بەرەی سیاسی لەشانشینی لیون کەسەرکردایەتی کوتلەی ئیسپانی دەکرد، وێڕای

---

[١] ابن عذاري: ج٢ ص٢٨٠-٢٨١.

[٢] هەمان سەرچاوە: ج٢ ص٣٠١.

لێهاتوویی سەربازی موزەفەرو وردەکاریو بەگرنگوەرکرتنی جەنگی، هەموو ئەمانە چەند هۆکارێك بوون کەیارمەتی سەقامگیری ناوخۆییو سەرکەوتوویی عامریەکان لەفەرمانڕەوایی ئەندەلوسیان دا، موزەفەر لە(١٦ی سەفەری ساڵی ٣٩٩ك/٢١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٠٠٨ز)و لەڕێگەی بەجێگەیاندنی غەزایەکی لەباکووردا کۆچی دواییکرد[1]و عەبدوڕەحمانی برای شوێنی گرتەوە.

**عەبدوڕحمانی کوڕی مەنسور:**

عەبدوڕەحمان لەموزەفەری برای لاوازتربوو و کەمتر گرنگی بەکاروباری دەداو لەخۆبایی بوو، بەپاڵدانەوەو ژیان لەباری خۆشگوزەرانیو ڕابواردن هەبوو، نازناوی(شنجول)ی لێنرا کەناوی یەکێك لەخاڵەکانی بوو، چونکە دایکی خەڵکی قشتاڵە بوو و لەجەنگێکی مەنسور لەباکووردا پێشکەش بەمەنسور کرابوو[2].

عەبدوڕەحمان پەیوەندی بەتینی لەگەڵ خەلیفەدا دامەزراند، خەلیفەش نازناوی(مەئموون ناسرودەولە)ی لێنکە لە نازناوەکانی خیلافەت بوو، ئەمەیش شەپۆلێکی نارەزایی لەقورتوبە دانایەوە[3]، ئەو بەوە ڕازینەبوو دەسەڵاتی ڕەهای جێبەجێکاری هی ئەوبێتو چاوی لە خیلافەت بڕیبوو[4].

لەڕاستیدا لەکارخستنی سەلاحیاتی خیلافەت بەرێگرتن لەخەلیفە نەبوویە هۆی پێویستی هەڵوەشاندنەوەی ڕۆڵی سیاسی ئومەویەکان کەلەمەڵبەندەکانی قەڵەمڕەویان بۆ خۆیان پاراستبوو، ئەوان هەڵسوکەوتی عەبدوڕەحمان مەنسوریان لاخراپ بوو و بۆئەوش بۆ لەناوبردنی بنەماڵەی عامری پلانێکیان داناو پشتیان بەچەند تاقمێکی سوپا بەستبوو و یەکێك لەئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کەبە موحەممەدی کوڕی هیشام بانگەدەکرا سەرکردایەتی دەکردن، موحەممەدی کوڕی هیشامو پشتیوانەکانی دەستیان بەسەر دامەزراوەکانی دەسەڵاتدا گرتو شاری زاهیرەی مەڵبەندی بنەماڵەی عامریان سوتاند، کاتێك عەبدوڕەحمان ویستی دەسەڵاتەکەی ڕزگاربکات گیراو لە(مانگی ڕەجەبی ساڵی ٣٩٩ك/مانگی ئازاری ساڵی ١٠٠٩ز)دا کوژرا[5].

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٥-٦.

[2] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٣٧، ابن الخطیب: ص٨٩.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٦٦.

[4] هەمان سەرچاوە: ص٩١-٩٣.

[5] ابن عذاري: ج٣ ص٤٩، ٧٣، ابن الخطیب: ص٩٧، ١١٣.

**کۆتا قۆناغەکانی سەردەمی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی:**

موحەممەدی کوڕی هیشام لە دوای ئەوەی هیشام موئەیەدی پێش خۆی لابرد خۆی بووبە خەلیفە، ئەمەیش لە(١٨ جەمادلئاخیری ساڵی ٣٩٩ك/٥ی شوباتی ساڵی ١٠٠٩ز)دا بوو و نازناوی مەهدی لەخۆی نا[1]، ئەو هێزو توانای خۆی لەئەو دەستەو تاقمانەی گەلەوە وەردەگرت کەلەشۆڕشەکەیدا یارمەتی‌و پاڵپشتیان کرد، هەریەکەمجار وەك ئەوەی کەسایەتی خوازراوی ئەو قۆناغەبێت بۆ ڕزگارکردنی خیلافەتی ئومەوی کەکۆتا هەناسەکانی خۆی هەڵدەکێشا، بەورجۆرە دەرکەوت، بەڵام خەلیفەی نوێ نەیتوانی هاوسەنگی هۆزایەتی‌و دەمارگیری ڕەگەزی ناو وڵات بەدیبهێنێت، ئەوەش ئەو گرفتە بوو کە ئەندەلوس هەر لەفەتحکردنی ئیسلامیەوە بەدستیەوە دەیناڵاند.

دوای ئەوە ڕووداوەکان بەخێرایی‌و سەرنجڕاکێشەوە هاتن‌و دەوڵەتی ئومەویەکان لە ئەندەلوس بەچەندبارێکی گەردەلولی دا تێدەپەڕی‌و ململانێی خوێناوی نێوان ڕەگەزەکانی بنەماڵەی فەرمانڕەوای هەڵگرتبوو و چەند خەلیفەیەك پایەی خیلافەتیان گرتەدەست کەکەسیان لەئاست ڕووداوەکاندا نەبوون.

ئەوکات قورتوبە بەشانۆیەکی پشێوی‌و ئاماجی هەموو کەسێك بوو کەچاوی لەدەسەڵات بوایە، مەهدی لە(مانگی زیلحەجەی ساڵی ٤٠٠ك/مانگی تەمووزی ساڵی ١٠١٠ز)دا لەسەر دەستی هیشام موئەید کوژرا[2]، دانیشتوانی قورتوبە لەسەر ئەوە ڕێککەوتن بەیعەتی بۆ نوێ بکەنەوە بەڵکو لەدەستدرێژی‌و هەڕەشەی بەربەرەکان بیانپارێزێت کە بەیعەتیان بەسولەیمانی کوڕی حەکەمی کوڕی سولەیمانی کوڕی ناسردا بوو و نازناوی موستەعینی وەرگرتبوو[3].

موستەعین بەیارمەتی بەربەرەکان توانی لە(مانگی شەوالی ساڵی ٤٠٣ك/مانگی ئایاری ساڵی ١٠١٣)دا دەستبەسەر قورتوبەدا بگرێت‌و خەلیفە هیشام موئەیەدی کوشت‌و دوای ئەوە نازناوی(زافیربیعەو ولیللاه)ی وەرگرت‌و شاری زەهرادا سەقامگیربوو، پاشان لەسەردەستی حەمودیەکان کوژرا، حەموودیەکان لەوەچەی ئەداریسەکان بوون، لەداوی ئەوەی لە(مانگی موحەڕەمی ٤٠٧ك/مانگی تەمووزی ١٠١٦ز)دا دەستیان بەسەر قورتوبەداگرت‌و عەلی کوڕی حەموود لەژێر ناوی ناسردا پایەی خیلافەتی گرتەدەست[4].

---

[1] هەمان ئەو دوو سەرچاوە: ص٤٧، ص١٠٩.

[2] الحميدي: ص٤٩.

[3] ابن الخطيب: ص١١٤، ابن خلدون: ج٤ ص١٥٠.

[4] ابن خلدون: ج٤ ص١٥٣.

حەموودیەکانو ئومەویەکان ئالۆگۆڕی پایەی خیلافەتیان کرد تاهەردوو بنەماڵە کەلەشانۆی ژیانی سیاسیدا نەمانو بنەماڵەی حەموودی بەمردنی خەلیفە موستەعلی لەساڵی(٤٥٠ك/١٠٥١ز)دا هەڵوەشایەوە قورتوبیەکان لەدوای لابردنی هیشامی سێیەم کوڕی موحەممەدی کوڕی عەبدولمەلیك لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ٤٢٢ك/مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٠٣١ز)دا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خیلافەتی ئومەویو ڕزگاربوون لە ئومەویەکانیان دا و لەبازاڕو کۆڵانەکاندا بانگەوازکرا تایەك کەس لەئومەویەکان لە قورتوبەدا نەمێنێتو کەیش نەیانگرێتەخۆ، ئەبولحەزمی کوڕی جەهوور دوورخستنەوەی ئومەویەکانی گرتەئەستۆ[1].

بەوەیش دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی ئەندەلوس کۆتایی پێهاتو سەرۆك خێڵەکانو سەرکردە سەرسنوریەکان فەرمانڕەوایی وولاتیان دەکردو وولات بۆ چەند دەوڵەتۆکەیەکی بچووکی ناکۆك دابەشبوو، سەسلەئەنجامی ئەوەشدا سەردەمێکی نوێ دەستپێکرد کە سەردەمی دەوڵەتانی تاقمەکان بوو.

---

[1] ابن عذاري: ج٣ ص١٥١، ابن الخطيب: ص١٣٩، الضبي: أحمد بن القاضي المكناسي: بغية الملتمس في تأريخ رجال الأندلس: ص٣٦.

## سەردەمی دەوڵەتانی تاقمەکان(٤٢٢-٨٩٧ك/١٠٣١-١٠٨٦ز)

### قۆناغی پاشایانی تاقمەکان(٤٢٢-٨٧٩ك/١٠٣١-١٠٨٦ز):

لەدوای ئاوابوونی خیلافەتی ئومەوی، ئەندەلوس بۆ چەند دەستەیەکی جیا دابەشبوو کەدکرێت بۆئەم سیانە ڕیزبەندی بکرێت:

**یەکەم:** دەستەو تاقمی خەڵکی ئەندەلوس لەو دانیشتوانانەی وڵات کەتیایدا سەقامگیربوونو لەنێوەندی ئەندەلوسیدا هاوسەرگیریان دەکردو خزمایەتیان دروستدەکردو بەچاوپۆشی لەبنەڕەتی عەرەبی یان مەغریبی یان سەقلەبی یان ئیسپانی مەسیحیان وەك ئەندەلوسی ئەژماردەکران، ئەوانە داروودەستەی(جەماعە) کۆمەڵ ناسراوبوونو ناودارترین سەرکردەکانیان بەنو عوبادی لەخیەکانی ئیشبیلیەو بەنو هود جوزامیەکانی سەرسنورەکانی سەرەوەو سەرەقوستەو بەنو سەمادیح یان بەنو تەجیب لەمریەو بەنو بەرزال لەقرمونەو عامریەکان لەبلنسەبوون.

**دووەم:** دەستەو تاقمی ئەو مەغریبی یان بەربەرانەی کەبە تازەیی بەوەفد دەچوونە ئەندەلوس بەتایبەت سەنهاجیەکان کەلەڕۆژانی مەنسوری عامری لە ئەندەلوس نیشتەجێ بووبوون، لەسەرکردەکانی ئەمانە بریتیبوون لە بەنو زیری لەغەرناتەو بەنو حەموودی ئەداریسە کە پێشتر باسمان کردن.

**سێیەم:** دەستەو تاقمی گەورە سەقلەبیەکان کەلە ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس سەقامگیربوون، لەوانە ناوی موجاهیدی عامری دێنین کەلە دانیە سەقامگیربوو، دواتر دەستی بەسەر دوورگەکانی ڕۆژهەڵاتدا(بلیار) گرتو هێرشی بردە سەر دوورگەی سەردینیاو کەناراوەکانی ئیتالیاو کەشتیگەلەکانی دەستیان بەسەر ڕۆژئاوای حەوزی دەریای سپی ناوەڕاستداگرت.

هەردەستەیەك لەوانە بەبەربەستو دیوارێکی ڕۆحی چواردەوری خۆی بدات تاشەریعەتی لێوەربگرێت، ئەمەش بەدامەزراندنی خەلیفەیەك لەناوچەکەی خۆیدا، جا بەنو عەباد کەبەهێزترین پاشایانی دەستەی یەکەم بوون کەسێکی هاوشێوەی خەلیفە هیشام موئەیدی ئومەویان هەڵبژارد کەبە خەلفوحوسەری ناسرابوو لەدوای ئەوەی گومانیان لەمردنی هیشام هەبوو بۆیە ئەمیان وەك خەلیفە دانا[1]، بەنو حەموودیش خیلافەتێکی لەعەلەویان دامەزراندو بنەڕەتی خۆیان بردەوسەر تالیبی، سەقلەبیەکانیش خەلیفەیەکی قورەیشیان دانا کەلەناو داروخانەدانانی قورتوبەبوو دەدرایەوە پاڵ ئومەویەکانو فیقهناس ئەبو عەبدوڵای کوڕی وەلیدی موعینی بوو نازناوی موستەنسیر بیلایان لێنا،

---

[1] ابن عذاري: ج٣ ص١٩٩-٢٠٠، ابن الخطيب: ص١٥٤.

لەو بنەمالأنەدا یەکێك نەبوو شیاوی گرنگپێدان بێتو شیاوی وەستانێکی خێرابێت جگەلە بەنی عەبباد کەبەرپرسانی ئیشبیلیەبوون.

دادوەر موحەمەدی کوڕی عەبباد توانی لەبەردەم چاوچنۆکی حەموودیەکاندا بەرگری لەسەربەخۆیی میرنشینەکەی بکاتو دوای زاڵبوون بەسەر چەند سەرکردەیەکی بچووکی دراوسێدا بەتایبەت لەرۆژئاوە وەك باجە، دەسەڵاتێك بۆ نەوەکانی بەجێبهێڵێت، لەساڵی(٤٣٣ك/١٠٤٢ز)دا عەببادی کوڕی شوێنی گرتەوە، لەکاتێکدا موحەمەد سووربوو لەسەرئەوەی لەرێگەی دانپێدانانی ئومەوی لەسەر دەستی هیشام موئەید کەگومان لەمەرگیدا هەبوو سیفەتی شەرعی بەدەسەڵاتەکەی بدات، عەببادی کوڕی لەسەر رێڕەوی خەلیفەکان نازناوی(موعتەزید بیللاە)ی لەخۆی نا.

لەڕاستیدا ئەو بەشێوەیەکی ژیرانە دوژمنەکانی خۆی لەناوبرد لەسەردەمی ئەودا ئیشبیلیە گەیشتە پلەیەکی باڵای بەهێزی، لەگەڵ ئەوەشدا ناچاربوو لەساڵی(٤٥٥ك/١٠٦٣ز)دا سەرانە بەفردیناندی یەکەمی پاشای قشتاڵەبدات.

لە(٢ی جەمادیلئاخری ساڵی ٤٦١ك/٢٩ی ئازاری ساڵی ١٠٦٩ز)دا موعتەزید مردو دەولەتێکی نیمچە فراوانی بۆ موحەمەدی کوڕی بەجێهێشت کەلەدوای ئەو هات تائەوەی خەریکبوو بەشی باشووری رۆژئاوای ئەندەلوسی دەگرتەوە.

موحەمەد چەند نازناوێکی هەبوو لەوانە(زاهیر، موئەیدبیللاە، موعتەمەد عەلەللاە) ئەمەی کۆتایان ئەو نازناوەبوو کەپێی ناسرابوو، توانی قورتوبە بداتە پاڵ میرنشینەکەی شانشینە مەسیحیەکانی باکوور خراپی باروودۆخی ئەندەلوسیان بۆ وەشاندنی گورز لە موسڵمانانو دەرکردنیان لەئیسپانیا قۆستەوەو هەستی دوژمنکارانەیان بۆ ئیسلام بۆ ئەمەهانیدان ئەم جەنگە بەپاڵنەری ئایین دەستپێکدرو لەچەند قۆناغێکدا مۆرکی دەمارگیری ڕەگەزایەتی لەخۆگرت کەبەجەنگی گێڕانەوە(إسترداد) ناونرا، ئەوەی چاوی بۆ بگێڕیت ئەوەیەکە موسڵمانان کەلەئەنجامی گورزەکانی مەسیحیەکاندا نارەحەتیان چەشت گرنگییان بەڕووداوەکانی دەورروبەریان نەدەداو لەناو ململانێی خۆیاندا نغرۆببووبوونو لەگەڵ یەکتردا دەجەنگانو لەگەڵ ئەو دوژمنانەی ئیسلامدا دژەبە یەکتری هاوپەیمانیان دەبەستو بەرامبەر بتنی دەسەڵاتیان سەرانەیان پێدەدان.

جەنگی گێڕانەوە لەسەر دەستی ئەلفۆنسۆی شەشەمی کوڕی فردیناندی یەکەمی پاشای قشتاڵی خواستی گێڕانەوەی هەموو نیمچەدوورگەی ئیبریەی هەبوو چالاکبوو، ئەولە(کۆتاییەکانی مانگی موحەڕەمی ساڵی ٤٧٨ك/٢٥ی ئایاری ساڵی ١٠٨٥ز)دا طلیطلەی داگیرکردو موسڵمانانی تێدا

دەچەوساندەوە[1]، موسڵمانان یەکێك لە گرنگترین قەڵاکانی ئیسپانیایان لەدەستداو لەباری لەدەستدانی تەواودابوونو هەندێکیان لەناوچەکانی سەرسنوری دەسەڵاتی ئەلفۆنسۆی شەشەمدا دەکشانەوە.

ڕووخانی طلیطلە لەهەموو بەشەکانی جیهانی مەسیحی ڕۆژئاواییدا دەنگۆیەکی گەورەی نایەوەو هەستی گوڕوتینی ڕاپەڕاند تا موسڵمانان لەئیسپانیا دەربکەن، لەبەرەی ئیسلامیشدا لەدەستدانی ئەو شارە هەموو موسڵمانانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای هەژاندو بیریان لەوەدەکردەوە بەچ هۆکارێکی کارا مەترسی مەسیحی لەلایەك لەناوبەنو لەلایەکی تریشەوە چییان لەدەستداوە بیگێڕنەوە، پاشای قشتالەیش هەستی بەوەدەکردهێندە توانای هەیە کەبتوانێت هەڕەشە لەهەموو دەوڵەتانی دەستەوتاقمەکان بکاتو لەناویان ببات، بۆیە شاڵاوی بۆسەر هەموو وڵات دەستپێکردو توانی دەستبەسەر شارو گوندەکانی نێوان وادیلتیجارە بۆ طلبیرەو فەحسوللوجەجو ناوچەکانی سنتمریەدا بگرێت[2].

پاشان فشاری لەسەر دەوڵەتۆکە دراوسێکان بەتایبەت شانشینی بەتیلوسو ئیشبیلیە داناو تادوورگەی نەریف لەوپەڕی باشووری ئەندەلوس ڕۆچوو، لەوێوە نامەیەکی هەڕەشەئامێزی بۆ یوسفی کوڕی تاشفینی سەرکردەی موڕابیتەکان لەمەغریب نارد[3]،لەئەنجامی ئەو هەڕەشەیەدا سەرکردەکانی ئەندەلوس کەبەشبەشبوون نەیانتوانی لەڕووی ئەلفۆنسۆی شەشەمدا بوەستنو پەنایان بۆلای مەڕابیتەکان لەمەغریب برد کەنزیکترین هێزێکی ئیسلامی بوون بتوانن مەترسی مەسیحیەکان لە موسڵمانانی ئەندەلوس دووربخەنەوە.

**قۆناغی دەسەڵاتداری مەغریبی( ٤٧٩-٦١٢ك/١٠٨٦-١٢١٥ز):**

- **شانشینە ئیسپانیەکان:** کاتێك مەڕابیتەکان لە ئەندەلوسەوە هاتن تافریای دەوڵەتانی دەستەوتاقمە ئیسلامیەکان بکەونو بەرپەرچی دەستدرێژیەکانی مەسیحیەکان بدەنەوە، شانشینە ئیسپانیە مەسیحیەکان سێ شانشین بوون:

١- شانشینی قشتالە کەگەورەترین ڕووبەری لەوانی تر هەبوو و داهاتی زیاتربوو بەهێزتربوو، ئەلفۆنسۆی شەشەمی پاشایان بەڕاگری شانشینە ئیسپانیە مەسیحیەکان دادەنرا.

٢- شانشینی ئەراگۆن.

---

[1] ابن الكردبوس: تأريخ الأندلس ص٨٥، الضبي: ص٣١.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٨٧.

[3] مؤلف مجهول: الحلل الموشية في ذكر الأخبار المراكشية: ص٢٦-٢٧.

٣- میرنشینی بەرشەلۆنە یان قەتەلۆنیا کەبچووکترین شانشین بوو.

شانشینی ناڤارا بۆماوەیەکی کاتی لەشانۆی ڕووداوەکاندا دیارنەما لەدوای ئەوەی هەریەك لە ئەلڤۆنسۆی شەشەمی پاشان لەقشتالەو سانشۆ رامیروی پاشای ئەراگۆن لەساڵی ١٠٧٦زدا زەویەکەیان دابەشکرد.

**●مورابیتەکان[1] لە ئەندەلوس:**

أ- **هەڵمەتی یەکەمی مورابیتەکان-جەنگی زەللاقە:** لەوکاتەی ئەلڤۆنسۆی شەشەم بەشارەکانی ئەندەلوسدا دەگەڕاو لاوازی پاشایانی تاقمە موسڵمانەکانی دەقۆستەوە، موعتەمەدی کوڕی عەبباس هەستیکرد مەترسیەکە ڕاستەوخۆ هەڕەشەی لێدەکات، بۆیە لەگەڵ بەرپرسی بەتلیوس و بەرپرسی غەرناتەدا کەنزیکترین دراوسێی بوون ڕێککەوتن تادەستەیەك بنێرن بۆلای یوسفی کوڕی تاشفین لەمەغریب و داوای لێبکەن بەپەلە یارمەتیان بدات.

سەرکردەی مورابیتی ڕازیبوو یارمەتی پێشکەش بکات و مەرجی دانا دوورگەی خەزرائی پێبدرێت تامەڵبەندی دەرچوونی سوپاکانی بێت، لەڕاستیدا ئەو سووربوو لەسەرئەوەی هەندێك سەرسنوری ئەندەلوس بگرێتە دەست تادەست بەسەر گەرووی جەبەل تاریقدا بگرێت و زامنی ئازادی تێپەڕبوون و هاتن و چوون بۆ ئەندەلوس بکات، موعتەمەد ناچاربوو داواکەی جێبەجێبکات و فرمانی بەڕازی کوڕی کرد تاچۆڵی بکات[2].

یوسفی کوڕی تاشفین بەسوپاکانیەوە لەگەرووی جەبەل تاریق پەڕیەوەو لەدوورگەی خەزرا دابەزی و کاروباری ئەوێی ڕێکخست و قایموقۆڵی کرد، پاشان بەئاراستەی ئیشبیلیە درێژەی بەپێشڕەوی خۆی دا، موعتەمەدو سەرکردە دراوسێکانیشی پێشوازی هاتنیان لێکرد[3].

ئەلڤۆنسۆی شەشەم لەوکاتەدا گەمارۆی شاری سەرەقوستەی دا[4]، کاتێك هەواڵی کشانی ئیسلامی بیست، گەمارۆی لەسەر لابردوبەپەلە بەرەو سوپای موسڵمانانی مەغریبی و ئەندەلوسیەکان چوو و لەدەشتی زەللاقە لەباکووری ڕۆژهەڵاتی بەتلیوسدا پێیان گەیشتن، لەوێ لە(مانگی ڕەجەبی ساڵی ٤٧٩ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٠٨٦ز)دا جەنگێکی سەخت لەنێوانیاندا ڕوویداو

---

[1] دکتۆر عەلی مەحمود سەلابی کتێبێکی بەبایەخی لەسەر مورابیتەکان و شکۆداری جیهادی و زانستیان هەیە. وەرگێڕ.

[2] ابن الخطیب: ص٢٨٢، ابن خلدون: ج٦ ص١٨٦.

[3] ابن الأبار القضاعي: الحلة السیراء ص٣٥٢، مؤلف مجهول: العلل ص٣٤.

[4] ابن الکردبوس: ص٩١، السلاوي: الأستقصا الأخبار دول المغرب الأقصی: ج١ ص١١١، ابن أبي زرع: الأنیس المطرب ص٩٣.

تیایدا ئەلفۆنسۆی شەشەم توشی شکستێکی شەرماوەر بوو و لەجەنگەکەدا بریندارببوو و ناچاربووبە ئاراستەی باکووری پاشکشەبکاتو هەرێمی بلنسە چۆڵ بکات[1].

لەراستیدا سەرکەوتنی موسڵمانان لەزەلـلاقە جیهانی ئیسلامی لە ئەندەلوس لەڕووخان بەدەستی مەسیحیەکان ڕزگارکردو جێپێی مورابیتەکانی لەوێ چەسپاند.

یوسفی کوڕی بەبێ ئەوەی بەرهەمی سەرکەتنەکەی کۆبکاتەوە گەڕایەوە بۆ مەغریبو وەسیەتی بۆ سەرکردەکانی وولات کردتا دژبە دوژمنی هاوبەشیان کەدووبەرەکییان دەقۆزێتەوە تەباو یەکگرتووین، سێ هەزار سەربازی سەنگەرنشینیشی بۆ بەجێهێشتن تا بەسەرکردایەتی سەیری کوڕی ئەبو بەکر بەرگری لەسەرسنورەکانی ئەندەلوس بکەن[2].

مردنی ئەبو بەکری کوڕی کەلەسەر سەبتەدا دانابوو تا جێگیری بێت، وێرای پشێوی بارووودۆخەکانی سەرسنورە ڕۆژهەڵاتیەکانی کەبەنوحەمادە سەنهاجیەکان لەگەڵ عەرەبی بەنوهیلالـدا هاوپەیمانییان بەستو هەوڵیاندا هێرش بەنەسەر ناوچە سنوریەکان، ئەمە لەپشت ئەو گەڕانەوەیدا بوو.

ب- **هەڵمەتی دووەمی مورابیتەکان: جەنگی( حصن الـیط )**: ئەندەلوسیەکان لەدوای چوونەوەی یوسفی کوڕی تاشفین گەڕانەوە بۆژیانی جارانیانو لەنێوان خۆیاندا ناکۆکییان تێکەوتو فشاریان خستەسەر ئەو هێزە مەغریبیەی لە ئەندەلوس مابوویەوە تا وولات بەجێبهێڵت.

ئیسپانیەکان دوای ساڵێك بەهۆی هاتنی ئەو فریاگوزاریانەی فەڕەنسا پەڕیەوە بۆیان دەهاتن دەرەنجامەکانی شکستەکەیان لەزەلـلاقەدا تێپەڕاندو دەستیان بەچالاکیە سەربازیەکانیان کردەوەو ئەو ناوچانەیان هەڵبژارد کەلەڕۆژهەڵاتی ئەندەلوسدابوونو زیاتر لاوازبوون کەبریتیبوون لە: بلنسیەو مرسیەو لورقەو مریە[3]. هێزی مورابیتەکان نەیتوانی ڕێیان لێبگرێت یان لەڕوویاندا بوەستێت.

لەبەر مەترسی بارەکە موعتەمەد بڕیاریدا خۆی بچێت بۆ مەغریب تاداوای یارمەتی لەیوسفی کوڕی تاشفین بکات سەرکردەی مەغریبیش ڕازی بوو بۆجاری دووەم بپەڕێتەوە بۆ ئەندەلوس تالەدەست چنگۆڵی مەترسی مەسیحیو دەستگرتن بەسەر پاشایان تاقمەکاندا ڕزگاری بکات بۆیە

---

[1] ابن الكردبوس: ص٩٣-٩٤، مؤلف مجهول: الحلل ص٣٥، السلاوي: ج١ ص١١٧، ابن خلدون: ج٦ ص١٨٦-١٨٧.

[2] ابن الأبار: ص٣٥٦، الحميدي: الروفض المعطار في أخبار الأقطار- صفة الجزيرة الأندلس ص٩٥، ابن خلدون: ج٧ ص١٢٢.

[3] ابن الكردبوس: ص٩٦، ابن خلدون: ج٦ ص١٨٦-١٨٧.

لەساڵی(٤٨١ك/١٠٨٨ز)دا لەگەروو پەرپەوەو خەڵکی ئەندەلوسی بۆ جیهاد هاندا موسڵمانان هێرشیان بردە سەر قەڵای لەیت کە ئەلڤۆنسۆی شەشەم لەنێوان مەرسیەو لورقەو لەدوای جەنگی زەللاقە دایمەزراند بەڵام نوێ بوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوان ئەندەلوسیەکانو بەتایبەت نێوان موعتەمەدی بەرپرسی ئیشبیلیەو مەتەصەمی بەرپرسی مەرسیە نەیهێشت فەتح بکرێت یوسفی کوڕی تاشفین تەواو بەدەست ئەو ناکۆکیانەوە دەیناڵاندو متمانەی بە ئەندەلوسیەکان نەماو لەساڵی(٤٨٢ك/١٠٨٩ز)دا گەڕایەوە بۆ مەغریبو کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ پاکتاوکردنی سەرکردە ئەندەلوسیەکان تا ئەندەلوس بداتە پاڵ مەغریب.

ج- **هەڵمەتی سێیەمی موڕابیتەکان: دانە پاڵی ئەندەلوس بۆ پاڵ مەغریب:** یوسفی کوڕی تاشفین لەساڵی(٤٨٣ك/١٠٩٠ز)دا بەبێ داوای یارمەتی بۆجاری سێیەم لەگەروو پەڕیەوەو ڕاستەوخۆ چووبۆ طلیطلەو زەوی قشتالەی بڕی بەڵام نەیتوانی بیگرێت، هیچ سەرکردەیەکی ئەندەلوسیش هەنگاوی بۆ یارمەتیدانی نەنا[1] پاشان ڕوویکردە غەرناتە کەئەمیر عەبدوڵای کوڕی بەلکینی کوڕی بادیسی کوڕی زیری سەنهاجی تێدابوو، پاش گەمارۆیەك چوویە مەڵبەندەکەی[2]و مالقەیشی دایە پاڵ خۆی[3] و موعتەمەدی کوڕی عەبباد لەڕوویدا وەستا، ئەوکات یوسفی کوڕی تاشفین ئەوەی بێ باشتربوو داوا لەسەرکردەکانی بکات تا هەموو ئەندەلوس بدەنە پاڵ دەسەڵاتەکەی لەکاتێکدا خۆی چاودێری باری سەربازیەکەی لەمەغریبەوە دەرکرد، لەسەر ئەم بنەڕەتەش هەموو کاروبارە سیایو سەربازیەکانی دایەدەست سەیری کوڕی ئەبو بەکری کوڕیو دواوی لێکرد ئیشبیلیەو بەتلیوس بگرێت سێ سەرکردەی تریشی ڕاسپارد تا قورتوبەو مەرسیەو ڕووندە بگرن، پاشان گەڕایەوە بۆ مەغریبو لەسەبتە سەقامگیربوو تا چاودێری ئەنجامەکانی کارەکانی ئەو سەرکردانە بکات[4].

چوار سەرکردەکە توانیان چەند دەستکەوتێکی گرنگ بەدەستبهێنن کلەبەرژەوەندی موڕابیتەکاندا جا قورتوبە لە(مانگی سەفەری ساڵی ٤٨٤ك/مانگی ئازاری ساڵی ١٠٩١ز)دا کەوتە

---

[1] ابن ابي زرع: ص٩٩، السلاوي: ج١ ص١٢٠.

[2] ابن الكردبوس: ص١٠٥.

[3] السلاوي: ج١ ص١٢٠.

[4] ابن ابي زرع: ص١٠٠.

دەست ئەبو عەبدولاّی کوڕی موحەمەد حاج و فەیتحی کوڕی موعتەمەدی فەرمانڕەوای کوژرا[1] هەروەك موڕابیتەکان دەستیان بەسەر(کور)ی قورتوبەدا گرتو بەرەو زۆربەی قەلاّکانی موعتەمەد چوو و دوای ئەوە بۆ دارِنینی ئیشبیلیە لەدەستیان دەستی بەتالّبوو.

لەبەرامبەر ئەو گۆڕانە سیاسیو سەربازیانەدا موعتەمەد خۆی لەبارێکی سەختو نالەباردا بینیەوە بۆیە پەنای برد بۆلای ئەلفۆنسۆی شەشەم کەتەنها هیوای مانەوەی لەدەسەلاّتدا بوو. لەڕاستیدا سەرکردەی قشتالّی ئەوەی بەدەرفەت زانی تا تۆلّە لەموڕابیتەکان بکاتەوە. بەلاّم ئەو یارمەتیە سەربازیەی ناردی بۆ مەیدانی جەنگەکە لەجەنگێکدا لەنزیك قەلاّی(المدور) توشی شکستێکی سەخت بوو[2] هیواکانی موعتەمەد بەپشت بەستن بەیارمەتی مەسیحی دارِمانو ئەوکات بڕیاریدا لەگەلّ ئەوەی دلّنیابوو لەجەنگەکەدا شکست خواردو و زیانمەند دەبێت پشت بەخۆی ببەستێت لەوکاتە سەختەدا بەرەو ڕووی خورپەیەکی سیاسی ناوخۆیی بوویەوە کەخۆی لەشۆڕشی گشتی ناوخۆی ئیشبیلیەدا دەبینیەوە، شۆڕشگێڕان هەولّیاندا دەرگای شارەکە بۆ موڕابیتەکان بکەنەوە بەلاّم هەولّەکە سەرینەگرت، بەلاّم موڕابیتەکان لە(٢٢ی ڕجەبی سالّی ٤٨٤ك/١٣ی ئەیلولی سالّی ١٠٩١ز)دا بچنە ناو شارەکەو موعتەمەدی کوڕی عەبباد خۆیدا بەدەستیانەوە[3].

بەجۆرە دەولّەتەکەی ابن عەبباد ڕووخاو کەوتەژێردەسەلاّتی موڕابیتەکانو ئەوانیش ابن عەبادیان برد بۆ مەغریبو یوسفی کوڕی تاشفین لە(ئەغمات) بەندی کرد[4]، لەدوای ڕووخانی ئیشبیلیە کەبەهێزترینی دەولّەتانی تاقمەکان بوو، بۆ موڕابیتەکان سەخت نەبوو بەشەکانی تری ئەندەلوسیش بدەنە پالّ ناوچەی خۆیان و تەنها موستەعینی کوڕی ئەحمەدی کوڕی هودی بەرپرسی سەرەقوستە کەبەوە ناسراوە چۆن ڕەزامەندی موڕابیتەکانی بەدەستخست بەسەربەستی مایەوە، لەڕاستیدا میرنشینەکەی وەك دڕکی ژێرپێی مەسیحیە باکووریەکان بوو، یوسفی کوڕی تاشفین هەستی بە گرنگی سیاسی ئەو میرنشینە وەك هێلّی بەردەمی مەسیحیەکانو پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز بۆ وەستان لەڕوویاندا کردبوو، بۆیە سەرەقوستە تاکە میرنشین بوو کەموڕابیتەکان نەیاندابوویە پالّ خۆیان.

---

[1] ابن ابي زرع: ص١٠٠، المراكشي: ص١٣٩-١٤٠، السيلاوي: ج١ ص١٢٠، الضبي: ص٣٢، ابن خلدون: ج٢ ص١٨٧.

[2] ابن ابي زرع: ج١ ص١٠١، ابن الأثير: ج٨ ص١٥٥.

[3] ابن الأثير: ج٨ ص٣٣٩-٣٤٢.

[4] المراكشي: ص١٤٥، ابن ابي زرع: ص١٠١، الضبي: ص٣٢، ابن خلكان: ج٧ ص١٢٣.

یوسفی کوڕی تاشفین لەساڵی(٤٩٦ك/١١٠٢ز)دا پەڕیەوە بۆ ئەندەلوس تاکاروباری کارگێڕی ئەوێ ڕێکبخات، ئەو دوو وڵاتە مەغریبو ئەندەلوس یەك دەوڵەتیان پێکدەهێنا کەپایتەختەکەی شاری مەراکیش بوو کە یوسفی کوڕی تاشفین بنیادی نابوو.

یوسفی کوڕی تاشفین لە(مانگی موحەرەمی ساڵی ٥٠٠ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ١١٠٦ز)دا کۆچی دوایی کردو بەهێزترین دەوڵەتێکی بۆ ئەبولحەسەن عەلی کوڕی بەجێهێشت کەڕۆژئاوای ئیسلامی تائەوکات بەخۆیەوە دیبێت[1].

د- **کۆتایی موڕابیتەکان لە ئەندەلوس:** ڕێکخستنی ناوخۆیی دەوڵەتی بەرفراوانی موڕابیتەکان ناجێگیربوو لەپشێویو بارگرژی دەچوو، عەلی خۆی بۆ باسوخواسە ئایینیەکان یەکلاکردبوویەوەو لەسەردەمەکەیدا زانایان قەڵەمڕەوێکی فراوانیان هەبوو، ئەوان بەرامبەر بەو مەسیحیە هاوبەڵێنانەی کە مەترسیەکی ڕاستیان بۆسەر دەوڵەت پێکدەهێنا توندبوون، مەسیحیەکان بۆدەرفەت دەگەڕان تا پەیوەندی بەئیسپانەکانەوە بکەنو لەگەڵیاندا ڕێکبکەون بۆ جەنگان لەگەڵ موسڵمانانداو پێشوازی ئەو شاڵاوە دووبارەبوانەیان دەکرد کەسەرکردەکانی باکوور بەرپایان دەکردنو لەئەنجامدا طلیطلەو سەرەقوستە کەوتنەدەستیان.

ئەو سەرکەوتنانە پاڵنەرێکی بەهێزبوون کەمەسیحیەکانیان هاندا تا درێژە بەجەنگی گەڕاندنەوەیان بدەنو بەرەبەرە ئامانجەکانیان بەدیبهێنن، لەکاتێکدا موسڵمانان سەرقاڵی چەند ناکۆکیەکی ناوخۆیی بوونو چی بنکە بەرزەکانی سەر سنورەکان مابوون لەدەستیان دەدان.

بەرەبەرە شانوشکۆی موڕابیتەکان کوژایەوەو ئەو جەماوەریبوونەی لەنێوەندە گشتیەکاندا هەیانبوو لەدەستیانداو سەرلەنوێ ئەندەلوس بۆ چەند دەوڵەتۆکەیەکی دەستەبی ناکۆك دابەشبوو کەنەیاندەتوانی بەرەنگاری مەترسی زیادبوونی ئیسپانی ببنەوە.

موەحیدەکان بەسەرکردایەتی عەبدولموئمینی کوڕی عەلی لەدوای لەناوبردنی دەوڵەتی موڕابیتەکان لەمەغریب دەسەڵاتی موڕابیتەکانیان بەمیراتگرو گرنگی خۆیان بە ئەندەلوس دا کەشۆڕشەکان ئەو وڵاتەیان داگرتبوو.

**موەحیدەکان لە ئەندەلوس:**

شۆڕشگێڕان لەشارەجیاوازەکانەوە پەیوەندیان بەموەحیدەکانەوە کردو بانگیانکردن تابێنە ناو ئەندەلوس، خەلیفە عەبدولموئمینی موەحیدیش سوپایەکی ناردو دەستی بەسەر ڕۆژئاوای وڵاتدا

[1] مؤلف مجهول: ص٦٠، ابن أبي زرع: ص١٠١، ابن خلكان: ج٧ ص١٢٣.

گرتو لە(مانگی شەعبانی ساڵی ٥٤١ك/مانگی كانونی دووەمی ساڵی ١١٤٧ز)دا ئیشبیلیەی لێ دارنینو لە(مانگی شەعبانی ساڵی ٥٤٣ك/مانگی كانونی یەكەمی ساڵی ١١٤٨ز)دا قورتوبەو لەساڵی(٥٤٧ك/١١٥٢ز) جیانو مەلاقیەی گرت، ماوەی حەوت ساڵ غەرناتە خۆی گرت تائەوەی لەساڵی(٥٥١ك/١١٥٦ز)دا خۆی بەدەستەوە دا، هەروەك توانی كشانی قشتاڵی لەقورتوبە بوەستێنێت[1].

لە(٢٠ی جەمادولئاخیری ساڵی ٥٥٨ك/٢٥ی ئایاری ساڵی ١١٦٣ز)دا خەلیفە عەبدولمونمین كۆچی دوایی كردو ئەوبو یەعقوب یوسفی كوری شوێنی گرتەوە[2] كە ملكەچكردنی ئەندەلوسی تەواوكردو لەكاتی گەمارۆدانی شنترین لەجەنگێكی دژبە ئەمیر سانشۆی پرتوگالی لە(مانگی رەجەبی ساڵی ٥٨٠ك/مانگی تشرینی یەكەمی ساڵی ١١٨٤ز)دا كوژراو یەعقوبی كوری شوێنی گرتەوە كەنازناوی مەنسوری هەبوو[3].

پرتوگالیەكان سەركەوتنیان لەشنترین دا قۆستەوەو هێرشیان بردە سەر رۆژئاوای ئەندەلوس، خلیفە ناچاربوو لە(مانگی رەبیعولئەوەلی ساڵی ٥٨٥ك/مانگی نیسانی ساڵی ١١٨٩ز)دا بپەرێتەوە بۆ ئەندەلوس و چوو بۆ شنترینو ئیشبۆنە تا تۆڵەی باوكی بكاتەوەو ناوچەكەی بریو زۆرێك لەشارو گوندەكانی ئەوێی وێرانكردو دواتر گەڕایەوە بۆ مەغریب[4]، پاشان جارێكی تر پەڕیەوەو لە(مانگی شەعبانی ساڵی ٥٩١ك/مانگی تەموزی ساڵی ١١٩٥ز) لەقەڵای ئەرك بەسەر سوپای قشتاڵی بەسەركردایەتی ئەلفۆنسۆی هەشتەمدا سەركەوت[5]، لەساڵی(٥٩٣ك/١١٩٧ز) دا هێرشی بردە سەر خاكی قشتاڵەو رۆچوویە ناویو گوندەكانی كاول دەكردو كێڵگەكانی بۆ ترساندنی دوژمن دەسوتاندو گەمارۆی طلیطلەی داو دواتر گەڕایەوە بۆ قورتوبەو لەوێشەوە بۆ ئیشبیلیە[6].

یەعقوب كاروباری وولاتی رێكخستو والیەكانی دەستنیشانكردو سەرسنورەكانی بنكەكانی توندوتۆڵكردو سەرباگەو پارێزەری تێدا دانان، پاشان قشتالە هاتن بۆلایو داوای ئاگربەستیان لێكرد، ئەویش بەپێی مەرجەكانی بەپێی شەریعەتی ئیسلام بەداواكاریەكەیان رازیبوو وبریاری دەساڵ

---

[1] ابن خلدون: ج٦ ص٢٣٣-٢٣٤.
[2] ابن أبي زرع: ص٢٤٦، ابن الأثير: ج٩ ص٢٩٩.
[3] ابن خلدون: ج٦ ص٢٤٢-٢٤٣.
[4] ابن أبي زرع: ص٢٦٧.
[5] ابن خلدون: ج٦ ص٢٤٢.
[6] هەمان سەرچاوە: ج٦ ص٢٤٥.

ئاگربەستی دا[1]. پاشان لە(مانگی جەمادولئولای سالّی ٥٩٤ك/مانگی ئازاری سالّی ١١٩٨ز)دا ئیشبیلیەی بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ کەڕاکیشو بۆ سالّی دواتر کۆچی دوایی کردو موحەممەد ناسری کوڕی شوێنی گرتەوە[2].

دەولّەتی موەحیدەکان کەکاروبار لە ئەندەلوسو ئەفریقیا تاسنوری مصر لەژێردەستیدابوو، لەژێر سایەی چەند فەرمانڕەوایەکی لاوازدا توشی لێك هەلّوەشان بوو، موحەممەد ناسر هەرکە خیلافەتی گرتەدەست یەکسەر شۆڕشی توشبوو بەتایبەت لەئەفریقیا لەگەلّ ئەوەی توانی لەناویان ببات، بەلاّم ئەیتوانی لەڕووی مەسیحیەکاندا لە ئەندەلوسدا بوەستێتو سەرکەوێت.

ئەلفۆنسۆی هەشتەم پاشای قشتالّە لە(مانگی سەفەری سالّی ٦٠٩ك/مانگی تەمووزی سالّی ١٢١٢ز) دا بۆ تۆلّە سەندنەوەی ئەو شکستەی لەئەرك توشی بووبوو و خەلیفە مەنسورو پێشتر خاکەکەی بڕیبوو و کوشتوبڕی خۆی تێداکردبوو هێرشێکی بۆسەر زەویە ئیسلامیەکان بەرپاکردو لای قەلاّی(العقاب) شکستێکی خراپی تووشی هێزەکانی خەلیفە کردو موسلّمانان زیانگەلێکی تەواو گەورەیان لێکەوت[3]، ئەنجامەکانیشی بۆ ئەندەلوس یەکلابوون چونکە ئەندەلوس بەش بەشبوو تائەوەی بەرەبەرە دەکەوتەدەست ئیسپانەکان.

موحەممەد ناسر لەدوای جەنگەکە گەڕایەوە بۆ ئیشبیلیەو دواتر پەڕیەوە بۆ مەراکیشو لە(مانگی شەعبانی سالّی ٦١٠ك/ مانگی کانونی دووەمی سالّی ١٢١٤ز)[4] دا بەغەمباری بەهۆی ئەو جەنگەوە کۆچی دوایی کرد، ئەلفۆنسۆی هەشتەمیش سەرکەوتنەکەی قۆستەوەو دەستی بەسەر قەلاّنزیکەکاندا گرت.

یوسف موستەنسیربیللاە شوێنی باوکی گرتەوە، ئەوکات تەمەنی شانزە سالّ بوو[5]، کاروباری ئەندەلوسی ڕێکخستو والی لەسەردانا، بەلاّم چەرمەسەریەکان لەدوای جەنگی(العقاب) یەك لەدوای یەك تووشی ئەو وولاّتە بوون ئەمەش لەژێر سایەی ملکەچی سەرکردەکانی وولاّتو دەستەوسانیان لەبەرپەرچدانەوەی دەستدرێژیەکانی مەسیحیەکاندا، کۆشکی ئەبو دانس لەگرنگترین

---

[1] ابن خلدون: ج٦ ص٢٤٥، المراكشي: ص١٦٠.

[2] ابن الأثير: ج١٠ ص١٦١.

[3] ابن أبي زرع:ص٢٥٨.

[4] هەمان سەرچاوە: ص٢٦٣، مؤلف مجهول: ص١٢١.

[5] ابن خلدون: ج٦ ص٢٥٠.

ئەو شوێنانەبوو کەلەدوای جەنگێکی یەکلاکەرەوە کەلە(مانگی ڕەجەبی ساڵی ٦١٤ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٢١٧ز)دا ڕوویدا کەتەدەست ئیسپانەکان[1].

بەدوای ئەودا قاسرش لەباکووری مارده لەساڵی(٦٢٠ك/١٢٢٣ز)دا کەوتەدەست پاشای پرتوگالو خەلیفە موستەنسیریش لە(مانگی زیلحەجەی ساڵی ٦٢٠ك/مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٢٢٤ز)دا بەبێ هیچ میراتگرێك کۆچی دوایی کرد[2]و موحیدەکانیش بەیعەتیان بەموحەمەد عەبدولواحیدی کوڕی خەلیفە یوسفی مەنسور بەخشی[3]، بەڵام عەبدولڵای کوڕی یەعقوبی والی مرسیە لەسەر دەسەڵات ڕکەبەری لەگەڵداکردو خۆی وەك خەلیفە ڕاگەیاندو نازناوی عادلی لەخۆی نا، ئەمەیش لە(مانگی سەفەری ساڵی ٦٢١ك/مانگی ئازاری ساڵی ١٢٢٤ز)دابوو، والیەکانی ئەندەلوس کە برای بوون بەیعەتیان پێدا[4].

عادل ئەبو عەلاء ئیدریسی برای خۆی وەك والی لەسەر ئیشبیلیە دانا، بەپەلە ئەو والیە لەگوێڕایەڵی براکەی دەرچوو و بانگەوازی بۆخۆی کردو نازناوی مەئمونی لەخۆی نا، پاشان موەحیدەکان لەدژی عادل ڕاپەڕینو کوشتیانو لەشوێنیدا یەحیای کوڕی موحەمەدی ناسری برایان دانا، ئەمەش لەساڵی(٦٢٤ك/١٢٢٧ز)دابوو[5]، مەئمون پەنای بۆلای فردیناندی سێیەمی پاشای قشتالە بردو لەبەرامبەر پێدانی بڕێکی زۆر دارایی‌و دانی تایبەتمەندی بەمەسیحیەکان یارمەتی لێخواست، ئەویش بەهێزێ:ی سەربازی یارمەتی داو لەگەڵیدا بۆ مەغریب پەڕیەوەو لەگەڵ خەلیفە یەحیادا پێکیداداو شکاندی، پاشان لە(مانگی زیلحەجەی ساڵی ٦٢٩ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ١٢٣٢ز)دا مردو عەبدوڕەحمانی کوڕی شوێنی گرتەوەو نازناوی ڕەشیدی لەخۆی نا[6].

لەئەنجامی ئەو ململانێ ناوخۆییەی نێو ڕیزەکانی موەحیدەکان، دەسەڵاتیان لە ئەندەلوسدا داڕماو لەو ململانێیەدا سەرکردەیەکی ئەندەلوسی دەرکەوت کەئەویش موحەمەدی کوڕی یوسفی کوڕی هوود بوو لەنەوەی فەرمانڕەوایانی سەرەقوستەبوو، ئەو باری نالەبارو ناجێگیری قۆستەوەو هێرشی بردە سەر شاری مرسیەو لەئەبولعەباسی فەرمانڕەوای موەحیدی سەندو جیانو قورتوبەو

---

[1] ابن أبي زرع: ص٢٧٣.

[2] ابن خلدون: ج٦ ص٢٥١.

[3] هەمان سەرچاوە.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٦ ص٢٥١-٢٥٢.

[5] ابن أبيزرع: ص٢٧٤.

[6] ابن خلدون: ج٦ ص٢٥٢-٢٥٤.

ماردەو بەتلیوس‌و غەرناتە چوونە ژێر گوێڕایەڵیەوەو ئیشبیلیەیشی دایە پاڵ بزوتنەوەکەی‌و نازناوی متەوەکیل عەبدولای لێنرا[1] و بەوەش گرنگترین شارە ئیسپانیەکان لەژێر ئاڵایدا یەکیانگرت.

موحەممەدی کوڕی یوسفی کوڕی هوود لەڕووی شاڵاوەکانی ئیسپانیادا وەستا، بەڵام بەرەو ڕووی یەکبونی قشتالە لەگەڵ لیون بوویەوە لەدوای ئەوەی ئەلفۆنسۆی هەشتەم مرد، مەسیحیەکان شاڵاوەکانیان بۆ سەر موسڵمانان دەستپێکردەوەو ماردەو بەتلیوس کەوتنە دەست ئەلفۆنسۆی نۆیەمی پاشای لیون‌و جیلیقیەو متەوەکیل لە(فحص شریش) لە بەردەم فردیناندی سێیەمی پاشای قشتالەدا شکستیخواردو شارەکە لەساڵی(٦٣١ك/١٢٣٤ز) لەدەست موسڵمانان کەوت[2].

موحەممەدی کوڕی یوسفی کوڕی هوود لەدوای شکستخواردنی لە(فحص شریش) چوو بۆ ناوچەی غەرناتە تا لەگەڵ موحەممەدی کوڕی ئەحمەدی ڕکەبەریدا بجەنگێت، جا قشتاڵیەکان ئەو دەرفەتەیان قۆستەوەو دایان بەسەر قورتوبەدا کەئەوکات گیرۆدەی دەست پشێوی‌و بارگرژی بوو و لە(مانگی شەوالی ساڵی ٦٣٣ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٢٣٦ز)دا چوونە ناو قورتوبە[3].

موحەممەدی کوڕی یوسفی کوڕی هوود لەسەر سنوری(المريه)و لە(مانگی جمادولئاخیری ساڵی ٦٣٥ك/مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٢٣٨ز)دا مرد دواتر مرسیە لەساڵی(٦٤٠ك/١٢٤٣ز)دا کەوتە دەست فردیناندی سێیەم[4].

لەوبارەدا کەشارە گرنگەکانی ئەندەلوس دەکەوتە ئیسپانەکان، لەباشووری ئەندەلوس دەوڵەتێ‌ی عەرەبی دامەزرا کەماوەی دوو سەدەونیو سەرکردایەتی جیهادی ئیسلامی دەکرد ئەویش شانشینی غەرناتەبوو.

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٤ ص١٦٨-١٧٠.

[2] ابن أبي زرع: ص٢٧٥.

[3] ابن خلدون: ج٤ ص١٦٩.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٤ ص١٧٠.

## قۆناغی فەرمانڕوایی بەنی نەسریان بەنی لئەحمەر(٦١٢-٨٩٧ك/١٢١٥-١٤٩٢ز)

**بەنی لئەحمەر لە ئەندەلوس:**

موحەممەدی کوڕی یوسفی کوڕی ئەحمەدی کوڕی نەسری خەزرەجی کەبنەماڵەکەی بە بەنی لئەحمەر ناسرابوون بەنێوەندی ململانێی ئیسلامی-مەسیحی لە ئەندەلوس لەسەر شانۆی ژیانی سیاسی دەرکەوت، بنەڕەتی ئەوبنەماڵەیە لەئەرغۆنەیە، شوێنکەوتوان لەئەرغۆنەو ناوچە دراوسێکاندا لەدەوری کۆبوونەوەو جیاو بستەو دۆڵی ئاشو قەڵا نزیکەکان چوونە ناو گوێڕایەڵی ئەو و زۆرێك لەو موسڵمانانەی کەئەو ناوچانەیان جێهێشتبوو کە ئیسپانەکان دەستیان بەسەردا گرتبوون دایانە پاڵ سوپاکەی، ئەویش توانی سوپایەکی گەورە ئامادەبکات کەلە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیدا یارمەتی دا[1]، موحەممەدی کوڕی ئەحمەد بەو سوپایەوە بەرەو ناوچە باشووریەکانی دوور لەھەڵمەتی ئیسپانەکان چوو و ئەو ناوچانەی دایە پاڵ خۆی کەلەژێردەسەڵاتی ئیبن هوودابوون، ئەمیش لەدوای ئەوەی کە ئیبن هوود مرد، ناودارو خانەدانانی غەرناتە پشتیوانی خۆیان بۆی ڕاگەیاندو وازیان لەگوێڕایەڵی عوتبەی کوڕی یەحیای موغیلی والی ئیبن هوود هێنا، پاشان موحەممەدیان بۆ شاری خۆیان بانگهێشت کرد، ئەویش چوو بۆ ئەوێ لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٦٣٥ك/مانگی نیسانی ساڵی ١٢٣٨ز)دا دەسەڵاتی گرتە دەستو لەوکاتەوە بووبە بنکەی دەسەڵاتەکەی[2].

بەوجۆرە شانشینی غەرناتە لەئەنجامی ئەو پشێویەی کەلەناوخۆوە ئەندەلوس گرتبوویەوەو ئەو دەستدرێژیانەی مەسیحیەکان لەدەرەوە دامەزراو موحەممەدی ئەحمەر بووبە هیوای ئەندەلوسیەکان تاووڵاتەکەیان لەوبارە ناجێگیرە کەتووشی بووبوو ڕزگاربکات.

موحەممەدی کوڕی ئەحمەر هەوڵیدا ئەو زەویانەی کە مابوونەوە لەدەستدرێژی ئیسپانەکان بپارێزێت، بەڵام لەدوای چەند پێکدادانێك لەگەڵ فردیناندی سێیەمی پاشای قشتاڵەدا ناچاربوو ئاگربەستی لەگەڵدا بکات، کاتێك بینی ناتوانێت بەھۆی هەڵکەوتنی مەسیحیەکان بەسەریدا درێژە بەجەنگ بداتو لەبەرامبەر پاراستنی زەویەکانیدا سەربەخۆیی سیاسی خۆی لەدەستداو هەردوولا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە:

١- موحەممەدی کوڕی ئەحمەر بەناوی پاشای قشتاڵەوە فەرمانڕەوایی ناوچەکەی بکات.

٢- بەبڕی سەدو پەنجا هەزار پارچە زێڕ ساڵانە سەرانە بدات.

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٤ ص١٧٠.

[2] هەمان سەرچاوە.

٣- دەست لەهەندێك قەڵا هەڵبگرێت.

٤- لەجەنگی دژبە موسڵمانە دوژمنەکانیدا یارمەتی پاشای قشتاڵە بدات.

٥- ئیبنولئەحمەر وەك پاشکۆی دەسەڵاتی قشتاڵە ئامادەی کربوونەوەی نوێنەرانی قشتاڵەبێت[1].

لەدوای ئیمزاکردنی پەیمانەکە فردیناند خۆی بۆ هێرش بردنە سەر ئیشبیلیە ئامادەکردو کەوتە داگیرکردنی قەڵاکانی پێشەوەی، پاشان گەمارۆی لەسەرداناو موحەممەدی کوڕی ئەحمەریش هێزێکی لەسوارەکانی بۆ یارمەتیدانی لە چالاکی گەمارۆدانەکەدا بۆنارد وەك ئەوی پاشکۆی فردیناندە، بێئەوەی بەرچاوڕوونی لەئەنجامەکانی ئەو یارمەتیدانە هەبێت، چونکە پاشای قشتاڵە لەدوای پاکتاوکردنی بەرگریکاری ئەندەلوسی هەر لەئیبنولئەحمەریش هەڵگەڕایەوە.

بەوجۆرە ململانێ ناوخۆییەکانو چاوچنۆکی سەرکردەکان بوویە هۆی ئەنجامدانی ناپاکیو خیانەت، ئەو دیاردەیە لە میرنشینە ئەندەلوسیەکان لەدوای ڕووخانی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی بڵاوبوویەوە.

پاش ساڵو نیوێك لەگەمارۆدانو پاش بەرگریەکی دلێرانە ئیشبیلیە خۆی بەدەستەوە داو فردیناندی سێیەم لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٦٤٦ك/مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٢٤٨ز)دا چوویە ئیشبیلیەو[2] مەشخەڵو دیمەنە ئیسلامیەکانی لابردو مزگەوتەکەی گۆڕی بۆ کلێساو دانیشتوانەکەشی بەشارە ئیسلامیەکانی تردداو بەتایبەت غەرناتە بڵاوبوونەوە، بەدوای ڕووخانی ئیشبیلیەدا ناوچە دراوسێکانیشی ڕووخان.

ئەندەلوسیەکان چاوەڕێی یارمەتی مەغریبیبان دەرکرد، ئەوەش دیاردەیەکی تربوو کەلە سەردەمەکانی دوای ڕووخانی خیلافەتی ئومەویدا زۆرباوبوو ئەندەلوسیەکان هەمیشەلەکاتی سەختیەکاندا چاویان لەمەغریب بوو.

لەسەر بنەمای بانگەوازە فریاگوزاریەکانی ئەندەلوس بەنو مرین کەفەرمانڕەوایانی مەراکیش بوون کەوتنەڕێو بەسوپایەکی سێهەزار سەربازیەوە جگەلە بوونی خۆبەخشانی تری ڕێی خوا بەسەرکردایەتی موحەممەدی کوڕی ئیدریسی مورینیو فارس عامری برای کەلە گەرووەوە پەڕیەوە بۆ ئەندەلوس، کاتێك ئەو هێزە گەیشت ئیبنولئەحمەر لەسەرئەنجامەکانی کارەکانی خۆی ترسا، بۆیە هەڵوێستی خۆی گۆڕیو هێرشی بردە سەر ئیسپانەکانو لەساڵی(٦٦٢ك/١٢٦٤ز)و بەهاوکاری هێزە مەغریبیەکان ئیسپانەکانی شکاند.

---

[1] ابن خلدون: ج٤ ص١٧١، عنان: نهاية الأندلس ص٤٣.

[2] ابن خلدون: ج٤ ص١٧٠-١٧١.

ئەلفۆنسۆی دەیەمی پاشای قشتالە لەو ڕابوونە ئیسلامیە ترساو بەپەلە کەوتە ڕێ بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو بنکە ئەندەلوسیانەی کەمابوونو شاری ئوستجەی لەسالّی(٦٦٢ك/١٢٦٤ز)دا گرتو هێرشی بردەسەر خودی غەرناتەو موحەممەدی کوڕی ئەحمەر ناچاربوو ئاگربەستی لەگەڵ بکاتو دەستی لەچەند قەلاّیەکی ڕۆژئاوای ئەندەلوس بۆ فردیناندی دەیەم هەلّگرت[1].

دوای جەنگە گەڕاندنەوەکانی ئیسپانەکان تەنها ر،وبەرێکی بەرتەسکی دەوروبەری غەرناتەیان لەدەستدامایەوەو موحەممەدی کوڕی یوسفیش لەسالّی(٦٧١ك/١٢٧٣ز)دا مردو عەبولاّی موحەممەدی کوڕی شوێنی گرتەوە کەلەبەر زانستەکەی نازناوی فەقیهی هەبوو، موحەممەد هەولّیدا لەگەڵ بەنی مورین لەمەراکیش لەپەیوەستیە ئیقتاعیەکانی خۆی دەستبەداربێت[2].

لەڕاستیدا ئەبو یوسف یەعقوبی سولّتانی مەغریب لەبەدەمەوە چوونی بانگەوازی فریاخوازیو دەستوەردانە کاروباری ئەندەلوس دوودلّی ئەنواند لەدوای ئەوەی موحەممەد دەستبەرداری دوورگەی خەزراءو دوورگەی تەریف بوو، سوپاکانی چوارجار پەڕینەوە بۆ وولاّت، لەگەڵ ئەوەی توانی بەسەر مەسیحیەکاندا سەرکەوێت نەیتوانی هیچ گۆڕانێك لەباری زەویەکاندا بکات.

بەپەلە سەربازە مەغریبیەکان کەبەنولئەحمەر دەبوو خەرجییان بکێشن، بوون بەبارێکی قورس بەسەر وولاّتەوە، ئەبو عەبدولاّ موحەممەدی کوڕی ئەحمەر لەسولّتانی مەغریبی هەلّگەڕایەوەو دلّی لێی کرمۆ بوو، لێرەوە هەولّیدا دژبە موریینی هاوپەیمانی پەنا بۆ ئەلفۆنسۆی دەیەم بەات.

لەئەنجامی ئەو سیاسەتی هەلّگەڕانەوە خێرایانەی بەنولئەحمەرجێبەجێیان دەکردن، توانیان دووسەدو پەنجا ساڵ تەمەن بکەنو کۆتا وەچەی ئیسلامی بن لە ئەندەلوس و لەهەرێمی بەرتەسکی نێوان کەناراوی جەبەل تاریق تا مریە بۆ زنجیرە شاخەکانی روندەو شاخەکانی بیرە لەناوخۆدا بەرتەسکبوونەوە.

لە(لەمانگی ڕەبیعولئەوەلی سالّی ٨٩٧ك/مانگی کانونی دووەمی سالّی ١٤٩٢ز)و لەسەردەمی کۆتا سەرکردەی غەرناتە موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی سەعد ئەبو عەبدولاّو پاش یەکبوونی فردیناندی پێنجەمی پاشای قشتالەو ئیزابیلای شاژنی ئەراغۆن لەسەر دەستی ئەودا ئەغەرناتەی کۆتا قەلاّو پێگەی ئیسلامی لە ئەندەلوس ڕووخاو[3] بەڕووخانیشی دەولّەتی موسلّمانان لە ئەندەلوس کۆتایی پێهات.

---

[1] عنان: ص٤٨-٤٩.

[2] ابن خلدون: ج٧ ص١٩١.

[3] السلاوي: ج٤ ص١٠٤، المقري: ج٦ ص٢٧٧.

# بەشی هەشتەم

## دەوڵەتی فاتیمی(٢٩٧-٥٦٧ك/٩١٠-١١٧١ز)

### ناوی فەرمانڕەوا فاتیمیەکان و ماوەی دەسەڵاتی هەریەکەیان:

١- ئەبو موحەممەد عەبدولڵای مەهدی ........................٢٩٧-٣٢٢ك/٩١٠-٩٣٤ز.
٢- ئەبولقاسم موحەممەد قائیم ........................٣٢٢-٣٣٤ك/٩٣٤-٩٤٦ز.
٣- ئەبو تاهیر ئیسماعیل مەنصور ........................٣٣٤-٣٤١ك/٩٤٦-٩٥٣ز.
٤- ئەبو تەمیم مەعدولموعیز ........................٣٤١-٣٦٥ك/٩٥٣-٩٧٥ز.
٥- ئەبو مەنصور نزار عزیز ........................٣٦٥-٣٨٦ك/٩٧٥-٩٩٦ز.
٦- ئەبو عەلی مەنصور حاکم ........................٣٨٦-٤١١ك/٩٩٦-١٠٢١ز.
٧- ئەبو لحەسەن عەلی زاهیر ........................٤١١-٤٢٧ك/١٠٢١-١٠٣٦ز.
٨- ئەبو تەمیم مەعدولموستەنسیر ........................٤٢٧-٤٨٧ك/١٠٣٦-١٠٩٥ز.
٩- ئەبولسام ئەحمەد موستەعلی ........................٤٨٧-٤٩٥ك/١٠٩٥-١١٠١ز.
١٠- ئەبو عەلی مەنسووئامیر ........................٤٩٥-٥٢٦ك/١١٠١-١١٣٢ز.
١١- ئەبولمەیموون عەبدولمەجید حافیز ........................٥٢٦-٥٤٤ك/١١٣٢-١١٤٩ز.
١٢- ئەبولمەنصور ئیسماعیل زافیر ........................٥٤٤-٥٤٩ك/١١٤٩-١١٥٤ز.
١٣- ئەبولقاسم عیسا فائیز ........................٥٤٩-٥٥٥ك/١١٤٥-١١٦٠ز.
١٤- ئەبو موحەممەد عەبدولڵا عازید ........................٥٥٥-٥٦٧ك/١١٦٠-١١٧١ز.

**بنەڕەتی فاتیمیەکان[1]:**

لێکۆڵینەوەی مێژوویی لەسەر دەوڵەتی فاتیمی ئەوە دەخوازێت بگەڕێینەوە بۆ ڕەگو ڕیشەکانو بەرەو یەکەم سەرەتاکانمان دەبات، من بەڕۆژی(السقیفة) دەسپێدەکەمو لەچوونە ناو حوکمەکانی ئایینو شەریعەتی ئیسلامی تێدەپەڕم، چونکە پێکهێنانی بارەکەو گرفتەکە لەو ڕۆژەدا لەسەر ململانێی میراتی سیاسی بوو، موسڵمانان لەو ڕۆژەی پێغەمبەر(ﷺ) لە(١٢ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١١ك/٧ی حوزەیرانی ساڵی ٦٣٢ز)دا کۆچی دوایی کرد بەیەك دەنگی ئەبوبەکری صدیقیان(ﷺ) وەك خەلیفە هەڵبژارد[2]و فەرموودەی(الأئمة من قریش) سەرکەوتو ڕێبازی دەسەڵات لەئیسلامدا لەسەر قوڕەیش وەستاو بەرتەسك بوویەوە، عەلی کوڕی ئەبوتالیب(ﷺ)و هەندێك هاوەڵ ئامادەنەبوون کەئەو هەڵبژاردنە بەپەلە ئەنجامدرا، ئەوان سەرقاڵی بەخاکسپاردنی پێغەمبەر(ﷺ) بوون، بەڵام عەلی(ﷺ) دواتر یەکسەر بەیعەتی بە ئەبوبەکر(ﷺ)[3] دا.

عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) لە(مانگی جەمادیلئاخیری ساڵی ١٣ك/مانگی ئابی ساڵی ٦٣٤ز)و لەدوای کۆچی دوایی ئەبوبەکر(ﷺ)و بەبەڵێنی ئەو پایەی خیلافەتی وەرگرت، لەڕۆژانی ئەودا ئەو ڕێبازەی بەشێوەیەکی گشتی بۆ قوڕەیش جێی ئاماژەبوو و دەسەڵاتی لەبنەماڵەی عەبد مەنافی کوڕی قوصەیو بەنی ئومەییەو بەنی هاشمدا بەرتەسك کردبوویەوە گەشەی سەند[4].

گواستنەوەیەکی شێوەیەکی سەبارەت بەقۆرخکردنی دەسەڵات بەڕێوە چوو کاتێك عوسمانی کوڕی عەففان لە(مانگی موحەڕەمی ساڵی ٢٤ك/مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ٦٤٤ز)دا بۆ پایەی خیلافەت هەڵبژێردرا، ئەوکات ئومەویەکان بارەکەیان بۆ چەسپاو هاشمیەکانیش[5] بوون بەبەرهەڵستکار[6].

---

[1] بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە ئەو کتێبەی نوسیومە(تاریخ الفاطمیین في شمال إفریقیة ومصر وبلاد الشام).

[2] الطبري: ج٣ ص٢٠٠-٢١١.

[3] سەبارەت بەبەیعەتدانی ئیمامی عەلی(ﷺ) بەئیمامی ئەبوبەکر هیچ گومانێك لەوە نیە کەبەسەرقاڵبوون بەبەخاکسپاردنی پێغەمبەر(ﷺ)دواکەوتو بۆ بەیانی بەیعەتی ڕەزامەندی پێداو ڕەخنەی نەبوو و دڵسۆزانەش یاریدەدەرو ڕاوێژکاری بوو، بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە ژیانی ئەبوبەکر(ﷺ) لەنوسینی زانایانو سەرچاوە کۆنو نوێیەکاندا، بۆشارەزایی دەوڵەتی عەبیدی فاتیمیش بڕوانە(الدولة العبیدیة الفاطمیة)ی دەکتۆر عەلی مەحمود سەلابی تا خوێنەر چاکترو بەرچاو ڕوونتر شارەزایان بێت.-وەرگێر-.

[4] الطبري: ج٣ ص٤١٩-٤٢٨.

[5] ئەمە ساختەی شیعەکانەو هیچیتر، گەر ناڕێزی ئیمامی عومەر بۆ نەوەی پێغەمبەر(ﷺ) لەسەرچاوەکانەوە شاهیدی بۆدراوەو بەرهەڵستی لەو جۆرەش لەو جۆرەش بەهیچ جۆرێك بوونی نەبووە.-وەرگێر-.

[6] الطبري: ج٣ ص٢٢٧،١٩٣-٢٤٠.

عەلی کوڕی ئەبوتالیب(ﷺ) لەدوای شەهیدبوونی عوسمانی کوڕی عەففان(ﷺ) لە(مانگی زیلحەجەی ساڵی ٣٥ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ٦٥٦ز)دا بەزۆرینەی دەنگ موسڵمانان لەبارێکی شێواودا کەجێی ململانێیەکی گەورەبوو بۆ خیلافەت موسڵمانان هەڵبژێردرا[1].

ململانێی تاڵ لەدوای ڕوودانی فیتنەی گەورەو جەنگە ناوخۆییەکانی جەمەڵو سەفین بەسەرکەوتنی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان(ﷺ)و دامەزراندنی دەوڵەتی ئومەوی لە ساڵی(٤١ك/٦٦١ز)کۆتایی پێهات، عەلی کوڕی ئەبو تالیب(ﷺ) لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٤٠ك/مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٦٦١ز) لەسەر دەستی خەواریجەکان شەهیدکرا[2].

لەدوای شەهیدبوونی عەلی(ﷺ) شوێنکەوتوانی هەستیان بەبێبەشبوونو بێهیواو تاڵیو سەختی کرد، چونکە ئەوان پێشتر نەیانزانی چۆن پاڵپشتی بنو بەرگری لێبکەن، بۆیە گرێیەکی تاوانێکی گەورە لایان سەریهەڵدا کە هانیدان لەدەوری ئالوبەیتی شەهیدا(عەلی(ﷺ)) کۆببنەوەو ئەمەش بەدرێژایی مێژوویان بەردەوامبوونو عەلەویەکان یان لایەنگرانی عەلی ناسران، ئەوان شێوە جیاوازەکانی دەسەڵاتیان بەرپەرچ دایەوەو جەختیان لەسەرئەوە دەکردەوە کەقورئانو سوننەت ئەو دەقانەیان لەخۆگرتووە کەپێویستە عەلیو نەوەکانیشی دوای خۆی خیلافەتی کاتیو ڕۆحی پێغەمبەر(ﷺ) بگرنەدەست.

پێشەوایەتی میراتگری بووبە بازنەی کاری شیعی، دیارە بزوتنەوەی شیعەگەرایەتی لەسەرەتادا بزووتنەوەیەکی عەرەبی ئیسلامی بوو، بەڵام هێندەی نەبرد زۆرێ لەناعەرەبەکان بەتایبەت فارسەکان چوونە ناوی ئەو چوونە ناوە لەزۆربەی بۆنەکاندا جۆرێك لەبەرهەڵستکاری بوو هەم دژبە عەرەبو هەم دژبە ئیسلامیش[3].

شیعە مامناوەندەکان لەدەوری نەوەکانی فاتیمە(ﷺ) کۆبوونەوەو بەوریایی لەسەر بڕیاری سوننە ئیشیاندەکرد، لەکاتێکدا توندڕەوەکانیان لەدەوری موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب ناسراو بە موحەمەدی کوڕی حەنیفە کۆبوونەوە، لەوکاتەوە دابەشکاری نێو ڕیزەکانی شیعە دەستپێکرد، ئەمەدەرفەتی بەئومەویەکان دا تابزووتنەوەشیعەگەرە ڕاپەڕیوەکانی دژبە دەسەڵاتیان بەتایبەت شۆڕشەکەی موختاری کوڕی ئەبو عوبەیدی سەقەفی کەمۆرکی ئایینیو بیروباوەڕیشی

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٤١٥-٤٢٧.

[2] هەمان سەرچاوە: ص١٤٣.

[3] زکار: سهیل: الجامع في أخبار القرامطة ج١ ص٤٢.

لەخۆگرتبوو و بانگەوازی بیرۆکەی مەهدی چاوەڕوانکراوی لەکەسایەتی موحەممەدی کوڕی حەنیفەوە دەکرد، لەناوبیەن.

بزوتنەوەی شیعی لەگەڵ هاتنی پێشەوا جەعفەی صادقی پێشەوای پێنجەمی دوای حوسەینی باپیرەی چوویە ڕێڕەوێکی یەکلاکەرەوەی مێژووییەوە کەئەویش دابەشبوونی بوو بۆ دووبەش بەپێی بیرۆکەو تێڕوانینی مافی میراتگری لای شیعە، ئەودووانە بریتیبوون لەئیمامیەی دوانزە ئیمامی(اثناعشرية)و ئیسماعیلە کەشوێنکەوتەی ئیسماعیلی کوڕی جەعفەربوون.

فارسەکان چوونە ناو هێڵە سیاسیەکەو ئەو دابەشبوونەیان قۆستەوە تا بزوتنەوەی ئیسماعیلی لەبەرژەوەندی خۆیان ئاراستەبکەن، زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژەبەوە دەکەن کەجەعفەری صادق ئیسماعیلی کوڕی وەك پێشەوای شەشەم لەدوای خۆی دەستنیشانکردووە، بەڵام ئیسماعیل لەکاتی ژیانی باوکیدا مردووە، بۆیە دەستەی یەکەم ئیمامەت دەگوازنەوە بۆلای موسای کازمی کوڕی کەپێشەوای حەوتەمە، لەکاتێکدا دەستەی دووەم لەسەر هەڵوێستی خۆیان بەردەوامن کەدەڵێن ئیسماعیل پێشەوایە، دەستپێکردنی سەرەتای بزوتنەوەی ئیسماعیلی لەوەوەیە، ئەمەش بۆ دووبەش دابەشبوو، دەستەی یەکەم بەرپەرچی ئەوە دەدەنەوەکە ئیسماعیل لەژیانی باوکیدا مردبێتو پێیانوایە باوکی لەترسی ئەوەی عەبباسیەکان نەیکوژن شاردوویەتیەوەو جەخت لەسەرئەوە دەکەنەوە کەلەدوای جەعفەر ئیسماعیل ئیمامی ڕاستیەو وەك مەهدی دەگەڕێتەوە، ئەمانە بەئیسماعیلیەی پوختو دڵسۆز(الخالصة)و ئیسماعیلیەی وا(واقفة) ڕاوەستاو ناسراون[1]، دەستەی دووەم بڕوایان وایە ئیسماعیل لە کاتی ژیانی باوکیدا مردووەو دان بەپێشەوایەتی موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل وەك پێشەوای حەوتەم دادەنێنو بەڵگەشیان بۆئەمە ئەوەیە دروست نیە ئیمامەت لەبرایەکەوە بۆ برایەکی تر بگوازرێتەوە لەدوای ئەوەی لەحەسەنەوە بۆ حوسەین(ﷺ) گوازرایەوەو ئەمە تەنها بەپشتاوپشت دەبێت[2].

بۆچارەسەری ئەو گرفتەی کەوتە نێوانیان، دەستەی دووەم تێڕوانینو بیردۆزەی سەقامگیریو ماڵئاواییکردنیان داهێنا، جاپێشەوای سەقامگیر لەدوای ئەو پێشەوایەتی دەگرێتە میرات چونکە ئیمامەت لەودا سەقامگیرەو ئەوە ئیمامی ڕاستیە، بەڵای کەسی ماڵئاواییکەر بەدرێژایی ژیانی ئیمامەو ناکرێت دوای خۆی ئیمامەت بۆ نەوەکانی بگوازرێتەوە، بەو پێیەو موسای کازم ئیمامی ماڵئاواییکەرو ئیسماعیلی برای ئیمامی سەقامگیرە.

---

[1] الشهرستاني، محمد عبدالكريم: الملل والنحل: ج١ ص١٦٧-١٦٨.

[2] عمادالدين، إدريس: عيون الأخبار، السبع الرابع ص٣٣٤-٣٣٥.

یەکەم: فراوانخوازی فاتیمی لەسەر زەویدا بڵاوکردنەوەی بانگەوازی ئیسماعیلی لەباکووری ئەفریقیا.

دووەم: فەرمانڕەوایانی ئەو ناوچەیە توانیان مەزهەبی ئیسماعیلی لەمصردا بڵاوبکەنەوەو دواتر لەدوای ئەوەی جەوهەری سەقلی توانی دەست بەسەر مصردا بگرێت موعیز چوویە ناو مصر.

**قۆناغی دووەم(٣٦٢-٤٨٧ك/٩٧٣-١٠٩٤ز):** ئەمە قۆناغی بەهێزیو فراوانخوازی بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیە وولاتی شامو حیجازو یەمەن، وێرای ئەوەی دەسەڵاتی مصرو سقیلیەو باکووری ئەفریقیایان هەبوو، لەو قۆناغەدا هەریەك لە: موعیز، عەزیز، حاکم، زاهیر، موستەنسیر فەرمانڕەواییان کرد.

**قۆناغی سێیەم(٤٨٧-٥٦٧ك/١٠٩٤-١١٧١ز):** ئەمە قۆناغی لاوازیو دارمانە، وەزیرەکان لەسەر حسابی ئەو فەرمانڕەوا فاتیمیانەی کەتایبەتمەندیەکانی خۆیان لەدەستدابوو و قەڵەمڕەویان کەمیکردبوو تاله ناوخۆی کۆشکدا بەرتەسك دەبوویەوە، دەرکەوت لەکاتێکدا دەستەوتاقمەکانی سەربازان هەرێمەکانی دەوڵەتیان دابەشکرد، لەو قۆناغەدا هەریەك لە: موستەعلی ئامیر، حافیز، زافیر، فائیزو عازید فەرمانڕەواییانکرد.

**قۆناغی یەکەم: قۆناغی دامەزراندن(٢٩٧-٣٦٢ك/٩١٠-٩٧٣ز)**

**باری سیاسی لەباکووری ئەفریقیا کەمێك پێش دامەزراندنی دەوڵەتی فاتیمی:**

کەمێك پێش دامەزراندنی دەوڵەتی فاتیمی باکووری ئەفریقیا لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەشبوو بوو کە بریتین لە:

١- **دەوڵەتی میدراری یان دەوڵەتی بەنی واسول(١٤٠-٢٩٦ك/٧٥٧-٩٠٨ز):** ئەمە دەوڵەتێکی خەواریجی سەفری[1]بوو کەشاری سجلماسە لەباشووری مەغریبی دوور لەدەورووبەری وولاتی سودان پایتەختی بوو، عیسا کوڕی یەزیدی میکناسی[2] دایمەزراندو لەمەوالیەکانی عەرەب پێکهاتبوو[3]، خەڵکی ئەو ناوچەی بیابانە لەمیکناسە لەدەوری کۆبوونەوە، ئەوان مەزهەبی خواریجی سەفریان هەبوو، بەیعەتی ئیمامەتو پێشەوایەتیان پێدا[4]، ئەویش خۆی لەگوێرایەڵی خەلیفە عەبباسیەکان دارنو سەربەخۆیی ئەو ناوچەی وەرگرت.


---

[1] خەواریجی سەفری: دەدرێنەوە پاڵ زیادی کوڕی ئەسفەری سەرکردەیان.

[2] میکناسی: لەبەر شاری میکناس لەمەغریبی دوور لەوولاتی بەربەر ناونراوە کەئەمە شارە چواردە قۆناغ لەرۆژهەڵاتەوە لەمەراکیش دوورە، الحموی: ج٥ ص١٨١.

[3] القلقشندي: صبح العشى في صناعة الأنشا: ج٥ ص١٥٨-١٥٩.

[4] ابن خلدون: ج٦ ص١٣٠.




الدولة الفاطمية في أفريقية والمغرب

کاتیك کۆمەڵی سەفری سەقامگیربوو، ئەبولقاسم سمکۆی کوڕی واسول گەلی خۆی لەمیکناسیەکان بانگکرد تا لەوێ سەقامگیربن، ئەو دیدو خواستی دەسەڵاتداری هەبوو، بۆیە هەوڵی گۆتنەدەستی دەسەڵاتی دا، بەتایبەت کەئەو کۆچە ڕێی پێدان مەڵبەندێکی زاڵبێت بەسەر هەموو ڕەگەزەکانی تردا، پاشان بۆ دەرفەت دەگەڕاتا لەدەست عیسای کوڕی یەزید ڕزگاری ببێت، لەبەرئەوەی هەمیشە زاڵبوون لەو کۆمەڵگەیەدا بۆ دەمارگیریو ڕەگەزایەتی بوو، بۆیە ئەبولقاسم عیسای کوڕی یەزیدی لابرد لەدوای ئەوەی تۆمەتباری کرد بەوەی قەڵەمڕەوو ماڵوسامان بۆ خۆی بات، بۆیە لە ساڵی(١٥٥ك/٧٧٢ز)دا کوشتی[1]، لەڕاستیدا ئەو لەبەر توندیەکەی ڕقی لێی بوو، ئینجا دەسەڵاتی گرتەدەستو گەلەکەی بەیعەتیان پێداو پێشەوایەتی گۆڕا بۆ میرایەتیەکی میراتگری لەبنەماڵەکەیدا، ئەبولقاسم بەدامەزرێنەری ڕاستی ئەو دوڵەتە دادەنرێت کەبەناوی ئەوەوە ناوی دەوڵەتەکە نرا، زۆر نەکەوتە پەیڕەوی ڕێبازی مەزهەبەکە، هەروەك گرنگی بەسەفرییە لەدەرەوەی وولاتی خۆیدا نەدا[2].

سەفریەکان ئەو ناوچەیان گۆڕی بۆ ناوچەیەکی کشتوکاڵی، جا کارێزیان لێداو دارخورماو گەنمو جۆو قامیشی شەرکیان ڕوواند، دانیشتوان لەباری کۆچەریەوە گۆڕان بۆ باری سەقامگیری کشتوکاڵی بازرگانی چالاکبوو و ژیانی ئابووری گەشەی سەند، سجلماسە بەپێی شوێنەکەی بووبە بازاڕێکی گەورەی بازرگانیو مەڵبەندی بانگەوازی ئیسلامی جێی سەقامگیری کۆمەڵێکی ئایینی لەسەر مەزهەبی خەواریجی سەفری[3].

ئەبولقاسم سمکۆ لەساڵی(١٦٨ك/٧٨٤ز)دا مردو ئیلیاسی کوڕی کەنازناوی وەزیری هەبوو شوێنی گرتەوە، خەڵکی لەدەسەڵاتەکەی ناڕازیبوون، بۆیە دوای دووساڵ لایانبردو لەشوێنیدا ئەلیەسعی برایان دانا[4]، ئەمیان سیفەتی گوڕوتینی توندی بۆ مەزهەبی سەفری هەبوو، دەوڵەتی فراوانکردو چەند پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆستەمی لەتاهرت دامەزراند، لەساڵی(٢٠٨ك/٨٢٣ز) مردو میدراری کوڕی شوێنی گرتەوەو نازناوی مونتەسەری وەرگرت، لەسەردەمی ئەودا دەوڵەت کەوتە دارمانو جێگیرەکانیشی نەیانتوانی دەستکەوتەکانی دەوڵەت بپارێزن، لەسەردەمی ئەلیەسعی کوڕی مونتەسەریشدا کەلەساڵی(٢٧٠ك/٨٨٣ز)دەسەڵاتی

---

[1] القلقشندي: ج٥ ص١٥٩-١٦٠.

[2] مؤنس، حسين: تأريخ المغرب و حضارته، ج١ ص٣٤٠.

[3] القلقشندي: ج٥ ص١٥٩.

[4] ابن عذاري: ج١ ص١٥٦، ابن خلدون: ج٦ ص١٣٠.

وەرگـرت ڕەشـەبای بانگـەوازی فـاتیمی بـەهێزبوو و ئـەبو عەبـدوڵای بـانگخوازی فـاتیمی لــە ساڵی(٢٩٦ك/٩٠٨ز) هێرشی بردە سەرشاری سجلماسەو چوویەناوی ئەلیەسعی کوڕی میدراریش کەفەرمانڕەوای ئەوێ بوو رایکرد[1].

٢- **دەوڵەتی ڕۆستەمی(١٤٤-٢٩٦ك/٧٦١-٩٠٨ز)**: دەوڵەتی ڕۆستـەمی لــە مـەغریبی ناوەڕاسـتدا دامەزراو دەوڵەتێکی خەواریجی ئیبازی بوو کە عەبـدوڕەمانی کـوڕی ڕۆسـتەم کەبەڕەچـەڵەك فارس بوو دایمەزراندو شاری تاهرت پایتەختی بوو، دەوڵەتان لەهەموولایەکـەوە چـواردەوری ئەم دەوڵەتان لەهەموولایەکەوە چواردەوری ئەم دەوڵەتـەیان دابـوو و تـەنگیان پێهەڵـچنیبوو، ئەغالیبـەکان لەقـەیرەوان کەزابـشی لــەخۆدەگرت، ئەداریـسە لــەفاس کەدەسـتیان بەسـەر تلمساندا زاڵبوو، بۆیە ڕۆستەمیەکان ناچـاربوون بـۆ هاوپـەیمانی بەسـتن لەگـەڵ ئومەویـەکان ڕووبکەنە ئەندەلوس، هەروەك لەگەڵ دەوڵەتی میدراریدا هاوپـەیمانیان هـەبوو، هاوسـەرگیری مونتەسەری کوڕی ئەلیەسـعی کـوڕی میـدرارو ئـەروای کـچی عەبـدوڕەحمانی ڕۆسـتەم ئـەو هاوپەیمانێتیەی چەسپاند.

لەدوای خۆی شەش کەس لەئەندامانی خێزانەکەی فەرمانڕەوایی ئـەو دەوڵەتـەیان گرتەدەست کەکۆتا کەسیان یەقزانی کوڕی ئەبی یەقزانی کوڕی موحەمەد بوو، دەوڵەتی ڕۆسـتەمی لەسـەردەمی ئەمو لە سـاڵی(٢٩٦ك/٩٠٨ز) لەسـەردەستی ئـەبو عەبـدوڵای داعـی ڕووخـا، ملململانێـی نـاوخۆی لەسـەرپایەی پێشەوایەتیو ناکۆکی بەردەوامی نێوان ئیبازیەکان لەدیارترین هۆکارەکانی لاوازکردنی دەوڵەتەکەبوون، بەمەهێزی ئیبازیەکان لاوازو دەستەوسان کـەوتو نـەیانتوانی لەبـەردەم پێـشڕەوی فاتیمیدا بوەستن[2].

لەسەردەمی ڕۆستەمیەکاندا تاهرەت ڕاپەڕینێکی زانـستیو گەشەسـەندنێکی گـەورەی ئـابووری بەخۆیەوەدی پێشەوایانی دەوڵەت ژیانی بۆ بڵاوکردنـەوەی زانـست دانـاو لەبزوتنـەوەی زانـستیدا بەشداریان کرد، عەبدوڕەمان لەگەورە زانایانی سەردەمی خۆی بوو، هەروەك عەبدولوەهابی کـوڕی تـەواو تامـەزرۆی زانـست بـوو، لەبەغـداد کتێـبی دەکـڕیو یەکـسەر دەیخوێنـدەوە، تـاهرت بـەو کتێبخانەیەی ناسراوە کەنزیکەی سێ سەد هەزار بەرگی لەخۆدەگرت.

ڕۆستەمیەکان بەهۆی زۆری ئاوو لەباریو بەپیتی خاك بەرهەمهێنانی کـشتوکاڵیان فراوانکـردو پشتیان بەبازرگانی دەریایی لەگەڵ ئەندەلوسو کشانی لەگەڵ سـودانو غانـاو سلجماسـەو دووردا

---

[1] ابن عذاري: ج١ ص١٥٢-١٥٣، تأريخ ابن خلدون: ج٦ ص١٣٠-١٣٢.

[2] ابن عذاري: ج١ ص١٥٨.

بەست، ژیانی گەشاوەو پرشنگدار بیانیەکانی بەرەو تاهرت ڕاکێشاو دەوڵـەت بـەهۆی بازرگانیـەوە چەند دەستکەوتێکی باڵای دەستەکەوت.

٣- **دەوڵەتی ئەداریسە(١٧٢-٢٥٧ك/٧٨٨-٩٨٥ز):** دەوڵـەتێکی عەلـەوی حوسـەینی بـوو کـە ئیدریسی کوڕی عەبدوڵای کوڕی حەسەنی کوڕی حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالیب لە ساڵی(١٧٢ك/٧٨٨ز) لەمـەغریبی دوور دایمەزرانـدو(فـاس)ی پایتـەختی بنیادنـا دەسـەڵاتی ئەداریسـەکان لەسوسی دوورەوە تا شاری وەهران بڵاوبوویەوەو دەسەڵاتەکەیان بـەرەو ڕووی چەند هەڵمـەتێکی فاتیمیـەکان بوویـەوە، ئەمـە پـاڵی پێوەنـان تابـەرەو بـاکوور بـۆ ناوچـەی شـاخەکانی ریـف پاشەکـشەبکەنو لەچـەندقەڵایەکی وەك بەصـرەدا سـەنگەرگیری بکـەن، دەوڵەتی ئەداریسە لەو ناوچە نوێیانەدا سەربەخۆیی نەبوو بەوجۆرەی کەلە فاس هەیبوو، پاشان موسای کوڕی ئەبو لعافیە دەریکردنو قەڵەمڕەوی مەغریبی دوورو مەغریبی ناوەنـدی بەتـەنها گرتەدەست، لەسـەردەمی کۆتاسەرکردەیدا ئەبولقاسمی کوڕی موحەممەدی کوڕی قاسمی کوڕی کەنون دەوڵەتەکەڕووخا[1].

٤- **دەوڵەتی ئەغلەبی(١٨٤-٢٩٦ك/٨٠٠-٩٠٩ز):** دەوڵەتی ئەغلەبی نـزم یـان ئـەفریقیا بەشـێکی مەغریبی نێوەند دا دامەزرا، ئیبراهیمی کوڕی ئەغلەبی والی زاب لەئەنجامی ئـەو ڕێککەوتنـەی لەگەڵ خەلیفە هارونەڕەشیدا هەیبوو دایمەزرانـد، ئەمـە ئـەزموونێکی نـوێ لەڕێکخـستنەکانی دەسـەڵاتی دەوڵــەتی ئیـسلامیدا بـوون ئـەویش ئـەزموونی وازهێنانـە لەبەشـێکی دەوڵــەت لەبەرژەوەندی خێزانێکی دیاریکراودا کـەهۆگری پـشتیوانیو گوێڕایـەڵیان هەیـە لەبەرامبـەر بڕێك سامانی دیاری کراوی ساڵانەئەزموونەکە لەڕۆحی خۆیدا لەگەڵ باری گشتی دەوڵـەتی عەباسیدا دەگونجێت، سەختیو نارەحەتیەکی زۆری لەسەرشـان هەڵـدەگرێتو پارێزگـاریش بەدیهەنەکانی دەسەڵاتی مەرکەزیەوە دەکات.

هاروونە ڕەشید بـۆ بـەدیهێنانی چـەند ئامانجێـك لەهەرێمـە ڕۆژئاواییـەکانی دوور لەمەڵبەنـدی دەوڵەت لەبەغداد ئەم سیاسەتە نوێیەی داهێنا، گرنگترین ئەو هۆکارانەش:

- تەمێکردنی بەربەرەکانو ئەوانەی تریش کەلەدەسەڵات دەرچووبوون.
- وەستان لەڕووی ئەداریسـەکاندا تانەهێڵێت هێرش بکەنەسەر زەویەکانی دەوڵەتی عەباسی.
- پاراستنو دڵنیاکردنی مصر کەوویلایەتی گەورەی بوو لە ڕۆژئاوادا.

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج١ ص٢١٠-٢١١، ابن خلدون: ج٤ ص١٢-١٨.

شتێکی ئاسایی بوو لەژێرسایەی ئەو بارودۆخەی دەوڵەتی تێدادروستبوو، سەرکردەکانی ئەغالیبەکان کاربەدەستی عەبباسیەکان بن، بۆیەدەوڵەت سەربەخۆییەکی بەناو هێمایی هەبوو، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا سەربەخۆییەکی نیمچەتەواوی وەرگرت.

ئەغالیبەکان شاری قەیرەوانیان کرد بەپایتەختی سەرەکی خۆیان، هەروەك شاری ڕەققادە کەچوار ڕۆژ ڕێگە لەقەیرەوان دووربوو کردیان بەپایتەختێکی تایبەت، هێزێکی دەریاییان هەبوو کەڕێی پێدەدان هێرشبکەنەسەر سقلیەو مالتەو کەناراوەکانی باشووری ئیتالیا، بەڵام بەهۆی ڕکەبەری سەرکردەکانیان لەسەر دەسەڵات و ڕۆچوونی هەندێکیان لەگاڵتەوگەپ و سەرهەڵدانی شۆڕە توندەکانی دژبەنیزامی دەسەڵات باری ناوخۆییان لێکهەڵوەشاوبوو، ئەمە دەرفەتی بەئەبو عەبدوڵای داعی داتا لەناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوادا بانگەوازەکەی بڵاوبکاتەوەو لەسەردەمی میرزیاد تۆڵڵای سێیەمدا دەوڵەتەکەیان لەناوببات[1].

**دامەزراندنی دەوڵەتی فاتیمی:** ئەبولقاسمی حەسەنی کوڕی فەرەحی کوڕی حەوشەبی کوفی بانگخوازی ئیسماعیلیەکان لەیەمەن ئەبوعەبدوڵای داعی کەحوسەینی کوڕی ئەحمەدبوو لە ساڵی(٢٨٨ك/٩٠١ز)و بە نیازی بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکە لەووڵاتەدا لەدوای مردنی هەردوو بانگخوازی ئیسماعیلی لەووڵاتی مەغریب کەئەبوو سوفیان حەسەنی کوڕی قاسم و عەبدوڵای کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەدی ناسراو بەحەلەوانی بوون ناردبۆ ووڵاتی مەغریب.

ئەبوو عەبدوڵا توانی کۆمەڵێك لەحاجیەکانی کەتامەبەلای خۆیدا ڕابکێشێت و لەگەڵیاندا بچێت بۆ ووڵاتی مەغریب و لەوێ لەناو خەڵکدا بانگەوازەکەی بڵاوکردەوەو خەڵکێك لەدەوری کۆبوونەوەو بەهێزبوو ودەستی بەسەر قەیرەواندا گرت و دەوڵەتی ئەغلەبی لەناوبرد، لەدوای ئەوەی لە ساڵی(٢٩١ك/٩٠٤ز) لەهەموو بەرەکانی ڕۆژئاوای شاری قەیرەوان دەسەڵاتی ڕەهای گرتەدەست، هەواڵی عەبدوڵای مەهدی لە(سلیمە) ناردو بانگهێشتی کرد تابێت بۆ ئەفریقیاو بارەکە بگرێتەدەست.

لەڕاستیدا ئەبو عەبدوڵا توانی لەنێوەندی هۆزی کەتامەدا بانگەوازەکە بڵاوبکاتەوەو بەسەر ئەغالیبەکاندا سەربکەوێت عوبەیدوڵای مەهدی ڕازیکرد تابەبانگهێشتەکە ڕازیبێت بۆیە(سلیمە)ی بەناحەزی و بەپۆشنی بەرگی بازرگانان بەجێهێشت و بەرەو ئەفریقیا چوو هەرکەگەیشتە شاری سجلماسە کارەکەی ئاشکرابوو بۆیە سەرکردەکەی گرتن و بەدیلی گرت بەڵام ئەبو عەبدوڵای

---

[1] ابن عذاري: ج١ ص١٤٣-١٤٩، ابن الأثير: ج٦ ص٥٩٠-٥٩٦.

بەهێز ئازادیکردو لەگەڵیدا تاشاری ڕەققادە چوو(لە مانگی ڕەبیعولئاخیری ساڵی ٢٩٧ك/مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٠ز)دا بەیعەتی خیلافەتی پێدرا نازناوی مەهدی وەرگرت بەوەش ئەو بنەڕەتەی دانا کەدەوڵەتی فاتیمی لەسەر دامەزرا[1].

لەڕاستیدا عوبەیدوڵای مەهدی لەڕەققادە نەچوویە کورسی دەسەڵاتی فاتیمی تائەوەی دەوڵەتی ئەغلەبی لەئەفەریقیاو دەوڵەتی میدراری لەسلجماسەو دەوڵەتی ڕۆستەمی لەتاهرت ڕووخاو لەناوچوون.

---

[1] ابن عذاري: ج١ ص١٥٢-١٥٦، ابن الأثر: ج٦ ص٥٩٧-٥٩٩.

## عەبەیدولاّی مەهدی( ٢٩٧-٣٢٢ك/٩١٠-٩٣٤ز):

عەبەیدولاّی مەهـدی زانـی دەولّەتـە تازەپێگەیـشتووەكەی پێویـستی بەپاڵپـشتو سـەقامگیری ناوخۆیی هەیە، بۆیە چەند كارێكی ئەنجامدا كەزامنی جێیێ چەسپاندنی لەدەسەلاّتدابوون، لەوانە:

- چـەند ڕێكخـستنێكی سیاسـیو كـارگێڕیو ئـاینی مەزهـەبی دانـا كەلەگـەڵ خواسـتی ئیسماعیلیەكان لەدامەزرادنی دەولّەتێكی بەهێزی عەلەویدا یەكانگیربێت.
- ئەبو عەبدولاّ بانگخوازی لەناوبردنەكە لەبردنەسەر دەسەلاّتیدا فەزڵی ئەوبوو ئەمەیش لەدوای ئەوەی نیشانەكانی ڕكەبەری لەسەر دەسەلاّت لەلایەن ئەبوعەبدولاّوە دەركەوت[1].
- پایتەختێكی نوێی لە ساڵی(٣٠٣ك/٩١٥ز) لەبەرەی كەناراوی ڕۆژهـەلاّتی ئـەفریقیا لـەنزیك تونس بنیادنـا كەشـاری مەهدیـەبوو و لـە سـاڵی(٣٠٨ك/٩٢٠ز) بـەهۆی سـێ هۆكـارەوە گواستیەوە بۆ ئەوێ:

یەكـەم: سـووربوو لەسـەرئەوەی ڕەققـادەو قـەیرەوانی مەڵبەنـدی بـەرگریكاری سـوننی دووربكەوێتەوە.

دووەم: لاوازی قەڵەمڕوی فاتیمیەكان لەناوخۆی وولاّتدا.

سێیەم: بەرەنگاربوونەوەی بیزەنتیەكان لەدەریاكەدا یەخەیان بەفاتیمیەكان دەگرتو لەباكووری ئیتالیـاوە هەڵمەتیان دەبرد.

- كاربەدەستی بۆ هەرێمەكان نارد تابەناویەوە فەرمانڕەوایی بكەن وەلەو كەسانەبوون كەمتمانەی پێیان هەبوو.
- بـەدلێریو نەترسـی بـەرەو ڕووی ئـەو شۆڕشـانە بوویـەوە كەدژبەدەسـەلاّتەكەی هەسـتانو دایمركاندنەوە لەوانە: بەرگریكاری سوننی(القصر القديم) و قەیرەوانو تـەرابلوسو شۆڕشـی دانیـشتوانی سـقلیەو شۆڕشـی والیەكـەی بەسـەر مـەغریبی دووردا كەموسـای كـوڕی ئەبولعافیەبوو[2].

پاش سەقامگیری بـاری نـاوخۆیی عوبەیـدولاّی مەهـدی هەوڵیـدا لەدووئاڕاسـتەی لێكـدوورە وەفراخـوازی بكـات، جالـە ڕۆژئـاوەوە چـاوی بڕیـەگرتنی مـصر، بۆیـە لەساڵانی(٣٠١ك/٩١٤ز)و(٣٠٧ك/٩١٩ز) دوو شالاّوی سەربازی بۆناردو لەئەنجامدا شكستیان

---

[1] المقريزي: اتعاظ الحنفا بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء: ج١ ص٦٧-٦٨، خطط: ج٢ ص١٨٥.

[2] القاضي النعمان: رسالة افتتاح الدعوة، ص٢٧٤، ابن عذاري: ج١ ص١٦٦-١٦٨، حسن وةشريف: عبدالله الوهدي ص١٩٩-٢٠٠.

خوارد، چونکه ئەو وولاتە لەژێردەستی ئەخشیدیەکاندا بوو کەبەهێزبوونو توانیان لەڕووی ئەو دووشالاوەدا بوەستنو سەرکەون[1]. بەهۆی دەستنیشانکردنی جۆری پەیوەندی لەگەڵ هەردوولادا چەند پەیوەندیەکی دوژمنکارانەی لەگەڵ قەرمەتیەکان لەبەحرەیندا هەبوو، چونکە عەبدوڵای مەهدی بەو پێیەی پێشەوای فاتیمی بوو خواستەکانی خۆی بەسەر شوێنکەوتووەکانیدا دەسەپاندو هەستی دەسەڵاتی ڕەهای خۆی پێدەدانو لەدەستنیشانکردنو لابردنی سەرکردەکانیاندا دەستیوەردەدا، لەئەنجامی ئەم سیاسەتەدا لەنێو لقەکانی بانگەوازەکە لەڕۆژهەڵاتو نێوان سەرکردایەتی لەمەغریبدا ڕقو ناحەزیەك دروستبوو، لەڕۆژئاوا هێزە فاتیمیەکان بەرەو مەغریبی دوور چوونو لەگەڵ ئەداریسەو سنهاجیەکاندا پێکیاندادا و دەستیان بەسەر(نکور)ی پایتەختیاندا گرت، لەگەڵ ئەوەشدا سیاسەتی فراوانخوازی لەمەغریبی دوور چەند ئەنجامێکی بچووکی لێکەوتەوەو دوو بەربەست بەرەو ڕووی بوونەوە کەئەویش سیاسەتی عەبدوڕەحمانی ناصری ئومەوی لەئەندەلوسو هەڵگەڕانەوەی زەناتیەکان بوو،عەبدوڵا لەپێش مردنیدا ناچار بەڕازیبوون بەسەقامگیری خەلیفەی ئومەوی لەمەغریبی دوورو مانەوەی موحەممەدی کوڕی حەزەری زەناتی لەمەغریبی ناوەند بوو، عەبدوڵای مەهدی لەشەوی سێشەممە لە(١٥ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ٣٢٢ك/٣ی ئازاری ساڵی ٩٣٤ز)لەمەهدیە مرد[2].

---


[1] الكندي: ولاة مصر:ص٢٨٨-٢٩٦،٢٨٩، الأنطاكي: تأريخ الأنطاكي ص٦٩، إدريس، عمادالدين: السبع الخامس: ص١٢٨، ١٣٣-١٣٥.

[2] ابن عذاري: ج١ ص٢٠٨، إدريس، عمادالدين: السبع الخامس: ص١٥٥، المقريزي: اتعاظ الحنفا ج١ ص٧٢، ٧٤.

## ئەبولقاسم موحەمەد قائیم( ٣٢٢-٣٣٤ك/٩٣٤-٩٤٦ز):

ئەبولقاسم موحەمەد لەدوای عەبدولاّی مەهدی باوکی دەسەلاّتی وەرگرتو نازناوی ئاقیم بیئەمری لای وەرگرت، لەسەرەتای ژیانی سیاسیدا سەرقالّی لەناوبردنی شۆڕشەکانی ئەو والیانەی بوو کەلەدەسەلاّتی فاتیمی ڕاپەڕین بەتایبەت لەمەغریبی دووردا، لەوانە شۆڕشەکەی موسای کوڕی ئەبولعافیەی میری میکناسە کەهەر بەمردنی مەهدی زانی یەکسەر شۆڕشی دژبە دەسەلاّتی فاتیمی نوێکردەوەو لەسەرەتای سالّی(٣٢٣ك/٩٣٥ز) لەگوێڕایەلّیان خۆی دارنیو چوویە ژێر گوێڕایەلّی عەبدوڕەحمانی ناصری ئومەوی لەئەندەلوسو قەلّەمڕەوی خۆی بەسەر هەرێمی فارسو دەورووبەریدا فراوان کردو هەلّمەتی بردەسەر ئەداریسەکان لەهەرێمی ریفو وولاّتی غومارەدا.

قائیم بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکەی موسا سوپای ئامادەکردو مەیسووری سەرکردەی توانی شۆڕشەکە لەمەغریبی دوور دوور بخاتەوەو شاری فاسی گرتو چی وولاّتی داگیردەکرد لەسەر فرمانی ئاقیم دەیخستە ژێردەستی ئەداریسەکان[1]، لەوکاتەی سوپای فاتیمیەکان لەگەلّ مەغریبی ناوەندو مەغریبی دوور بۆ سەپاندنی ئارامی لەبەشەکانیاندا جەنگا شۆڕی خەواریجەکان بەسەرکردایەتی ئەبو یەزیدی موخەللەدی کوڕی کیداد لەهۆزی زەناتە لەشاری توزر لەباشووری تونس بەدیارکەوتو هێزەکانی لەسالّی(٣٣٣ك/٩٤٤ز) بەبەشەجیاجیاکانی هەرێمە فاتیمیەکاندا بلاّوبوونەوەو هەڕەشەیان لەشاری مەهدیەدەکرد[2].



مطاردة المنصور لأبي يزيد في المغرب الأوسط

[1] ابن خلدون: ج٦ ص١٣٥-١٣٦.

[2] ابن الأثير: ج٧ ص١٤٦-١٥١، المقريزي: ج١ ص٧٥و دواتر.

لەڕاستیدا ئەو شۆڕشە دەربڕی ئەو تورەییە بوو کەدڵو دەروونی خەڵکی ئەفریقیای لەهەوڵی فاتیمیەکان بۆ سەپاندنی مەزهەبی ئیسماعیلی بەسەر خەڵکدا ویڕای سیاسی توندوتیژی دارایی فاتیمیەکان بوو، شۆڕشەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار هەڕەشەی لەدەوڵەتە فاتیمی تازەپێگەیشتوو دەکردو قائیم پێش ئەوەی لەناوی ببات مرد.

قائیم وەك ئامادەکاری بۆ پەلهاوێشتن بەرەو ڕۆژهەڵات نیازی دەستگرتن بەسەر مصری هەبوو، بۆیە لەنێوان ساڵانی(٣٢١-٣٢٤ك/٩٣٣-٩٣٦ز) سوپای بۆنارد، بەڵام هەوڵەکانی شکستیان خوارد ئەوکات هەوڵیدا لەگەڵ موحەمەدی کوڕی توغجی ئەخشیدی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئەخشیدی لەمصر گفتوگۆبکاتو لێك تێگەیشتنیان هەبێتو هانیدا تالەمصر بانگەوازی فاتیمی بڵاوبکاتەوە ئەخشید ئەوکات گیرۆدەی فشاری ئەمیری میران ئیبن ڕائیقو خیلافەتی عەبباسی بوو، بۆیە فاتیمیەکان بەچاکترین پاڵپشتی خۆی دەزانی، بۆیە ووتاری بۆ عەبباسیەکان هەڵوەشاندەوەو تیایدا ووتاری بۆ قائیمی فاتیمی خوێندەوە[1].

بەڵام ئەو پەیوەندیە دۆستایەتیانە زۆر درێژەیان نەکێشاو ئەخشید لەهێرشی عەبباسی-حەمدانی بۆسەر وولاتەکەی ترسا لەکاتێکدا هەستی بەچاوچنۆکی فاتیمیەکان بۆ گرتنی مصر کرد، بۆیە بەباشتری زانی لەژێردەسەلاتی عەبباسیدا بمێنێتەوە لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دوژمنایەتیەکی لەڕووی فاتیمیەکاندا ڕانەگەیاند، پاشان قائیم سەرقاڵی ملکەچکردنی شۆڕشە ناوخۆییەکان بوو، بەتایبەت شۆڕشەکەی ئەبوو یەزید، بۆیە هۆشی بەهێرشبردنە سەر مصرەوە نەما[2]. قائیم لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٣٣٤ك/مانگی نیسانی ساڵی ٩٤٦ز)دا مرد[3].

---

[1] ابن سعيد، علي بن موسى المغربي: المغرب في حلى المغرب، السفر الرابع، القسم الخاص بمصر ص١٧٦-١٧٧.

[2] ابن خلدون: ج٤ ص٣٨-٤٠.

[3] ابن عذاري: ج١ ص٢١٨، المقريزي، اتعاظ الحنفا ج١ ص٨٢.

## ئەبەو تاهیر ئیسماعیل مەنصور(٣٣٤-٣٤١ك/٩٤٦-٩٥٣ز):

ئەبو تاهیر ئیسماعیل شوێنی قائیمی برای گرتەوەو نازناوی منصور بیللاهی وەرگرت[1]، بەدلێری‌و سەنگەریگری نەبەردانەو کارکردنە سەر دەروونی گوێگرانی بەرەوانبێژی‌و زمان پاراویەکەی‌و تواناى‌و ووتاری خێراو بەهێزناسرابوو[2].

مەنصور مردنی باوکی خۆی شاردەوە تائەوە کار لەورەی سەربازەکانی نەکات کەسەرقاڵی لەناوبردنی شۆڕشەکەی ئەبو یەزیدی خەواریجی بوون، هەوڵەکانی خۆی بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕە خستەکار ئەمە کاری کردە سەرپەیوەندیەکانی لەگەڵ مصردا کەجۆرەئارامیەك دایگرتبوو نەیتوانی ئەو شۆڕشەش لەناوببات تاپەنای برد بۆ چەند هێزێکی سەنهاجی، ئینجا ئەبو یەزید گیراو برا بۆ مەهدیەو لەوێ لە(مانگی موحەڕەمی ساڵی ٣٣٦ك/مانگی تەمووزی ساڵی ٩٤٧ز) بەکاریگەری برینەکانی مرد[3].

منصور بۆ هەمیشە مانەوەی سەرکەوتنەکانی پشتی بەدامەزراندنی پایتەختە نوێکەی(منصوریە) لەساڵی دواتردا بەست‌و لەنزیك قەیرەوان دایمەزراندو ئەو ماوەی ترسی دەسەڵاتەکەی لەرێکخستنەوەی کاروباری دەوڵەتەکەیدا بردەسەر کەشۆڕشە حەواریجیەکان یەکیان خستبوون، جا کەشتیگەلێکی گەورەی دامەزراندو لە(کۆتایی مانگی شەوالی ساڵی ٣٤١ك/مانگی ئازاری ساڵی ٩٥٣ز)دا مرد[4].

---

[1] سیرة جذور: ص٤٦-٤٧، المقریزي ج١ ص٨٩.

[2] ابن خلكان: ج١ ص٢٣٤-٢٣٥.

[3] المقریزي: ج١ ص٢٣٤-٢٣٥.

[4] ابن عذاري: ج١ ص٢٢١، ابن خلكان: ج١ ص٢٣٥-٢٣٦.

## موعیز لیدینیللاه(٣٤١-٣٦٥ك/٩٥٣-٩٧٥ك):

ئەبو تەمیم موعیز لیدینیللاه لە(لە مانگی زیلحیجەی ساڵی ٣٤١ك/مانگی نیسانی ساڵی ٩٥٣ز) وەك جێگری باوکی دەسەڵاتی گرتەدەست[1]، هەوڵیدا سەرلەنوێ قەڵەمڕەوی فاتیمی لەمەغریبی دوور بسەپێنێت لەئەنجامی ئەو ڕاپەڕینە جۆربەجۆرانەی کەدژبە نیزامەکە بەرپابوون، بۆیە سەرکردەو مەولای خۆی(جەوهەری سەقلی) بەشاڵاوێکی گەورەی سەربازیەوە لەساڵی(٣٤٧ك/٩٥٨ز)دا نارد بۆ ئەوێ‌و لەوشاڵاوەدا مەڵبەندەکانی بەرگریکاری دژبە فاتیمیەکان وێرانکرد جگەلەو مەڵبەندانەی سەربە ئومەویەکانی ئەندەلوس بوون، بەمە مەغریبی ناوەندو مەغریبی دووریشی گرتەدەست‌و قەڵەمڕەوی فاتیمیەکانی تا زەریای ئەتلەسی چەسپاند، بەڵام لەدەستگرتن بەسەر سەرسنوورە سەربازیەکانی ئومەوی بەدرێژایی گەرووودا سەرکەوتوونەبوو[2].

موعیز بەرەو شاڵاو بردنە سەر ئەندەلوس دەچوو و پێی وابوو داگیرکردنی ئەو وڵاتە دواتر وادەکات هەموو ڕۆژئاوای ئیسلامی ماکەچی فاتیمیەکان دەبێت، بەوەش جیهانی ئیسلامی بۆ دووبەش دابەش دەبوو، بەشی ڕۆژهەڵاتی سەربە خیلافەتی سوونی عەبباسی‌و بەشی ڕۆژئاوای بەسەر دەوڵەتی شیعەتی فاتیمی.

بانگەوازی فاتیمی لەئەندەلوس تەنها ژمارەیەکی سنورداری پشتیوانانی ڕاکێشا چونکە مەزهەبی سونی لەدڵ‌و دەروونی ئەندەلوسیەکاندا ڕیشەی داکوتابوو.

حوکومەتی ئومەویش لەئەندەلوس لەبەردەم چاوچنۆکی فاتیمیەکان لەمەغریب‌و ئەندەلوس دەستەوسان نەوەستاو بەچەند نەخشەو پلانێکی سیاسی‌و سەربازی بەرەنگاری پەلهاویشتنی فاتیمی بوویەوەو سنووری بۆ دانا.

موعیز پێگەی سەربازی دوورگەی سقلیەی قۆستەوە تارێ لەهەموو ئەو هەڵمەتانە بگرێت کەئومەویەکان‌و بیزەنتیەکان دەیانکردەسەر ئەفریقیا، هەروەك مەڵبەندە بەهێزەکەی لەدوورگەدا دەرفەتی پێدا تا هێرش بباتە سەر کەناراوەکانی باشووری ئیتالیا، لەدوای ئەوەی وڵاتی مەغریب کەوتە ژێردەستی موعیزو ئاسایش هەموو بەشەکانی گرتەوە، لای بەرووی مصردا وەرچەرخاند تا دەستی بەسەر دابگرێت‌و بۆ ئەمەش چەند هۆکارێك پاڵیان پێوەدەنا:

---

[1] ابن الأثير: ج٧ ص١٩٨-١٩٩، إدريس، عمادالدين: ص٢٤٤-٢٤٩.

[2] المقريزي: هەمان سەرچاوە: ص٩٣-٩٤.

• سوود وەرگرتن لەسامانو داهاتی مصر، چونکە وولاتی مەغریب بەشی پێویستی ئابووری فاتیمیەکانی دەکرد.
• گرنگی پێگە جوگرافیەکەی لەبواری سیاسیو سەربازیشەوە.
• نزیکی لەوولاتی شامو فەلەستینو حیجاز کەهەر لەسەردەمی تۆلۆنیەکانەوە سەربە مصربوو.
• دەستگرتنی فاتیمیەکان بەسەر مصردا رێخۆشکەری بۆ دەکردن تاقەلەمڕەویان بەسەر پایتەختە ئیسلامیەکانی مەککەو مەدینەو دیمەشقو بەغداد دا بلاوبکەنەوە.
• بلاوبوونەوەی بارگرژیو پشێوی لەمصر لەئەنجامی مردنی کافوری ئەخشیدی لە سالی(٣٥٧ك/٩٦٨ز)ونەبوونی کەسایەتیەکی بەهێزی ناوبنەمالەی ئەخشیدی کەشوێنی بگرێتەوە.
• خیلافەتی عەبباسی لاوازبوو بوو و قەلەمڕەوی لەوولاتی شامو مصردا دابوویە دواوە.
• موعیز بۆی دەرکەوت باروودۆخەکەی لەباکووری ئەفریقیا بەناجێگیری دەمێنێتەوە چونکە خەلکی لەوووڵاتەدا ڕقیان لەدەولەتی فاتیمیەو هۆزی کەتامە وەفاداری یەکەمی بۆ خێزانی فاتیمی نەماو دانیشتوانی مەغریبی ناوەڕاستیش بەرامبەر بنەمالەی فاتیمی توڕەبوونو تەنها وەك ئازارو تالانو بڕی سەیری فاتیمیەکانیان دەکرد، دەولەتیش دەبوو بچێتە ململانێیەکی سەخت لەمەغریبی دوور لەگەل دەولەتی خیلافەتی بەهێزی ئومەوی لەئەندەلوس.

موعیز ئەبولحەسەن جەوهەری سەقلی بۆ سەرکردایەتی ئەو سوپایە هەلبژارد کەلە(١٤ ڕەبیعولئەوەلی سالی ٣٥٨ك/شوباتی سالی ٩٦٩ز) دا نادری بۆ ڕۆژهەلاتو سوپاکە بەبێ بەرگریەکی وا چوویە ناو لە(مانگی شەعبان/مانگی تەمووز)دا دەسەلاتی گرتەدەستو دلنیایی بەخەلکەکەی داو هەولێکی زۆری بۆ ڕازیکردنی زانا مصریەکان خستەگەڕ[1].

لەڕاستیدا دەستگرتنی فاتیمیەکان بەسەر مصردا کوودەتایەك بوولە ڕوانگەی ئاینی مەزهەبیو ڕۆشنبیریو کۆمەلایەتیەوە کەگۆڕانێکی دیاری ناو نیزامی دەسەلاتی لەگەلدا بوو کەسەربەمەزهەبی ئیسماعیلی بوو، لەگەل ئەوەی فاتیمیەکان چوونە ناو مصر ڕۆلیان لەجیهانی ئیسلامی دا زیادیکرد.

جەوهەری سەقلی بەنوێنەری موعیزی فاتیمی ماوەی نزیکەی چوارسال(٣٥٨-٣٦٢ك/٩٦٩-٩٧٣ز) فەرمانڕەوایی مصری کردو ناوی لەپال ئەو هەوالانەدایە کەبۆ فراوانکردنی دەسەلاتی بەسەر وولاتی شامدا خستەگەڕو جەعفەری کوڕی فەلاحی سەرکردەی خۆی ناردو دەستیگرت بەسەر

[1] المقريزي: ج١ ص٩٧، خطط: ج٢ ص١٨٨.

ڕەملەو دیمەشق داو تیایدا ووتاری بۆ موعیز خوێندەوەو لەئەنتاکیە بەرەو ڕووی بیزەنتیەکان بوویەوەو حەمدانیەکان لەحەلەب دانیان بەدەوڵەتی فاتیمیدنا[1].

گرنگترین دەستکەوتەکانی ئەو دامەزراوە گەورانەبوون کەلەسەردەمەکەیدا ئەنجامدران، لەپێش هەموویانەوە دامەزراندنی قاهیرە کەکۆشکی مەولای خۆیو زانکۆی ئەزهەری لەوێ بنیادنا[2]، پاشان مەزهەبی ئیسماعلی لەناو مصریەکاندا بلاٌودەکردەوەو لەوێشدا پێناوە ئاشتەواییەکانی دەگرتەبەر، ووتاری بۆ خەلیفەی عەبباسی لەکارخستو لەجیاتیدا بۆ موعیزی دەخوێندەوەو بەناوی ئەوەوە دراوی لێداو پۆشینی بەرگی ڕەشی دروشمی عەبباسیەکانی قەدەغەکردو بەرگی سەوزی دروشمی عەلەویەکانی سەپاند.

کاتێك بارودۆخ بۆ بانگهێشتکردنی موعیز بۆ قاهیرە لەباربوو، جەوهەر نامەیەکی بۆ نووسی تابێت بۆ مصرو کاروبارەکان بگرێتەدەست، ئەویش لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٣٦٢ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ٩٧٣ز)دا گەیشتە مصر[3]، لەگەڵ ئەوەی موعیز گواستیەوە بۆ مصر قۆناغی یەکەمی قۆناغەکانی مێژووی فاتیمی کۆتایی پێهات.

**قۆناغی دووەم: قۆناغی هێزو فراوانخوازی(٣٦٢-٤٨٧ك/٩٧٣-١٠٩٤ز):**

أ- **سیاسەتی ناوخۆی موعیز:** موعیز لەدوای ئەوەی مصری کەوتەدەست گرنگی بەبلاٌوکردنەوەی بانگەوازی ئیسماعیلی دا لەبەرئەوەی بەلەخواترسیو دنیانەویستیو نەوازشی ناسرابوو، بۆ ئەمەیش نیزامێکی ووردی دانا تابانگخوازەکانی لەسەری بڕۆن، بەلاٌم زانی لەبەرئەوەی لەمصردا موسڵمانانی سوننەو ئەهلی زیممەهەن هەرگیز خاکێکی لەبارنیە بۆ موژدەبەری، بۆیە تەنها لەچوارچێوەیەکی سنووردارا پشتی بەبلاٌوکردنەوەی بانگەوازی فاتیمی بەست، لەجیاتی ئەمەدا کە موسڵمانانی سوننی مصر بگوازێتەوە بۆ مەزهەبی ئیسماعیلی، کەوتە ڕاکێشانی ئەهلی زیممە، بۆیە پایە بالاٌکانی دەوڵەتی پێسپاردنو کەوتە نیشاندانی درووشمە ئاینیەکانی دژبە درووشمەکانی ئەهلی سوننە وەك بانگدان بە(حي علي خير العمل)و گرنگیدان بە ڕۆژی عاشوراو جەژنی(غدیرخوم) ئەمەش لەگەڵ چەند دەستدرێژیکردنێك بۆ سەر ئەهلی سوننە ئەنجامدا کاتێك سوننەکان درووشمەکانی خۆیان لەهەنگاوێکی دژکاریدا نیشاندا، لەگەڵ ئەوەی موعیز حەزی لەژیانی ڕابواردن نەبوو، بەلاٌم

[1] الأنطاكي: ص١٤٣، ابن الأثير: ج٧ ص٢٨٠.
[2] المقريزي: ص٢٣٣، خطط: ج٤ ص٥١-٥٢.
[3] ابن خلكان: ج٥ ص٢٢٧، المقريزي: ج١ ص١٣٦.

یەکەم کەس بوو کـە کەشـخەیی‌و خۆڕازاندنـەوەو لەتبـەرزی لـەژیانی فاتیمیەکانـدا کردبـە نەریت.

ب- **سیاسەتی دەرەکی موعیز:** پاش ئەوەی قاهیرە بووبە مەڵبەندی دەوڵەت، مـوعیز کەوتەهـەوڵی بڵاوکرکدنەوەی قەڵەمڕەوی خۆی بەسەر وڵاتی حیجازدا تا دەسەڵاتەکەی لەبەردەم جیهانی ئیسلامیدا هێزوەربگرێت چونکە دەسەڵاتداری بەسەر دوو حەرەمی پیرۆزی مەککەو مەدینـەدا بەپێویستی خیلافەت دادەنران‌و لەدەست هەرکەسدا بوونایە بە خەلیفە ی ڕاستی موسـڵمانان دادەنرا بۆیە موعیز دەستی وەردایە ئەو ناکۆکیە ناوخۆیانەی کەلەحیجازدا هـەبوون‌و لەلایـەن خۆیەوە نێردراوێکی نارد تاناکۆکیەکانی نێوان بەنی حوسەین‌و بـەنی جەعفـەری کـوڕی ئـەبو تالیب یەکلابکاتەوە، پاشان حەسەنی کوڕی جەعفەری حەسەنی دەستپێشخەری کردو دەستی بەسەر مەککەدا گرت‌و لەسەر مبەرەکانی مەککەدا نزای بۆ موعیز کـرد، مـوعیزیش نامـەی بۆنارد تا بەرپرسی حەرەم‌و ناوچەکانی سەربە ئەوێ بێت، هەروەها لەمەدینە ووتار بـۆ مـوعیز خوێندرایەوەو ناوی خەلیفەی عەبباسی لەووتاری ناو هەردووشاری پیرۆزدا لابرا[1].

دەسەڵاتی فاتیمی لەووڵاتی شامدا بەرەو ڕووی سـێ مەترسـی بوویـەوە، یەکـەمیان دەرچـوونی قەرمەتیەکان بوو لەدوای ئەوەی خەڵکی شام هاواریان بردە لایان تالەدەسـەڵاتی فـاتیمی دەربازیـان بکەن، حەسـەنی کوڕی ئەحمەدی قەرمەتی کە نازناوی ئەعـسەمی هـەبوو لەگـەڵ جەعفـەری کـوڕی فەلاحی سەرکردەی فاتیمی لەگوندی(الدکـە) لـەنزی دیمەشـق پێکیـداداو بەسـەریدا سـەرکەوت‌و کوشتی قەرمەتیەکان دەستیان بەسەر دیمەشقدا گرت‌و سەرکردەکەیان فەرمانی کـرد تـا نـەفرین لـە موعیز بکرێت‌و لە ساڵی(٣٦٣ك/٩٧٤ز) درێژەی بەکشانی خۆی بەئاراستەی مـصرداو هەڕەشـەی لەقاهیرەکرد، بەڵام بەشوێن پێی خۆیدا گەڕێنرایەوە[2].

مەترسی دووەمیش دەرچوونی ئەفتکینی تورکی بـوو لەبەغـدادەوە بـۆ دیمەشـق تـا فاتیمیـەکان لەدیمەشق دەربکات، ئەوان لـەئەنجامی شکان‌و پاشەکشـەی قەرمەتیەکان لەدیمەشق دووبـارە دەسـتیان بەسەرداگرتبوویەوە، هەروەها بۆئەوەی لەدیمەشق ووتار بۆ خەلیـفەی عەبباسی بخوێنێتەوەو توانی بەبێ جەنگ بچێتە ناوشارەکەو فاتیمیەکان چوونەدەرەوە.

مەترسی سێیەمیش هەوڵی بیزەنتیەکان بوو تاقەڵـەمڕەوی خۆیـان لـەووڵاتی شـامدا بگێڕنـەوە، جاناڵـەباری بـارووذۆخی ئـەو ووڵاتـەیان قۆسـتەوەو هێرشـیان بردەسـەر دیمەشـق‌و لەبەشـەکانیدا

---

[1] المقريزي: ج١ ص٢٣٠.

[2] ابن الأثير: ج٧ ص٣١٨-٣١٩، ابن خلكان: ج١ ص٣٦١.

بلاوبوونەوەو کەوتنە تالآنو کوشتنو بڕ، ئەفتکین ماڵو سامانێکی پێدانو دووری خستنەوە[1]، هەروەك هێرشیان بردەسەر شارە کەناراویەکان، لەوکاتەدا مەترسی قەرمەتیەکان نوێبوویەوە ئەفتکین بۆ بەرەنگاربوونەوەی فشاری نوێی فاتیمیەکان بۆسەر دیمەشق پەنای بۆ قەرمەتیەکان برد، هەردوولا بڕیاریاندا بەیەکجارەکی فاتیمیەکان لەوولاتی شامدا دەربکەن، بۆیە قەرمەتیەکان هێرشانبردەسەر یافاو سیداو عەککاو مەترسیان کەڵەکەبوو و موعیزیش لەپێش سنووردانان بۆئەو مەترسیانە مرد.

موعیز گرنگی بەبەهێزکردنی دەریایی فاتیمی دا، بێگومان باری لەمصردا ناچاری دەکرد ئەوکارەبکات بۆیە کەشتی جیاجیای جەنگیو کەناروبەندەری گەورەی دامەزراندو یەکەم کەس بوو نیزامی دەریایی لەمصردا دانا[2].

موعیز لە(٧ی ڕەبیعولئاخیری ساڵی ٣٦٥ك/١٨ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٩٧٥ز)دا مرد[3].

---

[1] ابن القلاسي: ذيل تأريخ دمشق: ص٢٢.

[2] العبادي: ص٢٧٨-٢٧٩.

[3] ابن الأثير: ج٧ ص٣٣٨.

## ئەبو مەنصور نزار: عەزیز(٣٦٥-٣٨٦ك/٩٧٥-٩٩٦ز)

### کەسایەتی عەزیز:

ئەبو مەنصور نزار ناسراو بە(عەزیزبیللاه) شوێنی موعیزی باوکی گرتەوە، ئەوکات تەمەنی بیست‌و دوو ساڵ بوو، هەمان ئەو سیاسەتەی گرتەبەر کەباوباپیرانی گرتبوویانەبەر، سەردەمەکەی بەسەردەمی ئاسانی‌و پاڵدانەوەو خۆشگوزەرانی‌و چەسپاندنی پاڵپشتەکانی دەوڵەتی فاتیمی دادەنرێت ئەمەش لەسایەی یارمەتی جەوهەری سەقلی‌و وەزیر یەعقوبی کوڕی کیللیس، عەزیز کەسێك بوو حەزی بەڕابواردن‌و کەشخەیی هەبوو، دەستبڵاو و نەرمونیان بوو، زۆرجار نەرمونیانیەکەی وای لێدەکرد لەگەڵ سەرکەوتنی بەسەر دوژمنانیدا لێیان ببورێت، شارەزای گەوهەرەکان بوو، جۆرێکی نوێی مێزەرەی داهێنا کەبە دەزووی زێڕین دەنەخشێنرا، تەواو سەرقاڵی کۆرکردنەوەی باڵندەو ئاژەڵ بوو، مەستی ڕاوچێتی بوو زیرەك‌و ئەدیب بوو، چەند زمانێکی بەباشی دەزانی چەند نەریتێکی نوێی فاتیمی لەدیمەن‌و ڕێوڕەسمەکاندا دانا[1].

### هەڵوێستی عەزیز بەرامبەر بە موسڵمانە سوننەکان لەمصر:

عەزیز گرنگی بەبڵاوکردنەوەی مەزهەبی ئیسماعیلی لەمصر داو سەرکردەی تایبەتمەندی بەچەند هەنگاوێکی نەترسانەی لەو بارەیەوە هەیە، ئەو فرمانی بەدادوەران کرد تابەپێی ئەو مەزهەبە فرمانەکانیان دەربکەن‌و شیعەکانی لەپایە گرنگەکاندا داناو لەسەر کاربەدەستە سوننەکانی پێویست کرد کەدەبێت بەپێی یاساکانی مەزهەبی ئیسماعیلی بجوڵێنەوە ئەگەرنا ئەرك‌و کاریان لەدەستدەدەن، مزگەوتە گەورەکانی مصریشی کردبە چەند مەڵبەندێکی بانگەواز بۆ ئەو مەزهەبەو مزگەوتی ئەزهەری گۆڕی بۆ زانکۆیەك کەوانەی فیقهی ئیسماعیلی تێدا بوترێتەوەو کۆمەڵێك لەگەورە فیقهناسەکانیانی هەڵبژارد تا بانگەوازی فاتیمی بڵاوبکەنەوە، هەوڵیدا درووشمە عەلەویەکان نیشانبدات وەك زیادکردنی دەستەواژەی(حي علی خیر العمل) لەبانگدا وێڕای جەژن‌و بۆنە عەلەویەکان وەك ئاهەنگی ڕۆژی عاشوراو(غەدیرخوم) نوێژی تەراویشی لەهەموو مزگەوتەکانی مصردا پووچەڵکردەوە[2].

### هەڵویستی عەزیز بەرامبەر بە ئەهلی زیمە لەمصر:

---

[1] ابن میسر: أخبار مصر ج٢ ص٤٧-٤٨، ابن خلكان: ج٥ ص٣٧١-٣٧٢، المقريزي: ج١ ٢٩٤-٢٩٦، خطط: ج٤ ص٧٠-٧١.

[2] الأنطاكي: ص١٩٣.

سەردەمەکەی عەزیز بەتایبەتمەندی شوزداری بۆ ئەهلی زیممەی مەسیحیو جوولەکە هەبوو ئەو کەوتبوویە بەرکاریگەری هاوسەرە مەسیحیەکەی بۆیە بەرزیکردنەوە بۆ پایەی وەزیرو بەرزترین پایەکانی دەوڵەتی پێسپاردن یەعقوبی کوڕی کیللیسی کردبە وەزیر عیسای کوڕی فستوریش لەنێو ئەو کەسانەدا بوو کەئەو پایەیان وەرگرت پزیشکێکی مەسیحیشی هەڵبژارد کەناوی ئەبولفەتح مەنصوری کوڕی موقشیری مصری بوو مونەشای کوڕی ئیبراهیمی فیراری جوولەکەشی کردبە والی شام[1].

وەزیرو نوسەرە زیممیەکان زۆربەی کاروباری دەوڵەتیان بەدەستەوە بوو و زۆربەی دەسەڵاتەکانیان لەدەست خۆیاندا کۆکردبوویەوە، لەئەنجامی ئەو سیاسەتە لێکبووردنو نەرمونیانیەی(بۆ ئەهلی زیممە) دوو ئەنجام هاتنەکایە:

یەکەم: زیممیەکان بەدیوانەکانی دەوڵەتیان بەنوسەرانی خۆیان پڕکرنەوەو کەوتنەلێدانو فشاری خستنەسەر موسڵمانان.

دووەم: موسڵمانان بەگشتی لەوبارە بێزاربوون کەئەوانە پایەکانی دەوڵەت بەن بۆ خۆیانو سکاڵایان بردەلای عەزیز، عەزیزیش هەستی بەمەترسی ئەو سیاسەتە ئایینیە بۆسەر دەسەڵاتەکەیو شانشکۆی ئیمامەتی مەزهەبی خۆی کرد، بۆیە لێیان هەڵگەڕایەوەو هەموو زیممیەکانی ڕاوەدوونا.

**سیاسەتی دەرەکی عەزیز:**

پێشتر باسمان لەکەڵەکەبوونی مەترسی ئەفتکینو قەرمەتیەکان لەووڵاتی شامو دەستەوسان وەستانی موعیز لەملکەچکردنیان کرد، کاتێك عەزیز کاروباری دەسەڵاتی گرتەدەستو لەدوای دەستبەتاڵبوونی لەچەسپاندنی باری ناوخۆیی خۆی، لای بەڕووی ووڵاتی شامدا وەرچەرخاند تابیگێڕێتەوە، بۆئەمە نامەی بۆ ئەفتکین لەدیمەشق نووسیو بەلای خۆیدا ڕایکێشاو بەڵێنی پێدا تائەگەر دیمەشق چۆڵبکات دەستگرۆییەکی باشی بکات، ئەویش بەڕەقی وەڵامی دایەوە، عەزیز بەوە تووڕەو بێزاربوو و لەساڵی(٣٦٥ك/٩٧٦ز) بەسەرکردایەتی جەوهەری سەقلی شالاوێکی سەربازی بۆ دیمەشق نارد تائەفتکین لەوێ دەربکاتو جەخت لە دەسەڵاتی فاتیمیەکان بکاتەوە، لەنێوان هەردوولادا جەنگێك ڕوویداو سەرکەوتنی جەوهەری لێکەوتەوە، ئەفتکین پەنای بۆلای حەسەنی کوڕی ئەحمەدی قەرمەتی برد، ئەویش هێزێکی سەربازی بۆنارد، جەوهەرزانی ناچارە بەرەووڕووی هەردووکیان بوەستێتەوەو بارەکەی سەخت بوو، بۆیە پێی باشبوو گەمارۆی سەردیمەشق لابباتو

---

[1] ابن ظافر الأزدي: تأريخ الدول المنقطعة: ص٣٨-٤٠، اب الصبري: تأريخ الزمان ص٧٠، المقريزي: ج١ ص٢٨١، ٢٨٣، ٢٩٢-٢٩٣، الأنطاكي: ص١٨٢.

نیش بۆ تێکدانی نێوانی هاوپەیمانێتیەکە بکاتو ئەفتکینی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو دواتر گەڕایەوە بۆ قاهیرە تاباسی ڕاستی بارەکە لەوولاتی شامدا بۆ عەزیز بکات، عەزیز خۆی چوو وولاتی شامو لە(موحەڕەمی سالی ٣٦٨ك/ئابی سالی ٩٧٨ز)دا هێزەکانی هاوپەیمانێتیەکەی تێکشانکدو ئەفتیکی بەدیل گرتو حەسەنی کوڕی ئەحمەدیش توانی ڕابکات[1].

لەڕاستیدا سیاسەتی دەولەتی فاتیمی ئامانجی ئەوەبوو دەست بەسەر هەموو وولاتی شامدا بگرێتو بەدوای ئەوەشدا مەزهەبی ئیسماعیلی بلاوبکاتەوە، جاپێویستبوو لەگەل ئەو هێزەجیاوازانەدا پێکدابدات کەلەسەر دەسەلات ململانێیان بوو تیایدا وەك بەنی جەراح لەفەلەستینو حەمدانیەکان لەحەلەبو دەولەتی عەباسی کەلەسەر دژایەتیو ڕکەبەری فاتیمیەکان سووربوو دەولەتی بیزەنتی کەچاوی بڕیبوویە گێڕانەوەی وولاتی شام، بۆئەمە بەنی جەراحی ملکەچکردو دەغفەلی کوڕی مەفرەجی تائی سەرکردەیان ڕایکرد بۆ ئەنتاکیەو پەنای بۆلای فەرمانڕەوای بیزەنتی ئەوێ برد[2].

عەزیز لەڕووی هەولی بیزەنتیەکان بۆ گێڕانەوەی وولاتی شام وەستاو دەستی وەردایە کاروباری حەلەب کەلەژێردەستی حەمدانیەکاندا بوو تائەوانەی لێدووربخاتەوە، لەنێوان هەرسێ لادا ململانێیەك بەڕێوەچوو کاتێك سەعیدو دەولەی حەمدانی ئەمیری حەلەب زانی ململانێ لەگەل عەزیزدا ڕێگە بۆ بیزەنتیەکان خۆشدەکات تادرێژەبەهەلمەتو خواستەکانیان بدەن، ئەوەی پێ باشتربوو لەگەل فاتیمیەکاندا ئاگربەست بکاتو هەردوولا ڕێککەوتنو بەپێی پەیماننامەکە ئەمیری حەمدانیو لوئلوئی وەسی ئەمیر دانیان بەدەسەلاتی عەزیزدانا[3].

لەدوای ئەو پەیماننامەیەوە عەزیز بانگەوازی بۆ جیهانی دژبە بیزەنتیەکان کردو سوپایەکی گەورەی بۆ جەنگان لەگەلیان ئامادەکردو نیازی هەبوو حەلەب بخاتە ژێر دەسەلاتی ڕاستەوخۆیو ئەو پەیماننامەیە تێپەڕێنێت کەلەگەل حەمدانیەکاندا بەستبووی، بەلام پێش ئەوەی ئەو ئامانجە بەدیبهێنێت لە(٢٨ ڕەمەزانی سالی ٣٨٦ك/١٤ی تشرینی یەکەمی سالی ٩٩٦ز)دا مرد[4].

سەبارەت بەقەلەمڕەوی فاتیمی لەمەککەو مەدینە بەدرێژایی سەردەمی عەزیز ناجێگیربوو جانەمیری حاجی عێراق لە سالی(٣٨٠ك/٩٩١ز) بانگەوازی بۆ عەزدو دەولەی بوەیهی کرد،

---

[1] ابن القلانسي: ص٣٠-٣٥، الأنطاكي: ص١٧٩-١٨٢.

[2] ابن الأثير: ج٧ ص٣٧٦-٣٧٧.

[3] ابن القلانسي: ص٧٣، الأنطاكي: ص٢٢٩-٢٣٠.

[4] الأنطاكي: ص٢٣٥، المقريزي: ج١ ص٢٩١.

عەزیزیش ناچاربوو هەڵمەتێك بنێرێت و گەمارۆی هەردوو شاری پیرۆزبدات و ووتار بۆ فاتیمیەکان بگێڕێتەوەو بانگەواز بۆ عەبباسیەکان بپچڕێنێت[1].

پەیوەندی لەگەڵ خیلافەتی عەبباسیدا سیفەتێکی سیاسی هەبوو و ئاڵوگۆڕی نامە لەنێوان عەزدو دەولەی بوەیهی کەدەستی بەسەر تواناکانی خیلافەت لەبەغدادا گرتبوو و نێوان عەزیزدا بەڕێوەچوو، عەزیز نێردراوێکی نارد بۆ بەغدادو هیچ هەوڵێکی بۆ تێکچوونی لەگەڵ خیلافەتی عەبباسیدا نەخستەگەڕ هیچ هەڵوێستێکیشی لەپێناو بڵاوکردنەوەی بانگەوازی عەبباسی لەعێراقدا پشتگوێ نەخست، جا لەموصڵ و لەسەردەستی ئەبو دەردا موحەممەدی کوڕی موسەیی عوقەیلی ئەمیری موصڵ لەساڵی(٣٨٢ك/٩٩٢ز)دا بانگەوازی بۆکرا[2].

---

[1] ابن خلدون: ج٤ ص١٠١.

[2] ابن خلدون: ج٤ ص٢٤٥-٢٥٥، المقريزي: ج١ ص٢٧٤.

## ئەبو عەلی مەنصور: حاکم( ٣٨٦-٤١١ك/٩٩٦-١٠٢١ز):

**باری سیاسی لەمصر لەسەرەتای سەردەمی حاکمدا:**

ئەبو عەلی مەنصورەو نازناوی حاکم بیئەمریلای لەخۆی نا، لەورۆژەی عەزیزی باوکی مرد دەسەلاتی گرتەدەستو تەمەنی یانزەساڵ و چەند مانگێك بوو[1]، بۆیە پەروەردەکەرو مامۆستاکەی(بەرجوانی خادمی سەقلەبی)بوو بە وەسی حاکم[2]، ئەو یەکێك لەو کەسایەتیانەبوو کەناوکۆکی گەیاندە ئەوپەڕی ڕێ، ئەو بەدوو شێوە کەسایەتیو ناسەقامگیریو سۆزداریو دڵڕەقیو چەند تۆمەتێکی تر تۆمەتبار کراوە.

بەلام لەلایەکی ترەوە بەگەسێکی بوێرو سەخاوەتمەندیو لێکبووردن تا هەندێ جاریش بەهەلکەوتەیی وەسف کرا، لەراستیدا چاکتر وەسف بۆی ئەوەیە کە ئەو هەوڵی دەدا لەنێوەندی زۆری گرفتە ناوخۆییەکاندا دەسەلاتی خۆی بپارێزێتو بەچاکترین شێوە چارەسەری کێشەکان بکات.

لەسەرەتاکانی سەردەمەکەیدا ڕکەبەری لەسەر قەلەمڕەو لەنێوان مەغریبییەکانو ڕەگەزە ڕۆژهەلاتیەکانی دەیلەمو تورکەکاندا کەبەجۆرێك هاوسەنگی نێوان ئەو ڕەگەزانەی لەخزمەتکردنیاندا بوون فاتمیەکان پشتیان پێبەستبوون دەرکەوت، کەتامیەکان کەریشەی دەوڵەت بوون کەمی تەمەنی حاکمیان قۆستەوەو پاکتاوی سوپایان لەڕەگەزە ڕۆژهەلاتیەکان بەسەردا سەپاندو شەیخی کەتامە ئەبو موحەمەد حەسەنی کوڕی عەماریان لەپایەی نێوەندیدا دانا کەزیاتر لەوەزارەت دەچوو بەلام ئەو پایە نەبوو[3].

پەرچەکرداری خێرا لەلایەن ڕەگەزە ڕۆژهەلاتیەکانەوە هات کەلەگەڵ برجوانی خادمدا هاوپەیمانییان بەستبوو جالە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٣٨٧ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ٩٩٧ز)دا ئیبن عەماریان لابردو برجوانیان لەشوێنیدا داناو ئیبن عەممار ناچاربوو ڕابکات[4]. برجوانی خادم بەسەربەخۆیی کاروباری وولاتی گرتەدەست، بۆبەهێزکردنی باری ئیبن عەمارو مەغریبیەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو دەستە سەربازێکی بۆ خۆی پێکهێنا کەفرمانیان لێوەردەگرت، هەروەك مووچەی

---

[1] المقريزي: ج١ ص٢٩١-٢٩٢.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] ابن الصيرفي: الأشارة إلى من نال الوزارة: ص٢٦، ابن القلانسي: ص٨٠-٨١.

[4] الأنطاكي: ص٢٣٩-٢٤٠.

سوپای زیادکرد، بەڵام پاش ماوەیەك دەسەڵاتی خۆی قۆستەوەو کەوتە ستەمکردن لەهاوڵاتیانو کەوتە قەشمەریکردن بەحاکم تانەوەی تورەیکردو هانیدا[1].

حاکم کەگەیشتبووە قۆناغی هەرزەکاریو بەرەو قۆناغی گەنجی دەچوو و دەگەیشتە پانزە ساڵی هەستیکرد دەسەڵاتەکەی لەگەڵ بوونی ئەو نێوەندەدا داگیرکراوە، بۆیە هۆشی بەبەردا هاتەوە کەئێستا کاتی ئەوەیە خۆی پەیڕەوی دەسەڵاتەکانی بکات لەئەنجامی ئەمەدا لە(مانگی ڕبیعولئاخیری ساڵی ٣٩٠ك/مانگی ئازاری ساڵی ١٠٠٠ز)دا پیلانی بۆ کوشتنی بەرجوان داناو پاڵپشتەکانی بەرجوانی لەپیاوانی سوپاو کۆشکدا لەناوبرد[2].

حاکم بڕیاریدا بۆ لەناوبردنی ئەو ڕەگەزانەی لەسەر حسابی سەلاحیاتی ئیمام چاویان لەقەڵەمڕەو بوو لەسەر نەخشەو پیلانی خۆی بڕوات، بۆیە لە(مانگی شەوالی ساڵی ٣٩٠ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ١٠٠٠ز)دا ئیبن عەمماری لەگەڵ هەندێك لەپاڵپشتو یاریدەدەرەکانیدا کوشت ئەمە کەتامیەکانی ترساند[3].

بەوجۆرە حاکم دەسەڵاتە براوەکەی لەدەستی چاوچنۆکان گێڕایەوەو بەو هەڵسوکەوتەی سەلماندی کەبەلێزانیو فێڵزانی بەسەر دوژمنەکانیدا زاڵدەبێتو بەدەستێکی ئاسنین دەسەڵاتی گرتەدەستو ڕێبازێکی نوێی لەهەڵسوکەوتی سیاسیدا دارشت کەدەبوویە هۆی پارێزگاریکردنی دەسەڵات بەتەنها بۆ ئەو و بڵاوکردنەوەی بانگەوازی فاتیمی لەبەر فراوانترین ڕووبەری گونجاوو بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووریدا.

**سیاسەتی گشتی حاکم:**

حاکم ویستی نێوان ژیانی پەڕپوتی خۆی کەخۆی هەڵبژاردبوو و کەشخەیی دەسەڵات دووربوو و نێوانی چەمکە سیاسیەکانی سەردەمەکەی کەلەسەر دەسەڵاتی ڕەهای تاك وەستابوو بگونجێت، ئەمە وایکرد بکەوێتە هەڵوێست جیایی، ئەمڕۆی لەدوێنێی جیابوو، بەیانی لەئەمڕۆ نەدەچوو، بڕیارێکی دەداو پاش کەمێك هەڵیدەوەشاندەوە، ململانێ لەسەر قەڵەمڕەو کەلەسەرەتای ژیانی سیاسیدا هەبوو و بێبەشبوونی لەدەسەڵاتی خۆی لەسەر دەستی بەرجوانو ئیبن عەمارو پاشان سەرکەوتنی لەگێڕانەوەی ئەو دەسەڵاتەی کاریگەری لەسەر ئەو دەروونەی هەبوو کەبەرەو بەکارهێنانی کوشتنی وەك پێناوێکی دەسەڵات بۆ ڕزگاربوون لەمانە دەبرد:

---

[1] ابو شجاع: ذيل تجارب الأمم ج٣ ص٢٢١، ابن الصيرفي: ص٢٧.

[2] ابوشجاع: ج٣ ص٢٣٠-٢٣٢، ابن الصيرفي: ص٢٧، الأنطاكي: ص٢٤٩.

[3] الأنطاكي: ص٢٣٩-٢٤٠.

• گومانی لەپشتیوانیو هۆگری هەبوایە لەگەڵ ئەوەی سووربوایە لەسەر ئەوەی کەس بەسەر دەسەڵاتیدا زاڵ نابێت.
• لەگەڵ ئەوەی لەدوای گەندەڵبوونی کارگێڕی هەوڵی چاکسازی کاروباری دەوڵەتی دەدا ماڵوسامانی گشتی دابوویە بەر گاڵتەو بەفیڕۆی دەدا ئەمە بوویە هۆی ئەوەی حاکم کەسێکی وابێت هەمووان لێی ڕابکەن، جا چەند کوشتوبڕێکی دڕندانەی توندوتیژ ڕوویدا، شیاوی باسە زۆربەی قوربانیەکانی لەو کەسە سیاسیانەبوون کەلەدەوڵەتدا جێبەجێ کاربوون، ئەمە بەڵگەیە لەسەرئەوەی ئامانجی کوشتنەکانی بەتەنها سیاسی بوونو وەك پێناوێکی دەسەڵاتداری بەکاریدەهێنا.

وێڕای کوشتنی بەرجوانو ئیبن عەممار باسی ئەمانەش دەکەین کەلەناو ئەو کەسانەدابوون حاکم کوشتنی:

• ئەبو تەمیم سەعیدی فارقی پەروەردەکەری، حاکم لە(کۆتاییەکانی ساڵی ٣٩١ك/پاییزی ساڵی ١٠٠١ز)دا بەهۆی دەستوەردانی لەکاروباری دەوڵەتو خوێندنەوەی نووسینەکان لێیداو کوشتی.
• وەزیر فەهدی کوڕی ئیبراهیمی مەسیحی، لە(مانگی جەمادییلئولای ساڵی ٣٩٣ك/مانگی ئازاری ساڵی ١٠٠٣ز)دا کوشتی[1].

پاڵنەری کوشتنەکەی ئەوەبوو کەفەهد ئامادەنەبوو موسڵمان بێت، پێدەچێت سەرخستنی مەسیحیەکانو پێدانی پایەکانی دەوڵەت پێیان پاڵنەرێکی تر بووبێت، یان چالاکی کوشتنەکەی لەئەنجامی پاشملەی باسکردنی هەندێك نووسەر بووبێت کەویستبێتیان خۆیان شوێنی ئەو بگرنەوە.

• دادوەر حوسەینی کوڕی نوعمان لە(مانگی موحەڕەمی ساڵی ٣٩٥ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١١٠٤ز)دا کوشتی، لەدوای ئەوەی بۆ سەلما کەلەهەندێك کاری دادوەریدا گەندەڵیو ساختەکاری ئەنجامداوە، ئەو دادوەرە جێی تووڕەیی خەڵك بوو تائەوەی هەندێکیان دوژمنایەتیان لەڕوویدا نواندو لەسەردەمی ئەودا باری دادوەری شێواو لەئاسۆوە نیشانەکانی فیتنەو ئاژاوە دەرکەوتنو لەنێوان دادوەرو سکاڵاکاراندا پشێوی کەوتەوە.
• سەرکردەی سەرکردەکان حوسەینی کوڕی جەوهەری سەقلی لە(مانگی جەمادیلئاخیری ساڵی ٤٠١ك/کانوونی دووەمی ساڵی ١٠١١ز)دا بەهۆی ئەو کۆڕی مەیخواردنەوانە کوشتی

---
[1] هەمان سەرچاوە: ص٢٥٢.

کەلەکۆشکەکەیدا لەسەر نیل دەیپەستو لەیەکێك لەشەوەکانیدا بووبە هۆی خنکانی ئەبو یەعقووبی کوڕی نستاسی هاوڕێو پزیشکی کاتێك بەسەر خۆشی لای حوسەین چوویە دەر.

• دادوەری دادوەران مالیکی کوڕی سەعیدی فارقی، لە(مانگی ڕەبیعولئاخیری سالی ٤٠٥ك/مانگی تشرینی یەکەمی سالی ١٠١٤ز) بەهۆی تۆمەتبارکردنی بەهۆگریو هەواداری ستولملیکی خوشکی حاکم کەحاکم ڕقی لێبوو کوشتی[1].

حاکم لەچاودێری پیاوانی دیوانەکاندا کەنووسەران بوون باری توندکردەوەو لەسەر کارەکانیان لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکردن، زۆربەی ئەوانە لەئەهلی زیمەبوون، زۆرێکیان لەبەر تۆمەتباربوونیان بەلادان لەفرمانەکانو ئەو حوکمە توندو یەکلایانەی.جارجار حاکم دەریدەکردن تووشی کوشتن دەبوون[2].

حاکم لەڕێگەی مالبەخشینو نازناو پێدانەوە پێناوی ڕاکێشانی بەکاردەهێنا تا کەس بیر لەدەرچوون لەدەسەلاتی نەکاتەوە یان ڕەخنە لەشێوەو ئسلوبی گشتی لەدەسەلاتدانەگرێت.

**دیدە ئایینیەکانی حاکم:**

حاکم سەرکردایەتی دەولەتی فاتیمی دەکرد کەمەزهەبی ئیسماعیلی هەبوو فاتیمیەکانیش پێیان وابوو مەزهەبەکەیان مەزهەبی دروستی ئیسلامە، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو ئیش بۆ بلاوکردنەوەی لەناو مصریەکانو گۆڕینی دەزگای ڕەسمی دەولەت بۆ مەزهەبەکەیان بکەن، جا لەدادەوەریو فەتوادا تەشریعی سونییان گۆڕی بەتەشریعی ئیسماعیلیو لەڕێکخستنی میراتەکاندا بەپێی مەزهەبی ئیسماعیلی گۆڕانیان کردو هەندێك تایبەتمەندی مەزهەبەکەیان هێنایە ناو بۆنە ڕەسمیە ئاینیەکان.

کاتێك هەستیان بەتوندوتۆڵبوونیان لەمصردا کرد، کەوتنە بلاوکردنەوەی بیروباوەڕەکانیان لەنێو مصریەکاندا بەو ئامانجەی بیانگۆڕەن بۆ مەزهەبی ئیسماعیلی لەڕاستیدا پالنەری ئەو هەنگاوە ئەوەبوو کەعەبباسیەکانو قەرمەتیەکانو ئومەویەکانی ئەندەلوس کەدوژمنانی فاتیمیەکان بوون لەنێو مصریەکاندا دەکەوتنە تانەدانو گومان نانەوە لەڕەچەڵەکیان، ئەمەش ئەو بنەڕەتە شەرعیەبوو کەئەوان دەولەتەکەی خۆیانیان لەسەر بنیاد نابوو.

لەسەردەمی حاکمدا کەخۆی بەبەرپرسی بلاوکردنەوەی مەزهەبەکە لەناوخۆو دەرەوەی مصردا دەزانی گوڕوتینی ئاینی گەیشتە ئەوپەڕ، حاکم بەشێوەیەك کەهیچ سەرکردەو پێشەوایەکی پێش خۆی نەیانوێرابوو کەوتە تەشریعانی بڕیارانەی ئاینیو بانگەوازی ڕێکخستو کۆڕەکانی دانایيو

[1] الأنطاكي: ص٣١١، المقريزي: ج١ ص١٠٦-١٠٧.

[2] الأنطاكي: ص٢٥٢، ٢٧٧.

حیکمەتی کردبە پێناوێکی بڵاوکردنەوەی مەزھەبەکە، ھەندێك جاریش بۆئەوەی والەخەڵکی بکات ئەو مەزھەبە وەربگرن فشارو توندی بەکاردەھێناو جارجارەش وازی لێدەھێنان تابە ئازادی بیروباوەڕی خۆیان ھەڵبژێرن‌و فرمانی پێدەکرن تانەچنە مشتومڕە ئایینیەکانەوە.

حاکم تایبەتمەندیەکانی مەزھەبی ئیسماعیلی نیشانداو فرمانیکرد تابانگدەران لەبانگەکەیاندا ئەم دەستەواژەیە زیادبکەن(أشهد أن محمداً وعليا خير البشر)[1] و لەنزادا، کاتەکانی نوێژیشی ڕێکخست‌و بەپێی ڕۆژی عەرەبی دایناو شێوەی ھەتاوی لابرد، ئەمە بووبەھۆی گۆڕانی کاتەکانی نوێژ.

حاکم ھیچ ڕێزی ھەست‌و سۆزی ئەھلی سوننەی نەگرت‌و لە ساڵی(٣٩٥ك/١٠٠٥ز)دا فرمانیکرد تا جنێو بەھاوەڵانی(ﷺ) بڵێن‌و ئەوەیش لەسەر دیواری مزگەوتەکان‌و(الجامع العتيق)و دەرگای بازاڕو دوکانەکان‌و جادەو کۆڵانەکان ھەڵبواسرێت، خەڵکی لەوکارەی بێزاربوون، ووتاربێژان لەھەموو مینبەرەکانی مصرەوە جنێویان بەھاوەڵان(ﷺ) دەوت[2].

ئەو شۆڕشە توندەی لە ساڵی(٣٩٦ك/١٠٠٦ز) بەسەرکردایەتی ئەبو ڕکوەی ئومەوی لەھەرێمی بەرقە دژبە حاکم سەریھەڵداو دخەریکبوو دەسەڵاتەکەی لەناوبات کاریگەریەکی زۆری کردە سەرحاکم تا سەردانەوێنێت‌و لەگەڵ ئەھلی سوننەدا لەدوای ئەو نەرمیەك بنوێنێت، کاتێك زانی سوپا ناتوانێت بەرەنگاری شۆڕشەکە بێتەوە خەلکی فستان پاڵپشتیان کردو ئەویش وەك دانان بەفەزڵ و گەورەییاندا بۆ ساڵی دواتر قسەوتن بەھاوەڵانی لەکارخست‌و ڕێگەیدا چەند دروشمێکی سوننەکان کەخۆی‌و پێشینەکانی قەدەغەیانکردبوون پەیڕەوبکرێت[3]، سیاسەتی نەرمی نواندن نزیکەی سێ ساڵ بەردەوامبوو و دواتر لەکتوپڕێکدا گۆڕا، جا لە ساڵی(٤٠١ك/١٠١١ز)دا فرمانیکرد دەستەواژەی(حي على الخير العمل) بۆ بانگ زیادبکرێت‌و نوێژی چێشتینگاو تەراو یحیشی لابرد.

ھەڵسوکەوتی حاکم لەگەڵ ئەھلی زیمەی مەسیحی‌و جوولەکەدا سیفەتی گۆڕانی ھەبوو، دیاری ئەو پایە باڵاکانی دەوڵەتەکەی دایە دەست ئەوان چونکە لەکارووبارە کارگێڕیەکاندا پێویستی بەئەزموونیان ھەبوو، بەڵام لە ساڵی(٣٩٥ك/١٠٠٥ز)ەوە کەوتە توندی نواندن لەھەڵسوکەوتکردن لەگەڵیانداو بەتایبەت کڵێسەی مەلیکانی لەخاکی خۆیداکرد ئامانج‌و دەستی بەسەر ماڵ‌و سامانی دایکە مەلکانیەکەیدا گرت‌و زۆرێك لەبۆنە ئایینیە ڕێپێدراوەکانی کەنیسەی لابرد، لە ساڵی(٤٠٠ك/١٠١٠ز)دا پلانی بۆ کوشتنی ئەرسانیوسی خاڵی کەبەیەکتری مەلکانی

---

[1] ماجد، عبدالمنعم: الحاكم بأمرالله الخلفية الفاطمي المفتري عليه، ص٨٦.

[2] ابن خلكان: ج٥ ص٢٩٣، المقريزي: خطط ج٤ ص٧٢.

[3] ابن خلكان: ج٥ ص٢٩٣، المقريزي: ج٤ ص٧٣، المقريزي: اتعاظ الحنفا ج١ ص٧٨.

ئەسکەندەریە بوودانا[1] و فرمانیکرد چەند کلێسەیەکی مەسیحی وێرانبکرێن، لەوانە کلێسای(القیامة) لەبەیتولمەقدیس کە ئورستیمی بەتریکی مەلکانی کەخالۆیەکی تری بوو بەتریکی ئەوێ بوو، دیارە ئەو هەنگاوی هێرشبردنە سەر مەلکانیەکان بۆ ئەوەبوو زۆرینەی قبتیەکان لەمصردا بۆلای خۆی رابکێشێت، دوای ئەو بەگشتی فشاری لەسەر هەموو مەسیحیەکان دروستکردو ملکەچیکردن کە پۆشاکێك بپۆشن کەلە موسلمانانیان جیابکاتەوەو رێی پێنەدان بچنە حەمامی موسلمانانو فرمانیپێکردن تاخاچی تەختە لەملبکەنو یەك باڵ درێژو کێشی پێنج رەتلی هەبێت، هەروەك جوولەکەکانی پەیوەستکرد تا قەرمیە لەملبکەنو ئەهلی زیمەی بەگشتی سەربەستکردن کەئایا ئیسلام هەڵدەبژرێن یان دەچن بۆ وولاتی بیزەنتیەکان، دواتر لەکۆتا رۆژەکانی دەسەڵاتیدا ئەو فشارەی کەمکردەوە[2].

لەخواترسی زۆری حاکمو چوونە ناو جیهانی نوێی فەلسەفەی رۆحی بەتایبەت لەرێکخستنو بلاوکردنەوەی بانگەوازی فاتیمیدا وایدەکرد شوێنکەوتەکانی لەرێزگرتنی کەسایەتیدا زیادەڕەوی بکەنو هێندەی نەبرد شوێنەوارە مادیەکانی لەشێوەی بانگەوازی نەترسانە بۆ بەپیرۆزدانانی حاکم دەرکەوتو بەکەسێکی سەروو مرۆڤیان دادەناو زیادەڕەویەکە گەیشتە ئەو ئاستەی بەخوایان دەزانی.

ئەم زیادەڕەویە لەلایەن کۆمەڵێك زێدەڕۆی فارسی ئیسماعیلیەوە روویدا کەلەساڵی(٤٠٨ك/١٠١٦ز) لەمصردا دەرکەوتنو بانگەوازیان بۆ بیرۆکەی خوایەتی حاکم دەکرد، ئەویش هەڵوێستی دژی لەرووياندا نەنواندو پاڵپشتو چاودێریشی دەکردنو پێی خۆشبوو خەڵکی لەدەوری کۆببنەوەو لەدەوری خۆیدا لەروانگەی مەزهەبێکی نوێدا کۆببنەوە کەبەناوی یەکتاپەرستیەوە ناسرابێتو ناوی موەحیدین لەشوێنەکەوتەکانی بنرێت، لەو بانگخوازە توندانەی کەلەو بزوتنەوەیەدا رۆڵێکی گەورەیان هەبوو: حەسەنی کوڕی حەیدەرەی ناسراوبە(ئەخرەم)و موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل ئەنوشتکینی درزیو حەمزەی کوڕی عەلی کوڕی ئەحمەد لبادی زوزنی[3].

**تەشریعاتە کۆمەڵایەتیەکانی حاکم:**

حاکم چەند تۆمارێکی کۆمەڵایەتی دەکرد کەلایەنێکی ژیانی خەڵکی لەخۆدەگرتو لەگەڵ خواستەکانی خۆیو نەخشە ئابووریەکانیو رێنمایەکانی ئیسلامیشدا دەگونجا بەهۆی ئەوەی تەواو

[1] الأنطاكي: ص٢٨٣.

[2] المسبّحي، عزالملك محمد بن عبيد: اخبار مصر ص٩٧، الأنطكي: ص٣٣٧.

[3] الأنطاكي: ص٣٣٤-٣٣٦، ٣٤٢.

فێری هاتووچۆی شەوان بووبوو لەشەواندا کۆڕی دەبەست، لە ساڵی(٣٩١ك/١٠٠١ز) فرمانیکرد تا بەشەوان لەسەر هەموو بازاڕەکانو دەرگای کوچەوکۆڵانەکان لەهەموو شەقامەکانی قاهیرەو فستات چرا دابنرێتو نیز هەموو کڕینو فرۆشو کارەکان لەشەودا ئەنجام دەدران.

لەئەنجامی ئەمەدا خەڵکی لەسنوور دەریکردو کەوتنە ڕابواردنو زێدەڕۆیی لەبەدڕەوشتیو سەرخۆشیدا، ئەمە حاکمی هاندا تافرمانی قەدەغەکردنی هاتنەدەرەوەی ئافرەتان بەشەودا دەربکات تاکەمێك لەهۆکارەکانی ئەو فیتنەو ئاژاوەیە کەمبکاتەوە، پاشان ڕێی پیاوانیش گرت بەشەودا چایخانەکان بکەنەوەو کۆببنەوەو هەمووکارو کڕینو فرۆشەکانی شەوی پوچەڵکردنەوە، هەروەك ڕێی بەئافرەتان نەدا لەماڵی خۆیان بچنەدەرەوەو لەتەعزێو شوێنەکاندا کۆببنەوەو سەردانی گۆڕستان بکەن، دیارە ئافرەتی مصری لەوکاتەدا چەند نەریتێکیان هەبوو وەك خستنەڕووی لەشولارو چوونەدەرو نیشاندانی دەموچاوی خۆیان بەدوای مردووداو دانیشتن لەبەردەم ماڵەکانیاندا لەسەر ڕێگەگشتیەکانو تێکەڵبوون بەپیاوان لەبازاڕەکانو نەنوستنو هاتوچۆ بەشەوانو خۆیەکلاکردنەوە بۆ گۆرانیو دەهۆڵو زوڕنا، حاکم فرمانی بەقەدەغەکردنی گۆرانیو ڕابواردن کرد تارەوشت بپارێزرێت، هێرشبرایە سەر ناوچەکانو بەشەکانی قاهیرە پاککرانەوە، فرمانیکرد تابکەونە شوێن سەگو لەهەر کوێدا سەگ بینرا بیکوژن جگە لەسەگی ڕاوکردن، دیارە کوشتنی سەگ لەبەر چەند هۆکارێکی تەندروستی بوو، ئەمەوێڕای کوشتنی بەرازەکان، نەیهێشت مەی دروستبکرێتو بفرۆشرێتو نابێت گای لەشساغ جگە لەڕۆژانی جەژندا سەرببڕێت، ئەمە بەئامانجی پاراستنی سەروەتو سامانی ئاژەڵی، هەروەك فرمانی دەرکردن تاهەندێك خۆراك قەدەغەو حەرام بکرێت[1]، وەك ترمسو قرەو ملوخیەو ماسی بێ(صدف).

ئامانجی ئەو ئەوەبوو خۆراکە پێویستیەکانی قاهیرە بەتایبەت زیادبکرێنو هانی بەرهەمهێنانی داڕماوی کشتوکاڵی بدات، کشتوکاڵی گەنم لەمصردا بەشی دانیشتوان نەبوو، نانیشی خۆراکی سەرەکی بوو، بۆیە دەبوو گەنم بۆ دروستکردنی مەی کەلەئیسلامدا قەدەغەیە بەکارنەیەتو کشتوکاڵی مێوو ترێی وێرانکردو لەجیاتیدا کشتوکاڵی گەنمی بەرەوا زانی، حاکم لەبەرئەوەی زەوی لەچاندنی خۆراکی ترێ زیانبەخشتر ڕێی لەخواردنی قرەو ملوخیەگرت، سەبارەت بەماسی بێ سەدەف کەبە(دلینس) ناسراوە چونکە لەچڵپاوەکاندا دەژێت وتیان بۆئەوەی لەسەر

[1] الأنطاكي: ص٢٥٣-٢٥٤، ابن خلكان: ج٥ ص٢٩٣، عنان: ص١٣١.

ماددەنیشتوەکانی خوارەوە برژێت چەند ڕێڕەوێك لێدەدات بۆیە ئەم ماسیە ئیشی پاککردنەوەی ئاوەڕۆ ئاویەکانی هەیە[1].

**سیاسەتی دەرەکی حاکم:**

١- **پەیوەندی لەگەڵ عەبباسیەکاندا:** لەگەڵ ئەوەی بوەیهیەکان تواناکانی خیلافەتی عەبباسیان بەدەستەوە بوو، بەڵام لەسەرەتاوە هیچ یارمەتی فاتیمیەکانیان نەدا، بەڵام بەدرێژایی دەسەڵاتیان لەعێراقدا ئەو مەزهەبی شیعەیان هاندەدا کەهەیانبوو، فاتیمیەکان لەلایەن خۆیانەوە لەپێناو بڵاوکردنەوەی بانگەوازی فاتیمی لەعێراق هەموو هەوڵێکیان بەکارخستو حاکم توانی قەرواشی عوقەیلی لە ساڵی(٣٨٢ك/٩٩٢ز) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت کەدەسەڵاتی موصڵی لەدەستدابوو، قەرواش لە ساڵی(٤٠١ك/١٠١٠-١٠١١ز) لەگوێڕایەڵی خەلیفە قادری عەبباسی دەرچوو و کەوتە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی فاتیمی لەموصڵو ئەنبارو مەدائینو کووفەداو بانگەواز بۆ خەلیفەی عەبباسی پووچەڵکردەوەو ووتاری بۆ حاکم خوێندەوە[2].

خەلیفە قادری عەبباسی بەبڵاوبوونەوەی بانگەوازی فاتیمی لەچەند ناوچەیەکی وڵاتیدا بێزاربوو ترسا کەڵەکەبکاتو هەڕەشە لەدەوڵەتەکەی بکات، لەدوو بەرەوە لەڕوویدا وەستا:

یەکەم: دادوەر ئەبو بەکری باقەلانی نارد بۆلای مصر بەهائودەولەی بوەیهی تاباسی ئاشتی ئەو مەترسیەی بۆبکات کەلەڕێی فاتیمیەکانەوە هەڕەشە لەدەوڵەتەکەی دەکاتو داوای لێبکات لەدژیان نیش بکات، میری بوەیهی چوو بەدەم داواکەی خەلیفەوەو سوپایەکی بۆ ئیبن موقەلەد ناردو ناچاریکرد ووتار بۆ حاکم بوەستێنێتو بیگێڕێتەوە بۆ خەلیفە قادری عەبباسی[3].

دووەم: چەکی زراندنی شانوشکۆیان لەجیهانی ئیسلامیدا بەکارهێناو کۆڕێکی بەستو تیایدا فیقهناسانو دادوەران هەندێك سەرکردەی شیعەی بانگکردو هەموان دەقێکیان دەرکرد کەزامنی تانەدان لەڕەچەڵەکی فاتیمیەکان بوو[4].

٢- **پەیوەندی لەگەڵ بیزەنتیەکاندا:** دەسەڵاتداری فاتیمی بەسەر وڵاتی شامدا لەسەردەمی حاکمدا بەردەوامبوو و حاکم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بیزەنتیەکانو ڕێگرییان لەپێشڕەوی بەرەو باکوور هەمان سیاسەتی باوکی گرتەبەر، وڵاتی شام لەساڵانی نێوان(٣٨٧-

---

[1] شعبان، محمد عبدالحي محمد: الدولة العباسية-الفاطميون ص٢٤٦-٢٤٧.

[2] ابن الأثير: ج٧ ص٥٧١-٥٧٢، ابن تعزي بردي: ج٤ ص٢٢٤-٢٢٧.

[3] ابن الأثير: ج٧ ص٥٧٢.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٦ ص٥٧٨-٥٧٩، ج٧ ص٥٨٥.

٣٩٨ك/٩٩٧-٩٩٩ز) دادوچاری بارگرژیو شۆڕشێکی زۆربوو، ئەمەش لەبەر ڕکەبەری فاتیمی-بیزەنتی لەسەر گرتنەدەستی ئەو وڵاتە بیزەنتیەکان پاڵپشتی هەرکەسێکیان دەکرد کەدژبەدەسەڵاتی فاتیمی ڕاپەڕێت، جا لە ساڵی(٣٨٧ك/٩٩٧ز)دا لە(صور) بزوتنەوەیەکی وا بەسەرکردایەتی دەریاوانێك بەناوی عەللاقە بۆ وێرانکردنی دەسەڵاتی فاتیمی سەریهەڵداو سەربەخۆیی صوری ڕاگەیاند، حاکم بۆ ملکەچکردنی بەسەرکردایەتی جەیشی کوڕی سومسامە هەڵمەتێکی سەربازی نارد، عەلاقە پەنای بۆلای باسیلی دووەم ئمبراتۆری بیزەنتی بردو داوای یارمەتی لێکرد، ئەویش فریاگوزاری دەریایی بۆنارد، بەڵام جەیشی کوڕی سومسامە توانی لەدوای گەمارۆدانیو شکانیو دەریایی(صور) بچێتە ناویو عەللاقەی گرتو ناردی بۆ مصر، پاشان درێژەی بەکشانی خۆی بەرەو باکووردا تابیزەنتیەکان لەناوچەکە دەربکاتو لە(ئەفامیە) لەگەڵیاندا پێکدادا، ئەفامیە لە(کورحیمی)بوو، جەیش بەسەریاندا سەرکەوتو تائەنتاکیە ڕاوەدووی نان[1].

کاتێك ئیمبراتۆری بیزەنتی زانی چی بەسەر سوپاکەی هاتووە، خۆی چوو و شاڵاوی هێنایە سەر زەویە کەناراوەکانی نێوان ئەنتاکیەو بەیروتو لەتەرابلوس لەمانگی(موحەڕەمی ساڵی ٣٩٠ك/کانونی یەکەمی ساڵی ٩٩٩ز) لەگەڵ سوپای فاتیمیدا پێکیدادا، بەڵام جەنگەکەی دۆڕاندو ناچار بوو گەمارۆی سەر تەرابلوس هەڵبگرێتو بگەڕێتەوە بۆ ئەنتاکیە[2].

پاشان فاتیمیەکان وایان پێباشبوو هەڵمەتە سەربازیەکانیان بۆ زەویە بیزەنتیەکان بوەستێنن تا بۆ گرفتە ناوخۆییەکانیان یەکلاببنەوە، ئیمبراتۆر باسیلی دووەم پێشوازی لەو ئاڕاستە ئاشتەواییە کردو لە(کۆتاییەکانی ساڵی ٣٩١ك/هاوینی ساڵی ١٠٠١ز)دا ڕێکەوتنی نێوان هەردوولا بەدیهاتو ئەم مەرجانەی لەخۆدەگرت:

- ماوەی دەساڵ جەنگی نێوان هەردوولا هەڵبگیرێت.
- مەسیحیەکان لەدەوڵەتی فاتیمیدا ئازادی ئایینیان هەبێت.
- باسیلی دووەم بەڵێنیدا دانەوێڵەی پێویست بەمصر بگەنێت[3].

ئەو سیایەتە ئاشتەواییە زۆر درێژەی نەکێشاو هێندەی نەبرد گۆڕا بۆ پەیوەندی دوژمنایەتی کاتێك باسیلی دووەم هەوڵی فشاری حاکمی بۆ سەر مەسیحیەکان بیست.

---

[1] الأنطاطي: ص٢٤٢-٢٤٣.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٢٤٣-٢٤٦.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٢٤٨، أبو شجاع: ص٢٣٠، ابن القلانسي ص٩٠.

پەیوەندی نێوان فاتیمیو ئومەویەکان لەئەندەلوس لەسەرو خواردابوو، ئومەویەکان بۆ دەرفەتێك دەگەڕان تادەوڵەتی فاتیمی لەمصر لەناوبەن، ئەمەیش بەڕوونی لەوشۆڕشەدا دەرکەوت کەئەبو ڕەکوە پێی هەستا.

**کۆتایی حاکم:**

وەك ئەوەی ژیانی حاکم پڕ لەگۆڕان بوو، کۆتاییەکەشی ناڕوون بوو، جالە شەوی(۲۷ شەوالی ساڵی ٤۱۱ك/۱۳شوباتی ساڵی ۱۰۲۱ز)دا حاکم بەڕێگەیەکی ئاڵۆزو ناڕوون دیارنەما، لەوشەوەدا چووبۆ(مقطم)و داوای لەهاودەمەکانی کرد تاچاوەڕێی بکەنو بەرەو شاخ لێیان دوورکەوتەوەو دوای ئەوە نەبینرایەوە، هیچ شوێنەوارێکیشی نەدۆزرایەوە، پاش چەند ڕۆژ جلەکانی بەشوێنەواری چەند لێدانێکەوە دۆزرانەوە، لەمێژوونووسە سەردەمیەکانەوە چەند هەواڵێکی دیارنەمانی حاکمەن پێدەگات کەهەموویان ئاماژە بەوەدەکەن کەستولمولکی خوشکی بەڕێککەوتن لەگەڵ سەیفودەولە حوسەینی کوڕی درواسی کەتامی لەپشت ئەو چالاکی تیرۆرکردنەوە بوون دوای ئەوەی حاکم بەئابڕووچوونی ستولمولکی تۆمەتبارکرد، ئیبن درواس ترسی لەگیانی خۆی هەبوو لەڕووی حاکمدا[1].

ڕای دروستتر ئەوەیە هۆکاری پەلەکردن لەکۆتاییهاتن بەحاکم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سیاسەتی نەرمینواندن لەگەڵ ڕێبازی ئیسماعیلیدا بەجێگەیاند ئەو لەساڵی(۳۹۹ك/۱۰۰۸ز) کەهەستی کرد ئیسماعیلیەکان کەمینەی نێو موسڵمانانو هەوڵیدا جەماوەری بوونی خۆی زیادبکات، بۆیە سیاسەتێکی نوێی نەرمینواندن لەپەیڕەوی ڕێبازی مەزهەبی ئیسماعیلیدا گرتەبەر، ئەمە بووبەهۆی توڕەکردنی گەورە پیاوانی بانگەوازەکەو داهەژانیان تائەوئاستەی شۆڕش ڕابگەیەنن، بەڵام حاکم بەتوندوتیژی بەرەو ڕوویان بوویەوەو دوو لەسەرکردەکانی بەرهەڵستکاری لەسێدارەدا کەحوسەینی کوڕی جەوهەری سەقلیو عەبدولعەزیزی کوڕی قازی نوعمان بوون، ئەمەیش لە ساڵی(٤۰۱ك/۱۰۱۱ز)دابوو[2].

حاکم لە ساڵی(٤۰۳ك/۱۰۱۲ز) دەقێکی دەرکرد کەلەوپەڕی نامۆییدابوو، لەڕاستیدا بەهەڵوەشێنەرەوەی یەکێك لە بنەڕەتەکانی مەزهەبی ئیسماعیلی دادەنرێت، ئەو فرمانیکرد تاتەنها وەك ئەمیری باوەڕداران سەیربکرێتو تەنها بەو ناوەوە ناوی بنرێت، ئەمە واتە دەستبەرداربوون

---

[1] الأنطاكي: ص۳۵۹-۳٦۱.

[2] شعبان: ص۲٤۹.

لەپایەی ئیمامەت، هەروەك فرمانی بەهاولاتیان کرد تالەوە خۆیان ڕزگاربکەن کەخۆیان وەك کۆیلەی ئەوسەیربکەن[1].

لە ساڵی(٤٠٤ك/١٠١٣ز)دا زیاتر لەبیروباوەڕی ئیسماعیلی دوورکەوتەوە کەمەرجی دانابوو بەیعەت بەکوڕە گەورە وەك جێگیر بدرێت، ئەو ئەو ڕێبازە بنەڕەتیەی تێپەڕاندو عەبدوڕەحیمی کوڕی ئیلیاسی کوڕی ئەحمەدی کوڕی مەهدی کە کوڕی ژنێکی مەسیحیو ئامۆزای خۆی بوو وەك جێگیری خۆی دەستنیشانکرد[2]، لەبەرئەوەی چاوەڕێی سەرهەڵدانی بەرهەڵستکاری دەکرا، کۆمەڵێك لە دۆستو خزمو دایكو منداڵەکانی لەکۆشك چوونەدەرەوە، لەنێویاندا دایکی ئەبولحەسەن عەلی کوڕیو کوڕەکەشی بوو، ئەمە ستولموکی ناچارکرد تا لەترسی گیانیان بیانباتو لەکۆشکی خۆیدا دایانبنێشێت[3].

ئەو گۆڕانە ڕیشەییانە بوونە هۆی سەرهەڵدانی بارێکی نالەبار لەنێوەندەکانی ئیسماعیلیدا تا ئەوەی هەندێکیان پێیان وابوو حاکم لەسنووردەرچووە، ئەوەی زیاتر بارەکەی پشێوتر کرد وەستاندنی بەستنی دوو کوڕی دووهەفتە بوو بۆ وانە بێژیو باج کۆکردنەوە[4]، ئەوکات حاکم بەرێککەوتنو هەوڵی خوشکەکەی کوژرا.

---

[1] المقريزي: خطط ج٤ ص٧٥.

[2] الأنطاكي: ص٣٠٦، النويري: ج٢٨ ص ١٩٢، سيد: ص١٠٨.

[3] الأنطاكي: ص٣٠٤.

[4] المقريزي: اتعاظ الحنفا ج٢ ص٨٢.

## ئەبولحەسەن عەلی(زاهیر)( ٤١١-٤٢٧ك/١٠٢١-١٠٣٦ز)

**چوونە سەر دەسەڵاتی زاهیر:**

دوای مردنی حاکم ستولمولك کاروباری دەوڵەتی گرتەدەست ئەو یەکەم کاری بەوە دەستپێکرد کەهەرکەسێك بەپیلانەکەی ئەوی دژبە حاکمی برای زانیبێت دەیکوشت، بەتایبەت ئیبن دوواسی کەتامی، هەروەك عەبدورەحیمی کوڕی ئیلیاسی جێگیری حاکمی کوشت، سەرکردەکانی وڵاتی شامو سەرکردە سەربازیەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا، نیازی وابوو دەسەڵات بۆ جێگیری شەرعیو کوڕی حاکم(ئەبولحەسەن) بگوازێتەوە، جالە(مانگی زیلحەجەی سالی ٤١١ك/مانگی ئازاری سالی ١٠٢١ز)دا ئەبولحەسەن دەسەلاتی وەرگرتو نازناوی زاهیرلئیعزازدینی للاهی وەرگرت، ئەوکات تەمەنی حەڤدە ساڵ بوو، پوری تائەوکاتەی لە(زیلقەعدەی سالی ٤١٣ك/مانگی شوباتی سالی ١٠٢٣ز)دا مرد کاروباری گشتی بۆ بەڕێوەدەبرد[1].

**سیاسەتی گشتی زاهیر:**

زاهیر بەپێچەوانەی باوکی نەرمونیانو ژیربوو، لەپەیڕەوی کاروباری گشتی دوورکەوتەوەو سەرقاڵی ڕابواردنی خۆی بوو وەلەسیاسەتی توندوتیژی خۆی بەدووردەگرتو سووربوو لەسەر ئەوەی گەندەڵی ناو کارگێڕی سەردەمی باوکی چاکبکات، گرنگی بەچاککردنی بارودۆخی ئابووری وڵات داو وڵات لەسەردەمی ئەودا هێمنی دڵنیایی هەبوو[2].

**دیدی ئایینی زاهیر:**

لەپاڵ ئەو سیاسەتە نەرمونیانەدا زاهیر گرنگی بەبانگەوازی فاتیمی دا تاهەوڵی نوێکردنەوەی چالاکی بانگەوازەکە بەئامانجی لەناوبردنی خیلافەتی عەبباسیو بەتەنها گرتنەدەستی دەسەڵاتی جیهانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بدات، بۆئەمە بانگخوازەکانی لەزەویەکانی ڕۆژهەڵاتی سەربە عەبباسیو سەلجوقیەکاندا بلاوکردەوەو سووربوو لەسەر درێژەدان بەبانگەوازی فاتیمیەکان لەحیجازو موئەید ف دینی شیرازی توانی لەشیرازو فارسو ئەهوازدا بانگەوازەکە بلاوبکاتەوە[3].

**سیاسەتی دەرەکی زاهیر:**

---

[1] الأنطاكي: ص٣٦٥-٣٦٦.

[2] المسبحي: ص٩، ١٥، ١٩-٢٠، ٣٢، ٣٨، ٤٢، ٤٥-٤٦، ٤٨، ٦١.

[3] المسبحي: ص٧٧.

زاهیر لەسەرەتای ژیانی سیاسی خۆیدا بەرەو ڕووی بزوتنەوەیەکی جیاخوازی لەوولاتی شامدا بوویەوە کەسەرکردەکانی وولاتی شام بەشداریان تێداکرد، ئەوان لەو ڕۆژگارەدا بریتیبوون لە حەسانی کوڕی مەفرەجی کوڕی جەراحی ئەمیری تائیەکان لەڕەملەو صالحی کوڕی مرداسی ئەمیری کیلابیەکانو سینانی کوڕی عەلیانی ئەمیری کەلبیەکان.

ئەوان لە ساڵی(٤١٥ك/١٠٢٤ز)دا ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنی وولاتی شام لەنێوان خۆیاندا دوای ئەوەی فاتیمیەکان لەوێ دەربکەن، بەوپێیە فەلەستینو ناوچەکانی سەربەوێ بۆ ئیبن جەراحو حەلەبو ناوچەکانی بۆ ئیبن میرداس دەبێت، لەکاتێکدا ئیبن عەلیان دیمەشقو ناوچەکانی سەربەوێ لەدەستدا دەبێت، بۆ پاڵپشتی هەڵوێستەکەیان هەوڵیاندا پەیوەندی بەباسیلی دووەمی ئیمبراتۆری بیزەنتیەوە بکەن تاپاڵپشتیان بکات بەڵام ئیمبراتۆر داواکەی قوبوڵ نەکردن[1].

زاهیر لەبەردەم ئەو هەڕەشەی جیاخوازیەدا دەستەوسان نەوەستاو فرمانی بە ئەنوشتکینی دزبری والی فەلەستین کرد تالەڕووی جیاخوازاندا بوەستێتو چەند جەنگێکی قورس لەنێوان هەردوولادا ڕوویداو بەسەرکەوتنی میرداسیەکانو گرتنەدەستی دەسەڵاتی حەلەب کۆتایی پێهات[2]. زاهیر هەوڵیدا پەیوەندی فاتیمیەکان لەگەڵ بیزەنتیەکاندا چاکبکات، لەبەر ئەم ئامانجانە:

- بەردەوامی گەیشتنی ئەو گەنمەی لەقوستەنتینیەوە بۆیان دەهات.
- یەکلابوونەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی عەبباسیو سەلجوقیەکان.

ئەو دانوستانانەی لەنێوان هەردوولادا ڕوویدا بەبەستنی ئاگربەستێك لەساڵی(٤١٨ك/١٠٢٧ز)دا کۆتاییپێهات کەئەم خاڵانەی لەخۆدەگرت:

- ڕێگەبە ئیمبراتۆر قوستەنتینی هەشتەمی بیزەنتی بدرێت تاکڵێسای(القیامة) بنیاد بنێتەوە.
- مۆڵەت بەهەموو مەسیحیەکان بدرێت تائەو کڵێسانە بنیادبنێنەوە کەحاکم وێرانی کردبوون جگەلەوانەی کەکراون بەمزگەوت.
- ئیمبراتۆری بیزەنتی بەتریکێك بۆ بەیتولمەقدیس دەستنیشان بکات.
- فاتیمیەکان ڕێگەنەدەن دژبە حەلەب کاری دوژمنکاری ئەنجام بدرێت.
- دەوڵەتی فاتیمی ڕێگە لەیارمەتیدانی دوژمنانی دەوڵەتی بیزەنتی بەتایبەتی خەڵکی سقلیە بگرێت.
- لەمزگەوتی قوستەنتینیەدا لەووتاردا ناوی خەلیفەی فاتیمی بهێنن.

---

[1] ابن العديم: ج١ ص١٩٦.

[2] المسبحي: ص٣٥، ٤٤، ٤٧، ٦٤-٦٥، الأنطاكي: ص٣٤٩-٣٨٩.

●ئیمبراتۆر چی دیلی موسلمانی ژێردەستی هەیە ئازادیان بکات.
●ئیمبراتۆر رێگەنەدات یارمەتی پێشکەش بەحەسانی کوڕی مەفرەجی بەرپرسی ڕەملە بکرێت[1].
خەلیفە زاهیر لە(نیوەی شەعبانی سالی ٤٢٧ك/نیوەی ئایاری سالی ١٠٣٦ز)دا مرد[2].

[1] المقريزي: اتعاظ الحنفا ج٢ ص١٧٦.

[2] ابن الأثير: ج٧ ص٧٧٥.

## موستەنصربیللا(٤٢٧-٤٨٧ك/١٠٣٦-١٠٩٤ز)

**باروودۆخی گشتی ناوخۆیی:**

ئەبو تەمیم مەعد کەنازناوی موستەنصربیللاهی هەبوو شوێنی زاهیری باوکی گرتەوە، ئەو هێشتا منالبوو و تەمەنی لەحەوت سال زیاترنەبوو، جادایکی بووبە وەصیو بەناویەوە فەرمانڕەوایی دەکرد، سەردەمەکەی چەند ڕووداوێکی سەختو کوشندەی بەخۆیەوە دی کەکاریگەری خراپی لەسەر مەلبەندی دەولەت هەبوو، قاهیرە وەك شارێکی شانشینی کەبۆئەوە دەشا بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ فەرمانڕەوایی جیهانی ئیسلامی بکات پایەو شوێنی خۆی لەدەست دا، لەگەل ئەوەشدا دەولەت لەسەردەمی ئەودا گەیشتە ئەوپەڕی بەرفراوانی ئەمەش لەبست سالی یەگمیدا هەموو مصرو باشووری ولاتی شامو باکووری ئەفریقیاو سقلیەو حیجازو یەمەنی گرتەوە پێش ئەوەی بەخێرایی دوای ئەو ماوە دابرمێت[1].

دەکرێت سەردەمی موستەنصر بۆ دوو قۆناغی جیا دابەش بکەین:

قۆناغی یەکەم لەنێوان سالانی(٤٢٧-٤٥٠ك/١٠٣٦-١٠٥٨ز)دا بوو ،سلەم قۆناغەدا دەولەت گەورەو بەهێزبوو وە بارووددۆخی مصر سەقامگیربوو وە ئارامشو دلنیاییو خۆشگوزەرانی هەبوو، ناصر خەسرەوی گەشتیاری فارسی لەکتێبەکەیدا(سەفەرنامە) لەکاتی سەردانی بۆ مصر لەنێوان سالانی(٤٣٩-٤٤١ك/١٠٤٧-١٠٤٩ز)دا لەسەرەتاکانی دەسەلاتی موستەنصردا وەصفی مصر دەکاتو باس لەشانوشکۆو دەولەمەندی کۆشکی فاتیمی دەکات کەوولات تاچەندە لەخۆشیو خۆشگوزەرانیدا بووە[2].

هۆکاری ئەو خۆشگوزەرانیەش دەگەڕێتەوە بۆ هەلکەوتەیی ئەو وەزیرانەی وەزارەتیان گرتەدەستو سیاسەتی باشیان، لەوانە جوجرائی، ئەبو سەعیدی جوستەری جولەکە، ئەبو موحەمەدی یازوری، لەگەل ئەو خۆشگوزەرانیەدا مصر لەکۆتاییەکانی ئەو قۆناغەدا بەرەو ڕووی چەند گورزێکی سیاسیو ئابووری توندبوویەوە، ئەمەش لەئەنجامی ململانێی تاقمەکانی سەربازان بەتایبەت تورکو سودانەکانو هۆکاری دابەزینی نیلدابوو.

قۆناغی دووەم لەنێوان سالانی(٤٥٠-٤٨٧ك/١٠٥٨-١٠٩٤ز)دا درێژدەبێتەوەو تایبەتمەندی زیادبوونی دەستێوەردانی کەسە سەربازیەکان لەسەر حسابی مەدەنیەکان لەکاروباری گشتیدا

---

[1] سید: ص١٢٧.

[2] ناصر خسرو: سفرنامە ص١٠٦.

هەیە، لەو قۆناغەدا دانانو لابردنی وەزیرو دادوەرەکان زۆربوو، ئەمە چەند تەنگژەیەکی کارگێڕی هێنایە ناو وولات، لەگەڵ ئەوەشدا تەنگژەیەکی بێسنوری ئابووری ڕوویدا کەبە(الشدة العظمی) ناسرابوو و لەنێوان سالآنی(٤٥٧-٤٦٤ك/١٠٦٥-١٠٧٢ز)دا نیل کەمیکردو نرخەکان بەرزبوونەوەو برسێتی بڵاوبوویەوەو نەخۆشی تەشەنەیکردو لەگەڵیشیدا ململانێی ناوخۆییو جەنگی ناوخۆیی ڕوویداو موستەنصر بەتەواوی دەسەڵاتی بەسەر بارەکەدا لەدەست داو قەڵەمڕەوی کەمیکردو لەناو کۆشکدا بەرتەسك بوویەوەو ئەو تەنگژەیە ئەوکات کۆتاییپێهات کەموستەنصر پەنای بۆ والی عەکا ئەمیری سوپاکان بەدرولجەمالی بەڕەچەڵەك ئەرمینی برد، ئەمەش لە ساڵی(٤٦٦ك/١٠٧٣ز) دا بوو کەزانی هەردەبێت پەنا بۆ هێزێکی سەربازی بەرێت کەبتوانێت نیزامو پاراستنی وولات بچەسپێنێت[1].

بەدرولجەمالی بەو نەخشەدانانەی گرتیەبەر توانی سنورێك بۆ پشێویو جەنگی ناوخۆ دابنێتو یەکبوونو ئاسایشی بۆ وولات گێڕایەوەو توانای بە دەوڵەت دایەوەو موستەنصری لە پەلوپۆ خستو هەموو کاروباری گشتی خستە دەست خۆی، ئەمە بە سەرەتای دەرکەوتنی نیزامێکی نوێ لە مێژووی دەوڵەتی فاتیمیدا دادەنرێت کە بۆ ناونانی ئەم چەمکە بەکاردێت(سەردەمی قەڵەمڕەوی وەزیرەکان)[2].

**سیاسەتی دەرەکی موستەنصر:**

فاتیمیەکان هاوسەردەمی بوەیهیەکان لە بەغدادو دواتر تورکە سەلجوقیەکان لەدوای لەناوبردنی دەوڵەتی بوەیهیەکانو گرتنی بەغداد بوون، ئەمە بەگۆڕانێکی گرنگ لە ڕێڕەوی ڕووداوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی بەگشتیو مصر بەتایبەتیدا دادەنرێت، چونکە سەلجوقیەکان مەزهەبی سونییان هەبوو بەمە ئامانجیان لەگەڵ ئامانجەکانی خیلافەتی عەبباسیدا دەگونجا کە ئامانجی دەرکردنی فاتیمیەکان لە وولاتی شامو لەناوبردنی دەوڵەتەکەیان لەمصردابوو، هەردوولا هەوڵیاندا لە بەرەی ڕۆژئاواو بەرەی باکوری ڕۆژئاواوە گەمارۆی فاتیمیەکان لە مصردا بدەن، خیلافەتی عەبباسی موعیزی کوڕی بادیسی زیری فەرمانڕەوای ئەفریقیای بەلای خۆیدا ڕاکێشاو ئەویش لە ساڵی(٤٤١ك/ ١٠٥٠ز)دا ووتاری بۆ فاتیمیەکان پچڕاندو ووتاری بۆ خەلیفەی عەبباسی

---

[1] ابن میسر: أخبار مصر: ص٢٤-٢٦.

[2] هەمان سەرچاوە:ص٤٠-٤١، المقریزي: اتعاظ الحنفا ج٢ ص٣١١-٣١٤،٣١٢، خطط ج٢ ص١٩٥، ٢٤٣، ابن الصیرفي:ص٥٦-٥٧.

خوێندەوە[1]، سەلجوقیەکان توانیان ئەو پەیوەندیە دۆستایەتیانە بپچڕن کە لە نێوان بیزەنتیەکان و فاتیمیەکاندا هەبوو و لەگەڵ بیزەنتیەکاندا ڕێککەوتنێکیان بەست کە کۆتایی بەگەیاندنی پێویستی بۆ مصر هێنا، هەروەك لە قوستەنتینیە ووتار بۆ خەلیفەی عەبباسی خوێندرایەوە[2].

لە ئەنجامی ئەو بزاوتە دوژمنکاریەدا دەوڵەتی فاتیمی بەرەو سیاسەتی تۆڵەسەندنەوە چوو و یارمەتی شۆڕشەکەی ئەرسەلان بەساسیری سەرکردەی تورکی دژ بە خیلافەتی عەبباسی دا، کاتێك سوڵتان توغرولبەگی سەلجوقی لەساڵی(٤٤٧ك/ ١٠٥٥ز)دا چوویە ناو بەغداد، بەساسیری پەیوەندی بە موستەنصری فاتیمیەوە کردو داوای فریاگوزاری سوپای لێکرد تا بەغداد بداتە پاڵ دەوڵەتی فاتیمی، بەڵام موستەنصر متمانەی زیاتر لەوەی بە بەساسیری نەبوو یان گومانی لەوەدا هەبوو کە بەساسیری بتوانێت بەسەر هێزی نوێی سەلجوقیەکاندا سەرکەوێت‌و نەیویست زیاتر خۆی بخاتە ئەو ململانێیەو هێزی پێویستیشی بۆ فریاگوزاری بەساسیری نەبوو، بۆیە تەنها لە ڕووی ماددی ماڵو سامان‌و چەکەوە یارمەتی دا[3].

بەڵام لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ٤٥٠ك/ مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٠٨٥ز)دا لەو کاتەی توغرولبەگ لە بەغداد چوویەدەر تا ئەو هەڵگەڕانەوەیە سەرکوت بکات کە ئیبراهیمەیە نالی برای پێی هەستابوو، بەساسیری توانی بچێتە ناو بەغدادو ماوەی یەك ساڵی تەواو تیایدا ووتاری بۆ موستەنصری فاتیمی خوێندەوە[4]، کاتێك توغرولبەگ لە لەناوبردنی هەڵگەڕانەوەکە بوویەوە گەڕایەوە بۆ بەغدادو لە ساڵی(٤٥١ك/ ١٠٥٩ز)دا بەساسیری شکاندو گرتی‌و کوشتی[5].

دەوڵەتی فاتیمی خاکی خۆی لە ڕۆژئاوا(باکوری ئەفریقیا )و چەند ناوچەیەکی شامدا لەدەست دا، ئەوکات سیاسەتێکی ڕۆژهەڵاتی گرتەبەر کەلەسەر دەست گرتن بەسەر دەریای سورو کەنداوی عەربیدا وەستابوو تا فشار بخاتە سەر بازرگانی عەبباسی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی دووردا.

ئەلب ئەرسەلان کە شوێنی توغرول بەگی مامی خۆی گرتەوە لە دژایەتی قەڵەمڕەوی فاتیمیەکان لە وولاتی شامدا هەمان سیاسەتی پێشینی خۆی گرتە بەرو بە سوپایەکەوە بەرەو ئەو وولاتە کشاو حەلەب‌و هەموو باکوری شامی گرتەدەست‌و یەکێك لە سەرکردەکانی خۆی کە بە ئوتسوز

---

[1] ابن عذاري: ج١ ص٢٨٠، ابن الأثير: ج٨ ص٨٦.

[2] ابن ميسر:أخبار مصر: ص١٣-١٤، المقريزي: خطط ج٢ ص١٩٥، اتعاظ الحنفا: ج٢.

[3] ابن تغري بردي: ج٥ ص١١.

[4] البنداري: ص١٨، الحسيني: ص١٩.

[5] ابن الأثير: ج٨ ص١٦٠-١٦١.

موحەمەدی کوڕی فاتك چوویە شوێنەکەی ئەفزەڵو ئامیر نازناوی(مەئموون)ی پێدا[1] پێدەچێت گرنگترین دەستکەوتی ئەو دامەزراندنی یانەیەك بێت بۆ وەکالەتو یانەیەك بۆ لێدانی دراو لە ساڵی(٥١٦ك/١١٢٢ز)دا[2] سەردەمی ئامیر مەئموونی وەزیر بەپرشنگدارترین قۆناغەکانی مێژووی فاتیمی لەمصردا دادەنرێت[3] ئەو کاروباری دەوڵەتی نوێکردەوەو شانوشکۆی خۆی بۆ گێڕایەوەو زۆرێك لەبۆنەوە سەربەرزیە فاتیمیەکانی گەشەپێدا[4].

پەیوەندی باشی نێوان ئامیرو وەزیرەکەی درێژەی نەکێشاو هەریەکەیان لەویتر دەترسا دوای ئەوەی مەئموون هەموو دەسەڵاتێکی لەدەستی خۆیدا کۆکردەوە، لەدامودەزگا ڕەسمیەکاندا پڕوپاگەندەی ئەوەبوو کەمەئموون لەسەر بنەمای ئەوەی کوڕی نزارە لەکەنیزەکێکەوە، بانگەشەی خیلافەتی کردوە، ئەمە ئامیری ناچارکرد تالەدەست مەئموون ڕزگاری بێت بۆیە لە ساڵی(٥٢٢ك/١١٢٨ز)دا لەگەڵ موئتەمەنی برایدا کوشتی[5].

ئامیر دوای ئەوە هەموو دەسەڵاتی لەدەستدا کۆبوویەوەو لەسەردەمی ئەودا مصر جۆرە سەقامگیریەکی ناوخۆییو خۆشگوزەرانیەکی هەبوو، سەبارەت بەسیاسەتی دەرەکیشی سیاسەتی لاوازیو ترسنۆکیو بێ توانایی لەبەرگریکردن لەووڵاتی شام دژبە شاڵاوی خاچپەرستی یان گێڕانەوەی ئەو ناوچانە بوو کەسەلجوقیەکان لەفاتیمیەکانیان سەندبوو.

لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ٥٢٤ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١١٣٠ز)دا ئامیر بەدەستی نزاریەکان کوژرا[6]. ئامیر لەدوای مردنی ئافرەتێکی سکپڕی بەجێهێشت، ئەمە تەنگژەیەکی لەجێگیرایەتیدا لێکەتەوەو چاوەڕێی ئەوە بوو ئەو منداڵە لەدایك بێت، ئەبو مەیمون عەبدولمەجیدی ئامۆزای ئامیر کرابە جێگیرو لە(مانگی ڕەبیعولئاخیری ساڵی ٥٢٦ك/مانگی شوباتی ساڵی ١١٣٢ز)دا دەسەڵاتی چەسپاو نازناوی حافیز لەدینیلاهی لێنرا[7]، ئەبو عەلی ئەحمەدی کوڕی فەزڵ بووبە وەزیری کەهەموو کاروباری گشتی خستە دەست خۆیو حافزی گرتو خستیە بەندیخانەو

---

[1] ابن میسر: ص٨٨.

[2] ابن المأمون: أخبار مصر: ص٣٨-٣٩.

[3] سيد: ص١٧٠.

[4] المقريزي: خطط ج٤ ص٨١.

[5] ابن میسر: ص١٠٧، المقريزي: إتعاظ الحنفا ج٣ ص١٢٢.

[6] ابن القطان الكتامي: نظم الجمان ص١٨٥-١٨٧، ٢٠٢، ٢٠٤، ابن الطوير: ص٢٤-٢٦.

[7] ابن خلكان: ج٣ ص٢٣٥-٢٣٦.

دەستی بەسەر سەروەتو سامانی فاتیمیەکاندا گرت، ئەو وەزیر دیدی مەزهەبی دوانزە ئیمامی هەبوو، بۆیە ناوی حافیزی لە ووتاردا لابردو ناوی ویسماعیلی کوڕی جەعفەری صادقیشی لە ووتاردا لابردو لەبانگدا(حي على الخير العمل و محمد علي خير البشر)ی لابردو نزای بۆ ئیمامی چاوەڕوانکراوی ئیمامی دوانزەهەمیان کرد[1].

سیاسەتی ئایینی ئەبو عەلی سەرکردەو بانگخوازە فاتیمیەکانی تووڕەکرد لەسەرو هەمووشیانەوە ناسیرولجیوش یانس، بۆیە پیلانیان بۆ داناو لە(١٦ی موحەرەمی ساڵی ٥٢٦ك/٩ی کانونی یەکەمی ساڵی ١١٣١ز)دا کوشتیانو حافیز ئەو ڕۆژەی کردبە جەژنو ناوی(سەرکەوتن)[2] ی لێناو تاکۆتایی سەردەمی فاتیمی ئاهەنگی تیادا دەگێڕدرا[3].

حافیز هۆشیاری لەمەڕ دەسەڵات وەرگرتنی سەرکردەکان وەرگرتو هەوڵیدا سنوور بۆ قەڵەمڕەویان دابنێت، بۆیە هەندێکیانی لەناوبرد وەك یانس، بەڵام کەوتە ژێر کاریگەری حسەنی کوڕی کە دژبە باوکی شۆڕشێکی بەرپاکردو ناچاریکرد وەك جێگیر دەستنیشانی بکات[4].

حەسەن ژیانێکی خراپی هەبوو، فشاری لەسەر سەرکردەکانی داناو هەوڵیدا لەناویان ببات، بەڵام ئەوان دەستیان پێشخستو فشاریان لەسەر حافیز داناو ناچاریانکرد بیکوژێت[5]. حەسەن پەنای بۆ بەهرامی ئەمینیو والی غەربیە برد کاتێك لەقاهیرە نزیکبوویەوە، حەسەن کوژرابوو، بۆیی چوویە ناو قاهیرەو پایەی وەزارەتی گرتەدەست، ئەمەیش لەڕۆژی هەینی(١٦ جەمادیلئولای ساڵی ٥٢٩ك/٤ی ئازاری ١١٣٥ز)دا بوو[6].

بەهرام لەپرکردنەوەی بەشەکانی دەوڵەت بەمەسیحیەکان دوودڵی نەنواندو لەگەڵ موسڵمانانا، ڕێڕەوێکی دوژمنکارانەی گرتەبەروماڵو سامانی دەست بەسەردا گرتنو کڵێساو دێری بنیادنا، ئەمە خەڵكو سەرکردەکانی مصری تووڕەکردو نامەیان بۆ ڕزوانی کوڕیو لخشی والی غەربیە نووسیو بانگهێشتیان کردتا لەدەست دەسەڵاتی مەسیحیەکان ڕزگاریان بکات، ئەویش چوو بەرەو قاهیرەو چوویە ناویو حافیز کردی بەوەزیری خۆییو بەهرامیش لەگەڵ هاودەمەکانیدا لەوێوە

---

[1] ابن الطوير: ص٣٣، ابن الأثير: ج٨ ص٣٣٤-٣٣٥.

[2] ابن الطوير: ص٣٤-٣٥، المقريزي: خطط ج٢ ص١٩٧.

[3] ابن الطوير: ص٣٣-٣٥.

[4] ابن ميسر: ص١٢٠.

[5] ابن ايبك: كنز الدر ج٦ ص٥١٤-٥١٥، ابن الطوير: ص٣٧-٤١.

[6] ابن الطوير: ص٤٤، ابن ميسر: ص١٢٢.

دەرچوو بۆ ئەسوان، ڕیزوان هەڵسوکەوتی ناشیرینی نیشانداو حافیز لێی بێزاربوو، ئەمە هانیدا تا سەرلەنوێ لە ساڵی(٥٣٣ك/١١٣٩ز)دا بەهرام بانگبکاتەوەو کاروباری دایە دەستو لەگەڵ خۆیدا لەکۆشکدا دایینیشاندو لەڕێکخستنی کاروباری دەوڵەتدا ڕاوێژی پێدەکرد، ئەمە ڕیزوانی تووڕەکردو ناچاریکرد ڕابکات، بەهرام لە(٢٤ ڕبیعولسانی ساڵی ٥٣٥ك/٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١١٤٠ز)دا لەکۆشکدا مرد[1].

ڕیزوان یەکەم وەزیری سوننی بووکە وەزارەتی فاتیمی بگرێتەدەستو یەکەم کەس بوو نازناوی مەلیکی وەرگرت، ئەوان یاریدەدەرو هاودەمانی بەهرامی ڕاوەدووناو دەستی بەسەر ماڵو سامانو زەویاندا گرتو زۆرێکیانی کوشتن، لەلایەکی ترەوە پاڵپشتی ئەهلی سوننەی کردو لەئەسکەندەریە بۆ خوێندنی مەزهەبی مالیکی خوێندنگەیەکی بنیادنا[2].

ڕیزوان بەرەو ڕووی مەترسی خاچپەرستی بوویەوەو هەوڵیدا ئەو ناوچانەی فاتیمیەکان لەباشووری فەلەستین وەك عەسقەلان مابوون بیانپارێزێت. بەڵام ڕیزوان پاش ماوەیەك بەرەو ڕووی فشاری حافیز بوویەوەو ناچارکرا لە(شەوالی ٥٣٣ك/حوزەیرانی ساڵی ١١٣٩ز)دا مصر بەجێبهێڵێتو خۆی دایە پاڵ ئەمینودەولە کومشتکینی ئەتابەگی بەرپرسی سەلخەد[3]، لەکاتەی لەسەخلەدبوو پەیوەندی بە عیمادەدین زەنگیەوە کردو داوای لێکرد یارمەتی سەربازی بدات تابتوانێت بچێتە ناو قاهیرە کومشتکینیش بەهێزێکی سەربازی یارمەتیداو لەگەڵیاندا ناردی بۆ قاهیرە، بەڵام ئەوان لەدوای ئەوەی چوونە سەر سنووری مصر ناپاکیان لەڕوودا نواندو ناچاربوو داوای پەنا لەحافیز بکاتو ئەویش لە(مانگی ڕەبیعولئاخیری ساڵی ٥٣٤ك/مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١١٣٩ز)دا بەدیلیگرت[4].

ڕیزوان ماوەی هەشت ساڵ لەکۆشکدا دیلبوو و دواتر توانی ڕابکاتو هەندێك لەهاوەڵانی لەدەوری کۆبوونەوەو چوویە قاهیرە، بەڵام حافیز دەستەیەکی سەربازانی سودانی هەڵخەڵەتاندو تەماعی خستە بەردەمیان تا بەرەو ڕووی ببنەوە، ئەوانیش لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵ ٥٤٢ك/مانگی نیسانی ساڵی ١١٤٨ز)دا کوشتیان[5].

---

[1] ابن میسر: ص١٢٤-١٢٦، ١٣٠-١٣١، ١٣٣.

[2] ابن القلانسي: ص٤٢٣-٤٢٤.

[3] ابن الأثير: ج٩ ص٨٣.

[4] أسامة بن منقذ: كتاب الأعتبار ص ٤٠.

[5] ابن القلانسي: ص٤٦٠-٤٦١، أسامة بن منقذ: ص٤١-٤٢.

حافیز بەهۆی گیرۆدەبوونی بەدەست وەزیرەکانی لەسەر دەسەڵاتەکەی ئامادەنەبوو لەدوای ریزوان وەزیری تر دیاری بکات بەڵکو نووسەری دانا، ووڵات تامردنی حافیز لە(٥ی جەمادیلئاخیری ٥٤٤ك/١ی ئەیلوولی ساڵی ١١٤٩ز) بەبێ وەزیر مایەوەو حافیز خۆی فەرمانڕەوایی کرد[1].

بەکۆتایی هاتن بەدەسەڵاتی حافیز خەلیفەکان قەڵەمڕەوی کرداریان نەماو ململانێی نێوان تاقمە سەربازیەکاندا دووبارە دەستی پێکردەوەو فەرمانڕەوایانی هەرێمەکان چاویان لەپایەی وەزارەت بوو لەسەری ڕکەبەریان دەکرد.

ئەبو مەنصور ئیسماعیل شوێنی حافیزی گرتەوەو نازناوی زافیربیئەمریللاهی وەرگرتەو ئەمیر نەجمەدین ئەبولفەتح سەلیمی کوڕی مەحەممەدی کوڕی مەسالی وەك وەزیری خۆی دەستنیشانکردو نازناوی ئەفزەڵ ئەمیرو جیوش سەعدولمولك لەبنودەولەی لێنا[2]. ئیبنو سەلاری والی ئەسکەندەریەو بوحەیرە ڕکەبەری لەگەڵ دەکرد، بۆیە بەهێزێکی سەربازیەوە بەرەو قاهیرە چوو و زافیری ناچاکرد تا ئەو لابباتەو لەجیاتیدا ئەم بکات بەوەزیر، ئیبن مەسال ناچاربوو ڕابکاتەو ئیبنو سەلاریش کەوتە شوێنیو کوشتی[3]، ئیبن سەلار شافیعی مەزهەب بوو، هەوڵیدا ڕێخۆشکەری بۆ گێڕانەوەی مەزهەبی سوننی بۆ مصر بکات، بۆیە لەئەسکەندەریە خوێندنگەیەکی بۆ شافیعیەکان دامەزراند ئەمەوایکرد زافیر ڕقی لێبکەوێت، ڕکەبەری لەسەر دەسەڵات بوویە هۆی ئەوەی ئیبنو سەلار بکەوێتە دوای پیلانێك کەئوسامەی کوڕی مونقیزو عەبباس سەنهاجیو نەسری کوڕی ئەنجامیانداو توانیان لە(٦ی موحەڕەمی ساڵی ٥٤٨ك/٣ی نیسانی ١١٥٣ز)دا بیکوژن[4].

ئیبنو سەلار هەوڵیدا سوپا بەهێزبکاتو گرنگی بەقایەو قۆڵکردنی عەسقەلاندا چونکە جێی چاوچنۆکی خاچپەرستان لەبەیتولمەقدیسدا بوو، ئەو بەیەکەم وەزیری مصر دادەنرێت کەهەوڵیدابێت لەگەڵ نوورەدین مەحمودی ئەمیری حەلەب بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی یەکبوونی ئیسلامی دژبە خاچپەرستان ڕێککەوتنی بەستبێت[5].

---

[1] ابن الطویر: ص٥٣-٥٥.

[2] ابن الطویر: ص٥٣-٥٥.

[3] أسامة بن منقذ: ص٨-٩.

[4] هەمان سەرچاوە: ص٢٢-٢٣، ابن القلانسی: ص٤٩٥.

[5] سید: ص٢٠٩-٢١٠.

خاچپەرستان لەلایەن خۆیانەوە لەسەر باری ناجێگیری ناو مصر وەستانو دەرفەتیان قۆستەوەو لە(جەمادیلئولای ٥٤٨ك/ئابی ١١٥٣ز)دا دەستیان بەسەر عەسقەلاندا گرت[1]، بەمە فاتیمیەکان کۆتای ناوچەی خۆیان لەووڵاتی شامدا لەدەستدا.

ئاسایی بوو زافیر بۆ وەزیری خۆی عەبباسی سەنهاجی دابنێت، بەڵام پیلانگێران درێژەیان بەپیلانی خۆیانداو لە(کۆتایی موحەڕەمی ٥٤٩ك/١٦ی نیسانی ١١٥٤ز)دا خودی زافیریان کوشت[2]، ئوسامەی کوڕی منقیز لەنوسینی ژیاننامەی خۆیدا خۆی لەو تۆمەتانە بەدوور دەگرێت[3].

کوژرانی زافیر کۆشکی فتیمیو خەڵکی قاهیرەی هەژاندو عەبباسی هەوڵیدا خۆی لێ بەدووربگرێت، بۆیە منداڵێکی بچووکی زافیری هێنا کەبە عیسا ناو دەبراو وەك فەرمانڕەوا دایناو نازناوی فائیزبینە سریللاهی لێنا، ئەوکات هێشتا تەمەنی سێ ساڵان بوو[4].

ناجێگیریو ئاژاوە لەئەنجامی ئەو پیلانە خوێناویانەدا کۆشکی فاتیمی داگرتو ئافرەتانی کۆشك هەواڵیان بۆ تەلائیعی کوڕی ڕوززەیکی والی لەشوێنێن لەناوچەی(صعید) ناردو داوایان لێکردبێتو لەو مەترسەی تووشیان بووە ڕزگاریان بێتن تەلائیع چووبەدەم داواکەیانەوەو لەگەڵ هێزەکانیدا بەرەو قاهیرە چوو و لە(مانگی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ٥٤٩ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١١٤٥ز)دا چوویە ناویو هەریەك لەعەبباسو نەسری کوڕیو ئوسامەی کوڕی مونقیز لەقاهیرە دەرچوونو بەرەو ووڵاتی شام ملیان نا[5].

تەلائیع پایەی وەزیری وەرگرتو نازناوی(الملك الصالح)ی وەرگرتو توانی سنوورێك بۆ ئەو ئاژاوانە دابنێت کەلە قاهیرەدا هەڵگیرسابوون، بەڵام پاش ماوەیەك هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەستی خۆیدا کۆکردەوە، بەکۆتا وەزیری بەهێزی فاتیمیەکانیش دادەنرێت، تەلائیع بەرەو ڕووی خاچپەرستان لەووڵاتی شامدا وەستاو زانی مصر بەتەنها ناتوانێت بەرەورووبان بوەستێت، بۆیە پەیوەندی بەنوورەدین مەحمودەوە کردو داوای لێکرد هەوڵەکانیان یەکبخەن، بەڵام جیاوازی مەزهەبی ئایینی نێوان دیمەشقو قاهیرە نەیهێشت بەگوڕوتینەوە هاریکاری لەنێوانیاندا هەبێت.

---

[1] ولیم الصوري: تأريخ الأعمال المنجزة فيما وراء البحار ج٢ ص٨٢٠-٨٢٣.

[2] أسامة منقذ: ص٢٥.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٢٦-٢٧.

[4] ابن القلانسي: ص٥٠٦-٥٠٧.

[5] أسامة بن منقذ: ص٢٩-٣٠، المقريزي: اتعاظ الحنفا ج٣ ص٢١٥-٢٢٠.

هەوڵەکانی مەلیك صالح بۆ ڕێگری خاچپەرستان کۆتا هەوڵی فاتیمی بوون لەوبارەیەوە، دواتر خاچپەرستان دەستپێشخەریانکردو بۆ دەستگرتن بەسەر مصردا هێرشیان دەبردە سەرو هۆکاری ئابووری بۆ سوود وەرگرتن لەسامانی مصرو هۆکاری سیاسی بۆ گەمارۆدانی وولاتی شام لەباشوورو باکوورەوە لەلایەكو ڕێگرتن لەوەی نوورەدین مەحمود مصر بداتە پاڵ شام بۆئەوەی نەکەونە دوای ئیسلامیەوە هانیدەدان ئەگەر صالح صالح ئامادەبوو سەرانەیەکی ساڵانە بەخاچپەرستان بدات، ئەوا لەبەر ئەوە وایکرد کەهێرش نەبەنە سەر مصر.

مەلیك صالح چاوی بڕیە ئەوەی خیلافەت بۆ نەوەکانی خۆی بێت، جاکاتێك فائیز لە(١٨ی ڕەجەبی ساڵی ٥٥٥ك/٢٤ی تەمووزی ساڵی ١١٦٠ز)دا بەبێ هیچ میراتگرەوەیەك مرد، ئەمیر عەبدولای کوڕەزای حافیز کەبچووکترین کەسی ناو نزیکان بوو و تەمەنی پانزە ساڵ بوو شوێنی گرتەوەو نازناوی عازید لیدینلاهی پێداو پاشان کچەکەی خۆی لێمارەبڕی بەڵکو منداڵێکی لێ ببێتو خیلافەت پاشایەتیو دەسەڵاتیش لەدەست بەنی ڕوززەیکدا کۆببێتەوە[1].

عزید بەدەسەڵاتداری صالح بێزاربوو و ئافرەتانی کۆشکیش بەهاوسەرگیری کچی صالح بۆ عازید ناڕازیبوون، بۆیە ستولقوسوری خوشکی بچوکی زافیر نەخشەی لەناوبردنی صالحی داناو چەند خزمەتگوزارێکی لەحەوشەی کۆشکدا لێ قەرەولگرتو لە(١٩ی ڕەمەزانی ساڵی ٥٥٦ك/١١ی ئەیلولی ساڵی ١١٦١ز)دا کوشتیان[2].

ڕوززیەکی کوڕی شوێنی وەزیری مەلیك صالحی باوکی گرتەوەو نازناوی مەلیك عادلی وەرگرت، لەماوەی ژیانی سیاسی خۆیدا هەوڵیدا سیاسەتی باوکی چاکبکات، بەڵام گوێی لەڕاوبۆچوونی کەسەر نزیکەکانی گرتو هانیاندا تا شاوری کوڕی موجیرەدینی سەعدی لەویلایەتی(قەوص) لاببات تالەسەر دەسەڵات ڕکەبەری نەکات، بەڵام شاور بەرەو قاهیرە کشاو توانی بەسەر مەلیك عادلدا سەربکەوێتو مەلیك عادل لەسەر دەستی ئەیتی کوڕی شاور لە(٢١ی ڕەمەزانی ساڵی ٥٥٨ك/٢٣ی ئابی ساڵی ١١٦٣ز)دا کوژرا[3].

کۆتا ساڵەکانی تەمەنی دەوڵەتی فاتیمی دەربڕی زنجیرە ململانێو جەنگێکی نێوان والیەکانی هەرێمەکان بوو لەسەر دەسەڵات لە ڕکەبەریدابوون و ئەو هێزە دەرەکیانەی پشتیان پێدەبەستن تاجێتی لەدەسەڵاتدا بچەسپێنن، سیاسەتی ئەو والیانە بە گۆڕانی خێرا ناسراوون، جارکەبەری نێوان

---

[1] ابن الأثير: ج٩ ص٢٨٤-٢٨٥، المقريزي: اتعاظ الحنفا ج٣ ص٢٤٦.

[2] ابن خلكان: ج٢ ص٥٢٨-٥٢٩.

[3] المقريزي: اتعاظ الحنفا ج٣ ص٢٥٧-٢٥٩، ابن تغري بردي: ج٥ ص٣٤٦.

شاورو زرغامەو پەنابردنی هەریەکەیان بۆ هێزە بیانیەکان کەنوورەدین موحەمودو خاچپەرستان بوون، بوویە هۆی زنجیرە جەنگێکی نێوان هەردوولا لەسەر خاکی مصرو لەبەرژەوەندی نوورەدین مەحمودو دوورخستنەوەی یکجارەکی خاچپەرستان لەمصر کۆتایی پێهات سەرکردەکەی نوورەدین مەحمود کەئەسەدەدین شێرکۆ بوو لە ساڵی(٥٦٤ك/١١٦٩ز)دا پایەی وەزارەتی گرتەدەست، بەڵام پاش چەند هەفتەیەك کۆچی دوایی کردو صەلاحەدینی برازای کەلەهەڵمەتەکانیدا لەگەڵیدابوو شوێنی گرتەوە ئەمەش لە(٢٥ی جەمادیلئاخیری ساڵی ٥٦٤ك/٢٦ی ئازاری ساڵی ١١٦٩ز)دا بوو و عازید نازناوی(مەلیك ناسر)ی لێنا[1].

صەلاحەدین[2] سیاسەتێکی گرتەبەر کەئامانجی چەسپاندنی مەڵبەندی خۆی لەمصرداو گێڕانەوەی ئەو وولاتە بۆ پایتەختی خیلافەتی عەباسی هەبوو، ئەمە مەزهەبی سوننی بوژاندەوە هەروەك کەوتە بەر سکاڵاو خواستی زۆری نورەدین مەحموود تا پەلە لەو هەنگاوەدا بکات لەگەڵ ئەوەی لەلایەن هێزە پاڵپشتەکانی نیزامی وەك موئتەمەنو لغیلافەو سودانەوە بەرەورووی نارەزایی لەدەسەڵاتەکەی بوویەوە، بەڵام توانی بەسەر هەموو سەختیەکاندا سەرکەوێتو دواتر لە(مانگی موحەرەمی ساڵی ٥٦٧ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ١١٧١ز)دا ووتاری بۆ خەلیفە عازیدی فاتیمی لابردو ووتاری بۆ خەلیفە موستەزیئی عەباسی خوێندەوە[3].

چەند رۆژێك بەسەر نەهێشتنی ووتار بۆ فاتیمیەکاندا تێنەپەڕی تائەوەی عازیدی کۆتا فەرمانڕەوای فاتیمیەکان لەمصر مردو[4] بەمردنی ئەویش کۆتایی بەدەوڵەتی فاتیمی هات.

---

[1] أبو شامة: ج١ ص٤٣٩، المقريزي: اتعاظ الحنفا ج٣ ص٣٠٩، ابن قاضي شهبة: الكواكب الدرية في السيرة النورية ص١٧٩.

[2] صەلاحەدینی ئەیووبی سەرکردەی موجاهیدو دادپەروەرو دانای کورد بوو کەتوانی ئاڵای یەکتا پەرستی بەرزبکاتەوەو لەجیهادی شکۆداری دژبە خاچپەرستاندا سەرکەوێتو مەترسی بڵاوبوونەوەی رافیزیش بوەستێتو سەربەرزیەك تۆماربکات کەدوژمنەکانی شایەتیان بۆداوەو لەنوسینەکانیاندا تۆمارکراوە.-وەرگێر-.

[3] ابن الأثير: ج٩ ص٣٦٤.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٩ ص٣٦٥.

# بەشی نۆیەم

## سەردەمی مەملووکی(٦٤٨-٩٢٣ك/١٢٥٠-١٥١٧ز)

## سوڵتانە مەمالیکەکان و ماوەی فەرمانڕەوایی هەریەکەیان مەمالیکی

## بەحری(دەریایی)

١- شەجەرە تودور ........................................ ٦٤٨ك/١٢٥٠ز.
٢- موعیز عیزەدین ئەیبەك ................................ ٦٤٨-٦٥٥ك/١٢٥٠-١٢٥٧ز.
٣- مەنصور نوورەدین عەلی ................................ ٦٥٥-٦٥٧ك/١٢٥٧-١٢٥٩ز.
٤- موزەفەر سەیفەدین قوتز ................................ ٦٥٧-٦٥٨ك/١٢٥٩-١٢٦٠ز.
٥- ڕوکنەدین بیبرس بندقداری ................................ ٦٥٨-٦٧٦ك/١٢٦٠-١٢٧٧ز.
٦- سەعید ناصرەدین بەرەکەخان ................................ ٦٧٦-٦٧٨ك/١٢٧٧-١٢٧٩ز.
٧- عادل بەدرەدین سەلامش ................................ ٦٧٨ك/١٢٧٩ز.
٨- مەنصور سەیفەدین قلاوون ................................ ٦٧٨-٦٨٩ك/١٢٧٩-١٢٩٠ز.
٩- ئەشرەف صەلاحەدین خەلیل ................................ ٦٨٩-٦٩٣ك/١٢٩٠-١٢٩٣ز.
١٠- ناصر ناصرەدین موحەمەد: جاری یەکەم ................ ٦٩٣-٦٩٤ك/١٢٩٣-١٢٩٤ز.
١١- عادل زەینەدین کەتبەغا ................................ ٦٩٤-٦٩٦ك/١٢٩٤-١٢٩٦ز.
١٢- مەنصور حسامەدین لاجین ................................ ٦٩٦-٦٩٨ك/١٢٩٦-١٢٩٩ز.
١٣- ناصر ناصرەدین موحەمەد: جاری دووەم ................ ٦٩٨-٧٠٨ك/١٢٩٩-١٣٠٩ز.
١٤- موزەفەر بیبرس جاشنگیر ................................ ٧٠٨-٧٠٩ك/١٣٠٩-١٣١٠ز.
١٥- ناصر ناصرەدین موحەمەد: جاری سێیەم ................ ٧٠٩-٧٤١ك/١٣١٠-١٣٤٠ز.
١٦- مەنصور سەیفەدین ئەبوبەکری کوڕی ناصر موحەمەد .. ٧٤١-٧٤٢ك/١٣٤٠-١٣٤١ز.
١٧- ئەشرەف عەلائەدین کوچکی کوڕی ناصر موحەمەد ........ ٧٤٢ك/١٣٤١ز.
١٨- ناصر شەهابەدین ئەحمەدی کوڕی ناصر موحەمەد ........ ٧٤٢-٧٤٣ك/١٣٤٢ز.
١٩- صالح عیمادەدین ئیسماعیل کوڕی ناصر موحەمەد ..... ٧٤٣-٧٤٦ك/١٣٤٢-١٣٤٥ز.
٢٠- کامیل سەیفەدین شەعبانی کوڕی ناصر موحەمەد ....... ٧٤٦-٧٤٧ك/١٣٤٥-١٣٤٦ز.
٢١- موزەفەر زەینەدین حاجی کوڕی ناصر موحەمەد ........ ٧٤٧-٧٤٨ك/١٣٤٦-١٣٤٨ز.

## یەکەم: دەوڵەتی مەمالیکی بەحری( دەریایی )( ٦٤٨-٧٨٤ك/١٢٥٠-١٣٨٢ز)

### سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەت( ٦٨٤-٦٥٨ك/١٢٥٠-١٢٦٠ز)

**ڕێخۆشکەری:** مەمالیکەکان دەوڵەتێکی ئیسلامیان دامەزراند کەمصرو وڵاتی شانی گرتەوەو هەژموونی خۆیان بەسەر حیجازو یەمەندا بڵاوکردەوەو لەسەرەتاکانی سەدەی شانزەدا کۆتایی پێهات، ئەو ماوەیە چەند قۆناغێکی جیهادی ئیسلامی بۆ بەرگریکردن لەئایین و خاک و دژبەو مەترسیانەی هەڕەشەیان لە ڕۆژهەڵاتی نزمی ئیسلامی دەکرد لەلایەن خاچپەرستان و مەغۆل و ڕۆژئاوای ئەورووپیەوە، تائێستاش ناوی جەنگی عەینجالوت و جەنگی مەرج سەفەرو جەنگی مەنصورەو جەنگی فارسکورو جەنگی ئەنتاکیەو جەنگی تەرابلوس و جەنگی عەککا لەمێژوودا زیندوون و شایەتی پاڵەوانی و دلێری و گیانبەخشی بۆ مەلیك دەدەن.

ئەگەر نیزامی مەملوکی توانی بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەردەوامبێت، ئەوە بەهۆی ئەو داهاتە زۆرەوەبوو کەلەئەنجامی بازرگانی نێودەوڵەتی تیدا دەست مەمالیکەکان دەکەوێت.

**ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی:**

سەرکردە ئەیوبیەکان لەژێرسایەی ئەو ناکۆکی و پشێویە خێزانیەی پەیوەندیەکانی نێوان ناوچە جیاجیاکانی ژێردەسەڵاتیانی داگرتبوو ناچاربوون پەنا بۆ مەمالیکە تورکیەکان بەن و دەستە بەدەستە دەیانکڕین تا پشتیان پێیان قایمبێت، سەرچاوەی ئەو مەمالیکانە ئەوکات وڵاتی ئەودیو ڕووبار بوو، صالح نەجمەدین ئەیوب لەدوورگەی(الروضة) قەڵایەکی تایبەتی بۆ بنیادنان و لەوێ نیشتەجێی کردن، لەبەر ئەمە ئەو دەستەو کۆمەڵەیە بەناوی مەمالیکی بەحری(دەریایی) ناسران[1].

**دیدی مەملوکی:**

مەمالیکەکان پەروەردەیەکی ڕێك وپێك و تەواویان لەسەر پەیڕەوی سوارچاکی و نیزامی توندو لێدەری سەربازی پەیوەست بەئیقتاعی جەنگی وەرگرت، ئەمە کەشێکی تایبەتی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەخساندن و تێکەڵ بەدانیشتوانی مصر نەبوون و ئافرەتی مصریان نەدەهێنا دیاترین تایبەتمەندیان دوورکەوتنەوەو خۆبەرزگرتنیان بوون لەخەڵك و دابەشبوونیان بۆ چەند دەستەو تاقمێك کەهەریەکەیان سەرکردەیەکی هەبوو، پیاوانی ئایینی پێناوی پەیوەندی نێوان ئەوان و گەلبوون، لەو ململانێیەی لەنێوان ئەو دەستەو تاقمانەدا هەڵدەگیرسا دەبوویە هۆی ئەوەی شێوەی ژیانی گشتی و

---

[1] المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك ج١ ص٣٣٩-٣٤٠.

کارگێڕی حکومی بشێوێنێت، ئەوان بەهێزی سوپا خۆیان دەسەپاندو ئەو هێزەش بەتوندو تیژی داهاتی وولاتی قۆرخ دەکرد، بەلاّم هەرچیان بەدەست بهێنایە لەناوچەکەدا دابەشیان دەکرد مەمالیکەکان ئەو سیفەتەیان هەبوو کەپشتیان بەپشتاوپشتو میراتگری نەدەبەست، جا سەرکردەی بەهێز شوێنی گەورەکەی لەدەسەلاّتدا دەگرتەوەو تاجیشیان بەوەقفو مولّکی خۆیان دەزانی، لەبەرئەوەی کۆمەڵو گەلێك بوون دەبینین هەر ناپاکیو پیلانگێڕیەك دژبەیەکتری پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە نەبوو بەتایبەت ئەمە لەکۆتا ڕۆژەکانیاندا هەبوو، ئەگەرچی لەنێویاندا چەند فەرمانڕەوایەکی صالحو پرشنگدار دەرکەوتن.

**دامەزراندنی دەوڵەتی مەمالیکی بەحری:**

خێرا مەمالیکەکان قەڵەمڕەوێکیان پەیداکرد کەکاریگەریەکی بەهێزی لەڕێڕەوی ئەو ڕووداوانەدا هەبوو کەوولاّتی شام بەگشتیو مصر بەتایبەتی بەرەوڕوویان دەبوویەوە جا ڕێیان لەو شالاّوە خاچپەرستیە گرت کەلە ساڵی(٦٤٧ك/١٢٤٩ز) بەسەرکردایەتی لویسی نۆیەمی پاشای فەڕەنسی کرایە سەر مصرو خودی ئەو پاشایەش بەدیل گیرا، هەروەك لەدوای ئەوەی لە(مانگی موحەڕەمی ساڵی ٦٤٨ك/مانگی ئایاری ساڵی ١٢٥٠ز)دا بەهۆی ترسیان لەتوران شاهی سەرکردەی ئەیوبیەوە هەستان بەکوشتنی توران شاهو کۆتاییان بەدەوڵەتی ئەیوبی هێناو بوونە ئەهلی حەلو عەقد لەمصردا.

شتێکی ئاسایی بوو هەر سەرکردەیەك چاو لەکورسی دەسەلاّتی مصر ببڕێت، هەروەك پاشا ئەیوبیەکان لەدەرەوەی مصرو لەوانەش ناصر یوسفی فەرمانڕەوای حەلەب هەبوون لەپێشڕەوی مەمالیکەکان بۆ کوشتنی پاشایەکی ئەیوبیو گرتنەدەستی دەسەلاّتی مەمالیکەکان بێزاربوون.

بۆ دەرچوون لەو تەنگاوە مەمالیکەکان شەجەرەتودوری خێزانی صالح ئەیوبیان هەڵبژارد تاکورسی دەسەلاّت بگرێتەدەست(٦٤٨ك/١٢٥٠ز) ئەو ژنە بەڕێزە لەبنەڕەتدا ئەرمینی یان تورکی بوو و صالح ئەیوب کڕیو دواتر ئازادی کردو بەهاوسەری گرت، جا لەڕووی بنەڕەتو گەورەبوونەوە لە مەمالیکەکان نزیکتربوو، وێڕای ئەمەش ئەو پەیوەندیە سیاسیەی دەیبەستەوە بەصالح ئەیوبەوە لەدوای مردنی صالح ئەیوب کۆتایی پێهاتو ئەو ژنە بووبە فەرمانڕەوای مصرو یەکێکبوو لە دەستەی مەمالیکەکان، مەقریزی بەیەکەم سوڵتانی مەمالیکی بەحری دادەنێت[1].

---

[1] المقريزي السلوك: ج١ ص٣٦١.

یەکەم ئیشی شەجەرەتودور ئەوە بوو کۆتایی بەو دانوستانانە هێنا کە لە دمیاتو لەسەردەمی تورانشاه لەگەڵ خاچپەرستاندا دەستی پێکرد، لە ئەنجامی ئەمەدا پاشا لویسی نۆیەم لەمصر دەرچوو[1]، لەسەردەمی ئەمەدا مصر بەرەورووی فشاری ئەیوبیەکان لەووڵاتی شامدا بوویەوە کەئامادەنەبوو دان بەگۆڕانی نیزامەکەدا بنێنو مەمالیکەکانیان بەداگیرکەر دەزانی پاشان بوونی ئافرەتێکی فەرمانڕەوا بەرەورووی نەیاری خەلیفەی عەبباسی لەبەغدادو خەلکی گشتی ناو مصر بوویەوە، بۆیە هەردەبوو پیاوێك لەدەسەلاتدا دابنێن کەهەموان لەسەر یەکدەنگ بن[2]، بۆ دەرچوون لەو بارە نارەحەتە شەجەرەتودو لەگەڵ عیزەدین ئەیبەگدا کە ئەتابەگی سەربازان بوو هاوسەرگیری کردو دواتر خۆی لەدەسەلاتدا لابرد[3].

موعیز ئەیبەك(٦٥٥-٦٤٨ك/١٢٥٠-١٢٥٧ز) بەرەورووی سێ کێشەی ناوخۆیی نیمچە مەترسیدار بوویەوە، جا عەرەبەکانی مصر لەدژی دەسەلاتەکەی هەستان، بەلام شۆڕشەکەی لەناوبردن[4](ئوقتای) شی لەناوبرد کەلەسەر دەسەلات ڕکەبەری لەگەڵدا دەکرد، بۆیە شوێنکەوتەکانی ئوقتای ڕایانکرد بۆ ووڵاتی شامو ئاسیای بچووك لەنێوان بیبرس بوندوقداریو قلاوون ئەلفیو سنقر ئەشقەر هەبوون، بەلام ئەیبەك کەوتەبەر لێدانی شەجەرە تودوری خێزانی دوای ئەوەی ناکۆکی خێزانی کەوتە نێوانیان، شەجەرەتودور لە(مانگی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ٦٥٥ك/مانگی نیسانی ساڵی ١٢٥٧ز)دا ئەیبەکی کوشت، دواتر لەسەر دەستی ژنی یەکەمی موعیز کوژرا[5].

لەبواری سیاسەتی دەرەکیدا ململانێ لەسەردەمی ئەودا لەگەڵ ئەوییەکانی ووڵاتی شام بەردەوام بوو و بەهۆی دەرکەوتنی مەترسیەکی نوێ کەهەڕەشەی لەهەموو موسڵمانان لەڕۆژهەلاتی ئیسلامیدا دەکردو ئەوەی دەخواست یەکڕیزبن کە مەبەستم پێی مەترسی مەغۆلیو دەستوەردانی خەلیفە عەبباسی لەنێو هەردووکیانداو هاندانیان بۆ ڕێککەوتن قەدەر وابوو کەئەو ململانێیە درێژەنەکێشێت[6].

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج١ص٣٦٣، ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة: ج٦ ص٣٦٥.

[2] المقريزي: ج١ ص٣٦٨-٣٦٩.

[3] النويري: ج٢٩ ص٣٦٣-٣٦٤.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٢٩ ص٤٢٩.

[5] هەمان سەرچاوە: ج٢٩ ص٤٥٦-٤٧٥، العيني: عقد الجمان في تاريخ أهل الزمان ج١ ص١٤٠-١٤٢.

[6] النويري: ج٢٩ ص٣٧٨-٤٢٦، المقريزي: ج١ ص٣٨٥-٣٨٦.

لەدوای کوژرانی ئەیبەك مەمالیکە موعیزیەکان بەیعەتیان بەنورەدین عەلی کوڕی داکەتەمەنی پانزە ساڵبوو(٦٥٥-٦٥٧ك/١٢٥٧-١٢٥٩ز) خێرا ڕکەبەری نێوان گەورە سەرکردەکان دەرکەوت‌و لەئەنجامی ئەوەدا ئەمیر سەیفەدین قوتزی جێگیری دەسەلآت دەرکەوت‌و یەکبوونی ڕیزەکانی مەمالیکەکانی لەگرفتی دەسەلآتدا گرتە ئەستۆی خۆی لەئەنجامی مەترسی مەغۆلی‌و لەژێرسایەی مەترسی نوێی ئەیوبیدا، قوتز دەرفەتی قۆستەوە تافەرمانڕەوای هەرزەکار لابدات‌و خۆی کورسی دەسەلآت بگرێتە دەست، بۆیە مەنصور نورەدین عەلی گرت‌و بەندیکردو خۆی کورسی دەسەلآتی گرتەدەست[1].

قوتز(٦٥٧-٦٥٨ك/١٢٥٩-١٢٦٠ز) دەبوو موسڵمانان بەدەستەو کۆمەڵە جیاوازەکانیانەوە یەکبخات تابەرەو ڕووی دوژمنێکی توندوو مەترسیداری دەرەکی ببێتەوە کەمەبەستم پێی مەغۆلە، بۆیە پەیوەندی بەئەیوبیەکانی وولآتی شامەوە کرد تا نێوانیان باش بکەن‌و واز لەناکۆکی بهێنن‌و لەدوژمنیان بدەن، مەغۆلیش بەسەرکردایەتی هۆلاکۆ لەدوای داگیرکردنی عێراق درێژەیان بەپێشڕەوی خۆیان بەرەو عێراق دەداو چوونە دیمەشق‌و لەڕێگەیان بۆ مصر گەیشتنە فەلەستین‌و هۆلاکۆ هەڕەشەی لەقوتزکرد تاخۆی بەدەستەوە بدات[2].

لەڕاستیدا بۆ مەمالیکەکانی مصر سەخت بوو لەڕووی هۆلاکۆو سوپا زەبەلاحەکەیدا بوەستن، بەلآم منگۆی خانی گەورەی مەغۆلی مرد بۆیە هۆلاکۆ ناچاربوو بگەڕێتەوە بۆ قراقورمی پایتەختی مەغۆلی تالەڕێڕەوی ڕووداوە ناوخۆییەکانەوە نزیکبێت‌و لەگەڵیشیدا ژمارەیەکی زۆری سەربازەکانی پاشەکشەیان کرد، هۆلاکۆ سەرکردایەتی سوپاکانی لەوولآتی شامدا دایەدەست کەتبەغانوینی سەرکردەی‌و هێزێکی نێوەندو نیمچە کەمیشی خستەبەردەست قوتز توانی دەستەکانی مەمالیك بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، بەتایبەت ئەوانەی لەدوای کوژرانی موعیز ئەیبەك لەمصر ڕایانکرد، پاشان لەعەین جالوت دژبەکشانی مەغۆلی وەستا، عەین جالوت لەنێوان بیسان‌و نابلوسدایە ئەمملە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٦٥٨ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ١٢٦٠ز)دا ڕوویداو بیبرس بندقداری سەرکردایەتی پێشڕەوی هێزی ئیسلامی دەکرد، جەنگێکی سەخت لەنێوان هەردوولادا بەڕێوەچوو و

---

[1] المنصوري: بيبرس الدوادار: التحفة الملوكية في الدولة التركية ص٢٩، ابن تغري بردي: ج٦ ص٣٧٦-٣٧٧، النويري: ج٢٩ ص٤٦٨.

[2] المقريزي: ج١ ص٤١٩-٤٢٠، ٤٢٧-٤٢٨، أبو الفدا: المختصر في أخبار البشر: ج٣ ص٢٠٩-٢١٠، رشيدالدين، الهمذاني: جامع التواريخ، تأريخ المغول في ايران ج١ ص٣١٠.

تیایدا مەمالیکەکان سەرکەوتن‌و کەتبوغا بەدیلگیراو قوتز کوشتی[1]، مەغۆل بۆیەکەمجار لەمێژوو یان لە ڕۆژهەڵاتدا تامی شکستیان چەشت‌و دوای جەنگەکە مەمالیکەکان بەسەر وڵاتی شامدا تاڕووباری فورات گرت، ئەو سەرکەوتنە بەربەستێکی پتەوی لەبەردەم پێشڕەوی مەغۆلیدا بۆ مصر پێکهێنا.

دوای جەنگەکە بیبرس پێگەی پێشڕەوی خۆی قۆستەوەو داوای لەقوتزکرد تا لەپاداشتی بەدیهێنانی ئەو سەرکەوتنەدا حەلەبی بداتەدەست، بەڵام هەرکە داواکەی وەرنەگیرا لێی هەڵگەڕایەوەو لەکاتی گەڕانەوەی بۆ مصر کوشتی‌و خۆی کورسی دەسەڵاتی مەملوکی گرتەدەست[2].

---

[1] المقريزي: ج١ ص٤٣٠-٤٣١، رشيدالدين: ص٣١٣-٣١٤.

[2] المقريزي: ج١ ص٤٣٥، ابن تغري بردي: ج٧ ص٨٦-٨٧.

## سەردەمی بیبرس و کوڕەکانی( ٦٥٨-٦٧٨ك/١٢٦٠-١٢٧٩ز)

زاهیر بیبرس(٦٥٨-٦٧٨ك/١٢٦٠-١٢٧٩ز) بەئامانجی سەپاندنی جێ پێی خۆی لەدەسەڵاتداو بەهێزکردنی دەوڵەتە تازەکەیو پێدانی سیفەتی بەردەوامی چەند کارو لێپرسینەوەیەکی ئەنجامدا، ئەو لە ساڵی(٦٥٩ك/١٢٦١ز)دا خیلافەتی عەبباسی لەقاهیرەدا زیندوکردەوەو بەهۆی ئەوەی کە خەلیفە دانی پیادانا سیفەتی شەرعی بۆ دەسەڵاتی خۆی وەرگرتو بەدیواری پیرۆزیو دەستخۆشی چواردەوری خۆیداو سەلماندی مەمالیکەکان شیاوترن کەدەسەڵاتی مصر بگرنەدەست، ڕێگەی بەردەم ئەوانەی بچڕاند کەدەیانویست دەسەڵاتیان لێبسەننو ئەو شۆڕشانەی دامرکاندەوە کەدژبەدەسەڵاتەکەی هەڵگیرسانو نیزامی جێگیرایەتی کردە باوو و گرتنەدەستی دەسەڵاتی لەبنەماڵەکەی خۆیدا بەرتەسك کردەوەو نیزامی کارگێڕی گەشەپێداو چەندین پیشەی نوێی داهێناو گرنگی بەگەشەپێدانی دارایی دەوڵەت داو جۆگەی لیداو قەڵاکانی چاککردەوەو پەیمانگاو مزگەوتی بنیادناو گۆڕانی بنەڕەتی لەنیزامی دادوەری مصردا ئەنجامداو کاروباری گەورەترین دەوڵەتی ئیسلامی لەوکاتەدا بەبەهێزیو نەبەردی بەڕێوەبرد، بەکەسێکی ئایین پەروەرو پەیوەست بەئامانجەکانی ئایینو پارێزەری پێنج نوێژەکان لەکاتی خۆیاندا ناسراوە، دژبە بیدعەو خراپەو گەنجەڵی جەنگاو پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلامی توندکردەوەو مەی خواردنەوەی قەدەغەکردو مەیخانەکانی داخستو گرنگی بەئامادەسازی سوپایەکی بەهێزداو دەریاوانی ئیسلامی بنیادنایەوەو کۆمەڵێکی زۆری مەمالیکی هێناو لەدەوری خۆی کۆیکردنەوەو چاکسازیەکانی دانانی چەند یاسایەکیشی گرتەوە کەپەیوەست بەچاککردنی ڕەوشتی مصریەکان بوون.

لەبواری سیاسەتی دەرەکیشیدا بیبرس ڕێبازەکەی صەلاحەدینی ئەیوبیو جێگیرەکانی بۆ دژایەتی کردنی خاچپەرستان لەووڵاتی شامو فەتحکردنی قەڵاکانیان بۆ ئامادەسازی دەرکردنیان لەناوچەکە گرتەبەرو قیساریەو ئەرسوفو سەفەدو سافیتاو قەڵای گەورەی کوردەکانو قەڵای شەقیفو تبنینو یافای فەتحکرد تا گەیشتە ئەوەی ئەنتاکیە فەتحبکات پاشان بۆئەوەی دەستی بۆ مەترسی نوێی مەغۆلی بەتالبێت پێی باشبوو ئاگربەستیان لەگەڵ بکات.

جەنگی عەین جالوت سەرەتای پەیوەندی دوژمنکاری نێوان مەمالیکو مەغۆلی فارس بوو، بیبرس هەرلەوکاتەی دەسەڵاتی گرتەدەست چاوەڕوانی دەکرد ئەو مەغۆلانە تۆڵەی شکستەکەیان

بکەنەوە، بۆیە خۆی بۆ لێدانیان ئامادەکرد، موسڵمان بوونی مەغۆڵەکانی قبجاقی قۆستەوە[1] تاهانیان بدات شالاوبەنەسەر ناوچە فارسیەکانی ئیلخانی لەباکوورەوە تافشاری سەربەرەی باشوور کەمبکاتەوە، مەغۆڵەکانی فارسیش لەلایەن خۆیانەوە لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی خاچپەرستاندا هاوپەیمانێتیان بەس تاڵە مەمالیکەکان بدەن.

مەغۆل لە ساڵی(٦٧١ك/١٢٧٢ز) لە(بیرە) توشی شکستێکی تربوون[2] پاشان بیبرس جەنگەکەی بۆ ناوخۆی ئاسیای بچووك گواستەوە کەلە ژێردەستی مەغۆڵەکاندابوو و لە(بوستان) و لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ٦٧٥ك/مانگی نیسانی ساڵی ١٢٧٧ز) توانی سوپای هاوبەشی مەغۆلی-سەلجوقی بشکێنێت[3].

بیبرس سنورێکی بۆ چالاکی ئەرمەنەکان لەمیرنشینی ئەرمینیای بچووك دانا کەلەگەڵ مەغۆڵەکاندا هاوپەیمانیان بەستبوو و بووبوون بە بەربەستی رێی چالاکی بازرگانی مەملوکی، سوپای مەملوکی توانی بچێتە شارە ئەرمینیەکانو گەیشتە(سیس)ی پایتەختو تالانی کرد[4]، لەباشووریشدا وڵاتی نۆبەی بەمصرەوە لکاندو پەیماننامەیەکی لەگەڵ میخاییلی هەشتەمی ئیمبراتۆری بیزەنتیدا بەستو لەئەنجامی ئەوەدا پەیوەندی نێوان هەردوولا بتەوبوو بەرژەوەندی هاوبەش بۆ دژایەتی خاچپەرستانو مەغۆڵەکان کۆیدەکردنەوە[5]، چەند پەیوەندیەکی بازرگانیشی لەگەڵ چەند هێزێکی ئەورووپی وەك کۆمارەبازرگانیەکانی ئیتالیاو سقلیەدا دامەزراند[6].

بیبرس لە رۆژی(پێنج شەممە ١٧ی موحەرەمی ساڵی ٦٧٦ك/٢١ی حوزەیرانی ساڵی ١٢٧٧ز)دا لەدیمەشق مرد، ئەوبە دامەزرێنەری ڕاستی دەوڵەتی مەمالیکی بەحری دادەنرێت، هەروەك سەردەمەکەی بەیەکێك لەسەردەمە زێرینەکانی ئیسلام دادەنرێت لەسەر کەسایەتیشی کۆمەڵە چیرۆکێکی جەماوەری سازدراون کە باس لەپاڵەوانی خەیاڵیو دانراوی جۆربەجۆری بیبرس دەکەن.

---

[1] قبجاق: دەکەوێتە وڵاتی نێوان وڵاتی ئەرتشو کەناراوی باشووری دەریای قەزوینو زۆربەی دانیشتوانەکەی تورکو تورکمان بوون.

[2] ابن عبدالظاهر: الروض الظاهر في سيرة الملك الظاهر ص٤٠٨، ابن تغري بردي ج٧ ص٢٥٩.

[3] ابن عبدالظاهر: هەمان سەرچاوە: ص ٤٥٦-٤٦٢.

[4] ابن عبدالظاهر:ص ٣٢٧-٣٢٩، المقريزي: ج١ ص٦١٧-٦١٨.

[5] رستم،أسد: الروم في سياستهم وحضارتهم ودينهم وثقافتهم وصلاتهم بالعرب ج٢ ص٢١٦.

[6] هايد: تأريخ التجارة في الشرق الأدنى: ج٢ ص٣٤-٣٥، ٤٢، ٧٢-٧٦، دائرة المعارف الإسلامية ج٤ ص٣١٥.

سـەعید موحەمـەد بەرەکـەخان شـوێنی بیبرسـی بـاوکی گرتـەوە(٦٧٦-٦٧٨ك/١٢٧٧-١٢٧٩ز)بەڵام مەمالیکەکان کەبڕوایان بەمیراتگری دەسەڵات نەبوو ناچاریان کرد تالەئـەنجامی ئـەو سیاسەتە توندو سەختەی گرتبوویەبـەرو گـەورە سـەرکردەکانی دوورخـستەوەو مەمالیکـە نوێکـانی لەخۆی نزیکدەکردەوە وازلەدەسەڵات بهێنێت.

مەمالیکەکان عادل بەدرەدین سەلامـشی کـوڕی بیبرسـیان(٦٧٨ك/١٢٧٩ز)دا لـەژێر سـایەی ڕکەبەری سـەرکردەکاندا دانـا، سـەرکردە سـەیفەدین قـەلاوون ئەلفـە وەك سـەرکردەیەکی بـەهێز دەرکەوتو هەوڵیدا پایەی دەسەڵات بگرێتەدەستو وەك ئەتابەگی سوڵتان دەستنیـشان کـراو بـوو بەخاوەن هەڵوێستی کرداری کاروباری وڵات، پاشان دوای سێ مانگ لەدەسەڵاتداری بەبەڵگەی بچووکیو منداڵی سەلامش کەناتوانێت کاروباری دەسەڵات ڕاپـەڕێنێت سلامـشی لابـردو خـۆی کورسی دەسەڵاتی گرتەدەست[1].

[1] النويري: ج٣١ ص٧-٨، ابن تغري بردي: ج٧ ص٢٩٢.

## سەردەمی قلاوون و خێزانەکەی(٦٧٨-٧٨٤ك/١٢٧٩-١٣٨٢ز)

سەلتان قـلاوون(٦٧٨-٦٨٩ك/١٢٧٩-١٢٩٠ز)لەسـەرەتای دەسـەلاتەکەیدا بـەرەو ڕووی هەمان ئەو بەربەستانە بوویەوە کەسوڵتانە مەمالیککانی تر تووشی بوون، مەبەستم بەمەیش دەرچوونی هەندێك لەگەورە سەرکردەکانە لەدەسەلاتەکەی سونقور ئەشقەری جێگیری لەدیمەشق بـەو گۆڕانـە ڕازی نەبوو کەلەسەرەوەی دەسەلاتدا ڕوویداو ئامادەنـەبوو دان بەمەنـصور قلاوونـدا وەك سـولتان بێت، ئەویش هەلمەتێکی سەربازی بۆ بەرێخستو ملکەچی کردو هێنای بـۆ قـاهیرەو دواتـر لێـی خۆشبوو[1].

قلاوون متمانەی بەمەمالیکە زاهیریەکان نەماو دەستەیەکی مەملوکی تایبەت بـەخۆی دامەزرانـد تالە بتەوکردنی دەسەلاتەکەی لەناو خۆدا یارمەتی بداتو لەجەنگـە دەرەکیەکانـدا پالپـشتی بێـتو ئەندامەکانی لەمەمالیکـە چەرکەسـیەکان هەلبـژارد کەلەبنەڕەتـدا قـەوقازی بـوونو لەبورجـەکانی قەلاکەدا دایناان، بەمە بەمەمالیکە بورجیەکان ناسران، دواتر وەك دەبینین لەمێژووی مـصردا ڕۆلیـان دەبێت.

قلاوون لەبەرتەسـککردنەوەی دەسـەلات لـەخێزانی خۆیـدا هـەمان ڕێبازی بیبرسـی گرتەبەر تابەدرێژایی چوار نەوە دەسەلات لەنەوەکانیـدا بێـت، هـەروەك لـەڕووی لێـدانی خاچپەرسـتاکانو مەغۆلەکاندا سیاسەتی پێشینانی خۆی گرتەبەرو قەلای(المرقب الکبیر)ی سەربە(أسباريه)ی فـەتحکرد کەیەکێك لەدەستە ئایینیە سەربازیە خاچپەرستیەکان بـوو، خاچپەرسـتان کەوتنـە هاوپـەیمانی لەگـەل مەغۆلەکانو ڕێیان لەکاروانە بازرگانیـەکانی موسـلمانان دەگـرت[2]، هـەروەك قـلاوون لازقیـە[3]و تەرابلوسی فەتحکرد[4]و ڕێخۆشکەری بۆ فەتحکردنی عەککا لەسەر دەستی جێگیرەکانی کرد.

سیاسەتی دوژمنکاری نێوان مەمالیكو مەغۆلەکان لەسەر وولاتی فارس لەدوای مردنـی بیـبرس بەردەوامبوو، لە سالی(٦٨٠ك/١٢٨١ز) دوو سوپای مەغۆلی بەرەو وولاتی شـام هـاتن، یـەکێکیان بەسـەرکردایەتی ئاباقـا کەبـەئامانجی چـاودێری کردنـی بزاوتـی مەمالیکـەکان لـەوولاتی شـام ڕوویکردە(ڕەحبـە) ئـەویتریش بەسـەرکردایەتی منکـو تمـری بـرای بـەرەو حـیمص چـوو تالەگـەل مەمالیکەکاندا پێکدا بدات، بەلام سولتان قلاوون لەحیمص توشـی شکـستی کـردنو سـەرکردەی

---

[1] المنصوري: ص٩٤، النويري: ج٣ ص٢١-٢٢.

[2] المنصوري: ص١١٣-١١٤، ابن عبدالظاهر: تشريف الأيام والعصور في سيرة الملك منصور ص٧٧-٨١.

[3] المنصوري: ص١١٧، اب عبدالظاهر: هەمان سەرچاوە: ص١٤٨-١٥٣.

[4] أبو الفداء: ج٧ ص٢٩-٣٠.

مەغۆلیش لەجەنگەکەدا بریندار‌بوو و مەمالیکەکان تاڕووباری فورات کە بوویە سنووری جیاکەرەوەی نێوان دەوڵەتی مەملوکیو دەوڵەتی مەغۆلی کەوتە شوێن سەربازە ڕاکردووە مەغۆلیەکان ئاباقا ناچربوو گەمارۆی سەر ڕەحبە هەڵبوەشێنێتەوە بۆ وولاتی خۆی[1]، دواتر ئاباقا لەسەردەستی تیکوداری برای کەفەرمانڕەوای ئیلخانیەکانی فارس بوو کەوژرا.

لەدوای مردنی ئاباقا مەغۆلەکانی فارس بەرەبەرە دەهاتنە ناو ئیسلامو بانگخوازە موسوڵمانەکان توانیان بەرەو ئیسلام ڕایانبکێشن، تیکودار یەکەم ئیلخانی بوو کەئایینی ئیسلامی وەرگرتو ناوی ئەحمەدی لەخۆی نا، بەڵام ئەو گۆڕانە ئایینیە بەرەو ئیسلام سیاسەتی دوژمنکاری نێوان هەردوولای نەوەستاند، چونکە مەغۆلەکان دیدی فراوانخوازیو سیاسەتی ملکەچکردنی مەمالیکەکان هەبوو، هەرچەندە پەیوەندی نێوانیان جۆرە ئارامشیچکی بەخۆیەوە دی.

لەسەردەمی قلاووندا پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هەندێ دەوڵەتی ئەورووپیدا چالاك بوو و میرنشینی قشتالەو میرنشینی ئەراغۆن چەند پەیوەندیەکی دۆستایەتیان لەگەڵ مصردا هەبوو کەمێکەوەی دەبەستنەوە[2]، پەیوەندی مەملوکی-ئەمینی لەنێوان تەنگژەیەکی توندو پێکداداناو نێوان کرانەوەو ئارامشدا دەگۆڕا، ئەمەیش گەشەسەندنی بارودۆخی سیاسی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزمداو پەیوەندی هەریەك لەمەمالیكو ئەرمەنەکان بەخاچپەرستانو مەغۆلەکانەوە[3] بەڵام میرنشینی بچووکی ئەرمینیا بەدرێژایی دەسەڵاتی مەنصور قلاوون ملکەچی مەمالیکەکان بوو.

پەیوەندی باش لەگەڵ مەمالیکەکاندا بەردەوام بوو و سولتان قلاوون لەسەرئەوە سووربوو کەلایەنەکانی ئاشتی لەگەڵ میخائیلی هەشتەمی ئیمپراتۆری بیزەنتیو ئەندرو نیقوسی دووەمی کوڕو جێگیری میخائیلدا بتەبکات، هەروەك پارێزگاری لە پەیوەندیە کەناریەکانی لەگەڵ مەغۆلە قبجاقەکاندا کردو سووربوو لەسەرئەوەی لەبتەوکردنی دەسترۆیی بەسەر وولاتی نۆبەدا بەشوێن پێی بیبرسدا بڕوات، سولتان قلاوون لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ٦٨٩ك/مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٢٩٠ز) لەکاتی خۆ ئامادەکردن بۆ هێرشبردنە سەر عەککا کۆچی دوایکرد[4].

---

[1] ابن كثير: ص١٣ ص٢٩٥، المقريزي: ج١ص ٦٩٠، ٦٩٨، ابن تغري بردي: ج٧ ص٣٠٥-٣٠٦، رنسيمان: ج٣ ٦٦٢-٦٦٣.

[2] هايد: ج٢ ص٧٦-٧٧.

[3] عاشور، سعيد: الحركة الصليبية ج٢ ص١٢١٦.

[4] المنصوري: ص١٢٢، ابن حبيب، الحسن بن عمر: تذكرة النبية في أيام المنصور وبنية ج١ ص١٣٥.

ئەشـرەف خـەلیل(٦٨٩-٦٩٣ك/١٢٩٠-١٢٩٣ز) شـوێنی قلاوونـی بـاوکی گرتـەوەو لەسەرەتای دەسەڵاتیەوە بەرەوڕووی ئەو ڕکەبەریە تەقلیدیە بوویەوە کە سوڵتانە پێشینەکانی لەلایەن گەورە سەرکردەکانەوە بـەرەوڕووی بوونـەوە، بـەڵام تـوانی بەسـەر هـەموو سـختیە ناوخۆیەکانـدا سـەربکەوێتو خـۆی بـۆ کێـشەی خاچپەرسـتان یەکلابکاتـەوە. لەڕاسـتیدا مردنـی قـلاوون هـیچ کاریگەریـەکی نـەبوو لـە گۆڕانی هەڵوێـستی سیاسـی نێـوان مـەمالیکو نێـوان ئـەو میرنـشینە خاچچپەرستیانەی کەمابوون ئەشرەف خەلیل سووربوو لەسـەر پاکتـاوکردنی خاچپەرسـتانو دوای گەمارۆیەکی سەختو چەند پێکدادانێك لەگـەڵ پـارێزەرە خاچپەرستەکانیدا عـەککای فـەتحکرد[1]، هەروەك بەیروتو سیداو حـەیفاو جوبـەیلی ئـازادکرد[2]، سـەربازگەی نـەترتوسو عوسـەیلتی لـەو دووشارە دوور خستەوە چونکە نەیانتوانی لەڕوویدا بوەستن، حەوزەی داوبـە کەدەسـتەیەکی ئـایینی سـەربازی بـوو تـەنها دوورگـەی ئـەروادی لەبەردەسـتدامابوو[3] ئـەم فتوحاتانـە لـە ساڵی(٦٩٠ك/١٢٩١ز)دا ڕوویدا.

دوای ئەو فتوحاتانە سوپای مەمالیك لەم پەڕ بۆئەوپەڕی کەناراوەکاندا بۆ ماوەی چەند مانگێـك لەچەند هەنگاوێکی خۆپاراستندا دەگەڕانو چی پێگەیەکی لەباریان بەدیکردایە وێرانیـان دەکـرد تـا خاچپەرستان نەتوانن جارێکی تر دابەزنە سەر ووشکانیو سەرلەنوێ تیایدا سەنگەرگیری بکەن[4]، بەم جۆرە فتوحات لەهەموو وولاتانی کـەناراوی جیهـانی ڕۆژهـەڵاتی ئیـسلامیدا تـەواوبوو و لاپـەڕەی جەنگی خاچپەرستی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا کۆتایی پێهات جگە لەچەند هەوڵێکی دواتر کەتووشی شکستو بێهیوایيو شکان بوون. پەیوەندی دوژمنکارانەی نێـوان مـەمالیكو مەغۆلـەکانی فـارس لەسەردەمی ئەشرەف خەلیلدا بـەردەوامبوو، بـەڵام پێکـدادانێکی وا لەنێوانیانـدا ڕووینـەدا شـیاوی باسکردن بێت.

جیهادی ئەشرەف خەلیل دژبە خاچپەرستانو پاکتاوکردنی بنکەکانیان نەبوویە سـکاڵاو دادێـك بـۆی لای ئـەو سـەرکردانەی لەبـەر خۆبـەزلزانینی ئەشـرەفو بەکەمـدانانی ئـەوان زیـاتر ڕقیـان

---

[1] المقريزي: ج١ ص٧٦٤-٧٦٥.

[2] ابن يحيى، صالح: تأريخ بيروت: ص٢٤، ابن تغري بردي: ج٨ ص١٠.

[3] رنسيمان: ج٣ ص٧١٢.

[4] ابن يحيى: ص٢٤.

لێهەڵگرتبوو بۆیە هەریەك لەبیدراو حسامەدین لاجین بڕیاری کوشتنی ئەشرەفیان داو لە ڕۆژی شەممە لە(١٢ی موحەڕەمی ساڵی ٦٩٣ك/کانونی یەکەمی ساڵی ١٢٩٣ز)دا کوشتیان[١].

مەمالیکەکانی ئەشرەف ناصر موحەممەدی برای ئەشرەفیان وەك جێگیری دەستنیشانکرد(٦٩٣-٦٩٤ك/١٢٩٣-١٢٩٤ز) ئەو لەوکاتەدا تەمەنی دە ساڵ بوو نەیدەتوانی بەرەورووی پیلانی سەرکردەکانی لەناوخۆداو ڕکەبەرییان بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات لەکاتی دەرفەت بۆ گەنجانیان بێتەوە، هەروەها توانی بەرەورووی ئەو مەترسیە دەرەکیانە بێتەوە کەڕوویانکردبوویە مصر، میر زەینەدین کەتبوغای بەهێز ئەرکی جێگیری دەسەڵاتی لەهەنگاوێکی ڕێخۆشکەریدا بۆ دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا گرتەبەر، ئەویش چەند دیمەنێك بوون کەلەدەوڵەتی مەمالیکی بەحریدا دووبارە دەبوونەوە، ئەویش دەستنیشانکردنی منداڵێك لەسەر دەسەڵات بوو تاسەرکردەیەکی بەهێز دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت و خۆی بسەپێنێت و ئەو سوڵتانە بچووکە لابیات و دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێت، لەڕاستیدا ململانێی ناوخۆیی لەدسەڵاتی ناصر موحەممەد دا لەنێوان سێ گەورە سەرکردە دابوو کەبریتیبوون لەسنجر شوجاعی و کەتبوغاو حسامەدین لاجین و لەبەرژەوەندی کەتبوغادا کۆتایی پێهات و کەتبوغا سوڵتانی لابردو خۆی شوێنی شوێنی گرتەوە ئەمەیش لە(مانگی موحەڕەمی ساڵی ٦٩٤ك/مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٢٩٤ز)دا واتە دوای یەك ساڵ لەدەسەڵاتی ناصر ڕوویدا و ناصر موحەممەدیش لە(کەرك) سەقامگیربوو.

سەردەمی سوڵتان کەتبوغا(٦٩٤-٦٩٦ك/١٢٩٤-١٢٩٦ز) سەردەمێکی پشێوبوو، ئەو سوڵتانە کورتبینی سیاسی هەبوو، چەند هەنگاوێکی گرتەبەر کەبوویە هۆی ئەوەی لەناو خەڵکدا ڕێزی بشکێت و خەڵکی ڕقیان لێی بکەوێت، گرنگترین ئەو کارانەیشی بریتیبوون لەوەی پایەکانی دەوڵەتەکەی بەمەمالیکەکانی خۆی پڕکردەوەو سەرکردەکانی لەو پایانە دوورخستەوەو بەبەڵگەی پەیوەندیکردنیان مەغۆلەوە ڕاوەدووی نانو پێشوازی لەسەربازە عوەیراتیە مەغۆلیەکان کرد کەلەدەست ئیلخان مەحموود غازان ڕایانکردبوو و پەنایان بۆ مصر هێنابوو و هێشتا بتپەرست بوون دوو سەرکردەی تایبەتی خۆی پێشخست و ئەوانیش بتخاص و بکتوت ئەوززەق بوون، ئەم دوانە دەسەڵاتی خۆیان بەخراپی بەکارهێناو ستەمیان لە هاوڵاتیان کردو وڵات لەسەردەمی ئەمدا تووشی قات و قڕی و نەخۆشی و برسێتی سەخت و بەرزبوونەوەی نرخەکان بوو و سەرکردەکانی وڵاتی شامیش لەدژی هەستان چونکە ئەمیر ئەیبەکی حەمەوی لابرد[٢].

---

[١] المنصوري: ص١٣٦، ابن حبيب: ج١ ص١٦٧.

[٢] النويري: ج٣١ ص٢٨٣، المقريزي: ج١ ص٨٠٧، أبو الفداء: ج٤ ص٣٣-٣٤.

میر حسامەدین لاجین ئەو بارە نالەبارەی قۆستەوەو پیلانێکی بۆ کوشتنی سولتان دانا، بەڵام کەتبوغا لەتیرۆرکردنەکە ڕزگاری بوو و ڕایکرد بۆ دیمەشق، ئەوکات لاجین خۆی وەك سولتانی مصر ڕاگەیاند[1].

سولتان لاجین(٦٩٦-٦٩٨ك/١٢٩٦-١٢٩٩ز) لەسەرەتای دەسەلاتیدا هەولیدا بارێك پێکبهێنێت کەلەو نالەباریە سیاسیانە بەدووربیگرێت کە پێشینەکانی بەرەوڕوویان بوویەوە، سەرکردەکانیش لەوەدا یارمەتیان داو مەرجیان لەسەر دانا تاوەك یەکێك لەوان بێتو لەگەلیان بێتو مەمالیکەکانی بەسەر ئەواندا پێش نەخات بەتایبەت مصر منکوتمر، هەروەها ڕای خۆی بەزۆر نەسەپێنێت، کاتێك جێپێی لەدەسەلاتدا چەسپا ئەو مەرجانەی لەبیرکردو خەلکیش لەدەسەلاتی بێزاربوونو لەسەر دەستی یەکێك لەوانەی بۆخۆی هەلبژاردبوو و گرنگی تایبەتی پێدەدا کوژرا[2].

لەسەردەمی لاجیندا چەند ڕووداوێکی دەرەکی ڕوویاندا کەخۆیان لەهێرشبردنەسەر وولاتی ئەرمینیادا خۆی دەبینیەوە، لە ڕاستیدا ئەو هەلمەتەی سولتان ناردی بۆ کیلیکیە زیاتر لەهەناسەدان بەفشاری ناوخۆیی یەوە بوو دوای ئەو بەرهەلستکاریە توندەی لەلایەن سەرکردەکانەوە بەرەوڕووی بوویەوە، سوپای مەملوکی چەند قەلایەکی ئەرمینی فەتحکرد لەوانە قەلای بتەوو سەختی(النجمیة)و مەرعشو تەل حەمدون[3].

ململانێی نێوان سەرکردەکان دەستیپێکردەوەو ڕکەبەری نێوانیان لەپێناو دەستگرتن بەسەر دەسەلاتدا توندیکرد، ئەمەیش لەبەر نەبوونی کەسایەتیەکی بەهێز کەبتوانێت بەسەر بارەکەدا زالبێتو لەبەرژەوەندی خۆیدا کاروبارەکان یەکلابکاتەوە، لەئەنجامی ئەو بۆشاییە لەدەسەلاتدا ناچاربوون ناصر موحەمەد لەکەرك بانگبکەنو بۆجاری دووەم کردیان بەسولتان ئەوکات تەمەنی چواردەسال دەبوو[4]، لەڕاستیشدا گەڕانەوەی ناصر بۆ دەسەلات بەقۆناغێکی گواستنەوەی چاوەڕوانی لابردنی ئەوبارە سیاسیە ناوخۆییە دادەنرێت کەبەهۆی ڕکەبەری سەرکردەکانەوە ناجێگیریو پشێوبوو میر سەلارو میر بیبرس جاشنگیر دەرکەوتنو دەسەلاتیان گرتەدەستو فشاریان

---

[1] المنصوري: ص١٤٧-١٤٨، المقريزي: ج١ ٨١٩-٨٢٢.

[2] أبو الفداء: ج٤ ص٣٩.

[3] النويري: ج٣١ ص٣٣٧-٣٤٣.

[4] هەمان سەرچاوە: ج١ ص٣٥٧-٣٦٨، المنصوري: ص١٤٥-١٥٥.

لەسەر سولتان داناو بێزاریان کرد تائەوەی بەویستی خۆی وازی لەدەسەلات هێناو مصری بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ کەرك، سەرکردەکان بیبرس جاشنگیریان وەك سولتان دانا[1].

لەجاری دووەمی سولتان ناصرموحەممەد دا دوژمنایەتی تەقلیدی نێوان هەریەك لەمەغۆلو ئەرمەنەکان بەردەوامبوو ئیلخان مەحمود غازان لەدیدی سیاسیەوەو بۆ بەدیهێنانی نیازە سیاسیەکانی مەغۆل لەسەردەمی هۆلاکۆوە کەگرتنەخۆی وولاتی شامو مصر بوو دەیڕوانیە پەیوەندی لەگەڵ مەمالیکەکاندا.بەڵکو ئەو سەرکردە مەغۆلیە دەیویست مەمالیکەکان لەسەر جیهانی ئیسلامی لابباتو مەغۆلەکان شوێنیان بگرنەوە.

پێش ئەوەی هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی بنێت هەولێدا لەگەڵ ناصر موحەممەد دا لێك تێبگەنو کەوتە ئاڵوگۆڕی نامە لەگەڵیدا[2]. بەڵام ڕەقی هەڵوێستە سیاسیەکان نەیهێشت بگەنە ئەنجام، هەردەبوو بۆ مانەوەی مصر بۆ سەرکردایەتی جیهانی ئیسلامی پێکدادان ڕووبدات.

سوپای مەملوکیو مەغۆلی لە(مجمع المروج) لە ڕۆژهەلاتی حمص لە سالی(٦٩٩ك/١٢٩٩ز)دا لەژێر سایەی دابەشبوونی مەمالیکەکان بەهۆی ڕکەبەریان لەسەر دەسەلات جەنگێکی قورس لەنێوانیاندا ڕوویداو بەسەرکەوتنی ڕوونی مەغۆلەکان کۆتایی پێهات کەدەستیان بەسەر شارەکانی وولاتی شامدا گرت، غازان مۆڵەتی پەنادانی بەخەلکی دیمەشق داو لەسەر مینبەرەکانی مزگەوتەکانی دیمەشق ووتاری بۆ خوێندرایەوە، ئەمەش مۆڵەتدانێك بوو بەوەی ئەو وولاتە ملکەچی دەسەلاتی مەغۆل دەبێت[3].

بەلام غازان بەلێنەکانی خۆی نەپاراستو بەپەلە سەربازەکانی چوونە ناوشارەکەو خراپەیان تێدا بەرپاکردو پێشڕەوەکانیان گەیشتنە بەیتولموقەدیسو کەرك، لەوکاتەدا ناصر موحەممەد ڕیزەکانی هێزەکانی خۆی ڕێکخستەوەو چووبەرەو ڕوویان بۆ وولاتی شام تا تۆڵەی شکستی خۆی بکاتەوەو لەجەنگی شەقحەبدا[4] پێکیانداداو بەسەر سوپای مەغۆلیدا سەرکەوتو لەوئەنجامەدا چوویە ناوشاری دیمەشق[1].

---

[1] المنصوري: ص١٩١، ابن حبيب: ج١ ص٢٨٧.

[2] النويري: ج٣١ ص٤٢٦-٤٤١.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٣٨٤-٣٨٥، ٣٨٩-٣٩٤.

[4] ئەمە ئەو جەنگەبوو کەپێشەوای گەورەی سەلەفی ساڵحو زانای ئەهلی سونەو نەوەی کورد ئیبنوتەیمیە تیایدا بەشداری کرد، ئیمامی ئیبنوتەیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت خۆی چوو بۆ مصرو سەرکردەی موسڵمانانی هانداو فەتوای بۆ جیهاد دەرکردو خۆشی لەبەرچاوی هەموان ڕۆژوی شکاند تا موسڵمانانیش چاوی لێبکەنو بتوانن بەچاکی

ئەرمەنەکان هاوکاری مەغۆلەکانیان دا تاهێرش بکەنە سەر ناوچە ئیسلامیەکان، مەیسومی دووەمی پاشای ئەرمەن توانی بچێتە ناو گوندی سالحیە لەبەرەی دیمەشق لەکەنار شاخی قاسیونو گوندەکەی تالانکردو مزگەوتو خوێندنگەکانی سوتاند[2] و لەوەش زیاتر چوو ئەو سەرانەیەی وەستاند کەدەبوو بیدات بە مەمالیکەکان ئەمە سولتانی هاندا تابەرەورووی بێتەوە، سوپا مەملوکیەکان دایان بەناو شارە ئەرمەنیەکانداو تالانیان دەکردنو دەیانسوتاندن تائەوەی باری میرنشینەکە بەشێوەیەکی ڕوون خراپبوو مەیسومی دووەمیش زیاتر لەوە بەرگەی نەدەگرتو لەسالی(٧٠٥ك/١٣٠٥ز)دا وازی لەکەرسی دەسەلات هێنا بۆ لیوٚی چوارەمی برازای خۆی[3] ئەرمەنەکان لەسەردەمی ئەمدا سەرقالی ململانێی ناوخۆیی بوونو هاوپەیمانی سروشتی مەغۆلی خۆیان لەدەستدا چونکە مەغۆلەکان دەچوونە ناو ئیسلامەوە ئەمەش هەژاندنی نالەی ئاسایینی نێوان بەرەی مەملوکیو مەغۆلی پێلەدەستدانو ئیتر میرنشینی ئەرمەن لەناو نێوەندێکی ئیسلامی دا وەستابوو و ناچاربوون بکەونە ڕازیکردنی مەمالیکەکان.

سولتان بیبرس جاشنگیر(٧٠٨-٧٠٩ك/١٣٠٩-١٣١٠ز) بەرەورووی بەرهەلستکاری گەورە سەرکردەکانی وولاتی شامو مصر وێڕای نارەزایی گشتی ئەو خەلکە بوویەوە کەپالپشتی سولتان ناصر موحەمەد بوونو لەدژی بیبرس هەستانو بۆ جاری سێیەم ناصر موحەمەدیان بۆ دەسەلات گێڕایەوە[4].

دەسەلاتی سێیەمی ناصر موحەمەد(٧٠٩-٧٤١ك/١٣١٠-١٣٤٠ز) بەلایەنێکی زۆر گرنگ دادەنرێت جاتیایدا ئەو کەسایەتیە دەرکەوت کەڕووداوەکانی مێژووی مەملوکی بەتایبەتو مێژووی ناوچەکەی بەگشتی بۆ ماوەی نزیکەی سیویەك(٣١) سال بەرەو مۆرکێکی بالاو نایاب بردو لەو ماوەیەدا کاروبارەکانی بەدەستێکی پۆلاینەوە گرتە دەستو بووبە دەسەلاتداری ڕەهای وولاتو وەك کەسێکی لێهاتووی کەم وێنەو بەتوانای نایاب لەکارگێڕی کاروبساری گشتیدا دەرکەوتو شانوشکۆیەکی گەورەی بەدەسەلاتەکەی بەخشی.

---

جەنگ بکەن دواتر کاتێك جەنگەکە دەستپێکرد جیهادێکی شەهادەتخوازانەی ئەنجامداو موسلمانانیش چاویان لەپێشەواکەیان کرد تا خوای گەورە سەرکەوتنی خۆی دابەزاند، ئینجا بەسەرکەتەوە گەڕانەوە. -وەرگێر-

[1] ابن كثير: ج١٤ ص٢٥-٢٦، ابن حبيب: ج١ ص٢٤٥-٢٤٦، المقريزي: ج١ ص٩٧٧.

[2] ابن كثير: ج١٤ ص٨ ، المقريزي: ج١ ص٨٩١-٨٩٢.

[3] ابن حبيب: ج١ ص٢٥٧، ابو الفداء: ج٧ ص٥٦-٥٧، ٦٢.

[4] المقريزي: ج٢ ص٧١.

یەکەم ئیشی دانانی ئەو یاریدەدەرانەی بوون کەپاڵپشتیان کرد، هەموویانی لەپایەکانی دەوڵەتدا داناو تۆڵەی لەو سەرکردانەش سەندەوە کەدەسەڵاتەکەیان لێسەندبوو و زەلیلو لاوازیان کردبوو و بەکەم سەیریان دەکرد، یارمەتی سەقامگیری سیاسی ناوخۆو ئەو خۆشگوزەرانیە ئابوورییەی دەکە وڵاتی گرتبوویەوە تا خۆی بۆ ئەو کێشە دەرەکیانە یەکلابکاتەوە کەبەرەورووی دەوڵەتەکەی بووبوونەوە.

پەیوەندی سوڵتان ناصر موحەمەد لەگەڵ یەمەندا زۆر باشبوو و بەناودەستی بەسەر وڵاتی حیجازدا گرتو قەڵەمڕەوی لەناو هێنانی لەسەر مینبەرەکان لەووتاردا و نووسینی جارجارەی لەسەر دراوەکان تێنەدەپەڕی، پەیوەندی لەگەڵ مەغۆلە فارسەکاندا لەنێوان باشبوونو دوژمنایەتیدا سەروخواری دەکرد، ئیلخان ئولغاتیو لە ساڵی(٧١٢ك/١٣١٣ز)دا لەسەر داخوازیو زۆر لێکردنی چەند سەرکردەیەکی مەملیك کەلەدەسەڵاتی ناصر موحەمەد جیابووبوونەوە شاڵاوی بردەسەر ڕەحبە، پاشان لەسەردەمی ئیلخان ئەبو سەعید دا پەیوەندیەکانی نێوان هەردوولا باشبوونو تامردنی ئیلخان ئەبو سەعید لە ساڵی(٧٣٦ك/١٣٥٥ز)دا ئەو پەیوەندیە باشە بەردەوامبوو و دواتر دەوڵەتی ئیلخانیەکان بەهۆی ململانێی لەسەر دەسەڵات لێك هەڵوەشا، لەئەنجامی ئەو گۆڕانانەدا سیاسەتی ناصر موحەمەد بەرەو ئەوە دەچوو ئیلخانەکان بداتە پاڵ خۆی، بەڵام نیازەکانی بەدی نەهاتن، چونکە ئەو هاوهاوپەیمانیەی لەنێوان ئەو سەرکردانەی کەلەڕکەبەریدابوون نەهێشت، پەیوەندی مەغۆلە قبجاقەکانەوە بەردەوام هەبوو لەباشووردا لەدوای ئەو گوزەرانەی مەمالیکەکان لەووڵاتی بۆبەیان وەشاندو هاتنی دانیشتوان بەرەو ئیسلام لەلایەکی ترەوە وایکرد وڵاتی نۆبە مەترسیەکی وای بۆسەر مەمالیکەکان نەبێت، سوڵتان چەند گورزێکی کوشندەی لەمیرنشینی بچووکی ئەرمینیا وەشاند کەلەبارێکی شوێنکەوتەیی تەواوی دەسەڵاتی مەملوکیدا خۆی بینیەوە، لەئەنجامی فراوانبوونو گەشەسەندنی هێزو قەڵەمڕەوی دەوڵەتدا لەنێو میرنشینەکانی ڕۆژئاوای ئەورووپیدا پایەو شوێنێکی باڵای پەیداکردو پەیوەندیگەلێکی بازرگانی لەگەڵ شانشینی ئەراگۆندا دامەزراندو هەریەك لەفەرەنساو پابەوی سووربوون لەسەرئەوەی هەڵسوکەوتی چاك لەگەڵ هاوڵاتیانی مەسیحی زەویە پیرۆزەکاندا زامن ببێت، بۆیە خۆیان لەسوڵتان نزیکردەوە.

ناصر موحەمەد لە ساڵی(٧٤١ك/١٣٤٠ز)دا کۆچی دواییکردو بەمردنی ئەویش قۆناغێکی پرشنگداری مێژووی مەملوکی کۆتایی پێهات کەتیایدا دەوڵەت گەیشتە ئەوەی بەهێزیو گەشەسەندنی خۆیو کۆشکی مەملوکیو دامودەزگا فەرمانڕەواکان.لەماوەی نێوان مەرگی ناصرو

نێـوان ڕووخـانی دەوڵـەتی مـەمالیکی بـەحری لـە سـاڵی(٧٨٤ك/١٣٨٢ز)دا تووشـی خراپـەو گەندەڵیەکی سەخت بوو.

دوانزە سوڵتان دوای دەسەڵاتیان وەرگرت کەهێشتا منداڵانی ناصر موحەمەد بوونو چواریشیان نەوەی بوون، سەردەمەکەی سەردەمی خراپەو لاسـاریو خراپـە بـوو کەسـیان لەئاسـتێکدا نـەبوون تابتوانن بەبێ بوونی چەند ئەتابەگێکی توندو خراپ و گەندەڵ سەلاحیاتی خۆیـان بـەکاربهێنن بـاری پشێوی پیلانگێڕی هاودەم بەلابردنو دانانی سوڵتانەکان چەند شاهیدێکی ڕوونن بۆ ئـەو لاوازییـەی تووشی دەوڵەت بووبوو، دەکرێت دیمەنە گشتیەکانی ئەو قۆناغە لەمانەدا پوختبکەینەوە:

١- بچووکی تەمەنی ئەو سوڵتانانەی یەکلەدوای یەك دەسەڵاتیان دەگرتەدەست.


٢- زیـادبوونی قەڵـەمڕەوی سـەرکردەکانو توندبوونـەوەی دەسـەڵاتو دەسـتڕۆییان بەسـەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتو خەڵکداو یاریکردنیان بەسوڵتانەکان.

٣- زیادبوونی ململانێی نێوان سەرکردەکانو ڕکەبەریو دوژمنایەتی نێوان دەسـتەو کۆمەڵـەکانی مەمالیکەکان.


٤- زیادبوونی قەڵەمڕەوی مەمالیك بورجیەکان یان چەرکەسیەکان.

٥- توندبوونەوەی لێکهەڵوەشانی ڕەفتاری.

لەسەر ئاستی دەرەکیش دەوڵەت شانوشکۆی دەورووبەری هەبوو و ئەو هێزەی کەوەك یەدەگ هـەیبوو دەرفـەتی بـۆ ڕەخـساند تـا لـەڕووی خاچپەرسـتاندا بوەسـتێت کاتێـك خاچپەرسـتان لـە ساڵی(٧٦٧ك/١٣٦٥ز)دا هێرشیان بردە سەر ئەسـکەندەریە، هـەروەها دەوڵـەتی مـەمالیك تـوانی لەساڵی(٧٧٦ك/١٣٧٥ز) میرنشینی ئەرمینیا بچووك لەناوببات.




الشام وآسيا الصغرى والعراق في عصر دولة المماليك



## دووەم: دەوڵەتی مەمالیکی بورجی(٧٨٤-٩٢٣ك/١٣٨٢-١٥١٧ز)

**دەرکەوتنی مەمالیکی بورجی:**

دەرکەوتنی مەمالیکە بورجیەکان پەیوەستە بە سوڵتان قلاوونەوە، ئەو سوڵتانە ویستی تاقمێکی نوێی مەمالیکی پەیوەست بەخۆی کەهۆگریان بۆ خۆی هەبێتو لەبنەڕەتدا لەدەستە مەمالیکەکانی تر جیاوازبن پێکبهێنێت، بۆیە ڕەگەزێکی قەوقازی هەڵبژارد کەلەسەرچوە عەرەبیەکاندا بەناوی چەرکەس یان شەرکەس ناویان هاتووە[1]، لەگەڵ ئەوەی ئەوانە لە ڕەگەزی گشتی تورکەکان بوون بەڵام لەگەڵ مەمالیکە تورکەکاندا دوژمنایەتیان هەبوو، نشینگەشیان بەرزاییەکانی باشووری وڵاتی قبجاق لەباکووری دەریای قەزوینداپوو.

لەبەر سێ هۆکار ئەو ڕەگەزەی هەڵبژارد کەبریتین لە:

- هۆزە چەرکەسەکان بەدلێریو بەهێزی ناسراون.
- بازاڕەکانی کۆیلە بەوجۆرە پڕبوو لەچاو ڕەگەزەکانی تردا نرخیان هەرزانبوو.
- بازرگانی کۆیلە لەکۆمەڵگەیاندا ڕەواجی هەبوو.

ڕێکخستنە زاڵەکانی مەملوکی وابوون کەدەبێت مەمالیکە چەرکەسیەکان بورجیەکان بەشێوەیەکی هەمیشەیی پەیوەستی بورجەکانی قەڵاکان بن، بەڵام دەتوانرا پارێزگاریان پێوەبکرێت دوای ئەوەی ژمارەیان زیادیکردو لەژیانی گشتی دوورکەوتنەوە، بۆیە ئەشرەف خەلیل دەرفەتی پێدان تابورجەکانیان بەجێبهێڵنو بێنە ناو قاهیرە بەمەرجێك ئەمە لە ڕۆژدا کۆتایی پێبێتو پێش خۆرئاوابوون بگەڕێنەوە بۆ بورجەکانیان[2]، لەئەنجامی ئەمەدا دوو دیاردە دەرکەوتن:

یەکەم: مەمالیکە بورجیەکان ڕۆچوونە ناو ژیانی گشتیەوە.

دووەم:زیاتر پەیوەست بوون بەئەشرەف خەلیلەوە.

.بارودۆخی سیاسی دەرفەتی پێدان تاوەك ڕکەبەری مەمالیکە بەحریەکان دەست وەربدەنە کاروباری گشتیەوەو پاش زنجیرە پێکدادانێك توانیان لە ساڵی(٧٨٤ك/١٣٨٢ز)دا مەمالیکە بەحریەکان لەناوبەنو برقوق ببەنە سەر کورسی دەسەڵات، بەمەش دەسەڵاتی خێزانی قلاوون کۆتایی پێهاتو دەوڵەتی مەمالیکی بەحری کۆتایی پێهاتو دەوڵەتی مەمالیکی بورجی دامەزرا.

---

[1] القلقشندي: صبح الأعشى في صناعة الأنشا ج٤ ص٤٥٩.

[2] المقريزي: ج٢ ص٢١٣.

**تايبه تمەنديەكانى دەوڵەتى مەماليكى بورجى:**

- دەوڵەتى مەماليكى بورجى بەوە ناسراوە كەهەموو سوڵتانەكانى لەبنەڕەتێكى چەركەسى بوون جگەلەدوو كەسيان نەبێت كەلەبنەڕەتێكى يۆنانى بوونو بريتيبوون لە(خوشقەدەم)و(تمريغا) ئەمەش واتاى ئەوەيە فەرمانڕەوايانى ئەو دەوڵەتە دەمارگيرى ڕەگەزيان وەك چەكێك بۆ لێدانى دەوڵەتى مەماليكى بەحرى بەكارهێناوەو دواتر ئەو ديدە وەك چوارچێوەيەكى گشتى سياسى ناخۆى سەڵتانەكان بەردەوامبوو.
- كورسى دەسەڵاتى مەملوكى لەنێوان سەركردە بەهێزەكانى مەماليكدا بڵاوبوو، جالەكاتێدا ڕێبازى ميراتگرى لەچەند كاتێكى جياواز لەمێژووى دەوڵەتى مەماليكى بەحريدا سەركەوتوو بوو، ڕێزگرتنى كەمى ئەو ڕێبازە بەسەر دەوڵەتى مەماليكى بورجيدا باوبوو.
- پيلانگێڕىو ئاژاوەنانەوە بۆ گەيشتن بەدەسەڵات، ديمەنى ديارى ناو مێژووى دەوڵەتى مەماليكى بورجى بوو،ووڵات لەئەنجامى ئەوەدا گيرۆدەو ناڕەحەت بوو و سوڵتانەكان هەوڵيان دەدا لەبازنەيەكى بەرتەسكدا مۆڵەتبدەنو ڕێگە بەهيچ هێزێكى دەرەكى نەدەن تادەست وەربداتە كاروبارىيان.
- زۆربەى سوڵتانەكانى دەوڵەتى مەماليكى بورجى گرنگييان بەئەدەبو كۆڕەكانى زانست داو گرنگييان بە دامەزراندنى دامەزراوە خێرخوازيەكانى وەك مزگەوتو خوێندنگەو نەخۆشخانەو ڕێگەوبانو .......هتد. دا.
- دەسەڵاتداران لەهەڵبژاردنو دانانى سوڵتانەكاندا لايان بەلاى خواستەكانى دانيشتواندا نەدەكردەوە.
- بەدەستهێنانى ڕشەزامەندى خەليفەو دادوەرەكان بۆ دانانى سوڵتان پێويست بوو تائەو ڕێبازە بگرێتەبەر كەبۆ بەديهێنانى ئامانجەكەى لەگەيشتن بەدەسەڵات دەيگرتەبەر.

## سەردەمی برقوق و جێگیرەکانی(٧٨٤-٨٢٤ك/١٣٨٢-١٤٢١ز)

یەکـەم هـەنگاوی سـولتان برقـوق(٧٨٤-٧٩٠ك/١٣٨٢-١٣٨٨ز) جێگیر کردنـی بـاری ناوخۆیی و چەسپاندنی جێپێی خۆی بوو لەدەسەلاتداو پشتی بەمەمالیکـە چەرکەسـیەکان بەستبوو و خۆ بەدوورگرتنی لەتورکەکان وای لێکرد ژمارەیەکی زۆریان بۆلای خۆی بهێنێت[1]، پاشان هەولێدا دەولەت بکاتـە چەرکەسـیو بـەوەش چـەند گـۆڕانێکی جەوهـەری لـەپێکهاتـەی نیزامـی ئیقتـاتیو سەربازیشداو لەژیانی کۆمەلایەتی مەمالیکەکانو ئاراستە سیاسیەکانیاندا داهێنا.

پەرچەکرداری تورکی بۆ ئەوگۆڕانە بەهێزەبوو، جاتورکەکان چەندراپەڕینێکیان دژبـە دەسـەلاتی سـولتان ئەنجامـدا کـەگرنگترینیان بریتیبـوو لەشۆڕشـەکەی تونبـەغای جـێگیری بوسـتان لـە سالی(٧٨٤ك/١٣٨٢ز)دا[2] و راپەڕینەکەی منتاشی جێگیری مەلتیە لە سالی(٧٩٠ك/١٣٨٨ز)دا[3]، گـوروتینی رۆژ کەبەریـەکان گوازرایـەوە بـۆ رەگـەزی عـەرەبیش جـا خەلیفـە متـەوەکیل لـە سالی(٧٨٥ك/١٣٨٣ز)بەئامانجی دەستگرتن بەسەر دەسەلاتدا شۆڕشێکی ئەنجامدا[4]، بەمە هەلوێستی سیاسی دارماو سولتان کەنەیدەتوانی سنورێك بۆئەو بارە دارماوە دابنێت بێزاربوو، هەروەك نەیتوانی مەلبەندی خۆی بـەهێزبکاتو ناچـاربوو لـە سـالی(٧٩٠ك/١٣٨٨ز)دا دەسـتبەرداری دەسـەلات ببێت[5].

هەریەك لەمنتاشو یەلبغای ناصری جێگیری حەلەب کەسـەرکردایەتی بزوتنـەوەی کودەتاکـەی دەکرد ڕێککەوتن تا دەسەلات بۆ بنەمالەی قلاوون بگێڕنەوەو هەردووکیان سـالح حـاجی کـوڕی ئەشرەف شەعبانیان لە سالی(٧٩٠ك/١٣٨٨ز)دا دانـاو یەلبـەغا لەهـەنگاوێکی ڕێخۆشـکەری بـۆ دەستگرتن بەسەر دەسەلاتدا بووبە ئەتابەگی سەربازی[6].

خێرا بەهۆی دیدی هەریەکەیان بۆ واقیعی سیاسـیو گرفتـی دەسـەلات نـاکۆکی کەوتـە نێوان هەردوو سەرکردەو برقوقیش ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو سەرکردایەتی بزوتنەوەیـەکی هەلگەڕانـەوەی

---

[1] ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة: ج١٢ ص١٠٧، المنهل الصافي ج٤ ص٨٨-٨٩.

[2] الخطيب الجوهري: نزهة النفوس و الأبدان في تواريخ الزمان ج١ ص٥٤.

[3] هەمان سەرچاوە: ص١٦٦، العسقلاني، ابن حجر: أنباء الغمر بأبناء العمر في التأريخ ج٢ ص٢٨٥-٢٨٩.

[4] المقريزي: ج٣ ص٤٩٤-٤٩٥، العسقلاني: ج٢ ص١٢٨-١٢٩.

[5] المقريزي: ج٣ ص٦١١-٦١٦، ٦٣٢.

[6] الخطيب الجوهري: ج١ ص٢١٦-٢١٧، ٢٢٦.

بەرهەڵستكاری كردو توانی بۆ جاری دووەم دەستبەسەر بایەی دەسەڵاتدا بگرێت[1]، بەمەش قۆناغی دووەمی دەسەڵاتەكەی دەستپێكرد(٧٩٢-٨٠١ك/١٣٩٠-١٣٩٩ز)و لەو ماوەیەدا دەسەڵاتی چەركەسی چەسپاند دوای ئەوەی ئەو شۆڕشانەی لەناوبرد كەلەجەنگێكی وێرانكەردا لەووڵاتی شام دژبە دەسەڵاتەكەی سەریان هەڵدا بەتایبەت شۆڕشەكەی منتاش[2]، برقوق منتاشی گرتو كوشتی، هەروەك یەلبەغای ناصری كوشت[3]، سوڵتان برقوق لە(مانگی شەوالی ساڵی ٨٠١ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٣٩٩ز)دا پاش ئەوەی بەیعەتی دەسەڵاتی بەكوڕەكانی خۆی دا كۆچی دواییكرد[4].

سوڵتان برقوق بەرەوڕووی دوو مەترسی بوویەوە كەتووشی دەوڵەتی مەمالیكی بورجی بوون، ئەوانیش مەترسی تەیموری‌و سەرهەڵدانو بەهێزبوونی هێزی دەوڵەتی عوسمانی لەئاسیای بچوكدا بوون، تەیموری لەنگ داگیركەری مەغۆلی بوو، ئیمپراتۆریەتێكی بەرفراوانی وەك ئیمپراتۆریەتەكەی جەنگیزخانی دامەزراندو دواتر بەرەو ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ چوو تاهەولێدات هەردووكیان بداتە پاڵ ئیمپراتۆریەتە ڕۆژهەڵاتیەكەی خۆی، بۆئەمە بەغدادی داگیركردو ئەحمەدی كوڕی ئوەیسی فەرمانڕەوای بەغداد ڕایكردو پەنای برد بۆلای سوڵتانی مەملوكی[5].

سوڵتانی برقوق سووربوو لەسەرئەوەی ئەو میرنشینانە بۆلای خۆی ڕابكێشێت كەهاوسنوری ڕۆژهەڵاتو باكووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتەكەی بوون لەكاتێكدا ئەو میرنشینانە لەژێر ئاڵای مەمالیكدا كۆكردەوە بەو نیازەی لەمەترسی تەیموری بیپارێزێت، جاڵوگۆڕی نامەی لەگەڵ سوڵتان بایەزیدی یەكەمی عوسمانیدا لەسەر دامەزراندنی بەرەیەكی یەكگرتوو كرد كەلەڕووی تەیموری لەنگدا بوەستێت، هەروەك هەریەك دادوەر بورهانەدین ئەحمەد بەرپرسی سیواس‌و قرایوسفی سەركردەی قراقوینلویش نامەی فریاگوزاریان بۆ سوڵتانی مەملوكی نووسی قاهیرە بوو بەمەڵبەندی قورسایی سیاسی ناوچەكەو چاوەكان ڕوویان لەوێ بوو بەو هیوایەی بەرەیەكی یەكگرتوو بۆ وەستان لەڕووی تەیمورلەنگ‌و سنوور بۆ دانانیدا دامەزرێنێت[6].

---

[1] ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة ج١٢ ص١-٣.

[2] الخطيب الجوهري: ج١ ص٣٦٠-٣٦١.


[3] المقريزي: ج٣ ص٧٥٢-٧٥٣.

[4] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٩٣٦-٩٣٨.

[5] العسقلاني: ج٣ ص١٥٦-١٥٧، ١٩٤، ابن تغري بردي: المنهل الصافي ج١ ص٢٢٣.

[6] ابن عربشاه: عجائب المقدورفي نوائب تيمور ص١٥٣-١٥٥.

تیموری لەنگیش لای خۆیەوە سووربوو لەسەرئەوەی دوژمنەکانی تاك بخاتو یەکیەك لێیان بداتو کەوتە ڕاکێشانی سولّتان برقوقو ئالّوگۆڕی نامەی لەمەڕ دامەزراندنی هاوپەیمانیەك لەنێوان هەردووکیاندا لەگەلّداکرد، بەلاّم نەگەیشتە ئەنجامێکی باش، پاشان تەیموری لەنگ بەرەورووی چەند گرفتێکی ناوخۆیی ناو ئیمپراتۆریەتەکەی بوویەوە، بۆیە ناوچەکەی بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ ڕۆژهەلاّتو لە سالّی(٨٠٠ك/١٣٩٨ز)دا بەرەیەکی نوێی لەهیند دا کردەوە، ئەمەیش بۆ ماوەیەکی دواتر پێکدادانی لەگەلّ مەمالیکەکاندا دواخست.



دەوڵەتی تازەپێگەیشتووی عوسمانی ئەوکات مەترسیەکی وای لەسەر بوونی مەملوکی لەناوچە سنوریەکانی باشووردا پێکنەدەهێنا، لەگەڵ ئەوەی بایەزیدی یەکەم لەساڵی(٧٩٥ك/١٣٩٣ز)دا هەڵمەتی بردە سەر قەیسەریەو بزوتنەوەکەی لەخۆگرتنی میرنشینە تورکمانیەکانی ئاسایی بچووکی لەخۆدەگرت، بەڵام نوێبوونەوەی نەترسی تیموری لەنگ بۆسەر ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیا سوڵتانی عوسمانی ناچارکرد تا پۆزش بۆ سوڵتانی مەملوکی بهێنێتەوە[1].

پەیوەندی سیاسی نێوان دەوڵەتی مەملوکی بورجیو نێوان دەوڵەتەکانی باکووری ئەفریقیا لەنێوان هاریکاری بەرهەمدارو تێکچووندا سەروخواری دەکرد، بەتایبەت لەگەڵ حەفسیەکان لەتونس، لەڕوانگەی پەیوەندی باشی نێوان هەردوولادا هاودەستی مەمالیکەکان لەگەڵ حەفسیەکاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسیە ئەورووپیە ڕۆژئاواییەکانو ئاڵوگۆڕی نامەو دیاری بەدیدەکەین، لەڕووی تێکچوونی نێوانیشیانەوە بابەتی خیلافەت هۆکاری ئەو تێکچوونەبوو، پەیوەندیە بازرگانیەکانی نێوانیشیان باشبوو[2].

پەیوەندی باش لەگەڵ حیجازیەکانو یەمەنیەکان لەسەردەمی سوڵتان برقوقدا کەنازناوی سوڵتانی مصرو حیجازی وەرگرتبوو بەردەوامبوو سەرکردەکان دوای کۆچی دوایی سوڵتان برقوق فەرەجی کوڕیان دانا(٨٠١-٨١٥ك/١٣٩٩-١٤١٢ز) ئەوکات تەمەنی دەساڵان بوو[3]، لەبەرئەوەی مەمالیکەکان بەڕێبازی میراتگری نەبوو، بۆیە نیشانەکانی ململانێ لەسەر دەسەڵات لەنێوان گەورە سەرکردەکانو لەژێر سایەی دەسەڵاتداری منداڵێکی بێتوانادا دەرکەوتنو ڕاپەڕین دژبە دەسەڵاتەکەی سەریهەڵداو فشاریان لەسەر توندکرد، هەردوو سەرکردە نەوروزو شێخ توانییان بەسەر هێزی سوڵتاندا سەربکەنو لایانبردو خەلیفە موستەعینی عەبباسیان وەك چارەسەرێك بۆ ئەو نێوەندە دانا، ئەمەش لەبەرئەوەی لەسەر گرتنەدەستی پایەی سوڵتانی هەردووکیان لەململانێدا بوون[4].

لەماوەی دەسەڵاتی سوڵتان فەرەجدا چەند گۆڕانێکی سیاسیو سەربازی تێکئاڵاو ڕوویانداو تەیمورلەنگ بۆ پێکدادان لەگەڵ مەمالیكو عوسمانیەکاندا گەڕایەوە بۆ ناوچەی ڕۆژئاوای ئاسیاو

[1] العسقلاني: ج٣ ص١٥٨.

[2] ابن خلدون: ج٥ ص٤٧٩-٤٨٠، ٥٠١، القلقشندي: ج٧ ص٤٠٧-٤٠٨.

[3] العسقلاني: ج٤ ص٥٢-٥٣.

[4] ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة: ج١٢ ص١٧١-١٧٢، السخاوي: وجيز الكلام في الذيل على دول الإسلام ج٢ ص٤١٩-٤٢٠.

توانی شارەکانی باکووری وولاتی شامدا وەك مەلتیەو بەهەسناو عینتاب دابگرێت، پاشان چوویە ناوحەلەبو دەستی بەسەر دیمەشقدا گرتو سەربازەکانی کەوتنە تالانو برێو کوشتو برو وێرانکاری، پاشان ناوچەکەی بەوێرانەیی بەجێهێشتو بەئاراستەی باکوور کشا تالەگەڵ سولتان بایەزیدی یەکەمدا پێکدا بدات لەجەنگی ئەنقەرەو لە(مانگی زیلحەجەی سالی ٨٠٤ك/مانگی تەمووزی سالی ١٤٠٢ز)دا بەسەر سولتان بایەزید دا سەرکەوتو سولتان بایەزیدیشی بەدیلگرت[1].

پەیوەندیەکانی نێوان مەمالیكو عوسمانیەکان لەسەردەمی فەرەجدا بەرەو دارمان دەچوون، جابایەزیدی یەکەم دابەشبوونی مەمالیکەکانو دلنیابوونی لەبەرەی تەیمورلەنگ کەچووبوو تالەوولاتی هیند دا بجەنگێگ قۆستەوەو هێرشی بردەسەر مەلتیەو دەستیبەسەر بوستاندا گرتو گەمارۆی دارندەی دا[2]، ئەمو ڕووداوەش بەسبوو تا مەمالیکەکان هۆشیاری لەنیازەکانی عوسمانیەکانوەربگرن بەلام مەترسی تەیمورلەنگ ناچاری دەکردن تاهۆگریو دۆستایەتی عوسمانیەکان بەدەستبهێنن.

لەسەرەتاکانی سەدەی پانزەی زایینیەوە مۆرکی بازرگانی خۆی بەسەر پەیوەندیەکانی نێوان دەسەلاتی مەملوکیو دەولەتە ئەورووپیەکاندا سەپاندو ڕکەبەری لەنێوان کۆمارە ئیتالیەکاندا بۆ سەپاندنی هەژموون بەسەر بازرگانی ڕۆژهەلاتیدا بەردەوامبوو، مصرو وولاتی شامیش ململانێیەکی سەختی نێوان بوندوقیەو جەنەواو کێبڕکێی نێوانیان بۆ خۆ نزیککردنەوە لە مەمالیکەکانیان بەخۆیانەوە دی جابوندوقیە لە سالی(٨١٠ك/١٤٠٧ز)دا ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ سولتان فەرەجدا بەست، هەروەك جەنەواش لە سالی(٨١١ك/١٤٠٨ز)دا ڕێککەوتننامەیەکی هاوشێوەی ئەوەی بەست[3].

دەستنیشانکردنی خەلیفە موستەعین(٨١٥ك/١٤١٢ز)دا تەنها کارێکی شێوەیی بوو تادیدی سیاسی ناوخۆیی سەرکردەکان ڕوون ببێتەوەو ئاراستەکان بنەیەك و لەژێر ئالای یەك کەسدا

---

[1] ابن عربشاه: ص١٩٣-١٩٤، ٢٠٥-٢٠٧، ٢٥٠، ٢٦٦-٢٧١، ٢٩٣-٢٩٤، yazd: zafarmama: pp١٦٣-١٦٥.

[2] العسقلاني: ج٤ ص١٣٥، ابن تغري بردي: ج١٢ ص١٧٩، ابن اياس: بدائع الزهور في وقائع الدهور ج١ قسم ٢ ص٥٤٧.

[3] ابن يحيى: تأريخ بيروت: ص٣٢-٣٤، الخطيب الجوهري: ج٢ ص١٧٩، هايد: تأريخ التجارة في الشرق الأدنى: ج٣ ص٣٢٧.

کۆبنــەوە. کاتێــك خەلیفــە ویــستی وەك ســولتانێکی فــەرمانڕەوا ڕۆڵــی خــۆی بگێڕێــت لەگــەڵ خواســتەکانی ســەرکردە شــێخ دا پێکیــداداو بەپەلــە پایــەی ســولتانی لایــبردوو خــۆی دەســەڵاتی گرتەدەست[1].

موئەید شێخ(٨١٥-٨٢٤ك/١٤١٢-١٤٢١ز) لەپەیڕەوی سیاسـی دژبـە نەیارەکانیـدا پـشتی بەڕێبازێکی نـوێ بەسـتو بـەبێ ئـەوەی بـەدیلیان بگرێـت هـەموویانی کوشـتو تـارِقو کینـەیان لەبەندیخانەدا کەڵەکەنەکاتو دواتر بکەونە یەکخستنی.

لە(مانگی موحەمەڕەمی ساڵی ٨٢٤ك/مـانگی کـانوونی دووەکـی سـاڵی ١٤٢١ز)دا سـولتان مرد[2].

لەسەرەتای دەسەڵاتەکەیدا بەرەورووی بەرهەڵستکاری مـیر نـەورۆز بوویـەوە بـەڵام ملکەچـی کرد[3]، هەروەك هەندێك لەنوێنەراکانی لەووڵات شامدا لێی ڕاپەڕین، توانی ئـەوانیش لـەناو ببـاتو ئاشتی هەموو بەشەکانی ووڵاتی گرتـەوە، لەگـەڵ ئـەو ڕووداوانەشـدا سـەردەمەکەی بـە بـەراوورد لەگەڵ سەردەمی فەرەجو سەردەمی برقوقی باوکی فەرەج بەسەردەمێکی هێدیو ئارام دادەنرێت.

موئەید شێخ لەدەرەوە بەرەورووی هەوڵەکانی ئەو میرنشینە تورکومانیانە بوویەوە کەلەبەشەکانی باکووری دەسـەڵاتی مەملوکیـدا دەژیـان، ئـەوان دەیانویـست لەدەسـتکۆتی مـەملوکی دەبرچـنو لەدەسەڵاتی مەملوکی ڕزگاریان ببێتن بەڵام هەوڵەکانیان بۆ ملکەچکردنیان یەکلایی نەبوونو ئەمەش دەرفەتی پێدان تابزاوتە دوژمنکاریەکانیان لەڕووی دەسـەڵاتی مـەملوکی لەسـەردەمی جێگیرەکـانی موئەید شێخ دا دەستپێبکەنەوە.

## قۆناغی کۆتایی مێژووی مەمالیکی بورجی(٨٢٤-٩٢٣ك/١٤٢١-١٥١٧ز)

کۆشکی مەملوکی دامودەزگا فەرمانڕەواکانی نـاو دەوڵـەت لـەماوەی نێـوان مردنـی سـولتان موئەید شێخو نێـوان ئـاوارەبوونو ڕووخـانی دەوڵەتەکـەدا تووشـی گەندەڵیـەکی سـەخت بـوون، لەڕاستیدا ئەو مـاوە کاتیـە لەچـەند بوارێکیـەوە لەقۆناغـەکانی پێـشوو جیـاوازبوو لەگـەڵ ئـەوەی دیمەنەکانی پشێویو بارگرژیو ڕکەبەریە بێسنوورەکان دووبارە دەبوونەوە، بەڵام دیمەنی تایبەتی ئـەو قۆناغە لەمانەدا خۆی مۆڵدەدات:

- زۆربوونی شۆڕشەکانی مەمالیکی جەلبان و دەستەوسانی سولتانەکان لەلێدانو ڕێلێگرتنیان.

---

[1] الخطیب الجوهري: ج٢ ص٣١٧، العسقلاني: ج٧ ص٧٠.

[2] العسقلاني: ج٤ ص٤٠٥.

[3] هەمان سەرچاوە: ج٤ ص٧٠-٧١.

• زۆربوونی لابردنو دانانی سوڵتانەکان.
• کاریگەری خراپی دۆزینەوە جوگرافیەکان لەسەر بارودۆخی ناوخۆیی دەوڵەت.
• گەشەسەندنی دەوڵەتی عوسمانی.

لەگەڵ ئەو وێنە پەککەوتەیەدا هێزی یەدەکی دەوڵەت یاریدەدەربوو تابەزیادکردنی دوورگەی قوبرس فراوانخوازی بکات داوی مردنی موئەید شێخ ئەحمەدی کوڕی کەتەمەنی یەك ساڵو هەشت مانگ بوو دەسەڵاتی گرتەدەست(٨٢٤ك/١٤٢١ز) توتور وەك ئەتابەگی سەربازان و دەستی سوڵتانی بچووك خۆی دامەزراند[1]، هێندەی نەبرد سوڵتانی لابردو لە ساڵی(٨٢٤ك/١٤٢١ز) دا خۆی شوێنی گرتەوە، بەڵام زۆر لەدەسەڵاتدا نەمایەوە و لەسەردەستی ژنەکەیو لەبەر چەند هۆکارێکی خێزانی کوژرا، پێش کوژرانی بەیعەتی جێگیرایەتی بەموحەممەدی کوڕی دا[2].

سوڵتان موحەمەد(٨٢٤-٨٢٥ك/١٤٢١-١٤٢٢ز) تەمەنی دە ساڵان بوو[3]، سەردەمەکەی ڕکەبەریەکی توندی نێوان سەرکردە جانبك کە کارگێڕی کاروباری گشتی لەدەستدابوو ونێوان برسبای وەسی سوڵتان ڕوویداو لەبەرژەوەندی برسبای دا کۆتایی پێهات، برسبای سوڵتانی لابردو خۆی پێشڕەوی دەسەڵاتی گرتەدەست[4].

سوڵتان برسبای(٨٢٥-٨٤١ك/١٤٢٢-١٤٣٨ز)دا زیاتر لەشانزە ساڵ فەرمانڕەوایی کردو سەردەمەکەی تایبەتمەندی سەقامگیریو کەمی بارگرژیو پێکدادانی بەخۆیەوەدی لەگەڵ ئەوەیشدا بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابووریەوەو سیاسەتی قۆرخکاری سوڵتانەوە خەڵکی لێی بێزاربوون، برسبای دەرفەتی بۆ گونجا تاسنورەکانی دەوڵەتەکەی فراوان بکاتو دوورگەی قوبرسی فەتحکردو هەڵمەتیشی بردە سەر ڕۆدس، لەدسەردەمی ئەودا پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتی مەملوکیو میرنشینە تورکمانیەکان کەوتە خراپیو دواتر کاریگەری لەسەر پەیوەندیەکانی مەملوکی عوسمانی هەبوو، سوڵتان برسبای لەئەنجامی نەخۆشیەکدا مردو[5] ئەبولمەحاسین یوسفی کوڕی کەتەمەنی چواردە ساڵو حەوت مانگ بوو شوێنی گرتەوە(٨٤١-٨٤٢ك/١٤٣٨ز).

---

[1] المقريزي: ج٤ ص٥٦٣، ٥٨٢، ابن توغري بردي: المنهل الصافي: ج٦ ص٣٩٨، ٤٠١.

[2] ابن تغري بردي: المنهل الصفي: ج٦ ص٤٠٤، ج٨ ص١٦-١٩.

[3] ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة: ج١٤ ص٢٣٥، العسقلاني: ج٧ ص٤٠٦، ٤١١.

[4] ابن تغري بردي: هەمان سەرچاوە: ج١٤ ص٢٣٢، ٢٤٢.

[5] المقريزي: ج٤ ص١٠٣٤-١٠٤٥، ١٠٥١، العسقلاني: ج٧ ص٤١٩، ٤٢١، ٤٢٥-٤٢٦.

ئەو سولّتانە نەیتوانی خۆیو کورسی دەسەلاّتەکەی لەچاوتێبڕینی ئەمیر جوقموقی وەسی بپارێزێت، جوقموق خێرا سولّتانی لەسەر دەسەلاّت لابردو خۆی چوویە شوێنیو دەسەلاّتی گرتەدەست[1].

سولّتان جوقموق(٨٤٢-٨٥٧ك/١٤٣٨-١٤٥٣ز) بەبەراوورد لەگەلّ دەسەلاّتی برسبای لەدەسەلاّتدا مامناوەندبوو، هەروەك بەئایینداریو دنیانەویستیو نەوازشی ناسرابوو[2]، لەماوەی دەسەلاّتیدا بەرەورووی چەندین ڕاپەڕینی ناو وولاّتی شام بوویەوەو ئەویش بەهێز سەرکوتیکردنو بەهێزشبردنە سەردوورگەی ڕۆدس ناوی دەرکرد، سەردەمەکەی بەچاکترین سەردەمەکانی دەولّەتی مەمالیکی بورجی دادەنرێت، چونکە ئاشتیو ئارامی ناوخۆی گرتبوویەوە، عوسمانی کوڕی(٨٥٧ك/١٤٥٣ز) شوێنی گرتەوەو سیفەتی توندوتیژیو دلّڕەقی هەبوو، لەسەردەمی ئەمدا ململانێی ناوخۆیی نێوان سەرکردەکان بۆ گرتنەدەستی قەلّەمڕەو بەردەوامبوو، ئەو مەمالیکانەی دژبە دەسەلاّتەکەی بوون توانیان لایبەنو ئینالی عەلائی سەرکردەیان وەك سولّتان دانا[3].

سەردەمی سولّتان ئینال(٨٥٧-٨٦٥ك/١٤٥٣-١٤٦١ز)دا تایبەتمەندی هەلّگەڕانەوەی جەلبانو دوژمنایەتیان بۆ سەرخەلّكو تالاّنو بڕی بازاڕەکانی هەبوو، لەبەرئەوەی سولّتان بێئاگابوو و نەیدەتوانی ڕێیان پێبگرێت دەولّەت سەر ڕێی دارمان.دوای مردنی ئینال ئەحمەدی کوڕی شوێنی گرتەوە(٨٦٥ك/١٤٦١ز) ئەم سولّتانە سیفەتی سەقامگیری هەبووو هەولّیدا کاروباری دەولّەت چاکبکات، بەلاّم بەرەورووی بەرهەلّستکاری مەمالیکەکان بوویەوە دوای ئەوەی ئامادەنەبوو خواستە زیادەخوازیە داراییەکانی بەجێبگەیەنێتو ناچاربوو واز لەدەسەلاّت بهێنێت[4]، مەمالیکەکان خۆشقەدەمیان خستەشوێنی(٨٦٥-٨٧٢ك/١٤٦١-١٤٦٧ز)[5] سەردەمی سولّتان خۆشقەدەم بەسەردەمێکی نیمچە هێمن دادەنرێت لەسەرەتای دەسەلاّتیەوە تامردنی بەهۆی لێهاتوویی لەیاریکردنی بەتوانای هێزەکانی نێو دەستەو کۆمەلّە مەمالیکەکاندا پارێزگاری لەدەسەلاّتی خۆی

---

[1] الخطيب الجوهري: ج٤ ص١٩-٢٠، ابن تغري بردي: المنهل الصافي ج٤ ص٢٨٢-٢٨٣، السخاوي: جيز الكلام في الذيل على دول الإسلام ج٢ ص٥٦٢.

[2] السخوي: هەمان سەرچاوە: ج٢ ص٦٧٦.

[3] ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة ج١٥ ص١٦، ٢٤، ٣٨، ٤٢-٤٥، ٥٣.

[4] هەمان سەرچاوە: ج١٦ ص٢٤٠-٢٤٩، السخاوي: ج٢ ص٦٧٦.

[5] السخاوي: ج٢ ص٧٣٨، ابن اياس ج٢ ص٣٧٨.

کرد، ئەمیرلبای(٨٧٢ك/١٤٦٧ز)دا شوێنی گرتەوە[1]، بەڵام لەئاست ئەو بەرپرسیارێتیەدا نەبوو کە خرابوویە سەر شانی، سەردەمەکەی پڕ بوو لە ڕکەبەریی دەستەو کۆمەڵە مەمالیکەکان و خەیربەگی سەرکردەی مەمالیکی خۆشقەدەمی هەژموونی خۆی بەسەر تواناکانی کاروبارەکاندا سەپاندو سوڵتانی لە دەسەڵاتدا لابردو ئەتابەگی تمربغای لەشوێنیدا دانا(٨٧٢ك/ ١٤٦٨ز) ئەو دووەم کەس بوو لە دەوڵەتی مەمالیکی بورجیدا کە لە بنەڕەتو ڕەچەڵەکێکی ڕۆمی بێت[2].

ئەو سوڵتانە سیفەتی خەسڵەتی جێسوپاسی هەبوو، لەپاڵ فەزڵو گەورەییدا هونەرەکانیشی کۆکردبوونەوەو زۆر چاك شارەزای فیقە بوو، لە مێژوو و شعرو ئەدەبیاتیشدا بەشداریەکی گەورەی هەبوو، بەڵام ئەو پێناوانەی نەبوون کە دەبوونە هۆی ڕازیکردنی دەستەو تاقمە مەمالیکەکانی دەوری، بۆیە مەمالیکە ئەجلابە خوشقەدەمیەکان لایانبردو لەشوێنیدا ئەمیر خەیربەگیان دانا[3]، بەڵام ئەتابەگ قایتبای ئامادە نەبوو دان بەو گۆڕانەدا بنێتو سەرکردایەتی بزوتنەوەیەکی ڕاپەڕینی کردو لە ئەنجامدا دەسەڵاتی گرتە دەست(٨٧٢-٩٠١ك/ ١٤٦٨-١٤٩٦ز)[4] ئەو سوڵتانە بە دیارترین سوڵتانەکانی دەوڵەتی مەمالیکی بورجی دادەنرێت، لەماوەی دەسەڵاتیدا سەلماندی کە پیاوێکی لێهاتوو و ڕاڕاستەو ئیشەکان لە شوێنی خۆیاندا دادەنێتو لە بڕیارداندا ژیرانە هەنگاو دەنێت، بەڵام سەردەمەکەی کۆمەڵێ سلبیاتی لەخۆی دەگرت کە ئەمە وای لێ کرد لە سەرکەوتنی لە چاکسازی بارودۆخی گشتیدا بێهیوا بێتو خۆی لە دەسەڵات بەدوور بگرێت، لەو سلبیاتانە زۆری ئەو باجانەی بۆ خەرجی جەنگو بنیادنانی دامەزراوەکان دەیسەپاندنو زۆری ڕاپەڕینەکان ڕاپەڕینەکان جەلبان سوڵتان قایتبای بەیعەتی دەسەڵاتی دوای خۆی بەموحەممەدی کوڕی بەخشی[5].

سوڵتان موحەمەد(٩٠١-٩٠٤ك/١٤٩٦-١٤٩٨ز) سیفەتی فاجریو ڕابواردانی هەبوو، ئەتابەگ قانسوەخەمسومیئە هەموو کارگێڕی کاروباری گشتی گرتەدەست خۆی، کاتێك ویستی سوڵتان لاباتو خۆی شوێنی بگرێتەوە، مەمالیکە سوڵتانیەکان لەڕوویدا وەستان، بۆیە ئەویش لەمصرەوە ڕایکرد بۆ فەلەستین[6]، لەئەنجامی ڕکەبەریە سیاسیەکاندا سوڵتان موحەمەد کەوتە بەر

---

[1] ابن تغري بردي: ج١٦ ص٣٠٦-٣٠٩، ٣٥٦-٣٥٧، ٣٥٩.

[2] هقمان سقرضاوة: ج١٦ ص٣٦٩-٣٧٠، السخاوي: ج٢ ص٧٩١ ، ابن اياس ج٢ ص٤٦٥.

[3] ابن تغري بردي: ج١٦ ص٣٨٨، السخاوي ج٢ ص٧٩١.

[4] ابن تغري بردي :هقمان سقرضاوة: ج١٦ ص٣٨٩-٣٩٠، ٣٩٤، السخاوي: ج٢ ص٧٩١-٧٩٢.

[5] ابن اياس: ج٣ ص٣٣٢-٣٣٣.

[6] ابن اياس: ج٣ ص٣٤٤.

داوی توندوتیژی مەمالیکـەکانو لەئارەزووەکانـدا ڕۆچـوور کەوتـە هـەنگاونانی خـراپ، ئەمـش بیانویـەکبوو تـابیکوژن[1]، قانـسوە ئەشـرەفی خـالۆی(٩٠٤-٩٠٥ك/١٤٩٨-١٥٠٠ز) شـوێنی گرتەوە[2]، سەردەمی ئـەو سـوڵتانە ئـارامی دایگرتبـوو، بـەڵام ئـەو هێـزەی بەهۆیـەوە بەرەو ڕووی پیلانەکانی سەرکردەکان بەکاریدەهێنا ئارامیەکـەی کـەمکردەوە، تومـان بـای تـوانی سـەرکردایەتی بزوتنەوەیـەکی هەڵگەڕانـەوەو کودەتـایی بکـاتو تـەنکی پێهەڵبـچێتو لەشـوێنی سـوڵتاندا ئـەمیر جونپلاکی دانا(٩٠٥-٩٠٦ك/١٥٠٠-١٥٠١ز)[3].

لەئەنجامی درێژە کێشانی چاوچـنۆکی سـەرکردەکان بۆدەسـتگرتن بەسـەر دەسـەڵاتدا سـوڵتان جونبلاتیش لابراو تومان بای یەکەم لەساڵی(٩٠٦ك/١٥٠١ز)دا برایە سەردەسـەڵات[4]، سـەرەنجامی ئەویش لـەسەرەنجامی پێشینەکانی بواشترنەبوو و ئەویش بەهۆی توندیو ڕەقیەوە لەدەسـەڵاتدا لابـراو کوژراو لەشوێنیدا قانسوە غوری دانرا[5].

ئەو سوڵتانە(٩٠٦-٩٢٢ك/١٥٠١-١٥١٦ز)و لـەماوەی دەسـەڵاتیدا سـەلماندی کـەپیاوێکی بەهێزو بتەو و توندوتۆڵە، ئەو ئیشی لەسەر گێڕانەوەی ئاسایشو سەقامگیری بۆ پایتەخت کرد دوای ئەوەی زنجیرە ڕاپەڕینێك ڕوویانداو لەئەنجامی ئەوانەیشدا بارودۆخی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی شێوا، هەروەك هەوڵیدا ماڵو سـامانی پێویـست بـۆ پڕکردنـەوەی خەزێنـەو ئامادەسـازی سـوپا بـۆ بەرەنگاربوونەوەی مەترسی تەشەنە سەندووی عوسمانی دڵنیابکات ئەمـە وێـڕای مەترسـی پورتوگـالی کەبووبوویە بەربەسـتێکی ئـابووریو بوویـە هـۆی هەژارخـستنی دەوڵـەت چـونکە پورتوگالیـەکان هەژموونی خۆیان بەسەر بازرگانی ڕۆژهەڵاتی لـەگەڵ هیند دا سەپاندبوو.

عوسمانیەکان بەسەرکردایەتی سوڵتان سەلیمی یەکەم توانیان لەجەنگی مەرج دابق لە بـاکووری حەلەبـو لە ساڵی(٩٢٢ك/١٥١٦ز)دا بەسـەر سـوپای مەملوکیـدا سـەرکەونو دەسـتیان بەسـەر وڵاتی شامو فەلەستیندا گرتو بەئاڕاستەی مصر کشانو لەئەنجامی ئەو شکـستەشدا غـوری خـۆی کوشتەوە[6].

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٣٨٥-٣٩٢، ٤٠١-٤٠٣.
[2] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٤٠٤-٤٠٥.
[3] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٤٣٩.
[4] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص٤٥٣.
[5] هەمان سەرچاوە: ج٤ ص٤.
[6] هەمان سەرچاوە: ج٥ ص٧١.

تومـان بـای دووەم وەك جـێگیری قانـسوە غـوری وەك سـوڵتانی مـصر هەڵـبژێردرا(٩٢٢-٩٢٣ك/١٥١٦-١٥١٧ز) ئەو هەوڵیدا مەمالیکەکان بهۆش بهێنێتەوە چـونکە تووشـی تەمبەڵی‌و سەر شۆڕی کاتی پێکگەیشتن بوو بوون، هەوڵیدا لەو مەترسیە بێداریان بکاتەوە یەخەی پێگرتـون تـا ئەرکی بەرگریکردن لەدەوڵەت بەجێبگەیەنن، بەڵام لەو کارەیدا سـەرکەوتوو نـەبوو، مەمالیکـەکان لەلایەن خۆیانەوە سەختی بارەکـەیان لەبەرچـاونەدەگرت، دەی ئـەنجامی دڵنیـایی ئـەوەش ئـەوەبوو کەسوڵتان سەلیمی یەکـەمی عوسمـانی تـوانی لـە(کۆتاییـەکانی مـانگی زیلحیجـەی سـاڵی ٩٢٢و سەرەتاکانی موحەڕەمی سـاڵی ٩٢٣ك/کـانوونی دووەمـی سـاڵی ١٥١٧ز)لـە جـەنگی ڕیدانیـەدا بەسەریاندا سەربکەوێت‌و مصر دایە دەوڵەتەکەی و دەوڵەتی مـەمالیکی بـورجی لـەناوبرد، سـوڵتان سەلیم سوڵتان تومان بای دووەمی گرت‌و لەقەنارەی داو خنکاندی[1]، بەمـەش سـەردەمی مـەملوکی کۆتایی پێهات.

---

[1] هەمان سەرچاوە: ج٥ ص١٠٢-١٠٣، ١٤٤-١٤٧، ١٥٩-١٦٣، ١٧٤-١٧٦.

## بەشی دەیەم

## سەردەمی عوسمانی[1] (٦٨٧-١٣٤٣ك/١٢٨٨-١٩٢٤ز)

### ناوی سوڵتانە عوسمانیەکان و ماوەی دەسەڵاتی هەریەکەیان:

١- عوسمانی یەکەمی کوڕی ئورتوغول ..................... ٦٨٧-٧٢٦ك/١٢٨٨-١٣٢٦ز.

٢- ئورخانی کوڕی عوسمان ........................... ٧٢٦-٧٦١ك/١٣٢٦-١٣٦٠ز.

٣- موردای یەکەمی کوڕی عوسمان .................. ٧٦١-٧٩١ك/١٣٦٠-١٣٨٩ز.

٤- بایەزیدی یەکەمی کوڕی مورادی یەکەم ............. ٧٩١-٨٠٥ك/١٣٨٩-١٤٠٣ز.

٥- موحەممەدی یەکەمی شبلی کوڕی بایەزیدی یەکەم ..... ٨١٦-٨٢٤ك/١٤١٣-١٤٢١ز.

٦- مورادی دووەمی کوڕی موحەممەدی یەکەم ........... ٨٢٤-٨٥٥ك/١٤٢١-١٤٥١ز.

٧- موحەممەدی دووەمی کوڕی موراد .................. ٨٥٥-٨٨٦ك/١٤٥١-١٤٨١ز.

٨- بایەزیدی دووەمی کوڕی موحەممەدی دووەم ........... ٨٨٦-٩١٨ك/١٤٨١-١٥١٢ز.

٩- سەلیمی یەکەمی کوڕی بایەزیدی دووەم ............. ٩١٨-٩٢٦ك/١٥١٢-١٥٢٠ز.

١٠- سولەیمانی یەکەمی قانوونی کوڕی سەلیمی یەکەم ...... ٩٢٦-٩٧٤ك/١٥٢٠-١٥٦٦ز.

١١- سەلیمی دووەمی کوڕی سولەیمانی یەکەم ............ ٩٧٤-٩٨٢ك/١٥٦٦-١٥٧٤ز.

١٢- مورادی سێیەمی کوڕی سەلیمی دووەم ............. ٩٨٢-١٠٠٣ك/١٥٧٤-١٥٩٥ز.

١٣- موحەممەدی سێیەمی کوڕی مورادی سێیەم ........ ١٠٠٣-١٠١٢ك/١٥٩٥-١٦٠٣ز.

١٤- ئەحمەدی یەکەمی کوڕی موحەممەدی سێیەم ........ ١٠١٢-١٠٢٦ك/١٦٠٣-١٦١٧ز.

١٥- موستەفای یەکەمی کوڕی موحەممەدی سێیەم(جاری یەکەم)... ١٠٢٦-١٠٢٧ك/١٦١٧-١٦١٨ز.

---

[1] دکتۆر عەلی موحەممەد سەلابی کتێبێکی لەسەر دەوڵەتی عوسمانی نوسیوە بەناوی(الدولة العثمانية عوامل النهوض واسباب السقوط) ئێمەش لەگەڵ بەڕێز مامۆستا ئەحمەد عەبدورەحمان ئەحمەد وەرمانگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، لەو کتێبەدا باس لەمێژووی دیارو بەرچاوی ئەو دەوڵەتە لەبوارە جیاجیاکانەوە دەکات خوێنەر دەزانێت عوسمانیەکان چ رۆڵێکی گەورەی جیهادیان لەفتوحاتی ئیسلامیدا گێڕاوەو شەهادەتخوازانە قوستەنتینیەیان فەتحکرد، باس لەرۆڵی زانستیان دەکات وەدواتر هۆکارەکانی لاوازیو دارمانیشیان دێنێت، تایبەتمەندی ئەو کتێبە لەوەدایە کەهەموو ساختەکانی رافیزەو رۆژهەڵاتناسانی ئاشکراکردووە، نووسەری ئەم کتێبەش د.موحەمەد سوهەیل تقوش لەسەر دەوڵەتی عوسمانی کتێبێکی نووسیوە بەناوی(العثمانيون من قيام الدولة الى الإنقلاب على الخلافة) -وەرگێڕ-.

١٦- عوسمانی دووەمی کوڕی ئەحمەدی یەکەم ............ ١٠٢٧-١٠٣١ك/١٦١٨-١٦٢٢ز.
١٧- موستەفای یەکەمی کوڕی موحەممەدی سێیەم(جاری دووەم) ...١٠٣١-١٠٣٢ك/١٦٢٢-١٦٢٣ز.
١٨- موڕادی چوارەمی کوڕی ئەحمەدی یەکەم ............ ١٠٣٢-١٠٥٠ك/١٦٢٣-١٦٤٠ز.
١٩- ئیبراهیمی یەکەمی کوڕی ئەحمەدی یەکەم ........... ١٠٥٠-١٠٥٨ك/١٦٤٠-١٦٤٨ز.
٢٠- موحەممەدی چوارەمی کوڕی ئیبراهیمی یەکەم ...... ١٠٥٨-١٠٩٨ك/١٦٤٨-١٦٨٧ز.
٢١- سولەیمانی دووەمی کوڕی ئیبراهیمی یەکەم ........ ١٠٩٨-١١٠٢ك/١٦٨٧-١٦٩١ز.
٢٢- ئەحمەدی دووەمی کوڕی ئیبراهیمی یەکەم .......... ١١٠٢-١١٠٦ك/١٦٩١-١٦٩٥ز.
٢٣- موستەفای دووەمی کوڕی موحەممەدی چوارەم ..... ١١٠٦-١١١٥ك/١٦٩٥-١٧٠٣ز.
٢٤- ئەحمەدی سێیەمی کوڕی موحەممەدی چوارەم ....... ١١١٥-١١٤٣ك/١٧٠٣-١٧٣٠ز.
٢٥- مەحموودی یەکەمی کوڕی موستەفای دووەم ....... ١١٤٣-١١٦٧ك/١٧٣٠-١٧٥٤ز.
٢٦- عوسمانی سێیەم ................................ ١١٦٧-١١٧٠ك/١٧٥٤-١٧٥٧ز.
٢٧- موستەفای سێیەمی کوڕی ئەحمەدی سێیەم ......... ١١٧٠-١١٨٨ك/١٧٥٧-١٧٧٤ز.
٢٨- عەبدولحەمیدی یەکەمی کوڕی ئەحمەدی سێیەم .... ١١٨٨-١٢٠٣ك/١٧٧٤-١٧٨٩ز.
٢٩- سەلیمی سێیەمی کوڕی موستەفای سێیەم ......... ١٢٠٣-١٢٢٢ك/١٧٨٩-١٨٠٧ز.
٣٠- موستەفای چوارەمی کوڕی عەبدولحەمیدی یەکەم .. ١٢٢٢-١٢٢٣ك/١٨٠٧-١٨٠٨ز.
٣١- مەحموودی دووەمی کوڕی عەبدولحەمیدی یەکەم .. ١٢٢٣-١٢٥٥ك/١٨٠٨-١٨٣٩ز.
٣٢- عەبدولحەمیدی یەکەمی کوڕی مەحموودی دووەم ... ١٢٥٥-١٢٧٧ك/١٨٣٩-١٨٦١ز.
٣٣- عەبدولعەزیزی کوڕی مەحموودی دووەم ........... ١٢٧٧-١٢٩٣ك/١٨٦١-١٨٧٦ز.
٣٤- موڕادی پێنجەمی کوڕی عەبدولمەجیدی یەکەم ..................... ١٢٩٣ك/١٨٧٦ز.
٣٥- عەبدولحەمیدی دووەمی کوڕی عەبدولمەجیدی یەکەم ١٢٩٣-١٣٢٧ك/١٨٧٦-١٩٠٩ز.
٣٦- موحەممەدی ڕەشادی پێنجەمی کوڕی عەبدولمەجیدی یەکەم...١٣٢٧-١٣٣٦ك/١٩٠٩-١٩١٨ز.
٣٧- موحەممەد وەحیدەدینی شەشەمی کوڕی موڕادی پێنجەمی... ١٣٣٦-١٣٤٠ك/١٩١٨-١٩٢٢ز.
٣٨- عەبدولمەجیدی دووەمی کوڕی عەبدولعەزیز ....... ١٣٤٠-١٣٤٣ك/١٩٢٢-١٩٢٤ز.

## قۆناغی دامەزراندن( ٦٨٧-٩١٨ك/١٢٨٨-١٥١٢ز)

### ڕەگو ڕیشەی مێژوویی:

مێژووی سەلجوقی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی لەدەرەوەی خاکەکانی سەربە ئیسلامیدا بەخۆیەوە دی کەڕۆڵێکی بەرفراوانی لەناوخۆی ئاسیای بچووکدا گێڕا، لەڕاستیدا ناکۆکیەکانی نێوان موسڵمانانو بیزەنتیەکان بەدرێژایی چەند سەدەیەك تەواوی نەبچڕاندو لەزۆربەیاندا موسڵمانان سەرکەوتن، بەڵام هیچکامیان سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوەی بەدی نەهێنا.

کۆمەڵێك لەموجاهیدە تورکمانەکان لەناوچە سنوریەکاندا نیشتەجێبوون کەتوانیان دوای جەنگی بەناوبانگی(مانزیکرت) لە ساڵی(٤٦٣ك/١٠٧١ز)دا کەتیایدا سوڵتان ئەلب ئەرسەلانی سەلجووقی بەسەر ئیمبراتۆر ڕۆمانوسی چوارەمی دیوجینوسی بیزەنتیدا سەرکەوتو ئیمبراتۆر بەدیل گیراو سوڵتان ئەلب ئەرسەلانو تورکمانەکانی ئەرمینیاو ئەنتاکیەو ڕەهاو کبادوکیە یان فەتحکرد، لەوکاتەوە توانییان بچنەناوخاکی ئاسیای بچووکەوە[1]، تورکمانەکان هەوڵیاندا لەسەر ڕێگە سەرەکیەکانیدا شوێنەواری مەشخەڵە بیزەنتیەکان بسڕنەوەو کارگێڕی شارنشینی شارەکانیش لاببەن دوای ئەوەی دانیشتوان لەدەسەڵاتی بیزەنتی دابڕانو لەترسی برسێتی خۆیان بەدەست فەرمانڕەوا نوێکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تورکمانەکان وازیان لەشارەکان هێنا تا خۆیان فەرمانڕەوای خۆیان بکەنو دەستیان لەکاروباری ناوخۆیان وەرنەدەدا، بەڵام وێنەی ژیان تیایدا گۆڕا کاتێك مۆرکی ئیسلامی وەرگرتو بەرتەسکبوونەوەو کشانەوەی قەڵەمڕەوی بیزەنتیش دانیشتوانی هاندا تابێنە ناو ئایینی ئیسلامی ئایینی فەتحکەرە نوێکانەوە، ناکۆکیە ناوخۆییەکان لەبیزەنتە دەرفەتیان بەفەتحخوازان دا تا دوای ئەوەی ناوچە ململانێکارەکان داوای یارمەتیان لێکردن ڕۆبچنە ناو جەرگەی ژیانی بیزەنتیەوە[2].

شتێکی ڕوونە ئەو تورکمانانە لەکۆتاییەکانی سەدەی یانزەدا ملکەچی دەسەڵاتی سەلجوقی نەبوونو بیرێکی ڕوونی سیاسیان نەگرتبوویە بەر بەتەنها ئەوە نەبێت خاکی نوێ بەدەستبخەن تا لەسەر ژیانی دڵنیایی و ئارامی لەبەشەکانیدا یارمەتییان بداتو داهتەکانی بەرهەم بهێننو بەدەستبخەن، بەڵام توانییان پەیکەری دەوڵەتی بیزەنتی لەناوبەن.

---

[1] الفارقي، ابن الأزرق: تأريخ ميافارقين ص١٨٩، ابن الأثير: ج٨ ص٢٢٣-٢٢٥، سبط ابن الجوزي: سرآة الزمان ج٨ ص٢٧٨-٢٨٥،-٢١٩ oman: AHistory of the Art of wavin the middle AgesIPP ٢٢٠, Grousset, K: Historre delAmenie PP ٦٢٨-٦٢٩.

[2] Vasiliev: History of the Byzantine IP ٤٣٢.

لەناوچەکانی سەرسنووری شاخەکانی تۆرۆس‌و کیلیکیە چەند میرنشینێکی ئەرمینی سەربەخۆ دامەزران، پاشان شانشینی ئەرمینیای بچووك پێکهات‌و لەملتیە جیبریلی ڕۆمی فەرمانڕەوا دووبەرەك‌و جیابووەکان لەدەسەڵاتی بیزەنتیدا تێدادەرکرد.

لەئەنجامی ئەو گۆڕانە سیاسی‌و سەربازیانەدا حکومەتی مەرکەزی لەقوستەنتنیە نەیدەتوانی پارێزگاری لەناوچە سنوریەکان بکات‌و سولەیمانی کوڕی قوتولمش کەیەکێك لەنەوەکانی ئەلب ئەرسەلان بوو توانی بەشی باکووری ڕۆژئاوای ئاسیای بچووك فەتحبکات‌و تیایدا دەوڵەتێکی دامەزراند کەبەدەوڵەتی سەلجووقیەکانی ڕۆم ناسرا، ئەمەش لە ساڵی(٤٧٠ك/١٠٧٧ز)دا بوو و شاری نیقیەی کردبە پایتەختی خۆی کەلەقوستەنتینیەوە نزیکبوو[1]. ئەگەر لەسەرەتاوە هێزەکانی تەنها تورکمان بورنایە، ئەوە خۆی‌و نەوەکانیشی لەدواتردا چەند چەمکێکی ڕوونیان لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێك گرتەبەر.

لەبەرەی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیای بچووکدا میرنشینێکی تورکمانی دامەزرا کەلەدەووری سەرکردەیەك بەناوی دانشمەند واتە زانا کۆبوونەوە، ئەو نازناوە ئەو گومانەمان پێدەدات کەدەسەڵاتی ئەو سەرکردەیە لەبنەڕتدا شێوە ئایینی بووە، دانیشمەند توانی لەسیواس خۆی بسەپێنێت‌و دەسەڵاتی خۆی لەئاراستەی باکوورەوە تا ئەنقەرەو ئەماسیاو نیکسارو لەباشووریشەوە تا بوستان بڵاوبکاتەوەو لە ساڵی(٤٩٤ك/١١٠١ز)دا مەلتیەی لەدەست جبریل سەند.

ئیتر کەناراوەکانی باکوور و باشووری ئاسیای بچووك تا کیلیکیە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بیزەنتیەکان‌و چەند شارێکی ناوخۆیش لە ڕۆژهەڵات‌و لەووڵاتی شامدا بەشوێنکەوتەی ئیمبراتۆریەتی بیزەنتیدا مانەوە وەك ڕەها.

سولەیمان خۆی لەگوێڕایەڵی سەلجووقیە گەورەکان دارنی‌و بڕیاری فراوانخوازی بەرەو ڕۆژهەڵات داو ئەنتاکیەی لە ساڵی(٤٧٧ك/١٠٨٤ز)دا گرتە خۆ، بەڵام لەگەڵ خواست‌و نیازەکانی ئوتوشی سەرکردەی سەلجووقەیەکانی شامدا کەمامی بوو پێکیداداو لەترسی ئەوەی نەکەوێتە بەردەستی لە ساڵی(٤٧٩ك/١٠٨٦ز)دا خۆی کوشتەوە[2].

---

[1] Grousset: P ٦٢٩. Vasiliev: IPP ٤٣٢-٤٣٣

[2] ابن القلانسي: ص١٩٤، ابن الأثير: ج٨ ص٣٠٣، ابن سبط ابن الجوزي: ج٨ ص٤٢٢، منجم باشي، صحائف الأخبار: ج٢ ص٥٦٠، المستوفي القزويني: تأريخ كزيده ص٤٨١. Anna comnena: The Alexiad PP ١٥٣-١٥٤.

لەماوەی سێ لەچواری یەکەمی سەدەی دوانزەی زایینیدا مێژووی سیاسی ئاسیای بچووك لەڕووی بنەڕەتەوە تەنها زنجیرەیەکی یەکلەدوایەکی ناکۆکی نێوان سەلجوقیەکانو دانیشمەندیەکان بوو و لەبەرژەوەندی سەلجوقیەکانو ڕکەبەری هەریەکەیان لەگەڵ بیزەنتیەکاندا کۆتایی پێهات.

قلج ئەرسەلانی یەکەمی کوڕو جێگیری سولەیمان هەوڵیدا لە باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیای بچووکدا بنکەیەکی نوێی بۆ خۆی دابمەزرێنێت دوای ئەوەی بەیارمەتی ئەندامانی شالاوی یەکەمی خاچپەرستی لە ساڵی(٤٩١ك/١٠٩٧ز)دا بیزەنتیەکان شاری نیقیەو ڕۆژئاوای ئەنادۆڵیان گێڕایەوە، ئەویش شاری قونیەی کرد بەپایتەختی خۆیو لەوێوە بەرەو فراوانخوازی لەسەر حسابی بیزەنتیەکانو دانیشمەندیەکان دەچوو، کاتێك نەیتوانی مەلتیەیان لەدەست دابڕنێت لایکردەوە بەلای فراوانخوازی ڕۆژهەلات بەئاڕاستەی جەزیرەو فوراتی سەرەوەو موسڵی گرت، بەلام لەماوەی ململانێی لەگەڵ جاولی سقاوەی ئەمیری موسڵدا ناوچوو دوای ئەوەی لە ساڵی(٥٠٠ك/١١٠٧ز) لەڕووباری خاپووردا خنکا[1]. جێگیرەکانی جەختیان لەچالاکی خۆیان لەناوخۆی ئاسیای بچووکدا دەکردەوە، لەڕاستیدا ناوچەی ئەنادۆڵ داهاتی زۆری هەبوو، ئەمەکاری بۆ ئاسان کردبوون تابێتە بنکەیەك بۆ بەردەوامی دەوڵەت تائەوەی لەکۆتاییەکانی ساڵی(٥٧١ك/هاوینی ساڵی ١١٧٦ز)دا ئیمبراتۆر مانویل کۆمنین وای بەخەیاڵدا هات دەتوانێت ئەو زەویانە بگێڕێتەوە کەلەبیزەنتیەکان لەسەر دەستی تورکەکان لەدەستیان داوە، بەلام لەسەر دەستی سوڵتان قلج ئەرسەلانی دووەم کەبەرێککەوتن نارازی بوو کارەساتی میریو کیڤالونی تووشبوو[2].

ئەو جەنگە ناودارە ئەوەی سەلماند کەئەو ئاڕاستە مێژووییەی لەئەنجامی جەنگی مانزیکرت(ملازگرد) پێش سەدەیەك ڕوویدابوو بەهیچ شێوەیەك گۆڕانی بۆ نیە، قلج ئەرسەلانی دووەمیش دەرفەتی بۆ گونجا تاسنووری وولاتەکەی لەدەستدرێژیەکانی بیزەنتیەکان بپارێزێتو سەلجوقیەکانیش بنەڕەتەکانی دەوڵەتەکەیان لەدەوروبەری قۆنیەی پایتەختیاندا دەچەسپاندو پاش چەند پێکدادانێك لەگەڵ دانیشمەندیەکاندا توانییان مەلتیەیان لێبسێنن و لە ساڵی(٥٧٦ك/١١٨٠)دا دەوڵەتەکەیان لەناوببەن.

---

[1] ابن القلانسي: ص٢٥١-٢٥٣، ابن الأثير: ج٨ ص٥٣٩-٥٤١، الفارقي: ص٢٧٣.

[2] سەبارەت بەو جەنگە بڕوانە: Chaniates, Nicetas: Historia PP ٢٣٦-٢٤٨.
Kinnamos, Gohn: Epitome Historiarum: PP ٢٩٢-٢٩٩, michel Lesyrien: chronique III PP ٣٦٩-٣٧٢.

شتێکی ڕوونە سەلجوقیەکان دەسەڵاتیان بەسەر ناوچە سنووریەکاندا لاوازبوو، چونکە هۆزە تورکمانیە دەرچووەکان لەخواستی سولتان لەوێ بنکەیان داکوتابوو، بەڵام دەوڵەتی نوێ بەیارمەتی خەڵکی ناوچەکە کەزۆرێکیان موسڵمانان بووبوون‌و بەپاڵپشتی ئەو تورکانەی لەفارسەوە کشابوون‌و ڕۆشنبیری فارسیان وەرگرتبوو لەهەرێمە مەرکەزیەکاندا دامەزرا، دواتر چەند نەریت لەو دەوڵەتەدا تێکەڵ بوون، نەریتی بیزەنتی‌و ئیسلامی و فارسی کەبەکاریگەری ژیاری سەلجوقیە گەورەکان کاریگەربوون وێڕای چەند داهێنانێکی نوێ لەواقیعی ئەو بارودۆخەی تیایدا دەژیان دەیخواست، باری یاسایی ئەو دەستەو تاقمە نەسرانیە ناوچەییانەی هێشتا موسڵمان نەبووبوون لەڕووی کرداریەوە باشتربوو.

بێگومان دەسەڵاتی سەلجوقیەکانی ڕۆم لەنیوەی یەکەمی سەدەی سیانزەی زاییندا بەرزاوەترین‌و جوانترین ماوەی مێژوویی ئەو دەسەڵاتەو تەنها بۆ ماوەیەکی کەم دادەنرێت، ئەمەش لەئەنجامی پاشەکشەی هێزی بیزەنتی دوای ئەوەی خاچپەرستان لەشاڵاوی چوارەمیان بۆسەر ڕۆژهەڵات لە ساڵی(٦٠٠ك/١٢٠٤ز)دا ملکەچیانکردو لەهەموو ڕاڕایی‌و بارگرژیەك لەناوچەی ڕۆژئاواوە ڕزگاری بوو، سولتان یەکخسرەوی یەکەم‌و کەیکاوسی یەکەمی کوڕیشی ئەو دەرفەتەیان قۆستەوەو دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئەنتاکیەو سینوبدا بڵاوکردەوە کەدوو سەرسنووری گرنگ بوون‌و یەکەمیان دەکەوتە سەر دەریای سپی ناوەڕاست‌و دووەمیشیان دەکەوتە سەر دەریای ڕەش[1]، بەمەش دەسەڵاتەکەیان بەڕووی بزوتنەوەی بازرگانی جیهانیدا کرایەوەو لەبەر بوونی ئاسایش‌و داهاتی ئابووری‌و چەند پەیماننامەیەکی بازرگانی لەگەڵ کۆنارە ئیتالیەکاندا توانیان گەشەبکەن‌و بۆیان ئاسان بوو تا دەست وەربدەنە کاروباری جیهانی ئیسلامی لەووڵاتی شام‌و جەزیرەی فوراتیدا.

بەڵام کەڵەکەبوونی سامانی ووڵات چەند کاریگەریەکی خراپیشی هەبوو، چونکە سەرکردە فەرمانڕەواکان ڕۆچوونە ئارەزووبازی‌و دەروونیان داکەوت‌و لەوگیانە سەربازیە دوورکەوتنەوە کە باو و باپیرانیان هەیانبوو و بەمەش لەپیشەی جەنگ وازیان هێنا بۆ بەکرێگیراوەکانی ڕۆم‌و ئەرمەن‌و عەرەب، هەروەك جیاوازی زیادبوونی نێوان ڕۆشنبیری دەسەڵات فەرمانڕەوا کاریگەرەکان بەڕۆشنبیری فارسی کەبەوپێیە لەمۆرکی تورکی دووری دەخستنەوەو نێوان ڕۆشنبیری جەماوەریی کە ڕەگ‌و ڕیشەی تورکی هەبوو و لەپاراستنی بنەڕەتەکانیدا بوون لەسەرەتای سەدەی سیانزەوە کەڵەکەدەبوو، جا لە ساڵی(٦٣٨ك/١٢٤٠ز)دا گەل نارەزایی خۆیان دژبە بارودۆخی گشتی

---

[1] ابن بيبي: الأوامر العلائية في الأمور العدائية ص٣٣-٣٥، ٥٤-٥٨.

کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابووریو دژایەتی دەستەو تاقمە فەرمانڕەواکان لەشۆڕشێکدا ڕاگەیاند کەسۆفی بابا ئیسحاق سەرکردایەتی دەکرد، بەڵام دەسەڵات بەهێزی چەك سەرکوتیکرد[1].

ئەوکات لەهەرێمەکانی ڕۆژهەڵاتو لەئەنجامی کشانی مەغۆل لەنێوەندەکانی ئاسیاوە بەئاراستەی جیهانی ئیسلامی بەسەرکردایەتی جەنگیزخان چەند گۆڕانێکی گرنگی سیاسی ڕوویانداو مەغۆلەکان دەوڵەتی خوارزمییان لەئاسیای ناوەڕاستدا لەناوبردو لەسەردەمی ئیلخان هۆلاکۆدا گەیشتە بەردەرگاکانی ئاسیای بچووكو لە ساڵی(٦٤١ك/١٢٤٣ز) لە(کوسی داغ) شکستێکی سەختیان تووشی هێزەکانی سوڵتان کەیخسرەوی دووەم کردو سەربەخۆیی دەوڵەتی سەلجوقیەکان ڕۆمیان لەناوبرد[2].

کەیخەسرەوی دووەم وەك هێماك بۆ شوێنکەوتەیی سەرانەی بە مەغۆلەکان دەدا تائەوەی لە ساڵی(٦٤٢ك/١٢٤٤ز)دا مردو ناکۆکی لەنێوان عیزەدین کیکاوسی دووەمو ڕوکنەدین قلج ئەرسەلانی چوارەمی کوڕیدا هەڵگیرسا.

هۆلاکۆ دەستی وەردایە ئەو ناکۆکیەو بڕیاریدا هەردووبرا وولاتی ڕۆم لەنێوان خۆیاندا دابەشکەنو کەیکاوسی دووەم فەرمانڕەوایی بەرەی ڕۆژئاوای سنووری قەیسەریە تاکەناراوی ئەنتالیا تا سەر سنووری بیزەنتی بکاتو قونیە پایتەختی بێت، قلج ئەرسەلانی چوارەمیش فەرمانڕەوایی بەرەی ڕۆژهەڵاتی سیواسەوە بۆ کەناراوی سینوبو سمسون بکاتو توقات مەڵبەندی بێت[3].

کەیکاوسی دووەم هەوڵیدا لەگەڵ مەمالیکەکانی مصر دژبەبوونی مەغۆل هاوپەیمانی ببەستێت، بۆیە سزادراو لەدەسەڵاتی ناوچەکانی بێبەشکراو براکەشی ملکەچی چاودێریەکی توندی مەغۆلیەکان بوو، لەڕێگەی کاربەدەستێکەوە کەبەناوی موعینەدین پەروانە ناسرابوو[4].

دوای ئەوەلاوازی دەوڵەت مەغۆلی هاندا تا پاراستنی نیزامی ڕاستەو خۆی کارگێڕی بگۆڕێت ئەوانەی سوودیان لەو نیزامە وەرگرت ئەو والیو گەورە پاڵپشتانەیان بوون کەمیرنشینی بەرفراوانیان لەناوچەکانی ژێرکارگێڕییاندا بۆ خۆیان دەبڕیەوە، خێرا دە میرنشینی تورکمانی دەرکەوتنو لەنێویاندا میرنشینی عوسمانی بوو کەدەسەڵاتی خۆی بەمیراتی لە دەسەڵاتی سەلجوقیەکانی ڕۆمەوە وەرگرتبوو دوای ئەو دەوڵەتی سەلجوقیەکانی ڕۆم لە ساڵی(٧٠٤ك/١٣٠٤ز)دا لەناوچوو.

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٢٢٧-٢٣٠.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٢٣٥-٢٤٠.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٢٩٤، ابن العبری: تأریخ الزمان ص٣١٤-٣١٥.

[4] camb, Hist, of Islam: IP ٢٥٠

**دامەزرانی دەوڵەتی عوسمانی:**

بنەڕەتی عوسمانیەکان دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی قایی تورکی کەیەکێك لەخێڵە تورکە غوزەکان بوون‌و لەنێوەندەکانی ئاسیاوە بەرەو بەرزاییەکانی جەزیرە لەنێوان دیجلەو فورات کشان لە لەوەڕگاکانی دەورووبەری شاری خەلاتدا نیشتەجێبوون، سوود لەزانیاریە بەردەستەکان وەردەگیرێت‌و ئەو خێڵە لەدەورووبەری ساڵی(٦٢٦ك/١٢٢٩ز)دا لەژێر فشاری ڕووداوە سەربازیەکانی ناوچەکە ناوچەی خەلاتیان بەجێهێشتووەو بەرەو حەوزی ڕووباری دیجلە چوون‌و دواتر بەسەرکردایەتی توغرول کۆچیانکردووە بۆ ئەرزنجان لەناوچەی ئاسیای بچووکدا ئەو شارە شانۆیەکی جەنگی نێوان سەلجوقی‌و خوارزمیەکان بوو، توغرول یارمەتی هێزە سەلجوقیەکانی دا، سولتان عەلائەدین کیقبادی یەکەمی سەلجوقیش بەوە دەستگرۆیی کرد چەند خاکێکی بەپیتی لەنزیك ئەنقەرە بەخۆی‌و خێڵەکەی بەخشی[1]، توغرول بەردەوام هاوپەیمانی سەلجوقیەکان بوو و لەڕیزەکانی ئەواندا دژبە مەغۆل و بیزەنتیەکان دەجەنگان تائەوەی سولتان ناوچەیەکی تری بۆ بڕیەوە کەدەکەوتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ لەسنووری بیزەنتی لەناوچەی ناسراو بە(سکود) لەدەورووبەری(ئیسکی شەهر)دا، خێڵەکە لەوێدا دەستیان بەژیانێکی نوێ‌کرد[2]. ئەمیر نشینە لەگەڵ بچووکیەکەیدا دووسیفەتی هەبوو:

یەکەم: لەڕووی جوگرافیەوە لەمیرنشینە تورکمانیە بەهێزەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئەنادۆڵ دووربوو و لەسەر جێ‌پێ‌و شوێنەواری دەسەلاتی سەلجوقیەکانی ڕۆم دامەزرا.

دووەم: میرنشینەکەی توغرول تاکە میرنشینی تورکی بوو کە سەنگەگیری ڕووبە ئەو ناوچە بیزەوتیانە پێکبهێنێت کە تائەو کاتەش فەتح نەکرابوون.

ئەو بارە تایبەتەی میرنشینە کەژمارەیەکی زۆری ئەو تورکمانانەی بەلای خۆیدا ڕاکێشا کەخوازیاری غەزاو جیهاد بوون‌و ئەو جوتیارانەی لەڕووی مەغۆلەکاندا ڕایانکردبوو و ئەو دەروێشانەی بۆ مورید دەگەڕان هاتنەناو میرنشینەکە[3].

توغرول لەئەنجامی غەزا بەردەوامەکانی دژبە بیزەنتیەکان نازناوی غازی وەرگرت‌و توانی لەماوەی نیو سەدەدا زەویەکانی فراوان بکات[4]و لە ساڵی(٦٨٠ك/١٢٨١ز)دا کۆچی دواییکرد[1].

---

[1] سعدالدين، محمد: تاج التواريخ ج١ ص١٣، ١٥، كوبرولي، محمد فؤاد: قيام الدولة العثمانية ص١١٩-١٢٢.

[2] كوبرولي: هەمان سەرچاوە: ص١٢٢.

[3] كولز، بول: العثمانيون في أوروبا ص٢٦.

[4] camb: med, Hist, IVP ٦٥٥

## عوسمانی یەکەم(٦٨٧-٧٢٦ك/١٢٨٨-١٣٢٦ز)

عوسمان لە سالی(٦٨٧ك/١٢٨٨ز)دا شوێنی توغرول باوکی گرتەوە تا دەوڵەتێك دابمەزرێنێتو دەوڵەتەکەش ناوی ئەوی وەرگرتو لەسەردەمەکەیدا باری ئایینیو سەربازیو سیاسی بۆ تورکە عوسمانیەکان دەستنیشانکرد.[1]

عوسمان بەرامبەر بەرەی بیزەنتی جیهادی ئەنجامدا تالەسەر حسابی بیزەنتیەکان میرنشینەکەی فراوانبکات، بۆ ئەمە لە سالی(٦٩٠ك/١٢٩١ز)دا قەلای(قرەجەحسار)ی فەتحکردو کردی بەبنکەی خۆیو فەرمانیکرد تا بەناوی خۆیەوە ووتار بخوێنێتەوە[2]، هەروەك لە سالی(٧٠٠ك/١٣٠١ز)دا شاری(ینی شەهر)ی فەتحکردو کردی بەپایەختی خۆی[3] و توندوتۆلیکردو لەوێوە چەند هەلمەتێکی بازنەیی دژبە قەلابیزەنتیەکان لەئاسیای بچووکی ئەنجامداو هەندێکیانی فەتحکرد وەك(لفکە)و(ئاق حسار)و(قوج حسار)[4] و دوورگەی(کالولیمنی) سەر دەریای مەرمەڕەو قەلای(تریکوکا)ی نێوان بروسە نیقیەی فەتحکردو دلنیایی بەدەسەلاتی خۆی بەسەر ڕێگەی ئاوی موسلی نێوان بروسەو قوستەنتینیەداو سەرپەرشتی ڕێگاکانی پەیوەندیو گەیاندنی نێوان نیقیەو نیقومیدیەی کرد[5]، پاشان جەختی لەهەولەکانی خۆی بۆسەر شارەکان کردەوەو ئورخانی کوڕی لە سالی(٧٢٦ك/١٣٢٦ز)دا شاری بروسەی فەتحکرد[6] و ئورخان بەپەلە چوو بۆ سکود تاهەوالەکە بۆ باوکی ببات کەچی باوکی کۆچی دوایی کردبوو.

هەلکەوتەیی عوسمان لەوەدابوو کە بنەڕەتەکانی دەولەتێکی دانا کە ڕێکخستنەکانی لەدەولەتی سەلجوقیەکانی ڕۆمەوە وەرگرتبوو، ئیتر لەنەریتو تەقلیدەکاندا بێت یان لەڕێکخستنەکان یان ژیاری بەمیرات ماوەی جیهانی ئیسلامیەوەبێت.

---

[1] سعدالدين: ج١ ص١٥، ١٦.

[2] Inalcik, H: The ottoman Empire P٦; camb Med Hist . IVP ٦٥١

[3] القرمني، احمد: تاريخ سلاطين آل عثمان ص١١.

[4] هەمان سەرچاوە:

[5] Gibbons, H.A: The foundation of the Ottoman Empiro ١٣٠٠-١٤٠٣ P٣٤

[6] سعدالدين، محمد: تاج التواريخ: ج١ ص٢٨-٢٩.

## ئورخان( ٧٢٦-٧٦١ك/١٣٢٦-١٣٦٠ز)

ئورخان شوێنی عوسمانی باوکی گرتەوەو دەوڵەتێکی لێوە بەمیراتگرت کەهیچ یاسایاندراویان سنوورێکی ڕوونی نەبوو چەند دراوسێیەکی لەخۆی بەهێزتری هەبوو، بۆیە دەبوو دەوڵەتێکی پێچەسپاو بنیادبنێت لەسەر حسابی دراوسێکانی فراوانخوازی بکاتو شوێنکەوتووەکانی بکات بەیەك ئوممەت[1].

ئورخان لەسەرەتای دەسەلاتەکەیدا کەوتە دانانی یاساو داهێنانی ڕێکخستنە پێویستەکان بۆ پاراستنی میرنشینەکەی، جایەکەمجار گرنگی بەڕێکخستنەوەی سوپادا کەکۆڵەکەی دەوڵەتەکەی بوو، بۆ ئەمە سوپای ئینکیشاری دامەزراندو دەستەیەکی بەچەنج تایبەتمەندیەکی گرنگ تایبەتکردو ئەو سوپا بەتێپەڕبوونی سەردەم بووبە سوپایەکی پیشەیی کەرلێکی گەورەی لەفراوانکردنی ڕووبەری دەوڵەتی عوسمانیدا بینی، پاشان پایتەختی گواستەوە بۆشاری بروسە[2].

ئورخان لەئاسیای بچووكو لەئەورووپادا فراوانخوازی کردو لەئاسیای بچووکدا نیمچەدوورگەی(بیشینیە)ی سەر ئەوپەڕی باکووری[3] لەگەڵ قەلای سەندرەو قەلای ئەبیدوس و[4] نیقومیدیەی فەتحکردو نیقیە بەدەستی سەرکردە سولەیمانی کوڕی ئورخان ڕووخا[5]، عوسمانیەکان قەلاکانی کوینیكو مودرینەو تورکچی یان فەتحکرد[6] ئورخان میرنشینی قراسی تورکمانی دایە پاڵ دەوڵەتەکەی خۆی[7]، لەئەنجامی فتوحاتانەدا ناوچەکانی بیزەنتی لەئسیای بچووکدا کەمیانکردو عوسمانیەکان دەستیان گرت بەسەر گەورەی دەردەنیلدا.

لەئەورووپاش ئورخان ململانێی ناوخۆیی لەسەر کورسی دەسەلاتی بیزەنتی قۆستەوەو بەسەرکردایەتی سولەیمانی کوڕی هێزێکی سەربازی ناردوو چەند قەلایەکی گرنگی فەتحکرد لەوانە: جنكو غالیبولی ستراتیژی لەسەر کەناراوی دەردەنیلو ئەبسالاو ڕۆدستو چوویە ناوهەرێمی تراقیە[8].

---

[1] مصطفى، أحمد عبدالرحيم: في أصول التأريخ العثماني: ص٣٨.

[2] Eibbons: PP ٥٥-٥٦.

[3] camb med Hist. Byzantine Empire voi IV, PrttIP ٧٥٩

[4] حليم، إبراهيم بك: تأريخ الدولة العثمانية العلية ص٣٦.

[5] سعدالدين: ج١ ص٤٢-٤٣، Gibbons: PP ٥٩-٦٠

[6] سعدالدين: ج١ ص٤٤-٤٥.

[7] هەمان سەرچاوە: ص٤٨.

[8] هەمان سەرچاوە: ص٥٥، Inalck: P٩

دوای ئەوەی بەهۆی كۆچی دوایی هەریەك لەسولەیمان لە ساڵی(٧٥٩-١٣٥٨ز)و ئورخان لە ساڵی(٧٦١ك/١٣٦٠ز)دا فتوحات وەستا[1]. نرخی ئورخان ئەوە بوو یەكەم سەقامگیری ئیسلامی لەئوروپا لەبەرەی بەلقانەوە بەخۆیەوە دیو نیزامێكی سەربازی نوێ دەركەوت كە بۆ ماوەی چوار سەدەی یەكلەدوایەك ترسی خستەدڵی گەلە ئەورووپیەكانەوەو میرنشینی عوسمانی دەركەوت كەلە ئەنقەرەوە بۆ تراقیەوەو بنكەكانی دەوڵەت بەرێكخستنە ئابووریو كۆمەڵایەتیەكانیەوە جێگیركردو یەكەم یانەی بۆ لێدانی دراوو دانانی ئەو یاسایانەدا دامەزراند كەپۆشینی جلو بەرگی لەخۆدەگرتو چینەكانی گەلو خاوەن پایەكانی جیادەكردەوە[2].

[1] القرماني: ص١٣-١٤، أوزتونا، يلماز: تأريخ الدولة العثمانية: ج١ ص٩٦.

[2] سعدالدين: ج١ ص٣٨-٣٩، Inalciki: P8

## مورادی یەکەم( ٧٦١-٧٩١ك/١٣٦٠-١٣٨٩ز)

مـورادی یەکـەم شـوێنی ئورخـانی بـاوکی گرتـەوە تابـەرەنگاری دوژمنـەکانی دەوڵەتەکـەی لەدووئارستەی دوورەوە ببێتەوە، جا لەئەنادۆڵدا میرنشینی بەهێزی فرمانی گرتو چـوویە ئەنقـەرەی پایتەختەوەو میرنشینی کرمیانو هەرێمی حەمیدو میرنشینی تکەی گرتەخۆ[1].

لەئـەوروپا لەهـەرێمی تراقیـە فراوانخـوازی کـردوو شـاری گرنگـی ئەدرنـەی لـە ساڵی(٧٦٣ك/١٣٦٢ز)دا گرتەخۆو کردی بەپایتەختی دەوڵـەت[2] ئیمبراتـۆری بیزەنتـی دوای ئـەو رووداوانە نەیدەتوانی بەتەنها لەرووی عوسمانیەکاندا بوەستێت. بۆیـە ئیمبراتـۆر یوحـەننا بـالیوغوس دانی بەدەسەڵاتیان بەسەر تراقیەدا ناو سەرانەی پێدەدان[3]، بەمەش قوستەنتینیە لەهەریچمە بیزەنتیەکانی رۆژئـاوای ئـەورووپا جیاکرایـەوەو ئـەو شـارە لەبـەرەی ئەورووپیـەوە بەزەویـە عوسمانیـەکان گەمارۆدرابوو، لەراستیدا فەتحکردنی ئەدرنەو کردنی بەپایتەختی دەوڵەت مەرکەزی دەست بەسـەردا گرتووی لەرووی کارگێڕیو سەربازیەوە بەسەر تراقیەدا دڵنیاکرد، ئەویش قـەڵای سـەرەکی نێـوان قوستەنتینیەو دانووب بوو و دەسەڵاتی بەسـەر رێگـەی هەڵمەتـە سـەربازیەکانی شـاخەکانی بەلقانـدا هـەبوو توانـای پاراسـتنی فتوحـاتی ئەورووپاشـی لەئەسـتۆدەگرتو پێنـاوی فراوانخـوازی بـەرەو باکووریشی دڵنیادەکرد[4].

ئەو گەشەسەندنو بڵاوبوونەوە عوسمانیە بوویە هۆی دامەزرانـدنی هاوپەیمانێتیـەکی نـوێی نێـوان هێزە نەسرانیەکانی بەلقانو ئوروکی پێنجەمی سربی سـەرکردایەتی هێـزە هاوپەیمانـەکانی دەرکـردو بەرەو شاری ئەدرنە بەرێی خستن تائـەو شـارە بگێڕێتـەوە، بـەڵام لەسـەر دەسـتی سـوپای عوسمـانی لە(شیرمن) لای رووباری(ماریتزا) لە ساڵی(٧٦٥ك/١٣٦٤ز)دا شکستیخوارد[5].

لەئـەنجامی ئـەو جەنگـەدا سـرب ناوچـەکانی لەمەقـەدۆنیاو کـەناراوی دلماشـیا لەدەسـتداو سەرکردەکانی سربو بولغار چوونە ژێر گوێڕایەڵی دەوڵـەتی عوسمانیـەوە، پاشـان مـورادی یەکـەم بەئاراستەی رۆژئاوای بەلقان پێـشرەوی کـردوو شـارەکانی(موناسـتیرو برلبـەو ئوسـتیبو سـوفیاو

---

[1] فریدبك، محمد: تأريخ الدولة العلية الثمانية ص١٢٩.

[2] حیلم: ص٤٠؛ Pitcher, D.E: AHistorical Geography of the ottoman Empirep٤٢;

[3] Vasiliev, A.A: History of the Byzantine Empire IIP ٦٢٤.

[4] Shaw, S.J: History of the ottoman and Modern Turkey IPP ١٧-١٨.

[5] فريد بك: ص١٣٠-١٣١، Gibbons: I٢١.

تورنوڤوو شومن‌و نیش)ی فەتحکرد[1]، هەروەك سالونیکی فەتحکردو سیسمانی پاشای بولغاری بەدیل گرت‌و نیوەی وولاتەکەی دایە پاڵ وولاتەکەی خۆی[2].

ئەو پێشڕەوی‌و بلاوبوونەوەیە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ دەوڵەتی سرب پێکهێنا ئەوکات میر لازار کاروباری سربی بەدەستبوو لازار لەخۆی ترساو بەڵێنی شوێنکەوتەیی بۆ عوسمانیەکانی هەڵوەشاندەوەو لەهەرێمی بۆسنە بەرەوڕوویان بوویەوەو جەنگێکی قورس لەکۆسۆڤا لە(مانگی جەمادیلئاخیری ساڵی ٧٩١ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٣٨٩ز)لە نێوان هەردوولادا ڕوویدا کەبە سەرکەوتنی عوسمانیەکان کۆتایی پێهات، لەوکاتەی سوڵتان موراد لەمەیدانی جەنگەکەدا بریندارەکانی بەسەر دەکردەوە سەربازێکی سربی لێی هەستاو بەخەنجەرەکەی لێیداو کوشتی[3].

گرنگی سوڵتان موورادی یەکەم لەوەدایە کەوتوانی سنووری دەوڵەتی عوسمانی بۆ کەناراوەکانی ڕووباری دانووب‌و بەرەکانی بۆسنە لەقوولایی ئەو ڕووپای ڕۆژهەلاتیدا در ێژبکاتەوەو لەسەردەمی ئەودا ڕەنگ‌و شێوەی ئالای عوسمانیش دەستنیشانکرا، سەردەمەکەی بەخاڵی گۆڕانی جیاکەرەوەی ئەڵقەی مێژوویی گواستەوە بۆ شێوەی دەوڵەت دادەنرێت[4].

---

[1] القرماني: ص١٦، حليم: ص٤١.

[2] Gibbons: P ١٧٢, shaw: IP ٢٠.

[3] Shaw: IP١٧;٢١, Pitcher: P٤٦.

[4] أوزتونا: ج١ ص١٠١، سرمنك، الميرالاي إسماعيل: تأريخ الدولة العثمانية ص٢١، shaw: IP١٧.

## بایەزیدی یەکەم(٧٩١-٨٠٥ك/١٣٨٩-١٤٠٣ز)

بایەزیدی یەکەم مردنی باوکی دەسەڵاتی گرتەدەستو ئەو سەرکەوتنەی قۆستەوە کەسوپای عوسمانی لەکۆسۆڤا بەدیهێناو سربیەکانی ملکەچکردو ناچاریکردن سەرانەبدەن[١]، پاشان نیازی فەتحکردنی قوستەنتینیەی هەبوو و ئالاشەهری کۆتا ناوچەی بیزەنتیەکانی لەئاسیای بچووکدا گرت[٢]و میرنشینە تورکمانیەکانی ئەوێی دایە پاڵ خۆی کە بریتیبوون لە(ئایدین‌و مونتەشاو ساروخان‌و فرمان‌و سیواس‌و توقات‌و قستمونی)[٣] ئیتر عوسمانیەکان دەسەڵاتیان بەسەر هەموو ناوچەی ئاسیای بچووکدا هەبوو و کوتورم بایەزیدی میری قستمونی پەنای برد بۆ لای تەیموری لەنگ سەرکردەی مەغۆل[٤].

بولغارەکان بڕوایان وابوو ئەوان میراتگری ئیمبراتۆریەتی بیزەنتین، بۆیە لە ساڵی(٧٩٤ك/١٣٩٢ز)دا هێرشیان بردە سەر شاری نیقوبولس لەسەر ڕووباری دانووب، بایەزیدی یەکەم ئەوکات گەمارۆی قوستەنتینیەی دابوو، گەمارۆکەی لەسەر لابردوو بەرەو ڕووی بۆلغاریەکان چوو و بەسەریاندا سەرکەوت‌و دەستیگرت بەسەر بولغاریا داو بولغاریابوو بەویلایەتێکی عوسمانی[٥].

سیجسموندی پاشای مەجەر لەئەنجامی ئەو پێشڕەویەی بایەزیدی یەکەم ئەنجامی دەدا بێزارو تووڕەبوو و ترسا چی تووشی بولغاریابوو تووشی وڵاتەکەی ئەویش ببێت دوای ئەوەی وڵاتەکەی بووبە هاوسنووری ناوچەکانی دەسەڵاتی عوسمانی بۆیە پەنای بۆلای ئیمبراتۆری بیزەنتی‌و ڕۆژئاوای ئەورووپی بردو هیچزە هاوپەیمانەکان لەشاری نیقوبولس لەگەڵ عوسمانیەکاندا پێکیاندادا، بەڵام جەنگەکەیان دۆڕاند[٦].

لەنێو ئەنجامەکانی ئەو جەنگەدا ڕێگە بۆ ئەورووپا لەبەردەم عوسمانیەکاندا کرایەوەو ئیمبراتۆریەتی بیزەنتی لەڕاوەدوونانی تورکەکان لەئەورووپاو بێهیوابوو، ئەورووپیەکان دانیان بەدەرکەوتنی دەوڵەتێکی نوێی ئیسلامی لەئاسیای بچووکدانا. بایەزیدی یەکەم هەرێمی مۆرەی

---

[١] Pitcher: PP ٤٧-٤٨.

[٢] فريد بك: ص١٣٧.

[٣] سعدالدين: ج١ ص١٣١-١٣٢.

[٤] هەمان سەرچاوە: ج١ ص١٣٥-١٣٦.

[٥] فريدك: ص١٤، رستم، أسد: الروم في سياستهم وحضارتهم ودينهم وثقافتهم: ج٢ ص٢٥٥، Gibbons: PP١٩٤-١٩٥.

[٦] Ibid: PP٢١٥-٢٢٤; Camb. Med. Hist IVP٦٧٦.

ملکەچکردو گەمارۆی قوستەنتینیەی نوێ کردەوە، بەڵام ناچاربوو گەمارۆی سەری لابدات تائەمجارە بەرەورووی دوژمنێکی تر ببێتەوە کەئەویش تەیمورلەنگی داگیرکەری مەغۆلی بوو کەدەستی بەسەر وولاتی ڕۆژهەڵاتدا گرت تاهەموو ئەو کەلەپوورە بگێڕێتەوە کەجەنگیزخان بەجێیهێشتبوو، بۆیە بەئاراستەی ڕۆژئاوای ئاسیا کشاو گەیشتە بەردەرگاکانی ئەنادۆڵ.

لەبەر جیاوازی تێڕوانینی سیاسی هەردوو سەرکردە هەردەبوو پێکدادان ڕووبداتو لەدەشتی ئەنکەرەو لە(مانگی زیلحیجەی سالی ٨٠٤ك/مانگی تەمووزی سالی ١٤٠٢ز)دا پێکگەیشتنی ترسناك ڕوویداو سەرکەوتنی تەیموورلەنگی لێکەوتەوەو بایەزیدی یەکەم بەدیل گیراو منالەکانیشی ناکۆکیان تێکەوت[1].

لەڕاستیدا لەگەڵ قورسیو توندی جەنگەکەدا کەچی گورزی کوشندە نەبوو و لەوکاتەدا ڕوویدا کەهێشتا دەولەتی عوسمانی لەڕۆلی خۆسازدانو لاوێتیدابوو، ئەمە توانای پێدا تا گورزی بەرکەوێتو بیخواتەوەو دواتر سەلەنوێ ڕاپەڕێتەوە، هەروەك نەبوونی نیازی توندوتۆلی تەیمورلەنگ بەئەنادۆڵ یان بەرووخاندنی دەولەتی عوسمانی هۆکارێکی جەوهەری مانەوەی دەولەتی عوسمانی بوو و دەیتوانی دواتر لەگەڵ سەختیە ناوخۆییەکانیدا کەتووشی بوو بوون بەبەهێزی دەربکەوێتەوە.

## موحەمەدی شلبی( موحەمەدی یەکەم )( ٨١٦-٨٢٤ك/١٤١٣-١٤١٢ز )

مردنی تەیمورلەنگو لێکهەلوەشانی دەولەتەکەی دەرفەتێکی تری بەعوسمانیەکان دا تالەشوێنەوارەکانی ئو گوزمرە رزگاریان ببێت کە شەڕەنگێزی تەیموری لێدابوون، ململانێ لەنێوان کوڕەکانی بایەزیدی یەکەم لەسەر دەسەلات یانزە سال بەردەوامبوو(٨٠٥-٨١٦ك/١٤٠٢-١٤١٣ز)و لەو ماوەیەدا مەشخەلەکانی داکەوتنی دەولەت دەرکەوت تائەوەی موحەمەد شلبی دەسەلاتی بەتەنها بۆ خۆی هێشتەوە تا دوای ئەو بارە ڕێکخستنەوەی دەولەت بگێڕێتەوەو سەلەنوێ بەرەو گەشەکردن بچێت ئەو سولتانە بەوێنەی پێغەمبەر نوح(علیه سلام) دێت کەکەشتی دەولەتی پاراست کاتێك شالاوی تەتەریەکان هەڕەشەی لێدەکرد، بەرێخۆشکەری کرداری گەشەسەندنی دەولەت لەسەر دەستی مورادی دووەمی کوڕی موحەمەدی دووەمی کوڕەزای دادەنرێت[2].

---

[1] ابن عرب شاه: عجائب المقدور في نوائب تيمور ص٣٢٨-٣٣٠، ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة: ج١٢ ص٢٦.

[2] Creasy, E. S: History of ottoman Turks P٥٤

## مورادی دووەم( ٨٢٤-٨٥٥ك/١٤٢١-١٤٥١ )

مورادی دووەم شوێنی موحەمەدی باوکی خۆی گرتەوە[1]، ئەو گرنگی بەئامادەسازی دەوڵەت بەو کارە گرنگانەدەدا کەپێش شکستی ئەنکەرە لێی بەرپرس بوو، ئەو گرنگی بەرێکخستنەوەی سوپاو بەهێزکردنی ئابووری دا تابەرامبەر ئەورووپا بوەستێت کەلە دژی هەستابوون، موراد توانی هەموو ئەو ناوچانە بگێڕێتەوە کەتەیمور لەنگ لەهەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەئاسیای بچووکی داڕنیبوون وەك قستمونیو ئایدینو ساروخانو مونتەشاو کرمیانو وای لێهات دەستی بۆ ئەورووپا بەتاڵ بوو.

مورادی دووەم ویستی بەئاراستەی باکوور فراوانخوازی بکات، هێزە مەجەرییەکان کەهێلی بەرەنگاربوونەوەی یەکەمی دژبە کشانی عوسمانییان بەئاراستەی کیشوەرەکە پێکدەهێنا بەسەرکردایەتی سەرکردەیەکی توندوڕەق بەناوی یوحەننا هونیادی بەرەوڕووی بوونەوە، بەڵام مورادی دووەم توانی بەسەریدا سەربکەوێتو ناچاریکرد تا پەیمانامەیەك ئیمزابکات کە بەوپێیە دەبوو ناوچەی سەرکەناراوی ڕاستی ڕووباری دانوب چۆڵبکاتو ئەو ڕووبارە سنووری جیاکەرەوەی نێوان ناوچەکانی عوسمانیەکانو مەجەرییێت[2]، جورج برانکو ڤیتشی پاشای سرب دوای ئەوەی زانی هیچ چارەیەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە عوسمانیەکان بۆ نەماوە دانی بەو پەیمانامەیدا ناو ڕازیبوو سەرانەیەکی ساڵانە بدات بەسوڵتان ئیمبراتۆر یوحەننا هەشتەمی بیزەنتی دەستبەرداری هەموو ئەو قەڵایانە بوو کەلەژێر دەسەڵاتی بیزەنتی لەکەناراوەکانی دەریای ڕەش و کەناراوەکانی روملی دل مابوونەوە[3]، عوسمانیەکان سالونیكو ئەلبانیایان فەتحکردو ئەمیر ئەفلاقیش ڕازیبوو سەرانە بدات.

ئوە پێشڕەوییەی عوسمانی ئیمبراتۆری بیزەنتی هەژاندو پەنای بۆ ڕۆژئاوای ئەورووپی برد کەهەڵمەتێکی خاچپەرستی پێکدەهێناو هونیادیو لادیسلاس پاشای مەجەڕ سەرکردایەتی دەکرد، هێزەکانی هاوپەیمانی لەگەڵ سوپای عوسمانی لە(مانگی شەوالی ساڵی ٨٤٦ك/مانگی شوباتی ساڵی ١٤٤٣ز)و لەشاری نیش پێکیاندادا‌و سوپای عوسمانی شکاو هێزی هاوپەیمانی بەرەو بەلقان درێژەی بەپێشڕەوی خۆی داو ڕێگە بەرەو ئەدرنە لەبەردەمیدا کراوە بوو، بەڵام لەکتوپڕێکدا وەستا، پێدەچێت لەبەر سەختیو نارەحەتی سروشتی بووبێت وەك کەڵەکەبوونی بەفر لەڕێڕەوە شاخاویەکان یان هۆکاری سیاسی لەبەر فرە سەرکردایەتی لەسوپای خاچپەرستیدا بووبێت .

---

[1] القرماني: ص٢٢.

[2] فريد بك: ص١٥٤.

[3] أوزتونا: ج١ ص١٢٢، فريدك: ص١٥٥.

گرنگی ئەم سەرکەوتنە لەوەدابوو کەگیانی گوڕوتینی ئاینی لەئەورووپادا بووژاندەوەو سولتان مورادی دووەمی ناچارکرد تا داوای ڕێککەوتن بکاتو بەوپێیە دەستبەرداری دەسەلاتی خۆی ببێتو چەند قەلایەکی بۆ سرب گێڕایەوەو ڕازیبوو هەلمەتەکانی باکووری ڕووباری دانووب بوەستێنێت[1].

سەرکردایەتیە نەسرانیەکان چاویان بڕیە قۆستنەوەی لاوازی عوسمانیەکانو ئاگربەستەکەیان هەلوەشاندەوەو هاوپەیمانیەکی نوێی ئەورووپی بەئامانجی دەرکردنی عوسمانیەکان لەئورووپا پێکهاتو مورادی دووەمیش سەرکردایەتی سوپایەکی عوسمانی کردو بەرەو ڕووی دوژمن پێشڕەوی کرد، لەڤارنا لەسەر کەناراوی دەریای ڕەش لە(مانگی شەعبانی سالی ٨٤٨ك/مانگی تشرینی دووەمی سالی ١٤٤٤ز)دا پێکگەیشتن ڕوویداو سەرکەوتنی ڕوونی سولتانی لێکەوتەوە[2]، هونیادی هێشتا هیوای بەدیهێنانی سەرکەوتنی بەسەر عوسمانیەکاندا هەبوو، بۆیە ڕۆچوویە ناو ولاتی سرب، سربیەکان ئامادە نەبوون ئەم جارەیان هاریکاری بن، سولتان لە دەشتی کۆسۆڤۆ لە(مانگی شەعبانی سالی ٨٥٢ك/ مانگی تشرینی یەکەمی سالی ١٤٤٨ز)دا بەرەو ڕووی بوویەوەو بەسەریدا سەرکەوت، لەنێو ئەنجامەکانی جەنگەکەدا بەلقان گەڕایەوە بۆ دەسەلاتی عوسمانیو سولتان مورادی دووەم لە(موحەڕەمی سالی ٨٥٥ك/ شوباتی سالی ١٤٥١ز)دا کۆچی دوایی کرد[3].

---

[1] فرید بك: ص١٥٧، Shaw: IP ٥١; camb. Med. Hist. IVP ٦٩٢.

[2] Diehl: Europe Orientale PP٣٦٥-٣٦٦, Temperley H:History of Serbia P١٠٥.

[3] أوزتونا: ج١ ص١٢٨-١٢٩، سرهنك: ص٣٨.

## موحەمەدی دووەم(فاتیح)[1] (٨٥٥-٨٨٦ك/١٤٥١-١٤٨١ز)

موحەمەدی دووەم لەژێر سایەی باری ناهاوتای سیاسیدا شوێنی سولتان موڕادی دووەمی گرتەوەو دەوڵەتێکی لێوە بەمیرات وەرگرت کەهێشتا بۆ دووبەش دابەشبوو: ئەنادۆڵ کەوڵاتێکی ئیسلامی بوو یەکانگیر بەژیاری ئیسلامی بوو بوو و ڕۆمللی کەتازە فەتحکرا بوو و هێشتا ناوچەی سەرسنوور بوو، موحەمەدی دەبوو پەیوەندیەك لەنێوان هەردوو بەشدا بەدیبهێنێت، قوستەنتینیەش ئەو پەیوەندیە بوو[2]، وێڕای ئەوەش سولتان هەستی بەوەکردبوو کەفەتحکردنی پایتەختی بیزەنتی بەهەنگاوێکی پێویست دادەنرێت بۆ فەتحکردنی ئەو قەڵایانەی تر کەهێشتا لەدەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی عوسمانیدا بوونو مانەوەی قوستەنتینیە لەدەستی بیزەنتیەکاندا لەوانەیە هەڕەشە لەپەیوەندیەکانی نێوان ناوچە ئاسیاییو ئەورووپیەکانیان بکات، وێڕای لەخۆگرتنی ئەو کرۆکە ئاینییە گەورەیەی لەخۆی دەگرت، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی لەسەرەتای ژیانی سیاسیەوە لەسەر فەتحکردنی قوستەنتینیە توندکردنەوەو لەسەر دوولایەنی سیاسیو سەربازی هەڵوێستی نواندو پەیماننامەی لەگەڵ چەند هێزێکی کارای ئەورووپیدا بۆ دڵنیاکردنی بێلایەنیان بەست[3]و لەڕووی سەربازیەوە وەك ئاسانکاری بۆ چوونە چالاکی فتوحاتەوە خۆی ئامادەکردو بیزەنتەش هیچ یارمەتیەکی دەرەکی پێنەگەیشت تەنها لەجەنەوەوە نەبێت، پاپا نیقۆڵای پێنجەم لەبەرامبەر پاڵپشتیکردنی ئیمبراتۆردا مەرجی دانا هەردوو کەنیسەی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوایی بنەوە بەیەك، بەڵام دەکارگێری جەماوەر بەسەر ئەو پرۆژەیەدا زاڵبوو وێڕای ئەوەی خودی قوستەنتینی یانزەهەم ئامادەبوو ئەو یارمەتیە بدات[4].

هێزە عوسمانیەکان لەڕووی ووشکانیەوە گەمارۆی پایتەختی بیزەنتیان داو بەتۆپ تۆپبارانیان کرد، بەڵام شورەکان نەڕووخان باری سەربازی ئەوکات یەکلابوویەوە کەعوسمانیەکان لەڕێگەی

---

[1] ئەم سەرکردە هەڵکەوتەی ئوممەتی ئیسلامی ئەو کەسەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) بەریوایەتی ئیمامی ئەحمەد لەبارەیەوە دەفەرموێت(لتفتحن القسطنطنية فلنعم أميرها و نعم الجيش ذلك الجيش). پێغەمبەری خوا شایەتی بۆداونو ئەوانیش بوون بەبەدیهێنەری موعجیزەیەکی پێغەمبەر خۆزگە موسڵمانان ئاگایان لەژیانی موحەمەدی فاتیحو هاوشێوەکانی دەبوو. -وەرگێر-.

[2] لويس، برنارد: إستانبول وحضارة الأمبراطورية البيزنطية ص٣٦.

[3] حليم: ص٦٤، رستم ج٢ ص٢٨٨، Diehl: P٣٧٠.

[4] Kritovoulos: History of Mehmed the conqueror PP ٣٦-٣٩-٤١; Babinger, F: Mohamad II PP١٠٣-١٠٨.

وروشـكانيەوە بەهـەنگاوێكی نائاسـايی‌و بێوێنـە چـەند كەسـايەتيەكی جـەنگيان پەڕانـدەوە بۆنـاو بەندەری(القرن الذهبي) ئەمەمش بەلگەی لێهـاتوویی سـولتان بـوو، لەئـەنجامی لێـدانی بـەردەوامی شورەكان ڕەهێلەیەك كرایەوەو هێزە عوسمانیـەكان لـە(٢٠ی جـەمادیلئولای سـالی ٨٥٧ك/٢٩ی ئاياری سالی ١٤٥٣ز)دا لەوێوە چوونە ناو شورەكەو لەكۆلانو شەقامەكاندا جەنگ ڕوويداو تيايدا ئیمبراتۆر كوژراو هێزە عوسمانيەكان دەستيان بەسەر شارەكەدا گرت، پاشان سولتان بۆ ڕۆژی دواتر چوویە ناوی و فرمانی بۆ هێزەكـانی دەركـرد تـا كوشـتار بوەسـتێنن‌و بڕيارێـدا بيكـات بەپايتـەختی دەولەتەكەی‌و ناوەكەی گۆڕی بۆ ئیسلام بوڵ(ئیستانبول)[1] بەڕاسـتی سـەلماندی كەشـياوی نازناوی فاتیحە.

هەنگاوی دواتر لەسياسـەتی سولتان موحەممەدی فاتيحدا ئەوەبوو دەسەلاتی خۆی لـە بـاكووری دوورگـەی بەلقانيـدا بـچەسپێنێت تابـەرەوڕووی مەجـەر ببێتـەوە كەلەسـەردەمەكانی پێشووترجا سـەلماندبووی بەربەستی سەرەكی بەردەم فراوانخوازی عوسمانی لەئەورووپادايـە بۆيـە ڕۆچـوو بـەناو وولاتی سرب‌و چەند شارێكی فەتحكردو بەلگراد لێی ياخی بوو، هەروەك وولاتی مۆرەو ئەفلاقی لـە باكووری ڕووباری دانوب‌و بۆسنەو هێرسكيشی فەتحكرد[2].

داوی ئەوە فاتیح لايكـردەوە بـەلای ئاسـيای بـچووكدا كەميرنـشينی تـەرابزون سـەركردايەتی بزوتنەوەيـەكی دوژمنكارانـەی دەكـرد، يوحـەنای چـوارەم فـەرمانڕەوای ئـەو ميرنـشينە بيرۆكـەی دەركردنی عوسمانيەكانی لەهەموو ئاسیای بچووكدا پێبوو، ئەو هەنـدێ سـەركردەی دراوسـێی بـۆ يارمەتی خۆی هەلخەلەتاند، ئەوانەش بريتيبـوون لەسـينوب‌و قرمـانو كـەرەج‌و ئەرمـەن، هـەروەك سـەركردەی چاوچـنۆكی توركمـانی ئـۆزون حەسـەنی سـەركردەی ئـاق قۆينلـۆی لەديارب ـەكر هەلخەلەتانـد، ئەوانـە هـەموويان ڕقيـان لـە دەولـەتی عوسمـانی هـەبوون، شـاری ئەماسـتريـسی داگيركردای باشوور لەئاسیای بچووك يارمەتيدا.

لەڕاستيدا فاتیح توانی لەدوژمنەكانی بدات بەسـەرياندا سـەركەوت‌و شارەكانيان كەوتنە دەسـتی، بەمەش ميرنشينی تەرابزون كۆتا ناوچەی يۆنانی بوو لەئاسیای بچووك[3].

---

[1] زادة، عاشق باشا: باشا زادة تاريخي ص١٤٢-١٤٣، القرماني ص٢٦-٢٧.

[2] سعدالدين: ج١ ص٤٥٤-٤٥٥، ٤٩١-٤٩٢، زادة، صولاق: تاريخ صولاق زادة ص٢١٦، ٢٢٦-٢٢٨، عاشق زادة: ص١٤٩-١٥١.

[3] الرشيدي: ص٢٣٥، عاشق زادة: ص١٥٣-١٥٤، Kritovoulos: PP ١٦٥-١٦٧.

## بایەزیدی دووەم( ٨٨٦-٩١٨ك/١٤٨١-١٥١٢ز)

دوای مردنی سوڵتان موحەممەدی فاتیح دەوڵەتی عوسمانی جارێکیتر بەدەست جەنگی ناوخۆوە دەیناڵاند، موحەممەد وەسیەتی خیلافەتی بۆ جەمی کوڕە بچووکی کرد کە پاڵپشتی گەورەی قرمانی موحەممەد پاشای سەدری ئەعزەم بوو، لەکاتێکدا چەند بەشێکی دیاریکراو لەوانەش سوپای هەواداری بایەزیدی برای بوون لەکۆتایدا ئینکیشاریەکان بایەزیدی کاندیدی خۆیان سەپاندو بایەزید لەپایتەختدا دەسەڵاتی وەرگرت، لەکاتێکدا جەم لەبروسەموڵی خواردو خۆی وەك سوڵتان ڕاگەیاندو پێشنیاری دابەشکردنی دەوڵەتی بۆ براکەی کرد[1].

بایەزید بەپێشنیارەکەی براکەی ڕازینەبوو و هێرشی بردە سەر بروسەو جەم ڕایکرد بو قاهیرە تا مەمالیکەکان لەدژی براکەی هانبدات، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەمجا ڕوویکردە ڕۆدس بەو هەوڵەی پشت بە سوارەکانی قدیس یوحەنا ببەستێت، بەڵام جارێکیتر سەرکەوتوونەبوو و سوارەکان دایانە دەست پاپاو ئەویش ناچاربوو بیداتە دەست پاشای فەرەنسا کەئەوکات گەمارۆی ڕۆمای دابوو، بەڵام پاپاپێش ئەوەی بیدات بەدەستەوە ژەهرخواردی کرد، بۆیە لە ساڵی(٩٠٠ك/١٤٩٥ز) لەشاری ناپۆلی مرد[2].

سوڵتان بایەزید زۆر حەزی لەجەنگ نەبوو واناسرابوو کەزاستەو ئەدەبەکانی خۆشدەویست، بەڵام سیاسەتی دەوڵەت ئەوەی لێدەخواست بەهۆی سیاسەتی دوژمنکارانەی دراوسێکانیەوە ڕووڵە جەنگ بکات، جا لە ساڵی(٨٩٦ك/١٤٩١ز)دا چەند بەریەککەوتنێك لەگەڵ مەمالیکەکان لەسەر سنووری ڕۆژهەڵاتی باشووردا ڕوویداو لەدوای دەستێوەردانی بای تونس بەرێککەوتن کۆتایی پێهات[3]، دەوڵەتەکەی بەرەو ڕووی مەترسیەکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتەوە بوویەوە کەئەویش خۆی لەهێزی دەوڵەتی تازەپێگەیشتووی سەفەویدا دەبینیەوە بەسەرکردایەتی شائیسماعیلی سەفەوی کەشیعە مەزهەب بوو، لەبەرەی ئەورووپاوە عوسمانیەکان چەند سەرسنوورێکی سەربە بندوقیەیان

[1] سعدالدين: ج٢ ص٩-١٠، عاشق زادة: ص٢٢٠.

[2] سعدالدين: ج٢ ص٤٠.

[3] فريد بك: ص١٨٢-١٨٣، أوزتونا: ج١ ص١٩٠-١٩١.

لەدەریای ئەدریاتیکیو لەیۆنان فەتحکردو ناچار بەداوای ڕێککەوتنیان کردن[1]، بەڵام ئەیانتوانی بەلگراد فەتحبکەن[2].

کۆتا ڕۆژەکانی سوڵتان بایەزیدی دووەم ئەو ململانێیەبوو کەلەنێوان کوڕە دووبەرەکانی لەسەر دەسەڵات هەڵگیرسا کوڕەکانی بریتیبوون لەئەحمەدو قورقودو سەلیم کەلەکۆتاییدا بەهۆی پاڵپشتی ئینکیشاریەکانەوە سەلیم سەرکەوتو توانی شوێنی باوکی بۆ خۆی چۆڵبکاتو خۆی بچێتە چوێنی، ئەمەش لە(مانگی سەفەوی ساڵی ٩١٨ك/مانگی نیسانی ساڵی ١٥١٢ز)دا، سوڵتان بایەزیدی دووەم پاشەکشەی لەژیانی گشتی کرد تا لەشاری دیموتیکا لەهەرێمی ئەدرنە سەقامگیرببێت، بەڵام لەڕێگەدا کۆچی داییکرد[3].

---

[1] الصباغ، ليلي: الجاليات الأوروبية في بلاد الشام في العهد العثماني في القرنين السادس عشر والسابع عشر ج١ ص٩٠-٩١.

[2] حليم: ص٧٢.

[3] سرهنك: ص٦٣، أوزتونا: ج١ ص٢١٠.

# قۆناغی هێزو فراوانخوازی( ٩١٨-١٠٠٣ك/١٥١٢-١٥٩٥ز)

## سەلیمی یەکەم( ٩١٨-٩٢٦ك/١٥١٢-١٥٢٠ز)

### پەیوەندی لەگەڵ سەفەویەکاندا:

یەکەم ئیشی سولتان سەلیم ئەوەبوو ئەحمەدو قورقودی برای لەناوبرد[1]، پاشان بۆ ڕێگری مەترسی کشاوی ڕۆژهەڵات کەمەبەستم پێی مەترسی سەفەویەکانە ڕووی وەرچەرخاند، لەڕاستیدا وەرچەرخانێچك لە ستراتیژیەتی عوسمانیەکان لەسەردەمی ئەودا ڕوویدا ئەوەش وەستانی کشان بوو بەرەو ڕۆژئاوا، ئەم گۆڕانەش لەگەڵ سەرەتای پەلهاویشتنی شیعی بەئاراستەی خاکی عوسمانیو هەوڵی مەمالیکەکان بۆ لەوناوبردنی دەوڵەتی تازەپێگەشتووی عوسمانیدا دەستپێکرد، لەئەنجامی ئەمەدا سیاسەتی ئەم سوڵتانە لەسەر دوو بنەما وەستا: دەستگرتن بەسەر ڕێگەکانی بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا و فراوانخوازی لەسەر حسابی هێزەکانی ڕۆژهەڵات، بۆ چەند پەیماننامەیەکی ئاشتی لەگەڵ هێزە ئەورووپیەکاندا بەست تاخۆی بۆ گرفتەکانی ڕۆژهەڵات یەکلابکاتەوە، جایەکەمجار بەرەوڕووی مەترسی سەفەوی بوویەوە.

لەڕاستیدا شائیسماعیل دەستیبەسەر عێراقدا گرتبوو و بەرەو ئەنادۆڵ دەچوو، چەند هۆکارێکی مەزهەبی بەئامانجی بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە لەناو تورکەکانداو سیاسی بەئامانجی لەناوبردنی دەوڵەتی عوسمانیو شوێنگرتنەوەیو ئابووری بەئامانجی سوودوەرگرتن لەبەپیتی ناوچەکەو دەستگرتن بەسەر ڕێگەی بازرگانی ڕۆژهەڵاتیدا پاڵیان پێوەدەنا.

سوڵتان سەلیمی یەکەم بەرامبەر بەو گۆڕانە شیعیە زۆر هەستیاربوو و یەکسەر کەوتە هەڵمەتبردن دژبە شیعە لەووڵاتی خۆیدا، ئەمە وایکرد سەرکردایەتیە سەربازیەکان هیوای وەستاندنی پەلهاوێژی شیعەیان هەبوو، هەرواش بوو سوڵتان هیواکانی ئەو سەرکردایەتیانەی لەناونەبردو بەئاراستەی کشاو لەجەنگێکی ترسناك لە(چالدێران) لە ڕۆژهەڵاتی تەبریز لە(مانگی ڕەجەبی ساڵی ٩٢٠ك/مانگی ئابی ساڵی ١٥١٤ز)دا لەگەڵ شاە ئیسماعیلدا پێکگەیشتو سوڵتان بەسەرشاە دا سەرکەوتو چوویە تەبریزی پایتەختی[2]و دەستیبەسەر ئەنادۆڵی ڕۆژهەڵاتیو باشووریدا گرت بێجگە لەبەشی ژێردەسەڵاتی مەملووکی نەبێت.

---

[1] سعدالدین: ج٢ ص٢٣٥-٢٣٦، صولاق زادة: ٣٥٢-٣٥٨.

[2] صولاق زادة: ص٣٦٩-٣٧٠، أوزتوناك ج١ ص٢١٥-٢١٩.

**پەیوەندی لەگەڵ مەمالیکدا:**

لەڕاستیدا تا ساڵی(٨٥٧ك/١٤٥٣ز) پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی مەملوکی پەیوەندی ڕووپامایی‌و دۆستایەتی‌و پاڵپشتی بوو، بەڵام دوای ئەوە باروودۆخەکان گۆڕان، جالەو قۆناغەدا دەوڵەتی عوسمانی لەئەنادۆڵ‌و جەزیرەدا بەرەو باکوور تادەریای سپی ناوەڕاست‌و شاخەکانی تۆرۆس لەباشوورەوە فراوانبووبوو، لەهەمان کاتدا دەوڵەتی مەمالیك دەستیبەسەر کلیکیەدا گرتبوو، مەمالیکەکان بەرەبەرە ڕووبەڕووی تێکچوونی پەیوەندیەکانی نێوان دوودەوڵەت دەبوونەوە دوای ئەوەی هەستیان بەگەورەبوونی جەماوەری عوسمانیەکان لەنێو موسڵماناندا کرد، هەروەك تێبینی ناجێگیری‌و ڕاڕاییەکی زۆریانکرد لەسەر هەوڵی عوسمانیەکان بۆ گۆڕینی نیزامی پەیوەندیەکانی نێوان دوو دەولچەت دوای ئەوەی بەگە پارێزەرە سنووریەکان نازناوی سوڵتانەکانیان لەخۆیان دەنا، ئەو سیاسەتە بووبەهۆی دارمانێکی سەخت لەپەیوەندی نێوان هەردوولاداو دواتر بووبە ململانێ لەسەر ڕێبەریکردنی جیهانی ئیسلامی ئەمەش هۆکاری بنەڕەتی‌و سەرەکی ململانێی عوسمانی-مەملوکی بوو.

سەرکەوتنی سوڵتان سەلیم بەسەر شا ئیسماعیل لەجەنگی چالدێراندا بۆ مەمالیکەکان کتوپڕو چاوەڕوان نەکراو بوو، بەڵکو شکستێکی توندی مەعنوی بوو، سوڵتان قانسوە غوری هەستیکرد عوسمانیەکان لەدوولاوە ئیش بۆ پاکتاوکردنی بارەکە لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەن تالەگەڵ مەمالیکەکاندا پێکدابدەن، بۆیە بێلایەنی خۆیان نیشانداو تەنها هێندە چوو کە هێزێکی چاودێری بۆ حەلەب نارد.

چالاکیە فراوانخوازیەکانی عوسمانی لەدیاربەکرو ناوچەکانی زیلقەدرا ئاماژە بەوەدەکەن کەبەبێ بازنەی سوڕان بەدەوری مەملوکی لەووڵاتی ڕافیدەینی سەرەوە ناوچەکانی عوسمانی پەیوەست بەیەکتر نابن، ئەمەش بەربەستێکی ستراتیژی پێکدەهێناو نائارمی سوڵتانی عوسمانی نایەوە تا چەند چالاکیەکی سەربازی بکاتە سەر ئێران، ئەوەی زیاتر وای لێکرد ئەو هێزە مەملوکیە بوو لەوێ بنکەی داکوتابوو و ڕێگەی بەسوپای عوسمانی نەدەدا لەوێوە بپەڕێتەوە بۆ ئێران، بەڕوونی دەرکەوت سوڵتان سەلیم لەکاتی گەڕانەوە لەچالدێراندا نیازی هەبوو لەگەڵ غوریدا بجەنگێت.

لەڕاستیدا سوڵتانی عوسمانی ئامادەبوو ئەو نەخشە گەورانەی لە ڕۆژهەڵاتدا بەجێبگەیەنێت کەسیفەتی هەڵگرتنی سیاسەتی دوژمنکارانەی هەبوو، چونکە گەلانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەیانویست لەسەر دەستی عوسمانیەکان لەدەست دەسەڵاتی توندوتیژی مەملوکی ڕزگاریان ببێت.

میرنشینه جیاکەرەوەکانی نێوان ناوچەکانی هەردوولا وەك میرنشینی رەمەزان لەکیلیکیەو مینشینی زیلقەدر لەکەبادوکیەبوون بەمەیدانێکی سەرەکی ململانێی نێوان ئەو دوودەوڵەتە کەشتکی بلێساوی بۆ جەنگی دژبە مەمالیکەکانی ئەستانبوڵی گرتەوە کە عوسمانیەکان وەك واجب لەسەر هەموو موسڵمانێك نیشانیان دەدا.

لەدیارترین ئاراستە عوسمانیەکان لەدوای گەڕانەوەی سوڵتان سەلیمی یەکەم لەففارس ئەوەبوو کەمیرنشینی زیلقەدری دایە پاڵ خۆی کەجیاکەرەوەی نێوان عوسمانیو مەمالیکەکان دەپاراست، ئەمە واتای ئەوەیە رێگەی بەرەنگاربوونەوەی مەمالیکەکان لەبەردەم عوسمانیەکاندا کراوەدەبێت.

قانسوەغوری ئەم هەڵوێستەی سەلیمی یەکەمی بەراگەیاندنی جەنگ داناو بڕیاریدا شانوشکۆی خۆی لەناوچەکەدا بگێڕێتەوەو فرمانی کرد تابۆ جەنگ ئامادەبن، هەرکە هەموو دەروازەکانی وولاتی جەزیرەو باکووری عێراقو رێڕەوەکانیان لەرێگەی دەسەڵاتی عوسمانیەکان ئارامو دڵنیابوون، سوپای عوسمانی لەرێگەی ئەنادۆڵەوە بەسەرکردایەتی سوڵتان سەلیم کەوتە رێو روویکردە وولاتی شام، هەرکە غوری بەمەی زانی بەسوپاکەیەوە کەوتە رێو لەقاهیرەوە دەرچوو، لەمەرجەدابق لە باکووری حەلەب هەردوولا ئاڵوگۆڕی نامەیان کردو هەردوو سوپاش لەوێ سەنگەریان گرتبوو، ئەم ئاڵوگۆڕی نامەیە بەئامانجی ئەوەبوو خوێنی موسڵمانان نەرژێت، بەڵام دانوستانەکان سەریان نەگرتو هەرلایەکیان سوکایەتی بەنێردراوی لایەنەکەی ترکردو جەنگ بوو بەشتێکی دڵنیاو هەر سەرکردەیەکیان سوپای خۆی بۆ ئامادەسازی بەرەنگاربوونەوەی یەکلایی ئامادەکردو جەنگەکە لە(مانگی رەجەبی ساڵی ٩٢٢ك/مانگی ئابی ساڵی ١٥١٦ز)دا دەستپێکردو جەنگێکی سەخت لەنێوانیاندا بەرێوەچووو کەمێ لەهەشت کاتژمێر بەردەوامبوو و سەرکەوتنی عوسمانیەکانی لێکەوتەوەو غوریش لەبەردەم شکستی سوپاکەیدا خۆی کوشتەوە[1].

سوڵتان سەلیم بەرهەمی سەرکەوتنەکەی وەرگرتو حەلەبو حەماتو حیمصو دیمەشقی گرتە خۆ[2]، ئەو حەزیدەکرد واز لە مەمالیکەکان بهێنێت تافەرمانڕەوایی مصر بکەنو بڕیاری بەسەر تومان بای جێگیری غوریدا سەپاند تاگوێڕایەڵی خۆی بۆ سوڵتان سەلیم رابگەیەنێت لەبەرامبەر ئەوەی سوڵتان دەسەڵاتی مصری بداتەدەست[3].

---

[1] ابن إياس: بدائع الزهور في وقائع الدهور ج٥ ص٦٠، ٦٩، ٧٠، ١٢٣.

[2] سعدالدينك: ج٢ ص٣٣٩-٣٤٢.

[3] ابن إياس: هەمان سەرچاوە: ص١٢٤-١٢٥.

بەلام سولتانی مەملوکی بەبیرۆکەی شکستخوارد ڕازینەبوو، بۆیە سولتان سەلیمی یەکەم ناچاربوو جەنگەکە بگوازێتەوە بۆ مصرو لەکاتی شکانیدا فەلەستینی دایە پاڵ دەولەتەکەی خۆیو سوپاکانی لەبەردەم دەرگاکانی قاهیرەدا دەرکەوتن لە(کۆتاییەکانی مانگی زیلحەجەی ساڵی ۹۲۲و سەرەتاکانی مانگی موحەڕەمی ساڵی ۹۲۳ك/مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ۱۵۱۷ز)دا جەنگی نێوان هەردوولا هەڵگیرساو تۆپەکانی عوسمانی لەڕیدانیە شکستێکی یەکلایان تووشی مەمالیکەکان کرد[1]، دوای شکستەکەی تومان بای ڕایکرد بۆ دەلتا، بەلام بەناپاکی درا بەدەست سولتان سەلیمی یەکەمەوەو ئەویش فرمانیکرد تالەسێدارە بدرێت[2].

گرنگی گرتنی مصر وێڕای فراوانخوازی عوسمانی بەسەر زەویدا دەستبەرداربوونی خەلیفە موحەمەد متەوەکیلی کۆتا خەلیفەی عەبباسیەکانی لەمصر لەمافی خیلافەت بۆ سولتان عوسمانی لەخۆ دەگرت[3]، دوای ئەوە سەلیم حیجازی گرتو گەڕایەوە بۆ ئەستەنبوڵو لەکاتەوە ئەستەنبوڵ بووبە مەڵبەندی خیلافەتی ئیسلامی، سولتان گرنگی بەئامادەسازی کەشتیگەلێکی دەریایی دا تاهێرشبکاتە سەردوورگەی ڕۆدس، گرنگی بە دامەزراندنی سوپایەکی وروشکانیش دا تا هێرش بکاتە سەر سەفەویەکان، بەلام بەلام پێش ئەوەی ئەو دوو ئامانجەی بەدیبهێنێت مەرگ ڕێی پێگرتو لە(مانگی شەوالی ساڵی ۹۲٦ك/مانگی ئەیلولی ساڵی ۱۵۲۰ز)دا کۆچی دواییکرد[4]، کەسایەتی ئەم سولتانە بەسەر هەموو ئەو ڕووداوە گەورانەدا زاڵبوو کەلەسەردەمی ئەودا ڕوویانداو گەلی عوسمانی وەك پاڵەوانێکی نیشتمانیان دادەنا.

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص۱٤۳-۱٤۷.

[2] هەمان سەرچاوە: ص۱۷٤-۱۷٦.

[3] هەمان سەرچاوە: ص۱۳۵.

[4] هەمان سەرچاوە: ص۳٦۰، فرید بك: ص۱۹۷.

## سوله یمانی یەکەم( قانوونی )( ٩٢٦-٩٧٤ك/١٥٢٠-١٥٦٦ز)

### پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای ئەورووپیدا:

سوڵتان سولەیمانی یەکەم شوێنی سوڵتان سەلیمی یەکەمی باوکی گرتەوە هەرکە دەسەڵاتی گرتە دەست سیاسەتی عوسمانی سەرلەنوێ ڕوویکردەوە ڕۆژئاوا تاقۆناغێکی نوێی پەیوەندیە نوێیەکان لەگەڵ ئەورووپادا دەستپێبکات کەسیفەتی فراوانخوازی لەبەلقانو دەریای سپی ناوەڕاستی لەخۆدەگرت.

سوڵتان ئاگاداربووبە ڕکەبەری تاڵی نێوان فرانسوای یەکەمی پاشای فەڕەنساو شارلی پێنجەمی پاشای ئیسپانیا کەلەبنەماڵەی هابسبۆرگ بوو لەپێناو سەرکەوتن بەتاجی پیرۆز سەیرکراوی ئیمبراتۆریەتی ڕۆمانی، شارل توانی سەرکەوێت، بەڵام سوڵتان بەهیچ جۆرێك دانی بەو بارودۆخەی ئەورووپادا نەنا بەتایبەت کەئیمبراتۆر شارل سیفەتی دەمارگیری توندی دژبە موسڵمانانی هەبوو بۆیە دەرکەوتنی مەترسیەکی یەککگرتووی نەسرانی دژبە عوسمانیەکان لەدوای هەڵبژاردنی شارل سەریهەڵدا، لەبەرامبەردا چەند پەیوەندیەکی دۆستایەتی لەنێوان بابی عالیو فەڕەنسادا دامەزرا کەئەمەش فەڕەنسای هاندا تا سەبارەت بەهەر بوارێکی پەیوەست بەسیاسەتی ڕۆژهەڵاتیەوە پێگەو مەڵبەندی پێشەوەی لەنێو دەوڵەتە ئەورووپیەکاندا هەبێت.

ئیمبراتۆر ئەرکی بەرگریکردن لەئەورووپای ناوەڕاستی لەبەردەم شکانی چاوەڕوانکراوی عوسمانیدا بەفردیناندی پاشای نەمسای برای خۆی سپارد چونکە دەبوو هەموو ئەورووپاو ڕۆژهەڵاتی نزمیش بچنە جەنگێکی قورسەوە، دوای ڕووخانی سربو بولغارو بیزەنتە مەجەڕ لەئەورووپای ڕۆژهەڵاتی وەك دوژمنێکی تەقلیدی عوسمانیەکان دەرکەوت.

ڕووداوێك دەرکەوتو ئاگری جەنگی فراوانی نێوان هەردوولای هەڵگیرساند، ئەویش ئەوەبوو پاشا لویسی دووەمی پاشای مەجەڕ ئەو نێردراوەی سوڵتانی کوشت کەهاتبوو تا گرتنەدەستی دەسەڵاتی پێڕابگەیەنێتو داوای لێبکات ئەوسەرانەیە بدات کە لەبەرامبەر نوێکردنەوەی ڕێککەوتنەکەدا دەبوو بیدات[1].

ئەم کارە سوڵتانی تووڕەکردو جەنگی دژبە مەجەڕی دەستپێکردو توانی لە ساڵی(٩٢٧ك/١٥٢١ز)دا شاری بەلگرادو لە ساڵی دواتریشدا دوورگەی ڕۆدس فەتحکات[2] و لە

---

[1] فريد بك: ص١٩٩.

[2] صولاق زادة: ص٤٣٨-٤٣٩، تأريخ بجوي: ج١ ص٢٥٥-٢٦٣، كلو، أندري: سليمان القانوني: ص٨٨-٨٩.

ساڵی(٩٣٢ك/١٥٢٦ز) لەجەنگی ناسراوی(موهاکس)دا توانی پاشا لویسی دووەمدا سەرکەوێتو لەو جەنگەدا خودی لویسی دووەم لەناوچوو و دوای کۆتایی هاتن بەجەنگەکە سوڵتان چوویە(بودا)ی پایتەختەوە[1].

مردنی لویس وایکرد فردیناندی زاوای بۆ خواستی کورسی دەسەڵاتی مەجەڕی نزیکترین کەس بێت، لەڕاستیدا ئەو وەك پاشا بەسەر بوهیمیاو ئەو ناوچەی وولاّتی مەجەڕ کەمابوون هەڵبژێردرا[2]، ئەمە بردیە ململانێیەکی دژبە میرزا بولیای سەرکردەی ترنسلفانیاوەو فردیناند توانی بودا بیگێرێتەوە، ئەمە سوڵتانی تووڕەکرد[3]و پاڵپشتی زابولیای دژبە فردیناند کردو لە ساڵی(٩٣٦ك/١٥٢٩ز)دا بودای فەتحکردەوە[4]و سوپای ئەڵمانی لەوێ دەرکردو دایە دەست زابولیای هلوپەیمانیەوە، پاشان بەرەو ڤیەننا درێژەی بەکشانی خۆی دا تا ئەو سوپایە ڕاوەدوو بنێتو لەناوی ببات لە(مانگی موحەڕەمی ساڵی ٩٣٦ك/مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٥٢٩ز)دا گەیشتە ڤیەنناو گەمارۆیەکی توندی لەسەر دانا، بەڵام دوای نۆزدە ڕۆژ بەهۆی کەمی شمەكو دوورو درێژی هێڵی فریاگوزاریو هاتنی وەرزی زستانەوە ناچار بوو گەمارۆکە هەڵبوەشێنێتەوە[5].

لە ساڵی(٩٣٩ك/١٥٣٢ز)دا سوڵتان سەرلەنوێ هەوڵی فەتحکرنی شاری ڤیەننای دا بەڵام هەڵمەتەکە لەجاری پێشووی باشتر نەبوو، جاقەڵای(گونز)ی مەجەڕی لەبەردەم گەمارۆی سوپای عوسمانیدا وەستاو سوڵتان دوای ڕووخاندنی ئەو قەڵایە ئینجا توانی درێژە بەکشانەکەی بدات، ئەمەش پێشڕەوی سوڵتانی دواخست، پاشان ئەو کاتێکی تری بەفیڕۆدا کاتێك لەجیاتی ئەوەی ڕاستەوخۆ بەرەو ڤیەننا بکشێت بەرەو ڕۆژئاوا بەئاڕاستەی ئوستریاچوو[6].

ئیمبراتۆر شارلی پێنجەم پشتی بەوە بەست کە ئەندریا دوریای سەرکردەی جەنەوی بۆ هێرشکردنە سەر کەناراوە عوسمانیەکان لەدەریادا بەکاربهێنێت بەو ئامانجەی لەسەختی بەرەی ووشکانی کەمبکاتەوە ئەویش بەسەرکەوتوویی ئیشی لەسەر کەناراوەکانی مۆرەکرد، سوڵتان پاش کەمێك، بەهای ئەو سەرکەوتنەی لەدەست داو فرمانی بەسوپاکەی کرد تا بگەڕێتەوە بۆ

---

[1] صولاق زادة: ص٤٥٥، أوزتونا: ج١ ص٢٧، كلو: ص١٠٧، Shaw: I P٩١.

[2] الشناوي: عبدالعزيز: الدولة العثمانية دولة إسلامية مفترى عليها ج١ ص٢٧٨.

[3] فريد بك: ص٢١٥، أوزتونا: ج١ ص٢٧٢.

[4] صولاق زادة: ص٣٥٨-٣٥٩، مسرهنك ص٨١، كلو: ص١١٧-١١٨.

[5] فريد بك: ص٢١٦-٢١٧، كلو: ص١١٩-١٢١، ديورانت، ول: قصة الحضارة مجلد ٧ ج٥ ص١٠٤.

[6] فريد بك: ص٢١٨.

ئەستانبوول[1]، بۆ ساڵی دواتر مادەیی خۆی بۆ بەستنی پەیماننامەیەك بەست کەفردیناند داوای کردبوو و لەئەستانبولو لە(مانگی زیلحەجەی ساڵی ٩٣٩ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٥٣٣ز)دا ئیمزاکراو بەوپێیە پاشای نەمسا دانی بەباری مەترسیداری هەریەك لـە خـاکی دوو دەسـتەی ململانێکـاردا نـا، لەکاتێکدا سوڵتان لەبەرامبەردا دانی بەپاشایەتی فردیناند بەسەر بوهیمیاو ئەرشیدوق بەسەر نەمسـادا نا، باری نوێبووەوەی ڕۆژهەڵات وای لە سوڵتان کرد کەبەو ڕێککەوتنە ڕشازیبێت.

بەڵام لە سـاڵی(٩٤٤ك/١٥٣٧ز)دا جـەنگ هەڵگیرسـایەوەو لـە سـاڵی(٩٤٧ك/١٥٤٠ز)دا زابولیا مرد، نەمسا ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو هێرشی بردە سەر ناوچەکانی تـا لـەدەسـت پارێزگـاری دەوڵەتی عوسمانی دابڕێت، ئەم پێشڕەویە سوڵتانی تووڕەکرد، بۆیە بەسەرکردایەتی وەزیـر موحەمـەد سوقللی پاشا سوپایەکی نارد تا نەمساویەکان لەمەجەڕ دەربکات لەکاتێکدا خۆشی چووبۆ بـەلگراد تالەڕێڕەوی ڕووداوەکانەوە نزیك بێت، وەزیری عوسمـانی تـوانی بـچێتە نـاو پایتـەختی مەجەڕیـەوە، پاشان سوڵتانیش بەشوێنیدا چوو[2].

لەو کاتەدا واڕێککەوت سولەیمانی یەکەمو فرانسوای یەکەم ڕێککەوتن لەسـەر ئـەوەی هێـرش بەنە سەر ناوچەکانی ئیمبراتۆریەت جا سولەیمان بەرورووی ڕۆژئاوا چوو و چەند شارێکی مەجـەڕی فـەتحکرد[3]، لەکاتێکـدا کەشـتیگەلی عوسمـانی هێرشـی بـردە سـەر کـەناراوەکانی ئیتالیـا[4]، لـە ساڵی(٩٥٤ك/١٥٤٧ز)دا سوڵتان بۆ ماوەی حەوت ساڵ دەرفـەتی ئاگربەسـتی بـە ڕۆژئـاوا دا تـا سـرقاڵی جـەنگی سـەفەویەکان بێـت[5]. بنەماڵـەی هابسـبۆرگ ئارامیـان نـەگرتو کاتێـك هیـوای گێڕانەوەی ناوجەرگەی مەجەڕیان نەما، سیاسەتی خۆیان بەرامبەر دەوڵەتی عوسمـانی گـۆڕیو تـەنها هـەوڵیان دەدا ترانسـلڤانیا لـە دەسـەڵاتی عوسمـانی بـبڕن، فردینانـد هەوڵیـدا لـە سـاڵی(٩٤٨ك/١٥٥١ز)دا ئـەو ئیـشە بکـات، کاتێـك سـوڵتان بـەو هەوڵـەی زانـی سـوپایەکی ئامادەکردو ناردی بۆ وڵاتی مەجەڕ تا بارووددۆخەکە بـەباری خۆیـدا بگێڕێتـەوە سـوپای نەمسـاوی لەبەردەم سوپا عوسمانیەکاندا خۆی نەگرتو نەمسا ناچـاربوو لـە(مـانگی ڕەجـەبی سـاڵی ٩٧٠ك/

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٢١٨-٢١٩، أوزتونا: ص٢٧٥، Hammer, J: Histoire de L'Empire Ottoman. II PP ١٠-١١.

[2] فرید بك: ٢٣٦، حلیم: ص٩٢، کلو: ص٢٦٨.

[3] تأریخ بجوی: ج١ ص٢٥١-٢٥٤، حلیم: هەمان سەرچاوە، سرهنك: ص٢٧٠.

[4] کولز، بول: العثمانیون في أوروبا ص٩٣.

[5] فرید بك: ص٢٣٨-٢٣٩، کلو: ص٢٠١-٢٠٢.

مانگی شوباتی سالی ١٥٦٣ز)دا ڕێککەوتنامەی(براغ)بەستێت‌و بەو پێیە فردیناند دانی بە دەسەلاتی عوسمانیەکاندا نا لەووڵاتی مەجەڕو مولداڤیاداو بەڵێنی داسەرانەیەکی ساڵانە بدات[1]، سولتان لە ساڵی(٩٧٢ك/١٥٦٥ز)دا هەڵمەتێکی دەریایی بۆ فەتحکردنی دوورگەی مالتە نارد، بەلام هەڵمەتەکە سەرکەوتوو نەبوو[2].

بەهۆی دەستێوەردانی ماکسیمليانی پاشای نەمسا کەشوێنی فردیناندی گرتەوە جارێکیتر ناجێگیری‌و پشێوی ووڵاتی مەجەڕی گرتەوە، بۆیە سولتان ناچاربوو لە(مانگی شەوالی ساڵی ٩٧٣ك/مانگی نیسانی ساڵی ١٥٦٦ز)دا لەگەڵ ئەو نەخۆشی(نقرس)ی تووشی بوو بوو هەڵمەتێکی تەمێکردنی ئەنجام داو شاری سیجتواری ستراتیژی لە(مانگی سەفەری ساڵی ٩٧٤ك/مانگی ئابی ساڵی ١٥٦٦ز)دا گەمارۆداو لەکاتی گەمارۆدانەکەدا کۆچی دوایی کرد، بەلام سوپای عوسمانی توانی شارەکە فەتحبکات[3].

**پەیوەندی لەگەڵ سەفەویەکاندا:**

دەمێك بوو سولتان سولەیمانی یەکەم دەیویست سەرکردایەتی هەڵمەتێکی دژبە سەفەویەکان لەچوارچێوەی ململانێی تازە سەرهەڵداوی نێوان هەردوولا بکات تاوەك ئامادەسازی بۆ گرتنەوەی شاری بەغداد کەسەفەویەکان لە ساڵی(٩٣٦ك/١٥٣٠ز)دا دەستیان بەسەردا گرتبوو پاڵپشتی قەڵەمڕەوی خۆی لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا بکات[4]، چونکە سەفەویەکان بوو بوونە مەترسیەك بۆسە ڕێگە بازرگانیەکانی نێوان ڕۆژهەلات‌و ئەورووپا.

سەفەویەکان لەبەردەم ئەو کشانەی عوسمانی دا پاشەکشەیانکرد کەلە ساڵی(٩٤١ك/١٥٣٤ز)دا دەستپێکردو شاتەهماسب بەهیوای پارێزگاریکردن بەسوپاو دەوڵەتەوە زەویەکانی چۆڵکرد، سولتان عێراقی گرت‌و چوویە تەبریزی پایتەختی سەفەویەکان‌و بەشێوەیەکی یەکجارەکی لەجیهانی عەرەبی دووری خستەوەو دوای ئەوەی کاروباری کارگێڕی هەرێمە فەتحکراوەکانی ڕێکخست گەڕایەوە بۆ ئەستانبول.

سولتان لە ساڵی(٩٥٥ك/١٥٤٨ز)دا هەڵمەتی خۆی بۆسەر سەفەویەکان دەستپێکردەوە، ئەمەش لەبەر ئەو بانگەشە سەفەویەی بەردەوام لەهەوڵی بلاوکردنەوەی بانگەوازی شیعی لە

---

[1] كلو: ص٢٧٠.

[2] فريد بك: ص٢٤٩، أوزتونا: ج١ ص٣٢٢.

[3] تاريخ بجوي: ج١ص٤١٢.. Hammer: II PP٩٧-٩٨

[4] إفانوف: نيقولاي: الفتح العثماني للأقطار العربية ص٨٨، أوزتونا: ج١ ص٢٤٠.

ڕۆژهەڵاتی ئەوناڵۆڵدابوو، سوڵتان توانی بۆ ججاری دووەم بچێتە ناو تەبرێز دوای ئەوەی شا لەوێ پاشەکشەی کرد، سوڵتان چەند هەرێمێکی ڕۆژهەڵاتی دایە پاڵ خۆی، بەڵام هەڵمەتەکە ئامانجێکی سەرەکی سوڵتانی بەدینەهێنا کەئەویش بەرەورووبوونەوەی شا لەجەنگێکی گەورەداو لەناوبردنی دەوڵەتی سەفەوی بوو، بۆیە لە ساڵی(٩٦٠ك/١٥٥٣ز)دا جەنگی هەڵگیرسندو بەرێککەوتنێکی نێوان هەردوولا کۆتایی پێهات‌و لە(مانگی ڕەجەبی ساڵی ٩٦٢ك/مانگی ئایاری ساڵی ١٥٥٥ز)دا پەیماننامەی ئەماسیا ئیمزاکراو بەوپێیە دەوڵەتی عوسمانی هەرێم‌و قەڵای قارسی بەرکەوت‌و هێڵی سنووری نێوان دوو دەوڵەتەکە کێشرا[1].

## عوسمانیەکان لە باکووری ئەفریقیادا

### گرتنە خۆی جەزائیر:

عوسمانیەکان لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەمدا باکووری ئەفریقیایان لەلیبیاوە تا مەراکیش دایە پاڵ خۆیان، ئەمەش لەسەر داخوازی زۆری هێزە گیرۆدەبووەکانی ئەوێ کەداوایان لە عوسمانیەکان کرد تابۆ بەهێکردنی جیهادی ئیسلامی دژبە مەترسی زیادبوونی هێزی ئەورووپیە نەسارنیەکان بۆسەر ناوچەکانی موسڵمانان لەوناوچەیەدا بچنە ژێر پارێزگاری عوسمانیەکانەوە.

لە ساڵی(٩٢٥ك/١٥١٩ز)و لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم‌و دوای چەند پێکدادانێکی گەرم لەگەڵ ئیسپانەکان‌و سوڵتان موحەمەدی شەشەم سوڵتانی حەفسی تونس‌و بەنی زیان لەتلمسان کەدژبە هێزە نیشتمانیەکان بەسەرکردایەتی خەیرەدین بربروسە وەستا، جەزائیر چوویە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیەوە، خەیرەدین بربروسە بووبە پاسەوانی پێشەوەی دەوڵەتی عوسمانی لەحەوزی ڕۆژئاوای دەریای سپی ناوەڕاستداو چەند هێزێکی عوسمانی پشتیوانیان دەکرد ئیسپانیا دانی بەوەدا نەنا کەجەزائیر لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بێت‌و چەندین جار هەوڵیدا بیگێڕێتەوەو کۆتا هەوڵیشی لە ساڵی(٩٥٨ك/١٥٥١ز)دا بوو بەڵام لەوکارەیدا سەرکەوتوو نەبوو دواتر ناچاربوو لەگەڵ ڕاستی لەدەستدانی ئەو وولاتەدا ژیان بگوزەرێنێت[2].

### ململانێ لەسەر توونس:

توونس‌و تەرابلوسی ڕۆژئاوا بەشێك لەدەوڵەتی حەفسیەکان بوون کەلەسەرەتای سەدەی شانزەوە ئەو دەوڵەتە بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو لە ساڵی(٩٣٢ك/١٥٢٦ز) حەسەن حەفسی

---

[1] تأريخ بحوي: ج١ ص٢٦٩-٢٧٧، سرهنك: ص١٠٢.

[2] الشناوي: ج٢ ص٩١٣، إيفانوف: ١٠٥-١٠٦، Grammont, H.D: Histoir of Alger sous la Domination Turgue P ٣٦.

کورسی دەسەڵاتی توونسی گرتەدەستو بەرەو هاوکاری لەگەڵ ئیسپانەکان هەنگاوی نا ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ بابی عالیدا دابڕێت، خەیرەدین بربروسە سوڵتان سولەیمانی یەکەمی ڕازیکرد کەنیازی جەنگ کردنی لەگەڵ ئیسپانیادا هەبوو تایەکەمجار دەست بەسەر توونسدا بگرێتو توانی لەئامانجی ڕاپەڕینێکی جەماوەری دژبە دەسەڵاتی حەفسیدا بچێتە پایتەختی توونسەوەو حەسەن حەفسی بەئاراستەی(بجایە) ڕایکردو پەنای بۆلای ئیمبراتۆر شارلی پێنجەم برد ئیمبراتۆریش چوو بەدەم داواکەیەوەو لە(مانگی زیلحەجەی ساڵی ٩٤١ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٥٣٥ز)دا بەکەشتیگەلێکی دەریایی تاوی دایە ناو دەریاو بەئاراستەی کەناراوە تونسیەکان چوو و توانی دەستبەسەر(حلق الوادی) دا بگرێتو بەشی باکووری ڕۆژهەڵاتی وولاتی داگیرکردو حەسەن حەفسی گەڕایەوە بۆ پایتەخت[1].

بەرهەڵستکاری تونسی بەیارمەتی فریاگوزاریە عوسمانیەکان لە ساڵی(٩٤٨ك/١٥٤١ز) چەند هەڵمەتێکیان ڕێکخست کە ئامانجیان چەند شوێنێك بوو کە سەربازگە ئیسپانیەکانیان تێدابوو، هەروەك لەوکاتەدا دەسەڵاتی حەسەن حەفسی داڕماو لەکۆتاییدا ئیسپانیا ناچاربوو شارەکەناراویەکان بەجێبهێڵێتو هاوڵاتیان بە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا نا[2].

**گرتنە خۆی تەرابلوسی ڕۆژئاوا:**

لە ساڵی(٩١٦ك/١٥١٠ز)دا ئیسپانیا دەستی بەتەرابلوسی ڕۆژئاوادا گرتو شارلی پێنجەم بڕیاریدا بیکات بەداگیرگەیەکی ئیسپانی تا ئەورووپیەکانی تێدا نیشتەجێبکات، دەسەڵاتی ئیسپانیا بەرەوڕووی چەند هەڵمەتێکی موجاهیدان بەیارمەتی دەوڵەتی عوسمانی بوویەوە، بۆیە ئیسپانیا ناچاربوو ناوچەکە چۆڵبکاتو دایە دەست سوارەکانی قدیس یوحەننا کەهەموو هیوایەکیان بەمیر حەسەن حەفسی بوو، بۆیە پەیوەندیەکی هاوپەیمانیان لەگەڵدا دامەزراند، بەڵام میر حەسەن لەکاتی ململانێ لەسەر دەسەڵات لەلیبیا شکستی خواردو سوارەکان نەیانتوانی بنکەی دەسەڵاتی بیانی تێدا دابکوتن لەئەنجامی ئەو بەرهەڵستکاریە توندەی دانیشتوان کەهاواریان بردە لای سوڵتانی عوسمانی، بابی عالیش لە(مانگی شەعبانی ساڵی ٩٥٨ك/مانگی ئابی ساڵی ١٥٥١ز)دا کەشتیگەلێکی دەریایی ناردوو گەیشتە بەردەم شارەکەو سەربازەکانی لەسەر کەناراوەکە دابەزینو تەرابلوسی ڕۆژئاوا لەوکاتەوە بووبە هەرێمێکی ئیسلامی عەرەبی لەژێردەستی عوسمانیە تورکەکاندا[3].

---

[1] التر، عزیز سامح: الأتراك العثمانیون في شكالي أفريقيا ص١١٨.

[2] إيافنوف: ص٢٠٥-٢٠٩.

[3] Guiga, T: Dorouth Rais, Le Magnifique Seigneur delamer PP ٩٤-٩٦.

**گرتنە خۆی یەمەن:**

عوسمانیەکان لەساڵی(٩٤٤ك/١٥٣٨ز)دا یەمەنیان دایە پاڵ دەوڵەتەکەی خۆیانو بەسەرکردایەتی سولەیمان پاشای خادم هەڵمەتێکی سەربازیان بۆ نارد کەئەرکی گرتنەخۆی ئەو وولاتەی لەئەستۆدا بوو چونکە دەکەوتە سەر ڕێگەی بازرگانی ڕۆژهەلات، هەروەها دەبوو لەبەرژەوەندی دەسەلاتی عوسمانیدا پاکتاوی باری ئەوێ بکاتو دوای ئەوە دەستی بەتاڵ بێت بۆ بەرەوڕووبوونەوەی پرتوگالیەکان لەزەریای هیندیداو دەستگرتن بەسەر بازرگانی ڕۆژهەلاتدا.

پاش ئەوەی جێپێی خۆی لەیەمەندا بتەوکرد، سولەیمان پاشا بۆ جەنگی دژبە پرتوگالیەکان بەرەو کەناراوی(کوجرات) لەوولاتی هیند چوو، لەگەڵ ئەوەی چەند سەرکەوتنێکی لاوەکی بەدەستهێنا، بەلام لەبەردەم سەرسنووری بتەوی(دیو)دا شکستیخوارد هەروەك پەیوەندیلەگەڵ فەرمانڕەوا ناوچەییەکاندا لەسەروخواردابوو، بۆیە دوای چەند مانگێك لەگەیشتنی ناچاربوو ناوچەکە بەجێبهێڵێتو بگەڕێتەوە بۆ یەمەن، پاشان دەوڵەتی عوسمانی چەند والیەکی دەستنیشانکرد کە دەسەلاتی عوسمانیەکان لەیەمەندا چەسپاندو ڕێگەی بازرگانی عوسمانیان لەدەوڵەتی خۆیاندو پایەی بازرگانیو قەڵەمڕەوی سیاسی دەوڵەتیان لەزەریای هیندیدا دڵنیاکرد[1].

**کەسایەتی سوڵتان سولە یمانی یەکەم:**

سوڵتان سولەیمانی یەکەم جێپەنجەی خۆی لەسەر دیمەنەکانی ئەو پێشڕەویە سیاسیو ڕۆشنبیریەی دەوڵەتی عوسمانیدا بەجێهێشت کە دەوڵەتی عوسمانی بەخۆیەوە دی، ڕۆژئاوا نازناوی(گەورە)(العظیم)یان لێنابوو، بەلام گەلەکەی خۆی بە(قانونی) ناویان دەبرد واتە کۆکەرەوەی یاساکان چونکە لەدانانو ڕێکخستنی یاسای عوسمانیو جێبەجێکردنیدا بەدادپەروەری بەشداری هەبوو، ئەوکارە تەشریعیە بەشێوەیەکی تایبەت ڕێکخستنی سوپاو ئیقتاعی جەنگیو چەند یاسایەکی خاوەنداریتی زەویو پۆلیسو ئاسایشو دادوەری لەخۆدەگرت.

سوڵتان سولەیمانی یەکەم کەسێکی لەخواترسو پەیوەست بەڕێنومایەکانی سوننەت بوو، شاعیرو خۆشنوس بوو بەچاکی زمانە ڕۆژئاواییەکانی دەزانی بەتایبەت عەرەبیو کەسایەتیەکەی فەرمانڕەوایەکی نمونەیی وابوو، تەنها دەکرێت لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی کەمدا بەراوورد بکرێت لەئەورووپا بابەتێکی چەندین گێڕانەوەو نموونە بوو، لەقەبارەی ئامادە سازیەکانی سوپاکانیداو لەبەر فراوانی هەڵمەتەکانیو کارەبنیادیەکانیو هێزی دەسەلاتیدا گەورەبوو، ئەو گەشەی بە دەوڵەتی

---

[1] تاريخ بجوي: ج١ ص٢١٩-٢٢٤، إيفانوف: ص١٣٢، أوزتونا: ج١ ص٣٢٨، البطريق، عبدالحميد: س تأريخ يمن الحديث ص٢٥-٢٧.

عوسمانی داو بەپلەی کەمالێکی وا دایە دەست ئەوانەی دوای خۆی کە ناکرێت لەگەڵ کەماڵبوونی هیچ دەوڵەتێکی ئەورووپیدا لەوسەردەمەی خۆیدا بەراوورد بکرێت.

سوڵتان سولەیمانی یەکەم لەبواری لێکبووردنی ئایینیدا لەدوژمنە ئەورووپیەکانی بوێرتربوو، لەململانێی لەگەڵ ڕۆژئاوادا کەبەدرێژایی تەمەنی بەردەوامبوو سەرکەوتن بەشی بوو، ئەو سەکەوتنانەی بەدیهێنابوو بەهۆی گۆڕانێکی بنەڕەتیو جەوهەری لەمەڵبەندی دەوڵەت لەکاروباری نێودەوڵەتیداو دەوڵەتە ئەورووپیەکان هەموو هیوایەکیان بۆ دەرکردنی عوسمانیەکان لەکیشوەردا لەدەست دا.

لەمەیدانی بنیادو بیناسازیدا ڕۆشنبیری عوسمانی بەشێوەیەکی تایبەت قەرزاری بەشێکی زۆری هەوڵ و شارەزاییەکانی ئەوە، لەم بوارەیدا باسی بنیاد نانی مزگەوت لەپایتەختدا دەکەین، لەوانە مزگەوتی سولەیمانیە، بەمردنی ئەم سوڵتانە کۆتایی بەقۆناغێکی ڕازاوەی قۆناغەکانی مێژووی عوسمانی هات کەتیایدا دەوڵەت گەیشتە ئەوپەڕی گەشەو بەهێزی خۆی.

## سەلیمی دووەم(٩٧٤-٩٨٢ك/١٥٦٦-١٥٧٤ز)

سوڵتان سەلیمی دووەم شوێنی سوڵتان سولەیمانی یەکەمی باوکی گرتەوەو ئامادەنەبوو تادرێژە بەسیاسەتی فراوانخوازی باوکی بدات تەنانەت نەیدەتوانی لەبەردەم تێکچوونی بارودۆخی ناوخۆیی و فشاری ڕووداوە دەرەکیەکاندا دەستکەوتەکانی باوکی بپارێزێت لەسەرەتای دەسەڵاتیدا هەڵگەڕانەوەی ئینکیشاریەکان ڕوویدا[1]، لەسەردەمی ئەودا هەڵمەتی عوسمانیەکان بۆ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەپیرۆز دانراو وەستاو ئاگربەست لەگەڵ سەفەویەکانو مەجەڕو پۆڵەندەدا نویکرایەوە هەروەك پەیماننامەکانی پێشووی لەگەڵ فەڕەنسادا نوێکردەوە، سوڵتان چەند تیبەتمەندیەکی تایبەتی بەفەڕەنسا داو هەڵمەتێکی سەرنەکەوتووی لە(کۆتاییەکانی ساڵی ٩٧٦ك/١٥٦٩ز)دا کردە سەر شاری ئەستراخان لەسەر ئاوەڕێژگەی ڕووباری ڤۆلغا لەدەریای قەزوین تائەو ڕووبارە بگەیەنێت بەڕووباری دون بەئامانجی:

- دانانی سنوورێك بۆ پەڵاویشتنی ڕووسیا لەبەرەی باشوورەوەورێنەدان بەدەستگرتن بەسەر ڕێگەی بازرگانیو بازاڕە گەورەکانداو دەستگرتن بەسەر بازرگانی ناوچە ئیسلامیەکاندا، وێڕای کردنەوەی ڕێگەی حەج کەلەبەردەم حاجیە موسڵمانەکاندا داخرابوو.

---

[1] فرید بك: ص٢٥٣.

لـەبواری پەیوەندیـە دەرەکیەکانـەوە ئـەوروپا بەهـەنگاوێکی فراوانـەوە بـەرەو گەشەسـەندنی چاکسازیو ئابووریو کۆمەلایەتی پێشڕەوی دەکـرد، دەولـەت لەرۆژهەلاتـدا بـەرەورووی چـەند بەربەستێك بوویەوە کەگرنگترینیان بریتیبوو لە وەستانی کشانی عوسمانی بەئاراستەی ئاسیاو هینـدو دەرکەوتنی ڕووسیا وەك هێزێکی مەترسیداری دراوسـێ هەنـدێ سـولتانی عوسمـانی هەسـتیان بـەو لاوازیە کرد کەتووشی دەولەت بووبوو، بۆیە هـەولی ئەنجامـدانی چـەند چاکـسازیەکیان دا، بـەلام شەرمانە بوونو بەرەورووی نەیاریو بەرهەلستکاری ئینکیشاریەکان بوونەوە.

## بارودۆخی ناوخۆیی دەولەتی عوسمانی

### شۆڕشەکانی ئینکیشاریەکان:

لەسەردەمی سولتان بایەزیدی دووەمەوە دیـاردەی دەسـتوەردانی ئینکیـشاریەکان لـەکاروبارە سیاسیەکاندا دەستپێکردو لەسەردەمی جێگیرەکانیدا زیادکرد سولتان مورادی سـێیەم یـەکێك بـوو لەو سولتانانەی پاش ئەوەی هەستیان کـرد لەسـنور دەرچـوونی ئینکیـشاریەکان لەپیـشەی خۆیـان کەجەنگاوەری بوو بەرەورووی کێـشەی ئینکیـشاریەکان بوونـەوە، چـونکە بووبوونـە مەلبەنـدێکی مەترسیدار هێزو توانای ناو دولەت، سولتان مورادی سێیەم بۆ سـنوردانان بـۆ قەلـەمرەویان چـەند کارێکی ئەنجامدا، لەوانە:

فرمانی کرد تالەژمارەیەکی زۆری بەسەربازبووە موسلمانە ئازادەکان بـچنە نـاو تاقمەکانیانـەوە دوای ئەوەی بواری چوونە ناو ئەو تاقمانەیان لەڕوودا داخرابوو.

ڕێگەی پێدان تاهاوسەرگیری بکەن تاسـەرقالبن بە ژیانی هاوسـەرگیریەوە.

دەرفەتی پێدان چەند کارێکی پیشەیی ئەنجامبدەن و سەرقالی بازرگانی بن لەکاتی ئاشتەواییدا.

لەگەل ئەو هەنگاوانەشدا سێبەریان زیاتر سەرشانی دەولـەتی بـەخۆراكو مووچـەی سـەربازیان قورستردەکرد، هەروەك بەردەوام بەهێزبوون.

سـولتان عوسمـانی دووەم(١٠٢٧-١٠٣٢ك/١٦١٨-١٦٢٢ز) ڕقـی لەئینکیـشاریەکان وەرگرت لەبەرئەوەی دەستیان وەردەدایە کاروباری دەولـەت، بۆیـە ئـەوانیش لـەدژی هەسـتانو لایـانبردو دواتـریش لەسـێدارەیاندا[1]، ئـەوان لەسـەردەمی سـولتان مـورادی چـوارەمدا(١٠٣٢-١٠٥٠ك/١٦٢٣-١٦٤٠ز)دامرکانەوە دوای ئەوەی سـولتان چـەند سـەرکردەیەکیانی کوشـت[2]،

---

[1] أوزتونا: ج١ ص٤٦٠-٤٦٣.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٤٦٩-٤٧٠، سرهنك: ١٤٦-١٤٧.

لەنێو دیارترین ئەوتاوانانەی ئەنجامیاندا ئەوەبوو سولّتان ئیباهیمی یەکەمیان کوشت(١٠٥٥-١٠٥٨ك/١٦٤٠-١٦٤٨ز) بەهۆی هەڵوێستی دوژمنکارانەی بەرامبەریان[1]، سولّتان موحەمەدی چوارەمیشیان لابرد(١٠٥٨-١٠٩٨ك/١٦٤٨-١٦٨٧ز)و لەشوێنیدا سولەیمانی دووەمی برایان دانا(١٠٩٨-١١٠٢ك/١٦٨٧-١٦٩١ز)[2] ، دژبە سیاسەتی ئاشتیانەی سولّتان ئەحمەدی سێیەم(١١١٥-١١٤٣ك/١٧٠٣-١٧٣٠ز) لەگەڵ سەفەویەکاندا ڕاپەڕین و دواتر لایان بردو مەحمودی یەکەمی برازایان دانا(١١٤٣-١١٦٧ك/١٧٣٠-١٧٥٤ز) ئەو لەدەسەڵاتدا تەنها ناوی هەبوو و سەرکردە ئینکیشاریەکان دەسەڵاتیان لەدەستی خۆیاندا کۆکردەوە[3]، کاتێك سولّتان موستەفای سێیەم(١١٧٠-١١٨٨ك/١٧٥٧-١٧٧٤ز) دەسەڵاتی گرتەدەست، هەوڵیدا لەپێکدادان لەگەڵ ئینکیشاریەکان دوور بکەوێتەوە تاتووشی سەرەنجامی پێشینەکانی نەبێت[4]، ئینکیشاریەکان لەسەردەمی سولّتان سەلیمی سێیەم(١٢٠٣-١٢٢٢ك/١٧٨٩-١٨٠٧ز) بەهۆی سیاسەتی سڕبی دەولەتەوە لەووڵاتی سڕبدا بزوتنەوەیەکی سەرکەشبوونیان دژبە دەولەت ئەنجامداو دەسەڵاتە ناوچەییەکان توانیان لەو ووڵاتەدا دەریانبکەن دوای ئەوەی کاری کوشتو بڕیان ئەنجامدا[5].

## چاکسازیە ناوخۆییەکان:

لەئەنجامی دیاردەکانی لاوازیدا بەرپرسانی دەولەت لەسەدەی حەڤدەوە هەستیان بەپێویستی چاکسازی کرد، بەڵام نەیانتوانی لەچوارچێوەی بزوتنەوەی مێژووی عوسمانیو ڕۆشنبیری ئیسلامی دەربچن، بەهۆی ئەو لاوازیەوە بیانویان هێنایەوە تا لەپەیڕەوی شەریعەتی ئیسلامی دووربکەونەوە[6].

لەسەرەتای سەدەی هەژدەوە دیدی چاکسازی بەرەو ئەوەدەچوو لە ڕۆژئاوای ئەورووپاوە وەربگرێت لەگەڵ پاراستنی بنەما عوسمانیو ئیسلامیەکاندا، جا سولّتان ئەحمەدی سێیەم بۆ شارەزابوونو وەرگرتنی دەستکەوتەکانی ژیاری ئەورووپی وەرگرتنی ئەوەی بۆ ژیانی ڕۆژئاوا باشە

---

[1] سرهنك: ص١٥٠.

[2] فريد بك: ص٣٠٣-٣٠٤.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٣١٨-٣٢٠.

[4] الشناوي: ج١ ص٥١٩-٥٢٠.

[5] فريد بك: ص٣٨٣-٣٨٤.

[6] الشوابكة: أحمد فهد بركات: حركة الجامعة الإسلامية ص٣٠.

باڵوێزی نارد بۆ ئەورووپا[1]، لەسەردەمی ئەودا چەند کەسێکی ڕۆژئاوایی وەرگێڕدرانو دەرفەت دراتا نووسینگەیەك بۆ چاپکردن دابمەزرێنێت[2].

چاکسازی لەسەردەمی سوڵتان مەحموودی یەکەمدا جەختی لەسەر سوپا دەکردەوە، داواکرا تا شارەزا سەربازیەکان لەئەورووپاوە بهێنرێتو دەستە تۆپچیەکانو دامەزراندنی کارگەجەنگیەکان داهێنران بەخێرایی ئەو چاکسازیانە لەو قۆناغی ئاشتیەدا کەدەوڵەت بەخۆیەوە دی پووکانەوە بەهۆی ئەوەی ئەورووپا سەرقاڵی جەنگی میراتگری ئیسپانیاو جەنگی حەوت ساڵە بوو، بەمەش سەرلەنوێ لەسەردەستی سوڵتان موستەفای سێیەم بووژایەوە، بەڵام هەوڵە ڕاستیەکانی چاکسازی لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەمدا دەستیان پێکردو هەموو بەشە کارگێڕیو ڕۆشنبیریو ئابووریو کۆمەڵایەتیو سەربازیەکانی دەوڵەتی گرتەوە، ئەو ماوەیە سەردەمێکی نوێی چاکسازیو گۆڕان بوو بۆ ڕزگار کردنی دەوڵەت لە چاوچنۆکی ئەورووپیو فشارە ئیستعماری(داگیرکاری)یەکان.

ئەو سوڵتانە لەگرتنەبەری چەند ڕێڕەوێکی ڕۆژئاواییدا دوودڵی نیشان نەدا دوای ئەوەی چەند زانیارییەکی لەدامەزراوە ئایینیو سەربازیە ئەورووپیەکانو هۆکارەکانی سەرکەوتنیان بەسەر عوسمانیەکانی دەستکەوت، لەسەردەمی ئەودا چەند چاکسازیەکی پێویست بۆ بەهێزکردنی دەزگای سەربازی ئەنجامدرا، ئەو دەستیکرد بە دامەزراندنی چەند دەستەیەکی نوێی سەربازی لەسەر شێوەی ئەورووپی بەوئامانجەی لەداهاتوودا لەدەستەو تاقمە ئینکیشاریەکان بێباك بێت[3]. لەسەردەمی ئەودا دەستەی ناردنی عوسمانی بۆ ئەورووپا زیادیکردو نیازی لەکارخستنی نیزامی ئیقتاعی هەبوو و پشتی بەفراوانکردنی یوان بەستو خەزێنەیەکی نوێی دامەزراند تاخەرجیەکانی چاکسازی بدات، هەموو چاکسازیەکانی بەناوی(نظام جدید)(نیزامی نوێ) ناسرابوون[4].

بەڵام نیزامی نوێ بەرەوڕووی نارەزایی ئینکیشاریەکان و ناودارانو زانایان بوویەوەو نەیاران توانییان سوڵتان والێبکەن هەڵیبوەشێنێتەوە، پاشان لەوەزیاتر چوونو لەپایەکەی خۆی لایانبردو لەشوێنیدا موستەفای چوارەمی برایان دانا(١٢٢٢-١٢٢٣ك/١٨٠٧-١٨٠٨ز)، ئەو سوڵتانە شتێکی وای هێزی کەسایەتی نیشان نەدا کەشیاوی باس بێت و خۆی دابە دەست داواکاری پارێزگارانەوە.

---

[1] مصطفى: ص١٥٩.

[2] فريد بك: ص٣١٩.

[3] مصطفى: ص١٧٣، الشواىكة: ص٣١، أوزتونا: ج١ ص٦٤٨.

[4] Lewis: PP ٥٦K٥٨.

چاکسازیەکان لەچەند هەرێمێکدا پشتیوانێکی زۆری بەهێزیان بەدەستخست، موستەفا بیرقداری فەرمانڕەوای سیلستریە لەو گەڕنەوە بۆ ڕابردووە بێچزاربوو و بەرەو پایتەخت کشا، کاتێك سوڵتان بەو گشەسەندنو گۆڕانانەی زانی لەخۆی ترساو بەڕووی ئینکیشاریەکاندا هەستایەوەو شەیخولئیسلامی لابرد، بەڵام بیرقدار سووربوو لەسەر ئەوەی سوڵتان سەلیمی سێیەم بگێڕێتەوە بۆ دەسەڵات، سوڵتان موستەفای چوارەمیش ناچاربوو بیکوژێت، کوشتنەکەش چەند ئەنجامێکی ڕەنگدانەوەی لێکەوتەوەو شۆڕشگێڕان زیاتر گوڕوتین گرتنیو هەنگاویان بۆلابردنی سوڵتان ناو لە شوێنیدا سوڵتان مەحموودی دووەمی برایان دانا[1].

**کێشە نەتەوەییەکان:**

لەماوەی سەدەی حەڤدەی هەژدەدا وولات چەند هەوڵێکی نەتەوەکانی بەلقانی بۆ جیابوونەوە لەپەیکەری دەوڵەت بەخۆیەوەدی، لەڕاستیدا تۆوی کێشەکە لەئەنجامی لەبوونی هەوڵی حکومەتی مەرکەزیدا ڕوێنرا، کاتێك ئەو وولاتانە لەدوای جەنگی بەناوبانگی کۆسۆڤا فەتحکران دەوڵەت هەوڵیدا دەمارگیری گەلەجیاوازەکان بسڕێتەوە و زمان نەریتیان لاوازبکات، بۆیە بنەڕەتە نەتەوەییەکان لای ئەوگەلانە بەساغی مانەوە، کاتێك ڕاپەڕینو هەوڵی جیابوونەوەیاندا توندوتۆڵی پێویستیان لەنەتەوایەتی خۆیاندا بۆ وەستان لەڕووی هێزە عوسمانیەکاندا بەدیکرد.

لە ساڵی(١٢١٩ك/١٨٠٤ز)دا سربیا سەرکردایەتی جۆرج بتروڤیتشی ناسراو بەجۆرجی ڕەش لەدژی کارگێڕی مەرکەزی ڕاپەڕی دەوڵەتیش لەبەردەم ئەو هەڕەشەیەدا بێدەنگ نەبوو و سوپای بۆنارد تا شۆڕشەکە سەرکوت بکات، بەڵام جەنگی نێوان هەردوولا بەنۆرەبوو و هەرجارەو یەکێکیان بەسەر ئەویتردا سەردەکەوت.

## بارودۆخی دەرەکی دەوڵەتی عوسمانی

### پەیوەندی عوسمانی-سەفەوی:

پەیوەندی نالەبارو شلۆقی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی سەفەوی لەماوەی سەدەی حەڤدەدا بەردەوامبوو شاعەباسی گەورە شارەکانی تەبریزو ڤانو شیروانو قارسی گێڕایەوەو دەوڵەتی عوسمانی ناچاربوو لە ساڵی(١٠٢١ك/١٦١٢ز)دا ڕێککەوتننامەیەکی ئاشتی ببەستێتو بەوپێیە دەبوو ئەو ناوچانە چۆڵبکات کەلەسەردەمی سوڵتان سولەیمانی یەکەمەوە فەتحکردبوون[2]، شا لەوە زیاتر چوو و چاوی بڕییە گێڕانەوەی زیاتری زەویەکان، بەڵام لەو کارەیدا سەرکەوتوو نەبوو و

---

[1] فرید بك: ص٣٩٣.

[2] بازوکی، رضا: تاریخ إیران أزمغول تا أخشاریة ص٣٢٨، أوزتونا: ج١ ص٤٤٩.

ناچاربوو ئەو ڕێککەوتننامەیە نوێبکاتەوە، بەڵام بەردەوام بۆ دەرفەت دەگەڕا تا دەست بەسەر ناوچەکانی سەربە عوسمانیەکاندا بگرێت، لە ساڵی(١٠٣١ك/١٦٢٢ز) لەکاتی ڕوودانی چەند پشێویەکی ناوخۆیی لەئەنجامی تیرۆرکردنی سوڵتان عوسمانی دووەمدا ئەو دەرفەتەی بۆ گونجاو توانی بۆ ساڵی دواتر دەست بەسەر بەغداد دا بگرێت[1].

لە ساڵی(١٠٣٥ك/١٦٢٦ز)دا دەوڵەتی عوسمانی بەهۆی مردنی شا عەباسەوە پێشڕەوی بوارەکانی گرتەوەدەستو هەمەدانو بەغدادی گرتو سەفەویەکان ناچاربوون لە ساڵی(١٠٤٩ك/١٦٣٩ز)دا پەیماننامەی(قەسر شیرین) ببەستن کەبەو بنەڕەتە دادەنرێت کەدواتر پەیماننامە سنوورییەکانی دوو دەوڵەتی لەسەر دا دامەزران، سەفەویەکان دەستبەرداری شاری بەغداد بوونو دەوڵەتی عوسمانیش شاری(روان)یان بۆ سەفەویەکان چۆڵکرد[2].

لەسەرەتاکانی سەدەی هەژدەدا فارس دووچاری شاڵاوێکی وێرانکەربوو کەئەفغانەکان پێی هەستان، مەحموودی کوڕی ئوەیس والی قەندەهار حوسەینی سەفەوی ناچارکرد تا واز لەدەسەڵات بهێنێت[3]، ئەو باروودۆخانە گرنگیپێدانەکانی بوترووسی گەورەی قەیسەرەی ڕووسیان هەژاندو ئەو دەرفەتەی قۆستەوەو دەستیگرت بەسەر داغستانو قەڵاکانی دەربەندو باکۆی ڕۆژئاواییداو لەگەڵ شاتەهماسبی کوڕی شا حوسەیندا ڕێککەوتنێکی بەستو بەڵێنی پێدا ئەفغانەکان لەئێراندا دەربکات بەرامبەر بەوەی سەفەویەکان دەستبەرداری هەرێمەکانی قەزوینو گەیلانو مازیندەرانو ئەستەرئاباد بن[4].

دەوڵەتی عوسمانیش ئەو پشێویەی قۆستەوەو تا لەبەچڕاندنی بەشەکانی دەوڵەتی سەفەویدا بەشداری بکاتو ئەرمینیاو کەرەجو هەمەدانو روانو تەبریزی دایە پاڵخۆی[5].

لەئەنجامی ململانێ ناوخۆییەکان ناو ئێراندا شا ئەشرەف کەشا مەحموودی لە ساڵی(١١٣٧ك/١٧٢٥ز)دا کوشت ناچاربوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی نیازەکانی شا تهماسب لەگەڵ عوسمانیەکاندا هاوپەیمانی ببەستێت، شاتەهماسبیش هێرشی بردەسەر ناوچەکانی عوسمانیەکان

---

[1] هدايت، رضا قليخان: ملخصات تأريخ روضة الصفا ج٨ ص٤٠٤، دملان، أحمد زين الدين: الفتوحات الإسلامية بعد مضي الفتوحات النبوية ج٢ ص١٣٢.

[2] Hammer: IIPP ٤٨٣-٤٨٤K ٤٨٩-٤٩٠.

[3] الكركوكلي، الشيخ رسول: دوحة الوزراء في تأريخ الأوروبي الحديث: ص٢٥٨-٢٥٩.

[4] البطريق، عبدالحميد، ونوار، عبدالعزيز: التأريخ الأوروبي الحديث: ص٢٥٨-٢٥٩.

[5] تأريخ إسماعيل عاصم: ص٤٥-٤٩، فريد بك ص٣١٨، سرهنك: ص٢٠٦.

لەئێرانداو تەبریزو هەمەدانو کرمانشاهی گێڕایەوە، بەڵام لە ساڵی(١١٤٥ك/١٧٣٢ز)دا تووشی شکستێکی سەخت بوو لەتوربجانداو ناچاربوو پەیماننامەیەکی ئاشتی ببەستێت کەبەو پێیە وازی لەزۆرێك لەزەویەکانی هێنا بۆ عوسمانیەکان[1].

نادر شا کەبەکێك بوو لەوالیەکانی فارس لەگەڵ ئەو ڕێککەوتنەدا نەبوو، بۆیە شای لابردو عەبباسی کوڕی شیرەخۆری شای لەشوێنیدا داناو خۆی بووبە وەصی بۆیو نازناوی(تەهماسب قولی) لەخۆی ناو هێرشی بردە سەرناوچەکانی عوسمانیەکان جەنگێکی قورس لەعێراق لەنێوان هەردوولادا ڕوویدا، بەڵام نادرشا ناچاربوو لە ساڵی(١١٤٩ك/١٧٣٦ز)دا پەیماننامەی(تفلیس) لەگەڵ عوسمانیەکاندا ببەستێت تا دەستی بەتاڵ بێت بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشێك کە لەهەرێمی فارسدا ددژبە دەسەڵاتەکەی سەریهەڵدابوو، ئەو پەیماننامەیە بارودۆخەکانی گێڕایەوە بۆ ئەو بارەی لەپێش فراوانخوازی عوسمانی لەئێراندا هەبوو[2].

نادرشا هەوڵیدا مەزهەبی جەعفەری وەك مەزهەبی پێنجەمی سونی بچەسپێنێت بۆیە داوای لە دەوڵەتی عوسمانی کرد تا دانی پێدابنێت، بەڵام کاتێك دەوڵەتی عوسمانی بەرپەرچی دایەوە جەنگێکی گەورەی لەسەر هەڵگیرساند لەناوچەی جەزیرەی فوراتیداو گەمارۆی بەغدادی داو دەستیگرت بەسەر کەرکوکداو بەرەو موصڵو ئەرزڕوم پێشڕەوی کردو لەکۆتاییدا لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتبوو ڕازیبوو لە(روان) گۆڕانیچك لەسەرسنووری وڵاتی خۆی لەگەڵ عوسمانیەکان لەسەر کۆتا پەیماننامە بکاتو دەستبەرداری دواکەی بوو بەوەی دان بەمەزهەبە نوێکەیدا بنێت[3].

**پەیوەندی عوسمانی-نەمساوی و مەجەری:**

نەمسا دەرفەتی لەباری دەقۆستەوە تالەسەر حسابی عوسمانیەکان لەئەورووپادا فراوانخوازی بکات، جالەسەرەتاکانی سەدەی حەڤدەدا دەستی گرت بەسەر مەجەرداو لەڕووی هەرکەسێکدا خراپەی نواند کەیارمەتی عوسمانیەکانی دابێت، بۆیە دانیشتوان دژبە دەسەڵاتی نەمساوی ڕاپەڕینو دەوڵەتی عوسمانیش پاڵپشتی کردن لە ساڵی(١٠١٥ك/١٦٠٦ز)دا لەبەرژەوەندی هەردوولای عوسمانیو نەمساوی بوو کەبگەنە لێکتێگەیشتن بەهۆی نوێبوونەوەی مەترسی سەفەویەوە، هەروەك نەمسا لەپەهاویشتنی فتوحاتی ئیسلامی لەئەورووپادا ترسا، دانوستانەکانی ڕێککەوتن بەەبستنی

---

[1] الکرکوکلي: ص٢٨، فريد بك: ص٣٢١، سرهنك: ص٢٠٨-٢٠٩.

[2] الکرکوکلي: ص٣٥، سرهنك: ص٢٠٩.

[3] الکرکوکلي: ص٧٥-٧٦.

ڕێککەوتنی(زیتفاتوروك) لە(مانگی ڕەجەب/مانگی تشرینی دووەم)دا کۆتاییان پێهات تیایدا نەمسا لەپێدانی سەرانە ڕزگاری بوو سنووری نێوان دوو دەوڵەتیش کێشرا[1].

بەڵام نەمسا بەردەوام بەربەستێك بوو لەبەردەم فراوانخوازی عوسمانی لەئەورووپادا، هەردەبوو سەرشۆڕبکرابە، بۆیە عوسمانیەکان هێرشیان بسردە سەرناوچەکانی دەستڕۆیی نەمساوی قەڵای(نوهزول)یان فەتحکردو لەهەرێمی مورافیاو هەرێمی سیلیزیادا بڵاوبوونەوە[2].

لەئەنجامی ئەو پێشڕەویە عوسمانیەدا ئیمبراتۆر لیوپۆلد پەنای بۆ دەوڵەتە ئەورووپیەکان بردو فەڕەنسا یارمەتی دا، بەڵام عوسمانیەکان سەرکەوتنیان بەسەر هەردووکیاندا هێناو شاری(نوفیجراد)و قەڵای(سرڤار)یان فەتحکردو لەڕووباری(رابا) پەڕینەوەو لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی لەجەنگێکی قورس لە(سان جوتار)و لە(مانگی موحەڕەمی ساڵی ١٠٧٥ك/١ی مانگی ئابی ساڵی ١٦٦٤ز)دا پێکیاندادا، لەگەڵ سەرکەوتنی نارِوونی هاوپەیمانانەدا هەردوولا بڕیاری ڕێککەوتنیان داو بەوپێیە دەبوو سوپای عوسمانیەکان لەهەرێمی(ترانسلڤانیا) پاشەکشەبکەونو(ئەبافی) وەك فەرمانڕەوای ئەوێ لەژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا دەستنیشان بکرێتو وڵاتی مەجەڕیش لەنێوان هەردوولادا دابەش بکرێت[3].

لەڕاستیدا جەنگی نێوان هەردوولا لە ساڵی(١٠٩٣ك/١٦٨٢ز)دا نوێبوویەوە، جادوژمنایەتی تەقلیدی نێوان ڤیەنناو پاریس یەکێك لەو هۆکارانەبوو کەبەشداریان لەنوێبوونەوەی ئەو جەنگەدا کرد.

ڕووداوە سیاسیەکان بەخێرایی بەئاڕاستەی پێکدادان دەچوون کاتێك باری ناوخۆیی لەمەجەڕ بەهۆی ئەو شۆڕشەوە کەوتە کڵپەو ناکۆکی کەدژبە بنەماڵەی هابسبۆرگ هەڵگیرسا، خانەدانە مەجەڕیەکانو لەسەرو هەموشیانەوە(توکلی) پێشنیاریان بۆ سوڵتان موحەمەدی چوارەم کرد تاچی ناوچەی ژێردەسەڵاتی نەمساوی هەیە ملکەچی بکات بەرامبەر بەوەی سەرانەیەکی ساڵانەی پێبدەن، سوڵتانیش بەسەرکردایەتی سەدری ئەعزەم قرا موستەفا پاشا سوپایەکی زۆری بۆ جەنگی دژبە ئیمبراتۆر ئامادەکرد، ئەمەیش لە(مانگی جەمادیلئولای ساڵی ١٠٩٤ك/مانگی ئایاری ساڵی ١٦٨٣ز)دا بوو و توکلیش دایە پاڵ ئەو سوپایە[4].

---

[1] تاريخ نعيما: ج١ ص٤٥٥-٤٥٨.

[2] أوزتونا: ج١ ص٥٠٦، فريد بك: ص٢٩٥، سرهنك: ص١٧١-١٧٢.

[3] فريد بك: ص٢٩٧.

[4] جودت، أحمد: تاريخ جودت: ج١ ص٦١، كولز: ص١٩١..stoye, J: The siege of Vienna: P٤١

سوپای ئیمبراتۆر چاوەڕێی ئەوەی دەکرد لەلایەن ئیسپانیاو پورتوگالو پۆڵندەوە یارمەتی پێبگات، بۆیە لەسەرخۆ گەڕایەوە بۆ ڤیەننا، لە(مانگی ڕەجەب/مانگی تەمووز)دا عوسمانیەکان لەبەردەم شارەکەدا دەرکەوتن‌و گەمارۆیان لەسەر دانا، خەریکبوو شارەکە خۆی بدات بەدەستەوە ئەگەر گەیشتنی سوپای ئیمبراتۆری ئەڵمانی نەبوایە کەتوانی بەیارمەتی لەگەڵ چەند دەستەیەکی پۆڵەندیدا لە(قاهلنبروگ)ی ناوچەیەکی ڤیەننا لە(مانگی ڕەمزان/مانگی ئەیلولدا) عوسمانیەکان تووشی شکست بکەن‌و ناچاریان کرد تاگەمارۆی سەر پایتەخت هەڵبگرن[1]. جەنگی ڤیەننا لاوازی دەوڵەتی عوسمانی ئاشکراکرد، ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ قۆناغێکی نوێی لەپەیوەندی لەگەڵ ئەورووپادا کەبەرەو گرتنەبەری سیاسەتێکی هێرشبەری دەچوو، جا کەشتیگەلە بندوقیەکان هێرشیان بردە سەر کەناراوەکانی وولاتی یۆنان‌و مۆرەو زۆربەی شارەکانیان داگیرکردن، هەروەك نەمسا هەڵمەتەکانی خۆی بۆ دەرکردنی عوسمانیەکان لەمەجەڕ دەستپێکردو هێزەکانی دەستیان بەسەر چەند شارێکدا گرت بودین‌و نیش‌و ئورلو، هەروەك لە(مانگی شەوالی سالّی ١٠٩٩ك/مانگی ئەیلولی سالّی ١٦٨٨ز)دا هێرشێکی بردەسەر بەلگراد[2].

ڕووسیا ئەوبارە پەژارییەی قۆستەوەو چوویە سەر هێڵی سیاسی‌و نیازی هەبوو دەروازەیەکی دەریایی پەیدابکات کەبیگەیەنێت بە ڕۆژهەلات بوترووسی گەورە خەونەکەی خۆی بەدیهێنا کاتێك دەستیگرت بەسەر قەلای(ئازوق) لە باکووری دەریای ڕەشدا، زنجیرەی ئەو جەنگانە بەئیمزاکردنی پەیمانامەی(کارلوڤیتز) لە(مانگی ڕەجەبی سالّی ١١١٠ك/مانگی کانوونی دووەمی سالّی ١٦٩٩ز)دا کۆتایی پێهات کەبەو پێیە دەوڵەتی عوسمانی دەستبەرداری هەموو وولاتی مەجەڕو ترانسلڤلنیابوو بۆ نەمساو واز لەهەموو بۆدولیاو ئۆکرانیا بۆ پۆڵەندا[3].

دەوڵەتی عوسمانی هێندەی هەناسەیەکی بەبەردا هاتەوە ئارامی نەگرت‌و سولّتان ئەحمەدی سێیەم بڕیاری دا ئەو زەویانە بگێڕێتەوە کە عوسمانیەکان لەمۆرە لەدەستیان دابوو، بۆیە جەنگی دژبە بندوقیەی ڕاگەیاندو چەند شارێکی لێ فەتحکرد لەوانە(کورنسەو ئەرغوس) بندوقیەش پەنای بۆ لای نەمسا بردو ئەوکات ئیمبراتۆر دەستی وەردایە جەنگەکەوەو سەرکردە بوجین لە(بیترڤاردن) سەرکەوتنێکی یەکلایی بەدەستهێناو دەستیگرت بەسەر(تمشغوار)ی‌کۆتا قەلای عوسمانی لەمەجەڕو

---

[1] Viennas secodnsigeandits Historical setting PP ٢١٧-٢٧٧, Barker, Th: Double Eagleand the crescent.

[2] فريد بك: ٣٠٢-٣٠٣، ٣٠٥-٣٠٦، أوزتونا: ج١ ص٥٤٧-٥٥٢.

[3] فريد بك: ص٣٠٨-٣١١، أوزتونا: ج١ ص٥٧١-٥٧٨، سرهنك: ص١٩١-١٩٢.

زۆربـەی هـەرێمی بەغـداو شـاری بـەلگراد، بـەڵام سیاسـەتی ئیـسپانی لـەئیتالیا بـەو پێـشڕەویە سـەرکەوتنەی نـاڕازیبوو، هـەروەك جیـاوازی ئاڕاسـتەی سیاسـیو ئایینیـەکانی نێـوان نەمـسایىو مەجەڕیـەکان هۆکـارێکبوو کـەپاڵی بـەئیمبراتۆری نەمـساویەوە نـا تـا لـە(مـانگی ڕەجـەبی سـاڵی ١١٣٠ك/مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٧١٨ز)دا پەیماننامـەی(پـساروفیتز) لـەگـەڵ عوسمانیەکانـدا ببەستێت کەبەو پێیە بابی عالی دەستبەرداری بەلگرادو هەموو ناوچـەکەی لەناوەڕێژگـەی ڕووبـاری دانوب بوو بۆ نەمساو بندوقیەکانیش دەبوو مۆرە چۆڵبکەن[1].

دەوڵەتی عوسمانی لەسەردەمی سوڵتان سەلیمی سێیەمدا بەرەوڕووی شکستی زیـاتر بوویـەوەو زۆربەی زەویەکانی خۆی لەبەردەم پێشڕەوی نەمساو ڕوویـسادا لـەدەست داو نەمـسا دەسـتیگرت بەسەر زۆربەی زەویەکانی ئەفلاقو بەغدانو بساربیاداو سەربازەکانی ڕۆچوونە ناو وولاتـی سـڕبو دەستیانگرت بەسەر شاری(بخارست)دا، لەگاتێکدا ڕوویسا دەستیگرت بەسەر شاری(بندر)دا[2].

لەکۆتاییدا نەمسا دوای مردنی ئیمبراتۆر لـە سـاڵی(١٢٠٤ك/١٧٩٠ز)و زیـادبوونی فـشاری ئەورووپی لەسەر ناچاربوونی لە شاری(زشتوی) لەسـەر ڕووبـاری دانـوب پەیماننامەیـەکی ئـاشتی لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا مۆربکات کـەبارووددۆخی بـەلقانو پەیوەندیـەکانی عوسمـانی-نەمـساوی ڕێکخست[3].

**پەیوەندی عوسمانی-ڕووسی:**

سیاسەتی ڕووسیا بەرامبەر دەوڵەتی عوسمـانی لەسـەردەمی بوترووسـی گـەورەدا ڕوون بوویـەوە پاڵنەرە سیاسیو ئـابووریو ئایینیـەکان بـەردەوام هانیـان دەدا تادەستبەسـەر گـەروەکانو پایتـەختی عوسمانیـدا بگرێـت تابگاتـە دەریـای سـپی ناوەڕاست، بـەڵام پرۆژەکـانی بـەردەوام لەگـەڵ بەرژەوەندیەکانی لەگەڵ دەوڵەتە ئەورووپیەکاندا پێکیدا دەدا، بوترووسی گـەورە تـوانی ڕووبـەڕووی لەسنووری باکووری دەریای ڕەشەوە فراوان بکات لەگەڵ ئەوەی هێزەکـانی لـەڕووی سـەربازیەوە لەبەردەم هێزە عوسمانیەکاندا پاشەکشەیان کردو یەك لەدوای یەك دەسـتبەرداری چـەند ناوچـەیەکی باکوور بوون بەتایبەت قەڵای(ئوزوۆ) بەپێی پەیماننامەی(فلکزن) کەلە(مانگی جـەمادیلئاخیری سـاڵی

---

[1] أوزتونا: ج١ ص٦٠١، سرهنك: ٢٠٤-٢٠٥.

[2] فريد بك: ص٣٦٣.

[3] هەمان سەرچاوە: ص٣٦٤-٣٧٠.

١١٢٣ك/مانگی تەمووزی ساڵی ١٧١١ز)دا ئیمزاکراو پەیماننامەی(ئەدرنە) کەلە(مانگی جەمادیلئاخیری ساڵی ١١٢٥ك/مانگی تەمووزی ساڵی ١٧١٣ز)دا ئیمزاکرا[1].

دوژمنکاری نێوان دەوڵەتی عوسمانیو ڕووسی دوای مردنی بوترووسی گەورە لە ساڵی(١١٣٧ك/١٧٢٥ز)دا بەردەوامبوو و ڕووسیا لە ساڵی(١١٥٢ك/١٧٣٩ز)دا یەکەمین سەرکەوتنەکانی خۆی بەپێی پەیماننامەی بەلگراد بەدەستهێنا کەبەوپێیە عوسمانیەکان دەستبەرداری بەندەری(ئازوڤ) بوون بۆ ڕووسیا[2].

ڕووسیا لەسەردەمی کاترینی دووەمدا سیاسەتی فراوانخوازی خۆی دەستپێکردو هەموو ڕووداوێکی هەرێمی یان نێودەوڵەتی بۆ بەدیهێنانی نیازەکانی خۆی دەقۆستەوە، دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی(١١٧٧ك/١٧٦٤ز) بەهۆی دەستوەردانی لەکێشەی پۆڵەندیدا چوویە کەشێکی پێکدادان لەگەڵ ڕووسیادا[3].

سوپا عوسمانیەکان لەبەردەم شکانی ڕووسیدا پاشەکشەیان کردو ڕووسیا لە(کۆتاییەکانی ساڵی ١١٨٣ك/سەرەتاکانی ساڵی ١٧٧٠ز)دا چوونە ناو هەرێمی بەغدانو لەڕووباری دانوب پەڕینەوەو دەستیانگرت بەسەر(بخارست)دا، پاشان بەنگیان گواستەوە بۆ وولاتی یۆنان تالەچەندین بەرەوە لە عوسمانیەکان بدەن، دەرياییەکانیان لەکەنداوی(چشمە) لەسەر کەناراوی ئاسیای بچووکدا سەرکەوتنیچکی ڕوونیان بەسەر دەریایی عوسمانیدا بەدەستهێناو هەڕەشەیان لەئەستانبوڵی پایتەخت دەکرد[4]، لە باکووریشەوە سەپا ڕووسیەکان دەستیان بەسەر قەڵاکانی ئیسماعیلو کلیو بەندەرو ئاق کرماندا گرتو نیمچەدوورگەی(قرم)یان ملکەچکردو خستیانە ژێر دەستی خۆیانەوە[5].

لەئەنجامی فراوانبوونی ڕووبەری جەنگەکەدا دەوڵەتە ئەورووپیەکان ترسیان لەهەژموونی ڕووسی بەسەر بەلقانو ملکەچکردنی دەوڵەتی عوسمانی بۆ خواستەکانی خۆی لێنیشت، بۆیە هەریەك لەنەمساو پروسیا کەوتنە نێوان هەردوولا لەبەرئەوەی ڕووسیا ڕێکەڕیکی لەداخوازیەکانیدا دەکرد دانووستانەکانی(بخارست) سەریان نەگرتو هەردەبوو چالاکیە سەربازیەکان دەسپێکەنەوە،

---

[1] تأريخ جودت: ج١ ص٦٤-٦٦، فريد بك: ص٣١٤-٣١٥، أوزتونا: ج١ ص٥٩٧.

[2] Hurewitz, J.c: The Middie Fast and North Africa in world politics, adocamentary Record IP٧١.

[3] فريد بك: ص٣٣٤-٣٣٦.

[4] تأريخ جودت: ج١ ص٨٧-٨٨، Saul,N,Eirussian and the Mediterranean: P٨. فريد بك: ص٣٣٤-٣٣٦.

[5] سرهنك: ص٢٢٣.

عوسمانیەکان لەوقۆناغەدا چەند سەرکەوتنێکیان بەدەستهێناو لە ساڵی(١١٨٧ك/١٧٧٣ز)دا ڕووسیایان لەبەلقاندا دەرکرد[١]، بەڵام ڕووسەکان لە(شملا) وە بۆ ڕۆژئاوای ڤارنا لە ساڵی دواتردا سەرکەوتنێکی گرنگیان بەدەستهێناو عوسمانیەکان ناچارکردن تا پەیماننامەی(کوتشك ڤینارجی) لە(مانگی جمادیلئاخیری ساڵی ١١٨٨ك/مانگی تەمووزی ساڵی ١٧٧٤ز) دائیمزابکەن کەبەپێیە ڕووسەکان چەند دەستکەوتێکی بێشوماریان بەدەستهێناو کۆتاییان بە دەسەڵاتی عوسمانی بەسەر دەریای ڕەشداهێنا[٢]، هەروەك بەپێی پەیماننامەی(یاش) لە(مانگی جەمادیلئولای ساڵی ١٢٠٦ك/مانگی کانوونی دووەمی ١٧٩٢ز)دا بەسترا بەیەکجارەکی دەستیان گرت بەسەر وولاتی قرمدا[٣].

**پەیوەندی عوسمانی-فەرەنسی:**

سیاسەتی فەرەنسا لەسەردەمی پاشا فرانسوای یەکەمەوە وایکرد پەیوەندی بە دەوڵەتی عوسمانیەوە دۆستانەوگەشەسەندوبێت، ئەگەر ئەو پەیوەندیە جۆرە ناجێگیریەکی لەچەند کاتێکی نزیك یان دووردا بەخۆیەوە دەبینی، زووبەزوو ئەو ناجێگیریە ئاوا دەبوو، لەڕاستیدا فەرەنسا چەند نیازێکی لە ڕۆژهەڵاتدا هەبوو و هەوڵیدەدا بەتەنها مافو تایبەتمەندیە بازرگانیو سیاسیەکان بەدەستبخات، ئابووریناسی بەناوبنگ کوبێر کاتێك پێشڕەوکاری لەفەرەنسادا گرتەدەست گەیشتە بیرۆکەیەك ئەویش ئەوەبوو بازرگانی فەرەنسا گەشەناکات تەنها لەڕێگەی لاوازکردنی دوورکەبەرە بازرگانیەکەیەوە نەبێت کەئینگلتەراو هۆڵەندابوون، وێڕای فراوانخوازی لەدەرەوەی کیشوەری ئەورووپادا، ئەو پێی وابوو بچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ عوسمانیەکاندا کارەسات بۆسەر فەرەنسای لێدەکەوێتەوەو بەدیبلۆماسیەتی خۆی توانی بگاتە جۆرە لێکتێگەیشتنو ڕێککەوتنێك لەگەڵیدا ئەمەش لە(کۆتایی مانگی سەفەری ساڵی ١٠٨٤ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٦٧٣ز)دا بوو کەبەو پێیە چەند مافێکی نوێ درا بەفەرەنسا[٤]. هەرکە سەدەی هەژدە هات ئەستێرەی ڕووسیا لەئاسمانی سیاسی ئەورووپیدا دەدرەوشایەوەو سیاسەتە فراوانخوازیەکەی هەریەك لەدەوڵەتی عوسمانی و

---

[١] کامل، مصطفی: المسألة الشرقیة: ص٣٠، ٣٣-٣٤.

[٢] تأریخ جودت: ج١ ص٣٩٨-٤١١، ٦١-٥٤. Hurewitz: IPP ٥٤-٦١.

[٣] Marriot,J.A: The Eastern Question P ١٤٠; Creasy,E.S: Histoey of the Ottoman Turks IIPP ٤٩٨-٥٠٣.

[٤] صباغ: ج١ ص١٦١-١٦٢، خوري و إسماعیل: السیاسة الدولیة في الشرق العربي ج١ ص١٧-١٨.

دەوڵەتی فەڕەنسی تووڕەکرد، بەرژەوەندی هەردووکیان لەوەدا بوو ڕێگەبە ڕووسیانەدەن بگاتە ئاوە گەرمەکان.

هەستی فەڕەنسیەکان بەو مەترسیانە زیادیکرد کەبەهۆی پێشڕەوی ڕووسیاوە بەرەوڕووی وڵاتەکەیانو ساغو سەلامەتی بازرگانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەیان دەبوویەوە، جەنگی میراتگری نەمساوی ناچاریکردن تالەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا هاوپەیمانی ببەستن تاپاڵپشتی هەڵوێستی سەربازی خۆیان لەبەردەم نەمساادا بکەنو بەرامبەر چالاکی زیادبوونی ڕووسی بوەستنو بەرەوڕووی مەترسیەکانی ئەو کۆبوونەوە ئەورووپیە ببنەوە کەلەئەنجامی هەڵگیرسانی شۆڕشی فەڕەنسی لە ساڵی(١٢٠٣ك/١٧٨٩ز)دا پەیدابوو.

شیاوی باسە گرنگی گەورەیی دەریای سپی ناوەڕاستو وڵاتەکانی سەرکەناراوەکانی بۆ بازرگانی ڕۆژهەڵاتو دڵنیاکردنی پەیوەندیەکانی نێوان ئەورووپاو هیند لەبیرو ئەندێشەی پیاوانی شۆڕشدا ون نەبوو، بۆیە بڕیاریاندا بەرگری لەبوونی فەڕەنسی لەوبەشەی جیهاندا بکەن، لەکاتێکدا ڕکەبەری نێوان ئینگلتەراو فەڕەنسا لەوێدا تەواو توندبووبوویەوە.

مصر کەبەناو ملکەچی دەوڵەتی عوسمانی بوو جێی چاوتێبڕینی هەردوو دەوڵەت بوو چونکە دەکەوتە سەر ڕێگەی هیند، بۆیە ئینگلتەرا لە ساڵی(١٢٠٨ك/١٧٩٤ز)دا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ فەرمانڕوا مەمالیکەکانی مصردا بەست کەبەو پێیە دەرفەتی چەند مافێکی گرنگی بازرگانی پێدرا.

ئیمزاکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیە فەڕەنسای تووڕەکرد، بەتایبەت کەقونسوڵی فەڕنسی لەقاهیرە نەیتوانی هۆگریو دۆستایەتی مەمالیکەکان بەدەستبخات، بۆیە سەرکردەکانی شۆڕش بڕیاریاندا هێرش بکەنەسەر ئەو وڵاتەو بیخەنە ژێردەستی خۆیانەوە، بۆ ئەمەش لە(کۆتاییەکانی ساڵی ١٢١٢ك/بەهاری ١٧٩٨ز)دا بەسەرکردایەتی ناپلیۆن بۆناپرت هەڵمەتێکی سەربازیان نارد تاداگیری بکات، سەرکردەی فەڕەنسی تسوانی دابەزێتە سەر ووشکانیو دەستیگرت بەسەر ئەسکەندەریەداو ئەو مەمالیکەکانەی لەجەنگی بەناوبانگی(ئەهرام)دا شکاند کەبەرەوڕووی بوونەوە و لەئەنجامی ئەوەشدا چوویە ناو شاری قاهیرە، بۆئەوەی دانیشتوانو دامودەزگا عوسمانیەکان ڕازیبکات ڕایگەیاند ئەو وەك داگیرکەر نەهاتووە بەڵکو هاوپەیمانی دەوڵەتی عوسمانیەو هاتووە تا دەسەڵاتی عوسمانی بچەسپێنێتو دژبە مەمالیکە شۆڕشگێڕەکان بجەنگێت، کاتێك ئینگلتەرا بەم هەڵمەتەی زانی، کەکەشتیگەلێکی دەریایی ناردو لە(ئەبی قیر) لەگەڵ کەشتیگەلی فەڕەنسیدا پێکیداداو کەشتیگەلی فەڕەنسی تێکشکاند، بەمەش پەیوەندی نێوان ناپلیۆنو فەڕەنسا بچڕا.

ناپلیۆن هەستی بەگرنگی ئەو گوورزەکردو هەوڵیدا باری خۆی لەمصردا چاکبکاتەوە، دیپلۆماسی بەریتانیو ڕووسی سەرکەوتنیان بەدەستهێناو بابی عالییان هاندا تالەگەڵیاندا هاوپەیمانی ببەستێت دژبە فەرەنسا، لەکاتێکدا بەناچاری هەوڵیدا دەوڵەتی عوسمانی دڵنیابکات کەنیازی ئاشتی هەیەو ئامانجی لەهێرشەکە ئینگلیزەرایە[1].

لەئەنجامی سەرنەکەوتنی ناپلیۆن بۆ کرمۆکردنی پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو مصریەکان، ناپلیۆن کەتە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی نوێو هەڵمەتێکی نارد بۆ وڵاتی شامو پێشی ئەو هێرشەی دایەوە کەلە باکوورەوە چاوەڕوانی دەکرد[2]، ئەو چەند هەواڵێکی لەبارەی پێشڕەوی سوپای عوسمانی بەئاراستەی سنووری مصری پێگەیشتبوو، جادەستیگرت بەسەر فەلەستینی باشووردا و گەیشتە عەککاو ئەحمەد پاشای جەزاری فەرمانڕەوای ئەوێ ئامادەنەبوو هاریکاری لەگەڵدا بکات، ئەویش لە(مانگی شەوالی ساڵی ١٢١٣ك/مانگی ئازاری ساڵی ١٧٩٩ز)دا گەمارۆی لەسەر دانا، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەنێو سەربازەکانیداو یارمەتی سیرسنی سمیس لەدەریاوە بۆ شارەکەو هۆشیاریو بێداری فەرمانڕەواکەیەوە ناچاربوو گەمارۆی سەرشارەکە هەڵبگرێت[3]. دوای ئەوە ناپلیۆن ناچاربوو بەهۆی نالەباری بارودۆخی ناو ئەورووپاوە بگەڕێتەوە بۆ فەرەنساو سوپای فەرەنسی بە سەرکردایەتی(کلیبەر) لەمصردا بەجێهێشت، کلیبەر هەوڵیدا هەر لەسەرەتای دەسەڵات وەرگرتنیەوە چەند دانووستانێك لەگەڵ عوسمانیەکاندا بکات لەپێناو ئەوەی بگەنە چەند مەرجێکی لەبار بۆ دەرچوونی فەرەنسیەکان لەمصر لەئەنجامی دانووستنەکانا لە(مانگی شەعبانی ساڵی ١٢١٤ك/مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٠٠ز) لەعەریشدا ڕێککەوتنێك ئیمزاکرا، بەڵام نارەزایی ئینگلتەرا لەخاڵەکانی ڕێککەوتنەکە نەیهێشت ئەو ڕێککەوتنە بکەوێتەکار، پاشان واڕوویدا لە(مانگی سەفەری ساڵی ١٢١٥ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٠٠ز)دا کلیبەر کوژراو سەرکردە عەبدوڵا منو سەرکردایەتی هێزە فەرەنسیەکانی گرتەدەست، هەردوو دەوڵەتی عوسمانیو بەریتانی یارمەتی یەکتریان دا تافەرەنسیەکان لەمصر دەربکەنو سوپاکانیان توانیان لەجەنگی ئەسکەندەریە لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ١٢١٥ك/مانگی ١٨٠١ز)دا بەسەر عەبدوڵا منودا سەرکەونو قاهیرەیان گرتەدەست ئینگلتەرا لە(مانگی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١٢١٦ك/مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٨٠١ز)دا کەوتە هەوڵی دوورخستنەوەی فەرەنسیەکان لەسەر کەشتیەکانیان[4].

---

[1] شكري، محمود فؤاد: الحملة الفرنسية وخروج الفرنسيين من مصر: ص٧٠-٧٣، ١٢٣، خوري وإسماعيل: ج١ ص٩٦-١٠٠، ١٠٨-١٠٩.

[2] فيشر، هربرت: تأريخ أوروبا في العصر الحديث ص٥٤.

[3] الترك: المعلم نقولا: ذكر تملك جمهور الفرنساوية الأقطار المصرية و البلاد الشامية ص٧٦، ٩٦-٩٧، خوري و أسماعيل: ج١ ص١٢٣-١٢٤.

[4] الترك: ص١٥٢-١٥٣، ١٦١-١٦٤.

## قۆناغی چاکسازیو گۆڕانو ڕێکخستن لەسەدەی نۆزدەدا تادەرچوونی دەستووری ساڵی ١٨٧٦ز

### چاکسازیەکانی مەحموودی دووەم(١٢٢٣-١٢٥٥ك/١٨٠٨-١٨٣٩ز)

سولتان مەحوودی دووەم لەسەرەتای ژیانی سیاسیەوە بەرەورووی چەند تەنگژەیەکی مەترسیداربوویەوە کەخۆیان دەبینیەوە لەهێرشی ئینکیشاریەکانو زانایان لەناوخۆداو زیادبوونی دەرمارگیریەکانی ناوهەرێمەکانو دەرکەوتنی بزوتنەوەی وەهابیەت لەحیجازو دووچاربوونی دەوڵەت بەفشاری فارسی لەعێراقو چالاکی ڕووسیا لەورووژاندنی نەتەوەکانی بەلقان، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی لەڕوویاندا بوەستێت، بۆیە سیاسەتی بەهێزکردنی دامودەگا سەربازیو شارستانیەکانی دەوڵەتی گرتەبەر بەئەنجامدانی چەند چاکسازیەك کەتوانای وەستانو بەرەو پێشەوەچوون بەدەوڵەت ببەخشن جالە سەرئاستی سەربازی لەهەوڵێکی بێباکبون لەبەکارهێنانی بەکرێگیراواندا بەبەسەربازکردنی بەزۆر بەستو بەچەکی نوێ پڕچەکی کردو لەسەر نوێترین شێوازە سەربازیە ڕۆژئاواییەکان ڕایهێنان، دوای ئەوەلایکردەوە بەلای نوێکردنەوەی دەستەوتاقمە ئینکیشاریەکاندا تالەگەڵ دەستە سەربازیە نوێکانی سوپادا ڕێکەن، بەڵام ئینکیشاریەکان ئامادەنەبوون هیچ گۆڕانێك لەڕێکخستنەکانیاندا بکەن، ئەویش لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ١٢٤١ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٢٦ز)دا قەسابخانەیەکی بۆ نانەوەو تیایدا لەناویبردن، پاشان فرمانێکی دەرکردو دەستەتاقمەکانی ئینکیشاری لەدەزگای سەربازی دەوڵەتدا لەکارخستو هێڵی شەریفی دانا تاسوپایەکی نوێ بەپێی ڕێکخستنە نوێ ئەوروپیەکان دابمەزرێنێت، هەروەك چەند دەستەیەکی سەربازی ناتەنزیمیشی لەکارخست بەمە هەموو سوپا لەسەربازی تەنزیمی پێکدەهات، پاشان کۆمەڵە نەیارو بەرهەڵستکارەکانی لەناوبرد، عوسمانیەکان جەنگی لەناوبردنی ئینکیشاریەکان بە(وقعة خيرية) ناودەبەن[1].

لەسەر ئاستی شارستانی دەستکەوتێکی گرنگی لەگەشەپێدانی دەزگای کارگێڕیدا بۆ شکۆدارکردنی دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بەدەستهێنا، ئەوکاری حکومی ڕێکخستەوەو بازنەی دەزگا حکومیەکانی فراوانکردو نەریتی پێدانی پایە حکومیەکان وەك پابەندی یان ئیقتاعەکان پووچەڵکردەوەو نیزامێکی نوێی داهێنا بۆ دانانو بەرزکردنەوەو مووچەپێدان، ئەوڕێکخستنە سەرەتاییەی فێرکردنی گۆڕی لەئەستۆی دەوڵەتدابوو و خوێندنگەی دامەزراند تاخوێندکاران بۆ

---

[1] أوزتونا: ج١ ص٦٧٦-٦٧٧، مصطفى: ص١٩٠، Lewis: PP ٧٨-٨٠; shaw: I١٢٩.

داهتوو ئامادەبكات لەخوێندنگە جیاجیا سەربازیو دەریاوانیو پزیكشكیەكاندا، نیزامی بەردی تەندروستی دامەزراندو دەستو تاقمی خوێندنی بۆ دەرەوە ناردوو هەوڵیدا نەریتە كۆنەكان بەپەیڕەوی نەریتە ئەورووپیەكان بگۆڕێتو مێزەری گۆڕی بەتەربووشو بەرگی ئەورووپی پۆشیو كارگێڕی هەرێمەكانی ڕێكخستەوەو لە ساڵی(١٢٤٦ك/١٨٣٠ز)دا یەكەم سەرژمێری دانیشتوانی ئەنجامدا[1].

دەی ئایا سوڵتان مەحموودی دووەم ئامانجی خۆی بەدیهێنا؟ بەپەلە وەڵام دەدەمەوەو دەڵێم نەخێر، چونكە ئەو هەوڵانەی جێبەجێكردن لەگەڵ گرنگیاندا نەبوونە هۆی ئەوەی دەوڵەت بگێڕنەوە بۆ تواناكانی خۆی لەسەركەوتنی لەململانێی لەگەڵ دژومنانی دەرەوەیدا ئەگەرچی توانیبێتی لەناوەوە قەڵەمڕەوو دەسەڵاتی خۆی بگێڕێتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی نەیتوانی بزووتنەوە جیاخوازیەكانی یەلقان لەناوببات، هەروەك بۆ ملكەچكردنی وەهابیەكان لەحیجازو لەناوبردنی شۆڕشی یۆنانی پەنای بۆ موحەمەد عەلی والی مصر برد، كاتێك مەحەمەد عەلیش لە دەسەڵاتی دەرچوو نەیتوانی ملكەچی بكات، پاشان خۆی دابەدەست داواكانی دەوڵەتە ئەورووپیەكانەوە كاتێك بۆ چارەسەری ئەوگرفتانە بەپێی بەرژەوەندی خۆیان دەستیان وەردایە ناودەوڵەت، بەڵام چاكسازیەكانی بنەڕەتی پرۆژەكانی جێگیرە چاكسازیخوازەكانی بوون، لەسەردەمی ئەودا فەرەنسا لە(مانگی زیلحەجەی ساڵی ١٢٤٥ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٣٠ز)دا جەزائیری داگیركرد، گرتنی ئەو وڵاتە نیشانەیەكی جیاكەرەوەی پاشەكشەی دەوڵەتی عوسمانیو دواتر لاوازبوونی شانوشكۆی بوو[2].

[1] رافق عبدالكريم: العرب والعثمانيون ١٥١٦-١٩١٦: ص٣٧٩، عمر، عمر عبدالعزيز: تاريخ المشرق العربي ١٥١٦-١٩٢٢: ص٢٧١-٢٧٢..Lewis: Ibid P ٨٣

[2] عبدالكريم: ص٤١٠-٤١١، ٤١٦، الز: ص٦٥٠-٦٥١، ٦٥٤.

## چاکسازیەکانی عەبدولمەجدی یەکەم( ١٢٥٥-١٢٧٧ك/١٨٣٩-١٨٦١ز)

**مەنشووری گولـەخان:** سـولتان عەبدولمەجیـدی یەکـەم شـوێنی سـولتان مـەحموودی دووەمـی گرتەوە، ئەو هێشتا منداڵ بوو تەمەنی نەدەگەیشتە سیانزە ساڵ، لەسەرەتای ژیانی سیاسیەوە کێشەی مـصر بەهـەموو لایـەنو مەترسـیو بەربەسـتو گرفتەکانیـەوە بـۆ مایـەوە، جـا سـوپا مـصریەکان ڕۆچووبوونە ناو زەویە عوسمانیەکان، ئەمە وایکرد ئەو گرفتەو پرسی ڕۆژهەڵاتو کێشەی هاوسەنگی ئەوروپی بەگشتی جێی باسو تێڕوانین بێـتو سـەرلەنوێ دەوڵەتـە ئەوروپیـەکان بـۆ بـەدیهێنانی دەروازەیەکی لەبار کەهەمولایەك ڕازیبکات دەستیان وەردایە باسەکە، موحەمەد عەلی پاشا تەنگژەی لەدەستدانی هەرێی مصر تێپەڕاند دوای ئەوەی بەپێی پەیماننامەی لەنـدەن لـە(مـانگی جـەمادیلئولای ساڵی ١٢٥٦ك/مانگی تەمووزی ساڵی ١٨٤٠ز)دا لەووڵاتی شام دەرچوو[1].

ئاراسـتەگانی سـولتان لەگـەڵ خواسـتەکانی موسـتەفا ڕەشـید پاشـای وەزیـری دەرەوەیـدا لەدەرکردنی دەستورێکدا یەکیان گرت کەمافە بنەڕەتیەکانی هاوڵاتیان دیاری بکـاتو ئـەو خراپانـە لابـات کەلـە کـارگێڕی دەوڵەتـدا تـەواو دیـاربوونو سـۆزی هەریـەك لەئینگلتـەراو فەرەنـسا بەدەستبخاتو لەدوژمنکاری ڕووسیا دڵنیابێتو ڕێنەدات گەلانی دەوڵەت لەدژی شۆڕش بگێـڕن، پاشان ئەوەی دەقی دەستورەکە ئامادەکرا، لە(٢٥ی شەعبانی ساڵی ١٢٥٥ك/٣ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٨٣٩ز) لە کۆشکی گولەخانەدا ڕاگەیەنرا، بۆیە بۆیە بـەوناوەوە ناسـرا، لەئـەنجامی ئەمـەدا سەردەمێکی نوێ دەستپێکرد کەبەسەردەمی ڕێکخستنە خەیریە عوسمانیەکان ناو دەبرێت[2].

لێرەدا پەیوەستیەك هەیە لەنێوان ڕازیبـوونی سـولتان بـەدەرکردنی ئـەو بڵاوکـراوەو شکـستی عوسمانی لەبەردەم هێزە مصریەکان لەنسین لەلایەكو خواستی دەوڵەت بـۆ بەدەسـتهێنانی پاڵپـشتی دەوڵەتە ئەوروپیەکان لەهەڵوێستی لەگرفتی مصری لەلایەکی ترەوە[3].

لەڕاستیدا بڵاوکراوەکە بیرۆکەی نـوێی لەخۆنـەگرتبوو و هەوڵیـدەدا بـەئامانجی وەفـاداری بـۆ داخوازیەکانی چاکسازیخوازان بەبێ بەکەم دانـانی هێـزە پارێزگارەکـان کـۆنو نـوێ تێکـەڵ بەیـەك

---

[1] بازیلی،قسطنطین میخائیلو فیتش: سوریاو لبنان وفلسطین تحت الحکم الترکي من الناحیتین السیاسیة والإجتماعیة ص٢٤٨-٢٤٩، ٣٠٠، فرید بك: ص٤٦٥: مصطفی کامل: ص٩٩.

[2] الحصري، ساطع: البلاد العربیة والدولة العثمانیة ص٨٧، Davison, R.H: Reformintne Ottoman Epire P ٣٨.

[3] Davison, R.H: Reformintne Ottoman Epire P ٣٨

بکات[1]، لەڕاستیدا ئەو دەربڕینە دوانەییەی کەدیویست هەستی ئوممەتی ئیسلامی ڕازیکاتو سۆزی مەسیحیەکانیش بەدەستبخات کاریگەری لەپێکەوە نەگونجانێکدا نایەوە کەئەویش نەگونجانی بوو لەگەڵ شکۆدارکردنی سوننەتە ئیسلامیەکاندا بەو وەسفەی کەتاکە ڕێگەی هیوای ڕزگاری دەوڵەتەو دواتر ئاماژەی پێویستی وەرگرتنی دەستوورە نوێکان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەنگاوێکی شێوە هەنگاونان بۆ یاسادانراوەکانی مۆرفی پێکدەهێنا کاتێك بڕیاری یەکسانی نێوان موسڵمانو دابەشکردنێکی پوختو بێ جیاوازی باجەکانی دا[2]، بڵاوکراوەکە سێ خراپەی سەردەمە پێشینەکانی لەکراخست کەبەدە بەستەمکاری دادەنران، ئەوانیش بریتیبوون لە قۆرخکردنو دەستبەسەرداگرتنو زامنی کۆکردنەوەی باجەکان لەهەرێمەکاندا بۆ ئەو کەسەی پارەی زیاتر بدات سزای مەرگیش پەیوەست بە بڕیاری دەرچووەوە کرا دوای ئەوەی دەبوو لیچکۆڵینەوەی یاسایی بکرێت، دژبەگەندەڵیو بەرتیل جەنگاو ڕێنەدا پایەکان بفرۆشرێنو بڕیاری مافەکانی مۆرفی دا[3].

هێڵەکە لەدەرەوەدا بەرەوڕووی گەردەلولێکی ڕەخنەو لافاوێکی پاڵپشتی بوویەوە، هەریەکەو بەپێی بەرژەوەندی دەوڵەتی خۆی بڕیاری لەسەردەدا، لەناو خۆشیدا بەرەوڕووی بەرهەڵستاکاریەکی توندبوویەوە بەتایبەت لەو بەرانەدا کەدەمارگیری مەزهەبی جیاوازی ئیسلامی و مەسیحیەکانی تێدابوو وەك شاخەکانی لوبنان.

لەڕاستیدا سەرکەوتنی پەیڕەوکردنی زۆربەی خاڵەکانی تووشی شکست بوون، چونکە تایبەتمەندیە قۆزراوە بیانیەکان بۆ جێبەجێکردنی دیدە جیاخوازیەکانیان لەبەرامبەر بەردەوامی بەمەرکەزی کردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتدا کەئامانجی بڵاوکراوە کەسنوور بۆ دانانیان بوو بەردەوامبوون.

**هێڵی هومایونی: بڵاوکراوەی ڕێکخستنەکان یان چاکسازیە خەیریەکان:**

کێشەی ڕۆژهەڵاتی لەکۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا شێوەی نوێی وەرگرتو لەگەڵ سەرەتای کۆتکردنی پەڵاویشتنی فراوانخوازی عوسمانی لەئەورووپاو لەگەڵ ئاڕاستەی زیادبوونی عوسمانیەکان بەرەو لەدەستدانی زاڵبوونو سەرکەوتنی سەربازیان لەبەردەم دەوڵەتە ئەورووپیەکاندا دەرکەوت.

جەنگی(قرم)(١٢٧٠-١٢٧٢ك/١٨٥٤-١٨٥٦ز) بەگرنگترین قۆناغەکانی کێشەی ڕۆژهەڵاتی لەسەردەمی نوێدا دادەنرێت، ئەوەش دووەم کێشەبوو کەدوای کێشەی مصری

---

[1] فرید بك: ص٤٨٠-٤٨٤.

[2] Davison: PP ٣٩-٤٠

[3] الحصري: ص٢٨، Ibid: P ٤٠

بەرەورووی سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم بوویەوە، هەرچۆنێك لەمەڕ هۆکارەکانی تووشبوونیەوە بوترێت کێشەی هاوسەنگی ئەورووپی لەڕوانگەی ڕۆژهەڵاتیو دابەشکردنی زەویەکانی دەوڵەتی عوسمانی بنەڕەتو خاڵی یەکەمی ئەو هۆکارانەیە.

هەریەك لەبەریتانیاو فەرەنسا پاڵپشتی دەوڵەتی عوسمانیان لەو هەڵوێستەیدا کرد کەبەرپەرچی نیازە چاوچنۆکیەکانی ڕووسیای بۆدەستگرتن بەسەر زەویەکانیدا دەدایەوە، بەدرێژایی ماوەکانی جەنگ دیپلۆماسیەت چالاك بوو تا دەروازەیەکی لەباربەدیبهێنێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەوەی هاوپەیمانان سەرکەوتن چارەسەری کێشەکەبکەن، لەکۆتاییدا لەکۆنگرەی پاریسدا کەلە(مانگی جەمادیلئاخیری ساڵی ١٢٧٢ك/مانگی شوباتی ساڵی ١٨٥٦ز)دا بەسترا گەیشتە ئەنجام.

لەئەنجامی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتە ئەورووپیە چالاکەکانو لەگەڵ ئەوبارەی لێکخشانەی نێوەندەکانی عوسمانی داگرتبوو کەسەرقاڵی جەنگ بوون، بەشدارانی کۆنگرە دەرفەتی ماوەیەکی نوێیان بە دەوڵەتی عوسمانی دا تابژێنێتەوە، ئەوان ئاگاداری نیازەکانی سوڵتان بوون لەدەرکردنی فرمانێکدا لەبەرژەوەندی ئەوانەی لەزەویەکانیدا بوونو دانی بەیەکسانی تەواوی نێوان هاوڵاتیانیدا بەجیاوازی ئایینو مەزهەبەکانیانەوە[1].

لە(١٠ی جەماجیلئاخیری ساڵی ١٢٧٢ك/١٨ی شوباتی ساڵی ١٨٥٦ز)دا بەدوو پاڵنەرەوە هێڵی هومایۆنی کرد:

یەکەم: فشاری دەوڵەتە ئەورووپیەکان بەتایبەت فەرەنساو بەریتانیا لەدوای جەنگی قرم کەداوای چاکسازیو چاککردنی بارودۆخی مەسیحیەکانیان لەدەوڵەتدا کرد تا جارێکیتر ڕێگە لەدەستێوەردانی ڕووسیا لەکاروباری ناوخۆیی دەوڵەت ببڕنو لەهەمان کاتیشدا زامنی بەردەوامی ئاشتی بێت لەداهاتوودا[2].

دووەم: ڕازیکردنی پیاوانی چاکسازیو نوێکردنەوەی کارگێڕی دەوڵەت لەسەر بنەمای وەرگرتنی ڕێکخستنە ئەورووپیەکان بەبێ ئەوەی گرنگی بەحوکمە شەرعیەکان بدەن.

هێڵی هومایۆن جەختی لەسەر ئەو بەڵێندانانە دەکردەوە کە سوڵتان لەبلاوکراوەی گولخانەدا بەخشیبوونی، بەڵام ڕێسازێکی تری گرنگی بۆ زیادکرد کەپەیوەندی بەچەند تایبەتمەندییەو پاڵپشتیەکەی هاوڵاتیانی ناموسڵمانی دەوڵەتو هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیان بەشێوەیەکی یەکسان لەگەڵ هاوڵاتیانی موسڵماناندا بوو لەگەڵ هێشتنەوەی مافو تایبەتمەندیەکانی سەرکردەکانی ئایینو

---

[1] Hurewitz: IPP ١٥٣-١٥٦.

[2] Lewis: P ١١٤; Davison: P ٥٢.

دەستەنا موسڵمانەکانو دەربڕینەکانی سووکایەتی نەهێشت کەلە ووتارەکانی هەینیدا دژبە مەسیحیەکان دەوتران[1].

لەڕاستیدا دەسەڵاتی عوسمانیەکان نەنتوانی بەوردی ڕێبازی یەکسانی نێوان دەستەو تاقمەکان پەیڕەوبکەن، هەروەك بەپێی بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵانەی سوودیان لەحوکمەکانی وەردەگرت لەچەندین لاوە ناوەرۆکەکەی ڕاڤەدەکرا، بۆیە دەوڵەتە ئەورووپیەکان بەردەوام سوودیان لەوبارە ناجێگیرە وەردەگرت تا پاسوانی خۆیان بەسەر مەسیحیەکاندا بلاوبکەنەوەو جارجارە بیانبزوێنن، ئەمە بوویە هۆی ڕوودوای ئاژاوە لەووڵاتی شامو شاخەکانی لوبناندا[2].

ئەمەو وای هێڵی هومایونی کۆمەڵە یاسایەکی تەنزیمی دەرچوون کەکۆڵگەی عوسمانییان لەخۆدەگرت، گرنگترینیان، یاسای زەویەکان لەو ساڵی ١٨٥٨ز ویاسای هەرێمەکان لە ساڵی ١٨٦٤ز و کۆمەڵەیاساکانی تاوانو بازرگانی لە ساڵی ١٨٦٠-١٨٦٣ز دا[3].

سوڵتان عەبدولمەجیدی یەکەم لە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ١٢٧٧ك/مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٨٦١ز)دا کۆچی دواییکردو دوای ئەو بەیعەت بە عەبدولعەزیزی برای درا.

---

[1] مصطفى: ص٢١٦، دائرة المعارف الإسلامية: ج٥ ص٥٠١-٥٠٢، Davison: P ٥٧;

[2] Davison: PP ٥٣, ٥٥, ٩٥.

[3] نواز: ص٩٤.

## عەبدولعەزیز(١٢٧٧-١٢٩٣ك/١٨٦١-١٨٧٦ز)

سولتان عەبدولعەزیز بەسەرەتایەکی سەکەوتوانە دەستی بە دەسەلاتەکەی کردو وادیارکەوت کەسووربێت لەسەر گرتنەبەری شوێنپێی پێشینەکانی لەچاکسازیدا تا دەولەتە ئەورووپیەکان بەلگەیەکیان نەبێت بۆ دەستوەردانە کاروباری دەولەت، ئەو فرەژنی هەلوەشاندەوەو هەموو خەجیەکانی کورت کردەوە[1]، بەلام خێرابوو بەدەسبلاوێکیو کەمالوسامانی دەولەتی بەفیرۆدەدا[2]، وێرای ئەوەش هەرلەوکاتەوەی دەسەلاتی گرتەدەست بەهۆی ئەو قەرزەگەورەیەی پێشینەکانی بۆیان بەجێهێشتبوو سولتان خۆی لەبەر تەسکیەکی داراییدا دەبینیەوە، دەولەت بەچەند نارەحەتیەکی دارایی پەیوەست بەیەکەوە دەینالاند، بۆیە پەنای بردە بەر ئینگلتەراو لەبەرامبەر ئەوەدا ناچاربوو رازیبێت چەند چاودێرێکی بەریتانی دابمەزرێنێت تاچاودێری بەرپرسانی خەرجی بکەن، لەسەر پێشنیاری ئەوانە لەئەستانبول دیوانێك بۆ لێپرسینەوەو بانکێك بۆ دەولەت دامەزران بەلام ئەو دوو دامەزراوەیە نەیانتوانی بەشێوەیەکی کارا دادرایی گشتی دەولەت چاکسازی بکەن، چونکە کارمەندی لێهاتوویان نەبوو[3].

سەردەمی سولتان عەبدولعەزیز چەند بارگرژیەکی لەبەلقاندا بەخۆوەدیو لەئەنجامدا(الجبل الاسود) دەسەلاتی کارگێری خۆیی وەرگرت[4] و سربیەکان توانیان پارێزەرە عوسمانیەکان ناچاربکەن لەسربیا پاشەکشەبکەن[5]. پاشان سولتان عەبدولعەزیز لەلایەن پیاوانی کۆشکەوە لابرا کەزۆربەیان لەکۆمەلەی تورکیای گەنج بوون، ئەو کۆمەلەیە لە سالی(١٢٧٦ك/١٨٦٠ز)ەوە کەوتە دەرکەوتن، ئەمەش لە(٥ی جەمادیلئولای سالی ١٢٩٣ك/٣٠ی ئایاری سالی ١٨٧٦ز)دابوو، پیلانگێران سولتان مورادی پێنجەمیان خستە سەرکورسی دەسەلات[6].

---

[1] Lewis: P ١١٨; Davison: PP ١١٠-١١١.

[2] باتريك، ماري مايلز: سلاطين بني عثمان ص٧٥-٧٦.

[3] أوين روجر: الشرق الأوسط في الأقتصاد العالمي ص١٤٧-١٥٧.

[4] فريد بك: ص٥٣٤، سرهنك: ص٣٣٦.

[5] سرهنك: ص٣٣٧.

[6] سرهنك: ص٣٤٩.

## مورادی پێنجەم(١٢٩٣ك/١٨٧٦ز)

سولتان مورادی پێنجەم واناسرابوو کەزۆر حەزی لەچاکسازیی بوو، بەلام پێش ئەوە تەندروستی دارِما، ئیتر ئەو پیاوە نەبووکە بتوانێت بەرەورِووی رِووداوەکان ببێتەوە، بۆیە لە(٧ی شەعبان/٣٠ی ئاب)دا دوای سێ مانگ لەدەسەلات لابراو عەبدولحەمیدی دووەمی برای بایە سەرکورسی دەسەلات[١].

**پێوانەکردنی بزووتنەوەی چاکسازی عوسمانی تاکۆتایی سەردەمی سولتان عەبدولعەزیز:**

بزووتنەوەی چاکسازی عوسمانی لەکاتی پەیرِەوکردنیدا بەرەورِووی چەند بەربەستێك بوویە وەکەنەیانهێشت بەرەو پێشەوە بچێت، گرنگترینیات:

- کەمتەرخەمی لەلایەن ئەوکەسانەی ئالای ئەو بزووتنەوەیان هەلگرتبوو.
- ئەوانە لەنیوەی رِێدا وەستانو نەگەیشتنە کۆتایی رِێ.
- هەژاریان بە ئەزموونی پێویست بۆئەوەی بەشێوەیکی ساغو تەندروست پەیرِەوی چاکسازی بکەن.
- هەلوێستی ئەوانەی بەتوندی بەرپەرچیان دەدایەوە.
- شکستی دەولەت لەجێبەجێکردنی ناوەرۆکی ئەو دوو مەرسومە چاکسازیەی کەلە(سالی ١٨٣٩ز و ١٨٥٦ز)دا دەریکردن.
- بزووتنەوەی چاکسازی هاوسەردەمی توندی تەنگژەی دارایی بوو، دەولەتە ئەورووپیەکانیش باوەرِیان وابوو دەولەتی عوسمانی لەپەیرِەوکردنی ئەو بزووتنەوەیە داشکستیخواردووە، بەلام گرنگی بەوە نادات بەرەو کۆتایی رِێ برِوات.
- بزووتنەوەی چاکسازی ئەو دەرگایەبوو کەدەولەتە ئەورووپیەکان لەرِێگەیەوە دەستیان وەردەدایە کاروباری ناوخۆیی دەولەتی عوسمانی.

---

[١] باتریك: ص١٠٦، فريدبك: ص٥٨٥-٥٨٦.

## جێبەجێکردنی بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامیو مەشروتە بەدرێژایی سەردەمی عەبدولحەمیدی ددومم(١٢٩٣-١٣٢٧ك/١٨٧٦-١٩٠٩ز)

### عەبدولحەمیدی دووەمو دەوڵەتە ئەورووپیەکان:

**بەردەوامی بارگرژی لەبەلقاندا:** سولتان عەبدولحمیدی دووەم لەبارێکی تایبەتی پڕ لەتاریکیو توندوتیژیدا دەسەڵاتی گرتەدەست، ووڵات بەچەند تەنگژەیەکی بێسنوورو چەند سەختیەکی گەورەی دارایدا تێدەپەڕیو چەند شۆڕشێکی توندی لەبەلقاندا بەخۆیەوە دەدیو دووچاری چەند پیلانێکی سیاسی بەئامانجی دابەشکردنی بەجێماوی پیاوە نەخۆشەکە بوو بوو، ئەو سولتانە هاوسەردەمی کشانی داگیرکاری ئەورووپی لەسەرخزین قۆناغەکانیدا بوو لەکاتێکدا دەوڵەتی عوسمانی بەدەست هۆکارەکانی لێکهەڵوەشانەوە گیرۆدەبوو و خۆی لەکەشێکی پڕ لەشۆڕشو ئاژاوەو پشێویدا دەبینیەوە.

لەسەرەتای ژیانی سیاسی ئەودا شۆڕشەکان لەبەلقان دەستیان پێکردەوەو ڕووسیا دەستیوەردایە کێشەکەو میری سربو میری جەبەل ئەسوەدی هاندا تا دژی دەوڵەتی عوسمانی جەنگ ڕابگەیەنن، عوسمانیەکانیش هەستان تابەرگری لەزەویەکانیان بکەنو هێزەکانیان شۆڕشگێڕەکانیان شکاندن و پێشڕەویانکرد بەرەو بەلگراد بەڵام هەڕەشەی ڕووسی ڕێگریکردن[1]، پاشان دەوڵەتە ئەورووپیەکان کەوتنە نێوان هەردوولاوە، سولتان لەژێر فشاری ڕووسیدا ڕازیبوو بۆماوەی دوو مانگ ئاگربەست بکات لە(مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٢٩٣ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٧٦ز)ەوە دەستپێبکات.

ئینگلتەرا لەهەڵوێستی ڕووسی بێزاربوو و هەوڵیدا لەسەختی تەنگژەکە کەمبکاتەوە، بۆیە لۆرد دربی وەزیری دەرەوەی بانگکرد بۆ بەستنی کۆنگرەیەك بۆ بالوێزان لەئەستەنبوڵ تا هەوڵی چاککردنی باری هاوڵاتیانی مەسیحی لەبەلقان بدەن، ئەویش لەڕێگەی چەند پێشنیارێکی نوێی چاکسازیەوە کە دەوڵەتی عوسمانی وای دەبینی دەستوەردانێت لەدەسەڵاتەکەی، سولتان هەوڵیدا لەو دوژمنکاریەی دژبە دەسەڵاتی دەوڵەت دووربکەوێتەوەو دەستووری بۆ ووڵات ڕێپێداو لە ڕۆژی یەکەمدا لە(٥ی موحەڕەمی ساڵی ١٢٩٤ك/٢٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٧٧ز)دا بۆ بەستنی کۆنگرەکە دەرچوونی مەشروتەی ڕاگەیاند، کۆنگرەکە بەبێ ئەوەی هیچ بەدەستبخات کۆتایی پێهات، بەڵام ئەوەبوو بەهۆی بچڕانی پەیوەندی دیبلۆماسی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتە ئەورووپیەکان[2].

---

[1] فريد بك: ص٦١٥-٦١٦.

[2] هەمان سەرچاوە: ص٦١٤-٦١٦، كامل، مصطفى: ص١٥٣-١٥٧، جرانت و تمبرلي: أوروبا في القرنين التاسع عشر والعشرين ج٢ ص١٧، باتريك: ص١١٢.

## جەنگی عوسمانی-ڕووسی(١٢٩٤ك-١٨٧٧ز)

پێش ئەوەی کۆنگرەکە هەڵبوەشێتەوە ڕووسیازانی ئەنجامەکە باش نابێتو کەوتە خۆئامادەکردن بۆ جەنگ لەڕووی دیپلۆماسیو سەربازیشەوە، بۆیە لە(سەرەتای موحەڕەمی ساڵی ١٢٩٤ك/کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٧٧ز)دا بۆڕێکخستنی بارودۆخی بەلقان لەگەڵ نەمسا پەیماننامەیەکی بەست، لە(مانگی ڕەبیعولئاخیر/مانگی نیسان) لەگەڵ بولغاریا پەیماننامەیەکی بەست کەڕێگەی بە هێزەکانی دەدا تا بۆ گەیشتن بەناوجەرگەی عوسمانیەکان بەزەویە ڕۆمانیەکاندا تێپەڕن، ئەجناتیفی نوێنەری نارد بۆ دەوڵەتە ئەورووپیە ڕۆژئاواییەکان تا چەند ڕێکخستنێکی لەبار بۆ کێشەی بەلقان دابنێنو داوا لە سوڵتان بکەن جێبەجێ بکات[1].

ئەنجومەنی نێردراوان بەرپەرچی ئەوەیان دایەوە، ڕووسیای هاندا تالەڕووی سەربازیەوە دەستوەربدات، ڕۆمانیایش کەلەیەك لاوە سەربەخۆیی خۆی لە(١ی مانگی جەمادیلئولا ك/١٤ی ئایار)دا ڕایگەیاندا لەگەڵیدا بەشداریکرد[2].

هێزە هاوپەیمانەکان لەناو بەلقاندا پێشڕەویانکردو هێزە عوسمانیەکانیش کشانەوەو شارەکان داکەوتنە دەست هاوپەیمان هێزە ڕووسیەکان گەیشتنە دەرووروبەری ئەستەمبوڵ، سوڵتان ناچار بوو داوای بەستنی ئاگربەست بکات، هەروەك ڕووسیایش لەلایەن خۆیەوە ناچاربوو ڕازیببێت، چونکە بەهۆی چالاکیە سەربازیەکانەوە داتەپیبوو و بەریتانیاش دەستی وەردابوو[3].

لەئەنجامی ئەو دانوستانانەی لەنێوان هەردوولادا بەڕێوە چوو(عوسمانیو ڕووسی) لە(٢٨ی سەفەری ساڵی ١٢٩٥ك/٣ی ئازاری ساڵی ١٨٧٨ز)دا پەیماننامەی(سان ستیڤانو) بەسترا وبەوپێیە دەوڵەتی عوسمانی دەستبەرداری قەڵای قارس لەئەرمینیا و سەرسنووری گرنگی(باتووم)بوو بۆ ڕووسیاو ڕازیبوو میرنشینێکی سەربەخۆی بولغاری دابمەزرێنێتو ڕۆمانیا سەربەخۆیی وەربگرێتو دوولەسێی هەرێمی(دوبروجا)ی پێبدرێت[4].

بەو جۆرە ڕووسیا توانی بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی بارودۆخی بەلقان ڕێکبخاتو چەند قەوارەیەکی سیاسی مەسیحی سەپاند کەلەبازنەی خۆیدا دەسوڕانەوە، بابی عالی دوورگەی قوبرص ی

---

[1] بۆ ئەو داوایانە فرید بك: ص٦٢٠-٦٢١.

[2] کامل: ص١٥٩، Miller: P٣٧٣.

[3] کامل: ص١٥٩-١٦٢، فرید بك: ص٦٣٤-٦٣٩، الشناوي: ج٢ ص١٠٨٠، Barnwell, J: The Russo-Turkishwar: PP ٤٦٢-٤٨٠; Jelavich, B: The ottoman Empire: P٩٧.

[4] بۆ دەقەکەی بڕوانە: فرید بك: ص٦٥٢-٦٦٤.

بۆ بەریتانیا چۆڵکرد بەرامبەر بەوەی یارمەتیەکی سەربازی بدات، بۆیە بەریتانیا ئامادەبنەبوو دان بەو پەیماننامەیەدا بنێت، هەروەك نەمساش بەرپەرچی دایەوە، ئەو پەیماننامەیە بەرەورووی گەردەلولێکی نارەزایی دوەڵەتەکانی بەلقان بوویەوە، بۆیە رووسیا ناچاربوو رازیبێت لەکۆنگرەیەکدا کەلە(٢٢ی جەمادیلئاخیری ساڵی ١٢٩٥ك/٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ١٨٧٨ز)دا بەسترا چاوی پێدابخشێنرێتەوەو لەکۆتاییدا چەند بڕیارێك درا کەبەوپێیە نەخشەی بەلقان سەرلەنوێ بەشێوەیەك کێشرایەوە کەلەگەڵ بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا نەدەگونجا، جالەئەورووپادا بولغاریای گەورە بۆسێبەش دابەشکرا کەبریتین لە:

میرنشینی بولغاریای باشوور کەشاری سوفیا پایتەختی بوو، سەربەخۆیەکی نیمچە تەواوی پێدرا.

هەرێمی روملی رۆژهەڵات کەدەکەوتە باشووری شاخەکانی بەلقانو شاری فیلیپولیس پایتەختی بوو، خرایە ژێر قەڵەمڕەوی عوسمانی لەگەڵ بوونی کارگێڕیەکی ناوخۆیی سەربەخۆدا.

مەقەدۆنیاو کەناراوی باشووری کەگەڕێنرانەوە بۆ دەوڵەتی عوسمانی.

کۆنگرەکە سەربەخۆیەکی تەواوی بەرۆمانیاو جەبەل ئەسوەد بەخشی بەمەرجێك رۆمانیا بساریبا بۆ رووسیا چۆڵبکاتو لەبەرامبەر ئەوەدا ناوچەی دوبروجای پێبدرێت، یۆنانیش بەرەزامەندیەکی هەرێمی رازیکرا.

لەئاسیاش دەوڵەتی عوسمانی دەستبەرداری ئەردەهانو قبرصو باتووم بوو بۆ رووسیاو وازی لەشاری ختر هێنا بۆ فارسو دۆڵی کوردانو شاری بایەزیدی بۆ گەڕایەوە.

گرنگترین بڕیارەکانی کونگرەکە کەجێی مەترسی بووو ئەوەبوو ماف درا بەنەمسا تا بۆسنەو هرسكو سنجقی نوڤی بازار داگیربکات.

**گرنگترین ئەو تەنگژانەی دوای کۆنگرەی بەرلین بەرەورووی عەبدولحەمیدی دووەم بوونەوە:**

**ئاسانکاری:** برەیارەکانی کۆنگرەی بەرلین لاوازی دەوڵەتی عوسمانیان خستەڕوو و قەوارەی سیاسیو نەتەوەییەکان ئەو لاوازییەیلن قۆستەوەو بەئامانجی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی تەواو چەند راپەرینێکیان دژبە دەسەڵاتی مەرکەزی ئەنجامدا، لەهەمانکاتدا دەوڵەتە ئەورووپیەکان بەردەوام داویان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەنایەوەو نەتەوەکانیان بۆ شۆڕش هاندەدا بەو ئامانجەی بەشێکی تری ناوچەکانی عوسمانی ببڕن، گرنگترین ئەو تەنگژانەی دوای کۆنگرەی بەرلین بەرەورووی عەبدولحەمیدی دووەم بوونەوە بریتین لە:

١- **داگیرکاری بەریتانیا بۆ قبرص:** دەوڵەتی عوسمانی دەستبەرداری ئەو دوورگەیەبوو بۆ بەریتانیا بەرامبەر ئەوەی لەکۆنگرەی بەرلیندا یارمەتی بدات، ئەو دوورگەیە خەیاڵێکی ستراتیژی سەر رێگەی هیندی پێکدەهێنا[1].

٢- **داگیرکاری فەرەنسا بۆ توونس:** فەرەنسا بەوە رقی کەوت کەبەریتانیا دوورگەی قبرصی داگیرکرد، بۆیە هەوڵیدا رازی بکات تا نەداتە پاڵ سەربازگەی رووسیەو بسمارك ویستی فەرەنسا توونس بگرێت تالەدەرەوەی کیشوەری ئەورووپیدا چالاکی سیاسیو سەربازی خۆی ئاراستەبکات، فەرنسا هەمیشە نیازی داگیرکردنی توونسی هەبوو بەو ئامانجەی سەرسنووری رۆژهەڵاتی جەزائیر دڵنیابکات، بەو جۆرە رێککەوتنی قبرص توونسی کرد بەبابەتێك جێی مشتومڕبێت بەو بەڵگەی پارێزگاری لەهاوسەنگی نێودەوڵەتی لەحەوزی رۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست بکرێت، خێرا فەرەنسا چاوپۆشی لەداگیرکاری بەریتانیا بۆ دوورگەی قبرص کردو بەپێشنیاری بەریتانی رازیبوو تا توونس داگیربکات، لە(مانگی جەمادیلئاخیری ساڵی ١٢٩٨ك/مانگی ئاياری ساڵی ١٨٨١ز)دا هێزە فەرەنسیەکان چوونە ناو توونسەوە[2].

٣- **داگیرکاری بەریتانیا بۆ مصر:** داگیرکاری بەریتانیا بۆ مصر یەکێك لەئەنجامەکانی کۆنگرەی بەرلین بوو، بەریتانیا چەندین جار هەوڵیداوە ئەو وولاتە خاوەن پێگە ستراتیژیەی سەررێگەی هیند داگیربکات، لە ساڵی(١٢٩٧ك/١٨٨٠ز) دەستتێوەردانی بەریتانیا لەکاروباری ناوخۆیی مصر زیادیکرد، خدێو ئیسماعیل بەرەورووی وەستا، ئەوکات بەریتانیا سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ناچاربکات تا خدێوی ئیسماعیل لابسات، تۆفیق کەشوێنی خدێوی ئسماعیلی گرتەوە تەنها یاریەکی دەستی بەریتانیا بوو، خۆبەدەستەوەدانی بوو بەهۆی گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتیو هەڵگیرسانی شۆڕشی عورابی، بەریتانیا لەرووی سەربازیەوە دەستی تێوەرداو شۆڕشەکەی لەناوبردو مصری داگیرکرد بەو بانگەشەیەی ئەمەی بەناوی خدێوی تۆفیقەوە کردووە، ئەمەش لە ساڵی(١٢٩٩ك/١٨٨٢ز)دا بوو[3].

٤- **روملی رۆژهەڵات درایە پاڵ بولغاریا:** کۆنگرەی بەرلین روملی رۆژهەڵاتی خستە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەوە بەمەرجێك فەرمانڕەوایەکی هەڵبژێردراوی مەسیحی فەرمانڕەوایی بکات،

---

[1] فريد بك: ص٦٧٢، كامل: ص١٧٧، الشناوي: ج٢ ص١١٠٥-١١٠٨، جرانت و تمبرلي: ج٢ ص٢٣.

[2] كامل: ص٢١٠-٢١١، صفوت: ص٥٥.

[3] كامل: ص٢١٤-٢١٨، سەبارەت گۆڕانو گەشەسەندنی رووداوەکان لەمصر بڕوانە: عبدالرحمن: العرابية والأحتلال الأنكليزي.

لەڕاستیدا ئەلیکۆ پاشا کەیەکەم فەرمانڕەوای ئەو هەرێمە بوو دوژمنایەتی لەڕووی عوسمانیەکاندا نواندو هەوڵیدا بیداتە پاڵ بولغاریاو هێزە دوژمنکاریەکانی دژبە عوسمانیش توانیان لەژێر سەرکردایەتی میر ئەسکەندەر باتنبرجدا بیدەنەپاڵ بولغاریا[1].

٥- **کێشەی یۆنانی:** کاتێك ڕوملی ڕۆژهەڵات درایە پاڵ بولغاریا یۆنانی بێزارکرد، بۆیە یۆنان هەوڵیدا لەسەر سحابی عوسمانیەکان زەوی خۆی فراوان بکات لەبەوەی دوورگەی کریتو هەرێمە عوسمانیە سەرسنوورکانی باشووری داگیربکات، شتێکی ئاساییە کەحکومەتی عوسمانی بەرپەرچی ئەو ئاراستەیە بداتەوە، ئەمە بوویە هۆی ئەوەی لە ساڵی(١٣١٤ك/١٨٩٧ز)دا جەنگ لەنێوان هەردوولادا هەڵبگیرسێتو لەو جەنگەدا یۆنان شکستی خواردو دەوڵەتە ئەورووپیەکان بۆئەوەی نەهێڵن بڕوخێت دەستیان وەردایە کێشەکەو سوڵتان ناچارکرا جەنگەکە بوەستێنێت[2].

٦- **تەنگژەی ئەرمینی:** ئەرمینیا لەڕووی سیاسیەوە لەنێوان سێ دەوڵەتدا دابەشبووبوو کەبریتیبوون لە فارسو ڕووسیاو دەوڵەتی عوسمانی، لەڕاستیدا شۆڕشی ئەرمینیا لەئەنجامە ناڕاستەوخۆکانی کۆنگرەی بەرلین بوو، چونکە ئەرمەنەکان لەو کۆنگرەیەدا دوو بەڵێنی بابی عالیان پێدرابوو کەبریتیبوون لە ئەنجامدانی ئەو چاکسازیانەی بۆ باشکردنی باری ئەرمینیا کەلەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدایە پێویستبوونو پێدانی ئاسایشو سەقامگیری بەدانیشتوانەکەی[3]، ئەمە گوزێکی توندبوو بۆ ئەرمەن بۆیە چەند ڕاپەرینێکی جەماوەریان ئەنجامداو چەند کۆمەڵەیەکی تیرۆرستیو تۆقێنەریان دامەزراندو کەوتنە سەربرینی موسڵمانانو موسڵمانانیش پەرچەکرداریان نواند ئەمە بەوئامانجەی ڕایگشتی ئەورووپا بوورووژێنن، عوسمانیەکان پێیان وابوو کێشەی ئەرمینیا بۆ ئەوان کێشەی ژیانو مەرگە چونکە ئەرمەنەکان داوای بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان دەرکرد تادەوڵەتەکەی خۆیانی لەسەر دابمەزرێنن، ئەنادۆڵیش نشینگەی سەرەکیو بنەڕەتی عوسمانیەکانو دڵی دەوڵەتەکەیان بوو، بۆیە دەوڵەتی عوسمانی بەتوندی بەرامبەر ئەو کردەوە توندوتیژیو تۆقێنەرانە وەستایەوە[4]، دەوڵەت ئەورووپیەکانیش بەپێی

---

[1] کامل: ص٢٨٢، الشناوي: ج٤ ص١٨٩٤، Taylor, A.J.P: The struggle for mastery in Eurotpe ١٨٤٨-١٩١٨ P٣٠٦.

[2] باتریك: ص١٣٣.. Miller: PP٤٣٦-٤٣٨

[3] فريد بك: ص٦٩٦-٦٩٧.

[4] كامل: ص٣٢١-٣٢٤، ٣٢٩-٣٤٢، استارجيان: ك.ل. تاريخ الأمة الأرمنية ص٢٩٠-٢٩٤، ٣٠١-٣٠٢.

بەرژەوەنـدی خۆیـان دەسـتیان تێـوەردا، لەبـەر جیـاوازی بەرژەوەندیـەکانیان نـەیانتوانی چارەسـەرێکی لەباری بۆ بدۆزەنـەوە، پاشـان ئەرمەنـەکان کـارە تیرۆرسـتیو توندوتیژیـەکانی خۆیان زیادکردو گواستیانەوە بۆ ئەستەمبوڵو هەوڵیاندا سوڵتان تیرۆر بکەن[1]، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی ئامانجەکـەیان بـەدیبهێنن، لـەوبارە نارەحەتـەدا دەسـتەیەك لـەمیانڕەوە ئەرمینیـەکان ستاویاندایە کاری سیاسیەوە بەڵکو خواستی سـەربەخۆییان بـەدیبهێنێت، ئـەوان لـەو کۆمەڵـە سیاسیە عوسمانیەیان قۆستەوە کەلە پاریس لـە سـاڵی(١٣٢٠ك/١٩٠٢ز)دا دژبـە دەسـەڵاتی حەمیدی دامەزرا، بەڵام نەیانتوانی ڕەواج بەو بیرۆکەو تێڕوانینانەیان بدەن کەخـستیانە بـەردەم کۆنگرە[2]، پاشان لەگەڵ کۆمەڵـەی تورکیـای گەنجـدا هاریکاریـان کـردو توانیـان بڕیارێـك لەکۆنگرەی دووەمی پاریس دابڕێنن کەلە(مانگی زیلقەعدەی ساڵی ١٣٢٥ك/مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٧ز)دا بەستراو جەختی لەسەر ڕووخاندانی نیزامی حەمیدی دەرکـردەوەو لەجیاتیـدا حکومـەتێکی دەسـتووری نوێنەرایـەتی دابمـەزرێت بـەو هیوایـەی لـەو ڕێگەیـەوە خواسـتەکەیان بـەدیبهێنن، هـەروەك لەئـەنجامی کودەتـای دەسـتووری ساڵی(١٣٢٦ك/١٩٠٨ز)دا بەشداری کاری سیاسـیان کـرد بـەڵام بەشـێوەیەکی لاوازی وا کەلەگـەڵ ژمارەیانـدا بگونجـێ، پـاش ئـەو کودەتـا دژکاریـەی کەپـشتیوانانی سـوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم ئەنجامیانـدا ئەرمەنـەکان ڕاپـەڕینی خۆیـان دەسـتپێکردەوە، لەئەنجامـدا قەسابخانەیەکی سەخت هەموو ناوچەی کیلیکیەی گرتەوەو تا ئەزنەو تۆرۆس پەلیهاوێشت[3].

ئەرمەنەکان بۆ بەدیهێنانی نیازە نەتەوەییەکانیان دوای سـەردەمی حەمیدیش درێژەیان بەهەوڵەکانی خۆیاندا، بەڵام تاکەشتێك تابەرپابوونی جەنگی جیهانی بەدەستیان هێنا نیزامی چاودێری ئەورووپی بـوو لەسەر ئەرمینیاوە[4].

**٧- جێدەستەکانی ئەو تەنگژە سیاسیانەی بەرەوڕووی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بوونەوە؛**

لەئەنجامی ئەو گەشەسەندنە سیاسیو سەربازیانەی دەوڵەتی عوسمانی دوای کـۆنگرەی بـەرلین بەخۆیەوە دی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم هەستیکرد کەپێویستی بەهێزێکی ئەورووپی هەیـە تالەپاڵیدا بۆ بەرنگاربوونەوەی پیلانەکانی ئینگلتەراو فەرەنساو ڕووسیا بوەستێت، پێـی وابـوو

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٢٩٦-٢٩٧، .Shaw: IIPP٢٠٤-٢٠٥, Miller P٤٣٠

[2] برو، توفيق: العرب والترك في العهد الدستوري العثماني ص٦٣.

[3] استارحيان: ص٣٢٨-٣٢٩، .Miller: P ٤٣١, Shaw: IIP٢٨١

[4] Emin, A: Turkey in the world war PP٥٣-٥٨.

ئەڵمانیا بەسەرکردایەتی قەیسەروڵهلمی دووەم جێی دەسەڵات و داگیرکاری بەنیازی ئیستعمار نیە، دەوڵەتی ئەڵمانیاش لەو کاتەدا بەدوای بواری زیندویەتی خۆیدا دەگەڕاو لە دەوڵەتی عوسمانیدا دەیبینیەوە، سوڵتان پێشوازی لەسیاسەتی نزیکبوونەوە لەگەڵ ئەڵمانیادا کردو قەیسەر لە ساڵی(١٣١٧ك/١٨٩٩ز)دا سەردانی دەوڵەتی عوسمانی کرد، جاھاریکاری سەربازی یەکەمین بەرھەمی لێك نزیکبوونەوەی هەردوولابوو[1].

بێگومان گرنگترین ئەو پرۆژە سیاسیانەی ئەڵمانیا لەزەویەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا جێبەجێ کرد دامەزراندنی ڕێگەیەك بوو بۆ پەیوەندیە ئاسنینەکانی نێوان ئەورووپاو دەوڵەتە عەرەبیەکان تا کەنداوی عەرەبی کەبەکورتی پێی دەوترا ڕێگەی(ب.ب.ب)[2].

**عەبدولحەمیدی دووەمو صەهیۆنیەت:**

ئەو هەڵوێستەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەکێشەی کۆچی جوولەکە بۆ فەلەستینو چاوچنۆکیان لەووڵاتەداو ئەو وەستانەی بەرامبەر هەموو ئەو هەوڵانە نیشانی دا کەسەرکردەکانی صەهیۆنیەت نیشانیان دا بەستبن تا هەم عەرەبی موسڵمانو هەم هەموو موسوڵمانێکی جیهان بیکەنە پێوانە بۆ ڕۆڵی سوڵتان لەپاراستنی یەکبوونی زەویە ئیسلامیەکاندا لەگەڵ هەموو سەختیە سەربازیو سیاسیو داراییانەی کە دەوڵەتی عوسمانی پێوەی دەیناڵاندو صەهیۆنیەت بەجێبەجێ کردنی هەڕەشەی خۆی بەلابردنی سوڵتان لەسەر کورسی دەسەڵات قۆستیانەوە ئەگەربێتو سوڵتان نەچێت بەدەم داواو هەڵخەڵەتاندنەکانی جولەکەوە[3]، لەڕاستیدا جولەکە بەدرێژایی سەردەمە مێژوویەکان هەوڵیان دەدا زەوی فەلەستین بکەنە زەویەك کەکۆیان بکاتەوەو لەسەری دەوڵەتێك بۆ خۆیان دابمەزرێننو چەند بانگەشەو پروپاگەندەیەکی ئایینیو مێژوویی بسازێنن، ئەوان لەهەشتاکانی سەدەی نۆزدەدا چالاکبوونو بانگەوازیانکرد بۆ کۆچپێکردنی جەلەکە پەرشوبڵاوەکانی ناوچەکانی جیهان بۆ فەلەستینو داوایاندەکرد لەفەلەستیندا دەوڵەتێکی جوولەکە دابمەزرێنن.

سوڵتان دژایەتی لەڕووی ئەو پلانەدا نیشانداو لە ساڵی(١٢٩٢ك/١٨٧٦ز)دا پێشنیارەکانی حایم غودیلای بەرپەرچدایەوە بەوەی چەند ڕووبەرێکی زەوی فەلەستین بەجوولەکە بفرۆشێت تاکۆچەرە جوولەکەکان تێیدا نیشتەجێبن، لەگەڵ ئەو بەرهەڵستکاریەدا هەوڵی جوولەکە بەردەوام بوو تا ڕێگەی دەوڵەتە ئەورووپیەکانەوە ڕازیبکەن، چونکە بەرژەوەندیەکانی جوولەکەو دەوڵەتانی

---

[1] الشناوي: ج٣ ص١٣٤٦، مذكرات الأميرة عائشة ص١١٢-١١٣، ١١٨، Ibid: P٣٩.

[2] مذكرات الأميرة عائشة ص١١٣، رافق ص٤٢٨.

[3] بني المرجة، موفق سحوة الرجل المريض: ص٢١٣.

ئەووروپا پێکەوە دەگونجێن[1]، لەئەنجامی ئەوەی سولتان زیاتر هەستی بەمەترسی بزاوتی جوولەکەکرد هەواڵی بە ئولیڤانتی جوولەکەدا کەجوولەکە دەتوانن بەخۆشی لەهەربەشێکی تری زەوی دەوڵەتی عوسمانیدا بژین جگەلە فەلەستین[2]، ئەو کۆچە جوولەکانە بەشێوەیەکی لەسەرخۆ هەرجارەو بەجۆرێك بەردەوامبوو، لەژێرفشاری دەوڵەتانی ئەورووپادا سولتان لە ساڵی(١٣٠١ك/١٨٨٤ز) بڕیارێکی دەرکرد تارێگەبە جوولەکە بدات بەنیازی سەردانی شوێنە پیرۆزەکان بچنە فەلەستینەوە بەمەرجێك لە یەك مانگ زیاتر نەمێننەوە، دوای ئەوە لە ساڵی(١٣٠٥ك/١٨٨٨ز)دا بۆ سێ مانگ زیادکرا[3].

لەگەڵ ئەو لێپێچینەوانەدا جوولەکە توانیان دزەبکەنە ناو فەلەستینو کەوتنە کڕینی زەویو دامەزراندنی کێڵگەو بێستان بەهۆی لاوازی چاودێری دەسەڵاتە ناوچەییەکانەوە، ئەمە سولتانی هاندا تالە ساڵی(١٣٠٩ك/١٨٩٢ز) بڕیارێك دەربکات کەبەو پێیە فرۆشتنی زەوی حکومەتی بەجوولەکە قەدەغەو حەرامکرد[4].

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا کەسایەتیەکی جوولەکە دەرکەوت کەتوانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی صەهیۆنی بکاتو بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە هەنگاوی پێبنێت، مەبەستم بەو کەسایەتیە تیۆدور هرتزلە، ئەو جوولەکەیە هەوڵیدا نیشتمانێکی نەتەوەیی لەفەلەستین بۆ جوولەکە دروستبکاتو دەوڵەتی جوولەکە لەبەشەکانیدا لەڕێگەی ماڵوساماان خەرجکردنەوە دابمەزرێنێت، ئەو ئامادەبوو کۆمەڵێك یارمەتی دارایی بدات بەدەسەڵاتی عوسمانی کەلەقەرزدا خنکابوو تا قەرزەکان بداتەوە، بەڵام پێشنیارەکەی بەرپەرچ دایەوە[5].

هرتزل بزووتنەوەی صەهیۆنیەتی ڕێکخستو لە(بال) بەئامانجی بەدیهێنانی خواستەکانی جوولەکە چەندین کۆنگرەی بەستو هەنگاوەکانی زامنی سەرکەوتنی هەوڵەکانی دانا، ئیتر سولتان عەبدولحەمیدی دووەم دەبوو بەشێوەیەکی توندوتۆڵ ڕووبەڕووی پلانەکانی جوولەکە ببێتەوە.

سەرکردەی صەهیۆنی لە(مانگی موحەڕمی ساڵی ١٣١٩ك/مانگی ئایاری ساڵی ١٩٠١ز)دا لەگەڵ سولتان عەبدولحەمیدی دووەمدا کۆبوویەوە تابەو دیدە صەهیۆنیە ڕازیبکات بەرامبەر بەوەی

---

[1] هەمان سەرچاوە: ص٢١٦.

[2] مانويل، فرانك: بين أمريكا وفلسطين: ص٢٥.

[3] حلاق، حسان علي: موقيف الدولة العثمانية من الحركة الصهيونية ١٨٩٧–١٩٠٩، ص٩٦.

[4] منسي، محمود صالح: تصريح بلفور ص٨٤.

[5] يوميات هرتزل: ص٣٤، ٤٥.

جوولەکە سێ ملیۆن جونەیهی پێبدات، بەڵام سولتان ئەو پێشنیارەی بەرپەرچ دایەوەو نەچوو بەدەم هەڵخەڵەتاندنە داراییەکانی صەهیۆنیەتەوەو هەڵوێستی خۆی بەیەکلایی نیشانداو ووتی ئەو ناتوانێت یەك بست لەو زەویە چۆڵبکات چونکە مولکی ئەو نیە، بەلکو مولکی ئومەتی ئیسلامیە[1].

لەگەڵ ئەوەی هرتزل لە(مانگی رەبیعولئاخیری ساڵی ١٣٢٢ك/مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٠٤ز)دا مرد بەڵام هەوڵەکانی صەهیۆنیەت بەردەوامبوو تا توانیان بەڵێنی بلفۆر بەدەستبخەن کەلە(١٧ی مانگی موحەرەمی ساڵی ١٣٣٦ك/٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٧ز)دا بریاری دراو بەوپێیە بەریتانیا رازیبوو بەدامەزراندنی نیشتمانێکی نەتەوەیی بۆ جوولەکە لەفەلەستیندا[2]، لەراستیدا سولتان عەبدولحەمیدی دووەم لەگەڵ ئەوی نەیتوانی رێ لەکۆچی جوولەکە بۆ فەلەستین بگرێت بەڵام توانی سنووری بۆ دابنێت[3].

**عەبدولحەمیدی دووەمو بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی:**

هەستی ئیسلامی لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا بێداربوویەوە تاجۆرە پەیوەندیەك لەنێوان بەشەکانی جیهانی ئیسلامی دا درووست بکاتو بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلەکانی داگیرکاری ئەوروپی ببنە یەك بەرە، بۆیە بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی سەریهەڵدا، بارووداخی ناوخۆییو دەرەکیو ئەو باری نالەباریەی لەسەردەمی سولتان عەبدولحەمیدی دووەمدا دەوڵەتی عوسمانی پێدا تێدەپەری وای کرد سەرکردایەتی بانگەوازەکە بکات چونکە چاکترین چارەسەربوو بۆ ئەو نەخۆشیو دەردانەی تووشی دەسەڵاتەکەی بووبوونو دیوارێکیش بوو کەدەوڵەتی لەو مەترسیانە دەپاراست کەچواردەوریان دابوو، سولتان جێبەجێکردنی ئەو کارەی خستە ئەستۆی خۆیو هیوای رزگارکردنی دەوڵەتی لەودا دەبینیەوە.

بۆئەوەی بانگەوازەکەی بەرهەمی هەبێت دەبوو کۆمەڵێك کەسایەتی ئیسلامی لەخۆی نزیك بکاتەوە تاپاڵپشتی رێی بن، لەنێو ئەوانەدا جەمالەدینی ئەفغانیو عیزەت پاشای عابدو ئەبولهودای سەیادیو چەندێکی تربوون، بیرۆکە رزگاریخوازیەکانی ئەفغانی لەلایەن سولتانەوە وەرنەگیرا، هەروەك دوای تیرۆرکردنی شا فارس ناصرەدین لەسەر دەستی یەکێك کەشوێنکەوتوانی هیواکانی گەشەپێدا، لەئەنجامی ئەمەدا ترس کەوتە نێوان ئەو دوو کەسەو سولتان ئامادەنەبوو رێگە بەئەفغانی

[1] هەمان سەرچاوە: ١٣٥، ١٧٢-١٧٣، بني المرجة: ص٢٢٤-٢٢٥.

[2] وليم، غاري كار: أحجار علی رقعة الشطرنج ص١٩٠-١٩١.

[3] الشناوي: ج٢ ص٩٩٩.

بدات ئەستەمبوڵ بەجێبهێڵێت[1]، هەروەك ئەفغانیش نەیتوانی سوود لەتواناكانی سوڵتان وەربگرێت بەجۆرێك ڕێگە بەپاڵپشتی بزووتنەوەی جامیعەی ئیسلامی بدات هەروەك نەیارەكانی ئەوەیان لاجوانكرد كەبیكوژێت، بەڵام مەرگ ئەفغانی لەو پیلانە دوورخستەوەو لە(مانگی شەوالی ساڵی ١٣١٤ك/مانگی ئازاری ساڵی ١٨٩٧ز)دا كۆچی دوایی كرد[2].

لەو پێناوەی تر كە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بۆ پاڵپشتی كردنی بزووتنەوەی جامیعەی ئیسلامی گرتیەبەر ئەوبوو كەهەوڵیدا خیلافەتی ئیسلامی زیندووبكاتەوەو سووربوو لەسەر ئەوەی نازناوە ئایینیەكان لەخۆی بنێت وەك ئەمیری باوەڕداران خادیموالحەرەمەین شەریفەین(خزمەتگوزاری دووحەرەمی پیرۆز)و چەندینی تر.

بۆئەوەی بێتە پێشەنگ بۆ موسڵمانان، دیمەنی دنیا نەویستیو خواویستی لەژیانی تایبەتیدا پەیڕەوكردنی گرنگی بەپەیڕەوی درووشمە ئایینیەكانی بەئاشكراداو زانایانی ئایینی لەدەوری خۆی كۆكردەوەو ڕۆژنامەو گۆڤاری دەركرد تارۆڵی ڕاگەیاندنی خۆیان ببینن‌و بەرەو سیاسەتی ئیسلامی ئاراستەی خەڵك بكەن، بڕێك پارەی بۆ چاكسازی مزگەوتەكان تایبەت كردو مووچەی زانایانی ئایینیو پێشەواو كاربەدەستانی مزگەوتەكانی زیادكردو گرنگی بەبنیادنانی ئاهەنگە تایبەتەكانی جەژن‌و بۆنە ئیسلامیەكانداو زمانی عەرەبی بردەناو بەرنامەی خوێندنی پەیمانگەكانەوە، جوانترین دەستكەوتەكانی لەپاڵپشتیكردنی بزووتنەوەی جامیعەی ئیسلامیدا دامەزراندنی هێڵی ئاسنینی حیجاز بۆ دیمەشق بۆ مەدینەی مونەوەربوو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەو ئامانجەی خزمەتی حاجیان بكاتو پێناو گواستنەوەی سەردەم بێنێتەكایە.

لەڕاستیدا بزووتنەوەی جامیعەی ئیسلامی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا سەركەوتنێكی بەدەستهێناو جارجارە لەنێوان بەهێزیو لاوازیدا سەروخواری دەكرد، ئەو بزوتنەوەیە لەجیهانی ئیسلامیدا دەنگۆیەكی گەورەی هەبوو و بوویە پێناوێكی پاڵپشتی هەڵوێستی سوڵتان وەك نوێنەری موسڵمانان، لەلایەكی تریشەوە چەند بەربەستێكی هاتە ڕێ كە بەدیهێنانی یەكبوونی ئیسلامی لەنگ كرد، لەوانە:

- سەختی یەكبوونی ئیسلامی كەلەوكاتەدا بەبارێكی دابەشبوون‌و دانەدواو نەزانیدا تێدەپەڕی.
- بەرەنگاربوونەوەی ئیستعماری ئەورووپی كە دەستیبەسەر چەند هەرێمێكی ئیسلامیدا گرتبوو.

[1] هەمان سەرچاوە: ج٣ ص١٢١٣-١٢١٤.

[2] دائرة المعارف الإسلامية: ج٧ ص١٠٠.

• چەند بانگەوازێکی دژبە ئاڕاستەی ئیسلامی لەجیهانی عەرەبیو لەتورکیایشدا دەرکەوتبوون وەك بزووتنەوەی نەتەوەیی عەرەبیو بزووتنەوەی تورانی[1].

**عەبدولحەمیدی دووەمو سیاسەتی چاکسازی:**

سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم وانا‌سراوە کەحەزی بەحوکمی دەستووری بەواتای ڕۆژئاوایی نەبوو، چونکە ئەوپێی وابوو هۆکارو کاریگەریەکانی ئەو دەسەڵاتە بۆ ئەوە ناشێت لەهەرێمە عوسمانیەکاندا پەیڕەو بکرێت چونکە باری ژیانی هاوڵاتیانی عوسمانی لەژیانی ئەورووپیەکان جیاوازە، لەگەڵ ئەوەیشدا واخۆی دەبینیەو، کەوەك یەکەم سوڵتانی دەستووری لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانیدا هاتبێتە سەر دەسەڵات[2].

لەڕاستیدا ژیانی دەستووری بەواتای نوێی خۆی لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمدا ئەزموونێکی سەرنەکەوتوو بوو و بەدوو قۆناغدا تێپەڕی، قۆناغی یەکەم بەدەرچوونی دەستووری لە(٥ی موحەڕەمی ١٢٩٤ك/ ٢٣ی کانوونی دووەمی ١٨٧٧ز)و لەژێر فشاری کوتلە گەرایی یەك دەنگی گوڕوتینو بەسەرکردایەتی مەدحەت پاشا دەستپێکرد، مەدحەت پاشا پێی وابوو حوکمی دەستووری زامنی وەستاندنی داڕمانی دەوڵەتە لەژێر سایەی ئەو بارە دەرەکیەدا کەپێیدا تێدەپەڕی، لەبەرئەوەی هەموو صەڵاحیەتە ڕەهاکانی سوڵتانی کۆتکرد ناوی مەشروتەی یەکەمی لێنرا.

دیارترین کەدەستوور لەخۆی دەگرت ئەوەبوو دەوڵەتی سنووردارکردو پایتەختی دیارکردو مافی هاوڵاتیانی دیارێکرد کەدەبوو لەبەردەم یاسادا ئازادیو یەکسانییان هەبێت، وێڕای مافی سوڵتان خێزانەکەی زامنی ئازادی پەرستشی بۆ ناو موسڵمانەکانیش دەکرد، بڕیاری ئازادی ڕۆژنامەوانی داو دەستبەسەردا گرتنو سزادانو ئیشی بێگاری پووچەڵکردەوەو زۆرێك لەدەسەڵاتە پەیڕەوکاریەکانی صەدری ئەعزەمی نەهێشتوو دایە سوڵتان[3]، ئەنجومەنی گشتی پێکهێنا کەلەئەنجومەنی ناوداران و نوێنەران پێکدەهاتو سوڵتان لەدەسەڵاتی تەشریعیدا بەشداری دەکرد، هەڵبژاردنە گشتیەکان بەڕێوەچوونو ئەنجومەنی نوێنەران لە(مانگی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١٢٩٤ك/مانگی ئازاری ساڵی ١٨٧٧ز)بەبێ ئامادەبوونی مەدحەت پاشا کۆبوویەوە، پاش ئەوەی سوڵتان مەدحەتی لابرد یەکەم قوربانی ئەو کارە بوو[4]. پاشان لە(مانگی زیلحەجە/مانگی کانوونی

---

[1] الشناوي: ج٣ ص١١٢٧.

[2] مذكرات السلطان عبدالحميد: ص٨٠، مصطفى: ص٢٤١.

[3] فريد بك: ص٥٩١، الشناوي: ج٤ ص١٧٦٣.

[4] مذكرات السلطان عبدالحميد: ص٨١، فريد بك: ص٥٩٣.

یەکەم) لەئـەنجامی هەلگیرسـانی جـەنگی عوسمـانی –ڕووسـیدا هـەردوو ئەنجومـەن بـۆ کۆبوونـەوە بانگکران تابڕوانە کاروباری دەوڵەت، ئینجا یاسایەکیان بۆ هەڵبژاردنەکان دەرکردو لەسەر پێوانی گشتی مشتومڕکرا، لەئەنجامی ئەو کارەساتە سەربازیانەی تووشی سوپای دەوڵەت بوون لەبەلقان و ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا بەرهەڵستکاریەکی نوێنەرایەتی لەئەنجوومەنـدا دەرکـەوت‌و ئامـانجی دادگـایی کردنی بەرپرسانی ئەو کارەساتەبوو، پاشان ئەو بەرهەڵستکاریە توندی کـردو هێنـدە پەلیهاویـشت کەتۆمەتـەکانی تێپەڕانـدو گەیـشتە تۆمـەتبارکردنی خـودی سـوڵتان[1]. لـە(٩ی سـەفەری سـاڵی ١٢٩٥ك/١٣ی شوباتی سـاڵی ١٨٧٨ز)دا تەنگـژەی نێـوان سـوڵتانو ئەنجومـەن گەیـشتە خـاڵی نەگەڕانەوەو کۆتایی، ئەمە سوڵتانی هاندا تا بـۆ ڕۆژی دواتـر پەرلـەمان هەڵبوەشـتێنێتەوەو فـەرمانی دەرکرد تاکۆبوونەوەکانی لەکاربکەون[2].

ئەمـە مـاوەی سـی سـاڵ بـەردەوامبوو، ئـەوکات سـوڵتان لـە(٢٣ی جـەمادیلئاخیری سـاڵی ١٣٢٦ك/٢٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٠٨ز)دا خۆی مەشروتەی دووەمی دەرکـرد، ئەمـەش لـەدوای ئەو هەڵگەڕانەوەیەی دژبە دەسەڵاتەکەی ڕوویدا، بەمە قۆناغی دووەم دەستپێکردو تا(مانگی ڕەجـەبی ساڵی ١٣٣٨ك/مانگی نیسانی ساڵی ١٩٢٠ز) بەردەوامبوو ئەوکات سـوڵتان موحەمـەدی شەشـەم وەحیدەدین پەرلـەمانی هەڵوەشاندەوە.

ئەم قۆناغە هاوسەردەمی ڕوودانی چەند گۆڕانێکی سیاسی ناوخۆیی بوو کـەخۆی دەبینیـەوە لـە دامەزراندنی چەند حزبێکی سیاسیداو ڕکەبەری حزبی کەوتە نێوانیانو کودەتای سەربازی زۆر بوو، دەسەڵاتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم یەکەم قوربـانی ئـەو حیزبانـەبوو کاتێـك حیزبـی ئیتیحـادو تەرەقی لە(مانگی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١٣٢٧ك/مـانگی نیـسانی سـاڵی ١٩٠٩ز)دا هـەنگاوی بـۆ لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید ناو سوڵتانی لابرد[3].

**قۆناغی سەرهەڵدانی شۆڕش و کۆتایی هێنان بەڕۆڵی خیلافەتی ئیسلامی:**

سـوڵتان موحەمـەد ڕەشـاد(موحەمـەدی پێنجـەم)(١٣٢٧-١٣٣٦ك/١٩٠٩-١٩١٨ز) وەك جێگیری سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بەپاڵپشتی ئیتیحادیـەکان کورسـی دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، دەوڵـەت دوای ئـەوەی زۆربـەی زەویـەکانی خـۆی لەئـەورووپادا لەدەسـتدا لەسـەرە مەرگـدابوو نەتەوەکان جەستەیان بریندارەکردو خەزێنە چۆڵ و خاڵی بوو بەڵام هێشتا پەیوەست بەیەکبوو.

---

[1] فريد بك: ص٦٤٢، برو: ص٤٤-٤٥، الشناوي: ج٤ ص١٧٨٢.

[2] نوري، عثمان: عبدالحميد ودور سلطنتي ج١ ص٣٤٣-٣٤٦.

[3] مذكرات الأميرة عائيشة: ص٢٣٥-٢٥١، باتريك: ص١٤١-١٤٥.

دەوڵەت لەسەردەمی سوڵتان موحەمەدی پێنجەمدا بەرەورووی سێ تەنگژەی مەترسیدار بوویەوە کەبووبەهۆی ڕووخانی دەوڵەت، ئەوانیش بریتین لە:

١- ئیتالیا لە(مانگی شەوالی ساڵی ١٣٢٩ك/مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١١ز)دا تەرابلوسی ڕۆژئاوای داگیرکرد[1].

٢- جەنگەکانی بەلقان(١٣٣٠-١٣٣١ك/١٩١٢-١٩١٣ز) کە سربو بولغاریاو یۆنانو ڕۆمانیا وەك چەند دەوڵەتێکی جەنگاوەری سەربازی دەرکەوتنو هێزە عوسمانیەکان لەهەموو لایەکەوە لەبەردەم پێشڕەوی سوپاکانی تاقمی بەلقاندا گەڕانە دواوە، لەئەنجامدا هەموو ئەو هەرێمانە لەدەوڵەتی عوسمانی بچڕان کەدەکوتنە ڕۆژئاوای ئەو هێڵەی کەلەنێوان ئینوس لەسەر دەریای ئیجەو میدیا لەسەر دەریای ڕەش درێژدەبوونەوە[2].

٣- جەنگی جیهانی یەکەم(١٣٣٢-١٣٣٧ك/١٩١٤-١٩١٨ز) دەوڵەت لەپاڵ ئەڵمانیاو نەمساو بۆلغاریادا دژبە بەریتانیاو فەرەنساو ڕووسیاو ئیتالیا چوویە جەنگەوەو[3] بەنارەحەتیو دڵتەنگیەکی سەخت کۆتایی پێهاتو عوسمانیەکانو هاوپەیمانەکانیان جەنگەکەیان دۆڕاندو بەئاگربەستی مودروس لەجەنگەکە چوونە دەرەوە، سوڵتان موحەمەدی پێنجەم پێش کۆتایی هاتن بەجەنگە بەیەك مانگ کۆچی دوایی کردو موحەمەد وەحیدەدین(موحەمەدی شەشەم)(١٣٣٧-١٣٤٠ك/١٩١٨-١٩٢٢ز) شوێنی گرتەوە[4].

ئازاری شکستەکە تەواو سەختو بەئازاربوو دواتر دەوڵەتی عوسمانی تەنها لەتورکیادا مایەوەو هێزە هاوپەیمانەکان دەستیان گرت بەسەر گەرووەکانداو لە(٢٥ی زیلقەعدەی ساڵی ١٣٣٨ك/مانگی ئابی ساڵی ١٩٢٠ز)دا پەیماننامەی سیڤەر بەسەر تورکیادا سەپێنرا کەهەرێمە عەرەبیەکانی لە دەوڵەتی عوسمانی دابڕی، بەوپێیە یۆنان چەند دوورگەیەکی دەریای ئیجەو ناوچەی تراقیەی دەستکەوتو ئیزمیرو بەشە ناوخۆییەکانو سەربە ئەوێش سەربەخۆییەکی ناوخۆییان لەژێر چاودێری یۆناندا پێدراو ناوچەی ئەزالیە خرایە ژێر چاودێری ئیتالیەوە[5]، لەئەنجامی ئەم پەیماننامەیەدا یۆنان چەند میلێك لەئەستەمبوڵەوە دووربوو، سوڵتان ئەو پەیماننامەیەی ئیمزاکرد لەکاتێکدا

---

[1] مصطفى: ص٢٧٧، جرانت وتمبرلي: ج٢ ص١٥٨.

[2] Jelavich: IIPP ٩٩-١٠٠.

[3] جرانت و تمبرلي: ج٢ ص٢٢٥.

[4] باتريك: ص١٩٦.

[5] جرانت وتمبرلي: ج٢ ص٢٩٩-٣٠١.

بزووتنەوەی نیشتمانی بەسەرکردایەتی مستەفا کەمال بەپەرچی دایەوە چونکە ئەو نەخشەی بۆ ڕزگارکردنی تورکیای دادەڕشتو پاش چەند هەوڵێکی درێژخایەنو چەند پێکدادانێکی زۆر لەگەڵ یۆنانیەکاندا توانی سەربکەوێتو ئیزمیرو تراقیەی گێڕایەوەو یۆنانیەکانی لەکەناراوی ئاسیای بچوکدا دەرکرد، لە ئەنجامی ئەو سەرکەوتنانەدا بوو بەپاڵەوانێکی نەتەوەیی‌و لەئاراستەی سیاسدا دەرکەوت، ناچار سوڵتان موحەممەدی شەشەم وەحیدەدین دەستبەرداری کورسی دەسەڵات بوو[1]، دوای ئەوەی سوڵتان موحەممەدی شەشەم دەستبەرداربوو سوڵتان عەبدولمەجیدی دووەم چوویە سەر دەسەڵات(١٣٤٠-١٣٤٢ك/١٩٢٢-١٩٢٤ز)[2]. سەردەمەکەی تایبەتمەندی ئەوەی هەبوو کەبیری نەتەوەیی تورکی گەشەی کردو ئەستێرە موستەفا کەمال خۆی نواندو بووبە فەرمانڕەوای بەهێزو کرداری وڵات، لە(١٧ی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی ١٣٤٢ك/٢٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٣ز)دا کۆمەڵەی نیشتمانی کۆماری تورکی ڕاگەیەنراو موستەفا کەمال وەك سەرکردەی ئەو کۆمەڵەیە هەڵبژێردرا.

موستەفا کەمال بڕوای وابوو مانەوەی سەرکردەیەکی ئاینی کە موسڵمانان لەدەوری کۆبکاتەوە دواتر خاڵی بەیەك گەیشتنی بیرە دواکەوتوویەکانو هیوای دواکەوتوان پێکدەهێنێت، بۆیە کۆمەڵەی نیشتمانی هاندا تا بڕیاری کۆتایی هێنان بەڕۆڵی خیلافەت بدات بۆیە کۆمەڵەکە لە(٢٣ی ڕەجەبی ساڵی ١٣٤٢ك/٣ی ئازاری ساڵی ١٩٢٤ز)دا ئەوبڕیارەی دەرکردو خەلیفەی لەووڵات دەرکردو دەقێکی نوێی دەستووری ڕاگەیاند[3].

---

[1] فیشر: ص٥٧٨-٥٨٦.

[2] حقي، إحسان: أراخر سلاطين بني عثمان، ذيل على كتاب تاريخ الدولة العلية لمحمد فريد بك: ص٧١٨.

[3] هەمان سەرچاوە: ص ٧١٨.

# پاشکۆ

## چەند ڕووداوێکی گرنگی ناومێژووی ئیسلامی

١- لەدایکبوونی پێغەمبەر موحەممەد(ﷺ)........................................٥٧١ز.

٢- دەسپێکردنی سروش(وحي) ........................................٦١١ز.

٣- بەیعەتی یەکەمی عەقەبە ........................................٦٢١ز.

٤- بەیعەتی دووەمی عەقەبە ........................................٦٢٢ز.

٥- کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) لەمەککەوە بۆ مەدینە ..........................١ك/٦٢٢ز.

٦- جەنگی بەدر ........................................٢ك/٦٢٤ز.

٧- جەنگی ئوحود ........................................٣ك/٦٢٥ز.

٨- جەنگی خەندەق ........................................٥ك/٦٢٧ز.

٩- ڕێککەوتنامەی حودەیبیە ........................................٦ك/٦٢٨ز.

١٠- فەتحکردنی مەککە ........................................٨ك/٦٣٠ز.

١١- حەجیماڵئاوایی ........................................١٠ك/٦٣١ز.

١٢- کۆچی دوایی پێغەمبەر(ﷺ) ........................................١١ك/٦٣٢ز.

١٣- خیلافەتی ئەبوبەکر(ﷺ) ..................................... ١١-١٣ك/٦٣٢-٦٣٤ز.

١٤- جەنگی ئەجنادین ........................................١٣ك/٦٣٤ز.

١٥- خیلافەتی عومەری کوڕی خەتاب(ﷺ) ........................... ١٣-٢٣ك/٦٣٤-٦٤٤ز.

١٦- فەتحکردنی دیمەشق........................................١٤ك/٦٣٥ز.

١٧- جەنگی یەرموك........................................١٥ك/٦٣٦ز.

١٨- جەنگی قادسیە........................................١٥ك/٦٣٦ز.

١٩- فەتحکردنی مەدائین ........................................١٦ك/٦٣٧ز.

٢٠- فەتحکرنی بەیتولمەقدیس ........................................١٦ك/٦٣٧ز.

٢١- جەنگی نەهاوەند ........................................١٩ك/٦٤٠ز.

٢٢- فەتحکردنی مصر ........................................٢٠ك/٦٤١ز.

٢٣- خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان(ﷺ)........................... ٢٤-٣٥ك/٦٤٤-٦٥٦ز.

٢٤- خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب(ﷺ) ........................ ٣٦-٤٠ك/٦٥٦-٦٦١ز.
٢٥- جەنگی جەمەل...................................... ٣٦ك/٦٥٦ز.
٢٦- جەنگی صەفین ...................................... ٣٧ك/٦٥٧ز.
٢٧- سەرەتای خیلافەتی ئومەوی ............................ ٤١ك/٦٦١ز.
٢٨- پەژارەی کەربەلا ..................................... ٦١ك/٦٨٠ز.
٢٩- جەنگی(الحرة) ....................................... ٦٣ك/٦٨٣ز.
٣٠- دەرچوونی عەبدولای کوڕی زوبەیر لە دەسەلاتی ئومەوی ............... ٦٣ك/٦٨٣ز.
٣١- گواستنەوەی دەسەلاتی ئومەوی لەلقی سوفیانیەوە بۆ لقی مەروانی ......... ٦٤ك/٦٨٤ز.
٣٢- جەنگی مەرج ڕاهیت.............ز ..................... ٦٤ك/٦٨٤ز.
٣٣- لەناوبردنی بزووتنەوەکەی موختاری سەقەفی........................ ٦٧ك/٦٨٦ز.
٣٤- حەجاج ئیبن زوبەیر لەناودەبات ............................ ٧٣ك/٦٩٢ز.
٣٥- بەعەرەبی کردنی کارگێڕیو دراو لەسەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان...٨٤ك/٧٠٣ز.
٣٦- سەرەتای فتوحاتی وولاتی ئەودیو ڕووبار............................ ٨٦ك/٧٠٥ز.
٣٧- سەرەتای فتوحاتی وولاتی سند................................ ٨٩ك/٧٠٨ز.
٣٨- فەتحکردنی ئەندەلوس .................................... ٩٣ك/٧١٢ز.
٣٩- سەەرتای سەردەمی والیە ئومەویەکان لەئەندەلوس........................ ٩٥ك/٧١٤ز.
٤٠- جەنگی بیلاتوشوهەدا.................................... ١١٤ك/٧٣٢ز.
٤١- دامەزراندنی دەولەتی عەبباسی ................................ ١٣٢ك/٧٥٠ز.
٤٢- دامەزراندنی میرایەتی ئومەوی لەئەندەلوس............................ ١٣٨ك/٧٥٦ز.
٤٣- دامەزراندنی دەولەتی میدرادی لەمەغریب .............................. ١٤٠ك/٧٥٧ز.
٤٤- دامەزراندنی دەولەتی ڕۆستەمی لەمەغریب.............................. ١٤٤ك/٧٦١ز.
٤٥- دامەزراندنی شاری بەغداد.................................. ١٤٩ك/٧٦٦ز.
٤٦- دامەزراندنی دەولەتی ئیدریسی لە مەغریب............................ ١٧٢ك/٧٨٨ز.
٤٧- دامەزراندنی دەولەتی ئەغلەبی لەتەرابلوسی ڕۆژئاواو ئەفریقیادا............ ١٨٤ك/٨٠٠ز.
٤٨- چەرمەسەری بەرمەکیەکان.................................. ١٨٧ك/٨٢٠ز.
٤٩- دامەزراندنی دەولەتی تاهیری لەخوراسان.............................. ٢٠٥ك/٨٢٠ز.
٥٠- دامەزراندنی دەولەتی تۆلۆنی لەمصر ............................. ٢٥٤ك/٨٦٨ز.

٥١- دامەزراندنی دەوڵەتی سەفاری لەفار........................... ٢٥٤ك/٨٦٨ز.
٥٢- شۆڕشی زەنج........................................... ٢٥٥ك/٨٦٩ز.
٥٣- دامەزراندنی دەوڵەتی سامانی.............................. ٢٦١ك/٨٧٤ز.
٥٤- دامەزراندنی دەوڵەتی فاتیمی لە ئەفریقیا..................... ٢٩٧ك/٩١٠ز.
٥٥- دامەزراندنی خیلافەتی ئومەوی لەئەندەلوس...................... ٣٠٠ك/٩١٢ز.
٥٦- قەرمەتیەکان بەردەڕەشی کەعبە لەمەککە دەبەن..................... ٣١٧ك/٩٣٠ز.
٥٧- دامەزراندنی دەوڵەتی حەمدانی لەموصڵو حەلەب..................... ٣١٧.ك/٩٢٩ز.
٥٨- دامەزراندنی دەوڵەتی بوەیهی لەفارس............................ ٣٢٠ك/٩٣٢ز.
٥٩- دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخشیدی لەمصر............................ ٣٢٣ك/٩٣٥ز.
٦٠- دامەزراندنی دەوڵەتی بوەیهی لەعێراق........................... ٣٣٤ك/٩٤٥ز.
٦١- قەرمەتیەکان بەردەڕەشی کەعبە دەگێڕنەوە بۆ مەککە................... ٣٣٩ك/٩٥١ز.
٦٢- دامەزراندنی دەوڵەتی غەزنەوی لەووڵاتی ئەفغانو بنجاب ................ ٣٥١ك/٩٦٢ز.
٦٣- دامەزراندنی زانکۆی ئەزهەر.................................. ٣٦١ك/٩٧٢ز.
٦٤- دامەزراندنی دەوڵەتانی پاشانی دەستەو تاقمەکان لەئەندەلوس ............ ٤٢٢ك/١٠٣١ز.
٦٥- دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجووقی لەخوراسان ........................ ٤٢٩ك/١٠٣٨ز.
٦٦- سەلجووقیەکان دەچنە ناو بەغداد ................................ ٤٤٧ك/١٠٥٥ز.
٦٧- جەنگی مەلازگرد ............................................ ٤٦٣ك/١٠٧١ز.
٦٨- دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقیەکانی ڕۆم ........................... ٤٧٠ك/١٠٧٧ز.
٦٩- جەنگی زەلاقە .............................................. ٤٧٩ك/١٠٨٦ز.
٧٠- سەرەتای جەنگی خاچپەرستیەکان ................................. ٤٩١ك/١٠٩٨ز.
٧١- بەیتولمەقدیس دەکەوێتە دەست خاچپەرستان ......................... ٤٩٢ك/١٠٩٩ز.
٧٢- دامەزراندنی دەوڵەتی زەنگی .................................. ٥٢١ك/١١٢٧ز.
٧٣- دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیووبی ................................. ٥٦٩ك/١١٧٤ز.
٧٤- صەلاحەدینی ئەیووبی دیمەشق دەگرێت ............................ ٥٧٠ك/١١٧٤ز.
٧٥- جەنگی حطین ............................................... ٥٨٣ك/١١٨٧ز.
٧٦- دامەزراندنی دەوڵەتی مەملووکی ................................. ٦٤٨ك/١٢٥٠ز.
٧٧- ڕووخانی بەغداد بەدەستی هۆلاکۆو کۆتایی دەوڵەتی عەباسی .............. ٦٥٦ك/١٢٥٨ز.

٧٨- جەنگی عەین جالووت .................................. ٦٥٨ك/١٢٦٠ز.
٧٩- دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی.................................. ٦٨٧ك/١٢٨٨ز.
٨٠- مەمالیکەکان عەککا فەتح دەکەنو کۆتایی بەمیرنشینە خاچپەرستیەکان دێت.................................. ٦٩٠ك/١٢٩١ز.
٨١- فەتحکردنی قوستەنتینیە .................................. ٨٥٧ك/١٤٥٣ز.
٨٢- ڕووخانی غەرناتەو کۆتایی دەسەڵاتی ئیسلامی لەئەندەلوس .................. ٨٩٧ك/١٤٩٢ز.
٨٣- دامەزراندنی دەوڵەتی سەفەوی لەئێران .................................. ٩٠٧ك/١٥٠١ز.
٨٤- جەنگی مەرج دابق .................................. ٩٢٢ك/١٥١٦ز.
٨٥- جەنگی ریدانیە .................................. ٩٢٣ك/١٥١٧ز.
٨٦- گەمارۆدانی ڤیەنا .................................. ٩٣٦ك/١٥٢٩ز.
٨٧- دەرکەوتنی بانگەوازی وەهابی .................................. ١١٥٧ك/١٧٤٤ز.
٨٨- کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی .................................. ١٣٤٢ك/١٩٢٤ز.

# پێـــڕســـت

پێشەکی نووسەر ............ ١
بەشی یەکەم ............ ٧
سەردەمی جاهیلی ............ ٧
سروشتی جوگرافی: ............ ٧
باری جوگرافی: ............ ٨
گەلانی عەرەب: ............ ١١
بارووذۆخی عەرەب لە پێش ئیسلام ............ ١٢
باری ئابووری: ............ ١٢
باری ئاینی: ............ ١٨
باری ئەدەبی: ............ ٢١
باری سیاسی: ............ ٢٣
شانشینەکان لەباکوور ............ ٢٩
شانشینەکانی باشوور: ............ ٣٥
بارووذۆخی دەوڵەتی فارسی و دەوڵەتی بیزەنتی: ............ ٣٦
بەشی دووەم ............ ٤١
قۆناغی مەککە ............ ٤١
موحەمەد(ﷺ) پێش پێغەمبەرایەتی: ............ ٤١
بوون بە پێغەمبەر: ............ ٤٢
کۆچکردنی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ مەدینە: ............ ٤٥
تایبەتمەندیەکانی بانگەوازی مەککە: ............ ٤٦
قۆناغی مەدینە: بنەڕەتەکانی دەوڵەتی ئیسلامی ............ ٤٧
جەنگی بەدر: ............ ٥٠
دەرەنجامەکانی جەنگی بەدر: ............ ٥٢
جەنگی ئوحود: ............ ٥٥
دەرەنجامەکانی جەنگی ئوحود: ............ ٥٧
جەنگی خەندەق(ئەحزاب): ............ ٥٨
دەرەنجامەکانی جەنگی خەندەق: ............ ٥٩
نامەکانی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ پاشاو سەرکردەکان: ............ ٦٢

کۆچی دوایی: ........................ ٦٦
بەشی سێیەم ........................ ٦٧
ئەبو بەکری صدیق(رضي الله عنه)(١١-١٣ك/٦٣٢-٦٣٤ز) ........................ ٦٨
باری سیاسی لەمەدینە لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)و هەڵبژاردنی ئەبوبەکر(رضي الله عنه): ........................ ٦٩
گرنگترین کارەکانی ئەبوبەکری صدیق(رضي الله عنه): ........................ ٧٠
کۆچی دوایی ئەبوبەکری صدیق(رضي الله عنه): ........................ ٨٣
عومەری کوڕی خەتاب(رضي الله عنه)(١٣-٢٣ك/٦٣٤-٦٤٤ز) ........................ ٨٤
بەیعەتدان بەعومەری کوڕی خەتاب(رضي الله عنه): ........................ ٨٤
تەواوکردنی فتوحاتی ئیسلامی لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا(رضي الله عنه): ........................ ٨٤
دەستپێکردنەوەی فراوانخوازی بەرەو ڕۆژئاوا: ........................ ٩٤
دامەزراوەی دەوڵەتی لەسەردەمی عومەری کوڕی خەتابدا(رضي الله عنه): ........................ ٩٤
کوژرانی عومەری کوڕی خەتاب(رضي الله عنه): ........................ ٩٦
عوسمانی کوڕی عەففان(رضي الله عنه)(٢٤-٣٥ك/٦٤٤-٦٥٦ز) ........................ ٩٧
گرتنەدەستی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان(رضي الله عنه): ........................ ٩٧
فتوحات لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەففاندا(رضي الله عنه): ........................ ٩٩
هۆکارەکانی بارگرژی ناودەوڵەتی ئیسلامی: ........................ ١٠٠
ڕووداوەکانی فیتنەکە-شەهیدبوونی عوسمانی کوڕی عەففان(رضي الله عنه): ........................ ١٠٤
عەلی کوڕی ئەبو تالیب(رضي الله عنه)(٣٦-٤٠ك/٦٥٦-٦٦١ز) ........................ ١١٠
بەیعەتدان بەعەلی(رضي الله عنه): ........................ ١١٠
سیاسەتی گشتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب(رضي الله عنه): ........................ ١١١
جەنگی جەمەل: ........................ ١١٣
جەنگی صفین-شەهیدبوونی عەلی کوڕی ئەبو تالیب(رضي الله عنه): ........................ ١١٥
بەشی چوارەم ........................ ١١٩
خەلیفە ئەمەویەکان ........................ ١١٩
موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان(رضي الله عنه)(٤١-٦٠ك/٦٦١-٦٨٠ز) ........................ ١٢١
دامەزرانی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی: ........................ ١٢١
بەرنامەڕێژی سیاسی موعاویە: ........................ ١٢١
گرنگترین ڕووداوە سیاسیە ناوخۆییەکانی سەردەمی موعاویە(رضي الله عنه): ........................ ١٢٢
بەیعەت دانی جێگیرایەتی بەیەزید: ........................ ١٢٣
سیاسەتی دەرەکی موعاویە: ........................ ١٢٣
سیاسەتی کارگێڕی موعاویە: ........................ ١٢٦

کۆچی دوایی موعاویە : ........ ١٢٦
یەزیدی کوڕی موعاویە(٦٠-٦٤ك/٦٨٠-٦٨٢ز) ........ ١٢٧
بەیعەت دان بەیەزید: ........ ١٢٧
ڕووداوە سیاسیە ناوخۆییەکانی سەردەمی یەزید : ........ ١٢٧
موعاویەی کوڕی یەزید : موعاویەی دووەم(٦٤ك/٦٨٤ز) ........ ١٣٢
مەروانی کوڕی حەکەم(٦٤-٦٥ك/٦٨٤-٦٨٥ز) ........ ١٣٢
عەبدولەلیکی کوڕی مەروان(٦٥-٨٦ك/٦٨٥-٧٠٥ز) ........ ١٣٣
گرتنەدەستی خیلافەتی عەبدولەلیك: ........ ١٣٣
ڕووداوە سیاسیە ناوخۆیەکانی سەردەمی عەبدولەلیك: ........ ١٣٣
بەرهەڵستکاری عەلەوی: ........ ١٣٣
سیاسەتی دەرەکی عەبدولەلیك: ........ ١٣٧
سیاسەتی کارگێڕی عەبدولەلیك: ........ ١٣٨
کۆچی دوایی عەبدولەلیك: ........ ١٣٨
وەلیدی کوڕی عەبدولەلیك( ٨٦-٩٦ك/٧٠٥-٧١٥ز) ........ ١٣٩
چاکسازیە ناوخۆییەکانی وەلید: ........ ١٣٩
کۆچی دوایی وەلید: ........ ١٤٠
سولەیمانی کوڕی عەبدولەلیك( ٩٦-٩٩ك/٧١٥-٧١٧ز) ........ ١٤١
سیاسەتی ناوخۆیی سولەیمان : ........ ١٤١
سیاسەتی دەرەکی سولەیمان : ........ ١٤١
کۆچی دوایی سولەیمان: ........ ١٤٢
عومەری کوڕی عەبدولعەزیز( ٩٩-١٠١ك/٧١٧-٧٢٠ز) ........ ١٤٣
سیاسەتی گشتی عومەر: ........ ١٤٣
کارە چاکسازیەکانی عومەر بریتی بوون لە : ........ ١٤٤
کۆچی دوایی عومەر: ........ ١٤٤
یەزیدی کوڕی عەبدولەلیك( یەزیدی دووەم )( ١٠١-١٠٥ك/٧٢٠-٧٢٤ز) ........ ١٤٥
بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی یەزیدی دووەمدا : ........ ١٤٥
هیشامی کوڕی عەبدولەلیك( ١٠٥-١٢٥ك/٧٢٤-٧٤٣ز) ........ ١٤٧
بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی هیشامدا: ........ ١٤٧
بارودۆخی دەرەکی لەسەردەمی هیشامدا: ........ ١٤٧
کۆچی دوایی هیشام : ........ ١٤٩
وەلیدی کوڕی یەزید "وەلیدی دووەم"( ١٢٥-١٢٦ك/٧٤٣-٧٤٤ز) ........ ١٥٠
کارەکانی وەلیدی کوڕی یەزید: ........ ١٥٠

( یەزیدی کوڕی وەلیدی یەکەم )( ١٢٦ك/٧٤٤ز ) ........ ١٥١
مەڕوانی کوڕی موحەمەدی جەعدی( مەڕوانی دووەم )( ١٢٧-١٣٢ك/٧٤٤-٧٥٠ز ) ........ ١٥٢
هۆکارەکانی ڕووخانی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی ........ ١٥٣
بەشی پێنجەم ........ ١٦١
خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی یەکەم و ماوەی فەرمانڕەوایی هەریەکەیان: ........ ١٦١
سروشتی ئەو سەردەمە: ........ ١٦٣
دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی: ........ ١٦٣
ناڕاستە گشتیەکانی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی: ........ ١٦٤
دابەشکردنی مێژووی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی: ........ ١٦٤
ئەبولعەبباس عەبدوڵا سەفاح( ١٢٢-١٣٦ك/٧٥٠-٧٥٤ز ) ........ ١٦٦
بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی ئەبولعەبباسی سەفاحدا: ........ ١٦٦
بارودۆخی دەرەکی لەسەردەمی ئەبولعەبباسی سەفاحدا: ........ ١٦٦
وەزارەت لەسەردەمی ئەبولعەبباسی سەفاحدا: ........ ١٦٧
کۆچی دوایی ئەبولعەبباسی سەفاح: ........ ١٦٨
عەبدوڵا ئەبوجەعفەر مەنصور( ١٣٦-١٥٨ك/٧٥٤-٧٧٥ز ) ........ ١٦٩
بارودۆخی دەرەکی لەسەردەمی مەنصوردا: ........ ١٧١
ئەبو عەبدوڵا محمد مەهدی( ١٥٨-١٦٩ك/ ٧٧٥-٧٨٥ز ) ........ ١٧٢
چاکسازیەکانی مەهدی: ........ ١٧٢
بزوتنەوە دوژمنکاریەکانی سەردەمی مەهدی: ........ ١٧٢
ئەبو محمد موسای هادی( ١٦٩-١٧٠ك/٧٨٥-٧٨٦ز ) ........ ١٧٥
پەیوەندی هادی بەعەلەوییەکانەوە: ........ ١٧٥
کۆچی دوایی هادی: ........ ١٧٥
ئەبوجەعفەر هارونە ڕەشید( ١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٩ز ) ........ ١٧٥
سیفەتەکانی ڕەشید: ........ ١٧٥
بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی ڕەشیدا: ........ ١٧٦
پەیوەندیە دەرەکیەکان لەسەردەمی ڕەشید دا: ........ ١٧٨
کۆچی دوایی هارونە ڕەشید: ........ ١٨٠
ئەبو موسا محمد ئەمین( ١٩٣-١٩٨ك/٨٠٩-٨١٣ز ) ........ ١٨١
هۆکارەکانی ململانێی نێوان ئەمین و مەئموون: ........ ١٨١
ئەبو جەعفەر عەبدوڵا مەئموون( ١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز ) ........ ١٨٣
باروودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی مەئموون‌دا: ........ ١٨٣
بزوتنەوە بەرهەڵستکارەکانی دەوڵەت لەسەردەمی مەئموون‌دا: ........ ١٨٤

زانست لەسەردەمی مەئموون دا : ........ ١٨٥
پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ بیزەنتیەکاندا : ........ ١٨٦
مردنی مەئموون : ........ ١٨٦
ئەبوو ئیسحاق موحەمەد موعتەصەم( ٢١٨-٢٢٧ك/٨٣٣-٨٤١ز ) ........ ١٨٧
بارودۆخی ناوخۆیی لەسەردەمی موعتەصەمدا : ........ ١٨٧
دەرکەوتنی رەگەزی تورکی : ........ ١٨٧
پەیوەندی دەرەکی لەگەڵ بیزەنتیەکاندا : ........ ١٨٨
ئەبوو جەعفەری هاروون واثق( ٢٢٧-٢٣٢ك/٨٤١-٨٤٧ز ) ........ ١٩٠
سەردەمی عەبباسی دووەم( ٢٣٢-٣٣٤ك/٨٤٧-٩٤٥ز ) ........ ١٩١
خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی دووەم و ماوەی فەرمانڕەوایی هەریەکەیان : ........ ١٩١
سروشتی ئەو سەردەمە : ........ ١٩٣
بارودۆخی ناوخۆیی : ........ ١٩٣
پاڵنەرەکانی چوون بەدەمی بزوتنەوەکەوە لەسێ خاڵدا خۆیان مۆنداوە : ........ ١٩٩
پەیوەندی لەگەڵ عەلەوییەکاندا : ........ ٢٠٠
پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە جیاوازەکاندا : ........ ٢٠١
سەردەمی عەبباسی سێیەم( ٣٣٤-٤٤٧/٩٤٥-١٠٥٥ز ) ........ ٢١١
خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی سێیەم و ماوەی دەسەڵاتی هەریەکەیان : ........ ٢١١
سروشتی ئەو سەردەمە : ........ ٢١٣
دامەزراندنی دەوڵەتی بوەیهی : ........ ٢١٣
پەیوەندی خیلافەتی عەبباسی بەبوەیهییەکانەوە : ........ ٢١٤
کۆتایی بوەیهییەکان : ........ ٢١٦
سەردەمی عەبباسی چوارەم( ٤٤٧-٦٥٦ك/١٠٥٥-١٢٥٨ز ) ........ ٢١٧
خەلیفەکانی سەردەمی عەبباسی چوارەم و فەرمانڕەوایی هەریەکەیان : ........ ٢١٧
شروشتی ئەو سەردەمە : ........ ٢١٩
دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجووقی : ........ ٢١٩
پەیوەندی نێوان خیلافەتی عەبباسی و دەسەڵاتی سەلجووقی : ........ ٢٢٠
داکەوتنی هێزی سەلجووقییەکان : ........ ٢٢٠
قۆناغی کۆتایی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی( ٥٩٠-٦٥٦ك/١١٩٤-١٢٥٨ز ) : ........ ٢٢٢
بەشی شەشەم ........ ٢٣٣
بارودۆخی ئەندەلوس لە پێش فەتحی ئسلامیدا : ........ ٢٣٥
چالاکییەکانی فورات : ........ ٢٣٦
دابەشکردنی مێژووی ئەندەلوس : ........ ٢٣٨

سەردەمی والیە ئومەویەکان( ٩٥-١٣٨ك/٧١٤-٧٥٦ز) ........ ٢٣٩
کۆمەڵگەی ئەندەلوسی لەدوای فەتحی ئیسلامی: ........ ٢٣٩
باروودۆخی گشتی سیاسی: ........ ٢٤٠
بارودۆخی دەرەکی: ........ ٢٤٧
سەردەمی میرایەتی ئومەوی( ١٣٨-٣٠٠ك/٧٥٦-٩١٢ز) ........ ٢٥٣
ناوی میرە ئومەویەکان لەئەندەلوس و ماوەی فەرمانڕەوایی هەریەکەیان ........ ٢٥٣
عەبدوڕەحمانی یەکەم( ١٣٨-١٧٢ك/٧٥٦-٧٨٨ز) ........ ٢٥٥
زیندوکردنەوەی دەوڵەتی ئومەوی لەئەندەلوس: ........ ٢٥٥
ئەو گرفتانەی بەرەو ڕووی عەبدولڕەمانی داخل بوونە: ........ ٢٥٦
بارودۆخی دەرەکی: ........ ٢٥٩
هیشامی یەکەم( ڕەزا ) ١٧٢-١٨٠ك/٧٨٨-٧٩٦ز) ........ ٢٦٠
حەکەمی یەکەم( ڕەبزی ) ١٨٠-٢٠٦ك/٧٩٦-٨٢٢ز) ........ ٢٦١
بارودۆخی ناوخۆیی: ........ ٢٦١
بارودۆخی دەرەکی: ........ ٢٦٢
عەبدوڕەحمانی دووەم یان ئەوسەط( نێوەند ) ٢٠٦-٢٣٨ك/٨٢٢-٨٥٢ز) ........ ٢٦٤
بارووودۆخی ناوخۆیی: ........ ٢٦٤
بارووودۆخی دەرەکی: ........ ٢٦٦
بەشی حەوتەم ........ ٢٧٣
ناوی خەلیفە ئومەویەکان لە ئەندەلوس و ماوەی خیلافەتی هەریەکەیان: ........ ٢٧٣
عەبدوڕحمانی سێیەم( ناسر ) ٣٠٠-٣٥٠ك/٩١٣-٩٦١ز) ........ ٢٧٥
گرتنە دەستی دەسەڵاتی عەبدوڕحمانی سێیەم: ........ ٢٧٥
بارووودۆخی دەرەکی: ........ ٢٧٥
بارووودۆخی دەرەکی: ........ ٢٧٧
دەستکەوتە شارستانیەکانی عەبدوڕحمان ناسر: ........ ٢٨٢
کۆچی دوایی عەبدوڕحمان ناسر: ........ ٢٨٣
حەکەمی دووەم( موستەنسیربیلا ) ٣٥٠-٣٦٦ك/٩٦١-٩٧٧ز) ........ ٢٨٣
سیفەتەکانی موستەنسیر: ........ ٢٨٣
بارووودۆخی دەرەکی: ........ ٢٨٣
زانست لەسەردەمی موستەنسیردا: ........ ٢٨٥
کۆتا ڕۆژەکانی خیلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوس( ٣٦٦-٤٢٢ك/٩٧٧-١٠٣١ز) ........ ٢٨٧
ململانێی ناوخۆیی لەسەر دەسەڵات: ........ ٢٨٧
گرنگی دانی موحەمەدی کوڕی ئەبو عامر بەبەهێزکردنی سوپا: ........ ٢٨٧

پەیوەندیە دەرەکیەکان: .......... ٢٨٨
مردنی موحەمەدی کوڕی ئەبو عامر: .......... ٢٨٩
عەبدولەلیکی کوڕی موحەمەدی کوڕی ئەبو عامر(موزەفەر): .......... ٢٨٩
عەبدورڕحمانی کوڕی مەنسور: .......... ٢٩٠
کۆتا قۆناغەکانی سەردەمی دەوڵەتی خیلافەتی ئومەوی: .......... ٢٩١
سەردەمی دەوڵەتانی تاقمەکان( ٤٢٢-٨٩٧ك/١٠٢١-١٠٨٦ز) .......... ٢٩٣
قۆناغی پاشایانی تاقمەکان( ٤٢٢-٨٧٩ك/١٠٣١-١٠٨٦ز): .......... ٢٩٣
قۆناغی دەسەلاتداری مەغریبی( ٤٧٩-٦١٢ك/١٠٨٦-١٢١٥ز): .......... ٢٩٥
موەحیدەکان لە ئەندەلوس: .......... ٣٠٠
قۆناغی فەرمانڕوایی بەنی ئەسریان بەنی لئەحمەر( ٦١٢-٨٩٧ك/١٢١٥-١٤٩٢ز) .......... ٣٠٥
بەنی لئەحمەر لە ئەندەلوس: .......... ٣٠٥
بەشی هەشتەم .......... ٣٠٩
ناوی فەرمانڕەوا فاتیمیەکان و ماوەی دەسەلاتی هەریەکەیان: .......... ٣٠٩
بنەڕەتی فاتیمیەکان: .......... ٣١١
دابەشکردنی مێژووی دەوڵەتی فاتیمی: .......... ٣١٥
قۆناغی یەکەم: قۆناغی دامەزراندن( ٢٩٧-٣٦٢ك/٩١٠-٩٧٣ز) .......... ٣١٦
باری سیاسی لەباکووری ئەفریقیا کەمێك پێش دامەزراندنی دەوڵەتی فاتیمی: .......... ٣١٦
عەبەیدولای مەهدی( ٢٩٧-٣٢٢ك/٩١٠-٩٣٤ز): .......... ٣٢٣
ئەبولقاسم موحەمەد قائیم( ٣٢٢-٣٣٤ك/٩٣٤-٩٤٦ز): .......... ٣٢٥
ئەبەو تاهیر ئیسماعیل مەنصور( ٣٣٤-٣٤١ك/٩٤٦-٩٥٣ز): .......... ٣٢٧
موعیز لیدینیللا( ٣٤١-٣٦٥ك/٩٥٣-٩٧٥ك ): .......... ٣٢٨
قۆناغی دووەم: قۆناغی هێزو فراوانخوازی( ٣٦٢-٤٨٧ك/٩٧٣-١٠٩٤ز): .......... ٣٣٠
ئەبو مەنصور نزار: عەزیز( ٣٦٥-٣٨٦ك/٩٧٥-٩٩٦ز) .......... ٣٣٣
کەسایەتی عەزیز: .......... ٣٣٣
هەڵوێستی عەزیز بەرامبەر بە موسڵمانە سونەکان لەمصر: .......... ٣٣٣
هەڵویستی عەزیز بەرامبەر بە ئەهلی زیممە لەمصر: .......... ٣٣٣
سیاسەتی دەرەکی عەزیز: .......... ٣٣٤
ئەبو عەلی مەنصور: حاکم( ٣٨٦-٤١١ك/٩٩٦-١٠٢١ز): .......... ٣٣٧
باری سیاسی لەمصر لەسەرەتای سەردەمی حاکمدا: .......... ٣٣٧
سیاسەتی گشتی حاکم: .......... ٣٣٨
دیدە ئاینیەکانی حاکم: .......... ٣٤٠
تەشریعاتە کۆمەلایەتیەکانی حاکم: .......... ٣٤٢

سیاسەتی دەرەکی حاکم: ........ ٣٤٤
کۆتایی حاکم: ........ ٣٤٦
ئەبولحەسەن عەلی( زاهیر)( ٤١١-٤٢٧ك/١٠٢١-١٠٣٦ز) ........ ٣٤٨
چوونە سەر دەسەڵاتی زاهیر: ........ ٣٤٨
سیاسەتی گشتی زاهیر: ........ ٣٤٨
دیدی ئایینی زاهیر: ........ ٣٤٨
سیاسەتی دەرەکی زاهیر: ........ ٣٤٨
موستەنصربیللا( ٤٢٧-٤٨٧ك/١٠٣٦-١٠٩٤ز) ........ ٣٥١
بارودۆخی گشتی ناوخۆیی: ........ ٣٥١
سیاسەتی دەرەکی موستەنصر: ........ ٣٥٢
مردنی موستەنصر: ........ ٣٥٤
قۆناغی سێیەم: قۆناغی لاوازی و ئاوابوون( ٤٨٧-٥٦٧ك/ ١٠٩٤-١١٧١ز) ........ ٣٥٤
بەشی نۆیەم ........ ٣٦٣
سوڵتانە مەمالیکەکان و ماوەی فەرمانڕەوایی هەریەکەیان مەمالیکی بەحری( دەریایی) ........ ٣٦٣
مەمالیکی بورجی ........ ٣٦٤
یەکەم: دەوڵەتی مەمالیکی بەحری( دەریایی)( ٦٤٨-٧٨٤ك/١٢٥٠-١٢٨٢ز) ........ ٣٦٧
سەردەمی دامەزراندنی دەوڵەت( ٦٨٤-٦٥٨ك/١٢٥٠-١٢٦٠ز) ........ ٣٦٧
ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی: ........ ٣٦٧
دیدی مەملوکی: ........ ٣٦٧
دامەزراندنی دەوڵەتی مەمالیکی بەحری: ........ ٣٦٨
سەردەمی بیبرس و کوڕەکانی( ٦٥٨-٦٧٨ك/١٢٦٠-١٢٧٩ز) ........ ٣٧٢
سەردەمی قلاوون و خێزانەکەی( ٦٧٨-٧٨٤ك/١٢٧٩-١٣٨٢ز) ........ ٣٧٥
دووەم: دەوڵەتی مەمالیکی بورجی( ٧٨٤-٩٢٣ك/١٣٨٢-١٥١٧ز) ........ ٣٨٤
دەرکەوتنی مەمالیکی بورجی: ........ ٣٨٥
تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی مەمالیکی بورجی: ........ ٣٨٦
سەردەمی برقوق و جێگیرەکانی( ٧٨٤-٨٢٤ك/١٣٨٢-١٤٢١ز) ........ ٣٨٧
قۆناغی کۆتایی مێژووی مەمالیکی بورجی( ٨٢٤-٩٢٣ك/١٤٢١-١٥١٧ز) ........ ٣٩٢
بەشی دەیەم ........ ٣٩٩
ناوی سوڵتانە عوسمانییەکان و ماوەی دەسەڵاتی هەریەکەیان: ........ ٣٩٩
قۆناغی دامەزراندن( ٦٨٧-٩١٨ك/١٢٨٨-١٥١٢ز) ........ ٤٠١
ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی: ........ ٤٠١
دامەزرانی دەوڵەتی عوسمانی: ........ ٤٠٦

عوسمانی یەکەم( ٦٨٧-٧٢٦ك/١٢٨٨-١٣٢٦ز) ........ ٤٠٧
ئورخان( ٧٢٦-٧٦١ك/١٣٢٦-١٣٦٠ز) ........ ٤٠٨
مورادی یەکەم( ٧٦١-٧٩١ك/١٣٦٠-١٣٨٩ز) ........ ٤١٠
بایەزیدی یەکەم( ٧٩١-٨٠٥ك/١٣٨٩-١٤٠٣ز) ........ ٤١٢
موحەممەدی شلبی( موحەممەدی یەکەم )( ٨١٦-٨٢٤ك/١٤١٣-١٤٢١ز) ........ ٤١٣
مورادی دووەم( ٨٢٤-٨٥٥ك/١٤٢١-١٤٥١) ........ ٤١٤
موحەممەدی دووەم( فاتیح )( ٨٥٥-٨٨٦ك/١٤٥١-١٤٨١ز) ........ ٤١٦
بایەزیدی دووەم( ٨٨٦-٩١٨ك/١٤٨١-١٥١٢ز) ........ ٤٢٠
قۆناغی هێزو فراوانخوازی( ٩١٨-١٠٠٢ك/١٥١٢-١٥٩٥ز) ........ ٤٢٢
سەلیمی یەکەم( ٩١٨-٩٢٦ك/١٥١٢-١٥٢٠ز) ........ ٤٢٢
پەیوەندی لەگەڵ سەفەویەکاندا: ........ ٤٢٢
پەیوەندی لەگەڵ مەمالیکدا: ........ ٤٢٣
سولەیمانی یەکەم( قانوونی )( ٩٢٦-٩٧٤ك/١٥٢٠-١٥٦٦ز) ........ ٤٢٦
پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژئاوای ئەوروو پیدا: ........ ٤٢٦
پەیوەندی لەگەڵ سەفەویەکاندا: ........ ٤٢٩
عوسمانیەکان لە باکووری ئەفریقیادا ........ ٤٣٠
گرتنە خۆی جەزائیر: ........ ٤٣٠
ململانێ لەسەر توونس: ........ ٤٣٠
گرتنە خۆی تەرابلوسی ڕۆژئاوا: ........ ٤٣١
گرتنە خۆی یەمەن: ........ ٤٣٢
کەسایەتی سوڵتان سولەیمانی یەکەم: ........ ٤٣٢
سەلیمی دووەم( ٩٧٤-٩٨٢ك/١٥٦٦-١٥٧٤ز) ........ ٤٣٣
موراد سێیەم ( ٩٨٢-١٠٠٣ك/١٥٧٤-١٥٩٥ز) ........ ٤٣٤
سەردەمی عوسمانی( ٦٨٧-١٢٤٢ك/١٢٨٨-١٩٢٤ز) ........ ٤٣٥
قۆناغی لاوازی لەسەدەی حەڤدەو هەژدەدا: ........ ٤٣٥
بارودۆخی ناوخۆیی دەوڵەتی عوسمانی ........ ٤٣٦
شۆڕشەکانی ئینکیشاریەکان: ........ ٤٣٦
چاکسازیە ناوخۆییەکان: ........ ٤٣٧
کێشە نەتەوەییەکان: ........ ٤٣٩
بارودۆخی دەرەکی دەوڵەتی عوسمانی ........ ٤٣٩
پەیوەندی عوسمانی-سەفەوی: ........ ٤٣٩
پەیوەندی عوسمانی-نەمساوی و مەجەڕی: ........ ٤٤١

پەیوەندی عوسمانی-ڕووسی: ........................ ٤٤٤
پەیوەندی عوسمانی-فەرەنسی: ........................ ٤٤٦
قۆناغی چاکسازی و گۆڕان و ڕێکخستن لەسەدەی نۆزدەدا تادەرچوونی دەستووری ساڵی ١٨٧٦ز........ ٤٤٩
چاکسازیەکانی مەحموودی دووەم( ١٢٢٣-١٢٥٥ك/١٨٠٨-١٨٢٩ز)........ ٤٤٩
چاکسازیەکانی عەبدولمەجیدی یەکەم( ١٢٥٥-١٢٧٧ك/١٨٢٩-١٨٦١ز)........ ٤٥١
هێڵی هومایونی: بڵاوکراوەی ڕێکخستنەکان یان چاکسازیە خەیریەکان:........ ٤٥٢
عەبدولعەزیز( ١٢٧٧-١٢٩٢ك/١٨٦١-١٨٧٦ز)........ ٤٥٥
مورادی پێنجەم( ١٢٩٢ك/١٨٧٦ز)........ ٤٥٦
پێوانەکردنی بزووتنەوەی چاکسازی عوسمانی تاکۆتایی سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیز: ........ ٤٥٦
جێبەجێکردنی بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی و مەشروتە بەدرێژایی سەردەمی عەبدولحەمیدی ددووەم( ١٢٩٢-١٣٢٧ك/١٨٧٦-١٩٠٩ز) ........ ٤٥٧
عەبدولحەمیدی دووەم و دەوڵەتە ئەورووپیەکان:........ ٤٥٧
جەنگی عوسمانی-ڕووسی( ١٢٩٤ك-١٨٧٧ز) ........ ٤٥٨
گرنگترین ئەو تەنگژانەی دوای کۆنگرەی بەرلین بەرەوڕووی عەبدولحەمیدی دووەم بوونەوە: ........ ٤٥٩
عەبدولحەمیدی دووەم و صەهیونیەت:........ ٤٦٣
عەبدولحەمیدی دووەم و بیرۆکەی جامیعەی ئیسلامی:........ ٤٦٥
عەبدولحەمیدی دووەم و سیاسەتی چاکسازی:........ ٤٦٧
قۆناغی سەرهەڵدانی شۆڕش و کۆتایی هێنان بەڕۆڵی خیلافەتی ئیسلامی: ........ ٤٦٨
پاشکۆ........ ٤٧١
چەند ڕووداوێکی گرنگی ناومێژووی ئیسلامی ........ ٤٧١
پێرست........ ٤٧٥

منتدى اقرأ الثقافي

www.iqra.ahlamontada.com